روانگه

# ڕوانگە

# ٧

## گۆشەی ڕۆژنامەنووسی

نووری بێخاڵی

ناوی پەرتووک: ڕوانگە
بابەت: گۆشەی ڕۆژنامەنووسی
نووسین: نووری بێخاڵی
پیتچنین: نوورسەر
بەرگ: تەیب موعتەسەم
نەخشەسازیی ناوەوە: عومەر جاف
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٧
لە چاپکراوەکانی (ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کولتووری)
تیراژ:
نرخ:
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان- هەرێمی کوردستان، ژمارەی سپاردنی () ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

## بەرکۆڵ:

خوێنـەری هێـژا، ئـەم بەرهەمەی بەردەسـتت، وێـڕای زنجیرەیەک وتاری ڕۆژنامەنووسـیی تایبـەت بـە بـواری میدیـا و بەتایبەتـی ڕەوشـی میدیـای کـوردی، کـە وەک پاشـبەند دامنـاون، پێشـتر لـە کاتـی جیـاواز لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی کوردسـتان بڵاوکراونەتەوە. هـاوکات سـەرجەمی ئـەو گۆشـە ڕۆژنامەنووسـییانەش لـە خـۆ دەگـرێ، کـە لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـی کوردسـتان (سـڤیل، کوێسـتان، ئـاڵای ئـازادی، میدیـا، زاری کرمانجـی، ئەڤـرۆ) بڵاوبوونەتـەوە.

ئـەوەی وایکـرد ئـەم وتارانـە لـە توێـی ئـەم پەرتووکـەدا کـۆ بکەمـەوە، دوو هـۆکار بـوون. یەکەمیـان وەک هەوڵێـک بـۆ پاراسـتنیان و گەیشـتنیان بـە دەسـتی زۆربـەی خوینـەران، دووەمیشـیان لـەو ڕوانگەیـەی کـە زۆربـەی زۆری وتـارەکان و بەتایبەتـی گۆشـەکان، هێنـدەی بابەتـی گەرمـی ڕۆژ نیـن، ئەوەنـدەی بابەتگەلێکـن زینـدوو و دەشـێ تـا ماوەیەکـی درێژیـش مانـا و بەهـای خۆیـان بمێنـێ و مەبەسـتی خۆیـان بپێکـن.


خوێنـەری ئازیـز، بـەر لـەوەی چـاوت بـە گۆشـە و وتارەکان ڕۆشـن بکەیتەوە، پێویسـتە ئـەوە بڵێـم: ئەگـەر دڵسـۆزی و پشـتگیری و خەمخۆریـی هـاوڕێ و بـرای بەڕێـزم (حەمیـد بەدرخـان ، سـەرۆکی ئەکادیمیـای بەدرخـان بـۆ توێژینـەوەی ڕۆژنامەوانـی و کولتـووری) نەبووایـە، ئـەم بەرهەمـە و دوو بەرهەمەکـەی دیکەیشـم (دیـدگا، لێکۆڵینـەوەی فیکـری و سیاسـی)، هەروەهـا (سـەفەر نیشـتمانی نییـە، شـیعر) کـە سـاڵانێکە بێنـاز کەوتبـوون، ڕۆشـنایی چاپیـان نەدەبینـی و تـۆزی ڕۆژگار لەسـەریان دەنیشـت. بۆیـە لێـرەوە سوپاسـێکی بێ پایانـی دەکـەم.

خوێنـەری خۆشەویسـت، ڕەنگـە کـە وتارانـە دەخوێنیتـەوە، لەگـەڵ هەندێکیـان کـۆک و لەگـەڵ زۆربەیـان ناکـۆک بیـت، وەلـێ ئـەوەی گرنگـە، بـە سـینگفراوانییەوە وەریـان بگـرە و لەبیـر مەکـە کـە بەیەکەوەبوونمـان، بـە جیاوازییەکانمانـەوە جوانـە.

نووری بێخاڵی

ئیستانبۆل

٢٠١٧/٨/٧



گۆشەی (ئاشنا)

# چەند نامەیەك
# بۆ نادیارێك لە ناشوێنكاتدا

گۆڤاری (سڤیل)

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی یەکەم:

خوێنـەری ئازیـز.. (ئاشـنا) کۆمەڵـە نامەیەکـی خوسـاون لەبـن بـاری عارەقـی بێدەنگـی و لـە دەرفەتـی جیـاواز و ڕێکەوتـی نـا ڕێکەوتـدا بـۆ نادیارێـک نووسـراون کـە لـە نـا شـوێنکاتدا خـۆی نمایـش دەکات.. نادیارێـک خـۆی وا نیشـان دەدا گوایـە نایبینیـن، لـە ناشـوێنکاتێکدا کـە لـە بسـت بەسـتی ئێـرە و چرکـە بـە چرکـەی تەنیاییەکانمانـدا ئامادەیـە و بۆتـە مۆتەکـە بەسـەرمانەوە..!!

ڕاسـتییەکەی (ئاشـنا) , ئـەو خـۆی خـۆی دەنووسـێتەوە و نـە مـن و نـە هیـچ کـەس دەسـتی لـە یاداشـتکردنی نییـە و بـە پێچەوانەشـەوە هـەر دێریکـی لای یەکێکمانـە و ئێسـتا خـۆی کـۆ دەکاتـەوە.. چونکـە پێویسـت دەکا کـۆ بکرێتـەوە!!

خوێنـەری هێـژا، جێـی خۆیەتـی لێـرە سوپاسـی سەرنووسـەری (سـڤیل) بکەیـن، کـە لوتفـی فەرمـوو کرێتییەکانـی ئـەو و خەمەکانـی ئێمـە هـەروا بـە (بـا)دا نەچـن و لێـرە ئەرشـیفیان بکەیـن.

لـەم گۆشـە هەفتانەیـەدا هـەوڵ دەدەیـن بەیەکـەوە هەمـوو ئـەو نامانـە زینـدوو بکەینـەوە و تـۆز و گـەردی تـرس و بێدەنگیـان لـە ڕوودا هەڵماڵیـن , تـرس و بیمـی ئـەو , کـە بـە ڕەنـگ و ڕووخسـاری جیـاواز خۆیـان نمایـش دەکرد و دەکـەن , بێدەنگییەکانـی منیـش کـە بەشـێکیان ڕەنگدانـەوەی ترسـاندنەکانی ئـەو و بەشێکیشـیان ترسـنۆکی خـۆم بـوون، ئـەو نامانـەی بەشـێک لـە بیـرەوەری زۆربەمانـی تیایـدا یاداشـت کـراون و بەشێکیشـیان تـا ئێسـتا لەگەڵمانـدا دەژیـن.

(ئاشـنا) پێشـتریش نامـەی تـر و بـە زمانـی تـر بـۆ ئـەو نووسـراون، بـەڵام کەمتـر لـە چارەنووسـیان ئاگاداریـن.

ئاشـنا، سـەیرە.. زۆریـش سـەیرە.. تـا ئێسـتاش هەمـووان بـە پێچەوانـەی ئـەوەی کـەس نامـەی بـۆ (کۆڵۆنێـل) نەدەنووسـی، نامـە بـۆ ئیمپراتـۆر دەنووسـین، بـەڵام:

- یان نایگەیەننە دەستی
- یـان پیاوەکانـی کۆپیـەک لەبـەر دەسـتوخەتی نامەکانمـان دەگرنـەوە و ناوەڕۆکەکەیـان دەشێوێنن
- یــان پێــی دەگا و ئــەو حەوســەڵەی خوێندنەوەیانــی نییــە و دەیانخاتــە تەنەکــەی زبڵــەوە
- یان دەیانخوێنێتەوە، بەڵام بە گەمژە لە رەعیەت دەگا و جرتێکیان بۆ دەکێشێ
- یـان... زۆر بیرکردنـەوە و گومانـی تریـش , کـە هـەر خـۆی دەتوانـێ نهێنییەکانیمـان بـۆ ئاشـکرا بـکات
- خودایـە ئـەو نیشـتمانەت بـۆ کردۆتـە ئەشـکەوت و تەنهـا گوێمـان لـە دەنگدانـەوەی خۆمانـە و بـەس؟!

(ئاشنا) بەو هیوایەی ئەمجارە ئەو نامانە بە هەند وەربگرێ........

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی دووەم:

ئاشـنا، مەترسـیدارترین بیرکردنــەوە ئەوەیــە کــە نەترسـیت.. ئــەوەی نەترسـێ خەسـڵەتێکی مرۆییانــەی خــۆی ون کــردووە.. شــورەیی لــەوەدا نییــە نەترســی، شـورەیی ئەوەیـە سـێبەری خۆیشـت لـێ بووبێتـە کێـوی تـرس و بـۆ نمایشـی شـێرە بەفرینەیـی , وای نیشـان بدەیـت گوێچکـەی شـێر دەگـەزی، بـەڵام!

ئاشـنا، بـۆ هەمیشـە لەبیـرت بێت , کـە لـە نێـوان بێدەنگی و ترسـدا بۆشـاییەک نییە، بـەڵام خەرەندێـک قسـەکردن و خۆبەتاڵکردنــەوە لەیەکتـر دادەبـڕێ.. سـەرچاوەی بێدەنگـی ترسـە و پێچەوانەکەیشـی ئـەوە ترسـە وا دەكات بێدەنـگ بیـت..

ئاشــنا , کــە قســە دەکەیـت دەرزی ئاژنــی خــەوش و هەڵەکانـت دەکەیـت و ددان بـەوەدا دەنێیـت کـە لـە بەشـێکی زۆری بەدبەختـی خۆتـدا، خـۆت بەرپرسـی، بـەڵام لـە خۆبەتاڵکردنــەوەدا ویسـت و ئیـرادەی کۆیلەبوونـی خـۆت، ناچـارت دەکـەن کـۆی تاوانەکـە بخەیتـە ئەسـتۆی ئەوانـی تـر و تەنانـەت میهرەبانـی ئەوانیـش بـۆ دڕندەیـی بـە هەموومـان سـاخ بکەیتـەوە..

قسـە بکـە و هەڵمەچـوو.. بێدەنـگ مەبـە و مەتەقـەوە.. بـدوێ و بەسـەر دەوروبەرتـدا مەڕشـێرەوە..

ئاشـنا.. خەتایـان فەرمـوو پێشـینان، کـەوا زمـان بـەڵای سـەرە. راسـتیت دەوێ، بـەڵای سـەران حیزەبخۆیـی و ملهـوڕی و گەلحۆیـی بەشـەرە...

ئاشـنا، ئەو رۆژە گوزارشـتێک لە فیلمی (ئەسکەندەری گەورە) رایگرتم.. گوزارشـتێک پـڕ پـڕی کـردم لـە قاقـا و تریقانـەوە بـە دەم گاڵتەجاڕییەکانـی ئـەم سـەرزەمینە بـەڵا لێدراوەی ئێمـە.. لەوێدا بـە منداڵـی ئـەوە بـە گوێـی (ئەسـکەندەر)دا دەچرپێنـن کـە , « پادشـا لـە دایـک نابـێ، بەڵکـو بـە شمشـێر و جەنـگ و ئەشـکەنجەدانی ئەوانـی تـر پێـدەگا.. بـە ئازاردان و کوشـتنی خۆشەویسـتەکانی دەبێتـە پادشـا».

ئاشـنا، ببـوره , بـەڵام لـە بەرامبـەر ئـەو هەمـوو نزایانـەی کـورد بـۆ سـەرکردەکانی دەکات، چارەگـی ئـەوە نیگایـەک بـە ویژدانیـدا بکاتـەوە، تێـدەگات چەنـدە پـڕە لـە گونـاە!!

ئاشـنا، سـەرکردەکان نـە حەکیمـن و نـە پیـرۆز , بەڵکـو ئـەوان شانسـیان باشـی هێنـاوە , کـە حیکمـەت لـە گەمژەیـی و پیـرۆزی لـە خۆبەکەمزانـی ئێمـە وەردەگـرن..

ئاشـنا، راسـتیت دەوێ، لـە بنەڕەتـدا حیکمەتـی سـەرکردە بەرهەمـی ترسـنۆکی و شـەرمنی و گەلحۆیـی ئێمەیـە..

ئاشـنا، یەکـەم درۆی سـەرکردەکان لەگـەڵ ئێمـە مـوژدەی بەختـەوەر کردنمانـە.. دەزانـی هەتـا درۆی بەختەوەریـش مـاوە، هەموومـان لەبـەری بەدبەختـی دەخۆیـن , وەک چـۆن هەتـا شـۆڕش بکرێتـە دراما، نیشـتمان رەزا قورسـتر دەبـێ!!

## (ئاشنا)
## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی سێیەم:

ئاشـنا، مـن بەرپرسـم بەرامبـەر بـە خـۆم، نـەک بەرامبـەر بـە تـۆ.. بۆیـە قەیرێکـی تـرم پێدەچێـت بـۆ خـۆ راسـتکردنەوە.. بمبەخشـە کـە لەسـەر زمانـی تـۆ دەرزی ئاژنـی ویژدانـی خـۆم دەکـەم و ئـەوی ملـۆزم و سـتەمکار لـە کرێتییەکانـی بێـدار دەکەمـەوە!!

ئاشـنا، ئەویۆرۆژێـت بـە بیـرە کـە پێـم گووتـی: خـۆت بـە رووبـاری چارەنووسـی مـن مەسـپێرە، نـەکا شـەپۆلی تاڤگەیەکـی ناوەخـت بتخنکێنـێ؟

بیـرت دێ گووتـم: مـن خۆمـم بـە هیـچ چارەنووسـێکەوە نەبەسـتۆتەوە و بەدیـار خورافـەی هیـچ قەدەرێکیـش ناکەومـە مـەراق؟

ئاشـنا، سـیاچارەیی قەدەرێـک نییـە لێمـان نەبێتـەوە.. چارەنـووس ئـەوە نییـە بـە دەسـتییەوە گیـرت خواردبـێ، بەڵکـو ئەوەیـە نەکەویتـە داویـەوە و هێـز و بـڕوای گۆڕینیـت هەبـێ..

ئاشـنا , لـە نێـوان دوو یەقینـی بـوون و مردنـدا، گومانێـک هەیـە بـۆ پێچکردنـەوە بـە قـەدەر.. ئەویـش ژیانـە.. ئـەو کاتـەی هێـزی گومانکردنـت نەمـا، دەسـت لـە خـۆت و خەونەکانـت بشـۆ. چونکـە تـا مـردن تـۆ سەرپشـکی لـە پێچکردنـەوە بـە نێـو تونێڵـە تاریـک و تەنگەکانـی ژیـان...

ئاشـنا، قوفڵـی ئـەو گومانـەت بکـەرەوە و دوودڵـی فرێـدە پشـتی پشـتتەوە.. گرنـگ نییـە بـەو راچەنینـەت خۆشـنود بیـت، یـان بەدبەخـت.. گرنـگ ئەوەیـە خـۆت رادەسـتی خورافـەی قـەدەر و درۆی چارەنـووس نەکـرد...

ئاشـنا، گومـان دەسـپێکی هەمـوو هەنگاوێکـی نوێیـە.. بەبـێ گومـان ئەسـتەمە نزیکبوونـەوە لـە حەقیقـەت، بـەڵام بـە مانـای گەیشـتنە حەقیقەتـی تەواویـش نییـە..

ئاشـنا , مـەرج نییـە یەقینێـک شـک نەبەیـت بیگەیتـێ، بـەڵام هەمیشـە گومانێـک پێویسـتە بـۆ ئـەوەی حەقیقەتـی لـە قوتـوو نـراوی ئـەو بـە ئاسـانی قەبـوڵ نەکەیـت

و لـه چنینـەوەی بـەری یەقینێکـی نـا رەهـادا بێهـوودە نەبیـت..

ئاشـنا، بینینـی هـەر دوو دیـوی شـتەکان، ئەگـەر بـە نیوەچڵیـش بێـت، باشـترێکە لـەوەی خەریکی مکیاژکردنـی دیوێکـی شـتەکان و رووتاندنـەوەی دیوەکـەی تریـان بیـن.. ئـەوە کاری ئێمـە نییـە بـە تەنهـا دیوێـک ببینیـن، ئاخـر ئێمـە نـە موریدیـن و نـە کادیـر.. نـە دەروێشـین و نـە هەڵسـوڕاو، تـا بـۆ هەمـوو وەعزێکـی سیاسـی و تەلقینێکـی نەریـت و ئاییـن سـەری ئەشـهەدو بلەقێنیـن.. کاری ئێمـە ئەوەیـە لـەو نێوانـەدا ڕێگایەکـی تـر بدۆزینـەوە بـۆ سـەرلەنوێ خۆشـووناس کردنـەوە و بەخـاوەن دەرکەوتـن لـە خـودی دزراوی خۆمـان و سـەلماندنی جیاوازییەکانمـان لەگـەڵ بەرامبەرەکانمـان..

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی چوارەم:

ئاشـنا، دڵـم هێنـدەی هەرمێیـەک شـیلاوی بەدبەختـی لەخـۆدا قەتیـس کـردووە.. هـاکا ددانـی تورەییـەک فلیقاندیـەوە و وەک ژەهـر رژایـە گـەرووی درۆی مانـەوە!!

ئاشـنا , چونکـە نیشـتمان ئـەو خاکـە نییـە لەسـەری دەژیـن، بەڵکـو ئـەو واقیعەیـە تیایـدا دەژیـن، بۆیـە هیـچ غوربەتییەکـی مـرۆڤ لـە بۆشـاییەوە نایـەت , کەواتـە برێـک غوربەتـی پێویسـتە بـۆ ئـەوەی ببینـەوە بـە خۆمـان!

ئاشـنا، لـە چەقـی نیشـتمان پەیکەرێـک لـە رەنگـی بەختـەوەری، خەریکـە لەبـەر تیشـکی بەدبەختیـدا رەش دادەگـەڕێ.. چ درۆیەکـی گەورەیـە بەختیـاری!!

ئاشـنا، سـەرزەمینی نیشـتمان شـوێنێکی بـۆ ئاشـناکان تێـدا نییـە، کـە لەوسـەری ئاوەدانـی نیشـتمان بـەردەوام غەریبێـک سـیس دەچێتـەوە لـە تەنیایـی، ئیـدی چ گلەیـی لـە نامۆبـوون بکەیـن.. خودایـە قەرەباڵغـی نیشـتمان بـۆ هێنـدە جوانـی کـوژە؟

تـەواو دڵنیـام ئێـرە نـە سـەر زەمینـی ژیانـە و نـە مەملەکەتـی مانـەوە.. ئومێدیـک لێـرە ئەگـەر هەبێـت، بێئومێدییـە و بـەس.. ئـەوە پەیوەنـدی بـە قسـەی قـۆڕی کاڵبوونـەوەی ئینتیمـا و نـا نیشـتمانی بـوون و بـەری بـوون لـە نەتـەوە نییـە، بەقـەد ئـەوەی پەیوەنـدی بـە لـە دەسـتدانی مرۆڤبوونمانـەوە هەیـە، مرۆڤبوونیـک بەشـێک دەسـەڵات دزی و بەشـێک ئاییـن فەرهـودی کـرد و بەشـێک کۆمەڵـگا ئەتکـی کـرد و بەشـێکیش ئۆپۆزسـیۆن بازرکانـی پێـوە دەکات!!

ئاشـنا، دەزانـم چ ترسـێکە وا دەکا خـۆت لـە رازی پیاسـەکان ببوێـری.. ئاخـر ناهـەق نیـت، لـە کاتێکدا بکوژی پاکیزەیـی لـەم سـەرزەمینەی ئێمـەدا پاسـپۆرتی پەڕینەوەیـە بـۆ مەملەکەتـی پیاوەتـی، مەملەکەتێـک لێوڕێـژ لـە ئالوشـی شـەهوەت و بازاڕێـک سەرشـار لـە هەڕاجـی جوامێـری!!

ئاشـنا، دەزانـی بـۆ مانـەوە بـە تەنهـا ویسـت و مەیـل و ئیـرادە بـەس نیـن؟ بـۆ

بـەردەوام بـوون بـەر لـە هێـز، هیـوا.. پێـش ورە، ئومێـد پێویسـتە.. ویسـت و مەیـل و ئیـرادە بـۆ مانەوەیەکـی بێهـوودە، خۆهەڵخەڵەتاندنێکـی گەمژانەیـە..

ئاشـنا، ئـەوەی وا دەکات ویسـتت بـۆ بەردەوامـی هەبـێ، تروسـکایی ئومێـدە.. ئـەوەی وا دەکات مەیلـت بـۆ مانـەوە هەبێـت، ڕۆشـنایی هیوایـە، لەسـەر زەمینێکـدا بـا پـڕ پڕیـش بێـت لـە ویسـت و مەیـل و ئیـرادە، کـە پنتێکـی هیـوا دیـار نەبـوو، بێمانایـە بەردەوامـی.. کـە تەمـی ئاسـۆیەکت بـەدی نەکـرد، بێماناتـرە مانـەوە...!

ئاشـنا، بـاوەڕت بێـت گەشـبینی لەسـەر زەمینـی بێئومێـدی و بێهیواییـدا خەونێکـی پوچـە و بـەس!!

## (ئاشنا)
## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی پێنجەم:

ئاشـنا، نهێنـی سـەفەر زۆرن... نهێنییەکـی سـەفەر لـەوە دایـە، پـەی بـە گەمژەیـی خـۆت دەبەیـت.. نهێنییەکـی تـری ئەوەیـە فێـرت دەکات چیتـر گەمژانـە نـەژی.. نهێنییەکی ئەوەیـە بیـرت دەخاتـەوە کـە هەمـوو شـتەکانی تـۆ ناشـیرین و سـەرجەمی شـتەکانی ئـەوان جـوان نیـن.. نهێنییەکـی دیکـەی ئەوەیـە فێـرت دەکات چـۆن وەک ئـەوان هەوڵـی کەمکردنـەوەی ناشـیرینییەکانت دەدەیـت..

ئاشـنا، جانتاکـەم لێوڕێـژە لـە بریـن.. زاکیـرەم ئـازاری لێدەتکـێ.. سـەیرە بـەو هەمـوو بریـن و ئازارەشـەوە هێشـتا هێـزی سـەفەرم هەیـە.. سـەفەر بەنـاو پێچەکانـی رۆح.. سـەفەر بەسـەر پشـتی بێتاقەتییەکانـی نـاوەوەم، کـە هـەر خـۆم دەزانـم چ بـە سـوێن..

ئاشـنا، مانـەوە هیـچ نییـە جگـە لـە دەسـتگرتن بـە گۆچانێکـی خـوار و خێچـی شـەکەت بـە بیانـووی رێکـردن بـە تولـە رێیەکـی هـەزار بـە هـەزار...!!

ئاشـنا، گەورەتریـن درۆ ئەوەیـە پێـت بڵێـن دەت گۆڕیـن.. ئێمـە هەموومـان کـە تـا دوا وێسـتگە فریـای گۆڕینـی خۆمـان ناکەویـن، گاڵتەجاڕییـە بیـر لـە گۆڕینـی ئەوانـی تـر بکەینـەوە.. ئـەوەی بـە خەونـی گۆڕینـی ئەوانـی تـر دێتـە قسـە، هیـج نییـە جگـە لـە جادوبازێـک، کـە هەمیشـە بـە گوناهبارکردنـی ئێمـە، تاوانـی دەسـتەپاچەیی خـۆی لـە خۆگۆڕیـن دەشـارێتەوە و منەتبـاری بـەر وەعزەکانـی خۆیمـان دەکات..

ئاشـنا، ئـەو هەمـوو سـێبەرە داسـەپاوەی وەعـز کوشـتمی.. سـێبەری نەریـت.. سـێبەری ئاییـن.. سـێبەری کولتـور.. سـێبەری سـیمبول و سـەرکردە..

ئاشـنا، دەزانـی تەنهـا یـەک شـا و سـەرۆک و سـەرکردە شـک دەبـەم بێـدوو دڵـی و تـا هەتایـە و خۆبەخشـانە بـەر فەرمانـی بـم، ئەویـش خۆمـم و بـەس.. مـن پەیمانێکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی پێشـوەختە و ناوەختـەم لەگـەڵ کـەس نییـە، تـا لـەو پێنـاوەدا

دەستبەرداری بەشێک لە ماف و ئازادییەکانی خۆم بم بۆ ئەو. کەی ئەو ئامادەیی تێدابوو لەو بورجی عاجە دابەزێ و ماف و ئازادیم لەگەڵ بەش بکات، ئەوکات شتێکی ترە..

ئاشنا , سێبەری کەس ناتوانێ ماندوویێتیت بیر باتەوە و عەرەقی خەونە کوژراوەکانت بسڕێتەوە، بۆیە سێبەری درەختێک کە خۆبەخشانە دەچیتە ژێرییەوە شایستەترە شانازی پێوە بکەیت، تا سێبەرێکی ڕەزا قورس، کە خودی خۆتت لێ زەوت کات.. تەنانەت ئامادە مەبە منداڵەکانیشت سایە و سێبەری تۆ بەسەر خۆیان بە منەت بزانن...

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی شەشەم:

ئاشـنا، تـۆ نەبـوای مـن هێـزی نووسـینەوەی خۆمـم نەبـوو.. بڕسـتی بەردەوامیـم لەبـەر دەبـڕا و ببـڕای ببـڕ سـەرم بەسـەر كۆشـی خەونێكـی دیكـەی سـەفەر نەدەكـردەوە.. تـۆ نەبـوای وەک هێلكـە شـەیتانۆكە دەچوومـەوە قۆزاخـەی خـۆم و هاتـن و چوونـی وەرزەكانـم بـۆ هەژمـار نەدەكـرا و بیـرم لـە فرێدانـی كاژێكـی دیكـەی نائومێـدی نەدەكـردەوە..

ئاشـنا، رەنگـە تەمەنـم بەشـی فریاكەوتنـی چنینـەوەی بـەری خەونـەكان نەكـەوێ، بـەڵام هەناسـەیەک لـە سـییەكانم دەگـەڕێ تـا ئەودیـو ئاسـۆ هێـزی رۆیشـتنم پێـدەدا.. بۆیـە هێشـتا ئـارەزووی ژیـان دەكـەم، تـا مـردن.. هێشـتا سـەفەرم پـێ خۆشـترە بـۆ ئاوابـوون، تـا كروشـكەكردن بەدیـار دەركەوتنـی گزنگێكـی شـەكەت و لەسـەرخۆ..

ئاشـنا، بمبەخشـە كـە دەبـێ تفڵـی ئـەو تەنیاییـە فـڕێ بـدەم و ئـەو غوربەتییـە بـە لەعنـەت كـەم، كـە هیـچ پەرجویـەک نییـە تێیـان پەڕێنـێ , چونكـە كەمێـک لـەولای غوربەتییەكانـی نیشتمان، خەریكـە كرمـی تەنیایـی گیانـم دەخـوا.. مـن (ئەیـوب) نیـم بەرگـەی ئـەو كـرم تێزانـە بگـرم دەزانـی..؟!

ئاشـنا، قەیرێـک وەسوەسـەی خۆكوشـتن لەگەڵـم دەژیـا.. لـە تەنیاییـدا سـەرقاڵی دەكـردم و لـە بێدەنگیـدا وە قسـەی دەهێنـام و لـە سـەفەردا رێـی پێدەگرتـم و لـە خـەودا وەک خێـو دەنیشـتە سـەر سـنگم و بەرینگـی هەناسـەدانی دەگرتـم.. زۆری نەمابـوو ئـاڵای خۆبەدەسـتەوەدانی بـۆ بـەرز بكەمـەوە.. تـا دواجـار هێزێـک لـە ناوەوەمـدا نەڕانـدی:

هـۆ كـوڕۆ چما هێنـدە ترسـنۆكیت؟ چما ئەوەنـدە حاجـەت بەڕاكردنـی لـە سـێبەری بەدبەختییەكانـت؟

ئاشـنا، ئیتـر بـۆ هەمیشـە تەوقـی ئـەو ترسـەم شـكاند و وەهمـی ئـەو راكردنـەم بـە

بـا دا.. چیتـر بیـر لـه خۆکوشـتن ناکەمـەوە، نـەکا بـە نوکتەیەکـی دیکـە مەجلیسـی ئەغیـاران پڕکـەم لـە قاقـا.. ئیـدی بکـوژی خەونەکانمـان نابـێ لـە چاوەڕوانـی ژنەوتنـی هەواڵـی خۆبەدەسـتەوەدانی قوربانییەکـی دیکـەی چڵیسـییەکانیان بـن.. ئـەو بکوژانـەی بـەر لـە جەسـتەمان، زاکیرەمانیـان پڕکـردووە لـە درۆی قوربانیـدان و رۆحمانیـان پـڕ کـردووە لـە وەرەی خۆبەدەسـتەودان...

ئاشـنا، کـە مـەرگ یەقینـی کۆتایـی بێـت، بـا ئـەو چاوەڕێمـان بـکا، نـەک سـواری کەلـی راکـردن بیـن و ئەوانیـش بەدیـار هەناسـەبڕکێ و ئاوزنگەکانمانـەوە پێکـی بەردەوامـی هەڵـدەن. ئاسـاییە ئـەوان بژیـن، بـەڵام گەمژەییـە بـە مەرگـی ئێمـە باشـتر بژیـن.. چـوون ئێمـەش دەتوانیـن بژیـن، بـەڵام لەسـەر رێچکـەی خۆمـان، نـەک لەسـەر ریتمـی تریقانـەوەی ئـەوان!!

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی حەوتەم:

ئاشنا، لێرە دەربڕینی وردە گللەیی و رازێكی چكۆلانەت بەسە، بۆ ئەوەی بە شەیتان و ناشیرین بكرێی.. تۆ تا ئەوێ جوان و لەبەر دلانی، كە بە گوێی ئەوان دەبیسی و بە دەمی ئەوان دەدوێی و بە چاوی ئەوان دەڕوانی..

ئاشنا، نزیكترین دۆستت تا ئەوێ لەگەڵت دێ، كە پێی ناڵێی برادەر ببەخشە ئەم شتەت راست نەبوو.. ئازیزترین هاوڕێ تا ئەوێ هاوڕێتە، كە ناچیتە ژێر باری خواستە میزاجییە بەردەوامەكانی.. شیرینترین كەست تا ئەوێ هاونشینتە، كە پێی دەڵێی: ئەی دۆست ببورە لەوە شیرینتر مەبە تا قووت نەدرێی!!

ئاشنا، ئێستا لەوە تێبگە كە لە سای ئەم یەكتر سڕینەوەیەدا هێشتا لەم سەرزەمینەی ئێمەدا مرۆڤ گەلێك هەن ناخیان خمخانەیە و بە دوای بیانوییێكەوەن بۆ كوشتن.. لەوە تێبگە هێشتا بەشی ئەوە چەقۆ وەشێن ماون لە دەرفەتێكدا تفەنگەكان بخەنەوە سەرپێ.. لەوە تێبگە هێشتا بڕێك مێشكی گەنیو ماون و دەیانەوێ ژەهر بڕژێننەوە ژیان..

ئاشنا، هەموو حزبەكانی ئێرە بە دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنەوە بەشی ئەوە پیاوی بودەڵەیان ماوە شەڕی كەرێتییان بۆ بكەن.. چاوێك بەو پەیجە شەیتانیانەی تۆڕە كۆمەلایەتییەكانی ئێنتەرنیتدا بخشێنە.. وتار و كۆمێنتە ژەهراوییەكان بخوێنەوە.. تێدەگەی هێشتا كورد زۆری ماوە دەستبەرداری خۆكوشتن بێت.. تێدەگەی شۆڕش لە بكوژ زیاتر مرۆڤێكی دەروون و تەندروستی بەرهەم نەهێنا.. ئۆپۆزسیۆن لە چاندنی رق زیاتر، تۆوی میهرەبانییەكی نەچاند..حزب لێرە بە لێبوردەیی نا ئاشنایە و نایەوێ هێمن بژی.. نایەوێ دروست رێ بكا...

ئاشنا، سەرزەمینی ئێرە هێشتا دڕكی تۆڵەی تیا دەڕوێ، تا باخچەی رەنگاوڕەنگ.. ئێرە چیكڵدانە تەنگی بەڵەدە، تا دڵفراوانی و پشوو درێژی.. ئەم سەرزەمینە چەند

کەنەفتــە بــە دەســت لافاوەکانــی کینــە، چەنــد شــەکەتە لەبــەردەم ڕەشــەباکانی ڕق..
ئــەم ژینگەیــە چەنــد ســیخناخە لــە دڵڕەشــی، چەنــد تاریکــە بــە تەونــی لەداوخســتنی یەکتــر..

ئاشــنا، لێــرە هێشــتا وەرزی داربڕینــەوەی ژێــر پێــی یەکتــری لــە هەڕەتــی خــۆی دایــە...

ئاشنا، ســەرم ســوڕماوە، حیکمەتــی ئــەم هەمــوو ســەرکردەیە، بــۆ عەقڵێکــی ڕۆشــن نەکــردەوە؟ بەراســت تــۆ بڵێــی لــە بنەڕەتــدا حیکمەتــی هێــوری و دان بەخۆداگرتــن بــە مرۆڤــی ئێــرە بــە ســەرکردە و ڕەشــۆکییەوە ئاشــنا بێــت؟

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی هەشتەم:

ئاشنا، هاتووم سەربوردەی تەنیاییت بۆ دەگێڕمەوە و لەگەڵ خۆمدا مشتێ نەوای نامۆییت بۆ دێنم.. هاتووم و پڕ بە گەرووم ئاوازی بێتاقەتیت بۆ دەچڕم.. بزانە بەردیش بیت دێیتە دەنگ، یان نا؟!

ئاشنا، شاعیرێكی عەرەب هەس، دەڵێ:

وظلم ذوی القربى اشد مضاضة

على المرو، من وقع الحسام المهند

ئاشنا , گەورەترین مەترسی لە تێگەیشتن و هوشیاری كۆمەڵگایەک ئەوەیە، كە پێی وابێت ستەم بە تەنها بریتییە لە گرتن و ئەشكەنجە و هەڵواسین. لە كاتێكدا جەوهەری ستەم بەر لەوەی ئەو رەفتارە رووكەشییانە بێ، بوونی عەقڵیەتێكە لە ئاستە مەعنەوی و بەهاییەكەیدا، مرۆڤ لە مرۆڤبوونی خۆی دەخات. زۆربەی جارەكانیش ئەو شێوازی ستەمە بە نیشتمانپەروەری، یان بە ریفۆرم بە كۆمەڵگا دەفرۆشرێتەوە..

ئاشنا، ستەمی دوژمن هیچ نییە، بەڵكو هەمیشە ترست لە ستەم و جەوری هاوشووناس هەبێ، كە لە پشتی خاوەن دەركەوتن لە مێژوو، كوردانە دەمانچەوسێنێتەوە و داواش دەكات شوكرانە بژێری بین..!!

ئاشنا، دوو دیوی ستەم، بەمێگەلكردن و گەوجاندنن.. هەر یەكەیشیان پاساوی خۆی هەیە بۆ بە درۆخستنەوەی ئەویتر و مكیاژكردنی هەقبێژی خۆی.. ئێستا لە كوردستان هەر دوو دیوی ستەم هاوتەریب دەڕۆن و كۆمەڵگاشیان دابەش كردۆتە سەر دوو بەرە، بەبێ ئەوەی كۆمەڵگا بەشی ئەوە هێزی بێداربوونەوەی تێدا بێت و ئەو كڵاوە فڕێ بدا، كە بە رەنگ و قەبارە و دیزاینی جیاواز بۆی دروەوە و وخراوەتە سەری!!

ئاشـنا، لـەوە دەچـێ ئیـدی ئێوارەیەکـی تـر بەیەکـەوە بەدیـار خۆرئاوابـوون دانەمێنیـن.. رەنگـە ئیتـر بـە تەنیـا بڕوانیتـە کەلـی ئـەو شـاخانەی لـە نیگامانـدا نەخشـی تـا هەتایەیـان کێشـا، بـەڵام دڵنیابـە خـۆری نیشـتمان لـە چـاوی مـن ئـاوا نابـێ.. گزنگـی بەیانییـە جوانەکانـی وڵات هێشـتا پێدەشـتە تاریکەکانـی رۆحـم روونـاک دەکەنــەوە.. نەخشــەی نیشــتمان لــە رۆحمــدا نەخشــاوە..

ئاشـنا، دڵـم خەرمانـی برینـی جێنەشـتەری ئـەو فرمێسـکانەیە کـە لێـرە هـۆن هـۆن بـە دیـار تەنیاییـەوە دەڕژێـن.. رۆحـم تـک تـک خوێنـی بێهوودەیـی مرۆڤەکانـی ئێـرەی لێدەتکـێ.. بیـرت دێـت کـە دەمگـووت رۆژێـک دێـت دڵـم بەرگـەی برینـی خوێـن تێـزاوی رۆژەکانـی ئێـرە ناگـرێ و لەگـەڵ زەردەپەڕێـک خـۆم دەپێچمـەوە.. قیرِوسـیا بـۆ کوێـم دەبا؟!

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی نۆیەم:

ئاشنا، شتێک لە رۆحی ئێمەدا ونە، هێزێک لە ئێمەدا باری کردووە.. هێزی خودبینین و رۆحی خۆخوێندنەوەن.. هەموومان دەمانەوێ لەبەر ئاوێنەی ناشیرینییەکانی ئەویتردا کرێتییەکانی خۆمان بشارینەوە.. هەموومان بەو خەونەوە رێ دەکەین، کە لە ساتمەبردنی یەکێکی تردا هەنگاوێکی تر بچینە پێشەوە و زووتر بگەین..

ئاشنا، لەوەتەی ژیان بۆتە دوو بەرە، هەر دەبێ‌زۆرینە بەناوی بێمانای پەیمانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەو شتە قۆڕانە، دەستبەرداری زۆربەی ماف و ئازادییەکانی بێت لە پێناو کەمینەیەک، گوایە ئاسایش و دڵنیایی ئێمە دەپارێزن..!

ئاشنا، ئەو سیحری پەیمانە بە درێژایی مێژوو بەرهەمهێنەری کۆیلایەتی و بە مێگەل بوون بووە.. بەڕاست ئەوە کێ ئەو دەستورەی داوە فلان خانەدان و فلان بێ‌خانە بێ و دووەمیان ملکەچ و بەر فەرمانی یەکەم بێ؟ بۆ چما ئەگەر منی بێ خانە نەچوومە ژێر باری ئەو جەبرە سیاسی و جادوبازییە و راچەنیم، ئەوی لە ئەزەل بە خانەدان کراو توانای نەک دڵنیایی من، بگرە هێزی مانەوە و پاراستنی خۆیشی هەیە؟!

ئاشنا، (ئینتیما) لە لێکدانەوەی منداڵێک بۆ خەونی باوکی خۆی ئاوا بوو.. لێکدانەوەیەک لە مەتەڵ دەکا، بەڵام مەتەڵێک دوور نییە بە هۆیەوە پیاو بە فەتارەت بدا و بیباتە بەر مەقسەلەی تۆمەتی خیانەتی نەتەوەیی و نیشتمانی...

ئینتیما واتە مانەوە، مانەوەش واتە خۆ خافڵاندن، خۆخافڵاندنیش واتە کات کوشتن، کات کوشتنیش واتە فێڵ لە خۆ کردن، فێڵ لە خۆ کردنیش واتە گەمژەیی.. گەمژەییش واتە هەتا دونیا دونیایە شوکرانەبژێری بێبەش و بەدبەختی خۆت بیت.. بێبەشی لە پارە و سەروەت و سامان و ماڵ نا، بێبەشی لە خۆتی خۆت..

بەدبەختیش لە پلە و پۆست و پایە نا، بەدبەختی چاوەڕوانی موعجیزەیەک کە نەهاتووە و نە دێ..

ئاشنا، ئێمە وەک مرۆڤ لە دایکبووین، کەچی بێ دەستی خۆمان کراینە کورد و موسڵمان.. سەیرە، ئێستا مرۆڤبوونی دزراوی خۆمانمان بیرچۆتەوە و شەڕ لەسەر ئینتیماگەلی داسەپاودا دەکەین.. عەجیبە، بوونی سروشتکردی خۆمانمان بیر چۆتەوە و شوکرانە بژێر و سوپاسگوزاری بوونی دەستکردی خۆمانین و دەیکەینە شاباشی شووناس و پیرۆزی داسەپاو!!

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنکاتدا

نامەی دەیەم:

ئاشـنا، دەزانـی واعیزەکانـی سیاسـەت و ئاییـن زاکیرەیـان چەنـدە پـڕ کردوویـن لـە وەعـزی درۆینـەی ئیمـان و دروشـمی نیشـتمان و بـە هۆیـەوە تـا بێداربووینـەوە کۆتـی کۆیلەیـی بـە دەسـت و بیرمانـەوە بـوو؟ زاکیرەیـەک وای لێکردیـن دەسـتبەرداری بـوون و بەهـا مرۆییەکانمـان بیـن و لـە پێنـاو خەونـی شـەیتانی یەکڕەنگکردنـی کۆمەڵـگا قوربانیمـان بـە هەرچـی خەونـی تاکگەرێتـی خۆمـان هەیـە دا.. بۆیـە تـف لـەو زاکیرەیـەی قەناعەتمـان پـێ بێنـێ شـوکرانە بژێـری لەدەسـتدانی مرۆڤبوونمـان بیـن..

ئاشـنا، ئەگـەر بڕیـارە تەنهـا خوایـەک هەبێـت، خوایـەک کـە شـوێنکاتی نییـە، ئاسـاییە، بـەڵام مـرۆڤ فرچکـی بـە کۆیلێتییـەوە نەگرتبـێ بەندەیـی ئـەم هەمـوو خوایـەی سـەر زەوی پێناکـرێ..!

خـوای سیاسـەت، خـوای حـزب، خـوای سـەرکردە.. خـوای نەریـت، خـوای عەشـیرەت، خـوای چـی و چیتر..

ئاشـنا، تـۆ دەزانـی خواکانـی سـەر زەوی بەرهەمـی ئـەو پەیمانـە پڕوپووچـەن، کـە بەنـاوی فیکـری سیاسـی و دەوڵەتـداری دەرخواردمـان دراون و دەدرێـن.. تـۆ بـێ تـرس و دوو دڵـی پشـت لـەو خوایانـەی سـەر زەوی بکـە، بزانـە ئاخـۆ هێـزی ئەوەیـان تێدایـە، نـەک کۆمەڵـگا بکەنـە مێگـەل، بەڵکـو بـۆ خۆیشـیان دارێـک لەسـەر بەردێـک دابنێـن؟

ئاشـنا، ڕۆژێـک دێ ئـەو خـۆ بەخـوا کردووانـە تێدەگـەن کـە ئـەوەی ئێمـە گووتومانـە و دەیڵێیـن بەشـێکی زیاتـری ڕاسـتگۆیی نیشـتمانپەروەری تێدایـە، تـا دروشـمبازییەکانی ئـەوان.. تێدەگـەن ئـەوەی ئێمـە کردوومانـە و دەیکەیـن، نزیکتریـن ڕێگایـە بـۆ گەیشـتنە بەهەشـت، تـا ئـەوەی وەک ئـەوان خەریکـی نمایشـی رووخسـارە ریاکارییەکانـی ئیمـان بین!!

ئاشـنا، مـن کـە پـڕم لـە هەڵـە ناتوانـم کۆمـەک بـە تـۆ بکـەم، کـەی بەشـی ئـەوە

خۆمـم لـه گوناههکانـم شـۆردەوه دەتوانـی چاوەڕوانـی بەخششـێکی جـوان بیـت لـه مـن.. ئێسـتا وەک پێویسـت متمانـه بـه مـن مەکـه، کـه هێشـتا خـۆم سەرشـارم لـه خـەوش، ئیتـر چـۆن و بـه چ حاڵێکـەوه بێـم و کۆمـەک بـه هەڵسـانەوەی تـۆ بکـەم؟!

ئاشـنا، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێـم باشـه بیـرت بخەمـەوه کـه بۆچـی هەمووەمـان بـه خـودای ئاسـمان دەوێریـن و شـەڕەکانی خۆمانـی پێدەفرۆشـین؟!

چونکـه بوێـری سـەرکۆنەکردنی خـوای زەوییەکانمـان نییـه، نەبـادا چاومـان لێسـوور بکەنـەوه...

ئاشـنا، تکایـه شـەڕەکانتان بێننـەوه سـەر زەوی، ئـەو سـەرزەمینه چیتـر بەرگـەی هەڵگرتنـی بـاری ئـەو هەمـوو کۆیلەیـه ناگـرێ....

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی یازدەهەم:

ئاشنا، ڕۆژت باش، کە هێشتا بەیانی ڕۆژێکی ئاسوودە بەڵەد نەبووین، کە هێشتا ڕۆشنایی خۆری ئومێدێک نارژێتە ناومانەوە، کە هێشتا ژیان تاریک دەچێتەوە وەک قەتران..

ئاشنا، لەم سەرزەمینی یەکتر ناشیرین کردنەی ئێمەدا، مردن گرفت نییە، بەڵکو کەسەری گەورە کوشتنە.. تۆ بکوژرێی یان بە مردنی خۆت بمری، هەر مردنە، بەلاّم کە بە مردنی خۆت دەمری، یان نزای خێرت بۆ دەکەن، یان ئاوێکت بەدوادا دەڕێژن، کەچی کوشتنەکەت وا نییە.. دوای تۆ هەندێ دەجال بەوانەشەوە کە چارەی تۆیان لە ژیان نەدەویست، نان و پیازی خەمخۆری ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بە کوشتنتەوە دەخۆن!!

ئاشنا، بەدبەخت ترین کائین لە نیشتمانی ئێمەدا مێینەیە، نەک لەبەر ئەوەی دەکوژرێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی بازرگانی بە کوشتنەکەیەوە دەکرێ!!

ئاشنا، دەزانی بۆچی هێشتا کچ و ژن بەناوی کڕینەوەی شەڕەف لە وڵاتی ئێمەدا دەکوژرێن؟!

- چونکە هێشتا لە چاوی کۆمەڵگادا لەشکرِ جوامێر و لەشفرۆش بێ ئابڕووە.

- چونکە هێشتا لە چاوی کۆمەڵگا بکوژ شکۆی خۆی کڕیوەتەوە و کوژراو شکۆی ئەوانی شکاندووە.

- چونکە بکوژ وەک بەرزەکی بانان بە بەردەم دیوەخان و بارەگا و مزگەوت و یاسا سمێڵی پیاوەتی دەپەشتێ و ئەوەی ئەو کردوویەتی (شان داخلی) خێزانە و ئایین و نەریت و یاسا دەست ناخەنە ئازادی خێزان!!

- چونکە تا ئەو ئەو ژن و پیاوە لیبراڵە لەش دۆست و هەوەسباز و (عابر سرير) ـانە بمێنن، کە بە ناوی مێدۆستی فرمێسک بۆ کوشتنی کچان و ژنان بڕێژن، ئەوانەی

بەنـاوی ئازادییـەوە، خیانەتـی هاوسـەری دەکـەن و هـەر شـەوە و لـە باوەشـێکدا ڕۆژ دەکەنـەوە، کـچ و ژنـی کـورد هـەر دەکوژرێـن!!

ئاشـنا، ڕەنگبـێ کـە ئـەو پەیڤانـەم دەخوێنیتـەوە، پێـت وابـێ وڕێنـە دەکـەم، بـەڵام دەزانـی وڕێنەکردنیـش لـە خۆخواردنـەوە باشـترە؟ لـەوە دەفامیـت کـە دروسـتکردنی یۆتۆپیایەکیـش لـە سـەرکزی دانیشـتن بەسـەر برینەکانتـەوە چاکتـرە؟

ئاشـنا، گرنـگ ئەوەیـە ئەوانـە بـۆ مـن وڕێنـە نیـن، بەقـەد ئـەوەی دەرزی ئاژنـی دونیایـەک بیـرەوەری بێدەنگییەکانمـن، کـە بەدیوەکـەی تـردا گوزارشـتن لـە بەشـێکی شـەرمنییەکانی تـۆ و سـەرکزییەکانی ئـەو و شـوکرانەبژێری ئـەم و...!!

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی دوانزەهەم:

ئاشنا، تۆ خەریكی زەمینەی گفتوگۆیەكی لۆژیكی و هێمن بڕەخسێنی، گفتوگۆیەك كە زۆرترین پانتایی بۆ یەكتر خوێندنەوە و قەبوڵكردنی جیاوازی بكاتەوە و هەموو موقەدەسەكان تورِ هەڵدات و خاوەندارێتی لە حەقیقەتی رەها بخاتە زبڵدانەوە.. گفتوگۆیەك هەر یەكە و تیایدا خۆی بێت و كۆپی و سێبەری ئەویتر نەبێت و لە ئاخوڕی كوێخاكەی كاوێژ نەكا و هەر یەكە و بە رووخساری خۆی دەركەوێ و دەمامكی كوێخاكەی نەپۆشێ، كەچی لە پڕ لووتت دەچێ بە لووتی مورید و دەروێش گەلێك، كە بە ناوی كوێخاكەیان زیكر دەكەن.. تووتی گەلێك بەس خۆیان نین و لە ژێر بەنجی ورێنەی كوێخاكەیاندا وەعز دەبەشنەوە.

ئاشنا، سەیرە، لەم نیشتمانە بەڵا لێدراوەدا لەشكرگەلی فەریكە رۆژنامەنووس و هەرزە نووسەر پەیدابوون، كە لە پاوان و لەوەڕی ئەوانی تردا كاوێژ دەكەن و وەك ئەوەی زمانی ئاخاوتنیان كۆدی نهێنی هەبێت و بە كەس نەكرێتەوە، لێمان بوون بە فریشتە و وەك ئەو (ئەحمەقەی) حەزرەتی مەحوی گووتەنی (حاجەتی دانای لەلا رەوا نییە)، هەر بە كڵاوی خۆیان دەپێون و سووریشن لەسەر ئەوەی سەری ئەشهەدوبیللایان بۆ بلەقێنی..

ئاشنا، لە كەشوهەوا و لە هەلومەرجێكی وادا و لەناو ئەو لەشكرە بەرخۆرەدا، ئەو لەشكرە جاهیلەی وەك كۆڕس یەك ئاواز دەڵێنەوە و یەك ئاوازیش دەژنەون.. لەشكرێك لە رووخساردا شەڕی موقەدەس دەكەن و لە ناوەڕۆك و كرداریشدا بتی دیكەی نوێمان بەڕوودا قووت دەكەنەوە.. لەشكرێكی بیركۆڵ، كە تازە دارە دارەی سیاسەت دەكەن و شیری دۆگم دەخۆنەوە و لەبەری جەهل دەلەوەڕێن.. قسەی قۆڕە خەون بە پێشكەوتنەوە ببینین!!

ئاشنا، بۆشایی هەرە گەورەی كولتووری لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و

فەرهەنگی ئێمـەدا، نـا ئامادەیـی لێبوردەییـە , کـە لـە شـوێنیدا رق و تۆڵـە ئامـادەن , ئــەوە بۆیــە جیاوازییــەکان لــە نــاو ئێمــەدا لــە بــری ئــەوەی بەیەکــەوە هەڵبکــەن و ســەرچاوەی یەکبــوون بــن , بوونەتــە بناغــەی لەیــەک تــرازان.. هەلومەرجێکــی کۆمەڵایەتــی و بارودۆخێکــی سیاســی و ئەتمۆســفیرێکی کولتــوری , کــە بارگاویــن بــە حەقیقەتــی رەهــا و نەخوێندنــەوەی ئەویتــر و دابەشــکردنی کۆمەڵــگا بەســەر رەش و سـپی.. کوفـر و ئیمـان.. دۆسـت و دوژمـن.. بۆیـە سـەرت لـەوە سـورِ نەمێنـێ کە هێشـتا کۆمەڵگاکەمــان بــە ســەقامگیری سیاســی و ئاشــتی کۆمەڵایەتــی نامۆیــە..!

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی سێزدەهەم:

ئاشـنا، نەمـری قۆرتریـن شـتێکە تـا ئێسـتا بیسـتبێتم، ئاخـر لـە نێـوان ئومێـد لـە هەنـاوی ژیـان و ئومێـد بـۆ نەمـری، بۆشـاییەکی گـەورە هەیـە.. تـۆ کـە لـە هەنـاوی ژیـان خەونـی ژیانێکـی شایسـتەترت نەبـوو، خـەون بینیـن و ئومێـد خواسـتنت بـۆ نەمـری، هیـچ نییـە جگـە لـە شـوکرانەبژێری ژیانێکـی ناشـەڕافەتمەندانە..

ئاشـنا، لەوانەیشـە تـۆ لـە مـن جیـاواز بیربکەیتـەوە و شـتی زیاتریـش لـە مـن بفامیـت، بـەڵام دواجـار ئەگـەر بـێ ویسـتی خۆشـمان هاتینـە دونیـا و بـێ پرسـی خۆشـمان بارگەمـان تێکدەنێیـن، هیشـتا بەشـی ئـەوە پێویسـتە لـەو نێوانـی بـێ و ویسـتی و بـێ پرسـی خۆمانـدا، سەرپشـک بیـن لـە هەڵبژاردنـی ژیانێکـی شایسـتەتر.. شایسـتەتر بـە خـودی بـوون و بەهـای مرۆییمـان.. شایسـتەتر لـە ژیـان خـۆی..

ئاشـنا، بـۆ هەمیشـە کـۆک و تەبـا نابیـت لەگـەڵ بەرامبەرەکـەت، تەنانـەت هاوڕێیەتیـش ڕێـی تێدەچێتـرش بکەوێتـەوە.. گرنـگ ئەوەیـە ئـەو تـرش بوونـەی نێوانتـان هەنـاوت ژەنـگاوی نـەکات و نەتکاتـە کوتلەیـەک لـە دڵڕەشـی..

ئاشـنا، ئـەو کۆمەڵگایـەی زوویـری و توڕەبوونـی خـۆی بـۆ نەشـاردرێتەوە و بوارێـک بـۆ ئاشـتبوونەوە نەهێڵێتـەوە، کۆمەڵگایەکـی نەخۆشـە..

ئاشـنا بێپایـان لێـت زوویـرم، بێکۆتـا موحتاجـم بـە ئاشـتبوونەوەت، کـە لـە توڕەیـی و زوویـر بوونمانـدا دیوێکـی دیکـەی جـوان و گەوهـەری تـۆم دۆزیـەوە....

ئاشـنا , یەکێـک لـە قێزەونتریـن خەسـڵەت و ڕووخسـارە کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی و کۆمەڵـگای ئیسـلامی بـە گشـتی، نـا ئامادەیـی گیانـی لێبوردەییە.. لێبوردەیـی بـە ومانایـەی هـاوکاری کەسـێک بکەیـت، کـە هەڵـەی کـردووە، بـۆ ئـەوەی هەڵەکـەی ڕاسـت بکاتـەوە..

ئاشـنا، مرۆڤـی ئـەم سـەرزەمینە کولتورییـە، بـە دەگمـەن نەبـێ، ئەگینـا پێـی خـۆش

نییـە کەسێک خـۆی چـاک بـکات و بـە هەڵەکانیـدا بچێتـەوە.. دەزانـن بـۆ؟

تەنهـا بـۆ ئـەوەی لـە رێگـەی نمایشـکردنەوەی هەڵەکانـی ئـەو، هەڵە و ناشـیرینییەکانی خـۆی پەردەپـۆش بـکات.. ئـەوەش دەردێکـی کوشـندەیە، کـە ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و ئەتمۆسـفیری بـاوەڕی ئایینـی ئێمـە لێـی بەرپرسن!

ئاشـنا، رۆژێـک دێ لـە بەشـێکی ئـەو یاداشـتانە دەگـەی و قەتماخـەی برینەکانیـان دەناسـیتەوە، رۆژێـک دێ لەبـەری درەختـی ئـەو پەیڤانـە حیکمەتێـک دەڕنـی، رۆژێـک دێ و تێدەگـەی ئـەو بیرەوەریانـە چەنـدە پڕبـوون لـە خوێنـی مەیـوی مـەراق.. چەنـد لێوڕێژبـوون لـە تاڤگـەی خۆزگـەی نـەڕژاو!!

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی چواردەهەم:

ئاشـنا، رەوان شـاد (مەسـعود محەمـەد) گووتەنـی: «سـەرزەمینی ئێـرە تـۆوی دیموكراسـییەتی لـێ سـەوز نابـێ»، ئاخـر لێـرە بانگەشـەكردن بـۆ دیموكراسـییەت هـەر هێنـدەی هـاواری نـۆک و لۆبیـا فرۆشـەكەی گەڕەكەكەمـان خـۆش لـە گوێـی لانەوازێـک دەزرنگێتـەوە، كـە تەماشـای گیرفانـی دەكات، بـڕی قاپێـک نـۆک پـارەی لـە گیرفانـدا نییـە و دۆش دادەمێنـێ..!!

ئاشـنا، سـەرنج بـدە، لـەم وڵاتـەدا كـە قسـە دێتـە سـەر ئینتمـا و نیشـتمانپەروەری، یەكراسـت خەیاڵـت بـۆ ئـەوە دەبەنـەوە، كـە دەبـێ ئامـادەی لەخۆبووردوویـی و گیـان بەخشـین و پشـوو درێـژی و خۆڕاگـری بیـت.. كاتێكیـش پرسـی دادپـەروەری دێتـە گـۆڕێ، پێـت دەڵێـن: ئـەوە تەنهـا خودایـە دەتوانـێ فەرمانڕەوایەكـی دادپـەروەر بێـت!!

ئـەی خـودا، كـوا بـۆ ڕۆژێكیـش دادپەروەرانـە بەشـێكیانت ریسـوا و برسـی و پەڕیـوە و لانـەواز و بێنـەوا دەكـرد، ئـەودەم تێدەگەیشـتن ئینتمـا بـە برسـێتییەوە ناخـورێ و نیشـتمانپەروەری بەبـێ نەوایـی، چـۆن هێڵنـج بـە مـرۆڤ دەدات!!

ئاشـنا، لـە وڵاتـی ئێمـەدا عەقڵییەتـی سیاسـی حوكمڕانەكانـی و ئەوانەیـش كـە لـە خەونـی رووخاندنیـدان بـۆ ئـەوەی شـوێنی بگرنـەوە، بەرهەمـی یـەک سـەرزەمینی كولتـوری و كۆمەڵایەتـی و سیاسـین، كـە تەنهـا سـەرلەقاندن بـە مرۆڤەكانـی رەوا دەبینـن...

ئاشـنا، لێـرە كـەس پرسـیاری (پێویسـتە چـۆن حوكـم بكەیـن؟) لـە خـۆی نـاكا، تاكـە پرسـیاری بـەردەوام لـە سـەرزەمینی ئێمـەدا ئەوەیـە (چـۆن لـە دەسـەڵات بمێنینـەوە؟)، وەک چـۆن پرسـیارێک كـە سـەرلەبەری خەیاڵدانـی نەیارەكانـی دەسـەڵاتی سـەرقاڵ كـردووە ئەوەیـە (چـۆن بگەینـە دەسـەڵات و قەرەبـووی بێبەشـییەكانی رابوردوومـان بكەینـەوە؟)...

ئاشنا، ئـەوەی لـە زاکیـرەی سیاسـییەکانی ئێمەدا شـوێنی نەبۆتـەوە، بەدبەختییەکانی مرۆڤـە، ئـەوەی نـاوی لـە لیسـتی راسـپاردە و بڕیارەکانـدا نییـە، ئاییـندەی نیشـتمان و دوارۆژی نەتەوەیـە.. نیشـتمان و نەتـەوە هەرتـا ئـەوێ لـە خەیاڵـی ئەوانـدان، کـە پردێکـی تۆکمـەی پەڕینـەوەن بـۆ هەژمـوون و مانـەوە و بەردەوامـی. لـە پێنـاو خۆسـەلماندن و بـە درۆخسـتنەوەی بەرامبـەر، هەموویـان گـرەو لەسـەر لاشـەی نیشـتمان و ریسـک بـە چارەنووسـی نەتـەوە دەکـەن..

ئاشنا، جەمال غەمبار گووتەنی ئەگەرچی:

«خوا نزاکەی گیرا کردم و

شەڕی براکانی خستە دەریاوە

بەڵام هێشتا نیشتمان بێدارە بە بێدادی»

ئاشـنا، نـەک هـەر ئـەوە، بگـرە نیشـتمان هێشـتا بێـدارە بـە ترسـی ژێردەسـتەیی.. هێشـتا بێـدارە بـە ترسـی سـەودا..

## (ئاشنا)

## چەند نامەیەك بۆ نادیارێك لە نا شوێنكاتدا

نامەی پانزەهەم: كۆتایی

ئاشنا، بە پێچەوانەی زۆر كەس، كە پرسیاری ئەوەیان لێدەكرێ بەوەی لە چی خۆیان پەشیمانن و دێن بە پۆزەوە دەڵێن لە هیچ شتێكی خۆمان پەشیمان نین، من لە بەشێكی زۆری بیركردنەوە و هەڵوێستەكانم پەشیمانم، كە بەشێكیان گوناهی خۆم بووە و بەشێكیش ناكەس بەچەیی هەندێكەس و تەپكە و پیلانی سیاسی و جاسووسەكانی حزب هۆكارەكەی بوون.. هەر ئەو پەشیمانییە و شكاندنی بێدەنگییەشە ئێستا (ئاشنا)كەمانی سەخڵەت كردووە!!

ئاشنا، بیستوومە ئەو لە وڕێنەكانم نیگەرانە.. گوایە هەڵەشەییەكانم بێتاقەتیان كردووە.. گووتوویەتی سنوران دەبەزێنم و هێڵە سوورەكانی شكۆی كاڵ دەكەمەوە.. بە تەتەرەكەیدا نامەیەكی بۆ ناردووم، كە چیتر دڵی باوكانەی نەرەنجێنم، ئەگین نێوانمان تێكدەچێ!!

ئاشنا، خۆت دەزانی كە بە ژیانم لە هەوڵی ئەوەدا نەبووم دڵی باوكانەی گەرد بگرێ، بەڵام بە من چی، گەردی هەرچی بێمروەتی و نامیهرەبانییە لە دڵیدا نیشتووە.. بە من چی كە زمانێكی دیكەی جگە لە زمانی بێهۆشكردن و دەستێكی دیكەی جگە لە قامچی شك نابا لە تەكماندا بەكاری بێنی.. بە من چی دڵی باوكانەی بەشی كڵاورۆژنەیەك رووناكی لێبوردەییمان پێنابەخشێ.. بە من چی بازاڕی سەودا و خەونی پاوانخوازی، رۆحی باوكانەی كوشتووە و بیری بەلای خەمە مرۆییەكانی ئێمە نییە؟!

ئاشنا، من لە جەنگە بێكۆتاكانی ئەو بێتاقەتم و ئەویش لە بریندارکردنی رۆحی جەنگخوازی خۆیدا نیگەرانە!!

ئاشنا، ئاخر هیچ شكۆمەندییەك لە جەنگدا نییە، بە پێچەوانەوە، ئەوەی جەنگ بەرهەمی دێنێ شكاندنی شكۆمەندی مرۆڤە.. شكۆمەندی یەكەمین و

دواهەمیـن قوربانـی جەنگـە .. لـە جەنگـدا ئازایەتـی کوشـتن، پێناسـەی شـکۆمەندی جەنگاوەرەکانـە .. ئـەوەی ترسـی کوشـتن و کوژرانـی هەبێ، شـکۆمەندی لـە دەسـتداوە .. کەواتـە ئامانجـی سـەرەکی جەنـگ، ویسـتی خۆڕادەسـتکردنی ئیرادەگەرانـەی مرۆڤـە بـۆ لەدەسـتدانی شـکۆ .. هەمیشـەش ئەوانـەی لـە پشـتی هەڵگیرسـاندنی جەنگەکانـن بیانوییێکیـان هەیـە بـۆ ئـەوەی مێگـەل شـوکرانەبژێری شـکاندنی خودشـکۆیی بکـەن!!

ئاشـنا، هەمـوو ئـەو جەنگانـەی بەنـاوی بریقـەدارەوە کـران، بـە کوشـتنی شـکۆی مـرۆڤ و ژیـان و ژینگـە کۆتاییـان هـات. جەنگـە خۆکوژییەکانـی ئێمـە نزیـک و زیندووتریـن نموونـەن .. ئـەو جەنگانـەی ئێسـتا لـە سـەنگەرەکانەوە گوێزراونەتـەوە سـەر لاپـەڕەکان و تفاقیـان زمانـی شـکاندن و روشـاندنی شـکۆی مرۆییانـەی یەکتـرە ..

ئەفسـووس ئاشـنا، کوردبـوون چەنـد برینـدارە بـە دەسـتی جەنگەکانـی شـکۆ شـکاندن!!




گۆشەی (هەدا)

# پشووێك بە دیار خەمەكانی ژیان

گۆڤاری (كوێستان)

## له ماڵی گۆشەگیریدا *

١

تەنها شتێک بە خودا ئاشنامان بکاتەوە گومانە، تاکە پردێکیش بمانبانتەوە ئامێزی ئیمان پرسیارکردنە، ئەو پرۆسەیەش بەندە بە وزە و کرانەوەی عەقڵ و رادەی ئازادیمان، چونکە بەبێ ئەو توانستە عەقڵی و ئازادییەی خود، ئەستەمە واعیزەکان بتوانن بە خودا ئاشنامان بکەنەوە و رۆشنایی ئیمان بخەنەوە ناخمان.

خودا بۆ خۆی وا لە سەر زەمینی ئازادی بیرکردنەوەماندایە و ئیمانیش لە سووچی رۆحماندا گیرساوەتەوە، ئیدی نە کاهینەکان دەتوانن بمانبەنەوە سەر سفرەی حەقیقەت و نە وەعزەکانیشیان چێژی ئیمانمان پێدەبەخشن، بۆیە ئاساییە حیکمەتێک شک نەبەین لەوەی گوێڕایەڵ و سوپاسگوزرای ئەو دەجالانە بین: کە خۆیانمان لە بەرگی فریشتە و وەک نمایندەی خودا نیشان دەدەن و ئیمانیشمان بەسەر پشتی بەرماڵ و لەناو پێچی عەمامە و تاڵەکانی ریشیاندا بەدیاری بۆ دێنن، لەبەر ئەوەی (فیختە) وتەنی «سیستمی زیندووی ئەخلاقی و کاریگەر بریتییە لە خودی خودا، ئێمەش جگە لەو باوەڕە پێویستیمان بە هیچ باوەڕێکی دیکە نییە، لە عەقڵدا شتێک نییە وامان لێبکات لەو سیستمە ئەخلاقییە دەربچین، کە هەموو گەردوونی بەدەستەوە گرتووە».

٢

سەیرە! راهاتن هێزی مرۆبوونی لێ زەوت کردووین، ملکەچی و قایلبوون بە خولانەوە لە بازنەی داخراوی عورفدا برستی ژیان و نوێبوونەوەی لێ بڕیووین، نوچدان لەبەردەم نەریتی باودا بەهای خودبوون و ئازادی کوشتووین، کەچی نە بوێری راپسکانمان هەیە لە تەوقی شەرم، نە توانای تەکانیشمان هەیە بۆ گەیشتن بە کەنارەکانی گۆڕان، بۆیە ناچار بەو هەناسەی مەمرە و مەژییە شەو و رۆژ گری دەدەینەوە.

بێگومـان کـە هێـزی تەکانـدان و توانـای پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکانی ڕۆحـی خۆمـان نییـە، کـە ناوێریـن بـە چـاوی شـوبهەتەوە بڕوانینـە داب و نەریتـەکان، کـە بـێ چەنـد و چـوون ئامادەیـی ژیانێکـی کۆیلەتیمـان لەسـای ئـەو تابـۆ و تەوتەمانـە هەیـە، ئاسـاییە ئەفرانـدن بـە دونیـای بیرکردنـەوەی ئێمـە نامـۆ بێـت و زمانـی نووسـین و ئاخاوتنمـان توانـای داهێنانـی نەبێـت، وەک ئـەوەی ئاسـاییە کـە بـوون و مەرگمـان بـێ کاردانەوەیــەک بەردەوامــی هەبێـت.

لـە کاتێکـدا (نیچـە) دەڵـێ «هەنـدێ کـەس لـە پـاش مردنیـان لـە دایـک دەبـن»، کەچـی ئێمـە نـەک هـەر مردووەکانمـان، بگـرە زیندووەکانیشـمان بـە مردوویـی لـە دایـک بوونـە و دەبـن، جـا چـش لـە مردووەکانمـان، هـەر ئەوەیشـە وادەکات سـەرگەردان بـە بـازاڕی ژیانـدا گـوزەر بکەیـن و خەمـی سـبەینێ و نەوەکانمـان لـە نوکتەیـەک بتـرازێ شـتێکی تـر نەبێـت و چراکانـی هیوامـان لـە نێـو کاسـە سـەردا کوژاندۆتـەوە و بـۆ جارێکیـش ئازایەتـی (بۆدلێـر) نادەینـە بەرخۆمـان و هـەر هیـچ نەبێـت بڵێیـن «مـن خـۆم دەکـوژم و باکـم بـە ژیانیـش نییـە، خـۆم دەکـوژم چونکـە توانـای ژیانـم نەمـاوە، بێـزار و مانـدووم لـەوەی هەمـوو شـەوێ بنـووم و سـبەینێ لـە خـەو هەسـتم و بـە راسـتی لـەو عادەتـە بێـزار بـووم. مـن دەمـەوێ یـەک جـار و بـۆ هەتـا هەتایـە بنـووم. خـۆم دەکـوژم چونکـە بـاوەڕم وایـە مـن نەمـرم و تەژیـم لـە هیـوا و ئومێـد».

٣

ئێمـە نـە ئەوینمـان کـردووە و نـە لێـی تێدەگەیـن، چونکـە ئەویـن راو ناکـرێ و ئـەو نێچیـرە سـەرەڕۆیە نییـە بکەوێتـە کەمیـن.. ئەویـن میوانـی چاوەڕوانییـەکان نییـە و خـۆی رادەسـتی ئەوانـە نـاکات، کـە بەدوایـدا راکـە راکـە و هەناسـە بڕکێیانـە، بەڵکـو ئـەو خـۆی و لەوپـەڕی خافڵگیـری ئێمـە و لەپڕێکـدا سـەر بەماڵـی ڕۆحمانـدا دەکات.. ئـەو بەبـێ ئـەوەی ئاگامـان لێـی بێـت دێتـە ژوان و پڕمـان دەکات لـە نەشئە، بۆیەشـە کـە بەڕاسـتی دێـت بەرگەگرتنـی ئەسـتەمە، هـەر ئـەو نهێنییـەی ئەوینیشـە، کـە دواجـار وا لـە (ئەراگـۆن) دەکات لـە ئاسـتی (ئیلـزا)ی مەعشـوقیدا بڵـێ «بـۆ مـرۆ ئاسـانترە بمـرێ، وەک لـەوەی خۆشەویسـتی بـکات».

ئەوینـی راسـتەقینە ئەوەیـە کـە لـە نـاکاو و لـە دەرەوەی ئیـرادەی ئێمـە و بەبـێ مۆڵـەت لـە دەرگامـان دەدات و بەبـێ گفتوگـۆ و پرسـیار ناچـار بـە خۆبەدەسـتەوەدانمان

دەکات..ئەوینێـک خـۆی ناچـار بـە ژوانمـان دەکات و ویسـتی نەگریسـی شـەهوەتمان تیـادا بەتـاڵ دەکاتەوە..ئەوینێـک لـە تەنیاییـدا سـەبووری و لـە یەئسـدا هیـوا و لـە بێبەشـیدا دڵنەواییمـان پێدەبەخشـێ..ئەوینێک لـە ئاسـت بچووکتریـن چێـژی ژیانـدا گەورەتریـن بـڕوای بەخشـندەیی و قوربانیـدان و حـەزی مەرگمـان لـە پێنـاو ئـەوی دیکـەدا پێدەبەخشـێ.. ئەوینێـک کـە لـە قەسـیدەیەکی (پـۆل ئێلـوار)دا بـۆ (گالا)ی خۆشەویسـتی وا خـۆی پێناسـە دەکات:

ئارەزوویەکی کەمم لە ژیان پێدەبەخشێ

ئارەزوویەکی زۆریش بۆ مەرگ

* ئـەو نووسـینە بەرهەمـی دوای خوێندنـەوەی پەرتووکـی (لـە نێـوان بلیمەتـی و شـێتی دا) یـە، کـە (نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد) کردوویەتیـە کـوردی.

## خوای ئێمە و شەیتانی ئەوان!

١

بیرمـە جارێکیـان (رێبـوار سـیوەیلی) گوتـی: دەکـرێ لـە بچوکترین شـت و لایەنـە سـادەکانی ژیانـی ئـەم جوگرافیایـە شـاکاری گـەورە بەرهـەم بێنیـن، ئـەوەش پێویسـتی بـە بینیـن و روانینێکـی رۆژنامەنووسـییانەی ورد هەیـە، تـا باشـتر لـە دیـاردەکان بکۆڵینــەوە و رەهەندەکانیــان تێبگەین...رەنگــە دەرگا و پەنجــەرەی ماڵــی هــەر یەکێکمــان شــتگەلی ســادە و بچــوک بــن، بــەڵام دەشــێ لەودیــو ئــەو بچوکــی و ســادەییانەوە حیکمەتــی گــەورە بخوێنینــەوە.

٢

دەرگاکانمـان بارتەقـای ژیانـی ئێمـە نهێنیـان لـە پشـتەوەیە، پەنجەرەکانیشـمان دوو ئەوەنــدە و زیاتریــش، هــەر دەرگایــە و هەڵگــری چیرۆکێــک و هــەر پەنجەرەیەکیــش لــە هەناویــدا ســەربوردەیەکمان بــۆ دەگێڕێتــەوە، ئــەو دەمانــەش پــەی بــەو چیــرۆک و نهێنیانەیــان دەبەیــن، کــە ســەر بــە ماڵــی هەژارێــک و ســوخۆر و بەرپرســێکی گەندەڵپێـداوی ئـەم وڵاتـەدا دەکەیـن...

٣

نهێنـی خۆشویسـتنی هەژارێـک بـۆ دەرگا و پەنجـەرە شـڕەکەی، لـە گەورەیـی ئـەو ژیانــە مرۆییــە بــێ رتوشــەی دایــە، کــە لــە پشــتی دەرگا و پەنجــەرەی هەژارییــەوە دەگــوزەرێ، ســیحری گۆڕینــی مۆدێــل و بەردەوامــی نۆژەنکردنــەوەی بەرپــرس و ســوخۆری گەندەڵکاریــش بــۆ دەرگا و پەنجەرەکانــی، لــەو تــرس و دڵەڕاوکــێ و ژیانــە پــڕ فــرت و فێڵــەی دایــە، نەبــادا بــای تووڕەیــی لانەوازێــک بیانهەژێنــێ...

٤

چ دیمەنێکی حەزینە دەرگای ئەو ماڵانەی ڕێسمەکانیان شکاوە و بەرگەی بایەکی پایزی ناگرن و پەنجەرەکانیان وەک گوڵی ژاکاوی بەر تەپ و تۆز وان و وەکو جەستەیان، ماڵەوەشیان بەبەرچاوی حەشاماتەوەیە، بەڵام لە پشتیانەوە ژیانێک هەیە لێوڕێژ لە تەبایی و هاوکاری و چاوتێری و قەناعەت، چ کوردایەتییەکی گاڵتەجاڕییانەیە دەرگای ساجی ماڵی ئەو بەرپرسانەی، نەک مێشولە، تەنانەت (با)ش زەفەر بە درزەکانیان نابات و پەنجەرە ئەلەمنیۆمەکانیان لە تینی گەرما و لورەی رەشەبا و کڕێوە و نیگای ڕێبواران دەیانپارێزێ، لە پشتیشیانەوە ژیانێک ئامادەیە پڕ لە بەرژەوەندی هەڵپەرستانە و خۆپەرستی و قرچۆکی و تەماع...لە پشتی دەرگاکانی هەژاردا خەمی هۆنینەوەی تنۆکی ئارەقەی هاوینان و دزەکردنی مار و مێرو و مێشوولە و هەڵلەرزینی ترسی باوبۆرانی زستان و چراخانێکی خامۆش، هاکا نەوتەکەی چکی کرد و روناکی ماڵە ساردەکەیانی جێهێشت. لەودیو دەرگا و پەنجەرەی سوخۆر و گەندەڵکاریشدا پرخەی خەوی بەر سپلیت و تریقانەوەی بەر سۆپا...لەوەی یەکەمیاندا ژیانێکی سادەی پڕ متمانە و خۆشەویستی و دڵنیایی، لە دووەمیاندا عەیش و نۆشی تژی ریایی و درۆ و ترس...

٥

شەیتان پەشیمانە لەوەی فلانی فێرە گەندەڵی کرد و ئێستاش لەسەر باڵاخانەکەی نووسیوە (هذا من فضل ربي)، ئەو قسەیەیان هاوکارم (جەبار عەلی) بۆی گێڕامەوە، میانەی شەیتان و گەندەڵکارانی ئەمڕۆی کوردستانیش ڕێک وایە، تا خوا هێزی پێداون بە ناهەقی و ناشەرعی خوێن و سامانی ئەو خەڵک و وڵاتە دادەدۆشن و دواتریش لەسەر تابلۆیەکی کۆشک و کۆمپانیا و باڵاخانەکانیان دەنووسن ئەوە لە چاکەی خوایە..جا ئەگەر وایە خوا بۆ ئەو هەموو نەدار و هەژار و لێقەوماو و بێسەرپەرشت و بێنەوایانەی خۆی بەسەر ناکاتەوە و رووی هات و خێروبێری تەنها کردۆتە ئەو کەسانە؟ پێدەچێ حیکمەتی جیاوازی ئەو دەرگا و پەنجەرە و شێوەژیانی ئەو مرۆڤانەدا لەو سیحرە دابێت، بۆیە چاکتر وایە بپاڕێینەوە، کە ئەو چاکە و خێرەی خوای گەندەڵکاران روومان تێنەکات و هەروا بەسادەیی لە پشتی دەرگا و پەنجەرە سادەکانمان بژین!!

## حیکمەتەکانی بوون!

« لە شاری پیاوچاکاندا کێبەرکێی زیاتر لەسەر دوورکەوتنەوە لە دەسەڵات روو دەدات، نەک پێچەوانەکەی — سوکرات»

١

کـە ژیـان و ئەزموونەکانـی پـڕن لـە حیکمـەت، وێسـتگەکانی تەمـەن باشـترین دەرفـەت و عەقـڵ چاکتریـن هۆکارێکـن بـۆ فێربوون..ئاخـر نهێنـی هەڵکشـانی تەمـەن لـە وەرگرتنـی پەنـدی زیاتـر دا یـە، وەکـو تریـش فەزیلەتـی عەقـڵ بریتییـە لـە گەمەکردنـی بـەردەوام لەنـاو گومـان و ڕاڕاییـدا، عەقـڵ لەوێـدا کارایـە کـە پـەی بـە دیـوی دووەم و نـاوەوەی دیـاردەکان ببـات و بـە روخسـاری شـتەکانەوە نەخەڵەتـێ، چونکـە روخسـار زۆربـەی جـار پەلکێشـی نێـو دۆڕان و پەشـیمانی و شکسـتمان دەکات.

٢

« کەسـێک لـە تاڵانکردنـی هەمـوو جەسـتەی کۆمەڵـگا سـەرکەوتوو دەبـێ و بـەرەو کۆیلایەتیـان دەبـا و هەمـووان نـاوە ناشـیرینەکانی ئـەو کەسـە لەبیـر دەکـەن و پێـی دەڵێـن خۆشـبەخت و شـادومان و سـەربەرز»، کاتێـک ئـا لەوێـدا سـتەمکاری لـە دایـک دەبـێ، چونکـە سـتەمکاری بـە تەنهـا بریتـی نییـە لـە داپلۆسـین و خوێنڕشـتن و کوشـتنی جەسـتەیی ئەوانـی دی، بەڵکـو دەشـێ دادۆشـینی کۆمەڵێـک لـەڕووی مـاددی و مەعنـەوی و بەتاڵکردنـەوەی کۆمەڵگـە لـە مانـا و بەهـا جوانـەکان لەلایـەن کەسـێکەوە، دیوێکـی دیکـەی سـتەمکاری بێت..هـاوکات خـودی کەسـی سـتەمکار لـە نەبوونـەوە لـە دایک نابـێ و بەتەنهـا ئـەو نییـە کـە رۆڵـەکان دەگێـڕێ و دابـەش دەکات، بگـرە بـە دیوەکـەی تـردا زۆرینـەی بەنـاو سـتەملێکراوان ماکینـەی بەرهەمهێنانـی سـتەمکارانن، بـە مانایەکـی دی سـتەمکار لـە نێـو فـەزای گەمژەیـی و خـۆ

بەمێگەلزانیـن و رازیبوونـی زۆرینـە بـە کۆیلەیـی گـەورە دەبـێ و تارمایـی پیرۆزییەکانـی خـۆی بەسـەریاندا زاڵـدەکا!

٣

دەگوتـرێ «هونـەری راهێنانـی ئەسـپ لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی ئەسـپ دایـە، نـەک راهێنەرەکـەی»، کەچـی لـە دونیـای کـورددا هاوکێشـەکە پێچەوانەیە..چـۆن؟

لـە کاتێکـدا کـۆی زانسـت و هونـەرەکان هیـچ خـود بەرژەوەندییەکیـان نییـە، کەچـی لـە کوردسـتاندا و لـە نێـو پرۆسـەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و زانسـتی و کولتورییەکانـدا و لەسـەر کـۆی ئاسـتەکان بـە شـێوەیەک و شـێوەیەکی دی ئـاوەژوو دەبێتەوە.

٤

دەرچـووی زانکـۆ و پەیمانگاکانـی کوردسـتان، بـە سـەرجەمی بـەش و رشـتەکانیان دەسـت لەسـەر سـنگ و لەبـەردەم کۆمەڵـدا سـوێندی راسـتگۆیی و ئەمانـەت و دڵسـۆزی بـۆ پیشـەکەیان دەخـۆن، بـەڵام دواجـار زۆرینـەی هـەرە زۆریـان لـەواری کرداریـدا لـەو سـوێند و سـۆز و بەڵێنەیـان پاشـگەز دەبنـەوە و بـە چەندیـن رێـگا و شـێواز هەوڵـی پەرینـەوە بەسـەر پشـتی کۆمەڵگـە دەدەن بـەرەو دونیـای خۆشـبەختی و بەرژەوەنـدی مـاددی و تایبەتـی و کەسییەوە، هـەر بـۆ نموونـە دەبینین کە « پزیشـک بە سـەیرکردنی بەرژەوەنـدی خـۆی وەسـف ناکـرێ، بەڵکـو بەلەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەنـدی نەخـۆش»، کـە ئەمـە بـۆ سـەرۆک و پەرلەمانتـار و وەزیـر و رەعیەت..فەرمانبـەر و بەرپرسـی فەرمانگـە و بەڕێوەبـەری دەزگا و هاوڵاتی..مامۆسـتا و قوتابی..پارێـزەر و دادوەر و تاوانبار..بـازرگان و بـازاڕ و کاڵا و خەڵـک.. واعیـز و ئیمانـدار.. رۆژنامەنـووس و کۆمەڵگە..ئەندازیـار و پـڕۆژە و سیاسـی و حـزب و....هتـد، راسـتە، بـەڵام لـەم وڵاتـەدا لەبەرئـەوەی زۆرینـەی ئـەو پیشـەوەرانە بەچـاوی چنـۆک و برسـییەوە و بەبـێ گوێدانـە ئابـڕوو و شـکۆمەندی پەیامـی پیشـەییەوە کارەکانیـان دەکـەن و هـەر یەکەیـان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان زانسـت و هونـەر و کەرەسـتەی مرۆیـی بەردەسـتی خۆیـان کردۆتـە پـردی پەرینـەوە بـۆ ئایینـدەی بەختـەوەری مـاددی، بۆیـە زۆر ئاسـاییە لـە دواجـاردا کـۆی کۆمەڵگـە نقوومـی گەندەڵـی بێـت و بـە هۆیـەوە بـێ متمانەیـی و

لێکتـرازان هەنـاوی کۆمەڵگـە بخـوات، بـە کورتـی هەموومـان و هـەر یەکـە لـە شـوێنی خـۆی و بــە شـێوەیەک گەندەڵیـن و تەنهـا ئەوانـی دی دەبینیـن!

٥

«ئێمـە کەسـانێکی کـورت بینیـن، کۆمەڵـە پیتێکـی بچـووک لـە مەودایەکـی دوورەوە دەخوێنینــەوە«، هــەر ئەمــەش وادەکات بــەردەوام خوێندنەوەمــان بــۆ شــتەکان هەڵــە و ناچـڵ بێـت، چونکـە ئـەو کورتبینییەمـان بـواری ئەومـان نـادات وێنـەی پیتـەکان بـە دروسـتی بناسـینەوە، بەمــەش هیــچ کامیـان ناخەینــەوە شـوێنی مەبەسـتی خۆیـان، بۆیــەش کـۆی وشـە و دەسـتەواژە و بڕگەکانمـان ماناکانیـان پێچەوانـە دەبنـەوە، ئـەوە بـۆ بینینــی وێنــە و دیمەنەکانــی ژیــان و بەرامبەرەکانیشــمان هــەر راســت دێتــەوە.. زۆربەمـان کەمتـر خـودی راسـتەقینە خۆمـان دەبینیـن، بۆیـە سـەیر نییـە ئەگـەر سـێبەر و تارمایــی خــەوش و هەڵەکانــی خۆمـان بــە ئــەوەی دی وێنـا بکەیـن، بـۆ نموونـە لـە یـەک کاتـدا گلەیـی لـە حاڵـی سـتەملێکراویمان دەکەیـن و لـە بەرامبەریشـدا چەپڵـەی بــە پیرۆزکــردن بــۆ ســتەمکار دەکوتیــن، لەرووکەشــدا تــف لــە چــارەی گەندەڵــی دەکەیـن، کەچـی کـەم تـا زۆر لـە ئەنجامدانـی کارەکانمـان گەندەڵـی دەکەیـن، چونکـە دواجـار لەنـاو هـەر یەکێکمـان تروسـکاییەکی سـتەمکاری و خەونێـک بـۆ کامڵبوونـی گەندەڵــکاری هەیــە!!

* سـەرنج : کـۆی وشـە و دەسـتەواژەی نێـو کەوانـەکان لـە کتێبـی (کۆمـار)ی (ئەفلاتـون) وەرگیراون.

## خۆونکردن و بەکۆیلەبوون

«مرۆڤ لە میانی خودئاگایی و هێزی بیرکردنەوەیدا دەتوانێ وەک بوونێکی جیاواز لە مرۆڤەکانی دی، خۆی جیا بکاتەوە — ئەریک فرۆم»

١

لێکۆڵینـەوە سـایکۆ — سۆسـیۆلۆژییەکان دەریانخسـتووە، کـە ژینگـە و هەلومەرجـی کۆمەڵایەتـی و کولتـور، رەنگدانـەوەی راسـتەوخۆی ئەرێنـی و نەرێنیـان بەسـەر سروشـت و پێکهاتـەی کەسـێتی تاکـەوە هەیـە، ئەمەشـە هـۆکاری ئـەوەی، کـە مـەرج نییـە کـۆی رەفتـار و هەڵسـوکەوتەکانی کەسـێک، بەشـێک بـن لـە سروشـتی نەگـۆڕ و بایۆلـۆژی کەسـەکە، چونکـە کەسـەکە لـە میانـی پرۆسـەی کۆمەڵایەتییـەوە ئـەو خەسـڵەتانە وەردەگـرێ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ویسـت و ئیـرادەی کەسـەکە رۆڵێکـی گرنـگ لـە پێکهێنانـی کەسـێتییەکەیدا دەبینـێ.

٢

لـەو گۆشـەنیگایەوە، کەسـێک بـا هەمـوو زەمینەیەکـی کۆمەڵایەتـی و کولتـوری تەندروسـت و هەلومەرجەکانـی ئـازادی بـۆ رەخسـابن، ئەگـەر نەیـەوێ خـۆی لـە تەلیسـمی ئەوانیتـر دەربـاز بـکات و ئیـرادە و خودئاگاییەکـی نەبـێ بـۆ خۆوننەکـردن، بەمانایەکـی دی، ویسـتی دەرچـوون لـە تارمایـی بەرامبەرەکانـی نەبێـت و بـوون و مانـەوەی خـۆی لـە بچووککردنـەوەی خۆیـدا بدۆزێتـەوە و خـوی بـەوە گرتبـێ سـێبەری ئەوانیتـر بێت، ئاسـان نییـە ئـەو کەسـە بێتـەوە دۆخـی سروشـتی و نۆرماڵـی مرۆڤبوونـی خـۆی، بـەو پێیـەی (لابۆتـی) گوتەنـی «خـوو، یەکەمیـن هـۆکاری خۆبەکۆیلەکردنـی مرۆڤـە«.

(٣)

ئـەو پەیبردنـە بـە جیاوازبـوون لەوانـی دیکـە و ویسـتی مـرۆڤ بـۆ ئـازادی و گەڕانـەوە بـۆ سروشـت و بوونـی جیـا لـەوان، هەرگیـز بـە مانـای دژایەتـی ئـەو سروشـتە ئاکارییـەی مـرۆڤ نایەتـەوە، کـە حـەز بـە ژیـان لەتـەک ئەوانـی دی و هاوکاریـان دەکات، لەبەرئـەوەی ژیـان بـە جیـاوازی و گیانـی هـاوکاری لەگـەڵ بەرامبەرەکانـدا، زۆر جیاوازتـرە لـە ژیـان بـۆ بەرامبـەر و خۆگونجانـدن لەگـەڵ ویسـتی ئـەوان و لـە پێنـاو دەسـتگرتن بـە رەزامەندیـان، ئەمـەش ئـەو پەتایەیـە کـە کۆمەڵگەکەمانـی تەنیوەتـەوە، بەجۆرێـک بـە دەگمـەن تاکـە کـەس هەیـە وەک خـۆی و بـۆ خـۆی بژیێـت، بەقـەد ئـەوەی لـە هەوڵـی بـەردەوام دایـە وەک ئەوانـی دیکـە و لـە پێنـاو رەزامەندیانـدا بژییێـت.

٤

کار لـەوە دەرچـووە تاکـی کـورد تەنهـا گیـرۆدەی لاسـاییکردنەوە و وەک ئـەوان پۆشـین و نۆشـین و خـواردن و هەڵسـوکەوت بووبـێ، ئێسـتا کەسـێک تەنها بـۆ ئـەوەی مووچەکـەی نەدۆڕێنـێ، لای ئاسـاییە رەزای قوڕسـی بەرپرسـێک بـە خوێنشـیرینی بـە دەوروبەرەکـەی بفرۆشـێتەوە، کەسـێکی نەخوێنـدەوار بـۆ مانـەوەی لـە دەزگایـەک، بـەردەوام سـەری ئەشـهەدوبیللا بـۆ بەرپرسـەکەی بلەقێنـێ و....هتـد. ئـەم رەوشـە ناتەندروسـت و پەیوەندییـە بەرژەوەندخـوازی و مامەڵـە سـەقەتە، فاکتەرێکـی گرنگـی بەردەوامیدانـە بـە دیـاردەی گەندەڵـی و مانـەوەی کەسـی نەشـیاو لـە شـوێنی هەسـتیار و لـە بەهـا کەمکردنـەوەی پرۆسـەی سیاسـی و تەنانـەت کاری رۆشـنبیری و هونـەری و راگەیاندنیـش لـە کوردسـتاندا.

٥

بـەو پێیـە گرنگتریـن شـتێک بـۆ مـرۆڤ ئەوەیـە، لـە نـاوەوەی خۆیـدا بـەدوای خۆیـدا بگـەڕێ، نـەک لـە خەیاڵـی ئەوەدابـێ لـە سـێبەری ئەوانـی دی خـۆی شـوناس بـکات، واتــە بـۆ مـرۆڤ گرنگـە بـەردەوام خـودی خـۆی بێـت، نـەک کۆپـی و شـوێنکەوتەی ئەوانیتـر، چونکـە کەسـێک ئیـرادەی خودشوناسـکردن و خۆدۆزینـەوەی نەبـێ و چاوەڕێـی ئەوەبـێ ئەوانـی دی پێناسـەی بکـەن و لـە سـێبەری رەحمەتـی چڵێسـانەی

ئـەوان کاوێــژ بـکات، خودێکـی سـواڵکەر و کەسـێکی کۆیلـەی لـێ بەرهـەم دێ، « بەدبەختــی گـەورەش ئەوەیـە مـرۆڤ هیــچ شـتێکی خـۆی نەبێـت و وەک _گەنـە_ بـە ئـەوی دیکـەوە نووسـابێت — لابۆتـی»، وەکوتریـش ئـەو بەرامبـەرەی کـە دەیـەوێ بچووکـی خـۆی لەچـاوی ئەوانـی دیکـەی خـۆ بەکۆیلەکـردوودا گـەورە بـکات و لـە سـێبەری ستایشـی ریاکارانـە و گەمژەیـی سـواڵکەرانەیاندا کاوێـژ بـکات و لەسـەر حیسـابی زەلیلکردنـی ئەوانـی دی بەردەوامـی بـە مشـەخۆری بـدات، دووجـار کۆیلەیـە!

## پێویستە ئەوە بین کە هەین!!

«ناتوانی کەسێک بێدار بکەیتەوە، کە هەمیشە
دەیەوێ خۆی بە نووستوو نیشان بدات —
نەناسراوێک»

١

کارەساتی نەتەوەیەک لەوێدایە، کە پێی وابێت ئەوە تەنها سیاسییەکانیەتی مێژووی بۆ دروست دەکەن.. نەگبەتی گەلێک لەوێدایە، کە پێی وابێت تەنها پارتیزانەکانی سەروەرییەکانی دەنووسنەوە..نەهامەتی ئەو کاتە زیاتر بەرۆکی میللەتێک دەگرێ، کە بەهایەک بۆ کاراکتەرەکانی دیکەی خۆی لە نێو کایە جیاوازەکانی ژیاندا دانەنێ، کە بەداخەوە ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردی دەبینرێ، رێک ئەو لۆژیکەیە، کە دواجار هەموو شتەکان، مێژوو، دەسکەوت، سەروەرییەکان، هەر هەمووی لە کایەی سیاسی و چاوی سیاسەتمەدار و سەرکردەکاندا کورت دەکەنەوە.

٢

رەنگە کورد ئەگەر تاکە نەتەوەی سەر زەوی نەبێ، ئەوا هەرنا لە پێشەوەی گەلانی رۆژهەڵات دایە، کە سەرکردەکان لە قەبارەی خۆیان زیاتر بە پیرۆز و گەورە دەکات و پێی وایە ئەوە سەرکردە بووە، دوێنێ رۆحی بەبەر کوردبووندا کردووە و هەر سەرکردەشە لە مرۆدا دەتوانێ کوردبوون بگەیەنێتە ترۆپک و هەر ئەویشە بۆی دەکرێ سبەی شوناسەکە بە نەمری بهێڵێتەوە.

٣

بە دیوێکدا سەرکردە لە زاکیرەی نەوەکاندا کراوەتە خوا و فریادرەس، بە

دیوەکەی تریشدا کراوەتە سێبەری غەزەبێک بەسەر سەرمانەوە، ئەگەر لە قسەی دەربچین، دوور نییە هەموومان بگرێ و سەرگەردانمان بکا.. لەو جوگرافیایەدا سەرکردە کراوەتە ئەژدیهایەکی تێر نەخۆر، ئەگەر خۆمانی بۆ نەکەینە ژەم، ئەوا بوونمان لە بەردەم مەترسی فەوتان دایە، بەوەی ئەگەر ئەژدیهاکەمان لە برسان مرد، ئیدی مەرگیش هێدی هێدی گیان و جەستەی هەموومان دەخوا.

٤

ئەمێستا لە یادەوەری و خەیاڵدانی کورددا سەرکردە هەمیشە تابلۆیەکی مۆنە بەسەر سەریەوە و ناوێرێ بێی ئەو بیر بکاتەوە و بڕیار بدات و هەنگاو بنێ، خۆ ئەگەر خودی سەرکردەش ئەو خەون و خواستەی بە مێگەل و کۆیلە و دیلکردنی مرۆڤی کورد نەبێ، بەڵام دواجار حەشاماتێک گەمژە و هیچ نەدیوو و مرۆڤی گرگن و بچووکی بە دەورەوەیە، کە سێبەری خۆی لێدەکەن بە خوا و دونیا و مرۆڤەکانی لە پێش چاو بچووک دەکەنەوە، ئیتر خۆشبەخت ئەو سەرکردەیەیە لە چاوی خۆیەوە شتەکان ببینێ و بە قەناعەتی خۆی هەنگاو هەڵنێ و خۆی بباتە شوێنی خەڵک و ئەوکات سەرکردایەتی بکات.

٥

نازانم کام سەرۆکە، بەڵام دڵنیام سەرۆک کۆمارێکی ئەمریکییە دەڵێ « سەرکردەی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، کە بە سەرکەوتنی ئەوانی ژێر دەستی خۆی کەیفساز و خۆشبەخت دەبێ»، کەچی لە دونیای رۆژهەڵاتدا رێک هاوکێشەکە پێچەوانەیە، چوون لە بەرپرسی فەرمانگەیەکەوە بگرە، تا دەگاتە سەرۆکی خێڵ و فەرماندەی سەربازی و سەرکردەیەکی سیاسی، هەر هەموویان لە خۆیان زیاتر هیچ نابینن، سەرکەوتنەکان بە حیکمەتی خۆیان و شکستەکانیش بە گەمژەیی خەڵک دەبەستنەوە. لەو جوگرافیایەدا ئەوە خەڵکە باجی سەرچیغی و هەڵەکانی سەرکردەکان دەدەن، بەڵام بیرمان نەچێ ئەوە خودی خەڵکەکەیشە بەو ناهوشیاری و خۆ بچووککردنەوەی خۆی لەبەردەمی سەرکردەدا، بە چاوی کوێرەوە دوای دەکەون و چاڵەکانی بەردەمی پڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی بەسەر پشتیاندا بپەڕێتەوە، کەوابوو ئەو دەمەی مرۆڤ وێڵی دوای ئازادی خۆیەتی و بە

وریاییــەوە هەنــگاو دەنــێ و هوشــیارییەک بیرکردنەوەکانــی ئاراســتە دەکات، لەوێــدا ئــەوەی بەلایــەوە لــە (پاشــا و گەدا..میــر و گزیــر.. ئاغــا و جوتێــر...) گرنگــە بەهــا و ســەنگە مرۆییەکەیەتــی، بیرکردنــەوە و هەنــگاوە ژیاندۆســتەکانییەتی، نــەک کورســی و پلــە و پایــە و وەجــاخ!!

## کورد و مەدەنیەت.. خەون و مەحاڵ

«چەند جوانە کە بەرگمان لە بەفر و شەختەیە —
ئەسکیمۆییەکان/ لە پەرتوکی چیرۆکی شارستانیەت»

١

سەرەتا و سادەترین مافە سروشتییەکانی مرۆڤ دابینکردنی ئاسایشی ژیان و گوزەرانییەتی، مافگەلێک کە بۆ کەس نییە لەوەی بەرامبەری زەوتی بکات، کەچی لە دونیای رۆژهەڵاتدا دەسەڵات ئەو مافانە وەک بەخشین و خێر بە خەڵک رەوا دەبینێ، بۆیەشە سیاسەتی برسیکردن و راهێنانی خەڵک بۆ چاولەدەستی بە مەبەستی بە کۆیلەکردنیان، خەونی بەردەوامی سوڵتانەکانی سەر تەختە و سیحرێکیشە بۆ مانەوەی خۆیان و بەرهەم هێنانی پیاوی بچووک، ئەوانەی کە لە سای سێبەری ئەو سیاسەتە چاوچنۆکییە و لە سەر پێستی ئەوانی دی ژیانی خۆیان درێژە پێدەدەن.

٢

کە ئەمە واقیعی راستەقینەی مامەڵە و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵکی ئەو جوگرافیایە بێت و تەنها پەیوەستێک بەیەکەییانەوە گرێ بدات، ملکەچی و خۆ بە مێگەلزانینی زۆرینە بێت لە بەرامبەر کەمینەیەکی چڵێسدا، ئەوا ئاساییە تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت، زۆرینەی مرۆڤەکانی رۆژهەڵات و لە نێویاندا (ویل دیورانت) گوتەنی «مرۆڤەکانی ئاسیای باشوور و رۆژهەڵات لە زۆربەی حاڵەتەکاندا گالیسکە و گوێدرێژ و هەموو شتێک بن»، چوون بە چاوی خۆمان دەبینین کە چۆن لەو کیشوەرەدا تەنها وەکو بارەبەرێکی گوێڕایەڵ مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکرێ!

٣

چیرۆکی شارستانیەت ئاماژە بەوە دەکات، کە (شارستانیەت لە کوخی جوتیارەکان دەستپێدەکات)، کەچی تازە بەتازە لە کوردستانی نقوومی بانگەشەکانی کۆمەڵی مەدەنی و گەشەپێدان و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و لەسای سیاسەتی تەجنیدکرنی بێ مووچە و پڕکردنەوەی سەنگەرەکانی حزب و قەرەباڵغکردنی دیوەخانەکانی سیاسەت، گوند و گوندییەکان، شوان و گاوان و جوتێر و کشتیاران دەکرێنە خۆراکی تەمبەڵی و هەرچی رۆحی کار و بەرهەمهێنانە لە مرۆڤی ئەو لادێیانەدا کوشتوویانە و دەیکوژن، کە بڕبڕەی پشتی ئابووری وڵاتن و لە بەرامبەریشدا بازاڕەکان پڕ دەکرێن لە کاڵای بەکاربردنی خێرا، هاوکات بازرگانی لە گواستنەوەی چپس و بنێشت و کێک و شیرنەمەنی بەسەرچوو، پیشەسازی و کارگەی بەرهەمێنانیش لە کۆمپانیای ئۆتۆمبێل و سوپەرمارکێت کورت و پێناسە دەکرێنەوە.

٤

خوا چاوی خێر و بەرەکەتی سەر و ژێر زەوی نەبڕێتە هیچ جوگرافیایەک، چونکە ئەو سامانە لە بن نەهاتووانە لە دوا وێستگەدا بوونەتە و دەبنە مایەی کوێرەوەری و مەینەتی بۆ خەڵکە سادە و ستەمدیدە و بێدەسەڵاتەکەی، بۆیەشە جێی سەرسوڕمان نییە، کە ئەسکیمۆییەکان خۆشحاڵن بەوەی بەرگیان لە بەفر و شەختەیە و زەویەکانیان نەزۆکن و بە هۆیەوە خۆشبەخت و دوورە مەترسی چاوتێبڕینن.. ئەوەتا کوردستان بەو دەوڵەمەندییە سروشتییەی خۆیەوە، نە دوێنێ خێری بۆ خەڵکەکەی هەبووە، نە ئەمڕۆش وەک پێویست خەڵکەکەی لێ بەرخوردە و دیاریش نییە سبەی نەوەکانمان چەندە پێی ئاسوودە و خۆشبەخت دەبن!!

٥

لە کاتێکدا ئەو بڕە هیوا و ئومێدەی لادێیەکان بە دەسەڵاتی کوردیان هەبوو، لە ئاوەدانکردنەوەی ئاواییە وێرانکراوەکانیان و رەخساندنی زەمینەی کار و بەرهەمهێنان بۆیان، لە رێگەی ئاوەدانکردنەوە و گرنگیی پێدان و دابینکردنی ئامێر و کەلوپەل

و پێداویستی سەرەکی بەرهەمێنانی زەوی و چاودێری تەندروستی بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، کەچی ئەو هیوایەش بە مووچەی مانگانەی پەلاپیتکەی تفەنگ، گەنج و نەوەی دێکانی ئایندە کوژراوکرد، لەوەش وێرانتر ئەوەیە، کە کەمترین سەرمایەداری کورد بە گشتی و سیاسییە قۆرخکارەکانی بازاڕی سیاسەت و دراو بەتایبەتی دەبینی سەرمایەکانیان لە بواری بەرهەمهێنان و پرۆژەی درێژخایەندا بخەنە گەڕ، بەڵکو دواجار چاوەڕێی خێراترین و زۆرترین قازانجن، لەوەش کۆمیدی تر ئەوەیە مۆژدەی بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگا و کرانەوە و پێشکەوتنمان پێدەدەن!!

# ڕێزی خۆم دەگرم

« ڕێزی خۆم دەگرم، چونکە دەتوانم هەموو شت
و کەسەکانی تر بتۆرێنم، تەنها خۆم نەبێ —
پیاوێکی ئەمریکی»

١

بیرکردنەوە لە خود و چوونەوە ناو خۆ و بەها دانان بۆ خود، کەمترین شتێکە ئێمە مانان هەوڵی بۆ بدەین، بە مانایەکی دی لە بری ئەوەی وا بکەین ئەوانی تر لە میانی ڕەفتارەکانی خۆماندا حیسابمان بۆ بکەن، بەردەوام بیر لەوە دەکەینەوە چۆن لە دووبارەکردنەوەی وێنەی ئەواندا خۆمان لەبەر چاویاندا شیرین بکەین، بۆیەش سەیر دەکەین زۆر نابا و لە تەنها بەدحاڵیبوونێک و هەڵچوونێکدا ئەو خەون و وەهمی خۆ خۆشەویستکردنمان لە دیدگای کەسانی دی هەرەس بە کەسایەتیمان دێنێ.

٢

ڕەنگە ڕێزگرتن لە خود لە ئاستی گوفتار و ڕەفتاردا نزیکترین ڕێگایەک و پتەوترین پردێک و باشترین هۆکارێک بێ بۆ خزانە نێو دڵی بەرامبەرەکانمان، ڕێزگرتن لە خود بەو مانایەی وەک چۆن پێم خۆشە ئەوان لە تەکمدا ڕەفتار و دمودو بکەن، ئاوا هەڵسوکەوت بکەم و بدوێم.. وەک چۆن حەز دەکەم کەس دەست نەخاتە کارەکانم و دەم نەخاتە پرۆژەکانم، ئاواش لە ئاست ئەویتردا بجوڵێمەوە.. وەک چۆن لەوانیتر چاوەڕێی ئەوە دەکەم بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانم بن، بەو چەشنە خەندەی شادیان لەگەڵ بگۆڕمەوە و خەمەکانیان لەگەڵدا بەش بکەم.. وەک چۆن ڕەچاوی یارمەتی و هاوکاری لەوان دەکەم، ئاواش خۆم لە تکا و داوای ئەوان نەدزمەوە...هتد.

٣

شورەیی مەزن لەوێ دەست پێدەکات کە مرۆ بە دەست و دەمی خۆی، خۆی دەکاتە گاڵتەجاڕی ئەوانی تر و خەفەتیش لەوە دەخوات رێزی ناگرن، کێماسی گەورە ئەوەیە بۆ خۆت رێز لە خۆت نەگریت و چاوەڕێی ئەوە بیت ئەوان رێز و بەهات بۆ دابنێن. مرۆڤ ئەوکاتە دەبێ هەست بە مەترسی بکات، کە خۆی دەدۆڕێنێ، خۆ دۆڕاندن بەو واتایەی شووشەی کەسایەتیت بە دەستی خۆت بزرنگێنی، کە ئەوکات شکاندنی ئەو شووشەیەش لەلای ئەوانی تر، هێندەی زرنگاندنەوە و درز تێخستنی خۆت پڕ ژان و وسوێتر نییە.

٤

کە رێزی خۆت دەگری، راستەوخۆ رێز بۆ ئەوانی تر دادەنێیت، بەبێ هیچ پێشەکییەک شوێنێک لە خەیاڵ و بیرکردنەوە و دڵی ئەوان داگیر دەکەیت.

## راوکەر یان رۆژنامەنووس؟!

«ئەخلاق و ئازادی ئەوەیە، کە ئەو شتەی حەزناکەی
بەسەرتدا رووبدات، لەگەڵ خەڵکی و بەرامبەرەکانتدا
مەیکە- کۆنفۆشیۆس»

١

پاش نزیک بە چوارده سەده و لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، واتە دوای هەریەکە لە تیۆرەکانی (دەسەڵات) و (ئازادی)، ئینجا تیۆری بەرپرسیارێتی رۆژنامەنووسی هاتە بەر باس و خواس، ئەو تیۆرەی دواجار رۆژنامەنووس لە میانی پیشەکەیدا ناچار بە پابەندبوونێکی مۆرالی و پەیوەستبوونێکی ویژدانیانە دەکات بەرامبەر ئەرک و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی سەرشانی، لە راستبێژی و گەیاندنی زانیاری دروست بە وەرگر. لەبەر رۆشنایی ئەو تیۆرەی رۆژنامەنووسی و دوای مێژوویێکی دووری ململانێ، بەهۆی ئەو شتەی لە هەشتاکانی سەدەی رابوردوو ناونرا (کەلێنی راستگۆیی)، ئیدی خودی چەمکی بێلایەنیش کەوتە بەر نەشتەری رەخنە و لە بەرامبەردا مەسەلەی ویژدان شوێنی ئەو بەها و پێوەرەی گرتەوە، بەو پێیەی ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ لە ئاست رووداوێکدا بێلایەن بێت، بەڵام دەکرێ وێڕای لایەندارییەکەیشی راستگۆیانە و بە ویژدانەوە زانیاری نێو رووداوەکان بەهەردوو دیوەوە بگوازێتەوە.

٢

لە کاتێکدا لە پشتی هەر دانیشتنێکی راوکەر لەناو (میل) و پشتی (دێوجامە) و نانەوەی داو و تەپکە، نیازێکی خراپ و ئامانجێکی دوور لە خزمەتکردنی مانا و بەهاکانی جوانی سروشت و ژیاندۆستی هەیە، بە دیوەکەی دیکەش پیشەی رۆژنامەنووسی بەرپرسیارییێتیەکی کۆمەڵایەتی و مۆرالی و پەیامێکی ژیاندۆستانەی

لـه ئەستۆ دایـە لـە بەرامبـەر کۆمەڵگـە و پرۆسـەکانی گـۆڕان و ریفـۆرم و گەشـەپێدان، کەچـی زۆرێـک لـە بەنـاو رۆژنامەنووسـانی کـورد ئەوەنـدەی رۆڵـی ئـەو راوکـەرە دەبینـن، نیـو ئەوەنـدە رۆڵـی راسـتەقینە و خـوازراوی دونیـای خۆیـان و پیشـەکەیان نابینـن، لەبـەر ئـەوە ئاسـاییە و سـەیر نییـە، کـە ئـەم حاڵەتـە لەبـری رۆژنامەنووسـی پرۆفیشـناڵ، لـە زۆرتریـن حاڵەتـدا راوکەرێکـی پارێزبـەر و سـیخوڕ بەرهـەم بێنـێ.

٣

زۆربـەی ئـەو کائینانـەی نێـو رۆژنامەگـەری کـوردی، لەبـەر ئـەوەی کەمتریـن ئاگایـی و هوشـیاریان بـە دونیـای مێـژوو و فیکـر نییـە و سـەرەتاییترین تێگەیشـتن و ئاشـنایەتیان بـە کایـە مەعریفییـەکان نییـە، بۆیـە بـەردەوام چەمکـەکان تێکـەڵ بەیەکتـری دەکـەن و بـە ویسـتی خۆیـان تەوزیفیـان دەکەنـەوە، ئـەوان کـە جیـاوازی لـە نێـوان ئـازادی بـاوەڕ (کـە پێشـینەیەکی قوڵـی مێژوویـی و فیکـری) هەیـە، لەگـەڵ ئـازادی رۆژنامەنووسـی (کــە بەرهەمــی دوای دۆزینــەوەی پرۆســەی نووســینە) ناکــەن ، ئیـدی لەنێـو ئـەو لێڵاییــەدا مافــی ئــەوە بــە خۆیــان دەدەن بــە هەمــوو شـێوەیەک بەرامبەرەکانیــان بکەنـە نێچیرێکـی چـەور، بـەڵام زۆربەیـان بوێـری ئەوەیـان نییـە بـۆ رۆژێـک خۆیـان ببەنـە شـوێنی ئـەو بەرامبـەرەی چـاوی سـێرەی خۆیانـی لـێ ناپارێـزن.

٤

جـۆن میریـل دەڵـێ «رۆژنامەنـووس ئـەو کاتانـە دەتوانـێ ئازادانـە بنوسـێ و رەفتـار بـکا و هەڵوێسـتی دروسـت وەربگـرێ، کـە راسـتگۆ و بەرپرسـانە پیشـەکەی خـۆی جێبەجـێ بـکات»، ئەگـەر بـە پێوانـەی ئـەو قسـەیەی میریـل بێـت، ئـەوا رۆژنامەنووسـی کـورد لـەم لایەنـەوە گرفتگـەل و بۆشـایی و خەوشـی زۆری لـە سـەرجەمی بوارەکانـی مێـژوو و فیکـر و مەعریفـە و زمانـی دەربریـن و ئاگایـی یاسـایی و کایـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکانی دیکـەدا هەیـە.. سـەیرکەن ئەوانێـک کـە زۆرینەیـان باکگراونـدی رۆشـنبیریان هـەر هێنـدەی فێرخوازێکــی خولــی نەهێشــتنی نەخوێندەوارییــە و ئەلفوبێیەکیــان لەســەر میســاقی رۆژنامەنووسـی دونیـای پێشـکەوتوو نەخوێندۆتـەوە و لـە هەڵدانـەوەی دۆسـێیەکی دادگادا (کوشــتن) و (کەتــن) و ریزبەندەکانــی دامــەزراوەی دادوەری لەیەکتــر جیــا ناکەنــەوە، کەچـی لەنـاو خەڵکـی سـادە و شـەقامدا خۆیـان پـێ سـوپەرمانە!!

٥

لـەم گۆشـەنیگایە و ئەگـەر بـە پێوانـەی ئێسـتای بەهـاو پرەنسـیپە مۆدێرنەکانـی ڕۆژنامەنووسـی و سیسـتەمی دیموکراسـی دونیـا، واقیعـی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگـەری کـوردی بـە گشـتی و لـە نێویشـیدا ڕۆژنامەنووسـانی کـورد هەڵبسـەنگێنین، ئـەوا دەگەینـە ئـەو ئاکامـەی، هێشـتا لـەو بـوارەدا ئێمـە لـە دواوەیـن، بـەڕای مـن ئەمـەش پێشـوەختە پەیوەسـتە بـە خـودی کاراکتەرەکـە خـۆی و ئاسـتی هوشـیاری و ڕاددەی ئاگایـی ئـەو بـە چییەتـی پیشـەکە، وەکـو تریـش ئـەو گەرەلاوژەیـەی سـەندیکا لـە تەجنیدکردنـی ئینشانووسـەکان بەرهەمـی هێنـا، بـەو پێیـەی ئەوەنـدەی لـە کوردسـتان بەنـاو ڕۆژنامەنـووس هەیـە، بـە چارەگـی چارەگـی ئـەوە و دەگمـەن نەبێـت، بڵاوکراوەیەکـی شـایانی باسـمان نییـە، دوای ئەوانـە فاکتـەر و زەمینـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان دێنـە نـاو هاوکێشـەکە.

٦

بـەردەوام یەکـێ لـە گرفتەکانـی ڕۆژنامەنووسـی، ڕاددەی ڕاسـتگۆیی و گەیاندنـی دروسـتی داتـا و زانیارییەکانـە، کـە دونیـای ڕاگەیاندنـی کـوردی هێشـتا لـەو بـوارەدا جێـی متمانـەی تـەواو نییـە، لەبـەر ئـەوەی بەبەڵگـە ئـەوە دەبینیـن، کـە لـە گەیاندنـی ڕاسـتی و زانیارییـەکان کورتـی دێنـن، کـە ڕەنگـە هـۆکاری ئـەو کورتـی هێنانـە ئـەوە بێـت، ئـەو کائینانـە حەقیقەتـەکان تەنهـا لـە چـاوی خۆیانـدا دەبینـن، لـە کاتێکـدا وەک یەکـێ لـە بیرمەنـدەکان دەڵـێ «حەقیقـەت هیـچ بەهایەکـی مـاددی و ئـاکاری نییـە، ئەگـەر لـە زەمینـەی واقیعـدا بەرجەسـتە نەبـێ و تەرجەمـە نەبێتـەوە«.

دواجـار دەڵێـن لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا کـە «ئەگـەر هاتـە سـەر حوکـم یەکـەم شـت چییـە ئەنجامـی دەدات؟»، کۆنفۆشـیۆس دەڵـێ «بـە دڵنیاییـەوە زمانـم ڕاسـت دەکەمـەوە«. لـەو نێـوەدا ئەگـەر تەنهـا بـواری زمانـی نووسـین و ڕیتمـی گوزارشـتەکانی زۆرێـک لـە ڕۆژنامەنـووس و نێوەندەکانـی ڕاگەیاندنـی کـوردی وەربگریـن و بـە دیقەتـەوە سـەرنجیان بدەیـن ، ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ زەلاڵ دەبـێ، کـە بەداخـەوە بەقـەد قەبـارەی ئـەو گەندەڵـی و بێـدادی و نایەکسـانییەی دەسـەڵاتی کـوردی بەرهەمـی هێنـاوە، زمانـی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەنووسـی کوردیـش پڕیەتـی لـە ناوزڕانـدن و سـوکایەتیکردن بـە بەرامبـەر.

## روانینێکی تر بۆ باڵاکردن

١

لە گۆشەی ئەمجارەدا بڕیارم دابوو، قسەیەک لەمەڕ هاوکێشەی پەیوەندی نێوان (دیموکراسی — ئازادی — بەرپرسیارێتی) بکەم، بەڵام دیارە ساڵیادی دەرچوونی کوێستان بیری بە ئاقارێکی دیکەدا بردم، بۆ ئەوەی دەرفەتەکە بقۆزمەوە و ئەگەر بە خێراییش بێت، قسەیەک لەسەر دیرۆک و ئەزموونی رۆژنامەگەری دەڤەرەکەمان بکەم، لەبەر ئەوە، تەوەری یەکەمیان هەڵدەگرم بۆ دەرفەت و گۆشەیەکی دی.

٢

لە (زاری کرمانجی) حوزنی، بۆ (کوردستانی) عەلی مەکتەبە و سەبری ئەفەندی و (بەرەو رووناکی) نەژادی عەزیز و سورمێ و ئازد جوندیانی و گەنجانی تر، تا (قەڵا) ی حوسێن و حەسەن و رێناس مستەفا و عەبدولواحید محەمەد و لوقمان حەسەن و ئاکۆ ئاکۆیی و توانا ئەحمەد و (پەڕەسێلکەی) هەڵگورد عەبدولوەهاب و گۆڤارەکانی (زۆزک)ی ئازاد سرێشمەیی و قادر حەسەن و حەمەی حاجی کەریم و (رواندز)ی سەدیق سەعید و عەبدولواحید و بەندە و (نوێ) ی محمد حاجی کەریم و نورەدین سەعید وەیسی و ئاکۆ محمد و بەندە و هێمن مەلا عەبدوڵڵا و بلاوکراوەکانی (کۆڕەک)ی گەنجانی رواندز لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەولێر و (نەورۆز)ی یەکێتی نەتەوەیی و (خەرەند)ی رزگار رەسول و برادەرانی و (رواندزی نوێ) حزبی شیوعی و (چاند)ی ناوەندی رۆشنبیری سۆران و (ژینۆ)ی ئیسماعیل ئیبراهیم و برادەرانی و (هەڵگورد)ی دەڤەری باڵەکایەتی و بلاوکراوە قوتابی و خوێنکارییەکانی ناوچەکە، تا دەگاتە هەفتەنامەی (زاری کرمانجی) و گۆڤاری (کۆوار)ی ئەمرۆی دەزگای زاری کرمانجی و گۆڤاری (کوێستان) ی بەردەستتان، هەموو ئەوانە و چەندین هەوڵی دیکە (کە بەداوای لێبوردنەوە

لـەوان و خاوەنەکانیـان زاکیـرەم هیلاکـی کـردم لـە ناوبردنیـان)، هەموویـان بەیەکـەوە ڕۆشـنایی زیاتـری ڕوونکردنـەوەی کوێـرە ڕێگاکانـی ئـەو کاروانـە دوور ودرێـژە پـڕ هـەوراز ولێــژەی دیرۆکــی ڕۆژنامەگــەری ناوچەکەمانــن.

٣

بۆیەشــە کــە بــاس لــە مێــژووی ڕۆژنامەگــەری کــوردی دەکــرێ، دەڤــەری ســۆران بــە گشــتی و دروســتتر وبەتایبەتــی ڕوانــدز وێســتگەیەکی گرنگــی نێــو ئــەو دیرۆکەیــە، کــە بەبــێ باســکردن و ناوبردنیــان، مێژووەکــە کورتــی دێنــێ، ئــەو مێــژووەی (حوزنــی) بــەردی بناغەکــەی دانــا و گەشــەی پێــدا و بــەدوای ئەویــش و تــا بــە ئەمــڕۆ دەگات و بــە گوێــرەی هەلومەرجــی سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی ناوچەکــە بەردەوامــی پێــدراوە، ئیــدی بــاش خــراپ، ئــەوە دواجــار ئاییــندە بڕیــار لەســەر چییەتــی و ماهیــەت و ڕۆڵ و کاریگــەری بەردەوامــی ئــەو کاروانــە و ڕێبوارانــی دەدات.

٤

پاولـۆ کۆیلیـۆ دەڵــێ « پێویسـت نـاکا مـرۆڤ سـەرکەوێتە سـەر کێوێـک، بـۆ ئـەوەی تێبــگات و بەوانــی دی بڵــێ، کــە بڵنــدە«، ئــەو قســەیەم بــۆ ئــەوە هێنایــەوە، تــا بــە ســتافی کوێســتان و خۆشــمان بڵێــم، بــاڵای قەڵەمەکانــی ئێمــە لــە نێــو کاروانەکــەدا دیــارە و پێویســتە وەک هەیــن خۆمــان ببینیــن و بخوێنینــەوە، گرنــگ نییــە لــە نێــو پرۆســەکە و لــە ئاســتی چەندێتــی و چۆنێتــی دوێنێــدا چیمــان کــردووە و چــۆن بوویــن، بەقــەد ئــەوەی گرنگــە بــۆ ئاییــندە نەهێڵیــن ئــەو باڵاکردنەمــان چــۆک بــدات و بچەمێتــەوە وبــە شــوێن ئــەو فاکتــەر و زەمینــە و میکانیزمانــەدا بگەڕێیــن، کــە بــە هۆیانــەوە دەتوانیــن کەموکــوڕی و خەوشــەکانمان ببینیــن و هەوڵــی جددیتــر بدەیــن، بــۆ نوێکردنــەوە و گەشــەپێدان و بەردەوامــی پێدانــی خەونەکانمــان و پەیامەکــە بگەیەنینــە دەســتی نەوەیەکــی تەندروســت و هوشــیار، کــە بەهــا و نرخــی کار و بەرهــەم و بەخششــەکانی لــەلادا مــەزن بــێ و بــە دڵســۆزیەوە، کۆشــش بــکات بــۆ پاراســتن و بەرەوپێشــبردنیان.

٥

حەزرەتی سـلێمان دەڵـێ « باشـترە سـەوزە خواردن لەو شـوێنەی خۆشەویسـتی لێیە،

لـه خواردنـی گۆشـتی گایەکـی قەڵـەو، لـە شـوێنێکدا کـە رقـی لەگـەڵ دابێـت»، لەبـەر ئـەوە خاڵێکـی گرنـگ لـەو پرۆسـەیەدا ئەوەیـە، کـە لـە پشـتی زۆرێـک لـەو هەوڵانـەی ئێمـە، جۆرێـک لـە عیشـق و لـە خۆبوردوویـی و خۆبەخشـی هەبـووە و هەیـە و لـە میانیـدا بـەدوای خوانێـک گەڕاویـن، کـە لەسـەریدا لـە بـەری خۆشەویسـتی و هـاوکاری ئەوانـی تـر بخۆیـن، چونکـە دڵنیـام لـە زاکیـرە و بیرکردنـەوە و دونیابینـی زۆرێکمـان، دۆزینــەوە و گەیشــتن بــەو ترۆپکــی خۆشوویســتنە هەبــووە، نــەک لــە خۆباییبــوون و نازکـردن بەسـەر ئەوانـی دی و حـەزی غـرور و باڵاکردنێکـی ریاکارانـە، کـە پێویسـتە هـەر واش بمێنینـەوە و درێـژە بـە کار و کۆششـەکانمان بدەیـن، لـە تەکیشـیدا هەوڵـی زیاتــر بدەیــن بــۆ جوانترکــردن و گەشــەپێدانی کارەکانمــان لــە ئاســتی نــاوەڕۆک و پەیامـدا، پەیامێـک دوور لـە جوغـزی تەسـکی جوانیکـوژی ئایدیۆلـۆژی و بۆتـەی رزیـوی ناوچەگەرێتــی و خەونــی پووچــی ئەنانیــەت و خودپەرســتی، پەیامێــک لــە شــوێنی هــەر ســەنگەرێکی شــوومی براکــوژی، نەمامێکــی گەشــی تەبایــی و بەیەکەوەژیــان و لـە جیاتـی هـەر بێزارییەکـی بێمانـا لـە نیشـتمان، گوڵێکـی ئینتمـا و باوەشـکردن بـە نیشـتماندا لـە ناخـی نەوەکانمـان بڕوێنیـن.

## ژینگە و کوشتنی مرۆڤ

« بای باکوور باران دێنێ، زمانی پاشملەش
رووی گرژ — حەزرەتی سلێمان»

١

بۆیــە ئــەو قســەیەی حەزرەتــی ســلێمانم کــردە دەروازە، تــا ســۆران وەک خــۆی کــە هەیــە ببینیــن و لەنــاوەی خۆمانــدا بــە گللەییــەوە خۆمــان نەخۆینــەوە و پاشــەملە قســەی لەبــارەوە نەکەیــن، بــەو پێیــەی زۆربەمــان پێمــان وایــە ئــەو بەرفراوانبوونــەی ســۆران لــە بــاری دانیشــتوانەوە شــتێکی مــوژدە بەخشــە، هەرنــا دەلیڤــەی ئــەوە خــۆش دەکات سبەی ببێتــە پارێــزگا، بــەڵام ئەگــەر بــە دیوەکــەی دیکــەدا ئــەو فراوانبوونــە بــێ بنەمــا و پلانــە وەربگریــن، ئــەوا هاوکێشــەکە پێچەوانــە دەبێتــەوە و دوور نییــە مایــەی نیگەرانــی و بێئومێــدی بێــت.

٢

ئاخــر هــەر بــۆ نموونــە، فراوانبوونــە ئاســۆییەکەی ســۆران، ئاماژەیەکــە بــۆ تێگەیشــتنێکی ناتەندروســت بــۆ چەمکــی شــار بــە مانــا هاوچەرخەکــەی، چونکــە ئــەوەی وا دەکات شــار ســیمایەکی پۆشــتە و رێکتــر وەربگــرێ، بــارە ستوونییەکەیەتی، نــەک ئاســۆییەکەی، هــاوکات لایەنــە کۆمەڵایەتییەکەیشــی بــەو تێکەڵــی و ئاڵۆزییــەی لــە پێکهاتــەی دانیشــتوانەکەیدا هەیــە، کــە هەریەکەیــان کەمتریــن ئینتیمــای بــۆ شــارەکە هەیــە و زێدەتــر پابەنــدی پاشــخانە خێڵەکــی و ناوچەگەرێتییەکەیەتــی، بــۆ خــۆی ســەرچاوەی گرفتــە ، بــۆ نموونــە کەمتریــن لێــک حاڵیبــوون و گیانــی هــاوکاری و تەبایــی لــە نێــوان ئــەو پێکهاتانــەدا دەبینــی و رۆژ نییــە تووشــت نەبــێ بــە دەیــان بەیەکــدا هەڵشــاخان و چاولەیەکتــر ســوورکردنەوە، وەکوتــر لایەنــە کولتــوری و رۆشنبیرییەکەیشــی وێرانتــرە، بــە جۆرێــک تــا ئــەو چرکەســاتە و وێــڕای ئــەو پاشخانەی

ناوچەکـە بەگشـتی لـەو بـوارەدا هەیەتـی و سـەرەڕای بوونـی کاراکتەرگەلـی بەتوانـای بـواری هونـەری و رۆشـنبیری، کەچـی لـە ئاسـتی کۆمەڵایەتیـدا کەمتریـن بەهـا بـۆ ئـەو بزاوتـە دانـراوە و نێوەندەکانـی تریـش هێنـدەی سـەرقاڵی بچووککردنـەوە و بەپەراوێزکردنـی ئـەو بەهـرە و توانایانـەن، چارەکـی ئـەوە بیـر لـە گەشـەپێدان و زەمینـەی پێشـکەوتنیان ناکەنـەوە و هەمیشـە کاڵای دەرەوەی جوگرافیـای خۆیـان بـە باشـتر و جوانتـر لەوانـەی خۆیـان بینیـووە و دەبینـن.

٣

لـەو روانگەیـەوە، ئەگـەر ئـەو لۆژیکـەی زانسـتی سـایکۆ — سۆسـیۆلۆژی راسـت بێـت و گومـان هەڵنەگـرێ، بـەوەی وێـڕای هـۆکاری بۆماوەیـی، بەبـاری ئەرێنیـدا ژینگـەی کۆمەڵایەتـی رۆڵێکـی گرنـگ دەگێـڕێ لـە دروسـتکردنی کەسـایەتی مـرۆڤ، ئـەوا زێدەڕۆیـی نییـە، ئەگـەر بـە هەمـان پێودانگـەوە بڵێیـن کـە زۆرجـار خـودی ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و کولتـوری سـۆران ، سـەرچاوەی تێکشـکاندنی مرۆڤـەکان و کوشـتنی بەهـرە و توانـاکانیانـن، بۆیـە سـەیر نییـە کـە دەڵێـن «ئـەوەی بسـتێک لـە سـۆران دوور بێـت، دە بسـت لـە خـودا نزیکـە!»، بـۆ کایـەی رۆشـنبیری و هونـەری ئـەو بۆچوونـە دەجـار راسـت بێـت. ئـێ بـە دەیـان کاراکتـەری بیرکـراوە و دەسـت و پەنجـە جـوان و قەڵەمـی بـە برشـتمان هەبـوون، تـا لـەوێ بـوون کـەس بەهـای نەزانیـن، بـەڵام کـە ئەوێیـان جێهێشـت و بوونـە پێشـەنگی زۆرێـک لـە نێوەنـدە روناکبیـری و هونـەری و رۆژنامەنووسـییەکانی کوردسـتان، تـازە بـە تـازە سـۆران و خەڵکەکـەی خۆیانیانـی پـێ بـادەدەن، بێگومـان ئـەم هەڵوێسـتەش دوور نییـە لـەو لۆژیکـە سـەقەت و نەخۆشـەی کـوردەواری، کـە لۆژیکی»زینـدوو کـوژی، مـردوو پەرسـت« ـە!

٤

نابـێ ئـەو راسـتییە لـە کـەس بشـارینەوە، کـە هـەر بەهرەیـەک لـە سـۆران و دەوروبـەری دەرکەوتبێـت و دەرکـەوێ، ئـەوا بەرهەمـی هـەوڵ و توانـای خـودی کەسـەکە خۆیەتـی و بـە مـوو ئـەو کەسـە، نـەک قـەرزاری پشـتیوانی و هاندانـی کـەس و دەزگا و دامەزراوەیەکـی ناوچەکـە نییـە (تـاک و تـەرا نەبـێ)، بگـرە زۆرجـار ئاسـتەنگ و لەمپەریشـی خراوەتـە بـەردەم، ئێسـتا لـەو دەڤـەرە وەرگێـڕی بـاش،

ڕۆژنامەنووسی بە توانا، نووسەری بە بڕشت، هونەرمەندی لێهاتوو هەن، کە لەسەر ئاستی کوردستان ناسراون و شوێن پەنجەی کارەکانیان دیارە، کەچی خەریکە نائومێدی دایان دەگرێ، نە شوێنێک هەیە کۆیان بکاتەوە، نە بواری ئەوەیشیان بۆ ڕەخساوە خەرمانەی بەرهەمەکانیان کۆبکەنەوە و وەک پێویست بیگەیەننە وەرگر ( ئەمەیان پەیوەستە بەو نەخۆشی پەراوێزخستنەی، کە دەزگا و دامەزراوە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی ناوەند و سەنتەری شارەکان بەرامبەر ناوچەکانی کەنار دەینوێنن)، وەکو تریش لە ئاستی ناوخۆی ناوچەکەدا بێبەها سەیرکردن و خۆبواردنێکی زۆر لە بەرامبەر بەخشش و داهێنانەکانیان هەیە. بۆیە زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین، سۆران و ژینەگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و کارگێڕییەکەی، هێندەی بەهرە و توانا و کەسەکان تێک دەشکێنن، چارەکی ئەوە هاوکاری گەشە و باڵاکردنیان نین!

## تەڵەزگەی بازنەکان

١

بە منداڵی دەستی ڕەفیقەکانمان دەگرت و بازنەیەکەمان بە دەوری خۆماندا دەکێشا و یەکێکمان دەخستە ناویەوە، بۆ ئەوەی بزانین توانای ڕاپسکان و دەربازبوونی لە بازنەکەدا هەیە، ئیدی تا لە بازنەکە دەچووە دەر تفڵی جەستەی دەچوو.. کە وێنەی کەسێکمان دەکێشا بازنەیەکی خڕمان دەکردە چەقی سەری و لەوێوە ئەندامەکانی دیکەی جەستەیمان دابەش دەکرد.. ئێستاش نازانم چۆن بوو بەو عەقڵی منداڵییەوە زەویمان وەک گۆیەک وێنا دەکرد..ئەو دەمانەیش کە وانەی بیرکاریمان دەخوێند هێندەی دیمەنی بازنەکان سەرنجی ڕادەکێشاین، ئەوەندە سەوداسەری سێ و چوار گۆشە نەبووین..تای عارەبانەمان بە خڕی دروست دەکرد، فڕفڕۆکەمان بازنەیی بوو، خڕۆکە (بەکرە)ی درووماندمان دەکردە وازی.. کە هەراشیش بووین تۆپێکی خڕی بازنەیی نزیکترین هاوڕێ و هۆگرمان بوو، بە گەنجیش هەمیشە وێنە و تابلۆی لیمۆ و سێوێکی نەگەییوی خڕ بەژوور سەری خەیاڵمانەوە بوو.

٢

ئێمە هەر لە منداڵییەوە خومان بە بازنەکانەوە گرت و نە لێی دەرچووین و نە بڕواشم وایە تێیان پەڕێنین..ڕەنگە زیاد لەهەر کەسێک بۆ ئێمە بازنەکان هەڵگری مانا و مەدلولی جیاواز بن، ماناگەلێک کە تیایاندا قەتیس ماوین و تەفسیرێکمان نییە بۆ مانەوەمان لە نێویاندا.. سەیرە هێندەی بە بینینی مانگێکی پڕ شاگەشکە دەبین، نیو ئەوەندە حەز بە بینینی نیوە مانگێک، یان مانگێکی هیلالی ناکەین، کە ڕەنگە زۆر جوان و ناسک و ڕۆمانسیتر بێت، ئەوە نییە لە یادەوەریماندا هەمیشە خەون بەوە دەبینین لەزەت و شەهوەتمان لە نێو خۆخێکی دوو کەرتبوودا بەتاڵ بکەینەوە، ئەوە نییە هەمیشە خەیاڵ پەنجە شێتەکانمان

دەباتـەوە نێـو درزی دوو نیـوە گـۆ و کەلێنـی قەیسـییێک، ئیتـر چۆنـە وا گیرمـان بـە خولانـەوەی نێـو ئـەو بازنـە خڕانـە گرتـووە، کـە ناهێڵـن لەودیـو چوارچێـوە و تەنانـەت نیـوە تیرەکەیشـیان نیگامـان بـە دیمەنێکـی تـر ئاشـنا بێـت؟




گۆشەی (ڕوانگە)

# پەنجەرەیەکی دیکە بۆ ڕوانین

هەفتەنامەی (ئاڵای ئازادی)

## (ئاڵای ئازادی) یەکەم هەوار!

جگـە لـە بزاڤـی شـیعری روانگـە، پێـم وایـە ماوەیـەک پێـش ئێسـتا گۆڤارێکیـش بـەو نـاوە هەبـووە (ئیتـر نازانـم مـاوە یـان نـا)، بـەڵام دڵنیـا نیـم لـەوەی لێـرە و لـەوێ گۆشـەیەکی رۆژنامەنووسـی بـەو نـاوە هەبووبێـت، یـان هەبێـت، کاتێکیـش ئـەو گۆشـەیەم بـەو نـاوەوە نـاو دەنێـم، ئومێـدەوارم کـەس لێـم دڵگـران نەبـێ و مافـی کەسـێکی تـرم نەخواردبـێ.

بەهەرحـاڵ ئـەو گۆشـەیە دەکەمـە بـوار و پانتاییـەک بـۆ ئـەوەی بـە پێـی توانـا و عەقـڵ بەسەرداشـکانم هەرجـارەو قسـە لەسـەر بابەتێکـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، فەرهەنگـی بکـەم، کـە دەشـێ زۆرکـەس و تەنانـەت تاکـە کەسـێکش لەگەڵـی کـۆک نەبـێ، بـەڵام ئیـدی هـەر چـۆن و بەهـەر دیوێکـەوە ئـەو نووسـین و قسـانەم لـێ وەربگیرێـن، بـاش خـراپ، هەسـت دەکـەم شـتێک دەکـەم.

بـەش بەحاڵـی خـۆم لـەو کەسـانە نیـم، شـت بەوانـی تـر بفرۆشـمەوە و بڵێـم مـن بـۆ تـۆ و ئـەو و ئێـوە و ئـەوان دەنووسـم، بەڵکـو تەنهـا بـۆ خۆمـی دەنووسـم، بـە مانایەکـی دی دەمـەوێ لـە رێگـەی نووسـین گوزارشـت لـە خـۆم بکـەم و بـە دیوێکیشـدا تێگەیشـتن و دونیابینیـم لەمـەڕ هەمـوو ئـەو شـتانەی لـە دەوروبـەرم روو دەدەن و بـاس دەکرێـن بخەمـە ڕوو، وەک ئـەوەی پشـکی خـۆم لـە بەشـداری کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و فەرهەنگـی ببـەم و بەشـێک لـە ئەرکـی سـەر شـانی خـۆم راپەڕێنـم، روونتـر بێـژم نووسـین بـۆ مـن خـەم و بەرپرسـیارێتییە لـە بەرامبـەر ئـەو ئەرکـەی لـە ئاسـت خـۆم و دەروبـەرم لـە ئەسـتۆم دایـە، نـەک نووسـین لـە پێنـاو پڕکردنـەوەی کات و خۆبەتـاڵ کردنـەوە، ئەگـەر جـار ناجارێکیـش لـە نووسـینەکاندا تـوڕەم، ئـەوا لـە خـودی خـۆم تـوڕەم، ئـەو توڕەییـەی خۆشـم بەسـەر خۆمـدا دەڕژێنـم و نـای کـەم بـە مـاڵ بەسـەر کەسـەوە، چونکـە هەسـت دەکـەم بەشـێک و هۆکارێکـی ئـەو تووڕەبوونـە خۆمـم، نـەک هەمـووی بخەمـە ئەسـتۆی ئەوانـی دی.

بەهەرحـاڵ حـەزی رۆژنامەنووسـیم لـەو مینبـەرەوە چـرۆی کـرد، تەنانـەت یەکـەم

هەوڵــە جددییەکانیشــم لــە بــواری نووســیندا لــەو مینبــەرەوە دەســت پێکــرد، ، کــە هــەر دەســپێکی دوای راپــەڕیــن دەرگاکانــی (ئــاڵای ئــازادی) بەســەرمەوە واڵابــوون و لــە رێگــەی خۆیشــیەوە دەرگای مــن بەســەر ئەوانــی تــردا کرایــەوە، تــا ئێســتا چیــم کــردووە و چیــم نووســیووە گرنــگ نییــە، گرنــگ ئەوەیــە ئــەو ســەکۆیە ئازایەتــی ئــەوەی پێــدام خــۆم بنووســمەوە، بوێــری ئــەوەی دامــێ کــە دەشــێ وەک ئــەوان، بــەڵام جوانتــر و باشــتر لــەوان بێمــە گــۆ، (ئــاڵای ئــازادی) بــۆ مــن یەکــەم ماڵــی نووســین بــوو، بۆیــە ئێســتاش بــە شــانازییەوە تواناکانــی خۆمــی بــە گوێــرەی دەرفــەت بــۆ ســەرف دەکــەم، نــە لەبــەر ئــەوەی وەک ئــەوان بیردەکەمــەوە، بەڵکــو لــەو دیدگایــەی (هابرمــاس) وتەنــی دەکــرێ «لەگــەڵ ئــەوان دژ — پێچەوانــەی- ئــەوان بیــر بکەمــەوە«.

دیــارە قورســترین کارێــک لــە دونیــای نووســین و کایــەی رۆژنامەنووســیدا، نووســینی گۆشــەی رۆژنامەنووســییە، ئیتــر رۆژانــە بێــت، یــان هەفتانــە، یاخــود دوو هەفتــە جارێــک، بــەو پێیــەی نووســینی گۆشــەیەک بەرپرســیارێتی و ئیلتیزامــی دەوێ، وریایــی دەوێ بــۆ خــۆ نەجووینــەوە و دووبــارە نەکردنــەوە، هەناســەی دەوێ بــۆ بــەردەوام بــوون، دەستنیشــان کردنــی بابەتــی گەرمــی دەوێ، کــە قســەی تــازە و جیاوازتــر لەوانــی دیکــەی لەســەر بکەیــت.

ئێســتا مــن لێــرە شــان دەدەمــە بــەر ئــەو بــارە قورســە، بڕیاریشــم داوە هەفتانــە قســەیەک لــەو گۆشــەیەدا بکــەم، وەکــو جارانیــش نییــە قاســیدی نامەکانمــان درەنــگ بــگا و شــوکر کلیکێکــە و بــە چرکەیــەک بــە خــۆم و نامەکەمــەوە ســەر بــە ماڵــی سەرنووســەردا دەکــەم، بــەڵام ئەگــەر کارەبــا بــڕا، یــان لــە دەرەوەی بازنــە بــووم، دەشــێ بــرادەران بــە ســنگفراوانییەوە دەســتوخەتە ناخۆشــەکەم تایــپ بکــەن، وەکوتــر لــە کوێــدا خــوار رۆیشــتووم و دروســت مەبەســتەکانم نەپێــکان، یــان ئــاوەژووم کردنــەوە و شــێواندمن، بــا خوێنــەر بــە چــاوی رەخنەگرانــەوە راســتم بکاتــەوە، چونکــە قــەت ترســم لــە گەیشــتنە کەمــاڵ نییــە، لەبــەر ئــەوەی (ســلڤادۆر دالــی) گووتەنــی» لــە کەمــاڵ مەترســە، چونکــە قــەت پێــی ناگــەی»، کــەی ســتافی (ئــاڵا)ش زانیــان چیتــر هەناســەم بــڕ نــاکات، بــەو هیوایــەم ســتۆپم پێبکــەن، خــۆ ئەگەریــش لــە بارمــدا بــوو ئــەو بەرپرســیارێتییە راپەڕێنــم، بــا وەکــو ئێســتا ئــەو پانتاییــەم پــێ رەوا ببینــن و ژیانیــش وایــە، لــەو دونیایــە هــەر کەســە و بەشــی خــۆی دەبــا، ئیتــر لــە مــن نووســین و لــە ئێــوەش بڵاوکردنــەوە، وەلســەلامو عەلەیکــوم!!

## هەڵبژاردن و ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی

لە حیکمەتێکدا هاتووە دەڵێ « باشترە هەڵە بیت، لەوەی دوو ڕوو بیت»

بۆیە ئەو پەندەم کردە دەروازە، تا لێیەوە وردتر بچمە سەر مەبەستی قسەکانم، لە بارەی ئەرک و پەیام و بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووسی لە ئاستی ڕووداو و پێشهاتەکاندا.

یەکێک لەو هۆکارانەی دەتوانێ ڕوونتر سیمای ژیانی دیموکراسی پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە نیشان بدات، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن، ئەو کەناڵانەش بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی، ئەستەمە بتوانن بە شێوەیەکی تەندروست بەو بەرپرسیارێتییە قورسە خۆیان رابن.

بە شێوەیەکی گشتی، ڕاستگۆیی و وردبینی و هاوسەنگی و بابەتی بوون، بە بنەما هەرە لە پێشینە و کۆڵەگە هەرە سەرەکییەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێن، بۆیە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن، ئەگەر لە ڕووی پابەندی ویژدانی و ئەخلاقی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، بەوپەڕی باوەڕەوە ڕەچاوی ئەو بنەمایانە نەکات لە کارکردنیدا، بە تایبەتی لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی هەڵبژاردن و چاودێریکردنی پرۆسەکە، ئەوا جگە لەوەی ناتوانێ سەروەرییەکی مەزن بۆ خۆی تۆمار بکات، بەڵکو دەبێتە هۆی ناشیرینکردنی خودی پرۆسەکەش و دوور نییە ببێتە مایەی لەباربردنی تەبایی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، کە بەمەش لە پەیامە ژیاندۆستییەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە.

بەداخەوە تا ئەو چرکەساتەی تێیدان، هەر یەک لەو بنەما گرنگانە بە کەمترین ڕێژە و ئاست لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی ڕەنگیان داوەتەوە، ئەوە ئەگەر نەڵێین زۆر بە دەگمەن ئامادەییان هەیە، کە دواجار وێڕای نا پرۆفیشناڵیەتی ڕۆژنامەنووس خۆی، بەشێکی زۆری ئەو بەرپرسیارێتییەش دەکەوێتە ئەستۆی

بەڕێوەبەرانــی کەناڵــەکان، ڕوونتــر بڵێــم ئــەو نــا ئامادەییــەی بنەماکانــی ئیتیکــی ڕۆژنامەنووســی لــە مــاس میدیاکانــی کوردســتاندا بەرهەمــی سیاســەتی کورتبیــن و تــاک ڕەهەنــدی ســەران و بەڕێوەبەرانــی کەناڵەکانــە، تــا ئــەوەی زۆرجــار لەژێــر ئەوپــەڕی کاریگــەری وروژێنــەرە ئایدیۆلــۆژی و ئینتمــا کۆمەڵایەتــی و باوەڕســالارییەکانی دەرەوەی خۆیــان دان، بــە مانایەکــی تــر و بــە داخــەوە ڕاگەیاندنــی کــوردی ئەوەنــدەی کارتێکــراوە و چۆتــە ژێــر بــاری چەنــد پێشــمەرج و بیرکردنەوەیەکــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی، ئەوەنــدە کارتێکــەر نەبــووە و نییــە.

ڕۆژنامەنووســی کایــەی دروســتکردنی پاڵــەوان نییــە، ڕۆژنامەنووســی بریتــی نییــە لــە بوێــری و ئازایەتــی، وەک ئــەو شــێوە تەوزیفکردنەوەیــەی ئەمــڕۆ لــە کوردســتان بــۆی دەکرێ، بەڵکو ڕۆژنامەنووســی بریتییــە لــە بەرپرســیارێتی بەرامبــەر ئێســتا و ئاییندەی کۆمەڵگــە و ســەرلەنوێ دروســتکردنەوەی پردەکانــی متمانــەی نێــوان کۆمەڵگــە و دەســەڵات، بریتییــە لــە چاودێریکــردن و ئاگادارکردنــەوەی دەســەڵات لــە کەمتەرخەمــی و کەموکوڕییەکانــی و چاندنــی تــۆوی بەرپرســیارێتی و ئینتمــا لــە ناخــی تاکــەکان و هوشــیارکردنەوەیان بــە ئــەرک و مافەکانیــان، بریتییــە لــە بەرهــەم هێنانــی گوتارێکــی ژیاندۆســتانە و پەیوەندییەکــی مرۆییانــەی نێــوان تــاک و گــروپ و پێکهاتــە جیاوازەکانــی کۆمەڵگــە و چەســپاندنی یاســا و قوڵکردنــەوەی دیموکراســی و گیانــی یەکترخوێندنــەوە و قەبوڵکردنــی جیاوازییــەکان.

بــە گوێــرەی تیۆرەکانــی ڕۆژنامەنووســیش، ئەمــڕۆ تیــۆری بەرپرســیارێتی کۆمەڵایەتــی لــە پێشــەوەی تیــۆرە کارپێکراوەکانــی دونیــای ڕۆژنامەگــەری دێــت لــە دونیــادا، کــە لــە توێــی ئــەو تیــۆرەدا کەناڵەکانــی ڕاگەیانــدن بەگشــتی و ڕۆژنامەنــووس بــە تایبەتــی لــە ڕاپەڕاندنــی کارەکانیانــدا لەســەر چەنــد ئاســتێکی جیــاوازدا دەکەونــە بــەردەم بەرپرســیارێتی، بەرپرســیارێتی بەرامبــەر کۆمەڵگــە و بەهاکانــی، بــەوەی پەیامێکــی ژیاندۆســتی دوور لــە (ئــاژاوە نانــەوە و دنــەدان و ســوکایەتی پێکــردن و ناوزڕانــدن و ...) ئاراســتە بکــەن، هەروەهــا بەرپرســیارێتی لــە بەرامبــەر خــودی خۆیان، لە پێناو پاراســتنی بــڕوا و متمانــەی وەرگــر بــە پەیامەکەیــان، لــە ڕەچاوکردنــی (وردبینــی و بێلایەنــی و ڕاســتگۆیی و بابەتــی بــوون و ....)، ڕەچاونەکردنــی هەریــەک لــەم بەرپرســیارێتییانەش دواجــار بــە زیانــی خــودی پرۆســەی دیموکراســی لەلایــەک، لەلایەکــی تــر بــە زیانــی میدیــا و کارکتەرەکانــی تــەواو دەبێــت.

دەمێنێتـەوە بڵێیـن، لـە هەڵبژاردنـدا ئەگـەر ئاسـتی هوشـیاری تـاک بگاتـە ئـەوەی خاوەنـی ئیـرادە و بڕیـاری خـۆی بێـت و بەرمەبنـای ویـژدان و دوور لـە خودپەرسـتی دەنـگ بـدات و هـان بـدرێ بـۆ بەشـداری زیاتـر لـە پرۆسـەی سیاسـیدا، کـە هەڵبـژاردن بـە هـەردوو ئاسـتی دەنگـدان و خۆکاندیدکـردن، بەشـێکی ئـەو بەشـدارییە و مافێکـی سروشـتی و بنەڕەتـی هاووڵاتییـە، ئـەوا هیـچ کـەس و گـروپ و هێزێـک لـەو گەمەیـەدا دۆڕاو نییـە، چونکـە لـە پرۆسـەی گەشـەپێدان و چەسـپاندنی یاسـا و دیموکراسـییەتدا هەمووممـان براوەیـن.

## لەودیوی ئیمانەوە

«هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی بەهەشت لەسەر زەوی، دەبێتە مایەی خوڵقاندنی دۆزەخ — کارل پۆپەر»

ئەگەر ئەو قسەیەی پۆپەر لەسەر بیرکردنەوە و دروشم و بانگەشەی سیاسی هێزە ئیسلامییەکان ورد بکەینەوە، تێدەگەین کە لە سای ئەو هێزانە چ دۆزەخێک بۆمان بەڕێوەیە، بە تایبەتی کە بۆ ئەوان (خوا) باشترین پاساوە تا لێیەوە بخزێنە ناو هوشیاریمان و دواجاریش پاساوی پرۆسە و هەوڵە دژە ئازادی و دیموکراسییەکانیان بدەنەوە. بە مانایەکی دی هێزە ئیسلامییەکان، کە بەرمەبنای عەقیدەیەکی خاوەن حەقیقەتی ڕەها و نەگۆڕ پەیامەکانیان ئاراستە دەکەن و لەگەڵیدا (خودا) دەکەنە قەڵغان بۆ چوونە سەر تەختی عەرش، بە خەونی بە بەهەشت کردنی ژیان، جگە لە هێنانی وێرانی و دروستکردنی دۆزەخێک، ئەستەمە شتێکی شیاوتر لەگەڵ خۆیاندا بێنن.

کاتێ ئەمیری هێزێکی ئیسلامی بە ئاشکرا لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن دەڵێ « هەر یاسا و بڕیارێک لە پەرلەماندا دەربچێ، کە لەگەڵ ڕۆحی دەق و شەریعەتدا نەگونجێ، ئەگەر هاووڵاتی لە ماڵی خۆی دژی نەبێ، کافرە»، ئەوا ڕێک پێمان دەڵێ عەقڵ و بیرکردنەوەتان کلیل دەن و خۆتان رادەستی قەدەری حەقیقەتەکانی من بکەن، ئیرادە و تاکێتی و ئازادییە کەسیەکانتان بدەنە دەست دوا حوکمەکانی من، چونکە لە پشتی ئەو بیرکردنەوە و حوکمانەی من دەقی پیرۆز و خوا هەن، کاتێکیش کەسێک بە حەقیقەتی ڕەهاوە بێتە مەیدان، ئەوا بە دڵنیاییەوە بیرکردنەوە و توێژینەوە و داهێنان و پێشکەوتن و گۆڕان، ناچارن بارگە و بنەی خۆیان بپێچنەوە و ژیان پڕی دەبێ لە دووبارە بوونەوە و خۆجووینەوە و خولانەوەی بێ ئاکام و پووچگەرایی، مەگەر تەنزیری ئەو جۆرە زاتانە بۆ خۆی ئامادە نین بۆ هاتنە ئارای ئەو دۆزەخە، دۆزەخێک ئامرازەکانی بریتین لە تەکفیر و دواجار

شـەرعیەتدان بـە تیـرۆر، کـە لـە ڕێگەیانـەوە تـاک دەبێتـە کائینێکـی دەسـتەپاچە و پاسـیڤی بـێ پرسـیار و گومـان و نیگەرانـی!

(سـان جیـرۆم) دەڵـێ « دوور نییـە بـە تەنهـا خسـتنەڕووی بیرۆکەیـەک، پاکیزەیـی خـۆت لـە دەسـت بدەیـت»، ئـەو قسـەیەی جیـرۆم ئەگـەر لـە ئاسـتە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـەی و لەبـەر ڕۆشـنایی عەقیـدەی ئیسـلامی سیاسـیدا بیخوێنیتـەوە، ڕێـک بەسـەر واقیعـی کۆمەڵگـە نەریتسـالار و باوەڕسـالارەکاندا دەچەسـپێ، کـە کوردسـتان بەشـێکی ئـەو جوگرافیـا داخـراوەی نەریـت و سـتراکتۆرە کۆمەڵایەتـی و گوتـارە ئاینییەیـە، کـە تاکەکانـی مەحکـوم کـردووە بـە شـەرمنی و ترسـنۆکی و ڕۆحـی پرسـیاری تیـا کوشـتوون و لـە هـەر چرکەیەکیشـدا خودئیرادەیـی لـە تاکدا دەرکەوتبـێ، دواجـار مەحکـوم بـووە بـە حوکـم و بڕیـارە پێشـوەختە جیـاوازی کوژەکانـی ئـەو گوتـارە دۆگمـا و پەڕگیـر و تـاک دونیابینـی و خـاوەن حەقیقەتـە ڕەهـا و بـە پیرۆزکراوانـە.

بـەڵام وێـڕای هەمـوو ئـەو تابـۆ و تەوتەمانـە، بـە تایبەتـی لـەو ڕۆژگارەدا، کـە خەریکـە چیرۆکـی نێـو نووسـینەکانی (سـاراماگۆ) بـە شـێوەیەکی تـر لـەم ژینگەیـە دووبـارە دەبنـەوە، بـەوەی دەڵـێ «تـا خـاوەن کتێبـە پیـرۆزەکان نەهاتبـوون، ئێمـە خاوەنـی زەوی و سـامان بوویـن، کـە ئـەوان هاتـن، بینیمـان کتێبـەکان لـە دەسـتی ئێمـەدان و نوێـژ دەکەیـن، ئەوانیـش بوونـە خاوەنـی زەوی و سـامانەکانمان)، ناشـێ بەنـاوی تـرس لـە نابوودکـردن و لـە دەسـتدانی پاکیزەیـی، ئـەو پرسـیارانە لـە خۆمـان نەکەیـن بـەوەی، ئایـا بـۆ ناسـین و گەیشـتن بـە خـودا تەنهـا یـەک تاکـە ڕێـگا هەیـە و ئەمیـر و ئەمینداڕێـک دەلیلـی خەڵکـن بـۆ گەیشـتن بـە دوا هـەواری ئـەو ڕێگایـە؟ ئایـا خـودا ڕێگـەی بـە کـەس و لایەنێـک داوە نماینـدەی ئـەو بێـت و دەسـتمان بگـرێ بـەرەو بەهەشـت و ترسـی دۆزەخمـان لـێ دوور بکاتـەوە؟ ئایـا ئەگـەر ئەوانـە نەبـوون و لێمـان نەبوونـە ڕیـش سـپی، کەسـمان خـوا ناناسـین؟ ئایـا خـودا لـە نـاو گوتـارە حەماسـییەکانی ئەواندایـە و کەسـمان لـە نـاوەوەی خۆمـان هەسـت بـە بوونـی خـوا ناکەیـن؟

ئەگـەر وایـە دەی بـا هەموومـان بچینـە حـزوور خزمەتـی ئـەوان و لـە بەرامبـەر خـۆ سـوورکردنەوە و دەنـگ هەڵبڕیـن و وەعـزە ئەخلاقییەکانیانـدا داوای تۆبـە و کەفـارەت بکەیـن!

## دیموکراسییەت و بەشداری سیاسی

شـتێکی شـاراوە نییـە، کـە بەشـداری سیاسـی تاکەکـەس و هاووڵاتییـان ئامـاژە و پێـوەری پێشـکەوتن و بـە شارسـتانی و دیموکراسـیبونی هـەر کۆمەڵگەیەکـە، بـە واتایەکـی تـر لـە کوێـدا بەرفراوانترین رووبـەر و ئـازادی و وەک یەکـی بەشـداری سیاسـی بـۆ کەسـەکان فەراهـەم بـوو، لەوێـدا سیسـتەمەکە دیموکراسـی و کراوەتـرە.

بـۆ ئەوەیـش ئـەو ئامادەیـی و بەشـدارییەی تاکـەکان لـە کایـەی دەسـەڵات و دامەزراوەکانـی و پرۆسـەی سیاسـیدا پتـەو بکـرێ، پێویسـت دەکات بەشـداری و رۆڵ و ئامادەگـی کارای تاکەکـەس لـە نێـو حـزب و بزووتنـەوە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و مەدەنییـە جۆراوجۆرەکانـدا فـراوان و بەهێـز بکـرێ، ئـەوەی ئـەو خـەون و مافـەی هاووڵاتیـش لـەم رووە دەسـتەبەر دەکات بوونـی یاسـایەکی دیموکراسـی و مەدەنـی و دەسـتورێکی مۆدێرنـە، ئەمـەو جگـە لـە رۆڵ و چالاکی رێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی، کـە هـاوکار دەبـن لـە کردنـەوەی رێـگا لـە بـەردەم بـە شـداری سیاسـی تاکەکـەس و کاراییەکـەی، هـاوکات هوشـیاری خـودی تـاک و هاووڵاتـی بـەو مافـە سـەرەکییەی خـۆی، چونکـە دواجـار مەعریفـە بناغـە و بنەڕەتـی ئـەو بەشداریکردنەیە، واتـە بوونـی مەعریفـە و هوشـیاری بـە سروشـت و بایەخـی ئـەو مافـە و شـوێن و رۆڵـی تـاک لـە پرۆسـەی گۆڕانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتوریدا، لـەم دیدگایـەوە دەبـێ تـاک وەک مـاف و دەستپێشـخەری بەرخوردبـوون لـەو مافـە، سـەیری بەشـداری سیاسـی بـکات، نـەک وەک پەرچەکـردار.

چەمکی مافـی بەشـداری سیاسـی تـاک راسـتەوخۆ پەیوەسـتە بـە خـودی سیسـتەمی دیموکراسـی و چەمکـی هاووڵاتیبوونـەوە، بـەو پێیـەی هاووڵاتیبـوون حاڵەتێکـە یاسـا و رێسـا و عورفـی سیاسـی زامنـی دەکـەن، بـە گوێـرەی ئـەو یاسـایانەش مافـی بەڕێوەبردن و بەشـداریکردنی سیاسـی، مافـی تـەواوی ئەندامانـی کۆمەڵگەیـە، بەچاوپۆشـین لـە جیـاوازی رەگـەزی و ئیتنـی و مەزهەبـی و ئایدیلـۆژی.

لەلایەکـی تـر ئـەو چەمکـە پەیوەنـدی بـە چەمکـی تواناسـازی و زەمینەسـازی

هەیە، تواناسازی بە مانای کارکردن لەگەڵ تاکدا بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی توانا و شیان، توانایەک بە هۆیەوە خودی خۆی و توانا و بەهرە و سەلیقەکانی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە بگاتە جۆری ئەو ژیانەی خۆی دەیەوێت، هاوکات هاوکاری بکرێ بۆ ئەوەی ئەو میکانیزم ر ئەرک و بەرپرسیارێتی و مافانەی بزانێ، کە هەموو ئەوانە کارئاسانی و زەمینەسازی بۆ دەکەن، ئەو میکانیزم و مافانەش کۆمەڵێک بنەما و بەها و پرەنسیپ لە خۆیان دەگرن، لەوانە مافی هەڵبژاردن بە دەنگدان و خۆپاڵاوتن، پشت بەستن بە خود، راهاتن و تواناشکان بەسەر ئەوەی کاری دەستەجەمعی و هاوبەشی رێکخراو بکات. دیارە بەشێکی زۆری دابینکردنی ئەو مافانە و زەمینەسازییەکانی دەکەونە ئەستۆی دەسەڵات و دامەزراوەکانی، هەر لە ئازادی بەشداری سیاسی بگرە، تا سازکردنی ئامراز و هۆکار و زەمینەی گونجا و یەکسان بۆ تاک و گروپەکان، بەشێکیشی دەوەستێتە سەر شوناسی راستەقینە و کارایی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و نێوەندە کولتوری و فەرهەنگییەکان، بەشێکی تریشی دەکەوێتە سەر ئامادەگی و هوشیاری تاک خۆی.

بەشداری سیاسی، مافی بەشداری راستەقینە و وەک یەکی نێوان هاوولاتیانە بە جیاوازی رەگەز و رەنگ و ئینتما لە کاروبارەکانی کۆمەڵگەدا، جا چ لە رێگەی چالاکی راستەوخۆ بێت (وەرگرتنی پۆستی سیاسی، نوێنەرایەتی فەرمی لە سەکۆ نێودەوڵەتییەکان، دەنگدان و خۆپاڵاوتن، دامەزران و دەستبەکاربوون لە دەزگای دادوەری)، یان لە رێگەی چالاکی ناڕاستەوخۆ (کاری حزبی و سیاسی، کاری رێکخراوەیی و سەندیکایی و کولتوری و فەرهەنگی، گرنگیدان بە پرسە گشتییەکان...). بەشداری سیاسی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی و وەزیفەی هەر سیستەمێکی سیاسی و دەسەڵاتێکی حوکمڕانە، کە بانگەشەی دیموکراسی دەکات، کاری جددی بۆ بەرجەستەکردن و هێنانەدی بکات.

بەراست کە بەشداری سیاسی ئەو مافە گرنگە بێت و لە سایەیدا تاک شووناسی هاوولاتیبوون و تاکگەرێتی خۆی بەرجەستە بکات، دەکرێ لێی بێدەنگ و خەمسارد بین؟ ئایا دەکرێ بە بیانووی بوونی گەندەڵی و بێدادی، دەستبەرداری پرۆسەی دەنگدان و کاری مەدەنی و رێکخراوەیی بین، کە هەموو ئەوانە لە پرۆسەی چاکسازی و بەرەوپێشبردنی وڵات و کۆمەڵگەدا رۆڵ و بەهای خۆیان هەیە؟

## ئیسلامی سیاسی و بەشداریی سیاسیی ژن

پێشتر بە گوزارشتێکی تر باسی ئەوەمان کردبوو، کە بەشداری سیاسی وەک مافی تاک و شووناسی هاوولاتیبوون، بریتییە لە بالاترین گوزارشتی دیموکراسییانە، چونکە ئەو مافە لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوکاری هاوولاتیانی نێر و مێ لە پرسە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵگە و کاروباری سیاسی و کۆمەلایەتیدا سەیری ژن و پیاو دەکات. بەمەش چەمکی بەشداری سیاسی دەچێتە چوارچێوەی گوزارشتی سیاسی میللی، بەوەی کاروباری سیاسی لەلایەن تەواوی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگە بە ژن و پیاو و راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەڕێوە دەبردرێن.

دیارە کێشەی توانای سیاسی ژن و بەهێزکردنی بەشداری کارای لە کایەی سیاسیدا، ئێستاشی لەگەڵ دابێ وەک پێویست چارەسەر نەکراوە و بە گوێرەی پێویست لە ئەجێندای دەوڵەت و حزبە سیاسییەکانی ناو حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، لە زۆربەی جیهاندا و بە تایبەتی لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی و بە تایبەتتر لە ناو هێزگەلی ئیسلامی سیاسیدا بایەخی ئەوتۆی پێنەدراوە، هۆکاری ئەو پەراوێزکردنەش ستراکتۆری کۆمەلایەتی و پەیوەندی نەریتسالاری و باوەڕسالاری و پیاوسالاری باوی کۆمەڵگەکان و جێگیربوونی ئەو روانینە نا تەندروست و دژە مرۆییەیە، کە وەک بوونەوەرێکی بێبەها و پاشکۆ، دەڕوانێتە رەگەزی مێ.

لە برگەی (١٨)ی جاڕنامەی ڤیەننای پەیوەست بە مافەکانی ژناندا هاتووە «مافە مرۆییەکانی ژنان بەشێکی دانەبڕاوی مافەکانی مرۆڤن و ناکرێ دەستکاری و پارچە پارچە بکرێن..ژنیش شان بە شانی پیاو و بە شێوەیەکی یەکسان مافی رەوا و تەواوی خۆی هەیە لە بەشداری ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و کارگێڕی و رۆشنبیریدا، ئەو بەشداریەشی لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا دەبێت.....».

چش لەوەی ئیسلامی سیاسی بڕوای بە چەمک و بەهاکانی دیموکراسی نییە و بە بیدعە و کوفری رۆژئاوای دەزانێ (بەلاشیەوە شورەیی و شەرم نییە لە میانی

گەمەی دیموکراسییەوە بێتە نێو شەڕی دەسەڵات)، چونکە مەبەستی ئێمە لێرەدا زیاتر خوێندنەوە و دونیابینی عەقیدی ئەو هێزانەیە بۆ چییەتی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مافەکانی ژن بە گشتی و مافی بەشداری سیاسی بە تایبەتی.

بە شێوەیەکی گشتی لە دونیای ئیسلامی و لەو بوارەدا چوار تێڕوانین هەن، کە هەر یەکەو بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ پرسی بەشداری سیاسی ژن و سنوورەکەی دەکەن. یەکەمیان لە دەرەوەی یاسای ئیسلامی و دەق و حوکمەکانی، ئاماژە بە لاگیری تەواوی مافە سیاسییەکانی ئافرەتان دەکەن و هەندێکیش لەوانە مافی سەرۆکایەتی لە ژن وەردەگرنەوە. دووەمیان پێیان وایە دەشێ ئافرەت ویلایەتی تایبەتی هەبێت، بەڵام هەرگیز نابێ پۆست و ویلایەتی گشتی وەربگرێ. سێیەمیان بە گەڕانەوە بۆ پرەنسیپەکانی ئازادی تاک، پشتیوانی تەواوی مافە سیاسییەکانی ژن دەکەن. چوارەمیان کە تا ئەوپەڕی کۆنەپارێزی رۆچوونە، بەرمەبنای هەندێ وەهمی سواوی کۆمەڵایەتی و کولتوری و لە پشتی هەندێ حەدیسی زەعیفەوە دژی ئەو مافانەی ژنن.

لە هەموو حاڵەتەکان و بە گوێرەی خوێندنەوەمان بۆ مێژوو و ئەزموونی حوکمڕانی ئیسلام لە سەرەتاوە تا ئێستا، جگە لەوەی ویلایەتی گشتی بۆ ئافرەت بڤە بووە، کۆمەڵێ مافی تری سیاسی و کۆمەڵایەتیشی لێ زەوت کراوان.. بۆیە دەشێ لێرەدا هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان بخەینە بەردەم چەند پرسیارێک، بۆ ئەوەی تێبگەین گوتار و ئامانجەکانیان تا چەند لەگەڵ بنەما و پرەنسیپەکانی یەکسانی و داوەری و ئازادی دێنەوە، تاکو لەوێشەوە رادەی رەشبینی و گەشبینیمان بۆ سبەی بزانین، بەتایبەتی کە پرۆسەیەکی چارەنووسساز لەبەردەم خەڵکی کوردستانە و ئەو خەڵکەش خەونی مرۆیی و دیموکراسی مەزن و چاوەڕوانی کرانەوە و پێشکەوتنە: ئایا ئەو دوو هێزە قبوڵیانە و باوەڕیان بەوە هەیە ژنە کادیرێکیان ببێتە ئەمیر یان ئەمینداری گشتی، تا سبەی ئاسایی بێت ئەو ژنە ببێتە سەرۆکی پەرلەمان و وەزیران؟ ئەوانە کە سەفەرکردنی بە تەنیای ژن بە ناپەسەند (ئەگەر نەڵێین حەرام) دەزانن، ئامادەن سبەی ژنە کادێرێکیان ببێتە دیبلۆماتکار و نوێنەری هەرێم لە وڵاتێکی دەرەوە؟ ئایا قبوڵ دەکەن ژن ببێتە دادوەر و داواکاری گشتی؟

هیوادارم وەڵامی دروست و راوشکاوی خەڵک بدەنەوە تا نەچووینەتە سەر سندوقەکانی دەنگدان!

## ڕاگەیاندن و سایکۆلۆژیای زمان

زمـان وەک چەکێکـی دوو سـەرەی ئاخاوتـن، دەشـێ لـە یـەک کاتـدا دوو ڕۆڵـی چـاک و خـراپ بگێـڕێ، کـە ئەمــەش پەیوەسـتە بــە سـایکۆلۆژیا و بیرکردنـەوەی خـودی کەسـی بەکاربـەری زمانەکـە، بـە مانایەکـی ڕوونتـر، دوور نییـە کەسـێک نیازێکـی پاکیشـی هەبێـت لـە خسـتنەڕووی پرسـێکدا، بـەڵام زمانـی قسـەکردن و شـێوازی دەربڕینـی گوتارەکـەی بـە شـێوەیەک بێـت، کـە نیگەرانـی بنێتـەوە و ئامانجـی دروست و ویسـتراوی خـۆی نەپێکـێ، لـەوەش ترسـناکتر ئەوەیـە دوور نییـە ببێتـە هـۆی نانـەوەی دووبەرەکـی و دڵڕەشـی لەنـاو کۆمەڵگـە و لەسـەر کـۆی پێکهـات و ئاسـتە جیاوازەکانـی، چ جـای ئـەوەی ئـەو کەسـە لـە دەروونێکـی نەخـۆش و ڕقێکـی کوێـرەوە گوتارەکـەی ئاراسـتە بـکات، بـە جۆرێـک ئەگـەر مەبەستیشـی بێـت ناتوانێـت دەست بـۆ زمانێـک ببـات، کـە هەڵگری بەهـا و مانایەکـی شارستانی و شـیاوی گفتوگـۆ بێـت. کاتێکیـش میدیا بـەو زمانـە سـواخ دەدرێ، نـەک سـەیر نییـە نەتوانـێ ببێتـە دەسـەڵاتی چـوارەم و جـێ متمانـەی خەڵـک، بەڵکـو زۆر ئاسـاییە سـوکایەتی بـە خـۆی بـکات و دەسـتبەرداری کـۆی بنەمـا و بەهـا و پرەنسـیپە پیشـەیی و ئەخلاقییەکانـی پەیـام و کارەکـەی بێـت.

لەگـەڵ ئـەوەی نـە عەیبـە و نـە عاجباتیشـە کـە لـە کوردسـتان میدیـای ئەهلـی هەبێـت، وێـڕای ئـەوەی بـڕوای تـەواوم بـە بوونـی ئاراسـتەیەکی لـەو چەشـنە میدیایـە هەیـە، کـە کەمتریـن سـێبەری ئایدیۆلـۆژی بەسـەرەوە بێـت، بـەڵام بەداخـەوە ئـەوەی ئەمـڕۆ لـە گوتـاری زۆرێـک لـە کاراکتـەر و کەناڵەکانـی میدیـای (ئەهلـی، ئـازاد، سـەربەخۆ) هەرچـی نـاو دەنێـن، دەبینـرێ، باڵادەسـتی زمانێکـە، کـە ئایینەدەکـەی بەخێـر بـۆ هیـچ کام لـە کۆمەڵگـە و پرۆسـەی سیاسـی و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و گەشـەکردنی خـودی میدیـاش ناشـکێتەوە، بـەو پێیـەی ئـەو زمانـە بارگاویـە بـە جۆرێـک لـە ڕق و سـڕینەوەی جیـاوازی لـە پەنـا دروشـمی دیموکراسـی و قەبوڵکردنـی جیاوازییەکانـەوە، سـایکۆلۆژیایەک زۆرێـک لـەو کەسـانە بەرهـەم هێنیـن، کـە کـوڕی

گوتارێکن، سەرچاوەی روانین و بیرکردنەوە و دونیابینیان ئەو لۆژیکە نا تەندروستەیە کە دەڵێ (کە بۆ من نییە با بۆ تۆش نەبێ).
بە واتایەکی دی سەرچاوەی خەم و نیگەرانی بەشێکی دیار لەو گوتار و تایپەی زمانی نووسین و قسەکردنی نێ میدیای ناوبراو، ئێستای نیگەرانی و گللەییەکانی شەقام و ئایندەی کۆمەڵگە و ئاسۆکانی دیموکراسی و مەدەنیەت نییە، بەقەد ئەوەی جۆرێکە لە نەرجسیەت و خۆویستی قسەکەرەکانی، نەرجسیەتێک ئامادەیی ئەوەی تێدایە لە پێناوی خۆیدا قوربانی بە خەونی هەموو بەرامبەرەکانی بدات، سایکۆلۆژییەتێک لە رێگەی زمانێکی تەمومژاوی و کارکردن لەسەر ژێی سۆزی خەڵک و گازاندەکانی ئاوەژووکردنەوەی چەمکەکان مەبەستییەتی حەقیقەتی رەهامان پێ بفرۆشێتەوە.

# گۆڕان کێ و چۆن دەیکات؟!

گـۆڕان حەتمییەتێکـی مێژوویـی و دیالێکتیکـی ژیانـە، چونکـە هیـچ کۆمەڵگەیـەک ناتوانـێ لـە حاڵەتـی جێگیـر و مـت بـوون درێـژە بـە مانـەوە و بەردەوامـی خـۆی بدات، واتـە گـۆڕان پێداویسـتییەکی سـەرەکی کـۆی کایـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و کولتـوری و فەرهەنگییەکانـی هـەر کۆمەڵگەیەکـە، لـە پێنـاو نوێبوونـەوە و بـەرەو پێشـچوون و تێپەڕاندنـی قۆنـاغ و واقیعـی بـاو بـەرەو باشـتر و جوانتـر، بـەڵام پرسـیارە جددییـەکان لـەم نێـوەدا بریتیـن لـەوەی: کـێ و کـەی و لـە کـوێ و لـە چـی و چـۆن و بـە چ میکانیزمێکـەوە گـۆڕان دەکات و ئەلتەرناتیـڤ و گەرەنتییەکانـی چیـن؟

ئایـا کـەس و هێـز و کایەیـەک لـە ئاسـتی فیکـری و بیرکردنـەوەدا درێژکـراوەی هەمـان کولتـوری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بـاو بێـت و بەشـێک بێـت لـە شکسـتەکانی رابـردووی کۆمەڵگـە و قەیرانەکانـی دەتوانـێ گـۆڕان بـکات؟ ئایـا گـۆڕان بـە تەنهـا ئەنجـام دانـی یارییەکـی فوتبۆڵێنـە لـە ماوەیەکـی دیاریکـراودا و لـە فیکەیەکـەوە دەسـت پێـدەکات و بـە فیکەیـەک کۆتایـی؟ بـە مانایەکـی دی، ئاخـۆ سـەقفێکی زەمەنـی دیاریکـراو بـۆ گـۆڕان هەیـە، یـان لـە بنەڕەتـدا گـۆڕان پرۆسـەیەکی درێـژ خایـەن و بەردەوامـە؟ وەکـو تـر ئایـا بـە تەنیـا گـۆڕان لـە دەسـەڵاتی سیاسـی و گۆڕینـی کاراکتـەرەکان بەسـە بـۆ ئـەوەی مـوژدە بـە کۆمەڵگـە بدەیـن و لـەولاش جومگـە هەسـتیارەکانی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و فەرهەنگـی نەخەینـە ژێـر پرسـیاری جـددی؟ ئایـا گـۆڕان بەبـێ بوونـی پـلان و بەرنامـە و پـرۆژەی هەمەلایـەن و سـتراتیژی کار دەکـرێ؟ ئـەو میکانیزمانـە چیـن کـە بـە هۆیـەوە گـۆڕان دەکەیـن، ئاخـۆ ئـەو هێـزە مـاددی و فیکـری و مرۆیـی و عەقڵـی و ئابوورییەمـان هەیـە تەکانێـک بـە واقیعەکـە بـدەن و کاراتـری بکـەن و جووڵـە بخەنـەوە نێـو سـوڕی ژیانـی کۆمەڵگـە لەسـەرجەم ئاسـت و کایەکانـدا؟ ئایـا ئـەو ئەلتەرناتیڤانـەی ئێمـە لـەوەی هـەن شـیاو و گونجـاو و دیموکراسـی و شارسـتانی و پێشـکەوتوو تـرن؟ بەڕاسـت گـۆڕان پرۆسـەیەکی دینامیکـی و بەردەوامـە، یـان تەنهـا عەسـای موسـا بەسـە بـۆ ئـەوەی ئـەو کۆمەڵگەیـە سـەر لـە نـوێ بگوازینـەوە دۆخێکـی

دیکەی ژیان و شیفای مەسیح بەسە بۆ ئەوەی ڕۆح بە بەر جەستەیدا بێنینەوە؟ ئاخۆ ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بیکەین گۆڕانە یان چاکسازی؟ دەرمانی هێورکردنەوەی ژانەکانە، یان چارەسەر؟

بێگومان ئەزموونەکانی دونیا سەلماندوویانە، هەرگیز کەس و هێز و لایەنێک، کە پەروەردە و درێژکراوەی هەمان عەقڵیەت و کولتوری سیاسی و کۆمەڵایەتی باو بن و کاراکتەری نێو شکستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دوێنێ بن، نەک ناتوانن گۆڕان بکەن و ئەزموونێکی نوێتر پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەن، بەڵکو کۆمەڵگە لە قەیرانێکەوە دەگوازنەوە نێو قەیرانێکی ئاڵۆز و سەخت تر لەوەی هەیە. بە مانایەکی تر بۆ بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی گۆڕان بە تەنها کەسێتی کاریزمایی بەس نییە، ئەگەر ئەو کاریزمایە خوێندنەوەیەکی تەندروست و واقیعی بۆ کۆمەڵگەکەی پێ نەبێت و ئاستە هوشیاری و بوونیادە سایکۆلۆژی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک و گروپەکانی نەخوێندبێتەوە، چونکە بێدادی و نا یەکسانی و چی و چی دەسەڵات بە تەنها ئەرگۆمێنت و بەڵگە نین، لەوەی پرۆسەکە سەر دەگرێ، ئەگەر سروشتی کۆمەڵایەتی و دیوی کولتوری و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیە لەبەرچاو نەگیرێ و بڕێکیش پەند لەو حیکمەتە وەرنەگرین، کە دەڵێ « دەسەڵاتی خراپ، بەرهەمی کۆمەڵگەی خراپە«، چونکە گۆڕان بە خەیاڵی ئەگەر و گریمانە نایەتە دی، ئەگەر ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگە وردتر شرۆڤە نەکرێ.

## کاندیدەکان کێن و چی دەکەن؟

پرسیاری گرنگ لە بەردەم ئێستا و ئایندەی هەڵبژاردندا ئەوەیە: کێن ئەوانەی دەبنە نوێنەری ئێمە و هەڵگری چ پرۆژە و بەرنامەیەکی کارن؟

ڕەنگە زۆر کەس بڵێ جا چاوەڕێی چی لەو کاندیدانە دەکرێ، کە خەڵک دەنگیان پێنادات، بەڵکو بەو لیست و حزب و قەوارانە دەدات، کە ئەوانی خستۆتە لیستەکانەوە، بەمەش دیسانەوە کاندیدەکان لە تەواوی لیستەکان دەکەونە بەردەم بڕیاری ئەوەی بەرنامەی حزبەکانیان بخەنە پێش خواستەکانی خەڵک، یان دەسپێشخەربن لە گەیاندنی دەنگی خەڵک و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانیان و فەرمانەکانی حزب بخەنە پەراوێز.

لە هەموو حاڵەتەکاندا هیچ بیانوێک ناتوانێ پاساوی کاندیکراوان بداتەوە، چونکە دواجار ئەوان بەناوی نوێنەری خەڵک دەچنە ئەو شوێنە، ئیتر ئەگەر حزبیش بیانخاتە ئەو جێیە، بەڵام دەشێ لە بیرکردنەوەیاندا خاوەنی پرۆژە و پلانێک بن، کە هاوسەنگییەک لەنێوان بەرپرسیارێتی بەرامبەر خەڵک و بڕیارەکانی حزب دروست بکەن، هەرنا لەو شوێنەدا و کە پێویست بوو، بە ڕەش بڵێن ڕەش و بە سپی بڵێ سپی و لە خستنەڕووی پێشنیار و بیرۆکەی جوان دەستپێشخەربن.

کاندیدکراوان کە حزب و قەوارە سیاسییەکان خستوونەتیانە نێو لیستی خۆیان، بەرلەوەی ڕەچاوی نوێنەرایەتی ناوچەیی و تەکنۆکراتیان کرابێ، گومانی تێدانییە بە فلتەری بەرژەوەندی و دونیابینی سیاسی ئەو حزب و قەوارە سیاسییەدا ڕەت بوون، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەسیان تەکنۆکرات و شارەزا و کارزان نەبن، بەڵکو مەبەست لەوەدێ کە ئەوان دواجار دەبێ میکانیزم و شێوازی دیکەی کار بگرنەبەر، کە بە کون فەیەکونێک لە کۆی پرۆسەکانی ناو پەرلەماندا نەچنەوە بەردەم لوتف و مەرحەمەتی سەرووی خۆیان، ئەوانەی ئەو شەڕەفەیان پێداون ببنە ئەندام پەرلەمان، وەکو تر بتوانن بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی داخوازی و خۆزگەکانی ناوچەی خۆیان بکەن، چونکە جگە لەوەی کۆی خەڵک دەنگی

پێنـەداون، ئـەوا لەئاسـتی ناوچـەی خۆشـیاندا لەگـەڵ یەکێکـی تـر نەچوونەتـە نـاو بازنـەی کێبەرکـێ، تـا زۆرتریـن رێـژەی دەنگـی هاووڵاتیانـی ناوچەکـەی بردبێتـەوە، کـە بەداخـەوە لەمەشـدا دەکـرا حـزب و قـەوارە سیاسـییەکان لـە ئاسـتی بازنەیـی ناوچەکانـدا میکانیزمێکـی شـەفاف و کراوەتریـان پەیـڕەو کردبـا، کـە هـەم تیایـدا هاوسـەنگی رێـژەی نوێنـەری ناوچـەکان رابگـرن و هەمیـش کەسـانێک بـن جێگـەی متمانـەی زۆرینـەی خەڵکـی ناوچەکانیـان بـن.

بەهەرحـاڵ هـەر لیسـت و قەوارەیـەک کـە ئـەو کەسـانەی کردۆتـە کاندیـدی خـۆی، وێـڕای رەچاوکردنـی راددەی دڵسـۆزی و پابەنـدی ئـەو کەسـە بـە دونیابینـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی خـۆی، لەگەڵیشـیدا چاوەڕوانـی ئەوەیـان لێـدەکات نموونـەی جوانـی کارکـردن و خزمەتکـردن پێشـکەش بـە خەڵـک بکـەن، بـۆ ئـەەی رووی ئـەوان جـوان بکـەن و لـە ئاسـت بەڵێنەکانیـان راسـتگۆبن و ئایینـدەی گەرێکـی دیکـەی هەڵبـژاردن مسـۆگەر بکـەن. روونتـر هەریـەک لـەو حـزب و قەوارانـە پێداگیـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن کاندیدەکانیـان تـا ئەوپـەڕی و بەهـەر شـێوە و رێـگا و میکانیزمێکـی گونجـاوەوە بێـت، دیـوی دووەمـی حـزب و قەوارەکانیـان، بـە مانایەکـی دی ویسـت و بەرنامـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و فەرهەنگـی تەرجەمـەی واقیـع بکەنـەوە، کـە بێگومـان بەشـێکی زۆری ئـەو ویسـتەش لەگـەڵ خواسـت و خۆزگەکانـی خەڵـک کـۆک و تەبـا دێتـەوە، ناشـکرێ چاوەڕێـی پەرجـووش لـەو حـزب و قەوارانـە بکەیـن و چاوەڕوانـی ئـەوە بیـن ١٠٠٪ی خەڵـک رازی بکـەن، کـە وابێـت دەبـێ لـە پرۆسـەکانی هەڵبژاردنـدا ئـەو قـەوارە و حزبـەی چاوەڕێـی ئـەو پەرجویـەی لێدەکـرێ، ئەویـش مافـی ئـەو پرسـیارەی هـەێ بـۆ دەبـێ لەگـەڵ ئـەو چاوەڕوانییـەی خەڵکـدا ئەویـش ١٠٠٪ی دەنگـەکان مسـۆگەر نـەکات، کـە هیـچ هێزێـک چاوەڕێـی ئـەو رێژەیـە نـاکات و خوازیـاری ئـەوە نییـە، چونکـە بەمـە پرۆسـەکە دەبێتـە سـیناریۆیەکی سیاسـی و دیموکراسـییەت ناشـیرین دەکات، بـەڵام لـە هەمـوو حاڵەتەکانـدا هـەر لیسـت و قەوارەیـەک کار بـۆ ئـەوە دەکات لـە ئاسـت خواسـت و داخـوازی تـەواوی خەڵکـدا بێـت، بـە تایبەتـی ئەگـەر بـڕوای بـە مانـەوە و بەردەوامـی و خزمەتکـردن هەبێـت. بۆیـە حـزب و هێـز و قـەوارەکان دەبـێ تێبگـەن کـە وێـڕای جیـاوازی ئینتمـا و بیرکردنەوەیـان، دواجـار هەمـووان هاونیشـتمانین، چ ئەوانـەی دەنگیـان پێدەدەن، یـان ئەوانـەی لەگەڵیـان جیـاوازن وهـەر هەموویـان لـە ئـەرک و مافـدا یەکسـانن و دوای هەڵبژاردنیـش بـەو چـاوە مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکـەن و کاندیدەکانیشـیان وا رابێنـن.

## فەریکە نووسەر و بۆرە رۆژنامەنووس!

شوناسی رۆژنامەنووسی و رۆشنبیری وەک ئەوەی وەزیفە و مافی دەسەڵات و حزب نییە (هەر حزبێک)، کە بەسەر خەڵکدا بیبەشێتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە یار و نەیارانی دەستنیشان بکات، ئاواش مافی کەسێک نییە ئەو شوناسانە ببەشێتەوە، کە هێشتا بۆ خۆی نازانێ رۆژنامەنووسی سەنگین و گوتاری رۆشنبیری هاوچەرخ و ژیاندۆست بەرهەمی چ عەقڵیەت و زادەی چ گۆڕانکاری و قۆناغێکی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورین، بە تایبەت کەسێک هەڵوێست ببەشێتەوە کە لە بواری نووسیندا مرۆ بەزەیی بە هەژاری زمانەوانی و رێنووسەکەی دێتەوە،

بۆیە لە پەرۆشیمەوە بۆ سەنگ و پەیامی رۆژنامەگەری ئەهلی، ئازاد (هەر ناوێکی لێ دەنێن)، پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە ئەوانیش سنوورێک لەبەردەم ئەو کۆلکە جیاوازی کوژانەی دوێنێی شەڕی ناوخۆ و واعیزەکانی ئەمڕۆی نێو ئاپۆرای گوتاری رەخنەیی دابنێن، چونکە بەر لەهەر کەس زیان بە خودی خۆیان دەگات.

دیارە بۆ قسەکردن لەسەر خەوش و کەموکوڕی و هەڵەکانی دەسەڵات، بوار و دەرفەتی زۆر هەیە، مرۆڤ لێیەوە بچێتە ژوورێ، بەڵام شتی گرنگ لەو نێوەدا چۆنیەتی قسە لەسەر کردن و نییەتی پشتی قسەکانە، کە کەسێک دێت راست و چەپ، هەموو خەڵکی ناو حزب بە نەخوێندەوار و قەڵەم فرۆش و کۆیلەی بەرژەوەندی و چی و چی لە قەڵەم دەدات، ئەو کەسە نەخۆشە و بە زووترین کات پێویستی بە چارەسەری گونجاو هەیە، وەک ئەوەی هەمان پێوانەش بەسەر ئەوانەی ناو حزبدا دەچەسپێ، کە پێیان وایە هەموو قەڵەم و دەنگەکانی ناو میدیای ئەهلی و دەرەوەی حزب کرێگرتە و بێ ئینتما و ئاژاوەگێڕن!

ئەوانەی دەڵێن ئەمڕۆ لە کوردستان و لە ناو دەسەڵاتدا جاش وباش تێکەڵ بوونە، تێکۆشەر و تێکوشەر ئاوێتە بوونە، دەبێ ئەوەشیان لەبەرچاو بێت، کە لەناو ئەو گەرەلاوژێیەی ئەمڕۆی راگەیاندنیش، حەسحەسی شەڕی ناوخۆ و رەخنەگری جددی، پیاوی مەفرەزەکانی تەواری و رۆژنامەنووسی راستگۆ تێکەڵ و

پێکـەڵ بوونـە و کەسـێک شـارەزای ئـەو نێوەنـدە نەبـێ زوو بـە هەڵـەدا دەچـێ!

بـەرای مـن هـەر بـۆ نموونـە ئـەو فەریکـە رۆژنامەنووسـەی بـە دیـوی بـاش و خـراپ بیـەوێ قسـە لەسـەر کارکتەرەکانـی نـاو پارتـی و یەکێتـی بـکات، دەبـێ لـە بـن باڵـی یەکێکـەوە تیـر لـە سـێبەری ئەویتـر نەگـرێ، لـە ژێـر سـایەی ئەویـان ئـەم بـە فەتـارەت نەبـا، لـە ئەلـف نەکاتـە تەقـە و لـە بـێ بێدەنـگ نەبـێ، ئـەوەی فـلان نەخاتـە سـەر بـەرە و ئـەوەی فیسـار دیـزە بەدەرخۆنـە نـەکات، تەنهـا بوێـری ئـەوەی نەبێ بـە کـۆ قسـە لەسـەر پارتـی و یەکێتـی بـکات وەک حـزب، بـەڵام کـە دێتـە سـەر کاراکتـەرەکان بانێکـە و دە هـەوا بێـت، چونکـە چەپڵـە بەدەسـتێک لێنادرێـت. بـەو پێیـەی هـەر کاراکتەرێکـی ئـەو حزبانـە و لـە شـوێنی خـۆی و بارتەقـای بەرپرسـیارێتی خـۆی، بەشـێکی لـە چاکـە و خراپـە، جوانـی و ناشـیرینی بەردەکـەوێ، کـە بەداخـەوە دەمێکـی درێـژە ئـەو پاڵەوانـە وەهمییانـەی نێـو کایـەی نووسـین دەبینیـن، چـۆن حـزب وەک یـەک کوتلـە دەکەنـە پەنـد و کـە دێنـە سـەر کاراکتەرەکانـی نـاوی بـە دوو و سـێ پێوانـە مامەڵـە دەکـەن، مەگـەر کـوردەواری گووتەنـی ئـەوە «فیتـی حەرامـزادە نییـە«!!

چـی دەڵێـن ئێسـتا بەنـاو رۆژنامەنـووس هەیـە سـوپەر خەمخـۆری مەینەتییەکانـی پێشـمەرگەی دێریـن و نیشـتمانپەرەوەرە، کەچـی هـەر دوێنـێ بـوو لەگـەڵ مەفرەزەکانـی تـەواری و موشـتەرەکە، راوی سـێبەری پێشـمەرگە و رێکخسـتنە نهێنییەکانـی دەکـرد؟

چـی دەڵێـن زەلام دەناسـم ئێسـتا لەسـەر لاپـەڕەی رۆژنامـە و گۆڤـارەکان تەنزیـری ئیتیکـی رۆژنامەنووسـی دەکات، قـەدەر عەیامێـک پێـش ئێسـتا بەرپرسـی مەکتەبـی راگەیاندنـی یەکێـک لـەو دوو حزبانـە، کـە ئێسـتا ئـەو جنێویـان پێـدەدا، سـایتێکی بـۆ کـردەوە و پـارەی بـۆ هەڵڕشـت تـا بەرامبەرەکانـی بشـواتەوە؟!

چـی دەڵێـن هەمـان ئـەو بۆرە سـوارەی سـەرەوە کە دەمـی دەکاتـەوە رووی جنێوەکانی لـە سـەرۆکی هەرێـم و سـەرۆکی حکومەتـە، کەچـی پێنـج و دوو رۆژێـک پێـش ئێسـتا حزبەکـەی سـەرۆکی هەرێـم زیاتـر لـە پەنجـا گـەڵای تـەڕی دایـە بـۆ ئۆتۆمبێـل و سـەرۆکی حکومەتیـش نزیـک دوو دەفتـەری وەک هـاوکاری بـۆ خانـوو پێشـکەش کـرد؟!

چـی دەڵێـن زەلام دەناسـم وەعـزی ئـەوە دەبەشـێتەوە، کـە پارتـی و یەکێتـی وەک تاوانبـاری شـەڕ مامەڵەیـان لەتـەک بکـرێ، کەچـی بۆخـۆی رۆژانێـک ئـاوارەی شـەڕی ناوخـۆ و دواتـر پاسـەوانی بـەردەرگای ماڵـی مەکتـەب سیاسـییەک بـوو و ماوەیەکیـش

خـۆی بـۆ نەگیـرا و لەگـەڵ فەرماندەیـەک، کـە رابردوویەکـی لێڵـی هەیـە، چـووە بەرەکانـی شـەڕ؟

بۆیـە لـە بەرامبـەر ئـەو فەریکـە نووسـەر و بـۆرە رۆژنامەنووسـانە، مـرۆ تەنهـا ئـەوەی بـۆ دەمێنێتـەوە پەنـا بـۆ ئـەو دێـرە شـیعرە عەرببیـە ببـا، کـە دەڵـێ:

لا تنه عن خلق و تأتی بمثله     عار علیك اذا فعلت عظیم

## کەسمان راستیمان لا نییە

« هیچ شتێک راست نییە، هەموو شتێک
شیاوە — نیچە»

کوشـندەترین نەخۆشـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی نێـو کۆمەڵگەیەکـی داخـراو و دواکەوتـوو ئەوەیـە، کـە هـەر یەکـە و خـودی خـۆی پـێ لـە هەمـووان بـاش و راسـتتر بێـت، کاتێکیـش کۆمەڵگـە چـووە ئـەو دۆخـە ناتەندروسـتە، ئاسـاییە گەشـەکردنێکی نـا سروشـتی بـکات، بـە شـێوەیەک بـە خـراپ بەسـەر هوشـیاری کۆمەڵایەتـی و ئاییـندەی کۆمەڵگـە خـۆی بشـکێتەوە.

عەقڵیـەت و بیرکردنـەوەی رەهاگـەر هـەر چییـەک بێـت و بەهـەر نـاو و ماسـکێکەوە بێـت (ئایینـی، ئایدیۆلـۆژی، رووناکبیـری...)، دواجـار یانێکـی کوشـندە لـە مـرۆڤ دەدات وەک بوونێکـی خـاوەن ئیـرادە، ئەمـەش بـە رۆڵـی خـۆی هێنـدەی زەمینـەی مێگـەل دروسـتکردن سـاز دەکات، نیـو ئەوەنـدە لـە خزمەتـی دروسـتکردنی تاکەکەسـدا نییـە، تاکێـک کـە ئـازاد و خـاوەن ئیـرادە بێـت لـە بڕیـاردان و هەڵاوێرکردنـی شـتەکان. بـە مانایەکـی تـر ئـەو دۆخـە لەگـەڵ خۆیـدا تـاک دەکاتـەوە بـە کۆیلەیەکـی دەستبەسـتە، کـە بـە تەنهـا لـە سـای رەحمەتـی تەلقینـی ئەوانـی تـردا خـۆی پێناسـە بکاتـەوە و رەفتـار و هەڵسـوکەوت بـکات.

ئەگـەر راسـتی (حەقیقـەت) لـە بنەڕەتـدا ئـەو ئاوێنـە شـکاوە بێـت، کـە سـوکرات باسـی دەکات و هـەر پارچـە و بەشـێکی لـە دەسـتی یەکێکمانـدا بێـت، کـە دواتـر بەیەکـەوە راسـتییەکی شـیاو و جوانتـر دروسـت دەکات، ئـەوا لـە کۆمەڵـگا نەریتگـەرا و باوەڕسـالارەکان ئـەو بۆچوونـە جارانـی سـفر دەکرێتـەوە، چونکـە لـەو چەشـنە کۆمەڵگایانـە هەمیشـە لـە ئاسـتی سیاسـی و کولتـوری و ئایینـی و تەنانـەت رووناکبیریـش هەناسـەیەک هەیـە بـۆ یـەک رەنگکردنـی دونیـا و ژیـان و مرۆڤـەکان، کۆمەڵگەایـەک بەنـاوی سـەیر سـەیرەوە جگـە لـە پیـرۆزی و تابـۆ و تەوتەمـی

جۆراوجـۆر هیـچ گوتارێکـی دیکـەی ژیـان دۆسـت و جیـاوازی خـواز پەخـش ناکاتـەوە، کـە هەمـوو ئـەو پیرۆزیانـەش هەریەکـە و لـەو کایانـەی ناومـان بـردن بـە شـێوەیەک و شـێوەیەکی تـر دەیکەنـە دەمامکـی مانـەوە و بەردەوامـی و خۆسـەپاندن، بـە جۆرێـک هەمیشـە بانگەشـەی بـوون و بەردەوامـی و جێگیـری تەنهـا یـەک تاکـە راسـتی دەکـەن، کـە رەنگـە خـودی ئـەو راسـتییە رەهایـەش بەشـێکی ناراسـت و سـاختە بێـت، کـە زۆرتریـن هەڵـە و ناتەندروسـتی بەرهـەم بێنـێ، دواجـار بەبـێ ئـەوەی هەسـت بکەیـن گەورەتریـن زیـان لـە بـوون و بەردەوامـی و مانەوەمـان دەدات، چونکـە هەمـوو ئـەو گوتارانـە دێـن و بەنـاوی مـوژدەی دونیایەکـی جوانتـر و لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی مـن و تـۆ و ئەوانـی تـر وەعزەکانیـان بـە نـاوی حەقیقەتـەوە دەبەشـنەوە، بـەڵام ئـەوە لـە بیـر خۆیـان دەبەنـەوە کـە «حەقیقـەت سوودبەخشـترین هەڵەیـە — نیتشـە«.

هـەر کۆمەڵگایەکیـش ئـەوە ئەتمۆسـفیری بیرکردنـەوە و دونیابینـی بێـت، دواجـار سـەر بـەرەو کوشـتنی جیاوازییـەکان و سـڕینەوەی فرەیـی دەکێشـێ، چونکـە ئەوانـەی بەنـاوی حەقیقـەت و شـەرعیەتی ئاسـمانی و شۆڕشـگێڕی و دەسـتەبژێری روناکبیـری دەیانـەوێ جڵـەوی عەقڵـی مرۆڤـەکان بکێشـن و بـەرەو ئـەو وەهمـە میتافیزیکییـەی خۆیـان ئاراسـتەیان بکـەن، کـە ناویـان نـاوە بەهەشـت و حەقیقـەت، لـەدوا وێسـتگە سـەری کۆمەڵگـە بـە گشـتی و شوناسـی تاکێتـی دەخـوا، تاکێـک کـە کـۆی دونیابینـی و ئـازادی و ئیرادەکانـی سـندم دەکرێـت و ناچـار بـە چوونـە نـاو قۆزاخـەی یـەک تاکـە مانـا و حەقیقەتـی ژیـان دەکـرێ. بۆیـە ئەگـەر لـەوە دەسـت پێبکەیـن کـە کەسـمان راسـت نیـن، یـان هەرنـا کەمتریـن رێـژەی راسـتییەکانمان لایـە و دەشـێ بەرامبەرەکانیشـمان هەڵگـری بـە شـێکی راسـتییەکانی تـر بـن، لـەوەش زیاتـر کار بـۆ بەیەکەوەژیـان و بەیەکـەوە هەڵگردنـی ئـەو راسـتی و حەقیقەتـە رێژەیـی و جیاوازانـە بکەیـن، ئـەوا باشـتر و زووتـر دەتوانیـن خۆمـان لـە تەونـی ئـەو دواکەوتنـە سیاسـی و داخرانـە کۆمەڵایەتییـە دەربـاز بکەیـن و بتوانیـن بڵێیـن ئێمـەش خەمـی نوێبوونـەوە و گەشـەکردن و پێشـکەوتنمان هەیـە.

## کوشتنی کۆیلەیی لە ویستی تاکگەرێتیدا

سروشـتێکی مرۆیـی هـەر کەسـێک ئەوەیـە، کـە بـەردەوام بـەدوای دڵنیایـی و ئاسایشـی خۆیـدا دەگـەڕێ، ئـەو گەڕانـە بـە دیوێکدا بەشـێکە لـەو بوونـە کۆمەڵایەتییـەی مـرۆڤ، کـە ناتوانـێ بەبـێ بـوون و هـاوکاری ئەوانـی تـر بژییـت، بـە دیوەکـەی تریشـدا جۆرێکـە لـە دەسـتبەرداربوون لـە بەشـێکی خودبـوون لـە پێنـاو مانـەوە و دڵنیایـی. روونتـر بڵێیـن هەمیشـە مـرۆڤ لـە ناوەوەیـدا ویسـت و هێزێـک هانـی دەدا بـۆ ژیـان لـە تـەک ئەوانـی تـر، تەنانـەت ئەگـەر زۆرجـار لەسـەر حیسـابی بەشـێک لـە بـوون و ئـازادی و ئیـرادەی خـۆی بێـت، ئەگـەر ئـەو ویسـتە هەڵقـوڵاوی هوشـیاری و بەرهەمـی دروسـت بیرکردنـەوە بێـت، تـا ئەوپـەڕی ئاسـاییە، بـەڵام ئەگـەر زادەی وەهـم و ترسـێک بێـت، کـە ئـەو کەسـە ناتوانـێ بەبـێ سـێبەری ئەوانـی تـر بژییـت، ئـەوە دوور نییـە سـەر بـەرەو کۆیلەبـوون بکێشـێ.

لێرەوەیـە کـە پێویسـتە مرۆڤـەکان، تاکەکەسـەکان، ئەوانـەی خولیـای خودئیرادەیـی و خودبـوون و ئازادیـان لـە خەیـاڵ دایـە، شـەڕێک لەگـەڵ ئـەو ویسـت و خـووە رەمەکییـەی ناوەوەیـان بکـەن، کـە هەمیشـە بەنـاوی مانـەوە و دابینکردنـی ئارامـی و ئاسـایش و دڵنیایـی بـەرەو کۆیلـە بوونیـان دەبـا، ئـەوە نییـە (لابۆتـی) دەڵـێ « خـۆ بەکۆیلەکـردن خـووە«.

لـەم دیدگایـەوە، کۆمەڵگەیـەک ئـەوە خـوو و بیرکردنـەوە و هەڵوێسـت و ئیـرادەی بێـت، بـەردەوام و بـۆ هەمیشـە لـە بـەردەم مەترسـی ئـەوە دایـە دیکتاتـۆر لـە ئاسـت و کایـە جیاوازەکانـی خـۆی بەرهـەم بێنـێ، تـا ئـەوەی لـە ئاسـت و کایـەی سیاسـیدا دوور نییـە زەمینەسـاز بێـت بـۆ هاتنـە کایـەی تۆتالیتاریـزم و کاراکتـەری تۆتالیتێـر، وەک ئـەوەی (پۆپـەر) دەڵـێ « گرنگتریـن هـۆی سـایکۆ – سۆسـیۆلۆژی درووسـتبوونی تۆتالیتاریـزم راکردنـی خەڵکـە لـە ترسـی ئـازادی و بەرپرسـیارێتی و حەزکردنیـان بـە ئاسـایش».

بۆیـە هەمیشـە بوارێـک بـۆ تـاک هەیـە کـە بـە هوشـیارییەوە بـە شـوێن ئـازادی و

ئیـرادە و بوونـی خۆیـدا بگـەڕێ لـە دەرەوەی هـەر تـرس و هەڕەشـە و هەژموونێکـی سۆسـی – سیاسـی و کولتـوری، ئـەوە ئەگـەر بـە هوشـیارییەوە بگاتـە ئـەو بڕوایـە کـە بـەو شـێوەیە بژییێـت کـە خـۆی دەیـەوێ، نـەک وەک ئـەوەی ئەوانـی تـر لێـی چاوەڕوانـن، کـە بەداخـەوە تـا ئـەو چرکـە سـاتەش گەورەتریـن دەردی کۆمەڵایەتـی ئێمـە ئەوەیـە، مرۆڤەکانمـان کەسـیان بـۆ خۆیـان و وەک ئـەوەی خۆیـان خەونـی پێـوە دەبینـن ناژیـن، بەڵکـو بـە شـێوەیەک و یەکێکـی تـر چوونەتـە ژێـر جەبـری گوشـارە کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و کولتورییـەکان. بـەو پێیـە گەورەتریـن جەنگێـک لـە بـەردەم مـرۆڤ (تـاک)ی کـورددا لـەو سـاتەوەختە مێژووییـەدا ئەوەیـە، کـە چـۆن خـۆی لـە کۆتـی هەمـوو ئـەو پیـرۆزی و تابـۆ و تەوتەمانـە رزگار دەکات و شـەڕەکە لەگـەڵ ویسـتی بێداری نـاوەوەی خـۆی دەباتـەوە، چونکـە بەبـێ بوونـی هێـز و ئیرادەمـان بـۆ راپسـکان لـە مەیلـی خۆبەکۆیلەکردنـی ناوەوەمـان و دەسـتبەردارنەبوونمان لـە ئـازادی و بوونـی خۆمـان بـە پاسـاوی ئاسـایش و دڵنیایـی، ئەسـتەمە ئـەو هەسـتە کۆنکرێتییـە تاکگەرییەمـان لـەلا دروسـت بێـت و گەشـە بـکات، کـە دواجـار مرۆڤـی ئـازاد و عەقڵـی ئـازاد و ئیـرادەی ئـازاد بەرهـەم دێنـێ، کـە ئەمـەش هەرگیـز پێچەوانـەی سروشـتی کۆمەڵایەتییانـەی مـرۆڤ نییـە و لەگـەڵ گیانـی بەیەکەوەژیـان و هـاوکاری و تەبایـی ناکـۆک نایەتـەوە، بـە قـەد ئـەوەی هەوڵێکـە بـۆ قوڵکردنـەوەی بـە یەکـەوە ژیانـی جیاوازییـەکان، روونتـر دەشـێ و پێویسـتە لەگـەڵ ئەوانـی تـر بـە جیـاواز بژیـن و بیربکەینـەوە و بڕیـار بدەیـن، بـە جۆرێـک کـە مـرۆڤ بـوون و تاکگـەری کەسـەکان لەسـەرووی هـەر ئیعتیبارێکـی تـر بێت .

کـە مرۆڤـی ئـازاد و ئیـرادەی ئـازاد و عەقڵـی ئـازاد و خـودی سـەربەخۆ دروسـت بـوون، نیشـتمانی ئـازاد و نەتـەوەی ئازادیـش نـەک نابنـە خـەون، بەڵکـو خـۆری هەڵاتنیـان زووتـر دەردەکـەوێ، لەبـەر ئـەوەی لـە مێـژوودا نەتـەوە و نیشـتمان و شوناسـێکی ئـازاد نادۆزیتـەوە، کـە بەبـێ مـرۆڤ و خودێکـی ئـازاد بەرهـەم هاتبـن!

## گوێ لە هاواری ناختان بگرن!

شتێک نییە بە قەد شوێنکاتی منداڵی شوێنەواری خۆی لە یادەوەری مرۆڤدا جێ بهێڵێت، ئەگەر منداڵی هەر یەکێکیشمان پڕی بووبێت لە نەهامەتی، کەچی هێشتا لە دوا وێستگەی تەمەندا ئەسەف بۆ چرکەساتەکانی ئەو رۆژانە دەخوازین، کە پڕبوون لە بەرائەت، لێوڕێژبوون لە یاری و تریقانەوە بە دەم ژیان، لێوانلێو بوون لە شەڕکردن لەگەڵ تینی خۆر و قرچەی گەرما و جەنگ لەگەڵ دڵڕەقی شەختە و تورەیی سەرمادا، تژی بوون لە بینینی خەون و ئومێد.

منداڵی زۆربەمان بەقەد شەرمنی ناو مەجلیس و بارتەقای ترسی بەردەمی باوک، کەچی لە دەرەوەڕا پڕبوو لە ئازادی و گەڕان بە دوای خۆدۆزینەوەدا، شوێنکاتێک هەموو نوزە و بزە و هیلاکی و ئاسوودەییەکانمان تێیدا بەجێماوە.

گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ منداڵی، گەڕانەوەیە بۆ سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە، گەڕانەوەیە بۆ ئەوەی گوناهەکانمان بشۆینەوە، هەڵەکانمان راست بکەینەوە، فۆڕمێکی دیکە بدەینەوە ژیان و بەرگێکی تر بەبەر بیرکردنەوە و رامانماندا بکەینەوە.

منداڵی رۆحێکە بە چەقاوەسوویی خۆی پێ بەپێی تەمەن، دەست بە ناوەوەی هەرزەیی و گەنجێتی و پیریمان دەگرێ و لە هەر چرکەیەکی تەمەندا، با بۆ چاوتروکانێکیش بێت، ئەگەری ئەوەی تێدایە لە سوچێکدا، لە تەنیاییەکدا، لە بوغرابوونێکدا، لە بێئومێدبوونێکماندا تیاماندا زیندوو بێتەوە..منداڵی سیحرێکی هەمیشە ئامادەی نێو خەیاڵدان و زەنگێکی بەردەوام بەکاری ناو یادەوەریمانە، هاوارێکە لە ناوەوەماندا و رۆحێکە بەسەری سپیشەوە لێمان جیا نابێتەوە، بۆیە ئاساییە بۆ چرکەیەک لەززەت لە کۆشی دایکمان وەربگرین و لە باوەشی خۆشەویستەکەماندا منداڵ بینەوە!

« ئێمەی مرۆڤ کڵۆڵ و بێبەزەیی و هیچین، وەلێ لە ناوەوەماندا گەوهەرێکی لە خۆمان بەرز و شکۆدارتری تێدا حەشار دراوە — کازانتزاکیس»، کە دوور نییە

ئـەو گەوهـەرە خـودی منداڵـی خـۆی بێـت، ئاخـر منداڵـی بـە سـادەیی و بەرائـەت و راسـتگۆیی و بـێ فیـزی خـۆی، سروشـتی مرۆییانەمانـە و گەوهەرێکـە لـە ناوەوەماندایـە، بۆیـە پێویسـتە هەمیشـە بـە دوای کڵاوڕۆژنەیەکـدا بگەڕێیـن، تاکـو لێیـەوە نیگامـان بـە چـرای ئـەو منداڵیـە بشـۆینەوە، چونکـە فێرمـان دەکات نرخـی ژیـان بزانیـن و هەنگاوێکـی تریـش لـە وەیشـوومەی مـردن دوور بکەوینـەوە و بەهایـەک بـۆ مرۆڤبوونـی خۆمـان و بەرامبەرەکانمـان دابنێیـن!

# بۆ ئاییندە.. بۆ نیشتمان

شتگەلێک کە هاووڵاتی لە نیشتمان دەتۆرێنێ و لە بەرامبەر دەسەڵاتدا پڕی دەکات لە تووڕەیی، بێدادی و نایەکسانییە. دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسی بۆ ئەوەی جێ متمانەی بەردەوامی هاووڵاتیان بێت و بیەوێت ئینتمای هاووڵاتیانی قووڵ بکاتەوە، دەبێ دوور لە هەر ئینتمایەکی بچووک و تەسک، بواری کار و ژیانی وەک یەک بۆ سەرجەم تاکەکان بڕەخسێنێ و بە چاوی یەکسان لەبەردەم یاسادا ڕووبەڕووی ئەرک و بەرپرسیارێتیان بکاتەوە. کەلێنەکانی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان ئەو دەم زیاتر دەبن، کە هاووڵاتی لە نیشتمان هەست بە نامۆیی بکات و لەلای دەسەڵاتەوە بە چاوی میوان سەیری بکرێ.

مرۆڤ شایستەی ڕێز و بەها بۆ دانانە، نەک بەزەیی پێداهاتنەوە، ئەو دەسەڵاتەی بە چاوی بەزەییەوە بڕوانێتە هاووڵاتیانی خۆی، گەرەکیەتی هەمیشە بیانکاتە چاولەدەست و سواڵکەری خۆی، تا بەردەوام بۆ قووتی ژیان لەبەر دەرگای ئەودا بنوزێنەوە، تا لە پشتی دەمامکی بەزەیی دەسەڵات، مرۆڤەکان ڕێز و بەها و بوونی مرۆییان بدۆڕێنن.

لە نیشتمانێکدا ورد و درشتی و هەریەکە و لە جێگەی خۆی و لە شوێنکات و لە سای هەلومەرجێکی دیاریکراوی ژێردەستەییدا، باجیان لە پێناو ئازادی دابێت، ئاسان نییە ئەمڕۆ بە دروشمی سۆزباوەوە تۆزی نەداری و نەهامەتی و هیلاکیان لە شاندا داتەکێنی، نەتەوەیەک بە گەنج و پیر و نێر و مێیەوە بە درێژایی مێژوو، گرەوی لەسەر خوێن و ماڵ و سامان و زۆرجار کەرامەتی مرۆیی خۆی کردبێت لە پێناو ڕزگاری، ئەستەمە ئەمڕۆ بەوە ڕازی بکەیت، کە یەکسانی و وەک یەکی یۆتۆپیا و وەهمن و زەمینە و زەمانێک نەبووە و نادۆزیتەوە تیایدا مرۆڤەکان وەک ددانی شانە وابووبن، بە تایبەتی کە دەبینێ دەستەبژێرێکی کەمی سیاسی بینی بە قورگی نیعمەتەکانی ژیانەوە ناوە.

بۆیە هەمیشە هەر دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسی، جا هەر ڕەواییەکی لە

پشــتەوە بێــت، ئەگــەر دواجــار پرســی نەهێشــتنی بێــدادی نەکاتــە ســتراتیژی کار و بەرنامەکانــی و بــە شــوێن ئــەو ســووچە تاریــک و جوگرافیــا پــەراوێزخراوانــەدا نەگــەڕێ، کــە تیایانــدا هاووڵاتییەکانــی لەوپــەڕی بێهوودەییــدا دەژیــن، ئاســاییە و دەبــێ چاوەڕێــی ئــەوە بێــت تاریکــی ئــەو ســووچانە چراخانــی تەختــی بکوژێنێتــەوە و خامۆشــی و بێدەنگی ئــەو کەلەبــەرە پــەراوێــز خراوانــە، عەرشــی هێمنــی پڕکــەن لــە ژاوەژاو و تێبــگات کــە « ئــەوەی نــان بــە یەکســانی لــە نێــوان منداڵەکانیــدا دابــەش نــاکات، گــەورەی مــاڵ نییــە — کازانتزاکیــس».

## گەمەی دیموکراسی!

وەک ئـەوەی دیموکراسـی تەنها بریتـی نییـە لـە ملکـەچ بوونـی بـێ چەند و چوونـی کەمینە بـۆ ئیـرادەی زۆرینـە، بـە هەمـان شـێوەش ئامانـج لـە دیموکراسـی بـە تەنهـا ئـەوە نییـە، کـە گوایـە سیسـتەمی حوکمڕانـی گەلـە، ئیتـر بـە هـەر شـێوازێکەوە بێـت، راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ، چونکـە ئـەوە بـە تەنهـا گەمەیەکـی زمانەوانـی و بەلاغەتێکـی سیاسـییە، بەتایبەتـی لـە رۆژهەڵاتـدا بـۆ چاوبەسـتکردن و کوێرکردنـی هوشـیاری خەڵـک رەواجـی پێـدەدرێ، بەڵکـو دیـوی راسـتەقینەی دیموکراسـییەت لەوپەڕیـدا بریتییـە لـەوەی چـۆن وا بکەیـن سیسـتەمێکی فەرمانڕەوایـی بێنینـە بەرهـەم، کـە بەبـێ خوێنڕشـتن، ویسـت و ئیـرادەی دەسـتبەرداربوونی هەبێـت لـە دەسـەڵات. بـە مانایەکـی تـر بانگەشـە کردنمـان بـۆ دیموکراسـیبوون تەنهـا بـۆ ئـەوە نییـە تـا دەسـت لـە کورسـی دەسـەڵات و عەرشـی فەرمانڕەوایـی گیـر دەکەیـن، بەقـەد ئـەوەی دەبـێ دیموکراسـی بوونمـان بەشـێک بێـت لـە عەقڵیـەت و پـەروەردەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەخـلاق، تـا سـبەی بەرگـەی نەبردنـەوە بگریـن و بـە شـێوەیەکی ئاشـتییانە دەسـتاو دەسـتی دەسـەڵات بکەیـن، ئەمـەش رێـک ئـەو وەرچەرخانـە جەوهەرییەیـە لـە پرسـیاری پێویسـتە کـێ حوکـم بـکات؟ بـۆ پرسـیاری پێویسـتە چـۆن حوکـم بکرێ؟ کە لـە دونیابینـی سیاسـیدا روویـدا.

ئەمـە ئەلـف و بێـی سـەرەتایی تێگەیشـتنە لـە دیموکراسـی، ئەگـەر وانەبـوا کـێ گللەیـی لـە هیتلـەر دەکا، ئاخـر ئەویـش لـە رێگـەی دیموکراسـییەوە گەیشـتە دەسـەڵات، بـەڵام دواجـار ئاکامـی ویسـتە نەرجسـییەکانی بـۆ کورسـی عـەرش، جیهانـی نقوومـی خوێـن کـرد و مرۆڤایەتـی رووبـەڕووی گەورەتریـن کارەسـات کـردەوە. ئێسـتاش کـەم نیـن لـە رۆژهەڵاتـدا ئـەو هێزانـەی لـە رێگـەی دیموکراسـی، یـان لـە رێگـەی شـەرعیەتی شۆڕشـگێڕییەوە دەسـتیان بـە بینـی دەسـەڵاتەوە گرتـووە و بـە مـوو دەستبەرداریشـی نابـن، کـە دواجـار بـەو دونیابینییەیـان کۆمەڵگەکانـی خۆیـان و دەوروبـەر و جیهانیـان تووشـی نەهامەتـی و ئاڵـۆزی کـردووە.

بۆیـە سـادەترین پێناسـەی دیموکراسـی و حیکمەتـی هـەر گـەورە لـە دیموکراسـیبوونی

کەس و هێز و لایەن و دەسەڵاتێک ئەوەیە، تا چەندە بڕوای بە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵاتە و ویستێکی ئەخلاقی و ئیرادەگەری هەیە بۆ دەستبەرداربوون لە عەرشی دەسەڵات.

## یەك لیستی و بەرژەوەندی گشتی!

ئێستا کە بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق دەچین و هێشتا کۆمەڵێک کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا بە هەڵواسراوی و بەبێ چارەسەر ماونەتەوە (ئەگەر خەمساردی و خۆبواردن نەبوا، رەنگە بەشێکیان بە ئاکام گەیشتبان)، دیسانەوە گوتاری سیاسی کوردی خەریکە فووی یەک لیستی و یەک هەڵوێستی و بەرژەوەندی گشتی تێدەکرێتەوە.

بە بڕوای ئێمە بەرژەوەندی نەتەوەیی (کە ناویان ناوە گشتی) و یەک هەڵوێستی لەبەرامبەر بەغدا بۆ کورد لە یەک لیستیدا کورت نابێتەوە، بەقەد ئەوەی یەک هەڵوێستی نەتەوەیی بریتییە لە چەندێتی و چۆنێتی مەبدەئیانەی پابەندبوونی هێزەکان بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پێداگیریان لەسەر ئەو مافانە لە ژێر هەر فشارێک و لەسای هەر هەلومەرجێکدا بێت. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ دەیەوێ وەهمێک بخاتە سەرمانەوە، کە یەک لیستی واتە یەک هەڵوێستی و یەک ریزی، لە گەمەیەکی سیاسی زیاتر شتێک نییە کە دەیکات لە پێناو بەردەوامی دان بە هەژموونی گوتار و دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی خۆی لە ناو کایەی سیاسی کوردستاندا.

ئەزموونەکانی رابردوو تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت ئەو راستییەمان پێ دەڵێن، کە کایەی سیاسی کورد لە بەغدا ئەوەندەی پەرۆشی بەشینەوەی ئیمتیاز و کورسی دەسەڵاتەکان و پۆستی سیادی بووە، نیوەی ئەوە شەڕی لەسەر کێشە چارەنووسسازەکان نەکردووە. شەڕکردن لەسەر ئەو مافانە، کە بە یاسا و دەستور بۆ کورد زامن کراون، بەوە ناکرێ کە بڵێیت بەغدا نایەوێ ئەو کێشانە چارەسەر بکات و تەگەرە دەخاتە بەردەم هەنگاوەکان، بەڵکو بە بایکۆتکردنی بەغدا و فشاری سیاسی و جەماوەری ئەو شەڕانە دەکرێن، بۆیە هیچ لەو بیانوانە ناتوانن پاساوی خەمساردی دەسەڵاتی کوردی و نوێنەرانی لە بەغدا لەم بارەیەوە بدەنەوە.

ئەگەر راشکاوانەتر قسە بکەین، دەتوانین بڵێین ئەو دۆخە ئاڵۆزەی نێوان

هەولێـر و بەغـدا لـە بنەڕەتـدا پەیوەنـدی بـە بانێکـە و دوو هــەواو و بـە دوو پێوانــە مامەڵەکردنـی کـوردەوە هەبـووە لـە تــەک چەمکـی تەوافـوق، نــەک بـە غیابـی یــەک لیسـتی، بـە جۆرێـک کـورد لـە بەغـدا خوازیـاری تەوافـوق و لـە کەرکـوک خوازیـاری باڵادەسـتی بـووە، بــەو مانایــەی لــەوێ پۆسـتە سـیادییەکان وەک شــەریکە بەشــی (عیراقـی نـوێ!) بـە کەمینــەی دیموکراسـی بباتــەوە و بـۆ نموونـە لـە کەرکوکیـش بـە مەشـروعیەتی جوگرافـی و مێژوویـی و مەزلومیەتـی سیاسـی، بـە دیموکراسـی زۆرینــە باڵادەسـت بێـت (ئـەوە ئەگـەر نەڵێیـن تاکڕەو بێـت)، ئیتـر یـەک لیسـتی چـۆن فریـای چارەسـەری ئـەو نەخۆشـییە دەکـەوێ، مەگـەر تەنهـا رۆحیـەت و پابەنـدی مەبدەئـی و ئەخلاقیانـە نەبـێ بـە دەسـتگرتن بـە مافەکانــەوە، نــەک بـە کورسـییەکان!

## بەدحاڵیبوون لە ئازادی

هــەژدە ســاڵی ڕەبەقــە درۆ لەگــەڵ خــودی خۆمــان و کۆمەڵگەکەمــان و دەوروبەرمــان دەکەیــن، ســادەترین و نزیکتریــن نموونــەی درۆکردنیشــمان ئــەو دروشــمە زەبەلاحانانــەن، کــە بــۆ خاتــری ڕازی کردنــی ئەوانــی تــر فڕێیــان دەدەیــن. درۆی ئــەوەی ئێمــە کۆمەڵگەیەکیــن لــە بارمــان دایــە دیموکراســی و مەدەنــی و کــراوە بیــن، کۆمەڵگەیەکیــن دەتوانیــن ســنورەکانی نێــوان ئــازادی و بەرپرســیارێتی نەبەزێنیــن، کۆمەڵگەیەکیــن درۆی شــاخداری یاســاپارێزی دەهۆنینــەوە.

دێیــن و بەبــێ خوێندنــەوەی دروســتمان بــۆ واقیعــی کۆمەڵایەتــی و کولتــوری و کۆمەڵگەکەمــان، دەمانــەوێ وا نیشــانی دونیــای دەرەوەی خۆمــان بدەیــن، کــە کۆمەڵگــەی ئێمــە زەمینــە و ئەتمۆســفیرێکی لەبــارە بــۆ پرۆســەکانی کرانــەوە و پێشــکەوتن، ئێمــە خەریکــی بازادنێکیــن کــە ئاکامەکــەی لــە ئاســتی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و تەنانــەت کولتوریشــدا، ئەگــەر لــەوەی ســۆڤیەت ترســناکتر نەبــێ، موژدەبەخــش تــر نییــە.

هەموومــان پەرۆشــی ســوپەر ئازادییەکــی عەیــار بیســت و یەکــی پوختتــر لــەوەی ڕۆژئاوایــن، کەچــی بوێــری ئەوەمــان نییــە ددان بــەوەدا بنێیــن کۆمەڵگەکەمــان لــە ئاســتی هوشــیاری و پەیوەندییــە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی هێشــتا لــە قۆناغــی بەرلــە مۆدێرنــە و شۆڕشــی پیشەســازی و تەکنەلۆژیایــە.

ئەوەتــا بەنــاوی ئــازادی مافــی ئــەوە بــە خۆمــان دەدەیــن دەســتدرێژی بکەینــە ســەر کەســایەتی و پیرۆزییەکانــی بەرامبەرەکانمــان، ئەگــەر بەشــێکی ئــەو دەســتدرێژیانە پەرچەکــردار بــن، ئــەوا بەشــێکی هــەرە زۆریشــی لەوەوەیــە کــە لــە مانــا و نــرخ و ڕەهەنــدە ئەخلاقییەکانــی چەمکــەکان نەگەیشــتووین.

« ئــازادی بریتییــە لــە دەرچــوون لــە هەندێــک سیســتەم و پیادەکــردن و ڕێزگرتــن لــە هەندێک سیســتەمی تــر — برتراند راســل»، کەچــی ئێمــە دێیــن بەنــاوی تێکشــکاندنی تابــۆ و تەوتــەم و نەریتــە بــاوەکان، دەســت بــۆ تێکشــکاندنی مرۆڤــەکان و ڕووشــاندنی کەرامەتیــان دەبەیــن. ئەگــەر ئــازادی لــە بەشــێکیدا بریتــی بێــت لــە مومارەســەکردنی

ئیرادەگەرییانـەی ویسـتی مرۆڤـەکان بـۆ دەربازکردنـی رەوشـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بـاو، ئـەوا لـە بنەڕەتـدا بریتییـە لـە هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی و کارکـردن بـۆ بەرهـەم هێنانـی بەهـا و نۆرمـی جیـاوازی ژیـان و مرۆڤدۆسـتانەتر لـەوەی هـەن. ئـازادی رەتکردنـەوەی یاسـا و بەرپرپرسـیارێتی و رەهابـوون نییـە، بەڵکـو خـودی ئـازادی پێویسـتی بـە هوشـیاری و چوارچێوەیەکـی یاسـایی و ویژدانـی هەیـە، بـە پێچەوانـەوە و لـە دەرەوەی ئـەو تێگەیشـتن و کارکردنـە، کۆمەڵگـە سـەر بـەرەو ئـاژاوە و تێکچـوون دەکێشێ.

## چێژ و غەریزە لە گۆرانیدا

رەنگــە زۆربەتــان لەگەڵــم کــۆک بــن، کــە هونــەری گۆرانــی و مۆســیقای کــوردی لــەم رۆژگارەدا خەریکــە نــەک میزاجــی کــوردەواری، بگــرە میزاجــی هونــەری و جــوان بیستنیشـمان تێـک دەدات. ئاخـر جـاران گۆرانـی کـوردی پـڕی دەکردیـن لـە نەشـئە و چێــژی بیســتن، ئەمــە لــە کاتێکــدا بــوو کــە بــەراورد بــە ئەمــڕۆ لــە رووی ســتۆدیۆ و تەکنیکەکانـی تـر لـە ئاسـتێکی نزمـی کوالێتـی دابـوو، کەچـی ئێسـتا گۆرانـی کـوردی دەیـەوێ غەریزەمـان بەسـەر هەسـت و سـۆزە مرۆییەکانـدا زاڵ بێـت، کەمتریـن گۆرانـی دەبیسـتی ناوەوەمـان بێنێتـە قسـە و هەسـتمان بجوڵێنـێ، زۆربـەی هـەرە زۆری گۆرانـی ئەمـڕۆ (یـەک دوو هونەرمەنـدی لـێ دەربکـە) ناگەنـە داوێنـی گۆرانـی دوێنـێ.

گۆرانــی وەک یەکەیەکــی هارمۆنــی، کــە هەمــوو پێکهاتەکانــی تەواوکــەری یەکتــرن (مۆسـیقا، تێکسـت، ئــەدای هونــەری هونەرمەنــد...)، بەداخــەوە لــەو شــتەی ئەمــڕۆ ناویـان نـاوە هونـەری گۆرانـی و مۆسـیقا هەمـووی نـا ئامـادەن، تێکسـتی مـردوو کـە هەناسـەی ژیانـی بـۆ دانـە رۆژێـک ناکێشـێ، ئاوازێـک سـەرت پـڕ دەکا لـە ژاوەژاو، دیمەنی بـێ مانـای لەنجـەولاری کـچ گەلێـک، کـە جگـە لـە بازرگانـی کـردن بـە جەسـتەیان، هیـچ خەونێکـی مرۆیـی و چێژبەخشـی هونـەری لـە پشـت نمایشـەکانیانەوە نابینـرێ، سـیما و رووخسـاری ئەمـڕۆی گۆرانـی کوردیـن.

دیـارە ئـەو قسـانەمان بـە هیـچ جۆرێـک دژ بـە کرانـەوە و گەشـەکردنی هونـەری مۆسـیقا و گۆرانـی نایەنـەوە، کـە لەگـەڵ ئەمـڕۆی پێشـکەوتنی ژیـان بێتـەوە، بـەڵام دەبـێ ئـەوە بزانیـن کـە پێشـکەوتنی هونـەر لـە رۆحـی هونـەر خۆیدایـە، نـەک لـە رووخسـار، بـە جۆرێـک دەشـێ تێکسـتێکی کلاسـیک لـە میانـی ئاوازێکـی مۆسـیقی هونـەری مۆدێرنـدا رۆحێکـی مەزنـی هونـەری بەبـەردا بکـرێ، کـە بێگومـان ئـەوەش سـەلیقە و لێهاتوویـی هونـەری هونەرمەندەکانـی دەوێ.

هـەر بـۆ نموونـە و بـەس، ئەمێسـتا (عەدنـان کەریـم) لـە یـەک کاتـدا سـەلیقەی ئـەوەی هەیـە رۆحـی زینـدوو بکاتـە بـەر تێکسـتێکی کلاسـیک و تێکسـتێکی نوێـش

ئاودامـان بـکا لـە چێـژی هونـەری، بەراسـت ئـەوەی ئـەو هونەرمەنـدە مەزنـە دەیـکا سـیحرە، یـان عیشـقی هونـەر و داهێنـان؟ ئـەوە پرسـیارێکە بـۆ شـارەزایانی ئـەو بـوارەی جێدەهێڵـم.

لـەو ئاسـتانەیەدا دەپرسـم کامـە گۆرانـی کـوردی ئەمـڕۆ، چێـژی هونـەری و داهێنانـی گۆرانییەکانـی (سـەید عەلـی ئەسـغەری و خالقـی و ماملـێ و مـەردان و دیـلان و هـەردوو کابانەکـە و سـێوە و خاڵـە تایـەر و تەحسـین تەهـا و محەمـەد شـێخۆ و ڕەزازی و ئەیـاز و ئەردەوان.......)مـان پێدەبەخشـن و پڕمـان دەکـەن لـە نەشـئە و لەگـەڵ ناخمانـدا دێنـە گـۆ و لـە ناوەوەمانـدا دەمـان جوڵێنـن؟

ڕەنگـە ئـەوەی ئەمـڕۆ (عەدنـان کەریـم و خالیـد ڕەشـید و دیـاری قەرەداخـی و حەمـە ڕەئـوف و بەهجـەت یەحیـا و چەنـد دانـە هونەرمەندێکـی تـر) دەیکـەن بچنـە دەرەوەی ئـەو هاوکێشـەیە، ئاخـر مـن وای دەبینـم ئەوانـە بـە عیشـقەوە کار دەکـەن، عیشـقێک پڕیەتـی لـە سـوتان بـۆ هونـەر و لێوڕێـژ لـە خەمـی تێکسـت و نەغمـە و ئـاواز، ئـەوان پەروانـە گەلێکـن لەبـەر تیـن و چـرای شـەمی هونـەردا ئامـادەی سـوتانیان تێدایـە بـۆ داهێنـان، ئەوانێـک گەرەکیانـە بـە جوانییەکانـی هونـەری مۆسـیقا و چڕیـن گۆشـمان بکـەن و بـە سـیحری نێـو تێکسـتەکان و تەلیسـمی نێـو نۆتـەکان ئاشـت و ئاشـنامان بکەنـەوە، ئـەی باشـە ئـەو ژاوەژاو و گەرەلاوژێیـەی تـر نـاو بنێیـن چـی و کـێ لێـی بەرپرسـە؟

## ئۆپۆزسیۆن لە نێوان ئەرك و دروشمدا!

بە داخەوە ئەوەی لە ساڵانی رابردوودا ناوی لە خۆی نابوو ئۆپۆزسیۆن، پێیەکی لە ناو دەسەڵات و ئەوەی تری لە ناو خەڵک بوو، بەڵام پێدەچێ ئەمجارەیان هاوکێشەکان جیاواز بکەونەوە، بۆیە زێدەتر ئۆپۆزسیۆن دەکەوێتە ژێر چاویلکەی چاودێری پرسیارەکان.

لەمڕۆدا ئۆپۆزسیۆن وەک هێزگەلی سیاسی و بزووتنەوەی جەماوەری جیاواز دەرکەوتوون، کە قەبارە و کاریگەری هەر یەکێکیان لەوی تر جیایە، کە تیایدایە خۆی یەکلاکردۆتەوە و هەر زوو بۆ کورسییەک و ئیمتیازاتێک لە دروشمەکانی سەروەختی بانگەشەکانی هەڵبژاردن پەشیمان بۆتەوە، هەندێکیان تا ئەو چرکەیەش راڕان، هەندێکیشیان خۆیان یەکلا کردۆتەوە کە وەک ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی بەشداری سیاسی وڵاتدا بەشداربن، بەڵام پێدەچێ هێشتا ئەوانیش وەک پێویست شوناسی خۆیان نەدۆزیبێتەوە.

بێگومان لە بنەڕەتدا ئۆپۆزسیۆن هۆکارێکی گرنگی سەقامگیری سیاسی و راگرتنی باڵانسی نێوان دەسەڵات و خەڵک و هاوکارێکیشە بۆ ئەوەی حکومەت باشتر کار و ئەرکەکانی راپەڕێنێ. بۆیە ئەرکی سەرشانی ئەو هێز و لایەنانەیە کە دەیانەوێ رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕن، ململانێ ئایدیۆلۆژی و حزبییە بچوکەکانیان نەگوازنەوە نێو حەرەمی پەرلەمان و وەک پەرچەکردارێک لە بەرامبەر ململانێی حزبی رابردوودا رەش و سپی لە کارەکانیان تێکەڵ نەکەن. بۆ ئەمەش پێویست دەکا ئەو راستییە بزانرێ، کە مەرج نییە هەر تەرح و پرۆژەیەک کە ئۆپۆزسیۆن دەیخاتە روو، واقیعی و پراگماتیکین و دەسەڵات ناچارە ملکەچیان بێت، بە پێچەوانەی ئەوە، مەرجە دەسەڵات بە گیانێکی وەرزشی و لە پێناو سەرکەوتنی بەرنامە و پرۆژەکانی خۆی بە جددی گوێ لە ئۆپۆزسیۆن بگرێ و جار جار تاوتوێ و بەراوردی پرۆژە و پێشنیارەکان بکەن. وەکو تر دەبێ ئۆپۆزسیۆن بەشی ئەوە هوشیاری هەبێت کە شتێکی راست نییە لە ئێستاوە بڕیاری پێشوەختە لەسەر ئایندەی حوکمڕانی

لـەو وڵاتـە بـدرێ، بـە پێچەوانـەوە بـۆ ئـەوەی وێنایەکـی روونترمـان لـەو بارەیـەوە بـۆ دروسـت بێـت، تـا سـبەی خوێندنەوەیەکـی تەندروسـت بـۆ هـەردوو کایـەی دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن و رۆڵەکیـان بکەیـن، دەبـێ چاوەڕێـی دەسـتبەکاربوونی کابینـەی نـوێ و جـۆری ململانـێ و رووبەڕووبوونەکانیـان بیـن.

## قسه هەزاره دووانی بە کاره!

ڕەنگـە ئـەو دوو سـاڵەی ڕابـردوو هێنـدەی هیـچ بابـەت و تەوەرێـک قسـە لـە سـەر گەندەڵـی نەکرابێـت، کەچـی کەمترینـی ئـەو نووسـین و وروژانـدن و قسـە لەسـەر کردنانـە پەنجەیـان بـۆ چارەسـەرێکی گونجـاوی دیاردەکـە ڕاکێشـاوە.

بـەڕای ئێمـە جومگەیەکـی هـەرە هەسـتیاری تەشـەنەکردنی ئـەو دیاردەیـە لـە ئاسـتی بەڕێوەبردنـدا لـەو بۆدجـە و میزانیەیەدایـە، کـە بـۆ فەرمانگـە و بەڕێوەبەرێتییەکانـی حکومـەت تەرخـان کـراوە، کـە بـە داخـەوە تـا ئێسـتا بـە کەمتریـن فلتـەری پێداچوونـەوە و کۆنتـرۆڵ و لێپرسـینەوەدا ڕەت بـوون. ئاخـر ڕێژەیەکـی زۆری پـارەی ئـەو دەزگا و دامەزراوانـە (کـە بەشـێکیان خـاوەن سـەرچاوەی داهاتـی تایبەتیشـن) بـە کاری تەشـریفاتی خـەرج دەکرێـن، لـە حاڵەتێکیشـدا کـە چاودێرییەکـی دارایـی ورد و لێپێچنەوەیەکـی یاسـایی و کارگێـڕی دروسـت و پشـکنینێکی وریـا نەبێـت، ئەسـتەمە بـەر بـە تەشـەنەکردنی ئـەو دیاردەیـە بگێـرێ لـەو نێوەندانـەدا، کـە بڕێکـی زۆری پـارەی حکومەتـی تێدەڕژێـت.

بـەو پێیـە و لـە ڕوانگـەی ئەزمونەکانـی ڕابـردوو، دەکرێ لـەم خولـە نوێیـەی پەرلەمـان و دەسـتبەکاربوونی کابینـەی شەشـەمدا لـە ڕێگای لیژنـە گەلێکـی پشـکنین و چاودێـری کارا و بێلایـەن، چاودێـری جـۆر و چییەتـی خەرجـی ئـەو دامەزراوانـەی حکومـەت بکـرێ و بـە شـەفافی ڕاپۆرتـە داراییەکانـی مانگانـە و سـاڵانەی ئـەو دەزگایـان ئەمدیـو و ئەودیـو بکرێـن و بخرێنـە بـەردەم میدیـا و ڕای گشـتی، بـۆ ئـەوەی دواجـار بـۆ حکومـەت و پەرلەمـان ڕوون بێتـەوە، کـە ئـەو پارەیـەی لـە گیرفانـی حکومـەت دەڕژێتـە ئـەو شـوێنانە هـەروا بـە فیـڕۆ و بـێ فلتـەر و لێپرسـینەوە و وردبینـی نـەڕوا، لـە تەکیشـیدا پەرلەمـان و حکومـەت بـە وردی شـوێن هـەواڵ و بەدواداچوونـی کاری دەزگاکانـی میدیـدا بکـەون، کـە تایبەتـن بـە ئاشـکراکردنی دیوێکـی ئـەو گەندەڵیانـەی لـەو نێوەندانـەدا دەکرێـن، چونکـە پرۆسـەی شـەفاف کردنـی کار و هەنـگاو و بڕیارەکانـی حکومـەت و ڕێگرتـن لـە گەندەڵـی ئـەرک و بەرپرسـیارێتییەکی هاوبەشـی دەزگاکانـی چاودێـری

و پشـکنین و لێکۆڵینـەوەی حکومـەت و کەناڵەکانـی ڕاگەیاندنـە، لەمەشـدا پێویسـت دەکات ڕۆژنامەنـووس و ڕاگەیاندنـکاران دوور لـە تەسـفیەی حیسـاباتی تایبەتـی و کەسـی و بەرمەبنـای پرەنسـیپ و بنەمـا ئەخلاقـی و پیشـەییەکانی کاری ڕۆژنامەگـەری چـاوی تیژبینـی ئـەو کەلێنانـە بـن، کـە لێیانـەوە ئەگـەری ئەوەیـان لـێ دەکـرێ هـۆکار و دەروازەیـەک بـن بـۆ گەندەڵـی و بـە فیڕۆدانـی پـارەی حکومـەت و میللـەت.

## توركيا و دوو فاقییەتی سیاسی!

دوای زیاتـر لـە هەشـتا سـاڵ چەوسـاندنەوە و سـەرکوتکردنی کـورد، دوای نزیـک بـە سـەدەیەک زمـان بڕیـن و بێبەشـکردنی مرۆڤـی کـورد لـەوەی بـە ئـازادی بپۆشـێ و بئاخڤـێ، دوای گۆڕانـی هەلومەرجـی سیاسـی ناوچەکـە و دونیـا و بێئومێدبوونـی لـەوەی ببێتـە بەشـێک لـە یەکێتـی ئەوروپـا، دوای ئـەوەی لەنـاوەوەی خۆیشـیدا دۆزی کـورد بـووە رۆژەڤـی سـەر زاری نووسـەر و رۆژنامەنووسـانی تـرک، پـاش ئـەوەی دەوڵەتـی تـرک تێگەیشـت، ماوەیەکـە بـە تاکتیکێکـەوە دێـت و دەیـەوێ بـاری شـانی قەیـران و کێشـە سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـی سـووک بـکات، بـەڵام هەمـوو ئەوانـەی ناکەنـە جـددی نەبوونـی لەسـەر گۆڕیـن و هەموارکردنـی مـاددە و بڕگەکانـی دەسـتوور، بـە تایبەتـی ئەوانـەی پەیوەندیـان بـە نکۆڵیکـردن لـە بوونـی جیـاوازی ئیتنـی و ئایینـی و مەزهەبـی و کولتورییـەوە هەیـە لـە ترکیـا.

ئـەوەی ئێسـتا ترکیـا دەیـکات لـە مانۆڕێکـی سیاسـی زیاتـر نییـە بـۆ رازیکردنـی ئەوانیتـر، واتـە شـینی ئـەو بـۆ هەریسـەیە نـەک حەسـەن و حوسـەین، ئـەو دوو فاقیەتـەی رۆژانـە لـە گوتـاری سیاسـی دەوڵەتـی ترکـدا دەیبینیـن، کـە لـە گوفتـار و دروشـمدا شـتێکە و لـە رەفتـاردا شـتێکی تـر، راسـتی ئـەو بۆچوونانەمـان دەسـەلمێنێ، لەلایـەک داوای چارەسـەری ئاشـتییانەی دۆزی کـورد دەکات، لـەولا بڕیـاری بەردەوامـی دان بـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی بۆسـەر کوردسـتان درێـژ دەکاتـەوە.. لەلایـەک بـۆ چاوبەسـتەکی دونیـا کەناڵێکـی کـوردی زمـان دەکاتـەوە، لـەولا (میدیـا)ی نـۆ سـاڵان لەسـەر بـە کـوردی قسـەکردن دەداتـە دادگا.. لەلایـەک باسـی ئـەوە دەکات کـە ترکیـا دەوڵەتـی هەموانـە و بـا کـوردان دەسـتبەرداری چـەک بـن و بکەونـە خەباتـی مەدەنـی و دیموکراسـی و ئاشـتییانە، لـەولاش رۆشـنبیران و چالاکوانانـی مەدەنـی و کاراکتـەرە سیاسـییەکان و ئەندامانـی (DTP) لـە پەرلەمـان، کـە رۆژێـک لـە شـاخ نەبـوون و شـەڕیان نەکـردووە، بـە بڕیـاری زۆرەملـێ راپێچـی بـەردەم پۆلیسـخانە و دادگا دەکات و دەیـان ئاخنێتـە زیندانـەکان.. لەلایـەک داوای دۆسـتایەتی و هـاوکاری

هەرێمایەتـی دەکات، لـەولاش پـڕۆژەی جەهەننەمـی دادەڕێـژێ بـۆ وشـککردنی وڵاتانـی هاوسـێی و گرتنــەوە سـەرچاوەکانی ئـاو لـە سـەریان.. لەلایـەک و بـۆ موجامەلــەی عـەرەب لـە رێگـەی درامایەکـەوە ئیسـرائیل بریندار دەکات، لـەولاش رێککەوتننامـەی سـەربازی و سیاسـی و ئابـووری سـتراتیژی لەگـەڵ تەلئەبیـب مـۆر دەکات.

نهێنـی ئـەو دوو فاقیەتـەی سیاسـەتی تـرک لـەوە دانییـە، کـە دەیـەوێ چاوبەسـتی خەڵـک و دونیـا بـکات و لـە بـاری دابێـت بڕیـاری یەکلاکـەرەوە لـە بـارەی پرسـەکانەوە بـدات، بەڵکـو لەوێدایـە کـە دەیـەوێ بـە ماسـکی دروشـم و هوتافـەوە دیـوی دووەمـی راسـتەقینەی دەسـەڵاتی ترکیـا بشـارێتەوە، کـە تـا ئێسـتاش جڵەوگیـری دەسـەڵاتە لـەو وڵاتـەدا، کـە ئەویـش دەسـەڵاتی میلیتـاری ژەنەڕاڵەکانـە و لەبەردەمـی هەژمـوون و کەڵەگایـی ئەوانـدا پەرلەمـان و حکومـەت کائینێکـی دەسـتەپاچە و بەسـەزمانە، بۆیـە تـا لـە ترکیـا بـە جـددی کار لەسـەر گۆڕیـن، یـان هەمووارکردنـی دەسـتوور نەکـرێ و دەسـەڵاتی عەسـکەرتاری دەسـتبەرداری ئـەو عەقڵیەتـە کودەتایـی و پـان تۆرانیسـتەی نەبێـت، دەیـان و سـەدان ئەردۆغانـی تریـش بێـن، ناتوانـن لـەوەی کـە (بوڵەند ئەجەوید)ی بـە رەگـەز کـورد بـۆ کـوردی کـرد، شـتێکی شـیاو و دیموکراسـی تـر بکـەن!

## گەنج بوون ئیرادەیە نەك نوزانەوە!

گەنـج بـوون بـە تەنهـا بریتـی نییـە لـە قۆناغێکـی دیاریکـراوی تەمەنـی مـرۆڤ، کـە زیاتـر بـارگاوی بێـت بـە خـەون و خەیاڵـی غەریزەیـی، ئەگـەر توێژێـک کـە گەنجـی پـێ دەڵێـن و نـاو لـە خۆیـان دەنێـن نـەوەی نـوێ و خەونـە مرۆیـی و کۆمەڵایەتییەکانیـان لـە تێرکردنـی لایەنـە غەریزییەکانیانـدا دەبیننـەوە و بـە تێرکردنـی ئـەو خواسـتانەیان کێرڤـی تورەیـی و نارەزایەتیـان بەرامبـەر دەسـەڵات و کۆمەڵگـە و کولتـور دادەبەزێتـەوە ژێـر پلـەی سـەدی، ئـەوا ئـەو کائیانەنـە، جگـە لـەوەی جێـی پرسـیار و گومانـن، هـاوکات مایـەی بەزەیـی پێـدا هاتنـەوەن.

لــە راســتیدا گەنــج بــوون بریتییــە لــە توانــای بیرکردنــەوە و خــەون بینیــن بــە دونیایەکـی جوانتــر و ئیــرادەی پرســیارکردن و رووبەڕووبوونــەوە و بەرگەگرتــن، بــەو پێیـەی دیوێکـی گەنـج بـوون بریتییـە لـە ویسـتی بـەردەوام بـۆ گـۆڕان و نوێبوونـەوە لـە سـتایلی ژیـان و بیرکردنـەوە، ویسـت و ئیرادەیـەک دواجـار لـە رێگەیـەوە ئـەو کائینـە شوناسـی مـرۆ بوونـی خـۆی بدۆزێتـەوە و سـێبەری تەوتەمەکانـی کولتـور و ترادسـیۆنی بـاو تێـک بشـکێنێ و فۆرمێکـی تـر لـە بەهـا و دونیابینـی بەرهـەم بێنـێ، کـە بـە هۆیانـەوە کاریگـەری بەسـەر نوێبوونـەوەی سـتایلی ژیـان و بیرکردنـەوەی کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و تەنانـەت سیاسـیش هەبێـت، ئەگـەر گەنـج بـوون هەڵگـری ئـەو رۆحیەتـە نەبێـت و خـۆی وەک منالێکـی سـاوا نیشـان بـدات و بنوزێتـەوە، ئـەوا دەرفەتـی زیاتـر دەداتـە کۆمەڵگـە و دەسـەڵات، کـە لـە ئاسـتی کولتـوری و سیاسـیدا بـوون و بەهـاو کەسـایەتییەکەی بهـاڕن و شوناسـەکەی بشـێوێنن و بیکەنـە کائینێکـی دەسـتەپاچە، کائینێـک لـە بەرامبــەر ژێرکردنـەوەی نوزانەوەکەیـدا بوێـری راپسـکانی نەبێـت.

ئەمــەش ئــەو راســتییە دەســەلمێنێ کــە رۆحــی یاخیبوونــی گەنجێتــی ئەوەنــدە بەرهــەم و زادەی تەمەنێکـی دیاریکـراو و روخســارێکی پۆشـتە نییــە، بەقــەد ئــەوەی زادە و بەرهەمـی بـەرەوام بیرکردنـەوە و پرسـیار و گومـان کـردن و ویسـتی نوێبوونـەوە و ئیــرادەی گۆڕینــە، ئــەوە بۆیــە شۆڕشــی خوێنــدکاران و لاوانــی فەرەنســا پڕیەتــی

لـە ویسـتی ژیاندۆسـتی گەنجانـە، چونکـە ئیـرادەی خـۆی نەداوەتـە دەسـت قـەدەر و تەلقینـی سـەروەرییەکانی ئەوانـەی باسـتیلیان روخانـد و بـە بوێرییـە هاواریـان کـرد و بەیەکـەوە ئـەو گۆرانیەیـان چـڕی « هـاوڕێ ئـاوڕ مـەدە دواوە پیـری لـە پشـتتەوەیە.. ئـەوە مانگـی مایۆیـە و دەبـێ دیـوارەکان گـوڵ بگـرن!».

# کورد و جینۆساید

جولەکەکان تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت، ساڵانە ئەڵمانیایان ناچار بە تەرخانکردنی بەشێک لە بودجەکەی کردووە، بۆ قەرەبوو کردنەوەی تاوانی هۆلۆکۆست و کاریکەرییەکانی بەسەر مرۆڤی جولەکە. تەیمورییەکان توانیان ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییانەی بەرامبەریان ئەنجام دران، بکەنە هەوێنی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان ، رواندی و یوگسلافییەکان توانیان تاوانبارانی جەنگی وڵاتەکانیان بدەنە دادگا و بە سزای خۆیانیان بگەیەنن. ئەرمەنەکان خەریکە دۆسیەی قەتڵوعامی خۆیان لەلایەن ترکەکانەوە لە دۆسیەی (هۆلۆکۆست) زێدەتر دەبەنە پێش، هیچ کامیش لەو نەتەوانە خۆیان نەدایە دەستی قەدەری نوزانەوە و پاساوی ئەوەی بەرامبەرەکانیان داوای لێبوردنیان لێبکەن!

لەبەر ئەوەی لە یاسای نێودەوڵەتی پەیوەست بە پرۆسەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانەکان بە بەسەرچوونی ماوە (اسقاط) ناکرێن. واتە کاریگەرییە ترسناکەکانی ئەو تاوانانە بە گۆڕانی شوێنکات کۆن نابن، بۆیە هەمیشە ئەگەر قوربانییەکان ویستی دەستەبەرکردنی مافەکانیان هەبێت، دەتوانن دەست بەو دۆسیانەوە بگرن و دۆسیەکانیان هێزی ئەوەیان هەیە دونیای پێ بخەنە بەردەم بەرپرسیارێتی یاسایی و ویژدانی، بە مەرجێ بە پشت بەستن بە ئاماری وردی قوربانییەکان و لێکەوتە و زیانە ماددییەکان رووبەڕووی دونیا ببنەوە و بێداریان بکەنەوە.

ئەوەی تا ئێستا کورد لە ناساندنی کارەسات و پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیاباران کردوویەتی، تەنها نوزانەوە بووە، بە چەشنێک هێندەی کراونەتە دەسەسڕی سواڵ، ئەوەندە کردنی نەبووە بە کەیسێک، یان بە چەکێک بۆ دەستەبەرکردنی زۆر مافی بنەڕەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی، کە لە ئاستی دونیادا ددانیان پێدا بنرێز واتە لە بری ئەوەی ئەو کەیسە ئامانج بێت، کراوەتە ئامرازێک بۆ نیشاندانی مەزڵومییەت و راکێشانی سۆز و بەزەیی پێداهاتنەوەی بەرامبەرەکانمان. لە کاتێکدا

(کیمیابـاران، ئەنفـال، سـووتاندنی تـەڕ و وشـکی ئاوابییەکانـی کوردسـتان و وێـران کردنیـان)، کـە لـە بنەڕەتـدا بـە ئامانجـی سـڕینەوەی نەتەوەیـی ئەنجـام دراون، بـە پێـی هەمـوو پێـوەر و بنەمـا یاسـاییە نێودەوڵەتییـەکان دەچنـە خانـەی جینۆسـاید. تەنانـەت لەمـڕۆدا بـە جینۆسـاید ناسـاندنی ئـەو تاوانانـەی دەرهـەق کـورد کـراون، هێزێکـی یاسـایی و تەشریعیشـی لـە پشـتە، کـە وەک جینۆسـاید ددانـی پێـدا نـاوە ( دادگای بـاڵای تاوانەکانـی عیـراق+ ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عیـراق)، بـەڵام هەوڵـی دڵسـۆز و لێبڕاوانـەی دەوێ بـۆ ئـەوەی دۆسـییەکە ببردرێتـە بـەردەم رای جیهانـی، لـە رێـگای ئامـاری ورد و بەڵگـەی سـەلمێنەرەوە ناچـار بکرێنـن کـە جگـە لـەوەی وەک جینۆسـاید ددانـی پێـدا بنێـن، هـاوکات لـە دادگایەکـی تایبەتـی نێودەوڵەتیـدا ئەنجـام دەرانیـان بـە سـزا بگەیەنـن. بەتایبەتـی کـە بەشـێکی زۆری تاوانبـاران ئێسـتا دەسـتی دەسـەڵاتی عیراقیـان ناگاتـێ و کوردیـش توانـای بەسـەر راپێـچ کردنیـان ناشـکێ.

# منداڵ و تەلەفزیۆن

لەگـەڵ هەمـوو ئـەو سـوود و بایەخـە زانسـتییانەی تەلەفزیـۆن لـە فـراوان کردنـی ئاسـۆی بیرکردنـەوە و بینینـی منـداڵ هەیەتـی، لەگەڵیـدا چەندیـن کاریگـەری نەرێنـی لـە ئاسـتی تەندروسـتی و پەروەردەییـدا بەسـەر کەسـایەتی منـداڵ هەیـە، ئـەوە بـە تایبەتـی ئەگـەر خێـزان بـە شـێوەیەکی دروسـت لـەو بـوارەوە مامەڵـە لەگـەڵ منداڵەکەیـان نـەکات.

واز لـەوە بێنـن لـە بـاری تەندروسـتیدا چەندیـن لێکۆڵینـەوە جەخـت لەسـەر مەترسـییەکانی تەلەفزیـۆن دەکەنـەوە بـۆ سـەر تەندروسـتی منـداڵ، لـە بەرامبەریشـیدا ئەگـەر عەقڵـی بەڕێوەبردنـی پشـت تەلەفزیۆنـەکان شـتێک لـە بـارەی سروشـتی پەروەردەکردنـی منـداڵ و بـارە سـایکۆلۆژییەکەی و توانـا کەسـییەکانی شـارەزا نەبێـت، ئـەوا بـۆ خـۆی کارەسـاتێکە بـۆ منـداڵ ، ئاخـر منـداڵ نـە تەنهـا لـە ئاسـتی توانـای بیرکردنـەوە، بگـرە لـە ئاسـتی زمانیشـدا پێویسـتی بـە مامەڵەیەکـی زۆر جیاوازتـر هەیـە لـە گـەورەکان، چ جـای لـەو بابـەت و بەرنامانـەی پێشکەشـی منـداڵ دەکرێـن.

سـادەترین نموونـە لـەم بارەیـەوە ئەگـەر وەربگریـن فیلمـی کارتۆنـە، کـە دونیـای تایبەتـی منداڵـە و لـە ڕێگەیـەوە فێـری سـەدان شـت دەبێـت، جـاران ئەگـەر تامـەزرۆی ئـەوە بوویـن فیلمـی کارتۆنـی کـوردی، یـان هەرنـا دۆبلاژکـراوی کوردیمـان هەبێـت، کەچـی خەریکـە لـەم ڕۆژگارەدا لـەو خـەون بینینەمـان پەشـیمانین، چونکـە ئـەوەی ئێسـتا لـە پرۆسـەی دۆبلاژکردنـی فیلـم کارتـۆن دەیبینیـن و لـەو فیلـم کارتۆنانـەی لـە زۆرێـک لـە شاشـە تەلەفزیۆنـەکان پەخـش دەکرێـن و بـە تایبەتیـش لـەو سـیدیانەی لـە بازاڕەکانـی کوردسـتان لـەو بـوارەدا دەفرۆشـرێن دوور نییـە لـە ئاسـتی پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتیـدا کارەسـاتێکمان بـۆ بنێنـەوە. وەرگێـڕان و دۆبلاژکردنـی بێسـەروبەر، زمانێکـی بـازاڕی پـڕ جنێـو و قسـەی پڕوپـووچ، دەسـتەواژەگەلێکی نامـۆ بـە دونیـای منـداڵ و بەرائەتەکـەی. ئـەوەی ئەمـڕۆ دەیبینیـن بازرگانـی کردنێکـی ترسـناکە بـە ئایینـدەی نەوەیـەک و زیاتریـش، کـە لـە بـازاڕی سـیدی فرۆشـانی کوردسـتاندا دەیبینین،

چـش لـەوەی بـە داخـەوە زۆرجاریـش بـە ئاگایـی بێـت، یـان بـە نائاگاییـەوە، هەنـدێ کەناڵـی تەلەفزیۆنیـش بوونەتـە بازاڕێکـی هـەرزان بـۆ سـاخکردنەوەی ئـەو کاڵا پووچانـە. زۆرینـەی ئـەو فیلـم کارتۆنانـە جگـە لـەوەی منداڵەکانمـان فێـری جنێـو و زمـان پیسـی دەکـەن، هـاوکات هانیشـی دەدەن بـۆ کۆمەڵـێ رەفتـار، کـە وێـڕای ئـەوەی لەگـەڵ کەسـایەتی و تەمەنـی منـداڵ نایەنـەوە، لـە ئاسـتی کۆمەڵایەتیشـدا زۆر بێـزراون.

بۆیـە لـەو نێـوەدا ئەرکـی وەزارەتـی رۆشـنبیری و کەناڵـە تەلەفزیۆنییـەکان و تەنانـەت داواکاری گشتیشـە کـە بێنـە نـاو پرسـەکە، بـۆ ئـەوەی چیتـر رێگـە بـە کۆمەڵـێ بانـدی چەرچـی و بازرگانـی بێویـژدان نـەدرێ، بەنـاوی هونـەری دۆبلاژکـردن و لەسـەر حیسـابی تێکدانـی میزاجـی گشـتی و بەلارێدابردنـی منـداڵان، گیرفانیـان گـەرم بکـەن و رەواج بـە بـازاڕی کاڵا پووچەکانیـان بـدەن، کـە بێگومـان لـە ئاییندەدا خـودی کۆمەڵگـە لـە ئاسـتە پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی و کولتورییەکەیـدا بـاج دەدات، چونکـە نـەوەی سـەقەت، کۆمەڵگەیەکـی سـەقەت ئـاوا دەکات و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتـی و مرۆیـی و ژیاندۆسـتەکانی تێـک و پێـک دەدات، کـە منداڵیـش نـەوەی سـبەیە و هەمـوو هیـوا و ئومێدەکانـی ئاییندەمانیـان لەسـەر بونیـاد دەنێیـن، پێویسـتە مشـورێک بخۆیـن!

## کورد و زمان.. کورد و شۆڕش

ڕەنگــە ئەوەنــدەی شــۆڕش و قوربانیــدان و زیاتریــش، مانــەوە و بەردەوامــی کــورد پەیوەســت بووبێــت بــە بەرگریکردنــی کــورد لــە زمــان و فەرهەنــگ و کولتــوری خــۆی، لەوەشــدا دەیــان نموونــەی زیندوومــان لــە مێــژووی دونیــا و نەتــەوەکان هــەن، ئەوانــەی نەیانتوانــی لــە ئاســت هەژمــوون و باڵادەســتی نەتــەوەی سەردەســت، دەســت بــە زمانەکەیانــەوە بگــرن و دواجــار لــە نــاو بۆتــەی گەلانــی سەردەســتدا توانــەوە.

کەوابێــت زمــان وەک بەشــێکی گرنــگ لــە بەهــا و شووناســی نەتەوەیــی، دەکــرێ بــە کۆڵەگــەی ســەرەکی پاراســتن و مانــەوە و بەردەوامــی نەتــەوە بژمێردرێــز مێــژووی بەرخۆدانــی کــوردان بــە درێژایــی داگیــرکاری کوردســتان و ژێردەســتەیی کــورد و ســڕینەوەی دوژمنــان لــە بەرامبــەر کــورددا (کــە هەرگیــز لــە لایەنــی ژمــارە و توانــای مرۆیــی و لۆجیســتی، کــورد لــە ئاســتی دوژمنانــی نەبــووە)، ئــەو ڕاســتییەمان بــۆ دەدرەخــا، کــە بــۆ کــورد جگــە لــە چیــا، دەســتگرتنی بــە زمــان و فەرهەنــگ و کەلەپــوری نەتەوەیــی خــۆی، قەڵغنێکــی پتــەو بــووە لــە بەرامبــەر سیاســەتەکانی ســڕینەوە و زەوتکردنــی شووناســدا.

لــە کاتێکــدا تــا ئێســتا نابینیــن کــورد خاوەنــی یــەک زمانــی ســتاندارد بێــت، کــە هەمــوو کــورد لــە بــواری نووســین و خوێندنــدا بــەکاری بهێنــن، هەرگیــز بــە زیــان و کێماســی بــۆ ســەر خــودی شووناســی کوردبــوون نەشــکاوەتەوە، ئەگــەر ڕۆژێکیــش کــورد ببێتــە خاوەنــی دوو زمانــی ســتانداردیش ئاسایــیە، چونکــە زۆرێــک لەوانــەی گوایــە لــە خەمــی زمانــی یەکگرتــوو دان، ئەمــڕۆ لــە پــاڵ ماســکی ناوچەگەرێتــی و هەرێمچێتــی دەیانــەوێ ببنــە باعیســی پەرتەوازەیــی کــورد. واتــە ئــەوەی دوژمنــان لــە ڕابــردوودا نەیانتوانــی بیکــەن، ئــەوان ئەمــڕۆ بــە بەلاغەتێکــی شــەیتانییانە، کــە تەنهــا بۆنــی پەرتکــردن و ناکۆکــی لێــدێ، بیخەنــە ســەر ســفرەی دوژمــن.

بــۆ کــورد و نەوەکانــی شــەرم و شــورەییەکی گەورەیــە، کــە لــە هــەر پارچەیەکــی کوردســتان بــن، بــە زمانــی نەتــەوەی سەردەســت قســە بکــەن و زمانــی دایکــی خۆیــان

ون بکەن، کە دواجار لە ڕێگای ئەم پرۆسەیەوە دەکرێ بڵێین بوونی کورد دەبێتە وەهەم و ئەوانەی بە زمانی دایک گۆش ناکرێن لە رووخسارردا کوردن و لە ناخ و بیرکردنەوە و زماندا عەرەب و ترک و فارسن. ئەو خەباتە نەپساوە و پڕ سەرکێشییەی ئەمڕۆ لە باکوور لە پێناو بە فەرمی ناساندنی زمان و فەرهەنگ و کەلەپوری کورد دەکرێن کاریگەری لە دەیان داستان و قارەمانێتی نێو شۆڕش و سەنگەرەکان زیاترە، چونکە دواجار لە ڕێگای زمانی نووسین و دەربڕینی دایکەوەیە سەرکەوتن و نووشوستییەکان بۆ نەوەکان دەگوازینەوە. روونتر بڵێین لە ڕێگای ئەو زمانەوە دەتوانین بەهایەک بدەینەوە بە شووناسی نەتەوەیی و نەوەکان پابەند بەو رەگە قووڵە مێژوویی و فەرهەنگی و کولتورییانەی کوردبوونەوە بکەین.

کەوابێت با لە بری ناشیرینکردنی یەکتر و بە کەم سەیرکردنی شێوەزارەکانی یەکتری، کە نیشانەی دەوڵەمەندی و گەنجینەی نەتەوەیی کوردن، ڕێز لە شێوەزار و ئاخاوتن و کەلەپور و رۆشنبیری یەکتری بگرین و لە هەوڵی بەردەوامی لە یەکتر نزیککردنەوەی شێوەزارەکاندا بین، لە پێناو سەرلەنوێ یەکخستنەوەی جەستەی هەلا هەلای کورد، ئەویش بە بڕیاری سیاسی نا، بەڵکو بە هوشیاری کولتوری و فەرهەنگی، کە لەسەر حیسابی زاڵکردن و سەپاندنی شێوەزارێک، شێوەزارێکی تر نەخەینە ژێر پێ و فەرامۆشی بکەین.

چ عەیبێکە کورد لە باکوور و باشوور و پارچەکانی تر هەست نەکات، کە ئەوە رەگی مێژوویی و جوگرافی و فەرهەنگی و کولتورییە کۆیان دەکاتەوە و لە بری ئەوە بە عەقڵییەتی نەخۆشی ناوچەگەرێتی و هەرێمچێتی بنازن!

## ڕێز و ڕاز!

دەڵێن مرۆڤ شایستەی ڕێزە، نەک بەزەیی، ئاخر بەزەیی پێدا هاتنەوە بە مرۆڤ جۆرێکی دیکەیە لە بە بچوک سەیرکردنی و هەوڵێکیشە بۆ بەکۆیلە و بێدەنگ کردنی. کەوابێت هەموو مرۆڤێک لە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابێت و سەر بە هەر ڕەنگ و ڕەگەزێک بێت شایستەی ڕێز لێگرتنە، لەگەڵ ڕێزگرتن لە کەسایەتییەکەی، مافی هەر کەسێکیشە ڕێز لە بەهرە و توانا و بەرهەمی بگیرێ و بەرز بنرخێنرێ.

لە دوای ڕاپەڕینەوە چ لەلایەن حکومەت، یان نێوەندە ڕووناکبیری و هونەرییەکانەوە، ڕێزگرتن لە ماندووبوون و کۆششی بەهرەمەند و خاوەن توانایەکان بۆتە نەریت، ئیتر بە بۆنە و بەبێ بۆنە، لە شوێنکاتی جیاوازدا ڕێز لە خەڵکانێک گیراوە، کە لە کایەی جیاوازدا کاریان کردووە و دەیکەن. قسەی ئێمە لێرە لەسەر چییەتی و چۆنییەتی ڕێزگرتنەکە و ئەو کەسانە نییە، کە تا ئێستا ڕێزیان لێنراوە و خەرمانەی بەرهەم و کارەکانیان بەرز نرخێنراوە، بەڵکو لەسەر جۆری بیرکردنەوەی کەس و لایەن و دەزگا ڕێزلێنەرەکانە بۆ جۆری کار و ئەو کەسانەی ڕێزیان لێ دەنێن.

تا ئێستا کە جێگەی دەستخۆشییە زۆرترینی ڕێزگرتنەکان لە هونەرمەندان بوون، تاک و تەراش لێرە و لەوێ هەندێ نووسەر ڕێزیان لێگیراوە و لەسەر بەرهەمەکانیان خەڵات کراون، ئەو کایە و کاراکتەرانەی لەو نێوەدا زۆر کەمتر ئاوڕیان لێ دراوەتەوە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان بوونە.

دیارە کوردستان ڕۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموونی جوانی لە تەمەن و ڕەگەزە جیاوازەکان کەم نییە، جا مەرج نییە بیرکردنەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسە لەگەڵ فلان حیزب و سەرکردە، یان فیسارە دەزگا و بەرپرس دێتەوە یا ناکۆکە، یاخود کەسێکە بە ساڵداچووە یان گەنج، گرنگ ئەو خزمەتەیە کە لە بواری کاری خۆی پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکات لەسەر تەواوی ئاست و کایەکان، بەتایبەتی لە

بواری قوڵکردنەوەی ژیانی دیموکراسی و فراوانکردنی پانتاییەکانی ئازادی رادەربڕین و تەبایی کۆمەڵایەتی و قەبوڵکردن و بەیەکەوەژیانی جیاوزییەکان.

من دڵنیام هەر یەکێک بە جددی و بەرمەبنای هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر نەتەوە و نیشتمانەکەی لە بوارێکدا کاربکات، چاوەڕێی خەڵات و پاداشت ناکات، بە تایبەتیش رووناکبیر و نووسەر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسان، بەڵام کاتێک هەوڵێکی لەو چەشنەش دەبێ، هەق وایە هەموو ئەو کاراکتەرانە رۆڵیان لەبەرچاو بگیرێ و لە نێو هەمووشیاندا خاوەن توانا شیاو و بەرهەمە شایستە و پەیامە ژیان و مرۆدۆستییەکان لەوانە جیا بکرێنەوە کە دەخیلن بەسەر بوارەکەوە و قەدەری بێکارییەک هێناونیەتە ئەو ناوە، ئاخر (هەموو سمێڵ سورێکیش هەمزاغا نییە!).

# دەنگی ئازادی لە زینداندا

داگیرکەرانی کوردستان، ئەوانەی بەزۆری زۆردارەکی بەشێکی کوردستانیان بۆ خۆیان پاوان کردووە، هەر بەتەنها کوشتنی تێکۆشەران و راگواستنی خەڵکی کورد و تێکدانی ئاواییەکانیان نەکردۆتە چەکی سەرکوتکردنی دەنگی ئازادیخوازی نەتەوەییمان، بەڵکو هەمیشە گرتوخانەکانیشیان چەکێکی دیکەی کاریگەری دەستیان بووە بۆ لە ئیرادەخستنی مرۆڤی کورد. دوژمنان لە نێو زیندانەکانیاندا و لە رێگەی ئەشکەنجە و ئازاری جەللادەکانیان بەردەوام بوونە و بەردەوامن لەسەر چاوترساندنی رۆڵە تێکۆشەرەکان و تا ئەوەی کە زانیویانە بڕوای پتەوی زیندانییەکان وەک کێو وایە و ئیرادەی خۆڕاگریان ئەو لوتکە سەرکەشانەن لەبەردەم زۆری و ستەم و چەوساندنەوەیاندا ناچەمێنەوە، دواجار پەتی سێدارە و گوللەبارانیان کردۆتە دوا چارەسەر.

بەقەد ژمارەی شەهیدەکانی سەنگەر، ئەرشیفی زیندانەکانیش پڕیانە لە ناوی ئەوانەی سەربەرزانە چوونەتە بەر پەتی سێدارە و چاویان لەبەرامبەر جەللادەکانیان نەنووقاندووە و بە عیشقەوە سنگیان بۆ دەستڕێژی گوللەباران کردۆتەوە. خەباتی زیندانییەکان و ئەوانەی بە ئازایەتییەوە بەرگەی ئەشکەنجەیان گرتووە، ئەگەر لە پێشمەرگایەتی و شەڕەکانی سەنگەر مەزن و سەختتر نەبووبێت، کەمتر نەبووە و نییە.

لەمڕۆشدا ژوورە نوتەک و دیوارە سەختەکانی زیندان سەنگەری هەرە لە پێشەوەی تێکۆشانی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی رۆڵەکانی کوردن لە بەرامبەر داگیرکەراندا، کە دەیانەوێ بە هەر شێوەیەک بێت کورد دەستبەرداری نەک تەنها شوناسی کورد و کوردستانی بوونی خۆی، بەڵکو دەستبەرداری شکۆمەندی و کەرامەتی مرۆییانەی خۆیشی بێت.. زیندانەکانی (ئیمیرالی و ئەوین و عەدرا) لە تورکیا و ئێران و سوریا، نزیکترین نموونەی ئەو تێکۆشانە سەختە و خۆڕاگرییە بێ وێنەیەی تێکۆشەرانی کوردن، کە ئەمڕۆ لەبەرچاوی ئازادیخواز و دیموکراسیخوازانی

دونیــادا بوونەتــە ســیمبولّی قارەمانێتــی رۆلّەکانــی کــورد و مۆرێکــی رەشیشــن بــە تەوێلّــی داگیرکەرانــدا.

رۆژ نییــە لــە زیندانــی ئیمیرالــی گورگــە بۆرەکانــەوە لــە بــاری ســایکۆلۆژییەوە ســوکایەتی بــە کەســایەتی و ئیــرادەی بەرێــز (عەبدولــلّا ئۆجــەلان — رێبــەری تەڤگــەری رزگاریخــوازی کــورد لــە باکــور) نەکــرێ و لــە زیندانەکانــی دیکــەی ترکیشــدا کچــان و کــوڕان رووبــەڕووی ئــازار و ئەشــکەنجە نەکرێنــەوە، ئەوەتــا رۆژ دوای رۆژ لــە زیندانەکانــی رژێمــی ئاخونــدی و بــە تایبەتــی لــە زیندانــی ئەوینــی تارانــەوە ملــی کــوڕان و کچانمــان دەکــرێ بــە دارەوە و لــە گرتووخانــەی عــەدرای ســوریای عەفلەقیشــدا تــا دێــت رێوشــوێنە ئەمنــی و یاســا ســەرکوتکارەکان تونــد و توندتــر دەبــن و رۆلّەکانمــان رووبــەڕووی زەبروزەنــگ و توندوتیــژی جەســتەیی و دەروونــی دەبنــەوە.

لێــرەوە هاوخەباتــی کــوردان لــە هــەر کوێیــەک بــن، بــۆ ئــەو تێکۆشــانە شــکۆمەندەی رۆلّەکانیــان و ریســواکردنی رەفتــاری دژە ئــازادی و دیموکراســی دوژمنەکانمــان بەرپرســیارێتییەکی هەنووکەیــی نەتەوەیــی و نیشــتمانییە و دەکــرێ لــە رێــگای میدیــا و چالاکــی مەدنــی و دیموکراســییەوە بەشــداری ئــەو تێکۆشــانەیان بیــن و دەنگــی کپکــراوی نێــو زیندانــەکان بــە دونیــا بگەیەنیــن و بەیەکــەوە لەگــەلّ زیندانیەکانمــان بــە دوژمنــان بلّێیــن:

بیــری ئــازادیــم لــە زیندانــا فــراوانتــر دەبــێ<br>
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە

## دەوڵەتی قووڵ و ڕۆژنامەنووسی ترسنۆك!!

دواجـار دادگای دەسـتوری ترکیـا، کـە درێژکـراوەی گوتـاری دەوڵـەتـی قوڵـی کەمالیـزم و لـە ئاسـتی بیرکردنـەوەی کەمالـی و پـان تۆرانـی جمکـی دەزگای عەسـکەرییە ، بڕیـاری داخسـتنی (دەتەپە)یـدا، لـەوەش سـەمەرەتر حەسـانەی ئەنـدام پەرلەمانێتـی لـە ئەحمـەد تـورک و هاوڕێیەکـی وەرگرتـەوە و یەکەمیانـی بـە بڕیارێـک بـۆ مـاوەی پێنـج سـاڵ لـە چالاکی سیاسـی بێبـەش کـرد، ئەمـە و جگـە لـە سـزای (٣٧) چالاکوانـی تـری دەتەپـە و کردنـەوەی فایـل بـۆ (٢١٩) ئەندامـی تـری حزبەکـە.

ئێسـتا بـە دوور خسـتنەوەی ئـەو دوو ئەنـدام پەرلەمانتـارە، جگـە لـە (٧٥) جاشـەکەی پارتـی داد و گەشـەپێدان لـە پەرلەمـان (کـە بەنـاو کـوردن)، تەنهـا (١٩) ئەنـدام پەرلەمانـی دەتەپـە وەک بڵندگـۆی هەقبێـژی داخوازییـە نەتەوەییەکانـی کـورد مـاون، کـە دوور نییـە ئەوانیـش دەسـت لـەکار بکێشـنەوە.

ئـەو بڕیـارەی دادگا ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ زەلاڵ دەکا، کـە هێشـتا و دوای (٨٨) سـاڵ و بەنـاو کرانـەوەی دیموکراتیـش، کەچـی عەقڵیەتـی شـۆفینی کەمالیسـتی و پـان تۆرانیسـتی و ئایدیۆلۆژیـای دەوڵەتـی قـوڵ بەسـەر کـۆی بیرکردنـەوە و بڕیـاری سیاسـی ترکیـادا زاڵ و هەژموونگـەرە. سـاڵی (٢٠٠٨) کـە خەریکبـوو بڕیارێکـی لـەم چەشـنە بـۆ داخسـتنی دەتەپـە دەربچـێ، لەبـەر هەلومەرجـی سیاسـی دواخـرا و تـا ئـەوەی لـە گەرمـەی بانگەشـەکانی حکومەتـی ئـەردۆگان بـۆ پـڕۆژەی کرانـەوەی دیموکراسـی لـە ترکیـا دادگا تەقیـەوە و خـۆی نەگـرت و نەچـووە ژێربـاری هیـچ هەلومەرجێـک و بـوون و مافـی کـوردی پـێ قەبـوڵ نەکـرا.

دیـارە داخسـتنی دەتەپـە هەرگیـز بـە مانـای کۆتایـی هاتنـی دۆزی کـورد و تێکۆشـانی نەتەوەیـی نایـەت لـە باکـوری کوردسـتاندا، بەڵکـو کـورد لـەو پارچەیـە هەمیشـە توانـای ئـەوەی هەیـە هێـزی سیاسـی و گەلێـری خـۆی لـە فـۆڕم و شـێوازی تـردا ڕێـک بخاتـەوە و بـە ناوێکـی دیکـە و بـە گوڕوتینێکـی زیاتـرەوە بێتەوە سـەر شـانۆی سیاسـی. ئەگـەر ئـەو بڕیـارە بـە دیوێکـدا زیانـی بـە پرۆسـەی بەرەوپێشـچوونی دۆزی کـورد

گەیاندبێ، ئەوا دوو بارتەقای ئەوە زیان بە خودی ترکیا دەگەیەنێت، چش لەوەی حکومەتەی ئەردۆگان لە شەرمەزاری زیاتر شتێکی تری بۆ نەمایەوە. چونکە کورد لە ناو پەرلەمانی ترکیا و لە ئیمیرالی و قەندیک دەستپێشخەرییەکەی دایە ترکان خۆیان، واتە کورد لەو پارچەیە ئیرادەی خۆی دایە دەست سیاسەت و ژیان و چالاکی و خەباتی سیاسی، ئەگەر لە ئاییندەشدا پەرچەکردارەکانی کورد خراپیش بکەونەوە (کە کورد هەرگیز ئەو یارییە ترسناکە ناکات)، ئەوا دەبێ ترک و پاشماوەی عەقڵیەتییە شۆفینییەکەی دەوڵەتی قوڵی کەمایزم و دامەزراوە عەسکەری و بەناو دەستورییەکانی باجی کاردانەوەکان بدەن.

سەیر لەوە دایە تا کێرڤی زەقبوونەوەی کێشەکە و گوتاری بەناو کرانەوەی حکومەت لە بەرزبوونەوە دابوو و هەندێ هەنگاوی ئەرێنی هاتنە پێش، لەشکرێک نووسەر و رۆژنامەنووسی ترک شولیان لێ هەڵکێشا و لە پشتی دەمامکی دیموکراسییەوە لە کورد زیاتر کورد دەرکەوتن، کەچی کە ئاستی کێرڤەکە دیوی دووەم، یان کۆنەستی یادەوەری ئەوان و دونیابینی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کۆنکرێتی کەمالیزم برینداری کرد، هەموویان متەقیان لێ برا و لە بەرامبەر بڕیاری دادگادا چونەوە قاوغی خۆیان و بوونەوە بەهەمان لەیستۆکەکانی دیوەخانی عەقڵیەتی پان تۆرانی و میلیتاریستی ترکیا و کوڕە دڵسۆزەکانی کۆماری نوێ و ئەتاتورک، رەنگە ئەو بڕیارەی دادگای دەستوری کەمالیزم پەندێکی باش بێت بۆ ئەو هەرزە سیاسی و رۆشنبیرە کوردانەی بە هەنگاوەکانی ئەم دواییە شاگەشکە ببوون و پێیان وابوو، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کوردانی باکور چیاکان چۆڵ بکەن و دەستبەرداری چەک بن و بچنەوە سەر خوانی گفتوگۆ لەگەڵ ترکان. ئاخر ئەوە قەندیل وا ئاوەدانە و بە پەرۆش و دڵگەرمییەوە گرووپی ئاشتی باوەش بە ئاشتبوونەوە و تەبایی و چارەسەری دیموکراسی و سیاسی دەکەن، ترکان ئاوا بێشەرمانە دەرگاکانی سیاسەت و چارەسەری ئاشتی و دیموکراسی دادەخەن، گەلۆ ئەگەر قەنیل و لوتکەکان چۆڵ کران، تۆ بڵێی ئەمجارە ترک چۆن و بە چ شێوەیەکی مۆدێرن دۆزی کورد و کوردەکان زیندەبەچاڵ بکەن؟

## له کێ دەدرێ و کێ سووک دەبێ؟

بـە گوێـرەی راپۆرتـی لیژنـەی پاراسـتنی رۆژنامەنووسـان نێودەوڵەتـی ئەمسـاڵیش کێرڤـی کوژرانـی رۆژنامەنووسـان بـەراورد بـە سـاڵی ٢٠٠٨ لـە (٤٢) رۆژنامەنووسـەوە بـۆ (٨٦) رۆژنامەنـووس زیـادی کـردووە. دوور نییـە دەسـتدرێژی و لێدانی رۆژنامەنووسـانیش چەنـد هێنـدەی ئـەو رێژەیـە بێـت، چونکـە هەرنـا لـە کوردسـتان بـە چـاوی خۆمـان بینیمـان و دەبینیـن چ سـوکایەتیەک بـە رۆژنامەنووسـان دەکـرێ، هـەر لـە پێنەدانـی زانیـاری و داخسـتنی دەرگاکان بەڕوویانـدا بگـرە، تـا دەگاتـە رێپێگرتـن و هەڕەشـە لێکـردن و لێـدان. جـا ئەگـەر لـەو بسـتە زەوییـە ئـاوا بێـت، دەبـێ لـەو سـەر زەوییـە پـان و بەرینـە چ حەشـر بـە رۆژنامەنووسـان بکـرێ؟!

بـۆ مـن گرنـگ نییـە فـلان رۆژنامەنـووس، یـان فیسـار نووسـەر لـە کـوێ و چـۆن کار دەکات، بـە قـەد ئـەوەی هـاوکار و هاوپیشـەین، پێـم وایـە کەسـێکیش کـە خـۆی بـە رۆژنامەنـووس نـاوزەد بـکات و زەڕەیـەک لـە خەمـی ئـازادی رادەربڕیـن دابێـت و لـە ئاسـتی ئـەو دەسـتدرێژییە ترسـنۆکانە بێدەنـگ بێـت، کـە رۆژانـە لێـرە و لـەوێ و بـە نـاوی جیـاواز و دەمامکـەوە دەکرێنـە سـەر رۆژنامەنووسـان، دەکەوێتـە ژێـر پرسـیار و گومـان.

رۆژنامەنـووس بـەر لـە هـەر حـزب و دەزگایەکـی دیاریکـراو، ئینتمـای بـۆ پیشـەکەیەتی، بـۆ رۆژنامەنووسـی راسـتەقینە و جـددی گرنـگ نییـە هاوپیشـەکانی ئـەو چـۆن بیردەکەنـەوە و چ ئینتمایەکیـان هەیـە، بـۆ ئـەو گرنـگ نییـە هاوکارەکانـی هاوسـەنگەری سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی ئـەون یـان نـا، بەقـەد ئـەوەی کـە گرنگـە زیاتـر لـە خـۆی، بـۆ هاوپیشـە جیاوازەکـەی لـە خەمـی زەمینـەی زیاتـری رەخسـانی ئـازادی رادەربڕیـن دابێـت، لـەوەش زیاتـر هـەر دەسـتدرێژییەک بـۆ سـەر هاوپیشـەکانی، بـە دەسـتدرێژی کردنـە سـەر خـۆی بزانـێ.

ئەمسـاڵمان بـەدەم کۆمەڵـێ پێشـێلکاری و دەسـتدرێژیکردنە سـەر رۆژنامەنووسـان بەڕێکـرد، کۆمەڵـێ خـەون و خۆزگەشـمان بـۆ سـاڵی نـوێ لـە مێشـک و خەیاڵدانـی

خۆماندا چنیون، بەوەی ڕێژە و جۆری ئەو دەستدرێژییانە کەم ببنەوە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش کە بڕیاری داوە ساڵی نوێ، ساڵی چەسپاندنی یاسای ڕۆژنامەگەری بێت، دەبێ لەهەر شت زیاتر لە خەمی دابینکردنی میکانیزمە یاساییەکانی پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی و دڵنیایی ڕۆژنامەنووساندا بێت، بۆ ئەوەی باشتر و بێ ترس و هەڕەشە بتوانن پەیامی ژیان و مرۆ دۆستانەی خۆیان بگەیەننە وەرگر.

چاوسووركردنەوە و لێدان لە ڕۆژنامەنووسان، ناڕاستەوخۆ لێدانە لە هەیبەتی دەسەڵات خۆی و سوكایەتی كردنە بەو یاسایانەی دەسەڵات شانازی بە بوونیانەوە دەكات. سوكایەتیكردن بە ڕۆژنامەنووس و نووسەران، سوكایەتیكردنێكی ڕاستەوخۆی یاسا پارێزان و مافپەروەران و دەستدرێژیكردنە سەر ئەو حكومەتەیە، كە خۆی بە بەرگریكاری یەكەمی ئازادی ڕادەربڕین و جیاوازی ناوزەد دەكات. بۆیە دەبێ حكومەتی كوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەكان سنورێك لەبەردەم ئەو دیاردە ناشارستانی و دژە دیموكراسییە دابنێن، كە هەرگیز كۆك و تەبا نایەتەوە لەگەڵ ئەو دروشمە زەبەلاحانەی ڕۆژانە بە گوێماندا دەیچرپێنن!

## دیموکراسییەت، دەنگ و دەنگدانەوە

یەکێک لە کۆڵەگەکانی دیموکراسییەت ئازادی رادەربڕین و قەبوڵکردنی جیاوازییەکانە، دیارە ئەوەش بە دروشم نایەتە دی، وەک ئەوەی بە تەنها بوونی ئەو ئازادییە گرنگ نییە، ئەگەر گوێی لێنەگیرێ و لەوەش وێرانتر تۆمەتی بخرێتە پاڵ و توانجی لێبدرێ.

ئەوەی ئەمرۆ لە کوردستاندا دەبینرێ کەم تا زۆر دیوی دووەمی پراکتیزە کردنی چەمکەکەیە، واتە تەنها بۆ ئەوەی بە دونیا بڵێین ئێمەش دیموکراسین، ئاماژە بە زۆروزەوەندی چاپەمەنی و ئەو نووسینانەی لێرە و لەوێ و بەناوی رەخنە لەسەر کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەنوسرێن دەدەین، کە بە داخەوە زۆرنابا ئەو نووسینانە، ئەگەر سەری خاوەنەکانیان نەخۆن، ئەوا لە رێگەی توانج و تۆمەتەوە بێزراویان دەکەن.

بیرمەندی ناسراوی کورد (مەسعود محەمەد) لە بارەی دیموکراسی جیهانی سێیەم و ئەو کولتورە سیاسی و ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەی رەنگرێژی بیری مرۆڤەکان و دونیابینی سیاسییەکان و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی کردووە دەبێژێ « ئەو خاکەی دیموکراسی تێدا شین دەبێ بریتییە لە پۆرگی نەفس و بینینی هۆش و لەباری تەبیات و رشتەی کۆمەڵایەتی و پاشخانی شارستانی، هەر نیشتمانێک ئەم بژێوانەی نەبێ، بە میوانیش یەک دوو رۆژ، دیموکراسی داناکات».

سەیرە کۆمەڵگەیەک خەون بە ئایندەوە ببینێ و کایەی سیاسی و دەسەڵاتەکەیشی موژدەی کرانەوە و مەدەنییەتی بداتێ، کەچی تووشی فۆبیایەکی گەورە هاتبێت و داروپەردووی ئەو نیشتمانەی لێ بووبێتە دوژمن، بە چەشنێک زراوی لە گللەیی گەنجێک و گازاندەی ژنە رەشپۆشێکی ئەنفال بڕژێ.. زەندەقی لە رەخنەی رۆژنامەنووسێک و رای نووسەرێک بچێ.. هێڵنجی بە ناڕەزایی پێشمەرگەیەکی دێرین و هەڵوێستی سیاسییەکی خاوەن ئەزموون بێتەوە.. لە دەنگهەڵبڕینی چالاکانێکی مەدەنی و بانگەیشەیەکی چاکسازی بتۆقێ، هەموو

ئەوانــە ســەرچاوەی ئــەو نیگەرانــی و گومانانــەن، کــە ئاماژەمــان پێیــدا.

کاتـێ لـەو هەرێمـەدا شـتەکان دەگەنـە ئـەو ئاسـتەی رەخنـە بگری بڵێـن دەسـتی لـە پشـتە.. را دەربـڕی بلێـن بەکرێگیـراوە.. قسـە بکـەی بڵێـن دڵـی بـەو ئەزموونـە خـۆش نییــە.. هەڵوێســت لەســەر خــەوش و کەموکوڕییــەکان دەربــڕی، بــە دژە کوردبــوون و بـێ ئینتمـا وەسـف بکرێـی، بـە تایبەتـی کاتـێ ئـەو قسـانە لـە مینبەرێکـەوە بکەیـت کـە ماڵـی حـزب نەبـێ و لـە سـەنگەرێکەوە بێـت کـە هەژموونـی حـزب باڵـی بەسـەردا نەکێشــابێ و لــە گۆشــەیەکەوە بێــت کــە رووناکــی چــاوی حەسحەســی موریدەکانــی حـزب رووناکـی نەکاتـەوە، لـە سـوچێکەوە بێـت دوور لـە حەلقـەی زیکـری دەروێشـانی حـزب و وەعزەکانیـان، ئـەوە تاوانێکـە و کردووتـە و (ئەگـەر چـاوی رەشـی ئەمریـکا نەبـێ!) پێویسـت دەکا بـە سـزای (گـەل و شـۆڕش و دەسـکەوتەکانی!) بگەیەنرێیـت، ئیـدی خەڵـک ناچـارە (بەوانـەش کـوڕی شـاخ بـوون و ئێسـتا بێـزارن) دەیـان و سـەدان پرسـیار و گومـان لـە بەرامبـەر رەوشـی بـاودا دابنێـن. دیـارە ئەمـەش مـرۆ رەشـبین دەکا، چـوون ئەگـەر کۆمەڵـگا و دەسـەڵاتێک بانگەشـەی دیموکراسـی بکـەن، نابـێ بـە بوونـی ئـازادی بیـروڕای جیـاواز قەڵـس بـن، بـۆ ئەمـەش دەخـوازێ لـە رەخنـە نەترسـن، رەخنـەش پێویسـتی بـە مینبەرێکـە سـێبەری سـەروەری و پیرۆزییـەکان بەرچـاوی لێـڵ ناکـەن، ئەگـەر ئـەوە قەبـوڵ نەکـرا و هـەر کـەس چـووە ئـەو خانەیـە ببێتـە (نەیـار و دوژمـن و سـیخوڕ و پیـاوی بێگانـە)، بەلایەنـی کـەم مانـای ئەوەیـە ئـەو کۆمەڵـگا و دەسـەڵاتە لـە دیموکراسـی نەگەیشـتووە، یـان لـە بنەڕەتـدا نایـەوێ دیموکراسـی بێـت.

# گۆڕان و کولتووری باو

شتێکی سەیر نییە کە مرۆ لە ڕۆژهەڵاتدا و لە کوردستانیش وەک بەشێک لەو جوگرافیا نەریتگەرایە، سەرکردەیەکی سیاسی لە راستەوە بۆ چەپ، لە عەلمانییەوە بۆ ئایینی، لە مۆدێرنەوە بۆ کۆنزەرفاتیڤ ببینێ، کە نەچێتە ژێر باری گۆڕانی هیچ هەلومەرجێکی سیاسی و کولتوری و بە هیچ کلۆجێک دەستبەرداری کورسی و پێگەی خۆی نەبێت، چونکە ئەوان کوڕی ئەو کولتور و پاشخانە کۆمەڵایەتییەن، کە دواجار شتەکان لە دەرەوەی یەقین و حەقیقەتی رەهای خۆیان، بێ مانا و بێ بەها دەبینن، کولتور و پاشخانێکی کۆمەڵایەتی و ئایدیالی و سیاسی، کە بڕوای بە گۆڕان و نوێبوونەوە و بەرەوپێشچوونی مێژوو نییە، کولتور و پاشخانێک کە لە سایەیدا و تیایدا تا ئێستا هیچ کایەک وەک خۆی و بە سروشتی خۆی گەشەی نەکردووە و تا هەنووکەش بە جۆرێک لە جۆرەکان لە حاڵەتی دۆگما و مت بوون چەقی بەستووە.

ئەگەر وانییە خێرە کەسێک نیوەی تەمەنی بۆ شۆڕش و تێکۆشان دژی دیکتاتۆرییەت تەرخان کردبێ، ئێستا بچووکترین جیاوازی قەبوڵ نەکا؟ خێرە کەسێک بە بۆچوونی خۆی هەڵگری ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەیەکە بە هەوێنی گۆڕان و نوێبوونەوەی دەزانێ، کەچی بڕوای بە رەخنە نەبێت؟ خێرە کەسێک نزیک بە نیو سەدە لەسەر کورسی عەرش نەیەتە خوار و گللەییش لە بوونی دیکتاتۆرییەت بکا؟ خێرە کەسێک لە گوتاردا هەموو ژیانی بۆ خەبات دژی وەهم و خورافە و ئەفسانە تەرخان کردبێ و خەباتی لە پێناو سەروەری عەقڵ و لۆژیک کردبێت و لە (کن فیکون)ێکدا و بۆ مەرامی سیاسی و دەسەڵات و بەناوی هاوپەیمانێتی پەرلەمانی بچێتەوە سەر خوانی هاوبەشی واعیز و موفتییەکان؟ خێرە کەسێک بە درێژایی هەژدە ساڵ حوکمڕانی کوردستان، سەری زمان و بنی زمانی رەخنەگرتن بێت لە دەسەڵاتی میلیشیایی و گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت، کەچی بۆ خۆی لە هەوڵێکی کودەتاییدا بیر لە سڕینەوەی هاوسەنگەرانی دوێنێ

و هـاوڕێ و هاوخەباتەکانـی ئەمـڕۆی بکاتـەوە و زراوی لـەوە بچـێ لێـی بپرسـن ئـەو داهـات و سـەرمایە چـۆن و بـۆ چـی و لـە پێنـاو چـی و لەسـەر چ بنەمایـەک خـەرج دەکـرێ؟

دیـارە حاڵەتـی ئـەو جـۆرە کەسـە، کـە دەیـەوێ وەک کاریزمـا و تەنانـەت وەک رۆحـی بزووتنـەوە سیاسـییەکەی خـۆی نمایـش بـکات، شـتێکی نـوێ و شـاز و ریزپـەڕ نییـە و بـە مێـژوو و کولتـوری سیاسـی ئێمـە نامـۆ نییـە، بەڵکـو ئـەوەش بەشـێکە لـەو جـۆرە بیرکردنـەوە و عەقڵیەتـەی، کـە بەرهەمـی ئـەو کولتـور و پاشـخانە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەیـە پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا، ئـەو کولتـورەی تیایـدا رابـەر و سـەرکردەکان وەک مێگـەل دەڕواننـە خـوار خۆیـان و پێیـان وایـە ئەگـەر ئـەوان نەبـوان شـۆڕش لـە بـزاوت و مێـژوو لـە جووڵـە و نەتـەوە لـە ژیـان دەکـەوت، بـە مانایەکـی دی، ئـەوان پێیـان وایـە کـە داینەمـۆی هەمـوو بـزاوت و هەناسـەکانی نێـو کایەکانـی ژیانـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی کۆمەڵـگان، لـە دەرەوەی ئـەوان و بەبـێ ئـەوان نەتـەوە بـێ فریـادڕەس دەمێنێتـەوە.

کـەم نەبـوون و کـەم نیـن ئەوانـەی هیواکانـی شـۆڕش و خەونـە مرۆییەکانـی خۆیـان و ئومێدەکانـی گـۆڕان و ئایینـدەی خۆزگـە دیموکراسـییەکانیان بەرمەبنـای هەڵوێسـتی رووکـەش و دوشـمی حەماسـی ئـەو کەسـانە دارشـت، بەوانـەش کـە خوێـن و گەنجێتـی خۆیشـیان کـردە کاسـەوە و بـە رۆحـی گەرمیـان سـەنگەرەکانی بەرەنگاربوونەوەیـان گـەرم کـردەوە، کەچـی دەرکـەوت دواجـار (دۆش بـرای کەشـکە) و ئەسـتەمە کـورد بـەو بیرکردنـەوە و خۆشـباوەڕییەی گۆڕانێـک لـە بونیـادی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـوری خـۆی بـکات، ئەوانـەش کـە پێویسـتە خەونەکانمانیـان پێـوە هەڵواسـین هێشـتا نـەک لـە دواوەی دواوەن، بەڵکـو تارماییشـیان ونـە.

هەمـوو ئـەو قسانەشـمان بـەو مانایـە نیـن کـە رەوڕەوەی مێـژوو دەوەسـتێ و توانـای جوڵاندنیمـان نییـە، بـە پێچەوانـەوە نـە مێـژوو دەوەسـتێ و نـە ژیانیـش لـە بـزاوت دەکـەوێ، بـەڵام دەمێنێتـەوە سـەر ئـەوەی کـەی و تـا چەنـد ئێمـە دەبینـەوە بـە خـودی خۆمـان و سـایەی ئـەو سـێبەرە وەهمـی و تارماییـە بـە پیـرۆز کراوانـە جێدەهێڵیـن و بـاوەڕ بـە خۆمـان دەهێنیـن، کـە ژیـان لێـرەوە کۆتایـی نایـەت.

بەدبەختـی کـورد لـەوەدا نییـە کـە تەنهـا نەتەوەیەکـی ژێـر دەسـتە و خاکەکـەی داگیـر و پارچـە پارچـە کـراوە، ماڵوێرانییەکـەی بـە تەنهـا بریتـی نیـە لـە پرۆسـەکانی

کاولـکاری گوندەکانــی و کۆکـوژی مرۆڤەکانــی لەســەر دەسـتی دوژمنــان، بــێ شانسـیەکەی لـەوەوە نییـە، کـە چەرخـی چەپگـەردی سیاسـەتی دەوروبـەر و دونیـا بـە پێچەوانـەی ئاراسـتەی خەونەکانـی ئـەو سـوڕاوە، بـە قـەد ئـەوەش بریتییـە لـە نەبوونـی رۆحێکـی رەهـای زینـدوو هەموویـان بباتـەوە ژێـر سـێبەری خـۆی و دروسـت ئاراسـتە و تەیاریـان بـکات، لەوێدایـە کـە لـە زۆر قۆناغـی تێکۆشـانی میللـی و چەکـداری و مەدەنـی و سیاسـی خۆیـدا قوربانییـەکان باجـی سـەرچیخی و تاکـڕەوی و خۆشـباوەڕی و سـاویلکەیی و زۆرجاریـش بەرژەوەندخـوازی و عەقڵیەتـی بـە مێگـەل سـەیرکردنی خەڵـک بـووە لـە لایـەن بەنـاو رابـەر و سـەرکردەکانی، بەقـەد ئـەوەش زیاتـر بوونـی بـووە وەک نەتـەوە و نیشـتمان لـە نـاو نەخشـە و چوارچێـوەی جوگرافیایەکـی سیاسـی و کولتـوری و کۆمەڵایەتـی وا، کـە هەرگیـز ئامادەیـی ئـەوەی تێـدا نییـە ئەزموونـی نـوێ لـە حوکمڕانـی و پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی تاقـی بکاتـەوە.

خۆدزینـــەوەی ســـەرکردە و بزووتنـــەوەی سیاســـی و هێـــزەکان لـــە ئـــەرک و بەرپرســـیارێتییە نەتەوەیـی و نیشـتمانی و دیموکراسـی و مەدەنییـەکان، لـە پـاڵ پاسـاوی بەنـاو تـرس لـە هەڕەشـەکانی ئـەم و ئـەو و پیلانەکانـی فـلان و فیسـار، رێـک دیوێکـی دیکـەی ئـەو وەهـم و خورافـە ژیـان کـوژەی دونیـای عەرەبـی و ئیسـلامی و شـۆفێنیزمی ناوچەکەیـە، کـە بەنـاوی یەکێتـی نەتەوەیـی و ئوممـەی ئیسـلامی و هەڕەشـەی جوولەکـە خۆیـان لـە بەرپرسـیارێتییە دیموکراسـی و مەدەنییـەکان و ئەرکـە کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگەکانیـان دەدزنـەوە. جوگرافیایەکـی سیاسـی و کولتـوری و کۆمەڵایەتـی نەخۆشـی وا، کـە نـەک پێـی شـەرم نییـە کاوێـژ لەسـەر ئەزموونـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـە شکسـت خواردووەکانـی رابـردوو بکاتـەوە، بەڵکـو هەوڵـی دووبـارە کردنـەوە و سـەر لـە نـوێ زینـدوو کردنەوەیـان دەدات، ئـەو جوگرافیـا کولتـوری و کۆمەڵایەتـی و عەقڵـە سیاسـییەی زراوی لـە ئەزموونکردنـی حوکمڕانـی دیموکراسـی و لیبـڕاڵ چـووە و پەنـدی لـە ئەزموونـی خوێنـاوی خەلافـەت و سـتالینییەت وەرنەگرتـووە و تـا ئـەو چرکەیـە و وێـڕای هەمـوو ئـەو گۆڕانکارییـە سیاسـی و ئابـووری و کولتورییانـەی دونیـا و ئـەو شـالاوەی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا، کەچـی دەیانـەوێ لـە پـاڵ ماسـکی ئیسـتیعمار و سـتەمی سـەرمایە و بیدعـە و کوفـردا درێـژە بـە تەمـەن و مانـەوەی خۆیـان بـدەن.

کەوابێـت ئـەو جـۆرە کەسـە، وەک ئـەوەی یەکـەم کـەس نەبـووە و نییـە لـە نـاو

کایـەی سیاسـی کوردسـتاندا، سـەروەرییەکان لەسـەر خـۆی تاپـۆ بـکات و فۆبیـای لـە دەسـتدانی عەیـش و نۆشـی کورسـی و دەسـەڵاتی گرتبـێ، نـە دوا کەسـیش دەبـێ، دیـاەر لەوەشـدا گونـاە بـە تەنیـا لـە ئەسـتۆی ئـەو نییـە، بەڵکـو وێـڕای باڵادەسـتی و هەژموونـی ئـەو پاشـخانە سیاسـی و کولتـوری و ژینگـە کۆمەڵایەتییـەی باسـمان کـرد، ئێمـەش هەموومـان هـەر یەکـە و بەشـێکمان لـەو گوناهـە بـەر دەکـەوێ، گوناهـی بێدەنگیمـان، گوناهـی شـەرم کـردن و دۆش دامانمـان، گوناهـی تـرس و دڵەڕاوکێمـان.

دواجـار ئەگـەر لـەم ڕۆژگارەدا و لـەو نموونـە بچووکـەدا کۆمەڵگـەی کـوردی پەنـد وەرنەگـرێ، کـە نموونەیەکـی سـادە و هێزێکـی خـاوەن کاریگـەری سـنورداری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی کوردسـتانە، ئـەوا نەبوونـی پرسـیار و گومـان و دڵەڕاوکێمـان لـە بەرامبـەر ئەوانـەی سـێبەریان کـون و کەلەبـەری ئـەو کوردسـتانەی تەنیووەتـەوە و مۆتەکەیشـیان بەسـەر نـاخ و بیـر و خەیاڵـی هـەر یەکێکمانەوەیـە، ئاییندەکـەی کارەسـاتاوی تـر دەبێـت و فەرسـەخێکی دی لـە گـۆڕان و پێشـکەوتن دوور دەکەوینـەوە.

## له نێوان زانا و حیکایەتخوان‌دا!

وتـاری ڕۆژانـی هەینـی، کـە لـە مزگەوتەکانـی کوردسـتانەوە لەلایـەن پیاوانـی ئاییـنـی دەخوێنرێتــەوە، ژمارەیەکــی کەمــی لــێ دەربچــێ، ئــەوا بەشــی هــەرە زۆری بــە ئاراســتەیەکی ناتەندروســت و ئاقارێکــی ترســناکدا دەڕوا.

ئـەوە کام یاسـایە مافـی بـە هەنـدێ پیـاوی ئاییـنـی داوە هـەر شـتێک عەقڵـی نەگـرت و بەبـێ گەڕانــەوە بـۆ بنـج و بنەوانـی شـتەکە، حکومـەت و خەڵـک بـە سـەرچاوەی بەڕەڵڵایـی و بـێ ڕەوشـتی نـاوزەد بـکات، بـە تایبەتـی کـە کۆمپانیایەکـی دیاریکـراو بـە مەبەسـتی قازانـج میوانـداری هونەرمەندێـک دەکات؟ ئـەوە کام دامـەزراوەی ئاییـنـی و فەتـوای شـەرعییە مافـی بـە هەنـدێ پیـاوی ئاییـنـی داوە لەسـەر شاشـەی تەلەفزیـۆن بـە خەڵکـی موسـڵمان بڵـێ نـەک هـەر بەشـداری کـردن لـە بۆنـە و جەژنەکانـی هاونیشـتمانییە مەسـیحیەکانمان، بەڵکـو پیرۆزبایـی لێکـردن و دیـاری پێشکەشـکردن و دیـاری لێوەرگرتنیشـیان حەرامـە؟ ئـەوە کام دەسـتور و شـەرعە ڕێگـەی بـە بەعـزێ پیـاوی ئاییـنـی داوە شـەلم کوێـرم نابوێـرم، کـۆی دەزگا ڕاگەیاندنەکانـی کوردسـتان بــەوە تۆمەتبـار بـکات، کـە تەنهـا بەدرەوشـتی لەنـاو خەڵکـدا بـڵاو دەکەنـەوە؟

پیـاوی ئاییـنـی هەیـە ئافرەتـان بــەوە شــەرمەزار دەکات، گوایـە بـە لەبەرکردنـی پانتـۆڵ و تەنـورە کولتـوری کـوردی دەشـێوێنن، وەک ئـەوەی ئـەو بەرێـزە پێـی وابـێ حیجـاب و جووببــەی هـاوردەی سـعودیە و ئێـران مۆرکـی ڕەسـەنی کـوردەواری بـن و بـۆن و بەرامـەی کوێسـتانیان پێوەیـە. هەیانـە پێـی وایـە ئێسـتا سـەردەمی کولەکـەی وشـککراو و قاتـی تەکنەلۆژیایـە، ئەگـەر هـاوار نەکـەن خەڵـک تێیـان نـاگا، کەچـی ئێسـتا مۆدێرنتریـن تەکنەلۆژیـای دەنـگ هاتـووە و لـە هەمـوو مزگەوتـەکان هەیـە، کـە سـەردەمی قیـژە و هـاوار کـردن و نەڕاندنیـش تـەواو بـوو، هـەق وایـە ئـەو بەڕێزانـە بـە شـێنەیی و تۆنێکـی نـزم و دوور لـە هەڵچـوون وتارەکانیـان پێشـکەش بکـەن و ئامۆژگارییەکانیـان ئاراسـتە بکـەن!!

ڕۆژ تـا ئێـوارە لـە مزگەوتـەکان سـەری زمـان و بنـی زمـان باسـی گەندەڵـی و نـا

عەدالەتییـە، باشـە دەبـێ کەسـیش هەبـێ ئـەو سـیحرەمان بـۆ بکاتـەوە، خێـرە بـۆ هەنـدێ پیـاوی ئایینـی خۆیـان لـەوە نەبـان دەکـەن، کـە مزگـەوت هەیـە لەشـکرێک خادیـم و بانگبێـژ و قورئـان خوێنـی بـە فەرمانبـەر هەیـە و دانـە دانەیـان دەوام دەکـەن و زۆرینەیـان خەریکـی کەسـابەتی رۆژانـەن؟ ئـەرێ کـەس پرسـیویەتی ئـەو مووچەیـەی ئەوانـە وەریدەگـرن حەلاڵـە یـان حـەرام؟

پێویسـتە رێـز لـە هەسـتی ئایینـی و رێورەسـمە ئایینییەکانـی ئایینـداران و ئایینەکەیـان بگیـرێ، جـا سـەر بـە هـەر ئاییـن و مەزهەبێـک بـن، چ جـای موسـڵمانانی بەڕێـز کـە زۆرینـەی پێکهاتـە ئاینییەکـەی کوردسـتانن، وەک چـۆن پیاوانـی ئایینییـش دەبـێ رێزیـان لـێ بگیـرێ، بـەڵام ئاخـۆ ئەرکـی پیـاوی ئایینییـش نییـە رێـز لـە هەسـتی خەڵکـی تـر بنـێ و تـەڕ و وشـک بەیەکـەوە نەسـوتێنێ و نەبێتـە باعیسـی نانـەوەی رق لـە نێـوان ئایینـە جیـاوازەکان؟!

دواجـار رەنگـە هەبـێ بـەو دەسـتەواژەی پیـاوی ئایینـی قەڵـس بێـت و پێـی وابێـت ئـەوە دەسـتەواژەیەکی ئایینـی مەسـیحیەتە و لـە ئیسـلامدا زانـای ئایینـی هەیـە، بـەڵام ئێمـە دەپرسـین ئاخـۆ هەرچـی جوببـە و عەبایەکـی کردەبـەر و مێـزەری بەسـەرەوە بـوو زانایـە؟ ئاخـۆ لەنـاو ئـەو پیـاوە ئایینییانـەی ئەمـڕۆی کوردسـتان چەنـد غەزالـی و کەواکبـی و نەورەسـی و.....هـەن؟ ئازیزانـم زانایـی واتـا داهێنـان و تیۆریزەکـردن، واتـا تەحلیـل و تەفسـیر و تەئویـل و ئیسـتینبات، نـەک حیکایەتخوانـی و سـەرەدولکە گووتن!

## حکومەتی بێ پلان و ئاییندەی سواڵکەری!

ئەگــەر بــە وردبوونەوەیەکــی قــوڵ و چاوێکــی ڕۆژنامەنووســییانە ســەیری ڕەوشــی کەموکــوڕی و خــەوش و بۆشــاییەکانی نێــو ســەرلەبەری سیســتەمی بەڕێوەبردنــی کوردســتان بکەیــن، ئــەوا باشــتر دەزانیــن هێشــتا چەندمــان مــاوە شــانازی بــەوەی بکەیــن خەڵکــی تــر پەنــد لــە ئێمــە وەربگــرن و کار و هەنگاوەکانمــان بکەنــە ســەر مەشــقی پــلان و بەرنامەکانــی خۆیــان!

• لــە بــواری تەندروســتیدا، ئەگــەر نۆڕینگــەی زۆر و زەوەنــدی پزیشــکی، کــە تــا دێــت ڕۆژ دوای ڕۆژ زیــاد دەکــەن وەربگریــن، چــش لــە نەبوونــی مۆڵەتــی یاســایی زۆرێکیــان و ئەوانەیــش کــە هەنــدێ یاریــدەدەری پزیشــکی بەنــاوی پزیشــکییەوە بەڕێوەیــان دەبــەن، ئــەوا هــەر پیــس و پۆخڵــی نێــو ساڵۆنەکانیان و نەبوونــی شــوێنی دانیشــتنی چاوەڕوانــی و ڕوخســار و ســیمای ڕەنــگ پەڕیــوی شــوققەکان و مــرچ و مــۆڕی و بــە پەلەیــی پزیشــک لــە بەڕێکردنــی زۆرترینــی ژمــارەی نەخۆشــەکان. لەولاشــەوە دەرمانخانــەی بــێ مۆڵــەت و ئەوانــەی کــە مۆڵەتــی ســەیدەلانێکیان هەڵواســیووە و لــە شــوێنی ئــەوان نەخوێنــدەوار بەڕێوەیــان دەبــەن، کــە زۆرجــار لــە جیاتــی حەبــی (ئینترۆســتۆپ) حەبــی (بیزاکۆدیل)یــان داوەتــە نەخۆشــەکە و هەنــاوی وشــکی کــردووە، زیندووتریــن نموونــەی خەوشــەکانی بــواری تەندروســتی بــن، جــا تــو خــوا کۆمەڵگەیەکــی نەخــۆش چــۆن دەتوانــێ مرۆڤێکــی بەرهەمهێــن بەرمــە بێنــێ؟!

• لــە بــورای هاتوچــۆدا، ئەوەنــدەی کوردســتان گرفتــی بەدەســت خراپــی ڕێــگا و بانــەوە هەیــە، ئەوەنــدەی شــۆفێری بــێ مۆڵــەت و ئۆتۆمبێلــی یاساشــکێنی بەرپرســان هەیــە، ئەوەنــدەی حکومــەت لــە خەمــی هاوردەکردنــی ئۆتۆمبێــل دایــە، کــە ئەگــەر ئامارێکــی ورد لــە کوردســتان بکــرێ، شــتێکی ســەیر نەبــێ کــە ڕۆژانــە لــە کوردســتان ئەوەنــدە منداڵــە لــە دایــک نابــن، ئەوەنــدەی بازرگانــی ئۆتۆمبێــل زاوزێ دەکات، بــڕۆ ئــەو پیشــانگایانەی ئۆتۆمبێــل، ئۆتۆمبێلــی بــێ ژمــارە (تــۆز و بــا) و بــڕاوەی ڕەبیعــە و ژمــارەی علــوج و کاتــی و هــاوردە و کارت و ئــەو قیــڕە و کێشــەیەی ڕۆژانــە لــە نێــوان

کڕیار و فرۆشیار و خاوەن پیشانگاکانە، ئەو کات تێدەگەی دوور نییە سبەی لەسەر ئەو کێشانە خوێن ئەو شوێنانە سوور بکات و حکومەتیش بە کەماڵی ئیسراحەت هەر خەریکی پارەی هەززە و باجی ژمارەکردن و وەسڵی پێ بژاردنی هاتوچۆ و پارەی قەپان و چی و چییە. ئەو دەم دەزانی کە بۆ خەریکە لە کوردستان ڕێژەی قوربانی ڕۆژانەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ خەریکە دەگاتەی ژمارەی قوربانییەکانی هەڵەبجە!!

● لە بواری کشتوکاڵ، کە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری کوردستانە، بەو پێیەی پانتاییەکی زۆری زەوی بەیار و بەراو و سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئاو و ڕووەکی خۆڕسکی هەیە، گوایە ساڵێکیش لە بەرنامەی حکومەت بەناوی ساڵی کشتوکاڵ کرا، کەچی بازرگانی هاوردەی (میوە و سەوزە)ی تەڕ و لە قوتوو نراوی دەر و دراوسێ خەریکە سەری بازاڕی کوردستان و جوتێرەکانی دەخوا. بە هۆی ئەو بێ بەرنامە و پلانییەوە کوردستان کراوەتە زەوییەکی وشک و برنگی بێ بەرەکەت و کشتیار و جوتێران لە کار و بەرهەم هێنان سارد کراونەتەوە، ئەوەندەی حکومەت عەشقی هێنانی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای گەیاندنە، چارەکی چارەکی ئەوەش بیری لە هێنانی کەرەستەی خاو و کەلوپەل و ئامێری کارگەی بەرهەم هێنان نەکردۆتەوە و ناکاتەوە، ئەو کات لەوە تێ دەگەین چ ئاییندەیەکی دۆزەخی لە چاوەڕوانی ئەو میللەتە بەسەرزمانە دایە، کە دوور نییە هەژار و بێکاری دوا ئاکام بێت و قەرز و قۆڵی دونیاش ئابووری کوردستان ڕاست نەکاتەوە!

## نیشتمانێك لە سووتوو و بۆسۆ!

دەڤـەری بادینـان، بـە تایبەتـی ناوچەکانـی (کانـی ماسـی و نێـروە و رێـکان و هـەردوو مــزوری و بــەرواری و ناوچــەی کۆچــەران و ...هتــد)، جگــە لــەوەی بــە خەســتی و بێویژدانانـە بـەر شـاڵاوە بەدناوەکانـی ئەنفالـەکان کەوتـن، هـاوکات لەگەڵیشـیدا چەکـی کیمیایـی بەسـەر زۆرێـک لـە خەڵکـی سـڤیلی گوندەکانـی ئـەو نـاوە تاقـی کرایـەوە، نـەک هـەر ئـەوە، بگـرە لـە ئاکامـی چۆڵکردنـی گوندەکانیـان لـە ترسـی هەڕەشـە و شـاڵاوەکان (ئەوانـەی دەرچـوون!) لـە تورکیـا و سـاڵی ١٩٨٨ لـە نێـو کەمپـەکان ژمارەیەکـی زۆریـان ژەهـر خـوارد کـران، چـش لـەو ئـازار و ئەشـکەنجە نامرۆییانـەی لەنـاو کەمپەکانـدا بەدەسـتی جەندرمەکانـی تـرک چەشـتیان، ئەمەیـان لەلایـەک.

لەلایەکـی دیکـە و هـاوکات لەگـەڵ کارەسـاتی جەرگبـڕی کیمیابارانـی دۆڵـی بالیسـان، کـە کاریگەرییەکـەی تـا نـاو شـارۆچکەی خەلیفانیـش هـات، گوندەکانـی دۆڵـی مەلەکانیـش تاقیگەیەکـی دیکـەی چەکـی کیمیـاوی بـوون و چەندیـن هاوڵاتـی سـڤیل تیایـدا بوونـە قوربانـی، ئەمـە و جگـە لـە ئەنفالـی گوندەکانـی دۆڵـی ئاکۆیـان و ئەنفالـی سـپی پێشـوەختەی دەڤـەری باڵەکایەتـی، ئەمانـە چەندیـن نموونـەی دیکـەی زینـدوون، کـە رەنگـە کاردانەوەیـان لـە رووداووەکانـی ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان، بەسـەر بـاری سیاسـی و دەروونـی و کۆمەڵایەتـی خەڵـک و تەنانـەت شۆڕشـیش کەمتـر نەبووبێـت، کەچـی هەمـوو ئەوانـە کەمتـر لـە بۆنـە و یادەکانـدا ناویـان دەبـرێ و بـاس دەکرێـن، کـە دوور نییـە لـە بـاری خزمەتگوزاریـش هـەر ئەوەنـدەی ناوبردنیـان گرنگیـان پێـدرا بێـت و ئاوڕیـان لـێ درابێتـەوە.

باشـە ئەگـەر پرسـیار بکەیـن و بڵێـن: ئایـا بـە کـۆی ژمـارەی قوربانییەکانـی چەکـی ئـەو ناوچانـە، ناگاتـە رێـژەی شـەهید و قوربانیانـی هەڵەبجـە؟ ئایـا ئێسـتاش هاوڵاتـی ئــەو شــوێنانەمان نیــن، کــە رەنگدانــەوەی ترسـناکی تەندروسـتی ئــەو چەکەیــان بەســەرەوەیە؟ ئاخــۆ پاشــماوەی ئــەو ناوچانــەش بەدەســت گرفتــە دەروونــی و کۆمەڵایەتییــەکان و کەمــی خزمەتگوزارییەکانــەوە ناناڵێنــن؟

ئـەو پرسـیار و روونکردنەوانـەی بەراییـم بـۆ ئـەوە نییـە گەورەیـی کارەسـاتەکانی گەرمیـان و هەڵەبجـە و جافایەتـی و ناوچەکانـی دی لەبەرچـاو نەگریـن، بـە پێچەوانـەوە، بەڵکـو بـۆ ئەوەمـە، ئەگـەر سـەرپێیش بـێ بـە دەسـەڵاتی کـوردی بڵێیـن، گیانـە بـە تەنیشـتی هەڵەبجـە و دۆڵـی بالیسـان و گەرمیانـەوە، دەڤـەری کانـی ماسـی و دۆڵەکانـی مەلـەکان و ئاکۆیـان و باڵەکایەتـی و کـوێ و کوێیتـر هـەن، کـە تـا ئـەو چرکەسـاتەش شـوێنەواری ئەنفـال و بۆسـۆی پاشـماوەی قوربانییەکانـی گازی سـیانید و خـەردەل و بۆمبـی هێشـوویی و فسـفۆریان بەروخسـارەوە دیـارە، بێزەحمـەت هەرنـا رەحمەتـی خێـر و سـەدەقەی کوردایەتـی بکـەن و لـە بۆنـە و یادەکانـدا، لەگـەڵ ئەوانـی دیکـەدا نـاوی ئەوانیـش ببـەن، خـۆ ئەگـەر مەرحەمـەت بفەرمـوون جارێکیـش لـە (بامەڕنـێ)وە بـە دەسـتە راسـت تـا گونـدە سـنوورییەکانی بارزانکـێ و بەرزێوکـێ و بـە دەسـتە چەپـدا تـا گوندەکانـی کۆچەریـان پیاسـەیەک بکـەن و خەمەکانیـان بەسـەر بکەنـەوە، کـە ئێسـتاش لەبـەر رەحمەتـی ئاگـر و ئاسـنی تـرکان هەدایـان نـەداوە و نەحەسـاونەتەوە، شـتێکی خـراپ نییـە.

دووبـارەی دەکەمـەوە و دەڵێـم، ئـەو قسـانەم هیـچ کات بـە مانـای بـێ بەهاگرتـن و بـە کـەم بایـەخ کردنـی هیـچ ناوچەیـەک و قوربانییەکانیـان نایـەت، بەقـەد ئـەوەی کـە مەبەسـتمە بڵێـم کونجێکـی ئـەو نیشـتمانە نەمـاوە بۆسـۆی پاشـماوەی کارەسـاتەکانی دەسـتی داگیرکەرانـی لـێ نەیـەت، ئیـدی بـۆ دەبـێ بـە تەنهـا کۆمەڵـێ شـوێن بکرێنـە سیمبول؟!

بۆیـە هەمـوو ئەوانـە و نموونـەی ناوچەکانـی تـر بەیەکـەوە، پێویسـتە وەک خۆیـان بایەخیـان پێبـدرێ و ئاوڕیـان لێبدرێتـەوە و بخرێنـەوە بەرچـاوی نـەوەی نـوێ، پێچەوانەکەیشـی، پشـتگوێ خسـتنی هـەر کامەیـان دووبـارە بریندارکردنـی هەسـتی خەڵـک و پاشـماوەی قوربانییەکانیانـە.

## هونەری سیاسەت

چەرچڵ دەڵێ: «لەسەر گڵکۆیەک نووسرابوو:
ئەوە گۆڕی (....)ی سیاسەتمەدار و پیاوی
راستگۆیە، لەوە سەرم سوڕما چۆن دوو کەس
دەخرێنە ناو گۆڕێکەوە»

سیاسەت بە واتای (Policy) بریتییە لە داڕشتنی نەخشەی سیاسی، یان پرۆسەی پلاندانان، هاوکات بە واتای (politics) سیاسەتە کردەیی و جێبەجێکراوەکان لە خۆی دەگرێ، کە بریتییە لە هونەری بەرجەستەکردنی ئەو شتەی لە توانا دایە، بە گوێرەی تواناکارییە بەردەستەکان لە واقیعی بابەتیدا. بە دیوێکی تردا سیاسەت هونەری فەرمانڕەوایەتی کردن و ئەو چالاکییانەیە کە دەوڵەت پێیان هەڵدەستێ، کەوابێت سیاسەت لە یەک کاتدا هەم زانستە و هەمیش هونەر، زانستە بەو پێیەی وەک میتۆدێکی زانستی دەکەوێتە ژێر باری شرۆڤە و راڤەکردن و ئەزموون کردنەوە، هونەریشە بەو پێیەی ئیدارەدانی حوکمڕانی و ململانێکان جۆرێکی دیکەی هونەرە و سەلیقە و لیاقەی دەوێ.

بەهەرحاڵ قسەی ئێمە لەم گۆشەیەدا لەسەر چییەتی و ماهیەتی خودی سیاسەت نییە، بەڵکو مەبەستمانە ئەو چەند پەیڤە ساکارە بکەینە دەروزاەی پرسیاری تر، کە گۆشەکە مەبەستییەتی وەک ئامانج بیان ورووژێنێ.

لەبەر ئەوەی زۆرینەی حزب و سەرکردە سیاسییەکانیمان بەدەر لە واتا راستەقینەکەی مامەڵە لەگەڵ چەمک و کردەی سیاسەتدا دەکەن، بەو پێیەی لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا لە روانگەی گێڕانەوەی حیکایەتی شانازییەکانی رابوردوو و وەدەستهێنانی ئیمتیازاتی حزبی هەنووکەیی و ئاییندەیی دەڕواننە سیاسەت و کاری سیاسی دەکەن، بۆیە ئاساییە کە لە هوشیاری دەستەجەمعی کۆمەڵگای ئێمەشدا سیاسەت تەنها لە کاری حزبایەتی کورت بکرێتەوە، یان وەک فێڵ و درۆ و تەڵەکە

و کڵاونانەسەر یەکتری سەیری بکرێ، کە ئەمەشە وا دەکات لە وەرزی دروێنەی سیاسەتکردندا، ئەوەندەی شکست دەدورینەوە، چارەکی ئەوە بەرهەمێکی جوان نەڕنین، ئەمە لە کاتێکدایە کە کایەی سیاسی وەک کایەیەکی زیندووی پڕ جوڵەی پەیوەست بە کۆی کایەکانی دیکەی ژیان، زۆر لەوە فرەهەند و پڕ بایەخ و هەستیارترە.

سیاسەت راستەوخۆ پەیوەندی بە سەرجەمی چالاکی و کردە رۆژانەییەکانی تاک و کۆمەڵگەوە هەیە، واتە رایەڵ و پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان سیاسەت و کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوری و فەرهەنگییەکاندا هەیە. بۆیە ئەگەر بواری پەیوەندی سیاسەت و ئابووری لە وڵاتەکەماندا وەربگرین، کە بە سیاسەتی ئابووری ناسراوە و لەسەر بنەمای ئەوەدا نەخشەڕێ و پلانی کورت و درێژخایەن بۆ سەرجەمی کردە ئابووری و بازرگانییەکان دادەڕێژرێ، ئەوکاتە لە هەژاری و دەستکورتی خۆمان لەو بوارەدا تێدەگەین.

بەپێی دوا راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی هەژاری و بێکاری لە دونیادا، ئاماژە بەوە کراوە کە رێژەی هەژاری لە ساڵی ٢٠٠٩ بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٨ سێ ئەوەندە زیادی کردووە، بە جۆرێک ئێستا ژمارەی هەژاران لە جیهاندا خۆی لە نزیکەی شەست و سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس دەدات و داهاتی تاک لەو نێوەدا دۆلارێک و سێ سەنتە و ژمارەی بێکارانیش خۆی لە دوو ملیۆن و دوانزە هەزار کەس دەدات.

بەراست ئەگەر کوردستان وەک نموونەیەکی بچووککراوەی ئەو جیهانە پان و پۆرە وەربگرین، کە کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر و بەکاربەرە و رێژەی هەناردەی لە خوار پلەی سەدییە و کەمترین کارگەی بەرهەمهێنانی هەیە، دەکەوێتە کوێی هاوکێشەکە؟ ئاخۆ حکومەتی کوردستان ئامارێکی بۆ رێژەی هەژاری و بێکاری لە کوردستان هەیە؟ ئایا دەزانێ فاکتەرەکانی هەژاری و بێکاری کامانەن؟ ئایا پلان و نەخشەی بۆ رووبەڕووبوونەیان هەیە؟ ئایا هیچ توانا و میکانیزمێکی لە باردایە بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی رێژەکان؟ ئەگەر هەیەتی کامانەن و ئەگەر نییەتی بۆ؟ ئاخۆ سیاسەتی ئابووری تەنها بریتییە لە رێکخستنی لیستی مانگانەی لەشکری مووچەخۆری بەرخۆر و گرێبەستی ورد و درشتی هاوردەکردنی شتومەک و کاڵا؟ ئەی ئەگەر هیچ وەڵامێکی پێ نییە ئەو هەموو درۆی موژدەبەخشی رۆژانە

چییە کە سیاسی و بەرپرسەکان دەیدەنە خەڵک، گوایە ئاییندەیەکی گەش لە ژوانی کوردستانیان و حکومەتی کوردستان دایە؟
ئەمانە کۆمەڵێ پرسیارن و وەڵامەکانیان بۆ سبەی جێ دەهێڵین!

## ديموكراسيەت وهەرەم!

گەشـەکردنی فیکـری دیموکراسـی و ، گواسـتنەوەی لـە پرسـیاری : کێ حوکم بـکات؟ بـۆ پرسـیاری ئـەوەی شـێوازی حوکـم چـۆن بێـت؟ وەرچەرخانێکـی مێژوویـی بـوو لەهـزری سیاسـی مرۆڤایەتـی و، ئـەو گفتوگـۆ فیکریانـەی بەدرێژایـی زەمەنێکـی زۆر بیرمەنـدو فەیلەسـوفانی سـەرقاڵکرد، تـا بەئەمـرۆی خـۆی گەیشـت. بێگومـان ئـەم بازدانـەش کارێکـی ئاسـان و شـتێکی ئاسـایی نەبـوو، بەڵکـو بەرهەمـی دنیایـەک ململانێـی کۆمەڵایەتـی – سیاسـی و گـۆڕان و پێشـکەوتن لـە ئاسـتی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان و شۆڕشـگەلی کۆمەڵایەتـی بـوو. بـەو پێیـەی هەمـوو ئـەو گۆڕانانـە لـە هەنـاوی خۆیانـدا جۆرێـک لـە فرەهەنـدی کلتـوری و سیاسـی و مەزهەبـی و شوناسـیان لەنـاو کۆمەڵـگادا بەرهەمهێنـا.

راگرتنـی باڵانـس و هاوسـەنگی ئـەو فرەهەندییـە پێویسـتی بەبۆتـەو چوارچێـوەو شـێوە سیسـتمێکی سیاسـی واهەبـوو کـە رێـڕەوی ئـەو جیـاوازی و ململانێیانـە لـە قۆناغـی رووبەڕووبونـەوەی خوێناویـدا بگوازێتـەوە بـۆ توێـی کێبەرکێیەکـی سیاسـی ئاشـتییانە.لێرەوە ئیـدی چەمکـی جیـاوازی و قبوڵکردنـی و بەیەکەوەچیانـی ئاشـتییانەی فرەڕەگییـە ( ئەتنـی و مەزهەبـی و سیاسـییەکان) و، بەردەوامـی پێدانـی ململانـێ کۆمەڵایەتـی وسیاسـییەکان بەگەڕانـەوە بـۆ هێـزی لۆژیـک و عەقـڵ بـوو بـە بەشـێک لــە جەسـتەی دیموکراسـی و، پرەنسـیپێکی کاریگـەر لـە پرەنسـیپە فیکرییەکانـی دیموکراسـیەت. هـاوکات ئـەم هەنـگاوە دەرگای لەبـەردەم کۆمەڵـێ گۆڕانـکاری ریشـەیی کـردەوە لـە هەنـاوی کۆمەڵگاکانـی خۆرئـاوا هـەر لـە قسـەکردن لەسـەر شـێوازی دەسـەڵات و جـۆری حەکمکـردن و شـێوەو ئاسـتی پەیوەندییەکانـی نێـوان دەسـەڵات – خەڵـک وبەرجەسـتەکردنی ئازادییـە مەدەنـی و سیاسـییەکانی تاکەکـەس و .هتـد. هەمـوو ئـەم بازدانانـەش قوربانییەکـی زۆری لەپێنـاودا دراوە چاکسـازی ئایینـی و کۆتایـی هێنـان بەحوکمـی پاتریارکـی و تاکڕەوی لـە دەسـەڵات و روخاندنـی هەڕەمێـک کـە لـە چوارچێـوەی ئایدیـای میتافیزیکـدا حوکمـی کۆمەڵـگای دەکرد،لایەنێکیفیکـری

پێشـــكەوتوخوازی ئەوروپابـــوون.

لەوێـدا بـو كـە سـتۆپ بـە كـەس و ئـەو تاكـە كروپانـە كلـرا كـە بەنـاوی ڕەهایـی و ســەروەریی و چــی و چیتــر كۆمەڵیــان وەك مێگــەل لێدەخــوڕی و ، بــە حوكمــی هۆكارگەڵێكــی كۆمەڵایەتیــی و سیاســیی و ئابوریــی ســەرچاوەی یەكەمــی بڕیــاردان و بیركردنــەوە و دەســتەللات بــوون . . دیموكراســیی ئــەو وەهمــەی بەتاڵكــردەوە كــە تاكەكـەس یـان گـروپ یـان خێـڵ بـە پێشـینەی چەنـد ئیمتیازێكـی میتافییزیكـی دەبـێ دەســتەڵاتی ڕەهــاو دوا ســەرچاوەی بڕیــاررەدەری چارنوســی تاكەكانــی تــر و كــۆی كایەكانـی كۆمەڵگابـن و ، هەروەهـا ئـەو ڕاسـتیەی كـردە دیفاكتـۆ كـە لـە چوارچێـوەی یاســاگەلێك كــە بەرەنجامــی هاوپەیمانییەتیەكــی كۆمەڵایەتیــی — سیاســیی ئارەزومەندانـەی تاكـو چینەكانـی كۆمەڵـگان ، كـە بـە هۆیـەوە هەریەكێـك لـە بەرامبـەر ئـەوی تـر و كۆمەڵـگادا دەسـتبەرداری هەنـدێ لـە ئینتیـازات و ئازادییەكانـی خـۆی بیـت ، لــە پێنــاو پتەوكردنــی پردەكانــی تەبایــی كۆمەڵایەتیــی و سیاســییدا. واتــە لەوێــوە شــەرعیەت لــە پێگــەی كۆمەڵایەتیــی و موڵكداریەتیــی و نوێنەرایەتیــی خــوا و ڕۆحــی ڕەهایەنەتــەوە ، شــوێنی بــۆ شــەرعییەتی یاســا و دەســتور و چەمكەكانــی بەیەكــەوە ژیـان و قەبولكردنـی جیاوازیـی و دەستاودەسـتكردنی ئاشـتیانەی دەسـتەڵات چۆڵكـرد .

ئـەم ڕاسـتیە مێژوییـە ئەوەمـان پێدەڵـێ كـە ئەگـەر هـەر تـاك وگـروپ و هێزێكـی سیاسـی — كۆمەڵایەتیـی كـە یدیعـای دیموكراسـیەت دەكـەن ، دەبـێ خۆیـان لـەو وەهمـە میتافیزیكیــە و بیركردنــەوە دۆگمایــە دابماڵــن و لــەو خــەوە قوڵــە بێداربېنــەوە ، كــە ئیـدی هیـچ هـەڕەم و سـەرچاوەیەک ، بەهـەر بیانویەكـی كۆمەڵایەتیـی — سیاسـییەوە بێـت ناتوانــێ حوكمــی كوێرانــەی خەڵــك بــكات و كۆمەڵــگا وەك مێگــەل لێبخــوڕێ . بەڵكـو تاكەشـتێك كـە پـێ بگوتـرێ سـەرچاوەی شـەرعییەتی بەڕێوەبردنـی كۆمەڵـگا و دەســتەڵات ، یاســا و دەســتورە .چونكــە لەوێــدا ســنور لەبــەردەم هەرچــی فكــری تۆالیتاریـی و مەیلـی دكتاتۆریانـە و حـەزی تاكڕەویـی و قۆرخكردنـی دەسـتەڵات هەیـە ..

كۆمەڵگــەی كوردییــش و لــە نێویــدا كایــە سیاســییەكەی كــە زەمینەیەكــی لەبــاری سیاسـیی و هەڵومەرجێكـی گونجـاوی نێودەوڵەتیـی بـۆ ڕەخسـاوەن ، ئەگـەر بیـەوێ بــە ئاراســتەی ئــەو شــەپۆڵە سیاســیەی ئەمــڕۆ و گوتــاری سیاســیی دونیــا بــڕوات ، ململانێكانــی لــە ئاســتی گوتــاری خوێــن و بەرژەوەندخوازیــی بگوازێتــەوە پانتایــی بەیەكــەوە ژیــان و ســەروەریی یاســا و بــەردەم ×ندوقەكانــی دەنگــدان ، ڕێــگای زیاتــر

بۆ بەشداریی بەرچاوی سیاسییانەی تەواوی پێکهات و کایە ئەتنیی و مەزهەبیی و سیاسییەکان خۆشبکات ، گرەوەکە دەباتەوە .بە پێچەوانەوەش هەرکەس و هێزێکی سیاسیی – کۆمەڵایەتیی کورد ، بە هەر پاساوێک و پێشمەرجێکی مێژوویی بیر لە خۆسەپاندن و کوێرکردنی هوشیاریی سیلسیی خەڵک و لە بەها کەمکردنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیی بکاتەوە ، پێ ی وابێ کە ئەوا حوکمی مێژو هۆکارگەل و زەمینەی سیاسیی – کۆمەڵایەتیی نەگۆڕن ، وایلێدەکات لە جیاتی کۆمەڵگای کوردیی بیربکاتەوە و بڕیاربدات ، ئەوا بە دڵنیابێت کە دەکەوێتە دەرەوەری مێژو و دەچێتەوەت قۆزاخەی وەهمە کۆمەڵایەتیی و سیاسییە میتافیزیکییەکانی خۆی ، چونکە شەرعییەتی دەستەڵات و بڕیاردان سەرچاوەی لە ئیرادەی گشتیی و پڕۆسەی دیموکراسییەت و دامەزراوە مەدەنیی و یاساییەکان وەردەگرێت ، نەک لە خەون و خولیا و وەهمەکانی سەرچاوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و ئایینیی و ئایدۆلۆژییەوە . هەر بیرکردنەوەیەک لەدەرەوەی سنورو دنیابینییەکانی دیموکراسی گەڕانەوەیە بۆ دیکتاتۆرییەت و بنڕکردنی کۆمەڵگە .

## ئیمامەکان چیمان بۆ دەکەن؟

ئایا بۆ ناسین و گەیشتن بە خودا تەنها یەک تاکە ڕێگا هەیە و بە تەنیا مەلایەکان دەلیلی خەڵکن بۆ گەیشتن بە دوا هەواری ئەو ڕێگایە؟ ئایا خودا ڕێگەی بە کەس و لایەنێک داوە نمایندەی ئەو بێت و دەستمان بگرێ بەرەو بەهەشت و ترسی دۆزەخمان لێ دوور بکاتەوە؟ ئایا ئەگەر ئەوانە نەبوون و لێمان نەبوونە ریش سپی، کەسمان خوا ناناسین؟ ئایا خودا لە ناو گوتارە حەماسییەکانی ئەواندایە و کەسمان لە ناوەوەی خۆمان هەست بە بوونی خوا ناکەین؟

ئەگەر وایە دەی با هەموومان بچینە حزوور خزمەتی ئەوان و لە بەرامبەر خۆ سوورکردنەوە و دەنگ هەڵبڕین و وەعزە ئەخلاقییەکانیاندا داوای تۆبە و ئیستیغفار و کەفارەت بکەین، ئەوانێک (راما کریشنا) گووتەنی کە هێشتا بۆ خۆیان (خوا لەناو دڵیان دانەنیشتووە)، چۆن دەتوانن خوامان لەلا خۆشەویست و جوانتر بکەن، مەگەر نایانەوێ بەو دەمامکی ریایەوە بێن و کورسی بڕیار و بیرکردنەوە و شوناسە مرۆییەکانمان بخەنەوە ژێر چەپۆکی خۆیان و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکانمان بخەنەوە ژێر پرسیاری حەرام و بیدعە و کوفر و بەردەم حوکمی رەجم و جەڵد و شمشێر؟!

بەداخەوە بە دەگمەن مەلای کورد دەبینی لە بری چاوترساندن و تۆقاندن بەرمەبنای ئایەتەکانی:

( وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) و (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ) و (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ) و (إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ)

وتار و ئامۆژگارییەکانی ئاراستە بکات.

هەندێ مەلا دەڵێن ژنان بەو پانتۆڵ و تەنورانەی بەریان کولتوری کوردەواریان ناشیرین کردووە و بۆ پۆشینی جوببە و چەفیەی هاوردە هانیان دەدەن، بەمەش

ئـەوە لـە خەیاڵـی خۆمـان و خۆیشـیان دەسـڕنەوە، کـە کـوردەواری چارشـێو و جلـی موحتەشـەمی ژنانـی نەبـووە و نییـە، وەک ئـەوەی هـاوردەی جوببـەی سـعودیە و چەفیـەی ئێـران بۆنـی کوێسـتانیان پێوەبێـت و بـە لێشـاو هێنانیـان بـۆ کوردسـتان، کولتـورە کوردەوارییەکەمـان زینـدوو بکەنـەوە!! بەعزێکیـان بەنـاوی خـواوە ئـازادی دەدەنـە خۆیـان، کـە کـۆی راگەیانـدن بـە سـەرچاوەی فسـق و فەسـاد نـاو ببـەن، لـە بەرامبەریشـدا وەدەنـگ هاتنـی نووسـەر و رۆژنامەنووسـێک لەسـەر ناماقوڵییەکـەی ئـەوان، بـە عسـیان و ئیرتیـداد لـە فەرمانـی خـوا نـاو دەبـەن!!

هەندێکـی تـر بـاس لـە مافـی ژنـان دەکـەن و ئـەو پەیوەندییـە کۆیلـەداری و کۆیلەییـەی رابـردووی نێـوان ژن و مێـرد، کـە خەریکـە دەگـۆڕێ بـۆ پەیوەندییەکـی مرۆیـی، بـە کوفـر و بەڕەللایـی نـاو دەبـەن، دیسـانەوە دێنـەوە و بەنـاوی حیکمەتـی ئیلاهیـەوە دەیانـەوێ ئێمـە و خوشـک و کـچ و خێزانەکانمـان ببەنـە ژێـر بـاری ئـەو قەناعەتـەی، هێشـتا ئـەوان نیـوە مرۆڤـن و دووانیـان بـە شـاهێدێک دەچـن و ئاسـاییە هەوێیـەک و دوان و سـیان قەبـوڵ بکـەن!

سـەیرە، ئێسـتا لەبـەر هاتوهـاواری ئـەوان، نـە دەتوانیـن بـە ئـارەزووی خۆمـان گـوێ لە رسـتێ شـیعری ناسـک بگریـن (گرتنەکـەی هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد و عەبدولڕەحمـان نزیکتریـن نموونەیـە)، نـە بـەدەم مۆسـیقاوە سـەما بکەیـن و ئێـوارە پیاسـەیەکی پـڕ نەشـئە بـە پارکەکانـدا بکەیـن (هاتوهـاواری رۆژانـە لەسـەر کۆنسـێرت و هاتنـی هونەرمەنـدان بەشـێکی دیکـەی تۆمـەت بەشـینەوەکانە)، نـە رێگەشـمان دەدەن بـە ئـازادی کتێبـە حەرامەکراوەکان (قوربانـی فەتواکانیـان) بخوێنینـەوە و لەگـەڵ (فاتیمـە مەرنیسـی و حەیـدەر حەیـدەر و فـۆدە و جەلالولعـەزم و کـێ و کـێ)دا پیاسـەیەک بـە نـاو چیمەنەکانـی ئەتویلـدا بکەیـن و دەقـەکان بخوێنینـەوە، لـە هەمـووش خۆشـتر ئەوەیـە داواکاری گشـتی بـن دێـری ئـەو رسـتە شـیعرییانە و هەناسـەی ئـەو نۆتانـە دەخوێنێتـەوە و کەچـی خۆیشـی لـە خوتبـە ئاگرینـەکان کـڕ کـردووە!

## هەڵبژاردن و بەرپرسیارێتی

دیـارە هــەر پرۆســەیەکی هەڵبــژاردن وەک بنەمایەکــی گرنــگ لــە ژیانــی سیاســی و دیموکراسـیدا، هەنگاوێکـی تـرە بـۆ نزیکتـر بوونـەوە لـە دۆزینـەوەی شوناسـی تاکگەرایـی هاووڵاتــی، بــە دیوەکــەی تریشــدا گەڕانەوەیەکــی تەندروســتە بــۆ ئیــرادەی تاکەکــەس و ڕەواندنــەوەی تــرس و بیمــی ســەر لەنــوێ لــە دایکبوونــی دیکتاتۆریــەت و هەژموونــی تاکڕەوی.

ئەگــەر هەڵبــژاردن لــە عیراقــدا بــۆ عــەرەب هۆکارێکــی گرنــگ بێــت بــۆ بەشــداری زیاتـر و کاراتریـان لـە پرۆسـەی سیاسـی و دەسـەڵاتداری عیراقـدا، ئـەوا لـە نێـو ئـەو کێشـمە کێشـە و بـە تایبەتـی لـە گەڕانـەوەی بـە هێـزی سوونەکان بـۆ گۆڕەپانەکـە و دابەشـبوونی شـیعەکان بۆسـەر بـەرە و تەکەتولـی جیـاواز، هەڵبـژاردن بـۆ کورد باشـترین چەکێکــی سیاســی و دیموکراســییە بــۆ بەرگریکــردن لــەو دەســتکەوتانەی بــە دەســتی هێنـاون و پێداگیـری لەسـەر بەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکانی تـر لـە چوارچێـوەی دەسـتوور و دامـەزراوە یاسـاییەکانی عیراقـدا. بۆیـە شـتێکی نـوێ ناڵێیـن کـە ئـەو هەڵبژاردنـەش بـە دیوێکـدا شـەڕێکی سیاسـی و دەسـتووری چارەنووسسـازە بـۆ کـورد، شـەڕێکە دەبـێ هەمـووان بـە جیـاوازی بیرکردنـەوە و ئینتیمـای سیاسـیمان لـە پێشـەوەی بـەرە و سـەنگەرەکانیدا بیـن.

جێگـەی خۆشـحاڵییە کـورد دوای کۆمەڵـێ ئەزموونـی دیکـەی پەرلەمانـی، ئەمـڕۆش بـە گـوڕ و تینێکـی زیاتـر و بـە لیسـتی ڕەنگاوڕەنـگ هاتوونەتـەوە نێـو کێبەرکێکـە، بــەڵام لــەوە خۆشــحاڵتر دەبیــن کــە لیســتە جیــاوازەکان بتوانــن جوانتریــن نموونــەی شارسـتانی و دیموکراسـی نیشـانی یـار و نەیارانمـان بـدەن، بـە تایبەتـی لـە بەڕێکردنـی هێمنانــەی هەڵمەتــی بانگەشــەکانی هەڵبــژاردن و دواتریــش پاراســتنی یــەک ئیرادەیــی و یــەک هەڵوێســتی نەتەوەیــی و نیشــتمانی لــە پەرلەمانــی عیراقــدا.

لایەنێکــی دیکــەی هەســتیاری پرۆســەکە بەشــداری زۆرتریــنی هاووڵاتیانــە لــە پرۆســەکە وەک مــاف و ئەرکێکــی خۆیــان، بــەڵام بەشــدارییەکی هوشــیارانە. بــەو

مانایـەی هاووڵاتـی بزانـێ لەسـەر چ بنەمایـەک دەنـگ دەدات و کامـە کاندیـد دەکاتـە نوێنـەری خـۆی و متمانـەی ئـەوەی پێـدەدات لـە بـری ئـەو شـەڕ لەسـەر ئامانـج و مافـە نەتەوەییەکانـی بـکات.

دیوێکـی دیکـەی سەرخسـتنی ئـەو پرۆسـەیە پابەندبوونـی پیشـەیی و ئەخلاقییانـەی کەناڵەکانـی ڕاگەیاندنـە بـە بنەمـا دیموکراسـی و یاسـایی و پیشـەییەکان، بـە جۆرێـک فاکتـەری یـەک ریـزی سیاسـی و تەبایـی کۆمەڵایەتـی بـن و لـە میانـی گوتارەکانیـان خۆیـان لـە بریندارکردنـی یەکتـر و رووشـاندنی یەکتـر دوور بگـرن و زەمینەسـاز بـن بـۆ ئـەوەی رەوشـەکە ئـارام و پرۆسـەی بانگەشـەکردن بەوپـەڕی شارسـتانی بەڕێچـوە بچێت .

لـە هەمـوو ئـەو شـتانە گرنگتـر قەبوڵکردنـی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنـە، بـەو پێیـەی لـە پرۆسـەی دیموکراسـی و گەمەکانـی هەڵبژاردنـدا کەسـێک نییـە بـراوە و دۆڕاو بێـت، بەڵکـو بـراوە کـۆی کۆمەڵگایـە و ئـەو هێزەیـە کـە بـڕوای نەگـۆڕی بـە ژیانـی دیموکراسـی و بەیەکـەوە ژیـان و ئاڵوگـۆڕی ئاشـتییانەی دەسـەڵاتە و بـە بردنـەوەی بەرامبەرەکانـی کەیفسـاز دەبێـت کار بـۆ سەرخسـتنی پرۆسـەکە دەکات.

# چاودێری هەڵبژاردنەکان بۆچی؟

سێ ڕۆژی ترمان لەبەردەم ماوە و دەچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان، هەموومان بەو ئومێدە چاوەڕوانین لەو ڕۆژەدا ئازادنە گوزارشت لە را و ئیرادەی خۆمان بکەین و نوێنەرەکانمان دەست نیشان بکەین، لەگەڵیشیدا لە خەمی ئەوەداین دەنگمان بەفیڕۆ نەڕوا و پرۆسەکە بە پاکی و دوور لە دەستێوەردان بەڕێوە بچێت، کە ئەمەش سەرتاییترین مافی یاسایی خۆمانە وەک هاووڵاتی بۆ ئەوەی ناڕاستەوخۆ لە دارشتنی بڕیاری سیاسی وڵاتەکەمان بەشدار بین، دیارە لەو نێوەدا پرۆسەی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان زامنی ئەوەیە پرۆسەکە بە پاکی بە ئاکام بگات.

ڕەنگە خەڵکانێک بپرسن سوودی چاودێریکردن لە هەڵبژاردنەکان چییە؟ پەیوەندی ئەو پرۆسەیە بە سەرکەوتنی دیموکراسیەت چییە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر، کە هەوڵ دەدەین لەم گۆشە بچووکە وەڵامێکی کورتیان بدەینەوە.

دیارە چاودێری هەڵبژاردنەکان کۆمەڵێک ئامانج و مەبەست دەپێکێ، کە ڕاستەوخۆ خزمەت بە پرۆسەی دیموکراسیەت دەکەن، بە تایبەتی بۆ ئەوەی تاکی دەنگدەر متمانە و بڕوای بەوە پتەوبێت، کە دەنگەکەی شوێنی خۆی دەگرێ، ئەویش لە میانی هەڵسەنگاندنی ئاکامە پۆزەتیف و نێگەتیفەکانی هەڵبژاردنەکاندا دەردەکەوێ، کە چاودێرییەکی سەربەخۆ و بێلایەن هەبێت و نەکەوێتە ژێرباری هیچ کاریگەرییەکی سیاسی و ئینتمای ئایدیۆلۆژی و ویژدان و متمانەی خۆی لە پێناو قایلکردنی دڵی ئەم و ئەو و ملدان بۆ خواستی ماددی و بەرتیل نەدۆڕێنێ. چونکە مەرجی سەرەکی ئەو کەس و لایەنانەی ئەرکی چاودێریان خستۆتە سەر شانیان ئەوەیە، کە بە پاکی و ڕاستگۆیی و سەربەخۆیی و بێلایەنی مامەڵە لەگەڵ ورد و درشتی پرۆسەکە بکەن، بۆ ئەوەی لەهەر گزی و ساختەیی و پێشێلکارییەکی نایاسایی و دەست تێخستنێک بەدوور بێت.

ئامانجێکی دیکەی پرۆسەی چاودێریکردن زانینی ڕێژەی پەرۆشی هاووڵاتیانە بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسی و ڕاددەی قەبوڵکردنی لایەنە ڕکابەرەکان بۆ دەرەنجام

و ئاکامەکانی هەڵبژاردن، کە دواجار بە خزمەتی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات وەک بنەما و بەهایەکی سەرەکی دیموکراسییەت تەواو بێت.

کەوابێت بوونی چاودێری بێلایەن هۆکارە بۆ ئەوەی هاوڵاتی متمانەی ئەوەی لا دروست بێت، کە بەشداری پرۆسەکە بکات ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر زامنی ئەوەیە کە پرۆسەی هەڵبژاردن بە پاکی و تەندروست بەڕێوە بچێت. بێگومان پرۆسەی چاودێریکردن هەر بەتنها تایبەت نییە بە ڕۆژی دەنگدان، بەڵکو چاودێری هەڵبژاردن بە قۆناغی جیاوازدا ڕەت دەبێت، پێش هەڵبژاردن و ڕۆژی دەنگدان و دوای پرۆسەکەش، کە هەر قۆناغە و ئەرک و تەوەری جیاوازی هەیە بۆ کار لەسەرکردن. پرسی ئەوەی لە بارەی ئامار و ڕێژەی دەنگدەران و دڵنیابوونی هەموو هاوڵاتییەک لەوەی لەو مافە بێبەش نابێت، لەگەڵ ئامادەکارییە تەکنیکی و لۆجستییەکانی پرۆسەکە کۆمسیۆن چی کردووە، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەسەر چ بنەمایەک و بە گوێرەی چ پێوەرێک ئەنجام دەدرێن و چوارچێوە یاساییەکانی کامانەن و ڕاددەی پابەندبوونی قەوارەکان بە بنەما و ڕێوشوێنە یاساییەکانی هەڵمەتی بانگەشەکردن و یاداشتکردنی جۆر و قەبارە و ڕەنگدانەوەی پێشێلکارییەکان و چاودێریکردنی ڕەوشی ئاسایشی ڕۆژی دەنگدان و ئاستی بێلایەنی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس لە پرۆسەکە و....هتد، هەموو ئەوانە دەچنە چوارچێوەی پرۆژە و پلانی چاودێریکردن، کە هاوکارن لە سەرخستنی پرۆسەکە.

بۆیە هاوڵاتییان بە ئومێدێکی زۆرەوە چاوەڕێی ئەوەن، کە ئەو کەس و لایەن و ڕێکخراوە ناوخۆیی و دەرەکییانەی بەرپرسیارێتی چاودێریکردنیان گرتۆتە ئەستۆ، لە ئاستی بەرپرسیارێتی پیشەیی و مۆرالی و نیشتمانی خۆیان دابن و بۆ هاوڵاتیانی بسەلمێنن کە چاودێری پاک و ڕاستگۆ و بێلایەنن و متمانەی هاوڵاتی دەنگدەر بۆ ئێستا و ئایندە بە خۆیان لە دەست نادەن.

## پێشمەرگەی دێرین!

«بەردی یەکەم نادەم بەکەس ئەو بەردەیەم ناسنامەیە.. ئەگەر دوژمن تانک و فڕۆکە دەنێرێ، با بزانێ منیش یەکەم بەردم هەیە»، ئەوەی سەرەوە قسەیەکی شەهیدی سەرکردە (سەید سەلیم بێخاڵی)یە و کوڕە کوردێکی دڵسۆز هۆنیویەتەوە و ئەو چێژ و نەمریەی پێبەخشیوە. رەنگە ئەمە نموونەیەکی مەزنی خۆڕاگری و گیانفیدایی پێشمەرگە بێت، خۆڕاگرییەک زیاتر لە ئەفسانە دەکات، وەک لە راستی، ئاخر کوا گابەردێکیش هێزی بەرەنگاری ناپاڵمێکی هەبووە و هەیە؟!

بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ بەپیرۆز کردنی هیچ شتێک دانیم، بەڵام گریمان ئەگەر شتێکیش لە کۆنەست و هوشیاری دەستەجەمعی کۆمەڵگەدا پیرۆزکرا، هەرگیز بەڕەوای نابینم کەسێک، یان هێز و گروپێک بێت و ئەو پیرۆزییە بۆ خۆی قۆرخ بکات، یان لەوە خراپتر بازرگانی پێوە بکات!

لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا پێشمەرگە و سەروەرییەکانی کاڵایەکی هەرزانی ململانێ و فرۆشتنەوەی کوردایەتی بوون، وەلێ بۆ جارێکیش کەسیان نەهات سۆراخی مەینەتی و چەرمەسەری ژیانی ئەمڕۆی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە دێرینەکان بکات!

بەڕاست کەس پێشمەرگەی دێرینی لە بیرە، یان باشتر بڵێین کەس پێشمەرگەی دێرین دەناسێتەوە؟ ئایا کەس ئەو سەختیانەی بەبیر ماوە، کە دوێنێ پێشمەرگە چەشتوویەتی؟ ئاخۆ کەس حیکمەتی ئەوەمان بۆ شی دەکاتەوە بۆ لە سەردەمی حوکمڕانی کورددا، پێشمەرگەیەکی دێرین بە عەریف و کۆنە جاشێک بە نەقیب خانەنشین کراون؟ ئاخۆ کەس زاتی ئەوە دەکات نهێنی ئەوەمان بۆ بدرکێنێ، بۆچی لە سای حکومەتی بەرهەمی خوێنی پێشمەرگە، لێرە و لەوێ پێشمەرگەی دێرین چاو لەدەستی واژۆ و سەرلەقاندنی کۆنە هینێکە، کە رۆژگارێک راوی پێشمەرگەی دەنا؟

ئەوە کێیە پەرۆشی بۆ پێشمەرگە دەردەبڕێ، بابێت دەستی بگرم و بیبەمە

کونج بە کونجی ئەو ماڵانەی پێشمەرگە دێرینەکان، کە کوانوی وەفایەک بۆ دوێنێی تێکۆشانیان گەرمیان ناکاتەوە.. چاوی بە دیمەنی رستێ پێشمەرگەی دێرینی ئەمرۆ کۆڵکێش و وردەواڵە فرۆش و کرێکار ئاشنا بکەم.. با بێت پێشمەرگەی دێرینی وای نیشان بدەم، کە هێشتا و دوای شکستەکانی شۆڕش حزب لە دۆمەڵانی خۆی نەتەقیبوو، ئەو بە تەنیا و سەرسەخت و عاسی لەو کێوانە لە ژوانی خۆری ئازادیدا بوو.. پێشمەرگەی نیشاندەم ئێستاش تۆزی سەنگەر بە روخساری و هاولاوی باڕووت لە هەناسەی هەڵدەسێ، بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی بە رەنگی حزبێک لەو حزبگەلەی کوردستان خۆی رەنگ نەکردووە، بە دیار دوکانێکی شرەوە دوا چرکەکانی تەمەنی دەژمێرێ و ئەسەف لە رۆژانی کوشتنی گەنجێتی خۆیشی بەدیار دروشمەکانی شۆڕش ناخوات و پەشیمان نییە.. پێشمەرگەیەک دەستێکی لە کەمێنێک و یەکێکیان قاچێک لە داستانێک و ئەمیان چاوێکی لە شەڕێک و ئەویان گوێچکەیەکی لە رووبەڕووبوونەیەک لە بیرەوەری و دەفتەرەکانی شۆڕشدا بەجێهێشتووە و ئێستاش مووچەیەکی شیاویان پێ رەوا نابینرێ!!
(پەشێو) دەڵێ:

ئەگەر سبەی وەفدێک بێتە وڵاتی من،
لێم بپرسێ:
کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟
دەڵێم
گەورەم!
لەم وڵاتە:
لەسەر هەر بستە زەمینێ،
لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ،
مەترسە! کەمێک سەرت داخە و
تاجە گوڵینەیەک دانێ!»

ئاخر کە بست بە بستی ئەو نیشتمانە پڕیەتی لە پێشمەرگەی گۆڕ غەریب، پڕیەتی لەو سەنگەرانەی ئێستاش ئێسک و پروسکی پارتیزانی تێدا بەجێماوە، رەوای

هـەق نییـە بپرسـین، ئەگـەر ژیانـی پێشـمەرگەی دێرینتـان بـۆ باشـتر ناکـرێ، ئەگـەر تـازە ئیـدی دەسـتبەرداریان بـوون بـەوەی هێـزی گەنجێتیـان لـە دەسـتداوە و کەڵکـی شـەڕە پەڕۆکیـان نەمـاوە، ئەگـەر نازانـن خۆیـان و منداڵەکانیـان چەنـدە بەبێنـازی دەیگوزەرێنـن، ئایـا هـەق نەبـوو هەرنـا ئێسـتا مێنۆمێنتێـک، یـان پەیکەرێـک، یاخـود کۆتەڵێـک بـۆ بیرئانینـی هەمـوو ئـەو سـەربازە ونانـە لـە شـوێنێکی گشـتی کوردسـتاندا هەبێـت و نـەوەی نـوێ و ئەوانـەی دواتـر چەپکـە گوڵـی رێـز بخەنـە سـەریان؟

## تاکسی، یان مزگەوت ؟

مرۆڤ کە سەفەر دەکات، پێی خۆشە ئارام ڕێ بکات، تاکسیش کە هۆکارێکی گرنگی هاتوچۆکردنە، سەختی ئەو ڕێگایانە و هەرای ئەو جەنجاڵییە لە کۆڵ ڕێبوار دەکاتەوە، بەڵام خەریکە هەندێ شوفێری تاکسی و بەعزێ سەرنشین، وا لە ڕێبوار دەکەن ئیرەیی بەو ژاوە ژاوە ببات و بەلایەوە ئاسایی بێت بە پێ فەرسەخە ڕێگایان ببڕێ!!

تاکسی خزمەتگوزارییەکی گشتی و کاتی پێشکەشی مرۆڤ دەکات، بۆ هیچ کام لەوانە نییە کە سواری دەبن، ویست و میزاجی خۆیان بەسەر هاوسەفەرەکانی خۆیان و تەنانەت شوفێرەکەیش بسەپێنن، وەک چۆن بۆ شوفێریش نییە میزاجی سەرنشینەکانی بگرێ. زۆر شوفێری تاکسی گللەیی ئەوە لە ڕێبواران دەکەن، کە داواکاریان زۆرە و وەک ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەیان کرییێ و شوفێری ئەوان بن، بێزاریان دەکەن، بەڵام زۆر شوفێریش هەن، سەفەر لە ڕێبوار دەکەنە ژەقنەبووت!

حاڵەتێک لە نێو زۆربەی تاکسییەکانی کوردستاندا دەبینرێ، کە مرۆڤ زۆرجار خوازیاری ئەوەیە بە پێ ڕێ بکات، نەک مێشکی بچێت. بۆ نموونە زۆر کەڕەت کاکی شوفێر بۆ میزاجی خۆی، یان بە قسەی سەرنشینێک (کە زیاتر بۆ ریایانە)، ناو تەکسی لە ڕێبوار دەکاتە مزگەوت، یان بە دەنگی نەشازی تیپێکی هەیدۆ، ناو تەکسییەکە دەکاتە هۆڵی زەماوەند و سەفەرەکە لە سەرنشینەکان دەکاتە گوژاڵک!!

زۆر ئاساییە بەرەبەیانێکی زوو، کە دونیا ئارامە و ناو تاکسی خامۆشە و ڕێگا دەبڕی، گوێبیستی تۆنێکی نەرم و خۆشی قورئان خوێندن بیت، یاخود گوێ لە مۆسیقایەکی هێمن و ئاوازێکی نەرم بگری، کە خەیاڵت تا ئەوپەڕی، تێری فڕین دەکەن، بەڵام هەرگیز ئاسایی نییە لەناو مەترێکی چوارگۆشەی داخراودا گوێت بۆ هاتوهوریای مەلایەک و شیڕە شیڕی گۆرانییەکی هایدۆ شل بکەیت. بێگومان ئەوە هیچ پەیوەندی بە دژایەتی ئایین نییە و وەکو تر سوکایەتی کردن نییە

بـە هونـەری گۆرانـی، بـە پێچەوانـە ئـەو گللەییـە (کـە زۆر خەڵـک بـە پسـتە لـە نێـو خۆیانـدا باسـی دەکـەن)، مافێکـە نابـێ بـەو بیانـو و پاسـاوە لـە خەڵـک زەوت بکـرێ!!

رەنگـە سەرنشـین هەبـێ نەخـۆش بێـت و بـە دەنگـی بـەرز و نەشـاز فشـاری خوێنـی بـەرز بێتـەوە، دوور نییـە تیایـدا هەبێـت وا راهاتبێـت لـە سـەفەری درێـژدا سـەرخەوێک بشـکێنێ، پێدەچـێ منداڵـی بچووکـی تێدابێـت و بـەو هـەرا و هۆریایـە گوێچکـەی کاس بێـت و ئۆقـرەی لـێ هەڵسـێ، لەوانەیـە هەبێـت هـەر لـە بنەڕەتـدا حـەز بـە دەنگـە دەنـگ و غەڵبـە غەڵـب نـەکات، چ جـای بەبـێ ویسـت و دڵـی خـۆت ناچـار بـە گـوێ گرتنـت بکـەن!!

لـەو سـی دی دەهۆڵـی و بـازاڕی و بـێ مانایانـە گەڕێـن، کـە میزاجـی کوردەواریـت تێـک دەدەن و چـارەی هونـەری مۆسـیقا و گۆرانیشـت لەبـەر چـاو ناشـیرین دەکـەن. بەداخـەوە زۆرێکیـش لـەو وتـارە ئایینییانـەی خراونەتـە سـەر سـیدیەکان بۆنـی خوێـن و دەنگـی توندیژیـان پێوەیـە، وتاربێـژ وا دەزانـێ بـە گوێـی خەڵکـی کـەڕ (کـەم بیسـت)دا قسـە دەکات، ئـاوا هـاوار دەکات، شـوفێرەکەش لـە هـەردوو حاڵەتـدا ئەوەنـدە دەنگـی دەداتـێ، دوور نییـە ئەگـەر تایـەی تاکسـییەکەی بتەقـێ، لەبـەر قیـژەی وتاربێـژ و هـەرای شاباشـی هەیدۆکـە، ئـاگای لـێ نەبێـت!

ئـەوە حاڵەتێکـە، کـە تـا ئەوپـەڕی ناشارسـتانییە، خەریکـە دەبێتـە دیـاردە. ئەگـەر بڕیـارە سەرنشـین بـۆ ئـەوە سـواری تاکسـی نابێـت، کـە کرێیەتـی، ئـاواش پێویسـتە شـوفێر ئـەو کاسـێت و سـیدیانە نەخاتـە سـەر ریکۆردەرەکـەی.. یـان بـۆ نموونـە ئەگـەر سەرنشـینێکی جگـەرە کێـش رێـزی ئەوانـی تـر دەگـرێ و دوو تـا سـێ سـەعاتە رێ جگـەرە ناکێشـێ، بـا بابـای بـە رواڵـەت موسـڵمانیش لـە ماڵـی خـۆی گـوێ لـە سـیدیەکانی بگـرێ، هەرنـا ئەگـەر راسـت دەکات، ئـەوە رۆژانـی هەینـی، بـا بـۆ خـوا گوێیـان لـێ بگـرێ، نـەک بـۆ ریـا بیانکـڕێ!

بۆیـە کاتـی ئـەوە هاتـووە بـە شـوفێری تاکسـییەکان و بەعـەزێ ئیمانـداری دونیایـی بڵێیـن: کاکـە تاکسـی نـە هۆڵـی زەماوەنـد و هەڵپەڕکێیـە، نـە مزگەوتـی سـەفەری!

## نوکتەکانی جەژن!

ئێوارەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز، بەر لە ئاگرکردنەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین برادەر بەسەر بکەمەوە و پیرۆزبایییان لێ بکەم , کورتە نامەیەکی (فول نەتەوەییم) نووسی بۆ زۆربەیانم نارد. برادەرێکی زۆر شیرینم، کە گومانم لە رۆحی کوردبوونی نییە، دیاربوو درەنگانی شەو نامەکەی پێگەیشتبوون بۆیە هەر بەو درەنگی شەوە وەڵامێکی مزری بۆ ناردمەوە و نووسیبووی (چییە برا بەو نیوە شەوە دەڵێی گۆشت کەوت خواردووە، وا هەستی نەتەوەییت جۆشی سەندووە؟!).

ئازیزێکی ترم بەسەر کردەوە، کە دەمێک و سەرەڕای جیاوازی بۆچوون و بیرکردنەوەکانمان دۆست و برادەری یەکترین، بەڵام وەڵامی ئەو ئازیزە بۆ من جێگای پرسیار و مایەی نیگەرانی بوو. ئەو کە هەموو جەژنی رەمەزان و قوربانان نامەی پیرۆزبایی پڕ سەڵەوات و تەکبیرم بۆ دەنێرێ، بۆ رێزگرتن لە ویست و هەستی ئەو، شیرینتر وەڵامی دەدەمەوە، کەچی برادەر لە وەڵامی پیرۆزبایییەکەی مندا نووسیبووی (استغفر الله، پیرۆزبایی رۆژی ئاگر پەرستی لە من مەکە!!).

بەدیار تەلەفزیۆن و زەماوەند و خۆشی دەربڕینی خەڵکەوە دانیشتبووم، هاوڕێیەکی ئازیزم تەلەفۆنی بۆ کردم، دوای پیرۆزبایی و سوپاسگوزاری نامەکەم گووتی: برادەرێکم بۆ لە خەت گرتووی، کە نامەکەی تۆی بۆ کۆپی کردووم و بیری چووە ناوی تۆ بسڕێتەوە، ناوی خۆیشی بۆ زیاد کردووە و رێک بۆی رەوانە کردووم. پێش ئەویش برادەرێکی تر وای کردبوو، کە بۆ گاڵتە پێمگووت دەتدەمە دادگا، گووتی: کاکە ئەوە بۆ دروشمی حزبەکەمانت دارشتۆتەوە و پرست پێنەکردووین؟

بە کورتییەکەی، قەرزاریشی کردمەوە!!

نەورۆزی پارساڵ لەگەڵ هەندێ خزم و ناسیاو چووینە دەرەوە و بەو بۆنە نەتەوەییە تێر هەڵپەڕین و شاییمان کرد، عەیب نەبێ بۆ خۆیشم سەرچۆپیم بە زەمان گرتبوو. دیارە زاگرۆس تیڤی دیمەنەکانی ئەو ساڵیشی دووبارە پیشان

دەدایـەوە. برادەرێـک گووتـی: هـا کافـر ئـەوە چییـە، بـە خـاوی، بـە کـوڵاوی و بـە بـرژاوی شاشـەت داگیـر کـردووە؟!

ئەمەیـان ئاسـایی بـوو، ئـەوەی ئاسـایی نەبـوو، نامـەی برادەرێکـی ڕۆژنامەنووسـم بـوو، کـە وەک ئـەوەی عەیبـە بێـت نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس لەگـەڵ خـاو وخێـزان و دۆسـتەکانیان شـایی بکـەن، نووسـیبووی (دەک داوەشـێی، شـەرم ناکـەی شـایی دەکـەی و دەڵێـی.......ی هەڵدەپـەڕی!!).

ڕۆژی نـەورۆز کـە لەسـەر سـپیلکان بـەرەو بێـرۆ چووینـە خـوار، هێزەکانـی پۆلیـس و ئاسـاییش و زێرەڤانـی و پۆلیسـی هاتووچـۆ و بەرگـری شارسـتانی، کـە بـە راسـتی ماندوونەناسـانە ئـەو ڕۆژە و ڕۆژانـی دواتـر لـە خزمەتـی هاووڵاتییـان و پاراسـتنی ئارامـی و تەناهـی و ئاساییشـدا بـوون و جێـی دەستخۆشـین، لـە (سـپیلک) هـەر خێزانـە و کارتێکیـان داینێـن کـە وێـڕای پیرۆزبایـی جـەژن، داوای پـاک ڕاگرتنـی ژینگـە و سـەیرانگاکانیان کردبـوو، بـەوەی هاووڵاتییـان زبڵـو خاشـاک و پاشـماوەکانیان لـەو نـاوە فـڕێ نـەدەن. لـە هەمـووی خۆشـتر ئەوەبـوو، بابایەکـی پۆشـتە و موسـەققەف و شارسـتانیم بینـی، کـە لـە ئۆتۆمبێلەکـەی پێـش مـن بـوو، سـەد مەترێـک لـە بازگەکـە تێنەپـەڕی بوویـن و هـەر بـەدەم خوێندنـەوەی کارتەکـە، ورد ورد خـۆی و ئەندامانـی خێزانەکـەی پاشـماوەی قوتـوی بیبسـی و توێکڵـی میوەیـان لـە پەنجـەرە ئاودیـوی سـەر شـەقام دەکـرد!

## نمەکزانی!
## (وەعد چوار سەد وشە بێت!)

ئـەو ڕۆژەی بـرادەران لوتفیـان فەرمـوو بـە نووسـین هاوکاریـان بکـەم، وەک نمەکێـک بـۆ ڕابـردووی دۆسـتایەتیمان و وەفایـەک بـۆ (ئـاڵای ئـازادی)، بڕیارمـدا کاتێکـی تایبەتـی بـۆ بەشـداری لـە ڕۆژنامەکـەدا تەرخـان بکـەم، گۆشـەی (ڕوانگـە)ش زادەی ئـەو بڕیـارەم بوو.

لـە ژمـارە (٨٠٥)ی ٢٠٠٩/٥/٢٨ تـا ئـەم ژمارەیـە، کـە دەکاتـە (٤١) گۆشـە، بـێ پسـانەوە بـەردەوام بـووم، بـۆ خـۆم هـەر لـە نووسـینی گۆشـەی (٣٠)یەمـدا لـە کەلـلـەی دابـووم بـوار بـۆ خەڵکـی تـر خـۆش بکـەم قسـەی خۆیـان لـەو شـوێنەدا بکـەن، بـەڵام لـە یەکـەم گۆشـەدا نووسـیبووم (کـەی سـتافی ئـاڵا زانیـان چیتـر هەناسـەم بـڕ نـاکات، بـەو هیوایـەم سـتۆپم پێبکـەن)، بۆیـە بـە گوتـەی پەندەکـە (سـوار بـوون عەیبێـک و دابەزیـن دووان) درێـژەم پێـدا، خۆشـبەختانە دیـارە بـرادەران دەیانـەوێ لـە ڕووی فـۆڕم و نـاوەڕۆک و ئاراسـتەی کارکردنـەوە، گۆڕانێـک لـە سـتایلی کاری ڕۆژنامەکـەدا بکـەن، دیـارە ئەمـەش بـۆ مـن باشـترین هەلێـک بـوو لێـرە سـتۆپ بکـەم.

لـەم ماوەیـەدا ڕەنگـە هەنـدێ جـار زەحمەتییەکـم دابێتـە بـەر کاک (گـۆران)ی سەرنووسـەر، بـەوەی داوام لـێ بـکا درێـژ دادڕی نەکـەم، پێـم وایـە جارێکیـش لـە ناردنـی گۆشـەکە دواکەوتـم، ئەگەرنـا بـەردەوام لـە کاتـی خۆیـدا گۆشـەکانم گەیشـتوونەتە دەسـتی بەڕێزیـان. وەکوتـر ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ناوەڕۆکـی بابەتـەکان و زمانـی نووسـین و هـەر شـتێکی دیکـەوە هەبێـت، ئـەوا بـۆ خوێنـەرە بەڕێزەکانـی جـێ دەهێڵـم تـا حوکمیـان لەسـەر بـدەن، لـەوەی تـا چەنـد سـەرکەوتوو بـووم یـان نـا!

ئێسـتاش کـە لەسـەر داوای هاوکارانـم گۆشـەکە دادەخـەم، پێـم وایـە بوارێکـی زیاتـرم دەبـێ لـە ئایینـدەدا ئازادانەتـر (لـە ڕووی قەبـارەی نووسـین و پابەنـد نەبـوون بـە کات) لـەو مینبـەرە دیدگاکانـم بخەمـە ڕوو، چونکـە کێشـەی مـن لـە نووسـیندا لـە کورتـی لـێ نەبڕینەوەیـە، جـاران و ئێسـتاش ئـەو گرفتـەم لەگـەڵ هـەردوو هاوکارانـم (ئاکـۆ

محەمــەد – سەرنووســەری رووداو) و (حەمــەی حاجــی کەریــم – سەرنووســەری کۆوار) هەبوو و هەیە، کەم تا زۆریش سەری (گۆران جەلال) و برای زێدە ئازیزم (رێبــاز مســتەفا)م پێیــەوە دەیەشــاند، زۆر کــەم دەمتوانــی بهێڵــم کێرڤــی ژمــارەی وشــەکان هەڵبــەز و دابــەزی تــێ نەکــەوێ، ئەگــەر لــە ژمارەیــەک لەبــەر دڵــی ئــەوان (٤٠٠) وشــەم بنووســیبایە، لــە گۆشــەی دواتــر بــە فێڵــی بچووککردنــەوەی قەبــارەی فۆنتەکــە، تۆڵــەم دەکــردەوە!!

بەهەرحــاڵ لــەو ماوەیــەدا ســەربەرزم کــە رۆژێــک، نــەک دێرێــک، بگــرە پیتێکیــش لــە نووســینەکانم نەکەوتــە بــەر مەقەســی سانســۆر، کــە رەنگــە هەنــدێ جــار لەگــەڵ سیاســەتی کاری رۆژنامەکــەش ناکــۆک بووبێــت، وەکــو تــر ئەگــەر هەڵەیەکــی رێزمــان و رێنــووس لــە نووســینەکاندا هەبووێــت، ئۆبــاڵ بــە ئەســتۆی خۆمــە، چونکــە ئــەوان (علی الثقـة) کۆپــی پێســتیان دەکــرد.

ماوەتــەوە بڵێــم لــەم گۆشــەیەدا ئەگــەر شــتی نوێشــم نەگووتبــێ، بــەڵام دڵنیــام جیــاواز لەوانــی تــر قســەم لــە بارەیــەوە کــردووە، چونکــە بــڕوام وایــە «ئــەوەی تــۆ گووتوتــە، تــۆش نەبوایــت کەســێکی تــر دەیگــووت، ئەگــەر ئێســتاش تــۆ گووتوتــە، ئــەوا دوور نیــە ســبەی کەســێکی تــر هەمــان شــت لــە تــۆ جوانتــر بڵێتــەوە و گوزارشــتی لــێ بــکات».




گۆشەی (بیاڤ)

# دەرفەتێکی دیکەی ژیان

هەفتەنامەی (میدیا)

# بێدادی و چاکسازی

بۆ ئەوەی بێدادی لەناو کۆمەڵگەدا نەبێ، پێویستە یاسایەک هەبێت لە ئەرک و مافدا بەیەک چاو بڕوانێتە هاووڵاتیان، چەسپاندنی ئەو یاسایەش پێویستی بە هێزی چەسپاندن و دەزگای دادوەری هەیە، بۆ ئەوەیش کۆمەڵگە ئیرادەگەرانە ملکەچی ئەو هێزی چەسپاندنی یاسایە بێت، دەبێ هێزێک بێت کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئینتمای سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی و دارا و نەدار و دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات هەڵاوێر نەکات. دەزگای دادوەریش بۆ ئەوەی ببێتە جێی متمانەی هاووڵاتییان دەبێ سەربەخۆ بێت، سەربەخۆیی دەزگای دادوەریش پێویستی بە بوونی ویستی کردەنی و ئیرادەی حزب و سەرکردەکانییەتی بۆ وازهێنان لە دەستتێوەردانی دەزگاکە لەلایەک، لەلایەکەی تر پێویستی بە بوونی هەڵوێستی دادوەران هەیە بۆ ئەوەی نەچنە ژێر باری فشارەکانی حزب و بەرپرسەکانی، ئیمتیاز و کورسی شوێنەکەیان ناچار بە بێدەنگیان نەکات لە بەرامبەر دەستتێوەردانی حزب و کاراکتەرەکانی لە کار و بڕیارەکانیان. داواکاری گشتی دیوێکی دیکەی هاوکێشەکەیە، کە پێویست دەکات ئەو ناوبڕەبێت سنوور لەبەردەم دەستدرێژی حزب و کاربەدەستانی بۆ سەر مافی هاووڵاتی (وەک تاک و گشت) دابنێ و لەسەر ورد و درشتی بێدادی و یاسا شکێنییەکان سکاڵا بجوڵێنێ و کەیسی مێشێک نەکاتە گامێش و کەیسی کەرکەدەنێکیش دیزە بەدەرخۆنە نەکات.

بەداخەوە لە کوردستاندا یاسا و بێدادی هاوتەریب دەڕۆن، تەنانەت زۆرجار ئەوەی دووەم یەکەمیانی بە فەرسەخ جێهێشتووە. بۆ نموونە لەم هەرێمەدا یاسا هەیە، کە وەک دەق و ناوەڕۆک زۆرینەیان جوان و پێشکەوتوون، بەڵام هێزی چەسپاندنی یاسا نا ئامادەیە (هەرنا لە ئاست گەندەڵی پێداو و دەسەڵاتداراندا) و توانای پیادەکردنی بەسەر بێدەسەڵاتێک وەکو دەسەڵاتدارێک نییە. دەزگای دادورەی هەیە، کەچی سەربەخۆ نییە، لەلایەک حزب هەژموونی بەسەردا کردووە، لەلایەکی تر دادوەرێکمان نەبینی لە جیاتی پاساو دانەوەی ئەو دەستتێوەردانە،

وەک ئەرکێکی ویژدانی و بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی، هەرنا وەک (اچعف الايمان) دەست لەکار بکێشێتەوە. داواکاری گشتی هەیە، کەچی لە جوڵاندنی سکاڵاکاندا تەندروست کار ناکات.

بۆ ئەوەی چاکسازی بکەین دەبێ حزب و بەرپرسەکانی واز لە دەزگای دادوەری بێنن کاری خۆیان بکەن، چیتر دادوەر و داواکارانی گشتی لەسەر بنەمای حزبی لەو دەزگایانە تەعین نەکرێن، هاوکات دادوەر و داواکارە گشتییەکان بە بیانووی دەست تێخستنی حزب و نەبوونی دەسەڵاتی رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵیاندا، ئەرکی راستەقینەی خۆیان بیر نەچێتەوە و ئەگەر بۆ جارێکیش بێت لە بری ئەو گازاندانەی دەیکەن یەکێکیان دەستبەرداری پۆست و ئیمتازەکانی بێت (چونکە رۆژانە دەبیستین کە بەر لە هاووڵاتی، ئەو بەڕێزانە گلەیی لەو دەستێوەردانەی حزب دەکەن).

## یاخیبوون و وەڵامی ستۆك!

ناکرێ مرۆڤـەکان تـا هەتایـە بـە تەنهـا وەڵامێـک قایـل بکرێـن، ئـەوەی دوێنـێ رەنگـە بـۆ ئەمـرۆ دەسـت نـەدا، ئـەوەی ئێسـتاش بـۆ سـبەی کـۆن دەبـێ، چونکـە خێرایـی لـە گەشـەی ژیـان و پێداویسـتییەکان پرسـیاری نـوێ لەگـەڵ خۆیـان دێنـن و پێویسـتە بـە لۆژیکـی رۆژ وەڵام بدرێنـەوە، هـەر وەڵامێکیـش لـە دەرەوەی سـیاقی مێژوویـی خـۆی جۆرێکـە لـە خۆدزینـەوە و بـە دیوەکـەی تـردا خافڵگیـر کردنـی بەرامبـەرە.

بـەراورد بـە خێرایـی ئەمـرۆی دونیـا و ژیـان، کۆمەڵگەکەمـان لـە ئاسـتە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکەیـدا خەریکـە بەجـێ دەمێنـێ، وەک چـۆن بـە تەنهـا بەرزرکردنـەوەی ئاپارتمـان و وەبەرهێنانـی ئابـووری بـەس نیـن، بـۆ ئـەوەی بـاوەڕ بـەوە بێنیـن کـە پێشـکەوتووین، بـە هەمـان شـێوە ددان نـان بـە بوونـی کێماسـی لـە ژیانـی سیاسـی و بەڕێوەبردنـدا تینوێتـی هاووڵاتیـان ناشـکێنێ و ئـەو وەڵامـە دروسـتە نییـە کـە لـە سـیاقی خـۆی درابێتـەوە.

« یاخیبـوون لـە دیمەنـی نەمانـی لۆژیکـەوە چەکـەرە دەکات، لـە هەمبـەر دۆخێکـی جـوڵاوی داخـراودا- کامـۆ»، دوور و نزیـک باشـووری کوردسـتان دەچێتـە ژێـر چەتـری ئـەو بۆچوونـە. لـە روخسـاردا کۆمەڵگەیەکـە جـوڵاو و بـزۆز، بـەڵام لـە ناوەرۆکـدا خەریکـە دەچەقـێ و لـە دەوری بازنەیەکـی داخـراودا دەسـوڕێتەوە. جوڵـەی بازرگانـی و قوتکردنـەوەی باڵاخانـەی هەوربـڕ هەیـە، بـەڵام رۆحـی مرۆڤەکانـی خامۆشـە، ئـەوەش گرێکوێرەیەکـە پێویسـتی بـە کرانـەوە هەیـە. نەمانـی لۆژیکەکـە لـە جوگرافیـای ئێمـە لـە وێدایـە کـە دەسـەڵات وەڵامـی دروسـتی پرسـیاری هاووڵاتـی لـە سـیاقی خۆیـدا ناداتـەوە، بـە قـەد ئـەوەی دەیـەوێ بیـرەوەری بگەڕێنێتـەوە بـۆ دوێنێـی تـرس و تۆقانـدن، بـە مانایەکـی روونتـر گەڕاندنـەوەی بـۆ چیرۆکەکانـی شـۆڕش و قوربانیـدان، لـە بەرامبـەردا لـە بیـری دەچێـت کـە نـەوەی ئەمـرۆ کـوڕی شۆڕشـگێر و قوربانـی دەرەکانـی دوێنێیـە، بـەڵام ئـەو لـە ئێسـتادا دەژی.

بـۆ ئـەوەی گەندەڵـی نەهێڵیـن، یـان هەرنـا تـا ئاسـتێکی زۆر کاڵـی بکەینـەوە و

ڕێ لــە تەشــەنەکردنی بگریــن، ددان نــان بــە بوونــی گەندەڵــی بــەس نییــە، بەڵکــو حیکمــەت لــە دۆزینــەوەی هــۆکارەکان و میکانیزمەکانــی چارەســەر کردنــی دایــە، بوونــی ویســت و ئیرادەیەکــی پراکتیکــی باوەڕمەندانەیــە لــە ئاســتە سیاســی و کارگێڕییەکــەی لــەم بارەیــەوە حەکیمانەتــر. بۆیــە تــا جڵەوەکــە لــە دەســت دەرنەچــووە گرنگــە دەســەڵاتی کوردســتان مشــورێکی جیــددی بخــوات، کــە بەمــەش دوو ئامانجــی گرنــگ دەپێکــێ، یەکەمیــان بردنــەوەی ئــەو یاخیبــوون و خرۆشــەی گەنجانــە بــۆ دۆخــی سروشــتی و مەدەنــی و یاســایی خــۆی، ئەویتــر زیندەبەچــاڵ کردنــی خەونــی ئــەو هێــزە هەلپەرســتانەیە کــە دەیانــەوێ لــە پشــتی توڕەیــی گەنجــان مەرامــی دەســەڵاتگەراییان بێننــەدی و لەســەر خوێنــی قوربانییــەکان کاوێــژ بکــەن و نــان و پیــاز بــە کار و پەرچەکردارەکانــەوە بخــۆن.

## ئۆپۆزسیۆن و چەلەحانێ!

بــە دیقەتــەوە گوێــم بــۆ دانیشــتنە نــا ئاســاییەکەی پەرلەمانــی کوردســتان و گفتوگــۆی پەرلەمانتــاران گــرت، کەچــی ئێســتاش لەبــەر زمانــی شــیعری دەربڕینەکانــی هەنــدێ ئەنــدام پەرلەمــان و کاوێژکردنــەوەی دروشــمە سیاســییەکانی ڕۆژانــی پێشــوو تریــان، کــە بــە مەبەســتی یاریکــردن لەســەر ژێــی ســۆزی هاووڵاتیــان بــەو ریتمــەوە بەردەوامــن، نەمزانــی نارەزایــی گەنجــە خۆنیشــاندەرەکان و داواکارییــە رەواکانیــان لــە کوێــی هاوکێشــەکەدا بــوون. گفتوگــۆکان ئەوەنــدەی خــۆ جوینــەوە و شــەڕ فرۆشــی بــوون، چارەگــی ئــەوە قســەکردن نەبــوون لەســەر چارەســەرییەکان، ئەوەنــدەی فرۆشــتنەوەی حەقیقەتــی رەهــا بــوو بــە یەکتــری، چارەگــی ئــەوە هەوڵێــک نەبــوون بــۆ لەیــەک حاڵیبــوون و قەبوڵکردنــی بەرامبــەر بــە جیاوازییەکانــی. قســەی هەندێــک ئەنــدام پەرلەمــان، کــە وێدەچــێ هــەرزە سیاســی بــن، ئەوەنــدەی شــەڕی بــە وەکالــەت و تەســفیەی حیســابات و ناشــیرینکردنی شــارێک و حزبێــک بــوون، چارەگــی چارەگــی ئــەوە خەونــی کرانــەوە و دیموکراســی نەبــوون. هــەر ئــەودەم قســەکەی (کریشــنا مۆرتــی)م بیــر کەوتــەوە لــە بــارەی گفتوگــۆی بێهــوودە، کــە دەڵــێ « گفتوگــۆ مانــای ئاڵوگۆڕکردنــی ئەزمــوون و تاقیکردنــەوەکان نییــە لەگــەڵ یەکتــردا، بــە هیــچ کلۆجێــک مەســەلەی ئاڵوگــۆڕ لــە ئــارادا نییــە، بەڵکــو ئــەوەی لــە ئــارا دایــە بــە تەنهــا جوانیــی حەقیقەتــە، کــە نــە مــن خاوەنیــم، نــە ئێــوەش».

ئــەوەی لــە دانیشــتن و بەشــێکی گفتوگۆکان بیســتم، جگــە لــە قوڵکردنەوەی کێشــەکان و خــۆ دزینــەوە لــە چارەســەری شــتێکی تــر نەبــوو، چونکــە ئەوەنــدەی خەیاڵیــان بــەلای پەکخســتنی دانیشــتنەکە و فەرامۆشــکردنی خاڵەکانــی ڕاپۆرتــی لیژنەکــە و ناشــیرینکردنی شــار و حزبێکــەوە بــوو، بــە مــوو لــە خەمــی خســتنەڕووی ڕێگەچارەســەری و میکانیزمەکانــدا نەبــوو.

لــەوە بەلارێدابــردن زیاتــر چــی، داواکاری خەڵــک بــۆ چاکســازی و نەهێشــتنی گەندەڵــی و بێــدادی، بکەیتــە دروشــمی دەســت لــە کارکێشــانەوەی ســەرۆکی حکومــەت

و کابینەکـەی، وەک ئـەوەی ئەگـەر حکومـەت رووخـا ئیـدی وڵات دەبێتـە شـامی شـەریف؟!

خۆدزینـەوە لـە تـەوەری دانیشـتنەکە و داواکردنـی هەڵوەشـانەوەی حکومـەت، جگـە لـە هـەوڵ بـۆ چەواشـەکردنی خەڵـک و بازرگانـی کـردن بـە داوای رەوای خۆپیشـاندەران و تەسـفیەی حیسـابات و خۆکـردن بـە پاڵـەوان شـتێکی تـر نییـە، ئەوانـەی خەریکـی ئـەو چەلەحانێیـە بـوون و کاتێکـی زۆری ئێمەیشـیان بـە دیـار خۆگیڤکردنـەوە و دروشـمبازی سیاسـییانەی خۆیانـەوە کوشـت و حەرفێکیـان بـۆ راپۆرتـی لیژنەکـە زیـاد نەکـرد، سـەلماندیان شایسـتەی ئـەو شـوێنە نیـن!

## TV و مەنسولی حزب..
## ئۆپۆزسیۆن و مەنسولی خەیات!

دەڵێـن جارێکیـان بەرپرسـێکی بەعـس لەسـەر تەلەکانـی کارەبـای گەڕەکێکـی شـاری بەغـدا یـاری سـێرک دەکات و خەریکـی هەڵبـەز و دابـەزە، خەڵکیـش پێیـان سـەیرە، بۆیـە کـە تـەواو دەبێ لێی دەپرسـن: ئـەوە بـۆ وا دەکەیـت؟ کابـراش دەڵێ: چـار نییـە موناسـەبە نییـە لەگـەڵ رەفیـق فـلان ئامـادە نەبـم و خۆیشـم لـە تەلەفزیـۆن نابینـم، بۆیـە وام بەبـاش زانـی ئـەو کارە بکـەم و بزانـن منیـش هـەم!!

شـتێک کـە جێـی سـەرنج و هەڵوەسـتە لەسـەر کردنـە ئاسـتی تێگەیشـتن و جـۆری مامەڵـە کردنـی زۆرێـک لـە بەرپرسـە حزبییـەکان و لێپرسـراوە حکومییەکانـی هەمـان ئـەو حزبانـەی کوردسـتانە لەگـەڵ راگەیاندنـەکان و بەتایبەتـی راگەیاندنـی بینـراودا، کـە دیـارە مەبەسـتم کەناڵـی حزبەکانـی خۆیانـە.

بەشـێک لـە بەرپرسـەکانی ئـەم وڵاتـە، بەتایبەتـی حزبیەکانیـان، هـەر ئـەوە نییـە قەناعـەت بـە قەسـر و قەمـەرە و قافەکـەی تـر و پـارە ناکـەن، یـان تیونێتییـان بـە شـەریکە بەشـی لـە کۆمپانیـا و مقـاوەلات ناشـکێ، یاخـود کوڵـی دڵیـان تەنهـا بـەوە کاروانێـک ئۆتۆمبیـل و لەشـکرێ حیمایەیـان بـۆ چالاکییەکـی رۆشـنبیری و هونـەری و ئاهەنگێکـی ئاسـایی و پرسـەیەک بـەدواوە بێـت، بەڵکـو ئەگـەر لـەو شـوێنانە کورسـی پێشـەوەیان بـۆ حجـز نەکرابێـت، لـەوەش گرنگتـر کامێرایەکـی تیڤـی لـەو شـوێنە بێـت و پـڕ بـە شاشـە روخسـاری نورانیـان دەرنەخـەن و هەمـوو وڵات بـەم فەخفەخەیـەوە نەیانبینـێ، ئـەوا نـەک هـەر گلۆڵـەی کامێرامـان و رۆژنامەنووسـەکە دەکەوێتـە لێـژی، بەڵکـو دوور نییـە خـودی دەزگاکـەش رووبـەڕووی سـەرکۆنە بکرێتـەوە!

بـاوەڕ دەکـەن بەرپرسـی بـاڵای حزبـی و تەنانـەت حکومـی لـەو وڵاتـە هەیـە تەنهـا لەبـەر ئـەوەی لـە بۆنەیەکدا و لـە شاشـەدا دەرنەکەوتـووە، بـە نووسـراو، یـان بروسـکە، دەعـوای حاڵـی خـۆی بردۆتـە بـەر قاپـی سـەرووی خـۆی؟!

زۆرجـار وابـووە بۆنەیـەک پەیوەنـدی بـە خـودی بەرپرسـەکە و پیشـە و

پۆستەکەشیەوە نەبووە و ئەویش وەک هەر کەسێکی تر میوان بووە، یان لەگەڵ کەژاوەی بەرپرسە گەورەکەی خۆی هاتۆتە شوێنەکە، کە دواتر لە هەواڵەکان خۆی لە شاشە نەبینیووە دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردووە و مێشکی بەرپرسی دەزگا راگەیاندنەکەی بە تەلەفۆن بردووە، تا ئەوە هێند روو قایم بووە، زۆرجار لەبەر خاتری چاوی رەشی بابای بەرپرس و دوای ئەو هەموو ماندوو بوونەی وێنەگر و پەیامنێر و دەنگ و مۆنتێر و گرافیک سەر لە نوێ هەواڵەکە، یان راپۆرتەکە کاری تێدا کراوەتەوە و ترش و خوێی دیمەنەکانی ئەوی پێدا کراوە!

خۆشتر لەمەش، لە بەرەکەی دی، کە ئۆپۆزسیۆنە، باس لەوە دەکەن کەناڵ هەیە مەنسولەکە پرسیاری پێشوەختە بۆ پەیامنێر، یان باشتر بڵێین پێشکەشکاری بەرنامەی تیڤییەکەی ئامادە دەکات و ئەویش دەبێ وەک تووتی پرسیارەکان رووبەرووی کاکی بەرپرس بکاتەوە، نەبادا کاکی پێشکەشکار حەماس بیگرێ و لەو بگرە و بەردەی گەنگەشە و گفتوگۆکەیاندا و بە (خەیاڵی پار و پێرار!) پرسیارێکی ناقۆڵای بە خەیاڵدا بێت و زەللەی زمان نەهێڵێ نەیکات و مەنسولەکەی تووشی شۆک بکات، بەوەش ناوەستن و بۆ ئەوەی ترش و خوێی وەڵامەکان بە دڵی بابای مەنسولەکە بێت، بەرنامەکە تۆمار دەکەن و دوای ئەمسەر و ئەوسەر پێکردنی (کە مۆنتاژە!) دەرخواردی وەرگری دەدەن!

بە کورتی و بە کوردی ( نە دۆیە و نە دۆدان)، ئەگەر بگاتە ئەوەی مەنسولی حزبی و حکومی لە رقی دەرنەکەوتن لە شاشە بروسکە بکات، دوور نییە سبەی لە تورەییان یاری سێرک بکات، وەکو تریش وا بڕوا ئاساییە مەنسولی ئۆپۆزسیۆن لە بری پڕۆژەی عەقڵانی و هەنگاوی دیموکراسی بۆ چاکسازی، لەبەر فەلتەی سیاسی، کارمەندانی ناچار بکات وەک خەیات پرسیارەکانیان لای ئەو بەرادان بدەن!

## پەندەکانی سەفەر

سەفەر دەرفەتێکە بۆ فێربوون، گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی خود، خود چ وەک تاک یان کۆ. سەفەر پەڕینەوەیە لە خود بۆ ئەوی تر و ئاشنابوون بە دیوە جوان و کرێتەکانی، ئەوێک دواجار لە ئاستە جڤاکی و کولتوورییەکەیدا دەبێتە ئاوێنە بۆ بینینی کونج کونجی خۆت. سەفەر بە تەنها بریتی نییە لە پڕکردنی چاو لە دیمەنی جوان و مەستبوون بە پیاسە تەنیا و بێدەنگەکانی کوچەکان، بەقەد ئەوەی ئێستکردنە لە ئاست مرۆڤ و ژینگە و کولتووری ئەوێ.

بەراورد بە زۆر کەس، کەمترین سەفەر و کەمترین وڵاتم بینیوون، بەڵام هەموو ئەو دەرفەتانەم قۆستوونەتەوە بۆ مەشقی هزر و راهێنانی خود، ئەو شوێنکاتانە بۆ من زیاتر تاقیگەی ژیان بوون، وەک لەوەی رەدوو کەوتنی خەیاڵی هەوەس و کوشتنی کات. لەو سەفەرانەدا و لەناو ئەو کەمترین شوێنانەدا، شتگەلێک فێربووم، کە رەنگە لە ئێستا و ئاییندەدا بۆ هەموومان بە سوود بن، هاوکاتیش بەشێکی دیمەنەکان بوێرییەکت پێدەدەن بۆ شانازی کردن بە کولتووری خۆت.

شتێک لە پێشەوەی هەموو شتەکانی سەفەر، کە بۆ من پەند و مایەی هەڵوەستە لەسەر کردن بوو، نائامادەیی و لاوازی ئەو هەست و ئینتیما مرۆییەی هەر یەکێکمانە بۆ ژینگە و ژیانی نیشتمانەکەمان، پەندێک پێمان دەڵێ ئینتیما بەر لەوەی دروشم بێت، پەروەردەیە، پەروەردەیەک لە هەناوی کولتور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا چەکەرە بکات. نائامادەیی ئینتیما بۆ نیشتمان بە مرۆڤ و خاک و ژینگەکەیەوە لە هەڵوێست و رەفتارماندا، پەیوەست نییە بە نەزانینمان و هەست نەکردن بە گرنگی ئەو بەهایە، بەقەد ئەوەی پەیوەستە بە نەبوونی ویست و ئیرادەمان بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئینتیمایە لە هەڵوێست و گوفتار و رەفتارەکانماندا، ئەو رەهەندەش هێندەی بەرهەمی نێو خودی کولتوورە لە ئاستە پەروەردەییەکەیدا، ئەوەندە بەری سیستەمی یاسا و بنەما و بەهاکانی نییە. تۆ با یاسا و دەستوریشت هەبێت، بەڵام کە لە پەروەردە و بونیادی کولتووری

و کۆمەڵایەتیتدا ئـەو هێـزە نەبێـت، کـە ویژدانـت بخاتـە ژێـر پرسـیار، یاسـا ناتوانـێ لەسـەر خۆشوویسـتنی خـاک و ژینگـە و بەهاکانـی رێزگرتـن و لێبوردەیـی و هـاوکاری ئەوانـی تـر راتبهێنـێ.

## ويسألونك عن الانفال!

١٤/٤ی هەموو ساڵێک قەتماخەی برینێک لە جەستەی کورد دەکولێتەوە، برینێک تا هەتایە لە یادەوەری نەتەوەکەماندا دەمێنێتەوە و تا دێ بە سوێ و پڕ ژان تر دەبێ. ئەنفال کە لوتکەی سیاسەتی جینۆسایدکردن و قڕکردنی کورد بوو لە سەر دەستی بەعس، بە تەنها بریتی نییە لە دونیابینی شۆڤینییانەی ئەو سیستەمە دیکتاتۆرییە عروبەوییە بۆ سڕینەوەی شوناسی کوردبوون، بەقەد ئەوەی رەگەکانی ئەو دونیابینییە لە قوڵایی مێژوویی و کولتوری سەرانی بەعس و شوناسە ئیتنییەکەیان دایە. دەتوانین راشکاوانەتر بڵێین کە بە ئاسانی رەگەکانی ئەو سیاسەتە دۆزەخییە لە غەزەوات و داگیرکارییەکانی دۆڵی شەهیدان و ئەسحابان بدۆزینەوە، کە دواتر ئەو سیاسەتە عروبەوییە لە سەردەمی ئەمەوییەکان لە بەرامبەر جیاوازییە ئیتنی و مەزهەبییەکان دەگاتە قۆناغێکی ترسناک، لەو نێوەدا تەنها شتێک کە پرۆسەکانی ئەنفال لە سەردەمی بەعس لەوانەی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، دیوە مۆدێرنەکەی پرۆسەکەیە لە ئاستە تەکنەلۆژی و فیزیکییەکەی، بەو مانایەی بەعس و سەدام بە دامەزراوەکانییانەوە هیچ نین، جگە لە کاراکتەرێکی درێژکراوەی نێو هەناوی ئەو مێژوو و کولتورە، بەڵام کاراکتەری کارا و تا سەر ئێسقان دڕندە و دژە ژیان.

ئەوەی لەناو ئەو مێژووەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە دڕندەیی بەعس و ژمارەی قوربانییەکان نییە، بەڵکو یادەوەری کورتی کوردە لەوەی زوو کارەساتەکانی خۆی بیر دەچێتەوە و نەیکردوونەتە هەوێنی مەیینی هزر و بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی، کە دواجار لەسەر ئەو بنەمایە بناغەی خەونە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاراستە ستراتیژییەکانی داڕێژێ.

بەداخەوە، ئەوەی ئێمە لە جولەکەکانی دەبینین لە ئاست کارەساتی هۆلۆکۆست و کردنی بە هوشیارییەکی نێوکۆیی لە یادەوەری نەوەکانیاندا، کورد بە موو کاری بۆ دروستکردنی ئەو هوشیارییە لە ئاستە گشتییەکەیدا نەکردووە، تەنانەت

خـودی عەقڵییەتـی سیاسـیش لـەو بـوارەدا کەمتەرخـەم بـووە، بەتایبەتـی لـە دوای ڕاپەڕیـن کـە لـە شـاخەوە دێتـەوە نـاو ژیانـی دامەزراوەیـی و دەوڵەتـی، نەیتوانـی، یـان نەیوویسـتووە دەزگا و دامـەزراوە پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و میدیاییەکانـی بخاتـە خزمەتـی دروسـتکردنی ئـەو هوشـیارییە، کـە ئەمـەش بـۆ خـۆی پرسـیارێکە و پێویسـتی بـە وەڵام و هەڵوەسـتە لەسـەر کردنێکـی جیـددی هەیـە و لـەم گۆشـە بچووکـەدا جێگـەی نابێتـەوە.

## گەشتی زانستی!

یەکێـک لـە لایەنـە گرنگەکانـی پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن، لەبەرچاوگرتنـی بەهـرە و خولیاکانـی قوتابییـە، ئـەوەی کـە پێـی دەگوتـرێ چالاکـی دەرەوەی پـۆل، واتـە چالاکییـە هونـەری و رۆشـنبیری و وەرزشـییەکان. لـە سیسـتەمی پێشـکەوتووی پەروەردەییـدا هێنـدەی ئـەو ماوەیـەی کـە بـۆ خوێندنـی وانـەکان تەرخـان دەکـرێ، بارتەقـای ئـەوەش جەخـت لەسـەر توانـا عەقڵـی و خولیاکانـی قوتابیـان دەکـرێ و بـواری مومارەسـەکردنیان بـۆ دەرەخسـێنرێ، چونکـە ئـەو پرۆسـەیە هانـدەری قوتابـی دەبـێ بـۆ خۆشویسـتنی قوتابخانـە و خوێنـدن و هۆکارێکیشـە بـۆ فـراوان بوونـی ئاسـۆی بیرکردنـەوە و روانینـی، کـە دواجـار لـە تێگەیشـتن و وەرگرتنـی دروسـتی ناوەڕۆکـی وانـەکان هـاوکاری دەبـێ. دیوێکـی دیکـەی ئـەو چالاکییانـە گەشـت و گەڕاندنـی قوتابیانە لـە دەرەوەی جوگرافیـای قوتابخانـە، ئەویـش بـە مەبەسـتی ئاشـناکردنیان بـە شـتی نـوێ لـە بـوارە جیاوازەکانـی ژیانـدا، ئەمـەش وەک ئامادەکردنێکـی پێشـوەختەی قوتابـی بـۆ ئاییندە، بـۆ ئـەوەی بتوانـێ وەک کەسـایەتییەکی سـەربەخۆ پشـت بـە تواناکانـی خـۆی ببەسـتێ، کەچـی ئـەو چالاکییـە لـە وڵاتـی ئێمـە، نـەک هـەر لـە قوتابخانـە بنەڕەتـی و ئامادەییەکانـدا، بگـرە لـە پەیمانـگا و زانکۆکانیـش رێـک پێچەوانـەی ئـەو سـتاندەرد و بنەمایانەیـە. گەشـتی زانسـتی لـە قوتابخانـە و پەیمانـگا و زانکۆکانـی ئێمـە بـۆ پێچانـەوەی مەنجەڵـی دۆڵمـە و نمایشـی جلوبـەرگ و سـەرچۆپی و خـۆ بادانـە. تەنانـەت لـە حاڵەتێکـدا شـوێنێکیش لـە میانـی گەشـتەکەدا بەسـەر بکرێتـەوە.

گەشـتی زانسـتی لە بنەڕەتـدا بـۆ ئەوەیـە قوتابـی بـە دونیایەکـی جیـاواز لـەوەی نـاو قوتابخانـە و زانکـۆی خـۆی ئاشـنا بێـت، بـۆ چاوکرانـەوەی زیاتر و فێربوونـی ئەزموونێکی تازەیـە لـە دەرەوەی زێـدی خـۆی، بـۆ ئەوەیـە لـە نزیکـەوە سروشـت و نەریتـی جیـاواز لـەوەی خـۆی بناسـێ و بازنـەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـی فـراوان بـکات، بـۆ ئەوەیـە پشـت بـە خـۆی ببەسـتێ و گەنجینـەی زانیارییەکانـی دەوڵەمەندتـر بـکات،

بـۆ ئەوەیـە شـارەزای ئاسـتی پێشـکەوتن و زانسـتی و لایەنـە مێژوویـی و ژیارییەکانـی ئـەو شـوێنانە بێـت کـە سـەردانیان دەکات.کەچـی لای ئێمـە رێـک پێچەوانەکـەی راسـتە، بـۆ نموونـە کـەم نیـن ئـەو گەشـتە بەنـاو زانسـتییانەی سـاڵانە بـە پارەیەکـی قەبـە بـۆ پەیمانـگا و زانکـۆکان تەرخـان دەکرێـن و ئاکامەکەیشـیان تەنهـا عارەقـەی رەشـی دوای هەڵپەڕیـن و هەنـدێ جاریـش ژەهـراوی بوونـی گەدەیـە بـە هـۆی زۆر خۆرییـەوە!

# هێورکردنەوە!

ئەگەر شەڕە قسەی میدیا بەشێک بێت لە قوڵکردنەوەی کێشەکان و توندترکردنی بارگرژییە سیاسییەکان، کە دواجار بەهۆیەوە کاریگەری نەرێنی بەسەر تەبایی کۆمەڵایەتی دەبێ، بەڵام دیوێکی دیکەی ئەو ڕۆڵە نەرێنییەی میدیا، کە شاراوەیە، ئەو گوتارە سیاسی و ئەو کاراکتەرە سیاسییانەن، کە لە پشتی میدیاوەن. چونکە میدیا وەک چەکێکی دوو سەرە هەمیشە لەبەردەم ئەگەری ئەوە دایە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی، بەتایبەتی ئەگەر بە شێوەیەکی دروست و بە عەقڵێکی تەندروست بەکار نەبرا.

لە وەڵامی پرسیارێکمدا، (غەسسان حەجاڕ) ی جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (النهار) ی لوبنانی دەربارەی ئەو پرسە وتی « ئەوە ئێمە نین شەڕە قسە دەکەین و جنێو دەدەین، بەڵکو ئەوە سیاسییەکانن و ئێمە لە دەمی ئەوانەوە وەری دەگرینەوە و دەیگوازینەوە«. دیارە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەییش بێت ئەو وەڵامە بۆ کوردستانی خۆیشمان زۆر لە ڕاستی تێدایە، چونکە بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتی ئەو ئاڵۆزییەی لەو ماوەیە و ساڵانی رابردووش میدیا بە هۆی گوتارە زبرەکەیەوە لە کوردستان دروستی کردووە، لە ئەستۆی سیاسییەکان دایە، بەو پێیەی لە ئێستادا هەر دوو ئاراستەکەی میدیا جڵەوەکەیان بە دەستی سیاسییەکانەوەیە و ئەوان وەک چۆن بیانەوێ ئاراستەی دەکەن، کاراکتەری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیش لەو شێوە میدیانەدا لە بەردەم دوو هەڵبژاردن دایە، یان ئەوەتا بچێتە ژێر باری ئەو واقیعە، یان ئەوەی دەستبەرداری کارەکەی بێت لەو دەزگایانە. لە هەندێ حاڵەتیشدا دەکەوێتە بەردەم هەڵبژاردنێکی دیکە، کە ئەویش خۆ نەبان کردن و بێدەنگییە، تا ئەو دەمەی لە دەزگاکەیدا کارتی سووری بە ڕوودا بەرز دەکرێتەوە، بەڵام کۆمیدیاکە لەوە دایە، کە عەقڵیەتی سیاسی پشتی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە بە کۆی ئاراستەکانی بەو بێدەنگییەش سوپاسگوزارن، گرنگ ئەوەیە لێیان نەکەویتە تەقە!

کەواتــە بــۆ ئــەوەی دۆخەکــە هێــور بکرێتــەوە، دەبــێ بــەر لــە میدیــا و میدیــاکاران، سیاســییەکان خۆیــان هێــور بکەنــەوە و سەرمەشــقی ئاســاییکردنەوەی رەوشــەکە بــن، ئەویــش لــە میانــی پێداچوونــەوە بــە گوتــاری سیاســی خۆیــان و جــۆری مامەڵەیــان لەگــەڵ میدیــا و دەرکەوتــە و رووداوە سیاســییەکاندا، دواجــار بگەڕێنــەوە بــۆ ئــەو حیکمەتــەی (کریشــنا مۆرتــی) کــە دەڵــێ «چاکــە لــە رێگــەی خراپــەوە دەرک نەکــراوە، ئەگەرچــی بــە خراپــەش دەور دراوە«.

## (ئاپۆ) وەك بیرمەند

ناوونیشـانی ئـەو گۆشـەیە، پـرۆژەی پەرتوکێکـە، کـە هێڵـە گشـتییەکانیم دارشـتوون و خەریکـی کارکردنـم تیایـدا، ئەویـش لەبـەر رۆشـنایی پەرتـوک و نووسـینە فـرە بابەتەکانـی ئـەو سـەرکردەیەی کـورد، ئـەوەی لێرەشـدا باسـی دەکـەم تەنهـا چەنـد سـەرە قەڵەمێکـن و بـەس.

بـەڕای مـن بـۆ تێگەیشـتن لـە سـەر لەنـوێ زینـدوو بوونـەوەی گیانـی شۆڕشـگێڕی لـە باکـووری کوردسـتان دوای نزیـک بـە حەفتـا سـاڵ لـە بێدەنگـی و رۆژ بـە رۆژ تۆکمـە بوونـی ئیـرادەی گەلێـری کـوردی باکـوور بـۆ ئـازادی، بەبـێ تێگەیشـتن لـە رۆڵ و کەسـایەتی (ئۆجـەلان) لـەو نێـوەدا کارێکـی ئەسـتەمە، کـەس و نێوەنـد و لایەنێکیـش بەهـەر پاسـاوێک خۆیـان لـەو واقیعـە مێژووییـە نەبـان بکـەن، بـا پشـت راسـت بـن لـەوەی ئاشـنا بـە ئەلـف و بێیەکـی مێـژووی فیکـری سیاسـی و تێکۆشـانی ئـەو پارچەیـەی کوردسـتان نیـن.

ئـەوەی (ئاپـۆ) لـە تـەواوی سـەرکردە سیاسـییە کوردەکانـی پێش و دوای خـۆی جیای دەکاتـەوە ئاسـتی قوڵایـی مەعریفـی و هوشـیاری فیکرییەتـی بـە مێـژووی دەرکەوتـن و گەشـەکردن و قۆنـاغ و ئاراسـتەگیرییەکانی شارسـتانییەت و فەلسـەفەی مرۆڤایەتـی تـا بـە ئەمـڕۆی سـەردەمی گلۆبالیزەیشـن دەگات.. رۆچوونـی ئـەو بەنـاو هـزری سیاسـی و سـایکۆ —سۆسـیۆلۆژیا و خوێندنـەوەی ورد و فـرە رەهەنـدی بـۆ چەمکەکانـی ململانێـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و هەمـوو ئـەو گەمانـەی لـە پشـتی چەمکەکانـی ئاشـتی و ئـازادی و دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ و دادپەروەرییـەوە بـە درێژایـی مێـژوو بەڕێـوە چـوون و دەچـن.. خوێندنـەوە و شـیکردنەوەی ئـەو بـۆ کەسـایەتی کـورد، بـۆ هەلومەرجـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری کوردسـتان و دۆخـی شـۆڕش، بـۆ ئـازادی ژن، بـۆ ئاییـن، بـۆ ناسـیونالیزم..هتد.

خوێندنـەوە رەخنەیـی و شـیکردنەوە لۆژیکییەکانـی بـۆ قوتابخانـە و تیـۆر و تێـزە فیکـری و فەلسـەفی و سیاسـییەکانی دونیـا، لەگـەڵ ئـەو بۆچـوون و دونیابینییانـەی

دواجـار بـەر مەبنـای خوێندنەوەکانـی و لەبـەر رۆشـنایی هەڵسـەنگاندنی کۆمەڵـگای رۆژهەڵاتـی بـە گشـتی و کـوردی بـە تایبەتـی بەرهەمـی هێنـاون، ئاماژەیەکـی روونـن بـۆ روناکبیـری ئـەو پیـاوە، پەرتووکـە فیکـری و سیاسـییەکانی ئۆجـەلان (پرسـی کەسـێتی، تـا دەگاتـە، مانیفێسـتۆی شارسـتانییەتی دیموکراتـی)، بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی (ئاپـۆ) بـەر لـەوەی سـەرکردەی شۆڕشـێک بێـت، بیرمەندێکـی دیـاری نێـو مێـژووی فیکـر و مەعریفەیـە و هەقـە کـورد شـانازی پێـوە بـکات.

## پشێوی وڵات و حزبی مشەخۆر!

لەوەتــەی بــاس لــە دیالۆگــی نێــوان حزبەکانــی دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆن دەکــرێ، لێــرە و لــەوێ، مقــۆ مقــۆی هەوڵــی حزبەکانــی دەرەوەی ئــەو دوو لایەنــە دەبیســتین بــۆ ناوبژیوانــی کردنیــان، کــە بــە بۆچوونــی ئێمــە ئــەو عەقڵیەتــە لــە مامەڵەکــردن لەگــەڵ رووداوەکانــدا، ئەوەنــدەی گوزارشــت لــە دڕدۆنگــی ئــەو حزبانــە و هەوڵــی هەلپەرســتانەیان بــۆ قۆســتنەوەی بارودۆخەکــە دەکات (بــە حوکمــی لاوازی بنکــەی جەمــاوەری و کاریگــەری سیاســییان بەســەر رووداوەکان)، چارەگــی ئــەوە بەرهەمــی عەقڵیەتێکــی سیاســی کامــڵ و تەندروســت نییــە. چونکــە ئەگــەر لــە ســەردەمی شــەڕی ناوخــۆدا رێگــەی تێچووبــێ وەک ســوڵحی عەشــایەری لایەنێــک کەوتبێتــە نێــوان دوو لایەنــی نەیــار و لــەو نێوەشــدا ئیمتیازێکــی پچرپیبێتــەوە، ئــەوا لــەو هاوکێشــەیەی ئەمــڕۆدا ئەوپــەڕی کۆمیدیایــە ئــەو قەوانــە دووبــارە لێبدرێتــەوە.

ئێســتا کــە قســە لــە ســەر ناکۆکــی دوو رونیــا و ململانێــی دوو هێــزی جیــاوازە دەربــارەی پرۆســەی چاکســازی لــە سیســتەمی حوکمڕانــی و فۆرمــی بەرێوەبردنــی وڵاتــدا، گاڵتەجارییەکــی بێتامــە بێیــت و وەک ئــەوەی ســوڵحێکی عەشــایەری بکەیــت ببیتــە ناوبژیــوان، لــە کاتێکــدا کــە کێشــەی نەگەیشــتن بــە گفتوگــۆی نێــوان دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆن، پەیوەنــدی بــە بڕوابوونــی ئــەو دوو لایەنــە نییــە بــە بەهــای گفتوگــۆ خــۆی، بەقــەد ئــەوەی لــەو بیانــوو و پاســاوانە دایــە کــە دەکرێنــە لەمپــەری ســەرنەگرتنی گفتوگــۆ.

بەهەرحــاڵ، کاتێــک حزبگەلێــک کــە کاریگەرییەکــی ئەوتۆیــان بەســەر ئاراســتەکردنی رووداوە سیاســییەکان و دروســتکردنی رای گشــتی و جوڵاندنــی شــەقام نەبێــت و تەنهــا لــە پێنــاو مانــەوە هەبــن، لــە ســەروەختێکدا کــە دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆن دونیایــەک ئەلتەرناتیڤیــان لەبــەر دەســت دابێــت بــۆ لەیەکتــر نزیــک بوونــەوە و کۆبوونــەوە لەســەر مێــزی دیالــۆگ و گەیشــتن بــە رێککەوتنــی سیاســی، ئیــدی جگــە لــە هــەوڵ بــۆ خــۆ ســەلماندن، بــەوەی بڵێیــت منیــش هــەم، چ حیکمەتێکــی دیکــەی سیاســی مــەزن لــە

پشـتی هەڵپـە و خشـکەی ئـەو وردە حزبانـە دایـە؟! بەراسـت لـە ئێسـتادا چیدیکـە حزبگەلێـک کـە بـارن بەسـەر پرۆسـەی سیاسـی و بۆشـاییەک لـە گەمـەی ململانێـی سیاسـی پـڕ ناکەنـەوە و تەنهـا ژمارەیەکـن وەک هـەر ژمارەیەکـی تـر، بـواری ئـەو مشـەخۆریەیان دەبێـت، یـان دوو بەرەکـەی دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن بـە ئیـرادەی خۆیـان کۆتایـی بـەو گەمەیـە دێنـن و لـە فەرهەنگـی سیاسـی ئێمـەدا ئیتـر حزبـی ژمـارە دەسـڕدرێتەوە؟

## ئەنجوومەنی باڵای چاودێری!

لــە ئێســتادا یاســایەک لــە کوردســتان هەیــە بــە نــاوی یاســای ڕێکخســتنی کاری ڕۆژنامەنووســی، ئەگــەر ئــەو یاســایە (بــەو تێبینیانەیــش کــە لــە ســەرمان هەیــە) لــە واری کردەنیــدا پیــادە بکــرێ و هەمــوو لایەنــە پەیوەندیــدارەکان پێیــەوە پابەنــد بــن، زۆرێــک لــەو کێشــانەی ئەمــڕۆی ڕۆژنامەگــەری کوردســتان چارەســەر دەبــن، بــەڵام کــە ئــەو یاسـایە ڕۆژانــە ژێـر پــێ بخـرێ، ئیـدی دامەزراندنــی ئەنجوومەنێـک بــە نــاوی (ئەنجوومەنــی بــاڵای ڕاگەیانــدن) و لــەو هەلومەرجــەدا، لــە ســادەترین مانایــدا بەرهەمهێنانــی میکانیزمێکــی دیکــەی چاودێــری کردنــی ئــازادی ڕۆژنامەگــەری و بــە دامەزراوەیــی کردنــی سانســۆرە، بــە تایبەتــی کــە ئەندامانــی ئەنجوومەنەکــە لەلایــەن دەســەڵاتی جێبەجێکردنــەوە دەستنیشــان دەکرێــن. باشــە وەک ئــەوەی بانگەشــەی بێلایەنــی ئەنجوومەنەکــە و دوور لــە دەســتێوەردانی دەســەڵات دەکــەن، خێــرە پێمــان ناڵێــن حیکمەتــی دیــاری کردنــی ئەندامەکانــی لەلایــەن خــودی دەســەڵاتەوە لــە چــی دایــە؟!

ڕەنگــە ئــەو بەڕێزانــەی بــە وەکالــەت و لــە جیاتــی دەســەڵات ئــەو بیرۆکەیــان ورووژاندووە و باســی بێلایەنــی ئەنجوومەنەکــە دەکــەن، پاســاویان ئــەوە بێــت، گوایــە لــە وڵاتانــی پێشــکەوتوو و دیموکراســی نزیــک بــە ســەدەیەکە ئــەو ئەنجوومەنــە هەیــە، بــەڵام بیریــان دەچێتــەوە کــە هەلومەرجــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و کولتــوری ئــەو وڵاتانــە لەگــەڵ ئــەوەی کوردســتان، ئاســمان و ڕێســمانیان نێوانــە، بەتایبەتــی لــە بــواری دامەزراوەیــی و ســەروەری یاســا و دونیابینــی و مامەڵــەی دیموکراسـییانەی دەســەڵات.

بــە بــڕوای ئێمــە بــە گوێــرەی ئــەو بیرکردنــەوە و میکانیزمانــە بێــت، کــە بڕیــارە ئەنجوومەنەکــەی لەســەر دابمــەزرێ، ئــەوا ڕۆڵێــک ئــەو ئەنجوومەنــە هەیبێــت، جیاوازییەکــی ئەوتــۆی لەگــەڵ ڕۆڵــی ئەوســای بەڕێوەبەرایەتــی ڕۆشــنبیری و بڵاوکردنــەوەی کــوردی لــە بەغــدا نابێــت، کــە چــاوی سانســۆری ســەر بزووتنــەوەی ڕۆشــنبیری و هونــەری کــوردی بــوو، بــە جۆرێــک هەمــوو تێکســتێکی ئەدەبــی و دەقێکــی

شانۆیی نووسەرێک و تابلۆیەکی شێوەکاری هونەرمەندێکی کوردیان دەدایە بەر نەشتەری ئایدیۆلۆژیا و تەفسیرێکی بە دڵی دەسەڵاتیان بۆ دەکرد، چ جای ئەو نووسەر و هونەرمەندە کوردە بەدبەختە، مەیلێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئازادیخوازی هەبوایە!

ماوەتەوە بڵێین، جاران لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، ئەگەر دەسەڵات پرۆژەیەکی بە دڵ نەبوایە، بە بیانووی نا ئەکادیمی بوونەوە دەیخستە ژێر گومان و پرسیار، ئەوەی ئەو ئەنجوومەنەش، کە ئەکادیمییەکانی میدیای کوردی بۆ دەسەڵاتی دەکەن، رێک جۆرێکی دیکەی ئەو بیرکردنەوەیەیە!

## کوێرە چیت دەوێ؟ دوو چاوی ساخ!

گەندەڵــی لــە ســادەترین پێناســەیدا خــراپ بەکارهێنانــی پلــە و پۆســتە لــە پێنــاو بەرژەوەنــدی تایبەتــی و کەســی، بــەو پێیــە بێــت مــەرج نییــە گەندەڵــی هــەر دیــوی ســوودمەندی مــاددی بێــت، بــە پێچەوانــەوە ئــەو خــراپ ســوود وەرگرتنــە ئاســت و ڕەهەنــدی دیکەیشــی هــەن، کــە لــە ڕووخســاردا مەعنەویــن و ڕەنگدانــەوە نەرێنییەکانیــان لــە ئاســتە کولتــوری و کۆمەڵایەتییەکــەی ئەگــەر لــە لایەنــە ماددییەکــەی زیاتــر نەبــێ، بێگومــان کەمتــر نییــە.

ئێســتا و دواجــار بەڕێــز ســەرۆکی هەرێــم پــرۆژە چاکســازییەکەی دەخاتــە واری کردەنییــەوە، بــە قســەی ســایتی (هاووڵاتی)یــش بێــت، ئــەو پرۆســەیە لــە کەســە نزیکەکانــی خــۆی دەســت پێدەکات، کــە لــە بنەڕەتیشــدا ئــەوە گرێکوێــرە گەورەکەیــە، کــە پێویســتە بکرێتــەوە. چونکــە لــە کوردســتان دیــاردەی گەندەڵــی و مەحســوبیەت و مەنســوبیەت بــە شــێوەیەکی شــاقولی دابەزیوەتــە خــواری خــوارەوەی کۆمەڵگــە، لــەوەش دیارتــر لــە هەنــاوی حــزب و لــە ڕێگــەی دەســتێوەردانی بەرپرســەکانی حزبــەوە ئــەو میکرۆبــە گوێزراوەتــەوە نــاو دامەزراوەکانــی حکومــەت، بــەو پێیــەی زۆربــەی ئەوانــەی لــە پۆســتە بــاڵا و چەورەکانــی حکومەتــدان و بــوون، ئەوانــەن کــە لــە نــاو حزبــدا کار و بڕیــار بەدەســتن و لــە دیاردەکــەدا تێــوە گلاون.

ئاخــر حــزب و زۆرێــک لــە بەرپرســەکانی لــەو وڵاتــەدا بــە تەنها بــەوە نەوەســتاون بازاڕی کار و ســەرمایە و بازرگانــی و وەبەرهێنــان و بەڵێندەرایەتــی کۆنتــڕۆڵ بکــەن، بەڵکــو لــە شــوێنە وەزیفییەکانــی خۆیشــیاندا لەنــاو حــزب و حکومــەت، هەمیشــە ســەرقاڵی هێنانــە پێشــەوەی نــا یاســایی و ناشــەرعی خــاو و خێــزان و خــزم و دۆســت و ئەحبابەکانیــان بــوون. بــۆ بیســت ســاڵ دەچــێ مەگــەر بــە دەگمــەن، ئەگینــا کەســێک لەســەر بنەمــای لێوەشــاوەیی و تەکنۆکراتــی و دڵســۆزی نــەک هــەر لــە نــاو حــزب نەچۆتــە پێــش و ئۆرگانێکــی وەرنەگرتــووە، بەڵکــو لــە ئاســتی حکومیشــدا لەبــەر بڕوانامــە و شــارەزایی و تەڕدەســتی لــە کار و خەمخــۆری نەکراوەتــە وەزیــر و بەڕێوەبــەری گشــتی و شــتی

تـر، چـوون ئەگـەر وا بوایـە، ئـەوا ڕەوشـی ژیانـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و تەنانـەت کولتـوری و فەرهەنگـی ئـەم وڵاتـە دوای ڕاپەڕیـن بـە ئەمـڕۆ نەدەگەیشـت، بۆیـە ئـەوەی ئێسـتا گـەل لـە جەنابـی سـەرۆک چاوەڕێـی دەکات، دوو چـاوی سـاغە، وەک ئـەو کوێـرەی بـە ئومێـدی بینیـن هیوایـان بـۆ دەخـوازێ!

## هونەر و موساتەحە!

لــە میانــەی پــڕۆژە چاکســازییەکەی بەڕێــز ســەرۆکی هەرێــم و لــە قۆناغــی یەکەمــی کردەنیــدا، زیاتــر لــە ١١٩ گرێبەســتی موســاتەحەی زەوی و زار هەڵوەشــێنرانەوە و ژمارەیەکــی دیکــەی ئــەو گرێبەســتانەش لــە ژێــر لێکۆڵینــەوەدان، وەک دەردەکــەوێ بەشــێکی زۆری ئــەو گرێبەســتانە لــە بــواری پــڕۆژەی گەشــتیاریدا بــوون، بڵێــی لــە قۆناغــی دووەمــدا فایلــی گرێبەســتی موســاتەحەی ئــەو زەوییــە زۆر و زەوەندانــەش نەگرێتــەوە، کــە بەنــاوی پــڕۆژەی هونەرییــەوە وەرگیــراون؟!

ئاخرگەندەڵــی لــە کۆمەڵــگای ئێمــەدا هــەر کایــەی سیاســی و حوکمڕانــی نەگرتۆتــەوە، بەڵکــو کــەم کایــەی کۆمەڵایەتــی هەیــە لەســەر حیســابی بەشــمەینەتی ئــەو خەڵکــە ســتەمدیدەیە تێــوە نەگلابــێ، بــواری هونــەری یەکێکــە لــەو کایانــەی زۆرێــک لــە کاراکتەرەکانــی درێغیــان نەکــردووە لــە خــراپ بەکارهێنانــی پەیوەندییەکانیــان بــۆ بەرژەوەنــدی کەســی و تایبــەت!!

بــە گوێــرەی هەنــدێ زانیــاری، زۆر هونەرمەنــد، کــە هێشــتا لــە بەهــاری تەمەنــی هونەرییــان دان پشــکی شــێریان لــەو بابەتانــە هەیــە (بــە نێــر و مــێ)، بــەڵام ئــەوەی ســەیرە هەتــا ئێســتا پڕۆژەیەکــی هونــەری مەزنمــان لەســەر ئــەو زەوییانــە نەبینیــوە، خوانــەکا کرابنــە هۆتێــل و ســوپەر مارکێــت، یــان شــتی لــەو بابەتانــە؟

هــەر پەیوەســت بــەو بابەتــە، قســەی ئــەوە هەیــە خەڵکێــک کــە لــە ئێســتادا پێیەکیشــی ناچێتــەوە ســەرماڵــی هونــەر و ڕەنگبــێ لــە ڕابــردوودا لــە تەلەفزیۆنێکــی ڕەش و ســپی پێــش ڕاپەڕیــن گۆرانییەکــی تۆمــار کردبێــت، ئێســتا زەوی موســاتەحەی بەنــاوی پــڕۆژەی هونــەری وەرگرتــووە. ئــەو دەنگۆیانــە چەنــد ڕاســتن، پێــم وایــە ئــەوە کاری ئــەو لیژنەیــەی ســەرۆکایەتی هەرێمــە کــە بــە جیــدی لێکۆڵینــەوە و بەدواداچوونــی وردیــان بــۆ بــکات، ئاخــر ناکــرێ گەنجێکــی بێــکاری بەدبەختــی ئــەم نیشــتمانە بســتە زەوییــەک شــک نەبــات تــا مەئوایــەک بــۆ خــۆی و خێزانەکــەی دروســت بــکات، لــەولاش هەنــدێ کــەس بەنــاوی هونــەر، کــە ڕەنگــە هێشــتا وەرزی تەمەنــی هونەرییــان بەرێکــی

داهێنانـــی شــیاوی پێشکەشــی هونەردۆســتان نەکردبــێ، کەچــی ئەمــڕۆ بێــن و لــە پڕێــک ببنــە کوڕێــک، ئەمــە لــە کاتێکدایــە زۆر هونەرمەنــد هــەن، کــە ســێ بەشــی تەمەنــی خۆیــان بــە هونــەر بەخشــیووە و بســتێ زەوی لــەو وڵاتــە شــک نابــەن.

(لەگـەڵ خۆشەویسـتیم بـۆ گۆرانیبێـژە رەسـەن و داهێنـەرەکان)، ئاخـر ناهەقـی ئـەو کـوڕە گەنجـە بۆپاخچییـە ناگـرم کـە دەیگـووت « خۆزیـا کـوڕی هونەرمەندێـک دەبووم، یـان بـە ملـی شـکاوم دەمزانـی گۆرانـی بڵێـم!»

## شارەزا و چاکسازی!

چونکە لیژنەی لێکۆڵینەو و بەدواداچوونی گەندەڵییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، کە لە چوارچێوەی پڕۆژە چاکسازییەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کار دەکەن، داوایان لە هاوولاتییان کردووە هەر زانیارییەکیان هەبێت، بە تەلەفۆن یان لە رێگەی ئیمەیلەوە پەیوەندی بە لیژنەکەیان پێوە بکەن، لەبەر ئەوەی بۆ خۆم نە ژمارەی تێلەکەیانم لایە و نە ئیمەیلەکەیشیان دەزانم، بۆیە لەم گۆشەیەدا وەک هاوکارێک بۆ پڕۆژەکە، هەر جارە و چەند سەرنجێک دەخەمە روو، بەو ئومێدەی خزمەت بە کارەکانیان بگەیەنێ.

دیارە ئەو سەرنجانە ئەوەندەی بەرچاو روونین، ئەوەندە زانیاری دیکۆمێنتی نین، ئاخر چ بکەین کە رۆژنامەنووس لەم وڵاتە بەس دەستی ناگاتە پشت دەرگا کڵۆم دراوەکان و ئەو کارانەی لە تاریکیدا کراون و دەکرێن؟

لە گۆشەی هەفتەی رابردوودا، ئاماژەم بە دەنگۆی ئەو زەوییانە کرد، کە بەناوی پڕۆژەی هونەری بە سیستەمی موساتەحە وەرگیراون و تەنها نەکرانە پڕۆژەی هونەری، لەم گۆشەیەشدا ئاماژە بە دیوێکی دیکەی گەندەڵی و بێدادی دەکەین، کە بەردەوام قسەی سەر و بنی زمانی هاوولاتییانە، بە تایبەتی ئەو لەشکرە گەنجەی کە زانکۆیان تەواو کرد و دانامەزرێن و عەرەبانەی بێ ئیشی رادەکێشن، کە ئەویش دامەزراندن و خانەنشین کردنی شارەزا و راوێژکارەکانە لە وەزارەتەکانی حکومەتدا.

بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە بێت، خەڵک هەیە بڕوانامەی شەشی سەرەتایی نییە و بە پلەی شارەزا خانەنشین کراوە، یان هەیانە تەنها رۆژێک فەرمانبەری نەکردووە و لە یەکەم دامەزراندندا پلەی وەک راوێژکار لە وەزارەتێک یان بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران دەست بەکار بووە، لە هەموویان خۆشتر، خەڵک هەیە جگە لەوەی فەرمانبەری حکومەت نەبووە و دوو مانگ جارێک دەبێ ئیقامە نوێ بکاتەوە، کەچی کراوەتە شارەزای هونەری، عەرەب وتەنی (و هلم جرا).

باشـە ئەگـەر وایـە، ئێمـە دەپرسـین، کەسـێک بڕوانامـەی سـەرەتایی هەبێـت، دەبـێ شـارەزای چـی بێـت، یـان هەرنـا ڕێنووسـەکەی چـۆن بێـت و سـەروی خـۆی چـۆن لـە دەسـتوخەتەکەی دەگـەن، ئەگـەر پـڕۆژە و پێشـنیارێکی هەبێـت؟ یـان ئـەوە هـەر بـۆ ڕازی کردنـە و هیـچ؟

ئـەی باشـە، دەچێتـە عەقڵـی کـێ، بـۆ ڕۆژێـک فەرمانبـەری حکومەتـی هەرێـم نەبووبیـت و دوو مانـگ جارێـک ئیقامـە نـوێ بکەیتـەوە، کەچـی بـە پلـەی شـارەزا لـە وەزارەتێکـی حکومـەت دابمەزرێیـت و هـاوار بکـەی لـە کوردسـتان مافـی ئافـرەت پێشـێل دەکـرێ؟ بەراسـت ئـەوە چ حیکمەتێکـە سـەرۆکی حکومـەت بڕیـاری هەڵوەشـانەوەی فەرمانـی دامەزراندنـی ئەوانـە دەدات، کـە لـە ٢٠١١/١/١ بـەرەو سـەرەوە دامـەزراون، بـەڵام بـە (کـن فیکون)ێـک دەرچوویەکـی بەشـی وەرزشـی لـە دامەزراندنـی یەکەمـدا ببێتـە بەڕێوەبـەری گشـتی لەنـاو دیوانـی ئەنجوومەنـی وەزیـران؟ بڵێـی ئەنجوومەنـی وەزیـران بـە تیپێکـی پرۆفیشـناڵی تۆپـی پـێ بیـری لـە بەشـداری جامـی جیهانـی داهاتـوو کردبێتـەوە و مـن نەمزانیبـێ؟

## دەوام بە وەجبە!

وەک بەڵێنمـان دابـوو، لـە رێگـەی ئـەم گۆشـەیە بـە سـەرنج و تێبینـی هـاوکاری پڕۆژەکـەی سـەرۆکایەتی هەرێـم دەبیـن، ئیـدی ئۆبـاڵ بـە ئەسـتۆی خۆیـان چەنـد ئـەو قسـانەمان لەبەرچـاو دەگـرن یـان نـا. ئەمجارەیـان ئامـاژە بـە دیوێکـی دیکـەی بێدادی و گەندەڵـی نـاو دامـەزراوە حکومییـەکان دەکەیـن، کـە پێـش هـەر شـت خـودی حکومـەت بـە هـەر هۆیەکـەوە بێـت (خەمسـاردی، مەحسـوبیەت، مەنسـوبیەت..تد) لێـی بەرپرسـیارە، ئینجـا ویژدانـی هاووڵاتـی خـۆی.

حکومـەت شـتێکی باشـی کـرد، کـە لـە رێگـەی دابەشـکردنی فۆڕمـەوە دەرگای لـە بـەردەم داواکارییەکانـی دامەزراندنـی هاووڵاتیـان کـردەوە، بـەڵام ئـەو هەنـگاوە کاتـێ ئومێدبەخـش تـر دەبـێ کـە مەرجەکانـی نـاو فۆڕمەکـە و لایەنـی لێهاتوویـی لـە دامەزراندنـدا لەبەرچـاو بگیرێـن، چونکـە لـە رۆژی یەکەمـی دابەشـکردنی فۆڕمـەکان جۆرێـک لـە گومـان و نـا دڵنیایـی لای زۆربـەی هاووڵاتییـان دروسـت بـووە، بـەوەی کـە رەنگـە ئەمـەش جۆرێکـی دیکـەی چاوبەسـتەکی خەڵـک بێـت، ئیـدی ئەرکـی حکومـەت و بـە تایبەتـی لیژنـەی دامەزراندنـە بـە دەسـتپاکی و بێلایەنـی و راسـتگۆییەوە و لـە بـواری کردەنیـدا ئـەو نـا دڵنیایـی و گومانـەی هاووڵاتییـان بڕەوێنێتـەوە.

پەیوەسـت بـەو بابەتـە، دۆسـیەیەکی دیکـە، کـە پێویسـتە لیژنـەی سـەرۆکایەتی هەرێـم بیخاتـە نـاو بەرنامـەی کاری چاکسـازی و بنەبڕکردنـی گەندەڵـی، پرسـی فەرمانبـەری زیـادەی (فائـچ)ی دامـودەزگا حکومییەکانـە، ئاخـر چەندیـن بەڕێوەبەرایەتـی و فەرمانگـە هـەن، کـە بـە مۆدیلـی جاشـایەتی جـاران، دەوام تیایانـدا بۆتـە وەجبـە، کـە ئەمـەش لـە یـەک کاتـدا، هـەم گەندەڵییـە و هـەم بێـدادی. بۆیـە پێداچوونـەوە بـەو پرسـە ئەرکێکـی هەنووکەییـە، چونکـە ناکـرێ دەزگای حکومـەت هەبـێ بـۆ فەرمانبەرێـک زیـرەی بچێتـە تاقـی ئاسـمان و لـە بەرامبـەردا دەزگا هەبـێ لەبـەر زۆری ژمـارەی فەرمانبـەر (وەک نۆبـەت گاڕان!)، فەرمانبەرەکانـی دەوام بکـەن.

چۆنـە تـا ئێسـتا چـاو لـەو شـتە پۆشـراوە؟ پێـم وایـە ئەمـە لـە دوو شـت بـەدەر نییـە،

یـان ئەوەتـا برابەشـی بەرپـرس و بەڕێوەبـەری دەزگاکـە و فەرمانبەرەکەیـە لەسـەر مووچـە، یـان بێدەسـەڵاتی حکومەتـە لـە پێداچوونـەوە بـەو پرسـە و سـەرلەنوێ دابەشـکردنەوەیان بەسـەر فەرمانگەکانـی تـر، کـە ئـەو پێداچوونەوەیـە هـەر زۆر ئاسـانە، ئاخـر هـەم بـە گواسـتنەوەی راژەی فەرمانبـەری، یـان بـە تەنسـیب کـردن دەکرێ، ئیـدی بۆ حکومـەت نەیداوەتـە بەرخـۆی ئـەو کارە بکا، وەک دەڵێـن (المعنـی فـي قلـب الشـاعر!).

## دەرزی ئێکسپایەر و ڤۆڵتی ستۆك!

بــە گوێــرەی زانیارییــەکان، لــە چوارچێــوەی هەنــگاوە چاکســازییەکانی پرۆژەکــەی ســەرۆکی هەرێــم لێکۆڵینــەوە لــە بــارەی ئــەو دەرزییــەی دژە ژێرپەنجــە دەکــرێ، کــە زیاتــر لــە ســاڵێکە بەکاردەهێنــرێ و وەک دەڵێــن ئــەو بابایــەش کــە کڵاوی ناوەتــە ســەر ئــەو میللەتــە بێدەرەتانــە و بازرگانــی پێــوە کــردوون، شــوێن بــزرە و وەک بەرزەکــی بانــان بــۆی دەرچــووە.

یەکێــک لــە گەندەڵییەکانــی نێــو هەرێمــی کوردســتان، قۆرخکردنــی بازرگانــی هاوردەکردنــی داو و دەرمانــە، کــە تــا ئــەو چرکــە ســاتەش ســنوورێکی لــە بەردەمــدا دانەنــراوە، ئــەوە بۆیــە هاوڵاتــی کــە لــە کاتــی سەرئێشــەیەکدا دەنکێــک پاراســتۆلی دەخــوارد، لــە بــری چارەســەری، تووشــی (فــێ — صرع) دەبــوو، تومــەز ســێ چارەکــی دەرمانەکــە گــەچ و مــاددەی ئێکســپایەر بــووە!!

بــە پێــی دوا زانیارییەکانــی بەڕێوەبەرایەتــی هاتووچــۆی ســلێمانی، لــە مــاوەی شــەش مانگــی رابــردوودا تەنهــا لــە ســنوری پارێــزگای ســلێمانی ٥٥٧ رووداوی هاتووچــۆ روویــان داوە، لــە ئاکامــی ئــەو رووداوانــەش ١٨٣١ کــەس بوونەتــە قوربانــی و لــەو ژمارەیــە ١٠٧ هاووڵاتــی گیانیــان لە دەســتداوە.

لایەنــە پەیوەندیــدارەکان بــەردەوام پەنجــە بــۆ هۆکارەکانــی خراپــی رێگاوبــان و تیــژ لێخوڕیــن و پابەنــد نەبــوون بــە رێنماییەکانــی هاتوچــۆ رادەکێشــن، وەک ســەرچاوەی ئــەو رووداوانــە، بــەڵام هەموویــان ئــەو بازرگانییــە بــێ کۆنترۆڵــەی هاوردەکردنــی کەلوپەلــی ئێکســپایەری ئۆتۆمبێــل فەرامــۆش دەکــەن، کــە بەبــێ ئــەوەی پشــکنینیان بــۆ بکــرێ و تەنهــا لــە بەرامبــەر گومرگێکــی چــەور بازاڕەکانــی کوردســتانی لــێ پــڕ کــراوە. لــە بەدواداچوونێکــی مەیدانیمــدا بــۆ ئــەو دیاردەیــە، دەرکــەوت حکومــەت ئــەو بــوارەی فەرامــۆش کــردووە و تەنهــا خەمــی گومرگەکەیەتــی، بۆیــە تەماشــا دەکەیــت بــە هەمــان لۆگــۆ پێنــج تــا شــەش (بەنــج، دەبــڵ، ڤۆڵــت، فیتپەمپ....هتــد)ی ســتۆک دەهێنرێنــە کوردســتان و بــە ئەســڵی بــە شــوفێر دەفرۆشــرێنەوە.

بە گوێرەی قسەی شارەزایان، هۆکارێکی سەرەکی ئەو رووداوانە ئەو کەلوپەلە ستۆکە یەدەگانەن، کە حکومەت نەیداوەتە بەرخۆی کۆنترۆڵیان بکات و تەنها لە خەمی گومرگ کردنیان دایە!

بۆیە زەرورە لیژنەکەی سەرۆکایەتی هەرێم، چەشنی خواردەمەنی و دەرمانی ئێکسپایەر، بەدواداچوونی جیددی بۆ بازرگانی کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبێل بکات و سنوورێک لەبەردەم ئەو مشەخۆرییەی سەر گیرفانی هاووڵاتییانی خۆی دابنێ، کە دواجار گیان و ژیانی هاووڵاتییان دەدورێتەوە و بازرگان گەلێکی چاوچنۆکیش لەسەر حیسابی خەڵک، گیرفانەکانیان گەرم و گەرمتر دەکەنەوە!

## میدیای کوردی و وتەبێژی پێشمەرگە!

سەیرم پێدێت تا ئێستا بەشێکی زۆری میدیای کوردی لە باشووری کوردستان، شەرم لەو زمانەی خۆی ناکا، کە وەک ژەهر دەیرژێنێتە مێشکی مرۆڤی مورد. بەشێکی دیاری ئەو میدیایە وەک ئەوەی موژدەی سەربەخۆیی کوردستان لە سەنعا و بەنغازی بە کورد بدرێن ئاوا بە جۆش و خرۆشەوە لە هەواڵەکانیدا بەرهەڵستکارانی یەمەن و لیبیا بە شۆڕشگێڕ ناو دەبات، کەچی لە بەرامبەردا بە چەکدار ناوی ئەو گەریلایانە دێنێ، کە لە بەرامبەر لەشکرکێشی سوپای پاسداران و دزەکردنی تیرۆریستانی ئەنسارولئیسلام، قەندیلیان کردۆتە سەنگەر بەرگری لە دەسکەوتەکانی کورد.

ئەو جۆرە میدیایە، ئەگەر زەڕەیەک ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەییان هەبێت، ئاوا بەو زمانە نارشێنەوە و رووی مێژووی خۆیان رەش ناکەن. ئاخر ئەگەر لە رابردوودا پێشمەرگە رەمزی بەرەنگاری و سەروەری بووبێت (کە هەرواش بووە)، ئەوا ئێستا گەریلا هەمان سیمبولی سەرفرازی نەتەوەیەکی زیاتر لە چل ملیۆنییە، کە ژیانێکی شایستە بە مرۆڤی پێ رەوا نابینرێ.

ئەو شێوە مامەڵەیەی ئەو جۆرە میدیایە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، یان ئەوەتا هێشتا گیرۆدەی عەقڵی هەرێمچێتی و پەتای کوردستانی ئێمە و ئەوانن، یان هێشتا لە زماندا کلۆڵن و پێویستییان بە خولێکی فێربوونی زمانی کوردی هەیە. ئاخر چەکدار لە ئاستی مانادا فرە واتا و رەهەندە، چونکە دز و چەتە و رێگر و جاش و پیاوکوژ و تیرۆریستیش چەکدارن، ئیدی بۆ دەبێ گەریلا کە رەمزی بەرگریکردن لە ئازادی و سەروەری نەتەوە و نیشتمانێکە، بە چەکدار ناو ببرێ؟

لەو نێوەدا و ئەوەی جێی سەرنجە، لێدوانێکی وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەیە لە بارەی تۆپباران و لەشکرکێشی پاسداران، کە لە بری سەرکۆنە کردنی ئەو رەفتارەی ئێران دێت و دەڵێ « پژاک بۆ خۆی حزبێکی نایاسایی و رێگا پێنەدراوە و مۆڵەتی چالاکی کردنی نییە«.

لــەو بەرێــزە دەپرســین: ئاخــۆ لــە مێــژوودا شۆڕشــێک دەدۆزیتــەوە بــە مۆڵەتــی دوژمنانــی بەرپــا بووبێــت؟ بــە قســەی ئــەو بەرێــزە بێــت، لــە رابــردوودا کــورد لــە باشــووری کوردســتان و حزبــە شۆڕشــگێڕەکانی بۆ کار و تێکۆشــان، مۆڵەتــی بەعســیان هەبــووە، مەگــەر ئــەوە بــۆ خــۆی نوکتەیەکــی بێتــام نییــە؟

## دیکتاتۆرییەتی نووسین!

بەداخەوە دونیای نووسین و رۆژنامەگەری کوردی لە ئێستادا وای لێهاتووە مرۆ بێز لە خۆی بکاتەوە، ئاخر بە سای گوتارێکی رۆشنبیری کە خۆی لەسەروو هەموو گوتار و کایەیەکەوە دەبینێ و سوێندی خواردووە و هەر سێ تەلاقی فرێداوە خۆی لە هەموو کۆمەڵگە و دەسەڵات مەعلان تر بێت و خەڵکیش نەخوێندەوار، ئێستا بە هۆیەوە لەشکرێک هەرزەگۆ و هەرزە نووس پەیدابوون وەعز و تەلقینان دەدەن، مەگەر ئەو کاڵایە لە قوتووی عەتارانیش هەبێت!

دەبێژن ئەو کەس و هێزەی موژدەی بەهەشت و بەختەوەری بەسەر خەڵکدا دەبەشێتەوە، ئەوا رێک پێچەوانەکەی، دۆزەخ و نەگبەتیان بە دیاری بۆ دێنێ. ئەگەر ئەوە بۆ کایەی سیاسی و دەسەڵات راست بێت، ئەوا بۆ کایەی رووناکبیری و دەسەڵاتی دەق دوو بارتەقا راستە، ئاخر زۆر گوتاری شیرینمان بینی وەک ژەهر رژانە مێشکی مرۆڤایەتی و ئیفلیجی کردن!!

گوتارێک ساڵانێکە دێت و دەچێ کاڵای دیکتاتۆرییەت و تاک رەهەندی بیرکردنەوە و جەهل و چی و چی بە باڵای سیاسەت و دەسەڵات و بەرگی مێگەلی و گەمژەییش بە جەستەی کۆمەڵگەدا دەبڕێ، نوقڵانەی ئەوەش دەبەشێتەوە کە فریادڕەسێکە و پێویستە نەک هەر گوێی لێبگرین، بەڵکو ئەگەر بە قسەیشی نەکەین، ئەوا لە خێڵی بەشەر نین!!

ئەو گوتارە، کە جگە لە هەڵشاخان و تەقینەوە بەڕووی کایەی سیاسی و دەسەڵات، دەروازە و کلاوڕۆژنەیەکی تر شک نابات لێیەوە بێتەوە ناو کۆهوشیاری خەڵک و لە یادەوەرییاندا بمێنێتەوە، دەیەوێ بە هەموو توانای خۆی، بە هەموو دروشمە باق و بریقەکانی، بە سەفستاییەت و زۆر کاوێژکردنەوە، قەناعەتمان پێ بێنێ سەری ئەشهەدوبیللا بۆ تەواوی دونیابینی و خوێندنەوەکانی بلەقێنین، ئەگینا هەموومان بەربەرین، دەیەوێ وەک ئەو بیربکەینەوە و بە هەناسەی ئەو بنووسین، ئەگینا نە، خوێندەوارین و نە رۆشنبیر!

ئـەو گوتـارە لـە سـێبەری دێـڕی نووسـینەکانی و ئەودیـوی دەسـتەواژەکانیدا پێمـان دەڵـێ ئەگـەر لەسـەر فـلان شـت قسـە نەکـەن و لەسـەر فیسـار شـت نەنووسـن ئێـوە جاهیلـن، ئەگـەر لـەو بارەیـەوە قسـەیش بکـەن و بیشنووسـن، بـەڵام هەڵوێسـت ودەربڕینەکانتـان کۆپـی قسـە و گوزارشـتەکانی مـن نەبێـت، ئـەوا جاهیلتـر، جـا وەرن ئـەو هینـە لـەو قـوڕە دەربێنـن!

## دوو باشوور.. دوو ئیرادەی جیاواز!

وێـڕای ڕاگەیاندنـی سەربەخۆسـی باشـووری سـودان، کەچـی چاودێرانـی سیاسـی و شـارەزایان هێشـتا بـە چـاوی مەترسـییەوە دەڕواننـە ئایینـدەی ئـەو ئەزموونـە، ئـەو ترسەشـیان لـە چەنـد بوارێکـدا دەخەنـە ڕوو، لەوانـە، باڵادەسـتی سـەرکردە سـەربازییەکان، عەقڵییـەت و ئینتیمـای خێڵەکـی، ئەگـەری قۆرخکردنـی دەسـەڵات بـە بیانـووی شـەرعیەتی شۆڕشـگێڕی، بەرزبوونـەوەی زۆری ڕێـژەی نەخوێنـدەواری و هـەژاری و بێـکاری و نەخۆشـی و پەتـا، ئاسـتی نزمـی داهاتـی تاکەکـەس، بوونـی کەمتریـن خزمەتگـوزاری پەروەردەیـی و تەندروسـتی، خراپـی ڕێگاوبـان و پیسـی سـەرچاوەکانی ئـاوی خواردنـەوە، نەبوونـی پـلان و سـتراتیژییەتێکی ئابـووری دروست و تەنهـا پشـت بەسـتن بـە هەناردەکردنـی نـەوت (کـە بەبـێ چـرای سـەوزی خەرتـوم، ئەسـتەمە سـەر بگـرێ، بـەو پێیـەی بۆڕییـە نەوتییـەکان بـە بەشـەکەی تـری سـوداندا ڕەت دەبـن)، بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئـەو مەترسییانەشـدا، گەلـی باشـوور ئیـرادەی خـۆی سـەلماند، ئـەوە لـە کاتێکدایـە کـە سـەرکردەکانی درک بـەو هەڕەشـانە دەکـەن و ددانیشـی پێـدا دەنێـن، بـەڵام هـەر سـوور بـوون لەسـەر ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی وڵاتەکەیـان، وتەکـەی سـەرۆکی کۆمـاری باشـووریش بـەوەی « دوای ئاهەنـگ گێـڕان، دەبـێ لـە سـفرەوە دەسـت پێبکەیـن»، باشـترین بەڵگـەی بـوون و بەردەوامـی ئـەو هەڕەشـانەیە.

لـە بەرامبـەردا باشـووری کوردسـتان بیسـت سـاڵە خاوەنـی ئەزموونـی حوکمڕانییـە، خاوەنـی دامـەزراوەی یاسـایی و دەسـتوری خۆیەتـی، مۆدێلـی شـەرعیەتی شۆڕشـگێڕی خەریکـە تیایـدا ئـاوا دەبـێ، بـەراورد بـە باشـووری سـودان، ڕێـژەی بێـکاری و هـەژاری و نەخوێنـدەواری و نەخۆشـی و داهاتـی تـاک تیایـدا، کـوردەواری وتەنـی « بـە حـەوت ئـاو شـۆردراوەتەوە!» . کـەم تـا زۆر ژمارەیەکـی بەرچـاوی پـڕۆژەی خزمەتگـوزاری لـە بوارەکانـی پەروەردەیـی و تەندروسـتی و کۆمەڵایەتـی تێـدا جێبەجـێ کـراون، وێـڕای بەردەوامـی ئینتیمـای خێڵەکـی لـە پەیوەنـدی ڕۆژانـە و تارمایـی حزبایەتـی

بەسەر ژیانی سیاسی و حوکمڕانی، کەچی لە ریفراندۆمێکدا لە سەروو ٨٠٪ی خەڵک دەنگیان بە جیابوونەوەدا، خوا کردوویەتی ڕۆژ بۆ ڕۆژ بیری نوێی نەوت دەدۆزرێنەوە و کێرڤی بەرهەمهێنانەکەی بەرز دەبێتەوە، کەمترین وڵاتی دونیا ماون باڵیۆزخانە و کونسوڵخانە لەم بە زۆر بە هەرێم کراوەدا نەکەنەوە، تادێت پەیوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی بە دونیای دەرەوە پتەوتر دەبێت، کەچی هێشتا پاشکۆی عیراقی هیوا و ئاشتییە، هیوای (شمال الحبیب) و ئاشتی ناکۆکی تایەفی. بڵێیت ئێمە بوێری سودانییەکانمان نەبێ؟

## زمانی سەردەم!

ئـەوەی دەسـەڵاتی موبـارەک بـە درێژایـی مێـژووی حوکمڕانـی خـۆی بـە هاووڵاتییەکانـی کـرد، بـەوەش کـە زەینولعابدیـن لـە مـاوەی فەرمانڕەوایەتـی خـۆی، بـە خەڵکـی وڵاتەکەی کـرد، ناگاتـە ئەژنـۆی ئـەو دڕندەییـەی لـە چەنـد سـاڵی رابـردووی حوکمڕانییەکەیانـدا، ئـەردۆگان و حـزب و حکومەتەکـەی بـە کوردیـان کـردووە و دەکـەن، کەچـی دونیـای بڕیـار بەدەسـت عوزرخوایـی و پاسـاوی بـۆ دێننـەوە!

بـە هەمـوو ئـەوەی کـە قەززافـی و عەلـی عەبدوڵـڵا سـاڵح لـە مـاوەی دەسـەڵاتیاندا دژی هاووڵاتییەکانیـان کردوویانـە، خـۆی لـە گۆزینگـی تەنهـا پێنـج سـاڵی حوکمـی ئاگـر و ئاسـنی ئێـران و نـەژاد نـادا، کـە نـەک بەرامبـەر کـورد، بگـرە بەرامبـەر گەلانـی دیکـەی نـاو ئێـران پیادەیـان کـردووە و دەیکـەن، بـەڵام زلهێـزەکان هێشـتا هـەر خەریکـی هۆشـداری دان و شـەڕی مشـک و پشـیلەن لەگەڵیـدا!!

زێدەڕۆییمـان نەکـردووە بڵێیـن، ئەگـەر کـۆی پرۆسـە کۆمەڵکوژییەکانـی روانـدا و یوگوسـلافیا و چیکسـلۆفاکیا و باشـووری سـودان، تەنهـا بـە نیـو سـەدە کۆمەڵکـوژی کـوردان لـە چـوار پارچـەی مێخکـراوی وڵاتەکەیـان بـەراورد بکەیـن، کـە لـە سـای رژێمـە شـۆڤینییەکانی عیـراق و ترکیـا و ئێـران و سـوریا بەرامبەریـان کـراوە، ئـەوا دڵۆپێـک لـە دەریایـەک و مشـتێک لـە خەروارێکـە، کەچـی زلهێـزەکان، هـەر بـۆ نموونـە (میلۆسـۆڤیچ) دەدەنـە دادگا، بـەڵام زاتـی ئـەوە ناکـەن (نـەژاد، ئـەردۆگان، بەششـار) دووچـاری سـکاندالێکی نـەک یاسـایی و سیاسـی، بگـرە سـکاندالێکی کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقیـش بکـەن!

ئەمریکا بـە زەبـری چـەک عیـراق و ئەفغانسـتان وێـران دەکات، ئازادیخوازییـە. ئەوروپـا بـە ئاگـر و ئاسـن دەکەوێتـە وێـزەی لیبیـا، بەرگـری کردنـە لـە مافـی مـرۆڤ. ترکیـا رەشـەکوژی و رەشـبگیری کـوردان دەکات، پاراسـتنی سـەروەری خـاک و ئاسایشـی نەتەوەیـی ترکـە. ئێـران نەیارانـی لـە سـێدارە دەدات و خۆپیشـاندانەکان نقوومـی خوێن دەکات و شـەڕ بـە دار و بـەردی کوردسـتان دەفرۆشـێ، بەرگـری کـردن لـە سـەروەری

سـنوورییەکانێتی. سـوننە و شـیعە کەتوونەتـە تەعریبکردنـەوەی کوردسـتان و کـوردان تیـرۆر دەکـەن، ئەمـە پەیوەنـدی بـە یەکپارچەیـی خاکـی عیراقـی هیـوا و ئاشـتی هەیـە. هەمـوو ئەوانـە کـردەی لۆژیکـی و مامەڵـەی ئاسـایی و زمانـی سـەردەمن، بـەڵام ئەگـەر گەریـلا شـەڕ لـە پێنـاو پاراسـتنی کەرامەتـی نەتەوەیـی خـۆی بـکات، تیـرۆرە و ئەگـەر پێشـمەرگە بـە مەبەسـتی بەرگـری بچێتـە ناوچـە دابڕێنـراوەکان، ئاسایشـی عیراقـی عروبـە و بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی تێـک دەدات!

# سیاسەتی ژێرەوە!

هاوکارێکم لەو ڕۆژانە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی کوردستان، قسەی لەسەر هەڵوێستی لاوازی سەرکردایەتی سیاسی کورد دەرهەق بە سەرلەنوێ تەعریبکردنەوەی گەرمیان و تۆپبارانەکانی ئەم دواییەی ترکیا و ئێران کردبوو. دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکە بابایەکی سیاسی لای خۆمان، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێک لە حزبەکانە و زوو زووش دەم لە سەقافە و مەقافە وەردەدات، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە هاوکارەکەمی گووتبوو، ئێوەی ڕۆژنامەنووس بێتامتان کرد، هەر خەریکی ڕەخنەی بێ بنەمان، بەس قسە دەکەن و نازانن ئێمە لە ژێر بە ژێر چ سیاسەتێکی نەتەوەیی توند لە بەرامبەر دوژمنانمان پیادە دەکەین. خواو ڕاستان هاوکارەکەشم پێی گووتبوو، دە مادام وایە تا ئێوە ژێراوژێر ئەو سیاسەتە بکەن، ئێمەش لەسەرەوە قسە دەکەین.

زۆر سەیرە، هەر کە ڕەخنە لە سیاسییەکی کورد دەگری لەسەر نەبوونی هەڵوێستێکی ڕاشکاوی سیاسییانە بەرامبەر نەیارەکان، یەکڕاست دەڵێن جا ئێوە ژوزانن؟ هەر لەسەرەوە قسە دەکەن و ڕەخنە دەگرن و ئاگاتان لەوە نییە ئێمە لە ژێرەوە چ سیاسەتێکی حەکیمانە دەکەین. پێمان دەڵێن، ئەوەی ئێوە دەینووسن و دەیڵێن فڕی بە سیاسەت کردنەوە نییە و بۆیە باشترێکە ڕیسی سیاسەت کردنی ئێمەش لەناو ئەو گۆڕانکاری و جەنجاڵییەی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و دونیا مەکەنەوە خوری، وەک ئەوەی ئێمە دەستمان گرتبن، کە سیاسەتێکی دروست بکەن!

بەهەرحاڵ، ئەمشەو زۆر بیرم کردەوە تا لە نهێنی ئەو سیاسەت کردنەی ژێرەوەی سەرکردە و سیاسییەکانمان بگەم، دواجار گەیشتمە دەرەنجامێک کە ڕەنگە زۆر لە ڕاستییەوە دوور نەبێ و تا ئاستێک ئامانجەکەم پێکابێت، دەزانن چۆن؟

پێموایە کەمێک بیرکردنەوە لە سوێن خواردنی زۆرێک لە سیاسی و سەرکردەکانمان

بـه نـاو (گـەڵ) لـە کاتـی وەرگرتنـی پۆسـتە حکومییـەکان لەلایـەک و ئاشـکرابوونی نهێنـی پەیوەندییـە سـۆزداییەکانی سـەرکردەکانی ناوچەکـە دوای رووخانیـان (رەغـەد و سـەددام، قەززافـی و رایـس وەک نموونـە) لەلایەکـی تـر، بەسـن بـۆ ئـەوەی لـەو سیاسـەتی ژێـر بـە ژێـری ئەوانـەی لای خۆشـمان بگەیـن.

ئـێ وایـە، زۆرێـک لـەوان لـە تاریکیـدا عەیـب نەبـێ سیاسـەت بـە ژێرەوەیـان دەکـەن، ئیـدی خـۆ ئێمـە هینەکـەی بـەر دەرگا و خاولـی هەڵگـر نیـن و نـاو لەپیـش ناخوێنینـەوە، تـا بزانیـن ئـەوان لـەو ژێـری ژێـرەوە، بـە سـەری ژێرەوەیـان چـی دەکـەن؟

# ماليكيى تاكرەوە!

«من نە پاشا بووم و نە باوكێكى باش — لە دراماى يى سان»

لـە (سـەعد و خاليـد و قەعقاع)ـەوە، بـۆ (ئەمـەوى و عەبباسـى و عوسـمانييەكان) و بـۆ (فەيسـەڵ و قاسـم و سـەددام)، بـۆ ·ماليكـى و هاشـمى و عـەلاوى)، بـە جيـاوازى شـوێنكات و هەلومەرجـەكان، هەڵگـرى يـەك گوتـار بـوون و بـە بەرنامـە و سـترتايژى جيـاوازەوە كاريـان كـردووە، كەچـى سـەيرە، نـە لـە دوێنـێ و نـە لـە ئەمـڕۆ، كـورد پەندێكـى لـە ئەزموونـەكان وەرنەگـرت. مـرۆ ترسـى ئـەوەى هەيـە بـۆ سـبەيش هـەر پەنـد وەرنەگـرن.

ئەمـۆ نييـە ماليكـى تاكرەوە، وەك ئـەوەى ئێسـتا بـە گوێمانـدا دەدرێ. بۆيـە ئـەوە شـتێكى نـوێ نييـە، كـە دەسـەڵاتى كـوردى دەيـەوێ هەموومانـى پێـوە سـەرقاڵ بـكات، وەك چـۆن يەكـەم جاريـش نييـە سـەركردايەتى كـوردى، دواى خۆشـباوەڕييەكانى پەنجـەى پەشـيمانى دەگەزێـز بەداخـەوە، تاكـە هێزێكـى سياسـى كـە لـە خەمـى عيراقێكـى يەكگرتـوو بووبێـت و دابێـت، دەسـەڵاتى كوردييـە. تاكـە كەسـيش كـە بـە عيراقـى فيـدراڵ شاگەشـكە بووبێـت و وەك دەسـكەوت بـە گەلەكـەى بفرۆشـێتەوە، سـەركردايەتى كـوردە. عيـراق كـە تەنهـا لـە نێـو رسـتەكانى دەسـتور و گوتـارى سياسـى كورديـدا فيدراڵييـە، نـەك تەنها دوێنـێ و لـە زاكيـرەى عەرەبـى (بـە سـوننە و شـيعە)، بەڵكـو تـا ئەمـڕۆ و لـە وارى كردەنيـدا و لـە ئێسـتاى سياسـەت و سـتراتيژى بـرا عەرەبـە چاوەڕشـەكانمان هـەر عيراقـى عروبـە ويـەك پارچەيـە. ئـەوەى تـاى بـە برايەتـى كـورد و عـەرەب و عيراقـى هيـوا و ئاشـتييەو گرتـووە، كـوردە حەياتەكەيـە و ئەوەيـش نـەك هـەر فشـەى بـەو برايەتييـە دێـت، بەڵكـو خەريكـى لەداوخسـتنى بـرا هاوڕەگـەز و هاوزمانـەكان هاوشووناسـەكانييەتى، خـودى عەرەبـى عيراقـە، كەچـى لـەو نێـوەدا كـورد (كوچـك لـە ئاگـر گەرمتـر)، بيسـت و چـوار سـەعاتى خـوا لـە خەمـى ئاشـتكردنەوەى بەغـدا بـووە.

بەهەرحاڵ، خاوەن شکۆ بەو هەموو دەسەڵات و شکۆیەی خۆیەوە لە بەردەمی شازادەی نەوەیدا بە بوێرییەوە ددان بەوەدا دەنێ، کە نە پاشایەکی باش بووە و نە باوکێکی باش، کەچی بە درێژایی مێژووی کورد، سەرکردەیەکی کورد نابینی، لە ئاست هەڵەیەکیدا، کە دواجار بە هۆیەوە گەلەکەی باجی قورسی داوە، بوێری ددانننان بە هەڵەکانی هەبووبێت.

## کوردی نەگبەت!

ئەگەر ژمارەی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە فەرماندەییەکی پێشمەرگە زیاتر نەبێ، بێگومان کەمتر نییە، وەکوتر ژمارەی چالاکوانانی مەدەنیش لەم وڵاتەی ئێمەدا، کە تا ئێستا نەک لە ئاستی سیاسی، بەڵکو لە ئاستی کۆمەڵایەتیش نەبۆتە مەدەنی، بارتەقای یەک لەشکرە. لەناو ئەو لەشکرە بەناو رۆژنامەنووس و چالاکوانە بەناو مەدەنییانە، شتی وات بەرچاو دەکەوێن قێز لە خۆت و پیشەکەشت دەکەیتەوە و ناچاری ئاهێکی قووڵ بۆ بەدبەختی کوردان هەڵبکێشی!

زەلام دەناسم پۆزی رۆژنامەنووسی لێدەدات، کەچی پێی وایە کوفرە مەفرەزەی پۆلیسی هاتووچۆ رایبگرێ و داوای مۆڵەتی لێخورینی لێبکات، بەلایەوە قەباحەتە لە بازگەیەک داوای ناسنامەی لێبکەن، پێی عوجبە بەبێ تەلەفۆنکردن بۆ مودیر، سەردانی فەرمانگەیەک بکات بۆ رایی کردنی کارەکانی، وەک ئەوەی تاوانێکی دەرهەق کرابێت وایە، کاتێ پێی بڵێیت برادەر لە فڵانە راوبۆچوون هاوڕات نیم، بیکوژە تەنها پێی مەڵێ تێکەڵی خەڵکی رەشۆکی بە و لەو بورجی عاجەوە مەڕوانە خوار خۆت!

خەڵکێ: بەسەر رۆژنامەگەری کوردی ساخ بۆتەوە، وێڕای ئەوەی (رصيف) دەکاتە (رفيص) و (جەعفەر) دەکاتە (جەفحەر) و (حصانە) و (عصانە) لە یەک جیا ناکاتەوە، لە زامن و رێنووسیش کڵۆڵە!

رۆژنامەنووسی کەناڵێکی ئاسمانی لە کوردستان هەیە، دین و ئیمانی قۆستنەوەی دەرفەتی رووماڵکردنی هەواڵی بەرپرسانە، تەنها بۆ ئەوەی دوای دیدار و رووماڵکردنەکە، وێنەیەک بۆ مێژوو لەگەڵ بەرپرسەکە بگرێ!!

لە ماوەی رابردوودا کە یاسای توندوتیژی خێزان رەزامەندی لەسەر درا، برادەرێک کە دەم لە نووسین وەردەدا و زۆریش باس لە ئازادی و کاری مەدەنی دەکا، دەیگووت (قسەی قۆڕە، چۆن ژنەکانمانیان کرد بە حاکمی ماڵن هەر ئەوە مابوو کچ و کوڕەکانیشمان بەسەردا بکەن مێرد!).

چالاکوانێکی مەدەنی کە خەریکە دەبێتە ریش سپی مەدەنییەت لە کوردستان، لە دەزگایەکی لەشکری بە پلەی ئەفسەر و بەبێ ئەوەی دەوام بکات، مووچەیەکی چەور وەردەگرێ!

لەو رۆژانە کە بە نیازی سەردانی ولاتێکی دراوسێن بۆ بەشداری لە کۆنفرانسێکی کولتوری، کچێک کە گوایە سەپەر چالاکوانی مەدەنییە، داوای لە هاوسەفەر و هاورێکانی کردووە، براکەی لەگەڵی بچێت، نەبادا کە گەڕایەوە، کۆمەڵگا ناو و ناتۆرەی بۆ دروست بکەن!!

ئەمانە مشتی خەروارێکی کۆمەڵگای مەدەنی کوردین و ئێوەش دانیشن بە خێر!

## جۆرجیا و وەبەرهێنانی مێژوو

بە چاوپۆشین لەوەی چەندە لەگەڵ ئەو سیستەمەی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن لە وڵاتانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی بەرهەمی هێنا، کۆکین یان ناکۆک، بەڵام زۆرینەی ئەو وڵاتانەی کەوتنە ژێر رکێفی ئەم یەکێتییە و بە تایبەتی ئەوانەی دوای شەڕی سارد لێی جیابوونەوە، ئەوەمان پێدەڵێن کە هێشتا ئەو وڵاتانە لەسەر میراتی ئەو سیستەمە دەژین. شتێک کە ئەم وڵاتانە پێویست دەکات لەبیری نەکەن ئەوەیە، کە لەو سەردەمەدا وێڕای بوونیادنانی ژێرخانێکی پتەوی ئابووری لە بواری پیشەسازی و کارگە و مانیفاکتۆر، کە ئەمڕۆش لە بەرەکەی دەخۆن، هاوکات کەم تا زۆر سیستەمەکە رۆڵێکی مەزنیشی لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی کارکەردا بینی.

رەنگە وێڕای هەموو ئەو تێبینییانەی لەسەر ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتانە هەیە، کە لە سۆڤیەت جیا بوونەوە، ئەوا جۆرجیا نموونەیەکی زیندووی ئەو راستییەیە.

لە گەشتێکی هەفتەیماندا بۆ وڵاتی جۆرجیا، کە هەردوو کۆمپانیای (سوهرە) و (ئاسایی) بە سپۆنسەری هێڵی ئاسمانی (تورکیش ئێرلاین) بۆ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندنی کوردستان سازیان کردبوو، لە نزیکەوە هەستمان بە کاریگەری و رەنگدانەوەی ئەو دەسکەوتە ئابووری و پاشماوە کولتوورییەی کارکردنی مرۆڤەکان کرد، کە ئێستا و دوای سەربەخۆیی و سەر لەنوێ خۆرێکخستنەوەی لە بواری ژیانی سیاسی و ئابووری، چۆن سوودی لێوەردەگیرێ و لە پێناو سەر لەنوێ بوژاندنەوەی کەرتی ئابووری و بە تایبەتی لە بواری پیشەسازیدا وەبەری دەهێنێتەوە.

راستە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە یەکێتی سۆڤیەت و پاشانیش ئەو کارەساتەی لە میانی شەڕ و ململانێی (ئۆسیتا)، کە بە هۆیەوە جۆرجیا لەگەڵ رووسیا رووبەڕوو بووەوە، بەڵام ئەستەم نییە مرۆڤ کاریگەری ئەو رلبردووە و

ژێرخانە بوونیاد نراوە لە رووخساری ژیانی ئابووری ئەم وڵاتەدا بخوێنێتەوە. ئەو رووخسارەش لە هێڵەکانی شەمەندەفەر و کەشتی گەلی بازرگانی دەریایی و کارگە و مانیفاکتۆرە گەورەکان و جوڵە و کارکردنی بەردەوامی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە دەبینین. لە هەموویشیان سەرنجڕاکێش تر، کارکردنی بەرچاوی ئافرەتانە لە تەواوی بوارەکانی ژیانی رۆژانە، تا ئەوەی دەکرێ بڵێین، کە هێزی یەکەمی کار و بەرهەمهێنان لە زۆرینەی کەرتەکاندا ئافرەتانن و رۆڵێکی مەزن دەگێڕن.

## حزبی فەرمانڕەوا و حکومەتی فەرمانبەر!

قـەدەر عەیامێکـی دوور و درێـژی بەسـەردا ڕەت بـووە، کـە وتارێکـم هـەر بـەم ناوونیشـانە لـە ڕۆژنامـەی (میدیـا) بـڵاو کـردەوە. ئـەوکات و بـە شـایەتی (ئاکـۆ محمـد) ی هـاوڕێ و هـاوکارم، کـە ئـەو دەم سەرنووسـەری میدیـا بـوو، برادەرێـک لـە ڕۆژنامـەی (شەرقولئەوسـەت) داوای کـرد وتارەکـە وەربیگێڕێنـە سـەر زمانـی عەرەبـی و لـەوێ بـڵاوی بکەینـەوە، بـەڵام وەک هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی نەتەوەیـی و نیشـتمانی و پابەندبوونـی پیشـەیی و مۆرالیمـان بـۆ ناشـیرین نەکردنـی ئەزموونـی کوردی لەبەرچـاوی عـەرەب و دونیـا، داواکەیمـان ڕەت کـردەوە، کەچـی ئـەوا زیاتـر لـە دەیەیەکـە بەسـەر ئـەو وتـارەدا ڕەت دەبـێ، حکومەتەکـەی ئێمـە هـەر بـرا بچـووک و گوێڕایەڵـی حزبـی بـرا گەورەیـە و ئەویـان فەرمانبـەر و ئەمیـان فەرمانـڕەوا!

لـە چەنـد ڕۆژی ڕابـردوودا برادەرێکـم لـە ڕێگـەی فەیسـبووکەوە شـتێکی لـە بـارەی جیـاوازی نێـوان (درۆ و بوختـان) بـۆ لاپەڕەکـەم تـاگ کردبـوو، بۆیـە بـە داوای لێبـوردن و بـە یارمەتـی ئـەو بـرادەرەم، هـەوڵ دەدەم بیرۆکەکـەی ئـەو لێـرە و بـۆ ئـەو نووسـینەم بـە شـێوەیەکی تـر تەوزیـف بکەمـەوە.

درۆیەکـی گەورەیـە بڵێیـن حکومـەت سـێبەری حزبـی بەسـەرەوە نەمـاوە، بوختانیشـە پێمـان وابێـت حکومـەت هێشـتا نـازی کادیـری حـزب هەڵناگرێ.. درۆیەکـی زلـە بڵێیـن حکومەتەکەمـان تەکنۆکراتـە، بوختانێکیشـە بـۆ حکومەتـی دروسـت دەکەیـن، گوایـە دەیـەوێ خـۆی سیسـتەماتیک و بـە دامەزراوەیـی بـکات.. درۆیەکـی قەبەیـە بڵێیـن حکومـەت خەمـی چەسـپاندنی دادپـەروەری و سـەروەری یاسـای هەیـە، بوختانێکـی زەبەلاحـە بـە حکومـەت دەکەیـن، بـەوەی موستەشـارە ئەنفالچییـەکان دەداتـە دادگا.. درۆیەکـی ڕەوق و رووتـە بڵێـی حکومـەت هەنـگاوی جیـددی نـاوە بـۆ وەک یەکـی بەرخوردبوونـی هاووڵاتییانـی لـە مافەکانیـان، بوختانیشـە بـاس لـەوە بکەیـن بـۆ ئـەوەی لـە دەزگایەکـی ئەمنـی حکومـەت ببیتـە کارمەنـد، پێویسـتیت بـە تەزکیـە نابێـت.. ئـەوە درۆیـە بڵێیـن حکومەتەکەمـان لـە خەمـی بوونیادنانـەوەی ژێرخانـی وڵات دایـە،

بوختانێکیشـه بـه حکومەتـی دەکەیـن، گوایـه دروسـتکردن و بوونیادنانـەوەی مرۆڤـی کـوردی بـه ئامانجـی سـتراتیژی گرتـووە.

درۆیەکـی زلـه گوایـه تەواوی کاربەدەسـتانمان دڵسـۆزی ئـەو ئەزموونەن، بوختانیشـیان پـێ دەکەیـن، کـه وەزیرەکانـی نهێنـی پارێـزن و شـەرحی حاڵـی کـورد نابەنـەوە سـەر مێـزی مالیکـی.. درۆی هــەرە گـەورەش ئەوەیـه بێژیـن حکومــەت یەکـی گرتۆتــەوە، لەویـش بوختانتـر ئەوەیـه پێمـان وابێـت حکومـەت بـه نیازێکـی پاکـەوە گرێبەسـتییه نەوتییەکانـی ئاشـکرا کـردن!

## شۆڕش و بەرتیل

تــازە پێمــان نابــووە نــاو فڕۆکەخانــەی قاهیــرە و لــە خەیاڵمانــدا شــۆڕش دونیایەکــی دیکــەی جیــا و مامەڵەیەکــی دیکــەی لــە پەیوەنــدی بەرهــەم هێنابــوو، بــەڵام زۆری نەبــرد ئــەو خەونەمــان بــووە بڵقــی ســەر ئــاو. رۆتینــی زیاتــر لــە کاتژمێرێــک ئەمســەر و ئەوســەر پێکــردن، بەنــاوی پشــکنینی پاســپۆرت بێتاقەتــی کردیــن. دوای ئــەو هەمــوو بێنــە و بەردەیــە جەنابــی شــاویش بردینییــە پەنایــەک و گووتــی (عیدنــا یــا باشــا). تومــەز مەبەســتی پــارە بــوو. پێمــان گــووت جــا بــرا ئــەو بەزمــەی نەدەویســت، هــەر زوو بتگووتبــا، نــە ئــەو چاوشــارکێیەمان دەکــرد، نــە ئەوەنــدەش چاوەڕوانــی هیلاکــی دەکردیــن. ئەوەبــوو ســەر و پانــزە دۆلارێکمــان دایــە و بــە خۆشــییەوە ئاودیــوی کــرد.

ئــەو پۆلیســەی فڕۆکەخانــە، تەنهــا کــەس نەبــوو وا بــکات، بەڵکــو تــەواوی پۆلیســەکانی تــر لــە دەروازەی یەکەمــی پشــکنینی پاســپۆرت بــۆ بێگانــان لــە کەمیــن دابــوون و لەنــاو خۆیشــیاندا پێشــبڕکێیان بــوو، کــە ئاخــۆ کامەیــان زۆرتریــن کــەس دەباتــە لاپەڕگەیــەک و بەرتیلێکــی چــەور وەردەگــرێ.

ئــەوە یەکــەم دیمەنــی بەریەککەوتنــی ئێمــە و کۆمەڵــگای نوێــی میســری دوای شــۆڕش بــوو. ئەمجارەیــان نــۆرەی شــوفێری تەکســییەکان بــوو، کــە دەتگــووت لەنــاو گۆمێــک دایــت و هــەر تیمســاحە و دەمــی بــۆ راوکردنــت کردۆتــەوە. یەکێــک لــەوان گوایــە دەیــەوێ بــە نیشــاندانی لیســتی هەڵواســراوی نرخەکانــی تەکســی لەنــاو ســاڵۆنی دەرەوەی فڕۆکەخانــە بڕوامــان پێبێنــێ راســتگۆیە، دەیگــووت فەرمــوو لێــرە بــۆ زەمالــک ١٢٠ جونەیهــە، بــەڵام چونکــە میوانــن، ئاســاییە بــە ١٠٠ جونەیــە دەتانگەیەنــم. لــەو بێنــە و بەردەیــەدا بوویــن، یەکێکیــان مەمنــوون بــوو بــە ٧٠ جونەیــە لەگەڵمــان هــات. ئــەوە دووەمیــن دیــاردەی بەریەککەوتنمــان بــوو لەگــەڵ میســر.

رۆژنــای مانەوەشــمان مەپرســن چەنــد ســەیر و ســەمەرەی قۆڵبڕیــن و فرتوفێــڵ و تەڵەکەبازیمــان بینــی، ئەمــە و ســەرباری ئــەو چەنەبازییــەی میســرییەکان، کــە وەک رادیــۆی (FM)، هــەر کــە کەوتنــە قســە، هێزێــک نییــە بێدەنگیــان بکاتــەوە. ســەیرترین

شـتیش ئەوەیـە، هەموویـان بێـزارن و زۆربەشـیان هێشـتا موبارەکیـان خـۆش دەوێ و ڕۆژیـش نییـە مەیدانـی تەحریـر نمایشـێکی نوێـی خۆپیشـاندان بـە خۆیـەوە نەبینێـن کـە هـەر چیـن و توێژێـک بـە لیسـتێ داواکارییـەوە دەڕژێنـە سـەر شـەقام و دروشـمی جیـا جیـا بـەرز دەکەنـەوە، بـەڵام لەنـاو هەمـوو ئـەو گرمـە و کێشـەیەدا، ئـەوەی زیاتـر سـەرنجی مـرۆڤ ڕادەکێشـێ ئەوەیـە، کـە هەموویـان میسـریان نـەک هـەر خـۆش دەوێ، بەڵکـو دەشیپەرسـتن!

## دشداشەکانی هەولێر و تەعریبەکەی جەلەولا!

ئـەوەی سـەردانی هەولێـری کردبێـت و بـکات، بـە تایبەتـی لـەو مانگـەدا و بـەرە بـەری مەغریبـان سـەرنج بـدات، دوور نییـە لێـی تێـک بچـێ و لای وابێـت لـە شـەقامەکانی فەلوجـە، یـان لـە کەنـاری ئەهـوارەکان پیاسـە دەکات، ئاخـر لـە ئێسـتادا خەریکـە دشداشـە دەبێتـە چەتـر و سـێبەر بەسـەر شـاردا دەکات. وەک هەنـدێ دۆسـتی هەولێـری بۆیـان بـاس کـردم، سـەروەختێک لـەو هەولێـری (هۆلاکـۆ بەزێنـە)!، لای هەنـدێ کەسـی دانیشـتووی ئـەو شـارە، پۆشـینی دشداشـە وەکـو رەمـزی رۆشـنبیری و خانەدانـی بـە خەڵـک دەفرۆشـرایەوە، تـا ئـەوەی بـە قسـەی ئـەو دۆسـتانەم، پۆشـینی دشداشـە هێڵـی جیاکردنـەوەی نێـوان (کرمانـج و شارسـتانیان)ی دانیشـتووی شـار بـوو!

لـە کاتێکـدا شـاڵ و چارشـێو و جلـی کـوردی ژنـان زۆر لـەو شـتە عاجباتییـەی کەنـداو و ئێـران جـوان و باڵاپـۆش تـرە، کەچـی دوای راپەریـن حیجابـی ژنـان و جوببـە و عەباکانیـان لەلایـەن بازرگانـە ژێـر بەژێـر ئیسـلامییەکان بـە بەرنامـە بـۆ کوردسـتان هـاوردە کـران و هەولێریـش بـووە سـەنتەری تەشەنەسـەندنی ئـەو بازرگانییـە. باشـە ئەگـەر ئـەوەی حیجـاب هەوڵێـک بێـت بـۆ سـڕینەوەی سـیمای نەتەوەیـی لـە رێگـەی لەبەرچاوخسـتنی جلوبەرگـی کـوردی ژنـان، ئاخـۆ دەبـێ حیکمـەت لـە هێنانـی ئـەو هەمـوو دشداشـەیە و پۆشـینی چـی بێـت؟ دەترسـم ئەمجارە دشداشـەمان لـێ کرابێتـە سـیمبولی ئیمانـداری و ئاگامـان لـێ نەبێـت، بـەو مانایـەی هـەر کەسـێ دشداشـە و کڵاوە سـپییەکە نەپۆشـێ ئیمانـی زەعیفـە!!

کـە هەولێـرم بـەو هەمـوو دشداشـەیەوە بینـی، چەنـد ئەوەنـدەی پرۆسـەی سـەرلەنوێ تەعریبکردنەوەکـەی کوردسـتان ترسـم لـێ نیشـت، ئـەو تەعریبـەی ئێسـتا لـە سـای عیراقـی هیـوا و ئاشـتی و بـە رۆژی روونـاک و بێباکانـە لـە جەلـەولا و سـەعدییە و قەرەتەپـە و جەبـارە و ناوچەکانـی دیکـەی گەرمیـان دژی کـورد پیـادە دەکـرێ. گەورەیـی قەبـارەی ترسـەکەش لـەوە دایـە، کـە ئەگەرچـی بەشـێکی بەرپرسـیارێتی تەعریبکردنـەوەی ئەمـڕۆی کوردسـتان دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئێمـە، ئاخرخـۆش خەیـاڵ

سـەرکردە و سیاسـییەکانمان هـەر خەریکـی چنینـەوەی تەونـی برایەتـی درۆینـەی کـورد و عەرەبـن، بـەڵام لـەوەی تـردا، مەبەسـتم هەژموونـی جوببـە و عەبـا و حیجـاب و دشداشـەیە، ئێمـە بـە دەسـتی خۆمـان و بـە پـارەی خۆمـان بەشـدارین لـە شـێواندنی شووناسـی نەتەوەییمـان و بووینەتـە ئامرازێکـی هەرزانـی دەسـتی تەعریـب.

# چاودێری بێ چاو!

خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و دەوروبەری، وێڕای کارەساتە جەرگبڕەکانی توندوتیژی لە هەر دوو بەرەکە، بەڵام وێستگەی کۆمیدی زۆریشی تێدا بوو، بەتایبەتی کۆمیدیاکانی نێو میدیا و لە نێویاندا شاشەی تیڤییەکان، ئەو کۆمیدیایە لەگەڵ خۆیدا پرسیارێکی جیددی هێنایە پێش، بەڕاست کورد کە ئەو هەموو چاودێرە سیاسییەی هەیە، خێرە رەوشە سیاسییەکەی لەو دۆخە شڵۆقە دایە؟!

دوگمەی کۆنترۆڵەکەت دەخستە سەر هەر کەناڵێک، بابایەک لەسەر شاشە بوو، لە تایتڵی ژێرەوەی نووسرابوو (چاودێری سیاسی)، لەوەش کۆمیدی تر شەوی دواتر هەمان بابات لە شاشەی کەناڵێکی تر دەبینی، بەڵام ئەمجارە بە ناوونیشانێکی جیاواز لە شەوی پێشوو دەردەکەوت، بۆ نموونە (چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی، رۆژنامەنووس...هتد). باشە کورد ئەگەر ئەو هەموو چاودێرە سیاسی و چالاکوانە مەدەنی و رۆژنامەنووسە مەعلانانەی هەیە، خێرە گوتارە سیاسی و میدیاییەکەی بەو شێوەیەیە؟!

بۆ خۆم لە ئەدەبیاتی سیاسی و لە زۆرێک لە میدیاکانی دونیادا دەستەواژەی (شرۆڤەکاری سیاسی)م خوێندۆتەوە و بینیووە و کەم تا زۆر زانیارییەکی سادەیشم لە بارەی خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو کاراکتەرە هەیە، بەڵام چونکە لە بواری سیاسەتدا پسپۆر نیم، بۆیە نازانم ئاخۆ لە زانستی سیاسەتدا (چاودێری سیاسی) هەیە یان نا، خۆ ئەگەر هەشبێت ناکرێ ئەو کاراکتەرە کۆمەڵێ مەرج و تایبەتمەندی و خەسڵەتی تێدا نەبێ، کە ئەوە بۆ پسپۆرانی بوارەکە جێدەهێڵم.

ئەوەی لەو نێوەدا مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو چاودێرانە بێ چاو بوون، کە دەڵێم بێ چاو بوون، دیارە مەبەستم نییە بڵێم کوێر بوون، بەڵکو لە بنەڕەتدا خوێندنەوەی ورد و قووڵ و فرەهەند و جیددی سیاییان بۆ رووداوەکان نەبوو، کە سەرچاوە لە هوشیاری و مەعریفەیەکی زانستی بە رەوتی رووداوەکان بگرێ و لەگەڵ خۆیدا گوتارێکی جیاواز بۆ دەربازکردنی

قەیرانەکـە بەرهـەم بێنـێ، ئەمـەش بـۆ خـۆی پەتایەکـی دیکەیـە کـە شـەقام و هاوولاتـی کـورد بـە دەسـتییەوە دەناڵێنـێ و هـەر ئەویـش باجـی ئـەو بـێ میزاجـی و بـێ مەعریفەیـی و خـۆ جووینـەوەی ئـەو چاودێـرە بـێ چاوانـە و خوێندنـەوە دوو فاقەکانیـان دەدات، کـە شاشـەکە حوکمـی بەسـەر ئاراسـتەی قسـەکانیانەوە هەبـوو، نـەک مەعریفـەی زانسـتی و هوشـیاری سیاسـی!

# کەمپین و کەمپاندن

راستیتان دەوێ مرۆ هەندێ جار شەرم دەکات ببێتە بەشێک لە مێگەلی هەڵمەتەکان، ئەوەی بۆ خۆ بە مۆدێرن نیشان دان ناو نراون (کەمپین!).. ئاخر زۆرێک لەو هەڵپینانە ( هەڵمەت- کەمپین)وەک ئایینداری ئەمڕۆی ئەهلی ریکاریان لێهاتووە، سەیری مشتێکی خەرواری ئەو نموونانە بکەن و بۆ خۆتان سەرپشک بن لە بریار دان:

- لە رۆژی جیهانی منداڵ و ساڵیادی چەسپاندنی مافەکانی منداڵ، لەو وڵاتەی ئێمە ئەوە تەنها منداڵەکانن قسە ناکەن و لە هۆڵ و باخچەی یادەکاندا بێناز و تینوو و دەمێننەوە و چاو دەبرنە سێتی کارتۆنی چوکلێت و کێک و هەر گەورەکانن ریزی پێشەوەی ئاهەنگەکان دەگرن و شیرینی دەخۆن و دەخۆنەوە..

- رۆژی جیهانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان دێت و لەو نیشتمانە لە بری رێزگرتن، نەک هەر لەلایەن مەنسولەکان، بگرە لەلایەن دەستەبژێرەکانیشەوە بە چاوی بەزەیی سەیریان دەکرێ، لە کاتێکدا مرۆڤ (هەر مرۆڤێک) شایستەی رێزە نەک بەزەیی..

- رۆژی جیهانی دایک رەت دەبێ و بە دەگمەن نەبێ، لەو وڵاتەی ئازادییەکەی بەری رووباری فرمێسکی دایکانە، هەر کەس بیری ناکەوێتەوە و چەندین کەسیش شەرمیان بەوەیە بەناوی دایکیانەوە بانگیان بکەن و ئەگەر ئەو رۆژە خواردنێکی خۆش لە ماڵەوە ئامادە نەبێت، دوور نییە بۆڵە بۆڵیش بەسەر دایکەوە بکرێ..

- هەموو رۆژێ لە سوچێکی ئەو نیشتمانە کچێک دەبێتە قوربانی عیشق و جوانی و گوللەیەک گیانی سارد دەکاتەوە، کەچی لە رۆژی جیهانی خۆشەویستی (ڤالانتاین) لە کوردستاندا بکوژانی عیشق و عاشقانیش (سێو مێخەک رێژ) دەکەن و لەگەڵ گوڵێک پێشکەشی سۆزانییەکی دەکەن!!

- لە رۆژی جیهانی دار چاندندا بە تەن و ترێلە دۆلار بە درەخت دەدرێ و دەرووێنرێن و لەو رۆژدا هەموو کەس حەزرەتی سولەیمانە و زۆر نابا بۆ خاتری چاوی کەسێک

و پـڕۆژە وەبەرهێنەکـەی دارسـتانێکی دەسـتکرد تەخـت دەکـرێ..

– ڕۆژی پەرسـتاران هــەر مەپرســن، چــۆن ئــەو ڕۆژە نەخۆشــخانەکانی کوردســتان جمەیــان دێلــە ســمێڵ بابــڕ، کەچــی هــەر ئــەو کۆمەڵگەیەشــە بــۆ ڕۆژی دواتــر ناووناتــۆرە بــۆ ئــەو میهرەبانانــە دروســت دەکــەن و زۆر لــە مێینەکانیشــمان شــەرم دەکــەن ببنــە پەرســتار و توانــج لــە هاورەگــەزە پەرســتارەکانیان دەگــرن..

– خۆشــترین شــتیش ئــەو کاتەیــە، کــە ڕۆژی جیهانــی ئــاژن (ئافــرەت– ژن)، یــان ڕۆژی جیهانــی بەرەنگاربوونــەوەی توندوتیــژی دژی مێینــە دێــت، ئیــدی ســەرلەبەری پیــاو و ئاژنــی کوردســتان دەبنــە ســوپەر یەکســانیخواز و زۆر نابــا ئاژنــە چالاکوانــە مەدەنییــە فێمێنســتە عەیــار بیســت و چوارەکــە ســەر بــە هەوێدەچــێو پیــاوە ئــازادی و یەکســانیخوازەکەش بــە هاوســەر و کــچ و خوشــکەکەی دەڵی (ئــەو وتــار و قســانەی مــن لــەو ڕۆژانــەدا، تەنهــا بــۆ ڕۆژنامــە و تیڤــی و ڕادیــۆ بــوون، هــاااااااا).

بۆیــە بــەش بەحاڵــی خــۆم، لــە ســاڵڕۆژی بەرەنگاربوونــەوەی توندوتیــژی دژی مێینــەدا، دوور لــە هاشوهوشــی مێگــەل و خۆگیڤکردنــەوەی ئاژنــە چالاکوانــەکان و وەک خۆم، ئەرک و بەرپرســیارێتی سەرشــانی مــن ئەوەیــە بەرامبــەر هاوســەر و کچەکانــم توندوتیــژ نەبــم و ڕێزیــان بگــرم و هــاوکار و هاوبەشــی خۆشــی و ناخۆشــییەکانیان بــم و دانیشــم بــە خێــر... خــۆ ئەگــەر واش نەبووبــم و وا نیــم و نەبــم، ئــەوا خــوا بیانگرێئەگــەر لەبــەردەم خەڵــک و خــوادا بەرووميــدا نەدەنــەوە.

## موعجیزەی ژمارەکان!

بە حیسابی ئەو لەشکرەی ڕێکخراوە نا حکوییە بەناو کۆمەڵی مەدەنی و سەنتەری ڕۆشنبیری و گروپی هونەری و کۆمەڵە و سەندیکاکان بێت، دەبوا ئێستا باشووری کوردستان شامی شەریف بوایە، هەر لە سەروەری یاسا بگرە، تا دەگاتە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دوایی هێنان بەکاری دەستی منداڵ و ڕێگری لە ژنکوژی و جوانکردنی ژینگەی وڵات و بەرزی ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و داهێنانی هونەری، کەچی ڕێک پێچەوانەی ئەمە، هاوکێشە لنگە وقوچە!

بە گوێرەی ئامارەکان، لە باشووری کوردستاندا (١٥١٧) ڕێکخراوی ناحکومی و سەنتەری ڕۆشنبیری و تیپی هونەری و کۆمەڵە و سەندیکای مۆڵەت پێدراو هەن، لە و ژمارەیە (٣٠٨) یان مینحەی مانگانە لە حکومەت وەردەگرن، ئەگەر وەک ڕێژەی ناوەند هەریەکە لەوانە مانگانە (١, ٥٠٠, ٠٠٠) ملیۆنێک و پێنج سەد هەزار دینار وەربگرێ، ئەوا ئەو بڕە پارەیە لە مانگێکدا دەکاتە (٤٦٢, ٠٠٠, ٠٠٠) ملیۆن و لە ساڵێکدا دەکاتە (٥, ٥٤٤, ٠٠٠, ٠٠٠) پێنج ملیار و پێنج سەد و چل و چوار هەزار دینار، کە دوور نییە بەو پارەیە لە ساڵێکدا چەند باخچەی ساوایان و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە دروست بکرێن، یان دوو کارگەی گەورەی بەرهەمهێنان دابمەزرێن و دەرفەتی کار بۆ زۆرترین ڕێژەی گەنجی بێکار بڕەخسێ، یاخود چەند پردێکی پێ دروست بکرێ و ڕێگا و بانی یەک دوو گوندی دوورە دەستی پێ قیر بکرێ.

با دەستێوەردانی حزبی لەو نێوەندانە بخەینە لاوە و واز لەوانە بێنین بەرپرسگەلێک تەنها بۆ بەخشینەکە دایان مەزراندوون، وەکوتر چاو لەوانە بپۆشین ژن و مێردێک وەک میرات بەڕێوەیان دەبەن، یان ئەوانەی بەناو ڕێکخراوی ژنانن و پیاوی سمێڵ بابڕ بەڕێوەیان دەبەن، لەگەڵ ئەو سەندیکا بەناو پیشەییانەی، کە بە ئیعازی مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی حزبەکان کۆنگرەی چەپڵەڕێزان بەڕێوە دەبەن، ئاخۆ بەرهەمی ئەو ڕێکخراوانە لەو ئاستە دایە، کە شیاوی باس

بێت و مێژوو شانازی پێوه بكات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ ئەوانە جێ دەهێڵین، كە سەرقاڵی لێكۆڵینەوەی مەیدانی و توێژینەوەی زانستی و راپرسی و ئامار و ئامارکارین، كە هەندێك لەوان پارەی چەور لە حزب و حكومەت وەردەگرن!

گۆشەی (گەندە)

# وەرزی پەتا

هەفتەنامەی (زاری کرمانجی)

# گەنجانی وڵاتەکەم پیاون

لەلای ئێمە و لە شێوەزاری ناوچەکەمان، شتێک کە گەنیو و رزیو بێت، پێی دەڵێن گەندە، بە دیوەکەی تریشدا ئەگەر وشەکە بۆ رەفتار و هەڵوێستی کەسەکانیش وەربگرین، دوور نییە بگونجێ، ئێستا کە گەندەڵی بۆتە قسەی سەر و بن زمانی خەڵک و بەردەوام ئاراستەی حکومەت دەکرێ، رۆتینێکە پێی راهاتووین، بۆیە من لە گۆشەی (گەندە)دا هەوڵ دەدەم وەک خۆی و بێ رتوش و دوور لە پاساو دانەوەی کارە نا شایستەکانی دەسەڵات، بە پێچەوانەی ئاراستەی بای خەڵک، قسە لەسەر ئاستەکانی گەندەڵی نێو کۆمەڵگە و گەندەیی رەفتار و هەڵوێستە نەشیاوەکانی تاک و نێوەندەکانی بکەم، ئەو گەندەییەی خەڵک، کە زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم، لە زۆر شوێنکاتدا رووی گەندەڵی حکومەتی سپی کردۆتەوە.

شتێکی ئاشکرایە چ دەسەڵات، یان هەر کایەیەکی دیکەی نێو کۆمەڵگە، لە هەر ئاستێکی ژیاندا بێت و بیرکردنەوە و رەفتار و هەڵسوکەوت و مامەڵەی چۆن بێت، ئەوا رەنگدانەوە و ئاوێنەی واقیعی کۆمەڵگەکە خۆیەتی، بە مانایەکی تر وەک چۆن کۆمەڵگەی هوشیار و شارستانی و پێشکەوتوو، دەتوانێ کەسایەتی و دەسەڵاتی نموونەیی بەرهەم بێنێ، بە هەمان شێوەش کۆمەڵگەی نا هوشیار و سواو و دواکەوتووش، بەرهەمەکەی دەسەڵاتێکی خراپ و کەسایەتییەکی لاوازە.

کە باوکەکان لەماڵەوە جیاوازی لە نێوان مناڵەکانیاندا بکەن، بەلای دەسەڵاتیشەوە ئاسایی دەبێ جیاوازی لە نێوان هاوڵاتییەک و یەکێکی دیکە بکات.. کە زۆرینەی باوکان لەبەر ماڵی دونیا ئاگایان لە پەروەردەی منداڵەکانیان نەبێت و نەزانن ماڵ چۆن دەگوزەرێ، بەلای حزبی کوردیشەوە ئاساییە لەناو ئەو هەموو سەروەت و سامان و داهاتەی بەردەستی، ئاگای لە کەس نەمێنێ و هەر خەریکی داگرتن و خۆ قەڵەوکردن بێت.. کە هاوسێیەک چاوی بەرایی نەدا هاوسێیەکەی هەبوون بێت و پێی خۆشە هەمیشە نەدار و چاو لە دەستی ئەو بێت، بەلای حکومەتیشەوە

ئاسـایی دەبـێ کار بـۆ ئـەوە بـکات بـەردەوام خەڵـک خۆیـان بـە منەتبـاری ئـەو بزانـن و لەبـەر قاپـی ئـەودا سـواڵ بکـەن و وا تێبـگات ئـەو مووچەیـەی دەیداتـە فەرمانبەرێـک، خێرێکـە پێـی دەکات.. کـە خەڵـک تـا ئـەو چرکەسـاتەش عیبرەتـی لـە خۆخـۆری و زمـان دان لـە یەکتـری و شـەڕە پـەڕۆ و خـۆ خراپکـردن لـە پێنـاو حـزب و تەکەتولبـازی (کـە پاشـماوەی شـەڕی ناوخـۆن) وەرنەگرتبـێ، بـەلای حزبەکانیشـەوە ئاسـایی دەبـێ وەک گیسـکەکەی هەیـاس مامەڵـە لەگـەڵ خەڵـک بکـەن، ڕۆژێـک بڵێـن وەزارەتـەکان یـەک دەگرنـەوە و ڕۆژی دواتـر بڵێـن ببەخشـن تۆزێکـی دیکـەی مـاوە.. کـە دوکاندارێـک دوای سـەد سـوێند و تـەلاق خـواردن و پـاش فێڵکـردن لـە تـەرازوو، شـتێک بەگرانـی دەفرۆشـێتەوە هاوڵاتـی و کاڵای ئێکسـپایەری بازرگانـەکان بـە (عالتᵡریـف) بـە خەڵـک سـاغ دەکاتـەوە، بـەلای گومـرگ و ژووری بازرگانـی و لیژنـەی چاودێـری و یەکـەی کۆنترۆڵـی جـۆری حکومەتیـش ئاسـایی دەبـێ چـاو لـە بازرگانـان و چییەتـی و چۆنییەتـی شـمەکەکانیان بپۆشـن و (علـی البقـە) لـە مـەرزەکان بەڕێیـان بکـەن.. کـە کابـرای سـەرمایەداری بەنـاو ئیمانـداری خواپەرسـتی ریـاکار، بـۆ ڕووەتـی دونیـا لەنـاو ئـەو هەمـوو بـێ قوتابخانەیـی و نەخۆشـخانەیەی کوردسـتاندا، پێـی وابێـت تەنهـا دروسـتکردنی مزگـەوت (ᵡدقـە جاریە)ـە، بـەلای دەسەڵاتیشـەوە ئاسـایی دەبـێ کـە سـوپەرمارکێت و گونـدی ئەمریکـی و تـەلاری بـەرز و کۆمپانیـای ئۆتۆمۆبێـل و فـلان سـیتی (کـە بـەس بـۆ خواپێداوانـە)، لـە خزمەتگوزارییەکانـی شـارەوانی و تەندروسـتی و پەروەردەیـی و ڕێگاوبـان و کارەبـا و ئـاوی خواردنـەوە بـە باشـتر بزانێ...هتـد.

ئـەو بەراوردکارییـە هەویرێکـە ئـاوی زۆری دەوێ و لێـرە جێـگای نابێتـەوە، بۆیـە کۆتایـی بـەو دەروازەیـە دێنـم و لـە گۆشـەکانی ئاییندەدا، هـەر بـوارە و بـە جیـا قسـەی لـە بـارەوە دەکـەم، بـەڵام بـا ئـەوەش بڵێـم، کـە ئـەو تـەرزە قسـەکردنەم، بـەو مانایـە نییـە لـە پێـم وابـێ دەسـەڵاتی کوردسـتان دەسـەڵاتێکی فریشـتەیە، نەخێـر، دڵنیـام کـە دەسـەڵاتێکی بـێ خـەوش نییـە، بـەڵام بـڕوای تەواویشـم بـەوە هەیـە، ئەگـەر مـن و ئێـوە خـراپ نەبیـن دەسـەڵاتیش ناتوانـێ خـراپ بـێ، واتـە ئەگـەر ئێمـە بـاش و هوشـیاربین، دەسـەڵات نـەک ناتوانـێ، بگـرە هـەر ناوێـرێ وا بـە ئاسـانی کڵاو بنێتـە سـەرمان و لـەو کارەسـاتانەی بەسـەریدا هێناویـن و دەیهێنـێ، خـۆی بێتـاوان و ئێمـە تاوانبـار بـکات!

## کۆمەڵگەی بکوژ!

«ناخی ئێمە پڕە لە تاریکی، پڕە لە دەنگی وشک
و شکاو، پڕە لە دەعباگەلی کوڵکنی برسی —
کازانتزاکیس»

جاران مردن جگە لەوەی هەواڵێکی رەزا قورس بوو، هاوکات کەسی مردوو وەکو کابوسێک وابوو، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی دەیانناسی، یان بەر لەوە بینیبوویان و وێنەیان لە زاکیرەدا مابووەوە. بیرمە جاران کە کەسێک لە گەڕەکەمان بە مردنی خۆی دەمرد، سەرتاپای خەڵک دەتاسا، خۆ ئەگەر بە کوشتن گیانی لە دەست دابا، ئەوا زۆربەی خەڵک دەتۆقین و تا ماوەیەکی درێژ ئەو بەسەرهاتە لەسەر زاران دەمایەوە، تەنانەت دەگمەن بوون ئەوانەی بیانوێرابا کاری مردوو شۆری بکەن، واتە کەم کەس هەبوو بوێرێ و زاتی ئەوە بکات، سەیری مرۆڤێک بکات لە حاڵەتی مردندا، ئەوە نەک بۆ ئێمەی منداڵ، بگرە تا ئاستێکی زۆر بۆ گەورەکانیش هەروا وابوو.

ئەو دەمانە سامێک لە بەرامبەر مردن لە دڵی هەر یەکێکمان دا هەبوو، ترسی مردن هەمیشە وەک سێبەر بە دوامانەوە بوو. زۆر کەڕەت زاتی ئەوەشمان نەدەکرد تخونی بەر دەرگای ئەو مزگەوتەش بکەوین، کە مردووەکەی لێ دەشۆردرا، تەنانەت تا ئەو دواییانەش خەڵکێکی زۆر هەبوو، شەوانە بوێری ئەوەیان نەبوو بە لای گۆڕستانەکانەوە رەت بن، بۆیەش شەوانە ئەگەر ئازایەتی کەسێک لەناو مەجلیسدا تاقی بکرابایەوە، دەبوا گرەو لەسەر ئەوە بکا، شەو بچێت لە سەر گۆڕستان، یان مەزارگەیەک شتێک بۆ نیشانە و سەلماندنی نەترسانی خۆی، بەسەر چڵی دارێکی ئەو ناوەوە جێ بهێڵێ. بە کورتی ئەو دەمانە مردن هەیبەت و ترسێکی هەبوو. کەسێک دەبووە ئەفسانە ئەگەر وەک بکوژی یەکێک بناسرایە، ئەفسانە بە دیوە ئەرێنییەکەی قارەمانی و پاڵەوانێتی ئەو کەسە نا، بەڵکو خەڵک وەک جۆرێک

لـە درِنـدە سـەیریان دەکـرد و خۆیـان لـە شـەڕ و تەشـقەڵەکانی دەپاراسـت، پێـم وایـە گوزارشـتی (کوشـتنی بـەلاوە وەک ئـاو خواردنـەوە وایـە)، بەرهەمـی ئـەو هەلومەرجـە کۆمەڵایەتـی و کولتورییـە بـوو، ئاخـر هەمـوو ئەوانـە لەبـەر ئـەوە بـوو، کـە ئـەو کات هێشـتا مـرۆڤ بەهـا و نرخێکـی هەبـوو.

کـە ئێسـتاش بـە جـاران بـەراورد دەکـەم، لـە ئاسـت ئـەو لافـاوی رژاندنـی خوێنـی خەڵـک و کوشـتن و کوشـتنەوە و گوللـە بارانکـردن و خنکانـدن و سـووتاندن (ئاخـر گومانـم نییـە زۆرینـەی ئافرەتـان دەسـوتێنرن، نەک خۆیـان دەسـوتێنن!) دۆش دادەمێنم، ئـێ دەبینـم هـەر هەمـان کۆمەڵگـە و هـەر هەمـان ژینگـەی کولتـوری و کۆمەڵایەتیـە و نـە جوگرافیاکـە گـۆڕاوە و نـە بـەو شـێوەیەش پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان گـۆڕاون، ئەگەرچـی رەنگـە گۆڕانـی هەلومەرجـی ئابـووری و دەرکەوتنـی دوو چینـی دیـاری نێـو کۆمەڵگـە لـە ئاسـتی هەبـوون و هـەژاری هۆکارێـک بـن، بـۆ دەرکەوتنـی دەیـان دیـاردەی دزێـو، بـەڵام ئـەو رەوشـە هەرگیـز ناتوانـێ باوەڕمـان پـێ بێنـێ، کـە بـە شـتێکی ئاسـایی وەربگریـن، هاوسـەران دەسـتیان بچێتـە خوێنـی یەکتـر و جگـەر گۆشـەکانیان، یـان کـوڕ و کـچ زاتـی ئـەوە بـکات دایـک و بـاوک و خوشـک و براکانـی بکـوژێ.. ئـەو هەواڵانـەی رۆژانـە لـە کەناڵەکانـی میدیـا لـەو بارەیـەوە پێمـان دەگـەن، جگـە لـەوەی دوور و نزیـک پەیوەندییـان بـەو هاتوهـاوارەی خەڵـک و هەراوزەنـای میدیـاوە نییـە، دەربـارەی گەندەڵـی حکومـەت و موژدەبەخشـی ئاییندەیەکـی جـوان و خـوازراو نیـن، هـاوکات پاسـاوێکی لۆژیکـی هەلومەرجـی ئابووریشـی لـە پشـتەوە نییـە، چونکـە بـە هـەزاران خێزانـی نـەدار و هـەژاری کـورد هـەن، کـە رۆگاریـان بـە مەمـرە و مـەژی بـەرێ دەکـەن و تـا ئێسـتا بـە تـەواوی لـە پێداویسـتییە سـەرەتایی و سـادەکانی ژیـان بەرخـورد نیـن، کەچـی زۆر دەگمـەن دەیانبینـی بەربووبنەتـە گیانـی یەکتـر.

بەراسـت ئـەو رەوشـە ناهەمـوار و نەخـوازراوە، چ پەیوەندییەکـی بـە گەندڵـی حکومەتـەوە هەیـە؟ ئایـا یاسـایەکی پەرلەمـان، بڕیارێکـی حکومـەت، فەرمانێکـی فەرمـی دامـەزراوەکان و رێنماییەکـی دەزگاکانـی دەسـەڵات هەیـە، تـا بـەو کەسـانە بڵێـن، بـەو شـێوە درِندەییـە و بـەو کوێـری و بێویژدانییـە و بـەو یاسـای دارسـتانە، بـاوک و دایـک و خوشـک و بـرا قەسـابخانە بـۆ یەکتـری دابنێـن؟ ئایـا ئـەو رەفتـارە دژە مرۆییـەی ئەوانـە، لـە گەندەڵـی رەتـی نەکـردووە و نەچۆتـە خانـەی بێویژدانـی و بێڕەوشـتی و لـە دەسـتدانی بەهـای مرۆڤبـوون؟

## حەشری نێرەکەر!

مـن دەخۆمـەوە رۆشـنبیرم، تـۆ ناخۆیتـەوە تاریـک بیریـت.. مـن دەخۆمـەوە مەدەنیـم، تۆ ناخۆیتـەوە هەمەجیـت، مـن دەخۆمـەوە پێشـکەوتووم، تـۆ ناخۆیتـەوە دواکەوتوویـت.. مـن دەخۆمـەوە کەواتـە هـەم، تـۆ ناخۆیتـەوە کەواتـە هیـچ!

مـن پانتۆڵـم لەبەردایـە خوێنـدەوارم، تـۆ لەبـەرت نییـە کۆڵەواریت..مـن پانتۆڵـم لەبەردایـە کـراوەم، تـۆ لەبـەرت نییـە داخراویت..مـن پانتۆڵـم لەبەردایـە هیومانیسـتم، تـۆ لەبـەرت نییـە شۆفینیسـتیت..من پانتۆڵـم لەبەردایـە کەواتـە هـەم، تـۆ لەبـەرت نییـە کەواتـە هیـچ!

مـن قـژم بەرداوەتـەوە مۆدێرنـم، تـۆ بـەرت نەداوەتـەوە کۆنەپارێـزی.. مـن قـژم بەرداوەتـەوە ئـازادم، تـۆ بـەرت نەداوەتـەوە کۆیلەیـت.. مـن قـژم بەرداوەتـەوە لیبراڵـم، تـۆ بـەرت نەداوەتـەوە کۆنزەرفاتیڤـی.. مـن قـژم بەرداوەتـەوە کەواتـە هـەم، تـۆ بـەرت نەداوەتـەوە کەواتـە هیـچ!

مـن بـە سـنگی واڵا و ملوانکەیەکـەوە شـەقام تـەی دەکـەم نوێخوازم، تۆ قۆبچەکانیشـت داخسـتوون کۆنەخوازیـت.. مـن بـرۆ هەڵدەگـرم و ماکیـاژ دەکـەم شارسـتانیم، تـۆ روخسـارت تـوکاوی و تەڵخـە خێڵەکیـت.. مـن برێکـی و دیسـکۆ و چۆپـی عەرەبـی دەکـەم داهێنـەرم، تـۆ سـێ پێـی و سوێسـکەیی دەکەیـت

دۆگمایت.. من هەموو ئەوانە دەکەم کەواتە هەم، تۆ نایانکەیت کەواتە هیچ!

مـن دەمـەوێ خوشـک و خێـزان و کچەکـەت ئـازاد کەیـت و هەقـت بەسـەر بیرکردنـەوە و رەفتـاری منـەوە نەبێـت، مرۆڤدۆسـتم، تـۆ لـە سـووچی ماڵەکەتـدا کـۆت و بەندیـان دەکەیـت، مەرگدۆسـتیت..من دەڵێـم لەگـەڵ هاوسـەرەکەت نـەرم و نیـان بـە و هـاوکاری بکـە و سـەیری قسـە و رەفتـاری مـن مەکـە، ژیاندۆسـتم، تـۆ وەکـو کۆیلـە مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکەیـت جوانـی کوژیـت.. مـن دەڵێـم لەگـەڵ مناڵەکـەت دۆسـت و هـاورێ بـەو بیـر لـە را و هەڵوێسـت و مامەڵـەی مـن مەکـەوە، شارسـتانیم، تـۆ هەمیشـە سـەرکۆنە و دەم و رووشـکێنی دەکەیـت، دارسـتانیت.. مـن هەمـوو ئەوانـە بـۆ تـۆ بـە ئـەرک و بـۆ

خـۆم بـە کوفـر دەزانـم، کەواتـە هـەم، تـۆش گوێـم پێنادەیـت، کەواتـە هیـچ!

بـڕوا دەکـەن ئـەوە سروشـتی بەشـێکی زۆری بەنـاو رۆشـنبیر و هونەرمەنـد و چالاکوانـی مەدەنـی کـوردە، ئـەوان کـە هەندێکیـان عیشـق بـۆ خۆیـان حـەڵاڵ دەکـەن، کەچـی رێـگا نـادەن خوشـک و کچەکانیـان دێـرە شـیعرێکی رۆمانسـیش بخوێننەوە..ئـەوان کـە ئامـۆژگاری خەڵـک دەکـەن، زۆربەیـان لـە ماڵـدا لەگـەڵ هاوسـەرەکانیان دیکتاتـۆر و لـە تـەک جگەرگۆشـەکانیان قامچـی بـە دەسـتن.. ئـەوان کـە سیاسـییەکان بـە جیـاوازی کوژ نـاو دەبـەن، بەشـێکی زۆریـان رەخنـەی هاوبیـر و هاوپیشـە و رەفیقێکـی خۆیـان قبـوڵ نییـە.. ئـەوان کـە رۆژ تـا ئێـوارە شـین و شـەپۆر لـە دەسـت گەندەڵـی حکومـەت و دەسـەڵات دەگێـڕن، بەشـێکی زۆریـان پێیـان ئاسـاییە ئەگـەر پشـکی گەندەڵییەکەیـان بەرکـەوت بێدەنـگ لێـی دانیشـن بەخێـر.. ئـەوان رەخنـە لـە یاسـا شـکێنی بەرپرسـان دەگـرن، کەچـی زۆربەیـان پێیـان شـەرمە لـە فەرمانگەیـەک سـەرە بگـرن.. پێیـان تاوانـە لـە بازگـە ناسـنامەیان لـێ داوا بکـەن.. دونیـا دێننـەوە یـەک، ئەگـەر پۆلیسـی هاتوچـۆ بـە لوتفـەوە داوای مۆڵەتـی لێخوڕینیـان لـێ بـکات..

بەراسـت هـەر لەگەندەڵـی حکومـەت و هـەر لـە چاکسـازی ئـەوان.. هـەر لـە داخـراوی کۆمەڵگـە و هـەر لـە ریفۆرمخـوازی ئـەوان، دیـارە بـێ حیکمـەت نییـە کـە گووتوویانـە (دار ئەگـەر بـۆ خـۆی خـوار بێـت، چـۆن سـێبەرەکەی راسـت دەبێتـەوە؟).

## دەمامکی ریا

«خودایە لەبەر ئەوە ناتپەرستم کە لە دۆزەخت
بترسم، یان بە فیردەوسم شاد کەیت، بەڵکو خۆشم
دەوێیت بۆیە دەتپەرستم — رابیعەی عەدەوی»

کارەساتە خۆشویستنی خوا بکرێتە قەڵغانی خودپارێزی لە سزاکانی ئەودیو.. چوون وەک ئەوەی پەرستن بەشێک نییە لە خەونی گەڕان بەدوای دەسکەوت و ئیمتیاز، هەروەها ئیمان هەرگیز بەرهەمی ترس نییە. کاتێ کەسێک خۆشەویستی خۆی بۆ خوا بە خەونی فیردەوس و شەرابی تەهور دەبەستێتەوە، دەبێ گومانی لە ئیمانداری خۆی هەبێت.. ئەو دەمەی کەسێک لە ترسی دۆزەخ روو لە قیبلەی نوێژ دەکات و هێندەی گەردێک پەی بە مەزنی پەرستراوەکەی نابا، لە کەسێکی هەلپەرست زیاتر هیچی دیکە نییە، بە مانایەکی دیکە و (پاولۆ کۆیلیۆ) گوتەنی «کەسێک کە لە چاوەڕوانی پاداشتێکدا عاشقە، کاتی خۆی بە فیڕۆ دەدات»، چونکە عەشق بوون دیوێکی دیکەی پرۆسەی پەرستنە و لە فۆڕمی قوربانیدان و بەخشندەیی بێبەرامبەر خۆی دەنوێنێ.

ملکەچ بوون بۆ پەرستنی هێزێک، بەرهەمی باوەڕ و یەقینێکە بە جوانی ئەو هێزە، واتە کاتێک کەسەکە جوانی و مەزنی ئەو هێزە درک پێدەکات و دەگاتە ئەو یەقینەی ئەو هێزەی بۆ خودی هێزەکە (نەک خۆی) خۆش دەوێ و دەیپەرستێ، ئیدی لەوێدا ئیمانی راستەقینە چرۆ دەکات و دەپشکوێ..خۆشویستنی خوا هەروا ئاسان نییە، وەک ئەوەی گەیشتن بە ئیمانێکی بێگەرد و یەقینێکی پاک زۆر قورسە، خۆشویستنی خوا بە تەنها بریتی نییە لە ئەنجام دانی پێنج فەرزە نوێژ و دەم بەستن لە رەمەزاندا.. ئیمانی راستەقینە بە تەنها بریتی نییە لە بەستنی کەشیدە و مەندیل و پشتێنێکی سەوز..یەقینی خواپەرستی بە تەنها بریتی نییە لە حاڵ گرتن و زیکر و هەیهوی پڕ توندوتیژی، چونکە دواجار «ئیمان

فەتحێکی دژوارە و بۆ سەقامگیربوونی پێویستی بە شەڕی ڕۆژانە هەیە — پاولۆ کۆیلیۆ»، شەڕ لەگەڵ هەوا و ویست و نەفس، شەڕ لەگەڵ غەریزەی خۆپەرستی و بەرژەوەندخوازی، شەڕ لەسەر ئەوەی خۆت تەنها بە سرووتە ڕۆتینییەکان نەبەستیتەوە و لە ناخەوە ئیماندارێکی ژیان و مرۆدۆست بیت.. خۆشەویستی خوا لەوێدا ڕەنگ دەداتەوە، کە تا چەندە پڕیت لە ماناکانی ژیان و مرۆدۆستی.. لەوێدا ئیمان جوانە، کە فێرت دەکا لەسەر پێستی ئەوانی تر نەلەوەڕێیت.. خواپەرستی دروست لەوێدا خۆی نمایش دەکات، کە گیانی هاوکاری و لێبوردەیی و قبوڵکردنی ئەوی دیکە بوونی هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی گەندەڵی بریتییە لە خراپ سوود وەرگرتن لەو دەسەڵاتەی هەتە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتدا، یان خراپ بەکارهێنانی پێگە و تواناکانتە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی، کەوابێت لەو حاڵەتەدا دەشێ هەر کەسە و لە شوێنی خۆی پشکێکی گەندەڵی نێو ئەو کۆمەڵگەیەی بەرکەوێ، یەکێکیش لەوانە ئەو کەسانەن، کە هەمیشە دەیانەوێ بە بەرگی ئیمان و روخساری نورانی و زمانی دوعا و وەعز خۆیانمان پێ نیشان بدەن.

چەند پیاوی ئاینییمان بینی بۆ ڕەزامەندی حزب تەڵاقی حزبەکەی بەرامبەریان خست؟ چەند پیاوی ئاینییمان بینی و دەبینین، ئێستاش بەدیار نووشتە و فاڵگرتنەوە خەریکی بازرگانیین؟ چەند پیاوی ئاینییمان بینیوە و دەبینین بۆ بڕێک پارەی دوای فاتحەی مارەبڕینی کچێکی بەزۆر فرۆشراو، پشتی لە مێزەر و پەیامەکەی کردووە؟ چەند وەجاخزادەمان بینی و دەبینین ئێستا لە نیوە شەودا خوێنی خەڵکی حەڵاڵ دەکەن و ناوی دەنێن جیهاد؟ چەند وەجاخزادەمان بینیوە و دەبینین، دەستی چەوری زەرەری خۆیان بەسەری خەڵکی کەم دەرامەت و ڕەش و رووت سڕیوەتەوە و پێگە و متمانەی ساویلکانەی خەڵکیان کردۆتە پرد بۆ خۆ قەڵەوکردن؟ چەند دوکانداری نوێژکەرمان بینیوە و دەبینین، ڕۆژانە پێشبڕکێیان بووە بۆ پشتی ئیمام، کەچی هەر پێیان لە مزگەوت دەرکردووە، قۆڵیان لە قۆڵبڕینی خەڵکی هەڵماڵیوە؟ چەند کەسی کاسبکاری بەناو خواپەرستمان بینیوە و دەبینین، کە ڕۆژانە سەد سوێند و تەڵاق لەسەر ساخکردنەوەی کاڵایەک دەخۆن (دوور نییە ئێکسپایەریش بووبێ)، کە زۆر بەهەرزانتریان کڕیوە لەو نرخە

خەیاڵیەی بە کڕیاری دەفرۆشنەوە؟

ئێوە و خوا، کامەیان کارەسات و نەگبەتی ترە بۆ نەتەوەیەک، گەندەڵی دەسەڵاتێک کە بانگەشەی ئیمانداری و موژدەی بەهەشتی نەکردووە، یان کۆمەڵگەیەک کە ریا لە ئایین و ساختەیی لە خواپەرستیدا دەکات؟ خوایە ئەو هەموو ریایە تاکەی؟

## کوڕی تاقانە.. کوڕی پارە!

«نابێ چیتر ئێمە وەک کۆیلەیەکی زەلیلی بەر
رەحمەتی قامچی، بە گریانەوە عەرد جێ بێڵین —
نیکۆس کازانتزاکیس»

با لەوەوە دەستپێبکەین و بپرسین، بۆچی دەسەڵاتی کوردی وا بێباکانە لە خەڵک دەڕوانێ؟ ئایا کائینەکانی نێو ئەو دەسەڵاتە چەندە هەڵگری رۆحی باوکسالارانەی خێزانی کوردین؟ ئایا ئەو جیاوازی و بێدادی و نایەکسانییەی ئەو دەسەڵاتە، کە لە بەرامبەر هاوڵاتییان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی و ئینتمای حزبی دەیکات، سەرچاوەکەی چییە و لە کوێدا پەیوەندی بە کولتوری کۆمەڵگەوە هەیە؟

ئەمانە پرسیارگەلێکن، کە دەکرێ لە میانیانەوە بگەینە هەندێ سەرەداوی ورد و گرنگ لە باری ئەو گەندەڵی و بێدادییەی نێو کۆمەڵگەکەمان، کە لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی بە روخسارێک و لە ئاستە سیاسییەکەی وەک درێژکراوەی ئەو کولتورە کۆمەڵایەتییە و رەنگدانەوەی هەلومەرجە نوێیەکانی ژیان و بازاڕ و سەرمایە، بە شێوەیەکی دیکە خۆی نمایش دەکات. رەنگە خوێنەر هەبێ و بپرسێ جا گەندەڵی دەسەڵات و کایەی سیاسی چ پەیوەندییەکی بە کولتوری کۆمەڵگە و جۆر و چییەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەوە هەیە؟ لە وەڵامدا دەکرێ زۆر بە کورتی ئاماژە بە چەند دیوێکی هاوکێشەکە بکەین (کە دەشێ لە میانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و قووڵی سایکۆ — سۆسیۆلۆژیدا، رەهەندی زیاتر و دیوی شاراوەترمان لەو بارەوە بۆ دەربکەون).

سەیرکەن، باوکی کوردی تا ئەو چرکەساتەش لەماڵەوە بە پێی گوێڕایەڵی و کۆیلەیی و توانای زیاتری بەرهەمهێنان و داهات، خۆشەویستی بەسەر کوڕەکانیدا دەبەشێتەوە، واتە ئەوە بە تەنها کچ نییە لە بەرامبەر پیاوەتی باوکدا باجی مێینە بوون دەدات، بەڵکو دواجار کوڕەکانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان باجی

ئـەو رۆحـی باوکسـالارییە دەدەن، کەوابێـت هەنـگاوە سـەرەتاییەکانی ئـەو جیاکارییـە نامرۆییـە لـە نێـوان ئەندامانـی خێزانێکـەوە دەست پێـدەکات و لەوێـوەش دەگوازرێتـەوە نێـو دامـەزراوە کۆمەڵایەتـی و پەروەردەیـی و سیاسـی و کارگێڕییەکانـی دیکـەی کۆمەڵگـە، کـە لەهـەر یەکێکیانـدا و بـە فۆڕمێکـی جیـاواز لـەوەی تـر دەردەکـەوێ. بـۆ نموونـە لـە نێـو خێزانـی کوردیدا، کـەی کوڕێـک توانـی هـەر لـە منالێیـەوە سـەری زۆرتریـن منالـی گـەڕەک بشـکێنێ، کـەی تـا ئەوپـەڕی کوێـری گوێڕایـەڵ بێـت و زیاتـر هەڵـە و خەوشـەکانی باوکـی بـە جوانـی و جوامێـری و نیشـانەی پیاوەتـی بزانـێ، هەتـا زۆرتریـن تەمەنـی منالـی بـە دیـار دەسـتگێڕی کۆلانـان و شـاگردی فیتـەر و چێشـتخانەکان و جوانتریـن کاتەکانـی هـەرزەکاری بـە دەم کرێـکاری و گەنجێتییەکـەی بـە پـارە پەیـدا کردنـەوە بکـوژێ، هێنـدە زیاتـر دەبێتـە جـێ متمانـەی بـاوک و کـوڕە تاقانـەی مـاڵ، لـە بەرامبەریشـدا ئـەو کـوڕەی مـل نەداتـە بـەردەم ئـەو حەتمیەتـە دۆزەخـی و جەبـرە نامرۆییـەی، کـە دواجـار بـاوک کائینێکـی پیـرۆزی دوورە هەڵـە و کەموکورتـی نێـو یەکـەی بچوککـراوەی دەسـەڵاتە (خێـزان) و سـەری ئەشـهەدوبیللای بـەردەوام لـە جوڵـە نەبێـت، ئـەوا چارەنووسـەکەی لـەوەی خوشـکەکەی باشـتر نابێت..لەلای باوکـی کـورد بەهـرە و خەونـی هونـەری و سـەلیقە و خولیـای ئەدەبـی و حـەز و توانـای وەرزشـی و (تەنانـەت لـە هەنـدێ حاڵـەت و لـە نێـو هەنـدێ خێزانـدا، ئـارەزوو و بلیمەتـی زانسـتی و خوێندنـی) کوڕەکـەی شـتی قـۆڕ و بـێ مانـا و پووچـن، ئەگـەر ئـەو کـوڕە نەتوانـێ ڕۆژانـە پـارە بێنێتـەوە، ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە یەکێـک لـە سـەرەتا و سـاکارترین مافـە ڕەواکانـی منـاڵ (تـا هـەژدە سـاڵ)یش لـە هەنـدێ شـوێن و لـە سـای هەنـدێ سیسـتەمدا، دابیـن و زامنکردنـی دڵنیایـی ژیـان و گـوزەران و ئاسایشـی دەروونییـە، ئـەو مافانـەی کـە لـە کوردسـتاندا هیـچ باوکێـک بـە فلسـێکی سـوتاویش نایانکـڕێ. ئەمـەش دەمانباتـەوە بـۆ ئـەو ڕاسـتییە تاڵـەی، کـە هەمیشـە دیوێکـی پەیوەنـدی خێزانـی کـورد، لەسـەر بنەمـای جیـاکاری و بێـدادی و نایەکسـانی نێـوان منالـەکان بونیـاد نـراوە، باوکـی کـورد (هـەر کێیەکـە بـا بێـت) درۆیەکـی گـەورە لەگـەڵ خـۆی و ئێمـەدا دەکات، ئەگـەر بڵـێ، مـن لەسـەر بنەمـای زۆرتریـن بێدەنگـی و پرسـیار نەکـردن و گوێڕایەڵـی و بەرهەمهێنـان و داهـات، کوڕەکانـم پۆلیـن ناکـەم، چونکـە ئێسـتا وایلێهاتـووە تەنانـەت بـاوک دەبێتـە ڕێگـری ئـەوەش، کـە کچـە مووچـە خۆرەکـەی شـوو بـکات، نەبـادا سـەرچاوەیەکی داهاتـی لـە دەسـت بچـێ!!

لـەو گۆشـەنیگایەوە، ئـەو باوکـە ئەگـەر سـبەی ببێتـە ئەندامـی سـەرکردایەتی و سـەرکردەی حزبێـک و تەنانـەت ببێتـە بەرێـوەر و بەرپرسـی دەزگایەکیـش، هـەر بـەر مەبنـای ئـەو بەرژەوەنـدی و گوێڕایەڵـی و بەرهەمهێنانـە ئیمتیـاز و پۆسـت بەسـەر ئەنـدام و کارمەندانـی دەبەشـێتەوە، بـە تایبەتـی کـە لەوێـدا پاڵنـەری دونیابینـی ئایدیۆلـۆژی و بەرژەوەنـدی سیاسـیش دەکەوێتـە پـاڵ خواسـتە ئابوورییەکـە. کەواتـە ئـەوە حـزب و دەسـەڵات و سـەرکردەی کـوردی نییـە، جیـاوازی لـە نێـوان هاوڵاتییانیـدا دەکات و بێـداد و نایەکسـانانە و بـە گوێـرەی ملکەچیـان بـۆ ئیـرادەی ئـەو، پۆسـت و ئیمتیـازات دەبەشـێتەوە، بەڵکـو لـە راسـتیدا ئـەوە رۆحـی نووسـتووی رەهاگـەر و دەسـەڵاتخوازی باوکسـالاری کوردییـە، لـە بەرگێکـی دیکـەدا لـە کاراکتـەری دەسـەڵات بێـدار دەبێتـەوە، بۆیـە ئەگـەر بمانـەوێ سـتۆپێک بـە جیـاوازی و نابەرابـەری و بێـدادی نێـو دونیـای دەسـەڵات و کایـەی سیاسـی بکەیـن، سـەرەتا پێویسـتە لـە دونیابینییـە هەژموونگـەرا و لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـە ژیـان کوژەکانـی نێـو خێزانـی کـوردی، لـەو کولتـورە کۆمەڵایەتییـە نەخۆشـە دەسـت پێبکەیـن، کـە منداڵەکانـی بـەر مەبنـای گوێڕایەڵـی و بەرهـەم هێنـان پۆلێـن دەکات و خۆشەویسـتیان بەسـەردا دەبەشـێتەوە.. بـە کورتـی ئەگـەر بمانـەوێ گەندەڵـی جیاوازیکردنـی نێـوان هاوڵاتییـان نەمێنـێ، دەبـێ هەمـوو باوکێکـی کـورد، ئـەو رۆحـە گەنـدە و ویسـتە گەندەڵخـواز و بەرژەوەندخـوازەی نـاوەوەی خـۆی بکـوژێ!

## خەنە زۆر بوو........!

«کاتێ سەرنج دەدەم ئاگر لە خۆڕا دەسووتێ، لە جێگەکەم
رادەپەڕم و دەیکوژێنمەوە، چونکە ناخوازم فەنابوونی ببینم —
نیکۆس کازانتزاکیس»

رۆژانە کە لە ماڵەوە بەرەو شوێنی کار بەڕێ دەکەوم، لە رواندزەوە بگرە، تا شوێنی کارەکەم لە پیرمام، هەر بەردەرگا و پەنجەرەی ماڵ و دوکانی هاوڵاتییان و شوێنە گشتییەکان و بارەگای حزب و دەزگاکانی حکومەتە، چرای کارەبایان بەم رۆژی رووناکە زەق زەق دەسووتێ. ماڵم بینیوە و دەبینم، وا دەزانی ئاهەنگی گەڕەکە میسرییەکانە، چەندین گڵۆپی رەنگاو رەنگ بە دیواری حەوشەکەیانەوە، کە بەسەر شەقامی گشتی دەڕوانێ، هەڵواسیوە، ئەمەو چش لەو چراخانەی ناوەوە و بەردەم سوپەرمارکێت و چێشتخانە و باڵاخانە و بینای کۆمپانیاکان و بارەگای حزب و دەزگاکانی حکومەت و بلاجکتۆری بازگەکان. ئەو دیمەنانە وا نەبێ هەر لە بەیانیانی چوونە سەر کار ببینم، بەڵکو زۆرجار بە نوێژی نیوەڕۆ و دوای نیوەڕۆیانیش کە دەگەڕێمەوە هەر بەردەوامە، بە چەشنێک ئەگەر کارەبای نیشتمانی هەبێت، هەمان تاس و حەمامە و خراپتریش.

راستە تا ئەو چرکەیەش کوردستان بە دەست کێشەی کەمی و زۆرجار نەبوونی کارەبای نیشتمانییەوە دەناڵێنێ، نکۆڵی لەوەش ناکەین، کە لەو گرفتەدا بەشێکی زۆری کەمتەرخەمی حکومەتیشی تێدایە، بەڵام ئەی کە کارەبا هەیە ئەو بێسەروبەری و فەوزایە خەتای کێیە؟

من لێرەدا باسی ئەو هەموو هێڵە تەجاوزە و دزراوەی هەندێ ماڵە بەرپرس ناکەم، کە لەسەر حیسابی خەڵکی و گرانکردنی باری وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا رایانکێشاوە و مێش میوانیان نییە و بەردەوامیش ئامۆژگاری خەڵکی ئاسایی دەکەن، ئەوە بۆ گۆشەیەکی دیکە و بابەتی سەرپێچی کردن لە یاسا و پێشێلکردنی

باس هەڵدەگرم. بەهەرحاڵ کە کارەبای نیشتمانی نییە و نابێ، ڕۆژ تا ئێوارە لەلایەن خەڵکەوە، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارییەوە، حکومەت و دەزگاکانی پڕ جنێو و کاربەدەستانیشی پڕ دوعای مەرگ و شەلەل بوون دەکرێن، بەڵام کاتێ کارەباش هەیە، کەس نییە تۆزێک هوشیاری بەکارهێنان و شعوری دەستپێوەگرتنی هەبێت، ئەو دەمەیش کارمەندی کارەبا سەری مانگ داوای پارەکەی دەکات، سوک و ڕەزیل دەکرێ و بە هەزار دەردی سەری پارەی دەدەنێ، کەچی هەر ئەو خەڵکە، کە ناوێرێ لەبەر فیوزکردن و داکەوتنی سرکێتی مولیدەی ئەهلی، زیاتر لە گڵۆپ و تەلەفزیۆنێک داگیرسێنێ، هەفتەیەک بەر لە سەری مانگ و بە مەمنوونییەوە شاپ لە خۆی دەدا و پارە دەداتە بابای خاوەن مولیدە.

سەیرە، ئەو خەڵکە چۆنە بۆ ساتێک خەیاڵیان ناچێتەوە سەر تاریکی نیوە شەو و قرچەی گەرمای ئەو هاوینە، کە ئەگەر لە داگیرساندنی ئەو هەموو گڵۆپ و ئامێرە کارەباییانە، شۆڕتێکی کارەبا، ماڵەکەی خۆی و گەڕەکێکی پەک خست و لەو خزمەتگوزارییەی بێبەش کرد، چی دەکات بەرامبەر ویزەی پێشوولە و تاریکی و گەرمای تاقەت پڕوکێن؟

دەمەوێ لەو ئازیزانە بپرسم: ئەرێ داگیرساندنی ئەو هەموو گڵۆپە چ لەززەتێکی هەیە؟ ئاخۆ بەردەرگای ماڵێکی ئاسایی چ پێویستی بە پێنج گڵۆپە؟ بەڕاست ئەگەر سیستەمی کۆنترۆڵی کارەبا و بڕی سەرفکردنی لەلایەن حکومەتەوە توند بکرێ، بە جۆرێک ڤۆڵت ڤۆڵت لەسەر هاوڵاتی حیساب بکرێ، ئەو کات خەڵک ئەوها دەستکراوە دەبن ئیسراف لەو سامانە نیشتمانییە بکەن، یان لە ترسی گیرفانیان شەو هەر دەمەو مەغریب و نوێژی شێوان چراکان خامۆش دەکەن؟ ئەرێ خەڵکینە ئەگەر بەهەدەر دانی ئەو سامانە گەندەڵی نییە چییە؟ ئەی ئەوە نییە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆتان ئامادەیی ئەوەتان تێدایە، محەویلەی گەڕەکێک بسوتێ و هاوسێکانتان هەفتەیەک بەدیار تاریکییەوە دانیشن؟ مەگەر زاڵکردنی بەرژەوەندی تایبەتی بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا گەندەڵی نییە؟

# دار کرمی لە خۆی نەبێ، تەمەنی هەزار ساڵە

لــە یەکــەم بابەتــی ئــەو گۆشــەیەدا بڕیــارم دابــوو لــە بــارەی گەندەڵییەکانــی کۆمەڵگــەوە بنووســم، بــۆ چەنــد ژمارەیەکیــش هــەروام کــرد، کەچــی ئــەو ڕێپۆرتــاژ و بەداواچوونانــەی بــەم دواییانــە لــە بــارەی هەڵوێســت و ڕەفتــاری دژەدیموکراتــی و مەدەنــی دەزگاکانــی پۆلیــس لــە کوردســتان لــە بەرامبــەر گومانلێکــراو و تۆمەتبــار و داواکاری ســادەی خەڵکــی دەخوێنینــەوە و دەبیســتین، بــە تایبەتیــش ئــەو ڕووداوە دڵتەزێنــەی ناحیــەی خەلیفــان، ناچاری کــردم جارێکــی تــر ئاراســتەی گۆشــەکە بگــۆڕم و ســەرلەنوێ و لــە گۆشــەکانی تــردا ڕووی قســەم بکەمــە دەزگا و دامەزراوەکانــی دەســەڵات و هەڵوێســتی نامەدەنــی و ڕەفتــاری نەشــیاو و دژە دیموکراســییان لــە ئاست خەڵکیــدا، بــە تایبەتــی لــە قۆنــاغ و ســاتەوەختێکدا، کــە هەمــووی پێنــج و دوو ڕۆژێکــە بــە ملیۆنــان کــەس لــەو خەڵکــە ســتەم دیدە و خێــر لەخــۆ نەدیــوە بــەدوای بانگــەوازی دەســەڵاتی کــوردی دژی پیلانــی ســەرلەنوێ تەعریــب ڕژانــە ســەر شــەقامەکان و ئامادەیــی بەرگــری و قوربانیدانیــان نیشــاندا و ڕۆژانــەش هــان دەدرێــن بــۆ ئــەوەی ســەردانی بنکەکانــی کۆمســیۆنی بــاڵای هەڵبژاردنــەکان بکــەن.

بــەردەوام لــە نــاوەوەی هــەر یەکێکمانــدا هێزێکــی شــاراوەی ترســناکی تێکــدان و وێرانکــردن ئامادەیــی هەیــە، هێزگەلێــک هانمــان دەدەن بەرامبەرەکانمــان بکەینــە قوربانییەکــی دەســتەپاچە و نێچیرێکــی دەســت بەســتە، تــا هەرچــی ڕقــی شکســت و تووڕەیــی فەشــەل و کینــەی دۆڕانەکانمــان هەیــە لــە ئاســتیاندا هەڵڕژێــن و بەتــاڵ بکەینەوە..هێزگەلێــک کــە بــواری ئەوەمــان بــۆ ناهێڵنــەوە ئــەوی دی وەک مــرۆڤ ببینیــن.

فەلســەفەی کاری هێزەکانــی پۆلیــس و ئاســایش لــە تــەواوی دونیــادا پاراســتنی ســەر و مــاڵ و کەرامــەت و ژیانــی خەڵکــە، ، ئەویــش لــە پێنــاو دەســتەبەرکردنی بــڕوا و متمانــەی هاوڵاتیــان بەخۆیــان، تــا لــە کاتــی پێویســت و نــا ئاســاییدا، کــە مەترســی بۆســەر تــەواوی کۆمەڵگــە هەیــە هاوکاریــان بکەن..جــارێ دەزگای پۆلیــس بــەو پێیــەی

سەروکاری لەگەڵ یاسا و پرەنسیپە دەستوری و دیموکراسییەکانە، دەبێ لە هەر دەزگایەکی تر وریا و بە ئاگاتر بێت لە پاراستنی ئەو بەها و بنەمایانە، چونکە کاتێ ئەو پرەنسیپانە لەسەر دەستی ئەو دەزگایە و لەپاڵ دەمامکی یاسا و بەناوی پاراستنی ئارامی کۆمەڵگە و کۆنترۆڵکردنی تاوان و پشێوی پێشێل دەکرێن، ئیدی متمانەیەک لە نێوان خەڵک و حکومەتدا نامێنێتەوە، باوەڕێک لای هاوڵاتی نامێنێتەوە کە ئەو دەسەڵاتە بە هی خۆی بزانێ..ئیتر هاوڵاتی چیدی قەناعەتی بەوە نایەت، جگە لە ئارامی خانوو و خێزانی خۆی، لە خەمی ئاسایشی کۆڵان و دڵنیایی هاوسێکانی دابێت.

کاتێک لە بنکەیەکی پۆلیس، بۆ ئەوەی دان بە تاوانێکدا بنێ (کە رەنگە ئەو نەیکردبێ و هێشتا گومان بێت)، مێرمنداڵێکی ١٥ساڵان لە بەردەم هاوڕێکانی و بە چاو بەستراوی لەلایەن ئەفسەر و لێکۆڵەر و لە رێگەی کۆم (قون) و دەمەوە ناچار بە سێکسکردن بکرێت.. ئەو دەمەی بۆ دانپیانانی گومانێک و چەسپاندنی وەک تاوان بەسەر خۆی و هاوڕێکانی، لە بنکەیەکی پۆلیس، بوتڵی شووشە بخرێتە کۆمی مێرمناڵێکی ١٧ ساڵی..ئەو ساتانەی لەلایەن بەرپرس و ئەفسەرەکانی پۆلیسەوە تۆمەتبارو گومانلێکراو بۆئەوەی دان بە تاوانێک بنێ (کە رەنگە هێشتا گومان بێ و ئەو بکەرەکەی نەبێ) بەو هاوینە گەرمە تاقەت پڕوکێنە، گۆرەوەیەکی چڵکن و بۆگەن بخرێتە دەمی و کارەبای لێبدرێ و دەستی بشکێنرێ، ئەو کاتەی لە بەرامبەر داواکاری سەرەتایی خەڵکی بۆ دابینکردنی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری، لەلایەن پۆلیسەوە دەستڕێژی گوللە لە هاووڵاتیان بکرێ و لاشەیان خەڵتانی خوێن بکرێ، نازانم ئیدی بۆ خەڵک ناهەقیەتی بڵێ، خۆزگەمان بە کفن دز؟!

ئەگەر ئەو رەفتارانە لە دەزگاگەلی هەواڵگری و سیخوڕی و ئەمنی دیاریکراو، کە کاریان تۆقاندن و ئەشکەنجەدانی خەڵکە ببیسترێن و ببینرێن، شتێکی ئاساییە، بەڵام کاتێ دەزگایەکی وەک پۆلیس، کە گوایە هەموو هەنگاو و کارێکی، لە چوارچێوەی بەندەکانی یاسا و ئاگاداری دادگا و دادوەر دایە، ئەو رەفتارە دژە مەدەنی و دیموکراسییانەی لێ بەدی بکرێ، چۆن هەمووومان نەک گومان، بەڵکو پشتڕاست و دڵنیا نەبین لەوەی، کە سەروەری یاسا و دادگا و دادوەری لەو نیشتمانەدا، لە نوکتەیەکی قۆڕ و بێمانا بترازێ، شتێکی تر نییە؟!

بەهێنانەوە پێش چاوی رووداو و هەڵوێستە نەشیاوەکانی رابردووی هەندێ لەو

کاراکتـەر و دەزگایانـە لێـرە و لەوێـی کوردسـتان لـە بەرامبـەر خەڵکـی خۆپیشـاندەر و بـە هەنـد وەرگرتنـی ئـەو هـەواڵ و راپـۆرت و بـە دواداچوونـە رۆژنامەوانییانـە و بـە تایبەتـی ئـەو رووداوەی خەلیفـان، پێویسـتە دەزگا بـاڵا و بڕیاربەدەسـتەکانی کوردسـتان، سـنورێک لـە بـەردەم هەڵسـوکەوتی نـا دیموکراسـی و رەفتـارە دژە یاسـاییەکانی زۆرێـک لـە کارمەنـد و بەرپرسـەکانی دەزگاکانـی پۆلیـس و دامـەزراوە ئەمنـی و هەواڵگرییـەکان دابنێـن، کـە وەک مێگـەل دەڕواننـە خەڵـک و هاوڵاتیـان و خۆیـان لەسـەرووی دەسـەڵات و یاسـادا دەبینـن و دوور لـە بنەمـا و پرەنسـیپەکانی دیموکراسـییەت و مافەکانـی مـرۆڤ لـە زیندانـەکان و لـە کاتـی لێکۆڵینـەوەدا لەگـەڵ گومانلێکـراو و تۆمەتبارانـدا مامەڵـە و رەفتـار دەکـەن، بـە کورتـی وبـە کـوردی لۆژیکـی کاریـان، کێبـڵ و کارەبایـە!

* تێبینـی/ سـەبارەت بـە زانیـاری پەنابردنـە بـەر کـرداری سێکسـی و بەکارهێنانـی بوتـڵ لەگـەڵ گومانلێکـراوان لەلایـەن پۆلیسـەوە، بگەڕێنـەوە بـۆ ژمـارە (١٣٨)ی هەفتەنامـەی (ئاوێنـە) لـە رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٢ .

## چ کارەساتە مێ بیت!

«سیاسەت ناتوانێ کولتور دروست بکات، یان
بیگۆڕێ، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگەیە ئەو شتە دەکات —
بیرمەندێک»

ئێستاشی لەگەڵ دابێت جیاوازی کردنی دایک و باوک لە نێوان مناڵەکانیان، بە تایبەتی لە نێوان کچ و کوڕ، سیمایەکی دیاری پەیوەندییەکانی خێزانی کوردە، ئەمەش بۆ خۆی راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر پەیوەندی نێوان خوشک وبراکان، بە شێوەیەک کە هەمیشە برا بە چاوی کۆیلە و خزمەتکار سەیری خوشکەکەی بکات. ئەگەر لێرە و لەوێ و لە نێوان هەندێ خێزان و لەبەر چەند هۆکارێک خێزانێک و دوان هەبن، ئەو پەیوەندییە سواو و سەقەتە ژیانکوژەیان تێپەڕاندبێ و پەیوەندی نێوان دایک و باوک..باوان و مناڵانیان..خوشک و براکان، پەیوەندی دۆستانە و مرۆدۆستانە و تەندروست بن، بەڵام ئەو نموونانە دەگمەنن.

بە دیوەکەی تردا خودی ئەو جۆری پەیوەندی و مامەڵەیەش بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژیانی سیاسی و کارگێڕی رەنگی داوەتەوە، بۆیە دەبینین کە سەیر نییە پیاوێک ئەوەی بە ئاسانی پێ قەبوڵ نەکرێ، کە ئافرەتێک بەرپرس و بەڕێوەبەری ئەو بێت، وەکو تر حزب رێژە بۆ بەشداری سیاسی ژن دابنێ لە ژیانی پەرلەمانی و حکومی و چش لەوەی پێی شەرمە ئافرەت بهێنێتە سەرکردایەتی خۆی، وەک ئەوەی ژن نەتوانێ سیاسەت و ئیدارە و حوکمڕانی بکات. ئەمانە هەموویان دواجار رەنگدانەوەی بۆگەنی ئەو پەیوەندییە سەقەت و نەخۆشە کۆمەڵایەتییانەی نێو کۆمەڵگەن، کە بەرهەمی کولتور و ستراکتۆری کۆمەڵایەتین و لە هەر قۆناغ و لەناو هەر پێکهات و کایەیەکدا بە شێوەی جیا جیا رەنگ دەدەنەوە.

دیارە هەر ئەو هوشیارییە ناتەندروست و مامەڵە نەخۆش و پەیوەندییە سواوە

کۆمەڵایەتییەیـە، کـە بـە ڕۆڵـی خۆیـان چەندیـن وتـەزا و دەسـتەواژەی سـوک و ناشـیرینیان لـە ئاسـت ئافـرت و ڕەگـەزی مێـدا بەرهـەم هێنـاوە و بوونەتـە بەشـێک لـە باکگراونـدی دونیابینـی و تێڕوانینـی زۆرێـک لـە پیـاوان و ڕەگـەزی نێـر لـە بەرامبـەر ژنـدا، بـۆ نموونـە (عەقڵـی ژن لـە کۆشـی دایـە، هـەر کـە هەسـتا لێـی دەڕژێ)، ( ژن زەعیفەیـە)، ( کـچ ماڵـی خەڵکینـە، کـوڕ گـۆزەی زێڕینـە)، واتـە هەمـوو ئەوانـە بەرهەمـی عەقڵیەتـی پیاوسـالارانە و کولتـور و سـتراکتۆری کۆمەڵایەتیـن.

بۆیـە دەبـێ دان بـەو ڕاسـتییەدا بنێین، کـە لـە ناخـی هـەر یەکێکماندا و بـە حوکمـی کاریگەرییەکانـی ئـەو کولتـورە نەریتگـەرا و باوەڕسـالارە، هێـزی تاریـک و شـەڕانگێز و جوانیکـوژ هـەن، هێزگەلێـک هەمیشـە لـە بۆسـەدان بـۆ ئـەوەی لەهـەر حاڵەتێکـدا لـە ڕوخسـار و ڕەفتارمانـدا بتەقنـەوە، کۆنترۆڵکردنـی ئـەو هێزانـە و باڵادەسـت بوونیـش بەسـەریاندا بەبـێ هوشـیارییەکی تۆکمـە و بڕوابـوون بـە چەمکگەلـی ژیاندۆسـتی و مرۆویسـتییەوە ئەسـتەمە و هـەروا ئاسـان نییـە، تـا ئـەو کاتـەش کـە چاوێـک بـە دونیابینـی و بیرکردنـەوە و جـۆری پەیوەنـدی و مامەڵەکانمانـدا لەگـەڵ ڕەگەزەکـەی تـر نەخشـێنینەوە و پەیوەندییەکـی ژیـان و مرۆدۆسـتانە دروسـت نەکەیـن، ئەسـتەمە بتوانیـن شـێرازەی پەویەندییـە کۆمەڵایەتـی و مرۆییەکانمـان بـە ئاقارێکـی تەندروسـتدا پـەرە و بەردەوامـی پێبدەیـن.

سـەیرکەن، باوکـی کـوردی چەنـدە دڵتەنگـە، کـە نۆبەرەکـەی کـچ دەبێـت و ئـەو دایکـە چ بەدبەختێکـی بـەردەم مێردەکـەی و ماڵـە خەزورانـە، کـە دەبێتـە دایکـی نۆبـەرە کـچ، لـەوەش وێرانتـر ئەوەیـە ئـەو باوکـە هەمیشـە شـەڕ لەسـەر ئـەوە دەکات دەبـێ ئەگـەر بیکاتـە دەواجنیـش، تـا کـوڕی دەبێـت ئـەو ئافرەتـە سـاڵانە سـکێک دابنـێ، ئیـدی ئەگـەر هـەر ئاکامیشـی نەبـوو، ئـەوا ژنـی دووەم دەسـتی ژنـە کلۆڵەکـە مـاچ دەکات.. مەگـەر ئـەوەش دیوێکـی دیکـەی گەندەڵـی نییـە؟

## مەملەکەتی گەندەڵی

کەسێک لە کۆڵانێکی بەرتەسکدا و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و ئەگەر حکومەت قەرەبوی زیانەکەیشی بکاتەوە، ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە دوو مەتر زەوی ببەخشێ بۆ ئەوەی کۆڵانەکەیان بەرین بکرێ، کە ڕۆژێکیش باری شتێکی بۆ ناگاتە بەردەرگا، یان ئەو دەمەی عەرەق بە پاڕدانی بەرمیلە نەوتێکەوە دەکات، تا دەیگەیەنێتە ماڵ، حکومەت و کاربەدەست و دەزگاکانی بە جنێو دەشواتەوە!

یەکێکی تر خانوو بەکرێ دەدات، قەبوڵی نییە کرێچییەکەی بزمارێک لە دیواری خانوەکەی بدات، بەڵام لە بەرامبەردا و بەبێ ئەوەی حکومەت هیچ باجێک، یان کرێیەکی لە بەرامبەر شۆستە و قیرکردنی شەقام لێوەربگرێ، ئەو بۆ خۆی بە ڕەوای دەزانێ بۆ بۆرییەک ئاو، شۆستە و شەقام و قیری نوێ، شەقار شەقار بکات و نابێ کەس پێی بڵێ لە پشتی چاوت دوو برۆیە!

ئەوەی تر بە تاوانێکی گەورەی دەزانێ بۆ تەنها ڕۆژێک، بگرە سەعاتێک، زبڵ لەناو حاویەی گەڕەکەکەیان بمێنێتەوە، چییە بۆنی بۆگەنی بۆ دەچێ و جەنابی بێزار و ناڕەحەت دەبێ، بەڵام چاوی دەپەڕێتە پشتی سەر ئەگەر شارەوانی پێی بڵێ، جەناب بێزەحمەت ئەو کەر و مانگا و ئێستر و بزنەت، کە سیمای شاریان ناشیرین کردووە و کۆڵان و گەڕەک و شۆستە نەماوە بە ڕیخ سواخی نەدەن، چیتر لە ناو شار بەڕەڵڵایان مەکە، ئاخر ئەوەی تۆ هەموو شاریان بۆگەن کردووە!

کابرا ڕۆژ تا ئێوارە گلەیی لەوە دەکات، کە نە قوتابخانە قوتابخانەیە و نە مامۆستا مامۆستا و نە پەروەردە پەروەردە، کەچی تا سەری ساڵ و وادەی وەرگرتنەوەی بڕوانامەکان دێ، نازانێ منداڵەکانی ڕۆژانە و بەرێک و پێکی چوونەتە قوتابخانە یان نا، خۆیان ماندوو کردووە و خوێندوویانە یان نا.. ڕۆژێک لێی نەپێچاونەتەوە و سەردانێکی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی نەکردووە، ئەو کاتەش کە کچ، یان کوڕەکەی دەرنەچوو، هەرچی قەهری دڵی خۆی و فەشەلی منداڵەکانی هەیە، بە دار و بەرد و هەوای قوتابخانە دەڕێژێ!

کابرا گوایە شەو پاسەوانی فەرمانگە، یاخود دەزگایەکە و فەرمانبەری حکومەتە، هەر ئەوەندە دەچێتە دەوامەکەی تا مەلای عیشا بانگ دەدا و دڵنیا دەبێ لەوەی بەرپرسی فەرمانگە، یان دەزگاکەی تاقەتی هاتنەدەرەوەی نییە، ئیدی تێی دەتەقێنێ.. ئەویتریان وەک بەردەست دامەزراوە، کەچی پێی شەرمە گەسک هەڵگرێ، یان پەڕۆیەک بەسەر مێزێکدا بخشێنێ، تەنانەت ئەگەر ئەو کارەش بکا، وا دەزانێ سوغرەی پێدەکەن، بەڵام کە دانە رۆژێک مووچەکەی دواکەوت دونیا دێنێتەوە یەک و دەڵێ تێر ئاگای لە برسی نییە!

پزیشکێک بە هەموو هوشیاری خۆی پێی وایە ئازایەتییەکی مەزنی کردووە، کە رۆژانە پەنجا تا شەست نەخۆشی لە نەخۆشخانە بینیووە، چش لەوەی ئێوارەش لە نۆرینگەکەی خۆی، زیاتر لەوەی بەیانی نەخۆشی بەڕێکردووە، کەچی لە بیری چووە پێمان بڵێ، ئاخۆ پێویستی بە چەند چرکە و خولەک و کاتژمێر هەبووە بۆ چوونەژوور و هاتنەدەرەوەی ئەو هەموو خەڵکە، یان بەبێ ئەوەی پێمان بڵێ، ئەوە چ قودرەتی قادرێکە وا دەکا بەبێ پشکنین و گرتنی تیشک و سۆنار دەرد و نەخۆشی و هاوکات چارەسەری هەموو ئەوانە لە دانە رۆژێکدا و بە (کن فیکون)ێک بدۆزێتەوە، های لە سوێندی هیبۆقریت!

دواجار بابا هەیە لە مەجلیسان و لەسەر لاپەڕەی بڵاوکراوە و بەردەمی مایکەکان سوپەر ئۆپۆزسیۆنە و دژی گەندەڵی دەزگا و کاربەدەستانی حزب و حکومەت دەنووسێ و قسە دەکات، ئەو وا خۆیمان بۆ دەنوێنێ، کە نەک حزبی نییە، بەڵکو ئامۆژگاریشمان دەکات کە حزبایەتی و هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ ئەهلی حزبدا عەیبەیەکی مەزنە، بەڵام خۆی لە بیر دەکات، کە چەند ئەندامێکی نزیکی خێزانەکەی مانگانە بن دیوار مووچە وەردەگرن و لەهەموویش سەیر و عاجباتی تر ئەوەیە، کاتێ حزب بۆ پۆست و کارێکی چەوری رادەسپێرێ، تەکلیفەکەیان ناشکێنێ و چاوەڕێی پیرۆزباییشە!

## برا شار شاری خۆتان و خەڵك خەڵكی خۆتانە، نەك بێگانە!

خەریکـە دیزاینــی بــازاڕی سـۆران تــەواوی سـیمای شــارەکە دەگــۆڕێ و جیــاواز لــە جــاران، ڕەزای شــارەکە لــە بــەردەم خەڵکەکــەی و ئەوانــەی ســەردانی دەکــەن ســووک دەکات، ئــەوەش کارێکـە جێگـەی دەستخۆشـییە، بـەڵام چـی دەڵێـی کـە چەشـنی خـراپ بەکارهێنانـی مۆبایـل و ئێنتەرنێـت و پێداویسـتییە مۆدێرنەکانـی تـر، هێشـتا عەقڵیـەت و هوشـیاری و هەسـت کـردن بـە بەرپرسـیارێتی زۆرێـک لـە خەڵـک و دوکاندارەکان لـە ئاسـتی پێویسـتی سـوود وەرگرتـن لـەو جوانـی و بەرفراوانکردنـەدا نییـە؟

بەداخـەوە تـا شـەقامەکانی نـاو بـازاڕ قیـر نەکرابـوون ڕۆژ تـا ئێـوارە خەڵکێـک پرتـە و بۆڵـەی بـوو، ئـەو ڕۆژەش کـە بەشـی یەکەمـی قیرەکـە تـەواو بـوو بـەو چاوانـەی خـۆم خـاوەن دوکانێکـم بینـی کـە ئۆتۆمبێلـی هەیـە، لەسـەر ئـەو گەرمـە و تـازە قیـرە بـە تەنـاش هەسـتا و بـە برادەرەکانـی دەگـوت، ئەهـا برادەرینـە ناڵێـم قیـری سـاختە و تەخریتـە، ئـەوە ئەگـەر فیتـی ..... نییـە چییـە؟!

ئێسـتاش زۆربـەی دوکاندارەکان نادەنـە بەرخۆیـان ئۆتۆمبێلەکانیـان بخەنـە گەراجێـک (چونکـە بیانوویـان نەمـاوە و ئـەوە گەراجـی وەسـتا ڕەجـەب چـۆڵ و هۆڵـە) و زاتـی ئـەوە ناکـەن پەنجـا مەترێـک بـە پـێ بـڕۆن تـا دەگەنـە دوکانەکانیـان، وەک ئـەوەی ئـەو بسـتە شـەقامەی لـە بەرامبـەر دوکانەکانیانـە موڵـک و میراتـی باوانیانـە، لـە گرنگـی بەیانییـەوە تـا زەردەی خۆرئـاوا ئـەو ناوەیـان کردۆتـە گەراجـی ماشـێنەکانیان و چـش لـەوەی دەیـان جـار پۆلیسـی هاتوچـۆ داوای لابردنـی ئۆتۆمبێلەکانیـان لێبـکات، ئــەوان کــە دە ئەوەنــدەی خەڵــک بــەردەم دوکانەکانیــان قەڵەباڵــغ و شــەقامەکانی شــاریان ئاڵــۆز و قەرەباڵــغ کــردووە، تانــە لەوانــە دەدەن کــە بــۆ پێنــج خولــەک و ڕاگـوزەر دەرگای دوکانەکانیـان دەگـرن، شـتێک دەکـڕن و دەڕۆن!

ئێســتاش زۆربەیــان فێــر نەبــوون بەبــێ ســزادان و ڕاکێشــانە بنکــەی پۆلیــس شۆسـتەکان لـە کەلوپەلەکانیـان چـۆڵ بکـەن، وەک ئـەوەی شۆسـتە مێـز و سـەکۆ و دەرەجـی نمایشـکردنی کاڵاکانیـان بێـت وایـە، بـە جۆرێـک وای لێهاتـووە ڕێبوارانـی نێـر و

مـێ، دەبـێ لەبـەر چـاوی رەشـی هەنـدێ دوکانـدار و شـمەکەکانیان لـە سـەر شۆسـتەی پیـادەڕۆدا یەکتـری بسـمن، ئەگەرنـا ئـەوە شـەقامی سـەرەکی و دەبـێ لـەوێ هاموشـۆ بکـەن، کـە بـە کابـرای دوکانداریـش دەڵێـی بـرادەر ئـەوە شۆسـتەیە نـەک مەعـرەز، لێـوت لێدەکـرۆژێ و وا دەزانـێ بـاوە کوشـتەی ئەویـت!

نازانـم رۆژی چەنـد جـار کارمەندانـی شـارەوانی زبڵـی کـۆڵان و بـەردەم دوکانەکانـی بـازاڕ کـۆ دەکەنـەوە، بـەڵام ئـەوە دەزانـم کـە هێشـتا و لەگـەڵ دابەشـکردنی زبڵدانیـش، کەچـی زۆر دوکانـدار باکیـان بـە پیسـکردنی شـەقام و بڵاوبوونـەوەی بۆنـی گەنیـو نییـە، کـە خەڵکـی هەراسـان کـردووە و شـەقامی بەرتەسـک کردۆتـەوە!

ئێسـتاش لـە سـۆران گۆشـت لەبـەر ئـەو قرچـەی گەرمایـە و لـە بـەردەم مێـش و مەگـەز و زەردەواڵـە و پێـڵاو و نەعلیـش لەنـاو جامخانەدان..ئێسـتاش سـەوزە و میـوە بـەر بـە تەپوتـۆزی دوکان دەگـرن و خـۆراک و خواردنـەوە مشـک سـەوزەڵە خانـم لـە سـوچی فـەردە و تەنەکـە و کارتۆنەکانیانـدا دەڵـێ، کەچـی کابـرا بسـکەی سـمێڵی دێ و خـۆی قـۆز قـۆز کردووە..ئێسـتاش لـە دوکانێکـەوە بـۆ دوکانێکـی تـر بـرۆ کـە دە مەتـر نێونیـان نییـە، هەمـان کاڵای گەرەکتـە بیکـڕی دوو نرخـی جیـاوازی لەسـەرە.. هێشـتاش لـەو سـۆرانە ویژدانـی هەنـدێ دوکانـدار نەگەیشـتۆتە ئـەوەی، کـە کاڵاکانیـان ئێکسـپایەر بـوون بیدەنـە لیژنـەی ئابـووری و تەندروسـتی بـۆ لەناوبردنیـان، بەڵکـو لایـان ئاسـاییە بەروارەکـەی بسـڕنەوە و بـە فـول نـوێ بیفرۆشـنەوە هاوڵاتـی و .....هتـد!

ئەرێ بەڕاست برادەرینە ئەوە ئەگەر گەندەڵی نییە چییە؟

## مانگی خۆشبەختی!

لە ناوەڕۆک و پەیامدا و وەک ئەوەی لە سەرچاوە ئاینییەکانی ئیسلامدا دەیخوێنینەوە و لە گوتاری پیاوانی ئایینی گوێ بیستی دەبین، مانگی رەمەزان مانگی خێر و بەرەکەت و لێبوردەیی و پاکبوونەوەیە، وێستگەیەکە بۆ بە خۆداچوونەوە و بیرکردنەوە لەوەی برسێتی چۆن برست لە مرۆڤ دەبڕێ، بوارێکە تیایدا مرۆڤ خەیاڵی بۆ لای هەژاری و نەداری مرۆڤە هاورەگەزەکەی دەچێ و بەزەیی ئەوەی تیا سەوز دەبێ، کە دەستی هاوکاری و یارمەتی و سۆزی بۆ درێژ بکات، بەڵام کە لە چوارچێوەی تیۆری دەردەچێ و دێیتە نێو واقیعی ژیانی خەڵک، بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆی ریاکاری، تا ئاستێکی زۆر پێچەوانەی ئەوە دەچنیتەوە، چۆن؟

هەندێ لەوانەی بە رۆژوو دەبن، وا دەزانن رۆژووگرتنەکەیان سوغرەیە و بەزۆر پێیانی دەگرن، یان بۆ یەکێکی تر رۆژووەکە دەگرن، بۆیە دەبینین هەر لە یەکەم رۆژەوە لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریان پرتە و بۆڵەیانە و بیست و چوار سەعاتی خوا گلەیی و گازاندە دەکەن و بۆ حاڵی تینوێتی و برسێتی و بێتاقەتیان دەکروزێنەوە.. وەک ئەوەی دەڵێن مردم ئاخۆ کەی مەغریب دێ؟ خەریکە سەرم بتەقێ چام نەخواردۆتەوە، وەختە شەق بەرم جگەرەم نەکێشاوە، گەرووم وشک بوو لە تینوان، زۆری نەماوە لە بێتاقەتی ببورێمەوە و زۆر هیلاکم!

هەموو ئەو هەراو زەنایەیان بۆ ئەوەیە پێمانی بڵێن بە رۆژوون، بەڵام لە بیریان چووە، کە بەرۆژوو بوون واتە ئیرادە و خۆڕاگری، نەک بێزاری و شتی دی!

وەکوتر هەندێک لەو دوکاندار و خاوەن کارانەی ناو بازاڕی کوردستان، کە بە قسەی خۆیان سوپەر بڕوادارن و ئەو مانگە سەر لە سەر تاعەت و عیبادەت هەڵناگرن (نوێژ، رۆژوو، زیکر و تەهلیل، قورئان خوێندن، تەراویح و شەونوێژ و ..هتد)، کەچی بەس چاوی لیچنەی ئابووری ناوشار و لیچنەی تەندروستیان لێ دیارنەبێت، نەک لە مل، بگرە لەناو قەددا موسڵمانە هەژارە لە خواترسە باوەڕدارەکان دەبڕنەوە و نرخی شتومەکەکانیان دەفڕێننە حەوت تەبەقەی ئاسمان،

وەک ئـەوەی سـاڵانە درێغیـان نەکـردووە و ئێسـتاش لێـرە و لـەوێ وەک گورگـی نێـو پیسـتی مـەڕ، لـە روخسـارو نـان و ئـاو خواردنـەوەدا بـە رۆژوون، بـەڵام لـە ویـژدان و قۆڵبڕینـەوە، هـەر لەگـەڵ بانگـی بەیانیـان فتاریـان لێکردۆتـەوە، ئەمـە و چـش لـەو کاڵا و کەلوپەلـە خۆراکییانـەی بـە ئێکسـپایەر بـە خەڵکـی نـەدار و دەسـتکورت سـاغی دەکەنـەوە!

کابرایـەک لـە شـار و گەڕەکەکەمـان دەناسـم بـە حیسـاب بـەرۆژووە، بـەڵام رۆژ تـا ئێـوارە زمانـی بـۆ قسـەی خێـر ناگـەڕێ و هـەر خەریکـی فیتنـە و فەسـادی نێـو هاوسـێکانە، هەیانـە وەک ئـەو بـەرۆژووە و بیسـت و چـوار سـەعاتی خـوا خـۆی و منداڵەکانـی، وەک ئـەوەی حـەس حـەس بـن، لـە درزی پـەردەی پەنجـەرە و کونـی دەرگای ماڵەکەیـان چاودێـری هاوسـێکانیان دەکـەن، بزانـن چـی دەکـەن و چـی ناکـەن و کـێ دێتـە لایـان و بـۆ کـوێ دەچـن، هەشـیانە دیسـانەوە بـەرۆژووە و رێـزی خـۆی و ئایینەکـەی و خەڵکیشـی گرتـووە و دوورنییـە رۆژووی هەمـوو ئـەو ریـاکار و مونافیـق و حەسـحەس و فیتنەبازانـە بـۆ ئـەو بێـت.. ئەمانـە و چەندیـن دیـاردەی دی وا دەکـەن بپرسـین، بەراسـت بـۆ ئـەو مانگـە لـەو پیرۆزیانـەی دادەماڵیـن و دەیکەیـن بـە مانگـی ریـاکاری و قۆڵبڕیـن و فیتنـە و فەسـاد؟!

بێگومـان کاریگـەری ئـەو دڕدۆنگـی و دووفاقـی و ریاکارییـەش، ئەگـەر لـە گەندەڵـی زیاتـر و خراپتـر نەبـێ، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە کەمتـر نییـە!

## ماڵی حکومەت بۆ زەکات!

نکۆڵـی لـەوە ناکـرێ کـە پـڕۆژەی فراوانکردنـی شـەقامی سـەرەکی روانـدز کارێکـی جـوان و شایسـتـەیە، هـاوکات بەدەنگەوەهاتنـی حکومەتیـش بـۆ داخـوازی خەڵـک و زوو خسـتنە واری جێبەجێکردنـی پڕۆژەکـە، مایـەی دەستخۆشـی لێکردنـە، وەک ئـەوەی کـە بەشـێکی زۆری کارەکانیـش جێگـەی خۆشـحاڵین، هـەر لـە سـەر لەنـوێ نۆژەنکردنـەوەی ئـاوەڕۆ و تۆڕەکانـی ئـاوی ناوشـار بگـرە، تـا دانانـی تـاوەری کارەبـا و رووناکـی بـە درێژایـی شـەقامەکە، تـا دەگاتـە ئـەوەی گوایـە بڕیـارە بـە هـۆی پڕۆژەکـەوە، تـەواوی شـەقامە ناوخۆییەکانیـش سـەر لەنـوێ قیرتـاو بکرێنـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەیشـدا لـە زۆر لایەنـەوە پڕۆژەکـە جێگـەی نیگەرانـی و مایـەی هەڵوەسـتە لەسـەر کردنـە، کـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان دەچێتـە خانـەی گەندەڵـی، بـەڵام بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ گەندەڵـی حکومـەت خـۆی نـا، بەڵکـو هـی ئـەم و ئـەو، کـە پێویسـتە حکومـەت و لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی لێـی بێدەنـگ نەبـن و بـەو کەمتەرخەمییـەوە لێـی نەڕوانـن.

نازانـم بەڵێنـدەر و وەسـتا و کرێـکار و ئەوانـەی سەرپەرشـتی پـڕۆژەی فراوانکردنـی شـەقامی سـەرەکی روانـدز دەکـەن، بەزەییـان بـەو ماڵـی حکومەتـە نایەتـەوە، یـان حکومـەت باکـی پـێ نییـە و خـۆی لـێ نەبـان کـردوون، یاخـود ئـەو زاتانـە مۆڵەتیـان لـە حکومـەت خـۆی وەرگرتـووە، تـا بـەم رەمەزانـە و (پێشـتریش) لـە کەلوپـەل و کەرەسـتە و پێداویسـتی و ئامێرەکانـی پڕۆژەکـە، سـەرفترە بدەنـە خەڵـک و خێـر و سـەدەقەی پێـوە بکـەن؟

ئاخـر لـەوە گـەڕێ هـەر لـە یەکـەم رۆژی پڕۆژەکـەوە، بـە تـەن لـم و قـوم و رەنگـە چیمەنتـۆش بـە هـەدەر چـوو و سـوودی لێوەرنەگیـرا و بەبـەر پێیانـەوە بەبـا درا و ئێسـتاش بەردەوامـە، چـش لـەوەی پیاوەتـی زۆر و زەوەنـد بـە کاتـی پڕۆژەکـە و ئامێرەکانـی حکومـەت کـرا، وای لـەوەش کـە زێرابـەکان ئەگەرچـی سـەر کـران، بـەڵام لێـرە و لـەوێ تاوێـرە بـەردی وایـان تێـدا بەجێمـاوە، کـە دوور نییـە دوای یـەک دوو

ساڵ کونەکانیان بگیرێن و شارەوانی ناچار بێت نیو بەقەد تێچوونی پرۆژەکە لە هەڵدانەوە و پاککردنەوە و چاککردنەوەیان، پارە خەرج بکات، جا چییە ماڵی حکومەتە و خەنجەر لە کایە!

ئەمانە هەمووی بەلایەک، لەلایەکی تر سووتانی گڵۆپەکانی سەرشەقام دوای رۆژێک و دوان لە بەستنیان و چاک نەکردنەوەیان مایەی پرسیارە، بێدەنگی حکومەت و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش لە هەندێ کەس، کە بە نیوەی شەو و بەبێ پرس (کە هیوادارم بێ پرس و بە ئاگاداری ئەم و ئەو نەبێ)، بەربوونەتە گیانی کربستۆنە بەجێماوەکانی سەر شەقام و بردنەوەیان بۆ ماڵ، لە کاتێکدا نیوەی شۆستەکان ماون کربستۆن بکرێن، نەک هەر جێگەی پرسیار، بەڵکو جێگەی گومانێکی گەورەیشە، هەم لە بەرامبەر ئەو بەعزە خەڵکەی کە بە رۆژ حکومەت بە گەندەڵ و دز وەسف دەکەن و بۆ خۆیشیان لە تاریکی شەو و دوای مەغریبان و بەم رەمەزانە، شوولیان لە تالآن و برۆکردنی ماڵی حکومەت هەڵکێشاوە، هاوکات لە ئاست ئەوانەی پەیوەندیداری پرۆژەکەن و لەگەڵ دەزگا بەرپرسەکانی حکومەت، کە ئەرکیانە لەو شتە بپێچنەوە.

ئەوەتا حکومەت پرۆژە دەکات و پارەی بۆ دەخاتە گەڕ و زەمینەی بۆ دەڕخسێنێ و ئاسانکاری ماددی و مەعنەوی و تەکنیکی بۆ دەکات، کەچی ئەم و ئەو، لێرە و لەوێ و بە شێوەی جیاواز یاری بەو سەروەت و سامانەی حکومەت دەکەن (کە لە بنەڕەتدا سامانی خەڵکی کوردستان و بەری رەنج و قوربانیدانی خۆیەتی).

لێرەوە بەوانە دەڵێم، کە دوور و نزیک.. راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، پەیوەندییان بە ئەنجام دان و بەڕێوەبردنی پرۆژەکە هەیە ، بێننە بەرچاوی خۆتان ئەگەر کوڕەکەتان بە دەستی ئەنقەست و بە خەمساردی و بێباکی، بلۆکێک، یان پیاڵەیەکی ماڵ بشکێنێ، یان لیترێ نەوت برێژێ و بوتڵێ غاز بە هەوادا بکات و چنگێ ساوار فڕێ بدا، چ قیامەتێکی بۆ دروست دەکەن، ئەی بۆچی وەک ئەوەی خەمی چیغی پەرژینی خۆتانە، لە خەمی بەردێکی حکومەت نین..مەگەر ئەوەش بەشێکی هی خۆتان نییە؟ بۆ ئەوانەیش کە لە ماڵ و منداڵیان بێدەنگن، کە شەوانە کربستۆن و عارەبانەیەک لم و کیسێک چیمەنتۆ بە تاریکییەوە دێننەوە و لە مەجلیسانیش حکومەت بە گەندەڵ و قۆڵبڕ ناو دەبەن، بۆ کاریتەی چاوی خۆتان دەرناکەن؟ بۆ ئەوانەیش کە پاراستنی ئاسایشی سەرو ماڵ و کەرامەتی

خەڵـک و حکومەتیـان لـە ئەسـتۆ دایـە، راسـتە مانـدوون، بـەڵام بـۆ خـوا و هەقـی ئـەو مووچەیـەی وەری دەگـرن، جارجـارە شـەوانە سـۆراخێکی ئـەو شـەقامانە بکـەن و بزانـن چـی دەگـوزەرێ و بزانـن چـۆن هەنـدێ منداڵـە ورتکـە بەربوونەتـە ئـەو کەلوپەلـی پرۆژەیـە و گەوەرکانیشـیان لەسـەر سـواندان حەسحەسـیان بـۆ دەکـەن.

بەهەرحـاڵ هیـوادارم هیـچ کام لەوانـەی لـەم گۆشـەیەدا باسـم کـردن (ئەوانـەی خەمساردی لـە سەرخسـتنی پرۆژەکـە دەنوێنـن، ئەوانـەی خێـر و سـەدەقە و سـەرفترە و زەکات بـەو کەرەسـتانەی حکومـەت دەبەشـنەوە، ئەوانەیـش کـە شـەوانە و بـن دیـوار کربسـتۆن و شـتەکان خـوش دەکـەن) بـەو رەمەزانـە بـەڕۆژوو نەبـن، ئاخـر رۆژووەکەیـان بـۆ حکومەتـە و بـە خۆڕایـی خۆیـان برسـی و تینـوو دەکـەن، ئـێ خـۆ بەرۆژووبـوون، هـەر لـە نـان و ئـاو ناکـرێ و گەندەڵیـش هـەر حکومـەت و بەرپـرس نایـکات؟

## سەدەقەی جاریە، یان دەوڵەمەندی ریاباز؟

بە گوێرەی سەرچاوە شەرعی و ئاینییەکانی ئیسلام، هەر کار و شتێک کە کەسێک (بەتایبەت ئەوەی لە روانگەی ئاینییەوە دەیکات)، ئارەزوومەند و خوئیرادەییانە بیکاتو بە قازانج و سوود و بەرژەوەندی خەڵکو مرۆڤایەتی تەواو بێت، بە چاکە و خێرێکی مەزن بۆی دەنووسرێ، تەنانەت دەچێتە خانەی خێرێکی بەردەوام و نەپچڕاو (×دقە جاریە)، بەو واتایەی دوای مردنی ئەو کەسە خۆیشی، چاکەی ئەو کارەی لەگەڵدا دەبێت و دوور نییە پشکێکی بەر ماڵ و مناڵەکانیشی بکەوێت، کەچی لەناو ئێمەدا بۆتە عادەت و خەڵکی دەوڵەمەند و خواپێداو پێیوایە دروستکردنی مزگەوت نەبێ، هیچ شتی دی ناچێتە خانەی ئەو سەدەقەیەوە، بێگومان ئەوان لە گیرفانی خۆیان ئەو گوێزانە دەژمێرن، نەک لە هەگبە و هەمبانەی دەقە ئاینییەکانیان دەریان کردبێ، چونکە بە گوێرەی ئەو دەقانە و رای شرۆڤەکارانی ئایینی، دەشێ دروستکردنی (قوتابخانەیەک، بنکەیەکی تەندروستی، پردێک) و لێدانی (بیرێکی ئاو، جۆگەلەیەکی ئاوەڕۆ) و چاککردنی (شەقامێک، رێگا و بانێک)، تەنانەت هەوڵدان بۆ ئەوەی کەسێک، کە بە هۆی نەخۆشییەوە گیانی لە مەترسیدایە لە مردنی رزگار بکەیت، هەموو ئەوانە، لە باری سەدقەوە، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا، ئەگەر خێر و چاکەیان لە دروستکردنی مزگەوتێک زیاتر نەبێ، ئەوا کەمتر نییە، ئیدی مرۆ تێناگا هەتا کەی زۆربەی دەوڵەمەندانی کورد (ژمارەیەکی کەمیان نەبێ) هەموویان بۆ رووەتی دونیا و خۆ دەرخستن وەک ئیمانداری عەیار بیست و چوار پەنا دەبەنە بەر دروستکردنی مزگەوت؟ ئێ خۆ حکومەت باج و خەراجیش ناخاتە سەر ئەوانەی پڕۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام دەدەن و بە سای ئەو پڕۆژانەش ئەو جۆرە دەوڵەمەندانە دەتوانن بازرگانی باش بکەن، بە مانایەکی روونتر تا پڕۆژەکەیان تەواو دەکەن، دە بارتەقای ئەوە وەرەقە و مۆڵەتی هێنانی شیش و کەلوپەل و پێداویستی و کەرەستەی بیناسازی وەربگرن و بەبێ گومرگ و ترانزێت بێنن و ببەن، ئاخر لەو جۆرە کەسانەمان

بینییـون و دەبینـن، کـە تـا مزگەوتێکیـان دروسـتکرد، سـەد کڵاویـان نایـە سـەر سـەری خەڵـک و حکومـەت!!

بـە راسـتی سـەیرم بـەوە دێـت، کـە دەبیسـتم نزیـک بـە (٥٠٠) داواکاری دروسـتکردنی مزگـەوت لەلایـەن دەوڵەمەندانـەوە خراوەتـە بەردەسـتی حکومـەت، کەچـی نەمانبینـی و بـڕواش ناکـەم ببینیـن و ببیسـتین، کـە دەوڵەمەندێـک جوامێرانـە داویەتـە بـەر خـۆی و قوتابخانەیـەک، یـان بنکەیەکـی تەندروسـتی بـۆ گەڕەکەکـەی دروسـت بـکات، چـش لـەو بەعـزە کەسـانە هەنـدەران (هەندێکیـان)، کـە خـوا دەزانـێ چـۆن ئـەو پارەیـەان بەسـەر یەکـەوە نـاوە و دێـن لێـرە بـە دروسـتکردنی مزگـەوت (دوور نییـە!!) گوناهەکانیانـی پـێ بشـۆنەوە!!

دواجـار هیـوادارم ئـەو بـۆ چوونـەم وەک ئایەتـی ( لا تقربـوا الا×ـلاە) نەخوێندرێتـەوە و بـۆ (غایـە فـی نفس یعقـوب) تەوزیـف نەکرێتـەوە، بـەو مانایـەی مـن دژی ئـەوە نیـم کەسـێک مزگەوتێـک دروست بـکات، بـەڵام بـە راسـتی و راشـکاوی دەڵێـم، کـە شـتێکی زۆر بـێ مانـا و ریاکارانەیـە، لـە گەڕەکێـک مزگەوتێـک هەبێـت و کەسـێک بێـت و مزگـەوت و تەکیـە و خانەقایەکـی تـر دروسـت بـکات و ئـەو ئایەتانـەی لـە بیـر بچێتـەوە کـە تیایانـدا هاتـووە (ان المبزریـن کانـوا اخـوان الشـیاگین) ( ان اللـه لا یحـب المسرفیـن)، لـە بەرامبەریشـدا منداڵەکانـی هەمـان ئـەو گەڕەکـە دوو رۆژە رێـگا بـە پـێ بـڕۆن بـۆ قوتابخانـە، یـان خەڵکەکـەی چەنـدان کیلـۆ مەتـر ببـڕن تـا دەگەنـە نەخۆشـخانە، یـان کەسـێکی هـەژار بـۆ ئـەو جەژنـە کـراس و پانتۆڵێکـی بـۆ منداڵەکانـی پـێ نەکـڕێ، یاخـود کەسـێکی نەخۆشـی نـەدار لەبـەر دەسـت کورتـی فریـای چارەسـەی نەخۆشـی خـۆی نەکـەوێ و بـەو دەردەوە سـەر بنێتـەوە، کەچـی بابـای دەوڵەمەنـد و سـوخۆر و گەندەڵـی پێـداو، بێـت و بـۆ چاوبەسـتی خەڵـک و ریـا، باڵاخانـە قـووت بکاتـەوە بێشـەرمانە لەسـەری بنووسـێ (هـذا مـن فضـل ربي)، یـان مزگەوتێـک لـەو کـۆڵان و گەڕەکـە قـووت بکاتـەوە و لـەوەش وێرانتـر لەسـەری بنووسـێ (جامـع فـلان بنـاە و انشـأە عبـد المؤمـن و الفقیـر الی اللـە فـلان ابـن فـلان الفلانـی!).

# خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە

رەنگـە پێویسـت بـەوە نـەکات و چەندیـن جـاری تریـش ئـەوە نووسـرابێ و گوترابـێ، کـە سـەرلەبەری تـۆڕی دابەشـکردنی کارەبـای روانـدز پێویسـتی بـە نۆژەنکردنەوەیـە، بـەڵام ئـەوەش بـەو مانایـە نایـەت کـە لـە هەنـدێ حاڵەتـدا (هەرنـا بـۆ سـاغ و سـەلامەتی خۆیـان و مـاڵ و مناڵەکانیـان) هاوڵاتیـان هـاوکاری فەرمانگـەی کارەبـا بکـەن، بـۆ نموونـە زۆرینـەی ئـەو شـۆرتانەی کارەبـا و بەتایبەتـی لـە وەرزی زسـتان و بـاو بۆرانـدا لـەو شـارە دروسـت دەبـن، بـە هـۆی ئـەو دارە بەرزانـەی نێـو ماڵانەوەیـە، کـە هێڵـی سـەرەکیان بەنـاودا رەت دەبـێ، چونکـە کـزەی بایـەک بەسـە (بـە تایبەتـی لـە کاتـی بـاران و بەفـر باریـن) بـۆ ئـەوەی بـە هـۆی لەرینـەوەی قـەد و لکـی ئـەو دارانـە شـۆرتی مـەزن بکەوێتـەوە، کـە دوور نییـە کارەسـاتی لێبکەوێتـەوە و بـە تایبەتـی بـۆ خـودی ئـەو ماڵـە، چـش لـەوەی بـە هۆیـەوە (محولـەی) گەڕەکێـک دەسـوتێ و هەمـوو خەڵـک زیانمەنـد دەبن..کـەوا بێـت هـەق وایـە ئـەو هاوڵاتییـە بەڕێزانـەی داری بەرزیـان لــە نــاو حەوشــەیاندایە و هێڵــی ســەرەکی کارەبایــان بەنــاودا رەت دەبــێ، ئەگــەر لەبــەر خاتــری فەرمانگــەی کارەبــاش نەبــێ، لــە ترســی ئــەوەی نەبــادا شــۆڕتەکە زیـان بـە مـاڵ و مناڵیـان بگەیەنـێ، هـاوکاری کارمەندانـی کارەبـا بکـەن و (دارەکـە لـە رەگـەوە نـا)، هەرنـا ئـەو لـق و پـۆپ و قەدانـەی دارەکانیـان ببـڕن، کـە دەوری هێڵـی تـەزووی کارەبایـان داوە..باشـترە سـەرچڵو لقـی ئـەو دارانەتـان ببـڕن، لـەوەی سـبەی (خوانەخواسـتە) شـۆڕتێکی کارەبـا مـاڵ و مناڵتـان بـە فەتـارەت بـدا، ئەوانـەش کـە رەنگـە بـە هـۆی ئـەو دارانـەوە کارەبـای فـول و زیـاد و سـەرپێچیان راکێشـابێ، پێیـان دەڵێیـن باشـترە بەزەییتـان بـە هاوسـێکانتان و ئـەو ماڵـی حکومەتـەدا بێتـەوە!!

زۆرکـەس بـۆ خـودا، یـان دونیـا، بـەردەوام دەیانـەوێ خۆیـان بـە ئیمانـداری عەیـار بیسـت و چـوار نیشـان بـدەن و رۆژانـە و بەتایبەتـی رۆژانـی هەینـی بەردەمـی مایکـی مزگەوتـەکان بەرنـادەن، چ بـۆ قورئـان خوێنـدن، یـان بانگـدان بێـت، بـەڵام بیـر لـەوە ناکەنـەوە، کـە ئاخـۆ دەنگیـان بـۆ خوێندنـی قورئـان و بانگـدان خـۆشو شـیاوە یـان

نـا؟ ئاخـۆ خەڵـک بـۆ ئـەو کارەیـان دوعـای خێریـان بـۆ دەکا، یـان لێیـان بێـزارە؟ ئـەوە دیاردەیەکـە رەنگـە زۆربـەی شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان بـە دەسـتییەوە بناڵێنـن، دیـاردەی ئـەوەی خەڵکـی دەنـگ نەشـاز و نەشـیاو دێـن و دەبنـە قیـڕ و بنێشـت و بـە مایکـی مزگەوتەکانـەوە دەنووسـێن، کـە زۆر جـار لـە رێسـاکانی تەجویـد و چۆنیەتـی و رێگاکانـی خوێنـدەوەی قورئـان شـارەزا نیـن و خوێندنەوەیشـیان دروسـت نییـە و لەنـاو سـێ ئایەتـدا دە وشـە بـە هەڵـە دەردەبـڕن!، یاخـود لەنـاو بانگدانـدا (محمـد بـە معمـد و حـی بـە عـی و ×ـلاە بـە سـەلا و فـەلاح بـە فـەلات) دەخوێننـەوە، سـەرەڕای دەنگـی گـڕ و ناخۆشـیان، کـە بـە هۆیـەوە خەڵـک بێتاقـەت دەکەن..بۆیـە هـەق وایـە لـەم رووەوە وەزارەتـی ئەوقـاف و یەکێتـی زانایـان بەرنامـە و پلانێکـی سـتانداردیان هەبێـت، ئـەوەش بـۆ گەڕاندنـەوەی بەهـا و نـرخ و سـەنگی زیاتـر بـۆ ئـەو سـروتە ئاینییانـە و خۆشەویسـت کردنیـان لـەلای خەڵـک، چونکـە ئەگـەر بڕیـار بێـت کـە لـە کاتـی خوێندنـی قورئانـدا پێویسـت بێـت خەڵـک گـوێ بگـرێ (فـاژا قـریو القـران فاسـتمعوا لـە و اذ×تـوا) و لـە مایکـی مزگەوتەکانـەوە تێکـەڵ بـە ژاوەژاو و بێسـەروبەری و زۆرجـار کاری ناشـەرعی و حەرامـی بـازاڕ نەبێـت، نـەک هـەر پێویسـتە سـنوورێک بـۆ ئـەو کەسـانە دابنـرێ و سیسـتەم و رێسـایەک لـەو بـوارەدا هەبێـت، بەڵکـو هـەق وایـە هەمـوو کەسـێک بـە قورئـان خوێـن و بانگـدەر لـە مزگەوتـەکان دانەمـەزرێ و رێگـە نـەدرێ (وێکچوانـدن نەبێـت!) وەک تیپەکانـی هەیـدۆ، هەرچـی هـات و دەم بنـێ بـە مایکەکانـەوە و مزگـەوت و قورئـان و ئاینەکـەش باجـی دەنـگ نەشـازی و ناخۆشـی ئـەو کەسـانە بـدەن!

## به قسەم بکە، بە عەمەلم مەکە!

ڕۆژی هەینــی کابرایــەک لــەو شــارەی ئێمــە و لــە گەڕەکەکەمانــدا باســی هاوســێیەتی (دراوســێ) و هاوســێی باشــی دەکــرد، هەرچــی وەســفی دونیــا و ئاســمان و ڕێســمانە هێنایــە بەربــاس، بــەوەی پێویســتە هاوســێکان لەگــەڵ یەکتــر چــۆن ڕەفتــار بکــەن و گللەیــی ئــەوەی دەکــرد کــە ئێســتا وەکــو جــاران خەڵــک گرنگــی بــەم لایەنــە نــادات. کابــرا فرســەتی لــە پێگــە و پیشــەکەی خــۆی هێنابــوو و هــەر خەڵکــی وەعــز و تەلقیــن دەدا و گازەنــدەی زۆریشــی لەوانــە بــوو کــە هاوســێی ماڵــی خــوان و ســەردانی ناکــەن و دەیگــووت کەســێک ڕێــزی ئــەو هاوسێیە نەگــرێ کــە خوایــە (بــە قســەی خــۆی)، ئیــدی دەبــێ لەگــەڵ دراوســێ ئاســاییەکانی دەوروبــەری چــۆن بــێ؟

جــارێ بــەڕای مــن و زۆر کەســی تریــش، ئــەو پاســاوەی ئــەو زاتــە هیــچ پێوەرێکــی زانســتی و لۆژیکــی نییــە، بــەوەی هاوســێی بــاش و خــراپ لەســەر ئــەو بنەمایــە دەستنیشــان بکــرێ، ئاخــر زۆر هاوســێ هــەن بیســت و چــوار ســەعاتی خــوا لەگــەڵ ئەویــان بــاش و بــە هاموشــۆن، بــەڵام دڵــی هەرچــی خەڵکــی گەڕەکــە لــە خۆیانیــان ڕەجانــدووە و دەڕەنجێنــن، جــا ئەمــە چەنــدی بــە چەنــد برالــە؟

بــە هەرحــاڵ کابــرا لــە ڕوخســار و گوتــاردا قســەی باشیشــی گــووت، بــەڵام لــە بیــری چــوو، یــان لــە بیــری خــۆی بــردەوە، کــە بەڕێزیــان ئــەو دەمــە و بــەو هــات و هــاوارەی خــۆی گەڕەکێکــی لــە زەواق نابــوو، دوور نییــە و ئەگــەر ئــەو هــەرا و زەنــا و دەنــگ بەرزکردنــەوەی بەڕێزیــان بــە شــەو بوایــە، هەرچــی منداڵــی گەڕەکەکەیانــە لــە خــەو ڕادەپــەڕین و زراویــان دەڕژا، مەگــەر ئــەو دەمــەش چەنــد کــەس لــە هاوســێ نزیکەکانــی لۆکەیــان خســتۆتە گوێــی منداڵەکانیــان تــا نەترســن و هێــور ببنــەوە، ئــێ خــۆ هاوســێی باشــیش ئەوەیــە کــە خەڵــک لــە ماڵــی خــۆی لــە دەنــگ و هــەراو زەنــای بێــزار نەبــن!!

کابرایــەک هەیــە دەڵێــن بــە ئاشــکرا و نهێنــی دەســتی لــە کاری خێــر و هــاوکاری خەڵکــی کــەم دەرامــەت ناوەســتێ، ئەگەرچــی زۆربــەی خێــر و سەدەقاتیشــی بــە ئاشــکرایە، ئیــدی بــا بــە ســەد و پەنجــا دینــاری بریمــەر بێــت، بــەڵام ئــەو بەڕێــزە لــە

دانـی کرێـی ئـەو کرێکارانـەی ئیشـیان بـۆ کـردووە و بـۆی دەکـەن دەسـتی زۆر گرانـە و وا دەزانـێ گیانـی دەکێشـن. باشـە بـە گوێـرەی شـەرع و ئایـەت و حەدیـس و نەریتیـش بـێ، تـەرازوو بـەکام لا دایـە بـۆ ئـەو بـرادەرە؟ خێـری نیوەچڵـی بەرچـاوی خەڵـک، یـان دواخسـتن و هەنـدێ جـار نەدانـی کرێـی کرێـکارەکان؟

دەڵێـن ئـەوێ ڕۆژێ و لـە نزیـک قوتابخانـەی مـوژدە، کـە تـازە کرێکارەکانـی پـڕۆژەی فراوانکردنـی شـەقامی روانـدز دەسـتیان لـە کار هەڵگرتبـوو و شۆسـتەی شـەقامیان (بی، ئـاڕ، تـۆن) کردبـوو، کابرایەکـی خوێنـدەوار و هوشـیاری پیشـە (......) و مووچەخـۆری حکومـەت، کـە سـەری زمـان و بنـی زمانـی گللەیـی کردنـە لـەوەی حکومـەت هیچـی بـۆ روانـدز نەکـردووە و نـاکات، بـە نووکـی پـێ (بـی، ئـاڕ، تۆن)ـەکانی هەڵدەکۆڵـی، کـە برادەرێکیـش پێـی گوتبـوو ویژدانـت بـێ تـازە دانـراون، بـە تـەوس و پێکەنینـەوە ئـەو خەمخـۆرەی روانـدز بـە برادەرەکەمانـی گوتبـوو (کـوڕە دەیـاڵا مـاری ئـەو حکومەتـە .....ی هـەر لـۆ ئـەو بەزمـەی باشـە، ئەمـە چـن نەقوسـتان نەبـوو، جـادە نەبـی، ئەگـە حوکمـەت راسـتەکا بـا مخەسەسـاتن نەبـڕی!).

## هەر خوا لە قەرارێکە!

«زەوی بە بڕی دابینکردنی پێویستییەکان
بەرهەم دەهێنێت، نەک بە بڕی تێرکردنی تەماع
— پاولۆ کۆیلیۆ»

کە سەیری ئەو کۆمەڵگەیە دەکەیت و تێدەگەیت (زگ و زار) و (قسە و ڕەفتار) ی یەک نییە، دوور نییە شێت ببیت.. ئاخر هەر دوێنێ سەردەمی ئابڵووقە و گرانی بوو، زەلامم دەناسی ئاردی هەرزنی دەست نەدەکەوت بیکاتە نان، کەچی ئەمڕۆ نەک لە نانەواخانەکان تاقەتی نییە سەرە بگرێ، بەڵکو ئەگەر نانەکە کەمێک نەبرژاو، یان تۆزێک ڕەش بێت، بە دەموچاوی نانەواچییەکەی دەداتەوە.. زەلام دەناسم لەبەر نەبوونی کرێی خانوو، سەری مانگان کون بە کون خۆی لە خاوەن خانوو دەشاردەوە، کە دەیشیبینی ڕێویەک لێرە و شێرێک لەوێ، کابرای خاوەن حەقی دەبردە سەردار و قەرزداری دەکردەوە، کەچی ئێستا لە ئاهەنگ و شاییان بە شەددە دەکاتە شاباش، بۆ ئەوەی خەڵک بڵێن شاپ لە پارە دەدات.. زەلام هەبوو بە سواڵ و سەدەقە ڕۆژی دەگوزەراند، ئەمێستا خوا دەرگایەکی لێکردۆتەوە دەستی ناگرێ ژەمی مناڵە هەتیو و بێسەرپەرشتێک دابین بکا.. زەلام دەبینم کاتی گرانییەکە جەژن بۆ جەژن پڵاو و برنجی دەدایە مناڵەکان، کەچی ئێستا بڕۆ نۆین و زێراب و ئاوەڕۆی ئاودەست و گەرماوی ماڵەکەیان ڕۆژانە پڕە لە دەنکە برنج و ئێسکی نیوە گۆشت لێنەکراوە!

ئێمە و مانان و زۆری تریش کە هەر بە دوای کلکی گوێدرێژ و کاری سەختی لادێ گیرمان خواردبوو و بە ڕۆژە ڕێگا و بەپێ دەاهینە شارەکان، کەچی هەر ئەوانەی کە ڕۆژێک بە هەوای گوند گۆش بوون و لە جوانییەکانی سروشت پڕ بوون، ئەمێستا دوای فرۆشتنی ڕەزێک و چەند سەر مەڕ و بزن و کڕینی ئۆتۆمبێلێک لووتیان چووە بە ئاسماندا و چاویان دوێنێ و بەرپێی خۆیان نابینێ و تیر و توانج

لـه گونـد وگوندییـان دەگـرن و پشـت دەکەنـە دوێنێیـان و بـەرد دەخەنـە ئـەو کانیـاوە سـازگارانەی بـڕی تینوێتیـان پێدەشـکاند و بـە لاقرتـەوە لـە بـارەی خەڵکـی لادێ دەدوێـن، لـەوەش وێرانتـر پێیـان شـەرمە منداڵـی ئەوێیـان بیـر بخەیتـەوە!

خەڵکێـک هەیـە لـە شـارەکان وا دەزانـێ پێشـکەوتن و شـاری بـوون لەوەدایـە بـە یانیـان بـە کـراس و بێجامـە (کـە لـە هەمـوو دونیـا بـە تەنهـا جلـی نـاو نوێـن و کاتـی نووسـتنە) بێیتـە بـازاڕ و خاولییـەک بەسـەر شـانتەوە بێـت، کـە لـە بـارەی بـاس و بابـەت و دیاردەیەکیـش دەمـی لـە مەجلیسـان دەکاتـەوە، هەسـت دەکەیـت هەڵگـری روئیـا و بیرکردنەوەیەکـی هێنـد کۆنەپارێـز و دۆگمایـە، کـە پێناچێـت لـەو سـەردەمەی ئێسـتامان و لـە نـاو ئـەو هەمـوو پیشـکەوتنە ژیـاری و کرانـەوە شارسـتانی و باڵاکردنـەی تەکنەلۆژیـا و مەعریفـە بژیێـت و هێشـتا تـا سـەر ئێسـقان دیلـی نەریـت و کۆیلـەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتـی و بەهـا کولتورییـە نەریتگـەرا و باوەڕسـالارەکانە، هەرنـا لـە نێـو خێزانەکـەی خۆیـدا و لـە پەیوەنـدی و ماەڵـە لەگـەڵ هاوسـەر و کـچ و کـوڕ و دەر و دراوسـێ و کەسـە نزیکەکانـی!

بەهەرحـاڵ مـەرج نییـە مـرۆڤ بـەردەوام لـە یـەک چوارچێـوەدا بمێنێتـەوە و دەق بـە رابـردووەوە بگـرێ و کـوری دوێنـێ بـێ، بەڵکـو پێویسـتە گۆڕان و پێشـکەوتن بەشـێکی دیـاری هـەوڵ و کار و بیرکردنـەوەی بـن، بـەڵام گـۆڕان لـە خراپـەوە بـۆ بـاش و لـە باشـەوە بـۆ باشـتر و لـە باشـترەوە بـۆ باشـترین..گۆڕان لـە دەنـگ و دونیابینـی و مامەڵە و پەیوەندییـەکان، نـەک لـە سـیما و روخسـار و قسـە، ئـەوەی لـە قەرارێکـە هـەر خوایـە و ئـەوەی دەگـۆڕێ خـودی مـرۆڤ و جـۆری پەیوەندییەکانییەتـی نـەک دونیـا و زەمـان، بـەڵام خۆزگـە ئـەو پرۆسـەیەی کـە نـاوی گـۆڕان و پێشـڤەچوونە، لـەو کوردەوارەییـەی خۆمانـدا لـە هەڵوێسـت و بیرکردنـەوە و رەفتـار و هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوت دەببـو بـە دیـوە بـاش وئەرێنییەکـەی، نـەک وەک ئـەوەی کـە هەیـە و دەیبینیـن!

## بشفرێ، هەر بزنە!

لـە مـاوەی رابـردوودا و هـەر لـەو گۆشـەیەدا لەسـەر چەندیـن دیـاردەی دزێـوی نێـو کۆمەڵگامـان نووسـیووە، لـە بەرامبەریشـدا رووبـەڕووی دەیـان رەخنـە و گلەیـی و گازانـدەی هاووڵاتییـان بووینـەوە و پێیـان وابـووە، بـەو گۆشـەیە ویسـتوومانە ناڕاسـتەوخۆ خزمەتـی دەسـەڵات بکەیـن، کـە رێـک پێچەوانەکـەی راسـتە، چونکـە ئـەوە کۆمەڵگایەکـی تەندروسـت و هوشـیارە دەتوانـێ دەسـەڵاتێکی شـیاو و جـوان و تەندروسـت بەرهـەم بێنـێ، ئاخـر لـە کۆمەڵگایەکـەدا تاکەکانـی هەرچـی شـتە بـە یاسـایی و نایاسـایی بۆ خۆیـان بـە رەوا بزانـن و لەوانـی تـری بـە عەیـب بگـرن، گـۆڕان و کرانـەوە و پێشـکەوتن دەبنـە نووکتەیەکـی بێمانـا.

هـەر بـۆ نموونـە ئەگـەر سەرتاسـەری گەڕەکێـک شـەقامەکانی چـاک بکرێـن و ئـاوەڕۆ و تـۆڕی ئـاوو کارەبـای نـوێ بکرێتـەوە، ئەگـەر لـە بـاری دارایـی و گیرفـان پڕکـردن بـۆ کەسـێک نەبـێ، سـەری زمـان و بنـی زمانـی دەبێتـە گلەیـی.. بـرادەر هەیـە دەیـەوێ لـە هەمـوو مەنجەڵێـک ئەسـکو بێـت و بەشـە چێشـتی لـە هەمـوو مەنجەڵـەکان بـەر بکـەوێ، ئیـدی بـا لـە بـواری کار و پسـپۆری ئەویـش نەبێـت، کـە لـە شـوێنێکیش پێیـان گـوت سـتۆپ، چـاوی دەپەڕێتـە پشـتی سـەری و دەیکاتـە هەراوزەنایـەک و هـەر وشـەی گەندەڵـی و گەندەڵـکاری دەجووێتـەوەو لـە بیـری خـۆی دەباتـەوە، کـە چەندیـن جـار و لـە چەندیـن شـتدا پـاروی چـەوری بـە ناهـەق قـووت داوەو کەسـیش پێـی نەگووتـووە لـە پشـتی چـاوت دوو برۆیـە.

حکومـەت بـە کەسـی نەگووتـووە ئەگـەر دەسـتدرێژیان کردیـە سـەر بـڕۆ بـە پـاچ و بێـڵ هێـرش ببـە سـەریان، یـان ئەگـەر کێشـەیەکی کۆمەڵایەتیـت هەبـوو بـڕۆ بـە تفەنـگ و خەڵـک بـە شـەو و بڕفێنـە و کەسـێکی بێدەسـەڵات و بێتـاوان بکـە قوربانـی مەرامـە گڵاو و عەقڵیەتـە بۆگـەن و خێڵەکـی و عەسـکەرتارییەکەت، بەڵکـو ئـەوە یاسـا و دادگاکان و دامەزراوەکانـی دەوڵـەت هـەن، لـەوێ داوای مافـی خـۆت بکـە.

لــە ئەنجوومەنــی وەزیــران و پەرلەمــان دەوام کاتژمێــر (٨) بــۆ (٨, ٣٠) دەســت

پێدەکات و کاروباری خەڵکی و هاووڵاتییان رایی دەکەن، کەچی ئەگەر کەسێک بۆ نووسراو و راییکردنی کار لە حاجی ئۆمەرانەوە کاری کەوتە هەولێر، ئەو هاووڵاتییە دەبێ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی تا کاتژمێر (١٠) لە چاوەڕێی گۆدۆ دابێت، ئیدی مرۆڤ نازانێ ئەو دەزگایە لە دەرەوەی بازنەی حکومەتە، یان میزاجە و بەس؟ تۆ بڵێی حکومەت پێی گووتبن ئێوە ئیستیسنانو وا دەوام بکەن، یان هەواو هەوەسە و بەس؟

هەموو ئەو شتانە ئەو نوکتەی سەرەوەمان بۆ دووپات دەکەنەوە، کە لە ناوونیشانی ئەم گۆشەیەدا هاتووە، ئاخر هێشتا ماومانە باوەڕ بە گۆڕان بێنین و چەندەش سەتەلایت و ئێنتەرنێت و ئامێرە پێشکەوتووەکانی تەکنەلۆژیا و گەیاندن بێنە ماڵەکانمانەوە و هەرچی مۆنیکا و وەنەوشە و هەمەر هەیە لە ژێرمان بێت و لە کۆشک و تەلاری مەرمەرو حەلان دابنیشین، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بە عەقڵیەت و بیرکردنەوە و رەفتار و هەڵسوکەوتمان، هەر مرۆڤە دیلەکەی نێو زیندانی نەریتە سواو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە دۆگماکانین، بێ رێزی نەبێ، هێشتا زۆربەمان ئەگەر بشفرین هەر ئەو بزنەین، کە لە ئەفسانەکاندا باڵی گرتووە و دواتر کەوتۆتە سەر زەوی و ملی داوە لە بەرد!

## هەژاری و رق.. بێدادی و تیرۆر

مارکس لە نامەیەکیدا بۆ ئەنگلس دەنووسێ:
«هاوڕێم ئەنگلس لەوە شەرمەزاریتر نییە مرۆڤ
پارەی لە گیرفاندا نەبێ»

ئەگەر ئەو قسەیەی مارکس بکەینە دەروازە بۆ قسەکردن لەسەر ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی هەژاری و کاردانەوەکانی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، ئەوا دەشێ خوێندنەوەیەکی دیکەی جیاواز بۆ چەمک و دیاردەی توندڕۆیی و توندوتیژی و تیرۆر و ڕەهەندەکانی بکەین، خوێندنەوەیەک لە دەرەوەی ئەو پێناسە ستاندارد و چەقبەستووەی بۆیان کراوە، کە هەمیشە دەیانباتەوە بۆ دونیای فەندەمێنتالی ئایینی و فیکری و ئایدیۆلۆژی.

سەرەڕای نەبوونی هیچ ناکۆکییەکمان لەگەڵ ئەو بۆچوونەی، کە پێی وایە لە پشتی کردە و دیاردەی توندڕۆیی و تیرۆر فیکر و ئایدیۆلۆژیایەک هەیە، بەو مانایەی ڕەگێکی توندڕۆیی و تیرۆر لەو سەرچاوە فیکری و ئایدیۆلۆژیە دایە، کە ئاراستەیان دەکات، بەڵام دیسانەوەش دەشێ خودی توندڕۆیی و تیرۆر و پەنابردنی کەس و گروپ و چینێک بۆ توندوتیژی جۆرێک بێت لە پەرچەکردار.

بۆ نموونە پەرچەکردار لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی کێرڤی هەژاری و پڕبوونی هەندێک لەسەر حیساب و ڕەنجی زۆرینە لەناو کۆمەڵگەدا، کاردانەوە لە بەرامبەر دابەشکردنی شوناسی هاووڵاتیبوون لەسەر بنەمای ئینتمای سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئایینی و ئیتنی و تەنانەت پێگەی کۆمەڵایەتی، بەرسڤ لە ئاستی قۆرخکردنی دەسەڵات و داهات و سامانی نیشتمانی لە دەستی دەستەبژێرێک و بێبەشکردنی زۆرینەی کۆمەڵگە، یان تەشەنەسەندنی بێدادی و دابەشکردنی کۆمەڵگە لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ پلە یەک و پلە دوو و نایەکسانی تاک و هاووڵاتیان لە ئەرک و مافەکان لەبەردەم یاسادا. هەموو ئەوانەش زەمینە بۆ

ئەستووربوونی تورەیی و رقێکی ناتەندروست خۆش دەکەن، کە دواجار خودی ئەو پەنگخواردنەوەیەی تورەیی خەڵک بە شێوە و فۆرمێکی ناتەندروست لە شەقامی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەوزیف دەکرێتەوە و رەنگ دەداتەوە و لەو نێوەشدا هێز و کاراکتەرگەلی هەلپەرست ئەو رق ئەستوورییە دەقۆزنەوە و بە ئاراستەیەکی نەشیاو بەلاڕێیدا دەبەن، کە دواتر بە قازانجی هیچ کام لە دەسەڵات و کایەی سیاسی و خودی خەڵک تەواو نابێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی نەرێنی و نێگەتیڤ، ئەمەش بە رۆڵی خۆی کۆمەڵگە بە تایبەتی لە ساتەوەختی قەیران و ئاڵۆزییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا بەرەو پشێوی و ناسەقامگیری دەبات، کە دوور نییە بە هۆیەوە رەوشەکە سەر بەرەو توندوتیژی و توندرەوی بکێشێ.

تیرۆر و توندوتیژی بە قەد ئەوەی بەرهەمی فیکری پەرگیر و دۆگما و تاکرەهەندی ئایدیۆلۆژی و سڕینەوەی جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگەن، دە بارەتەقای ئەوەش هۆکارەکەی بێبەشکردنی تاکەکەس و هاووڵاتیانە لە نیعمەتەکانی ژیان و بەهای مرۆییان و داخستنی هەلی کارو ژیان و گوزەران لە بەردەمیاندا. بە مانایەکی دی ئەوە بە تەنها توندڕۆیی فیکری و ئایدیۆلۆژی و سڕینەوەی جیاوازییە سیاسییەکان نییە تیرۆر و تیرۆریست و مرۆڤی پەرگیر بەرهەم دێنێ، بەقەد ئەوەی لەگەڵیشیدا بەرتەسککردنەوەی بوارەکانی ژیانی وەک یەکی هاووڵاتیان لە ئەرک و ماف و فراوانبوونی پانتایی و فەزای بێدادی کۆمەڵایەتی مرۆڤی تورە و توندوتیژ بەرهەم دێنێ. ئەگەر سادەتری بکەینەوە و بە پەندە کوردییەکە رەوشەکە تەفسیر بکەین، کە دەڵێ « رەگێکی هاری لە برسێتیدایە«، ئەوا زۆر بە سادەیی دەتوانین بڵێین مرۆڤ بەرگەی دونیایەک چەوسانەوەی سیاسی و فیکری دەگرێ، بەڵام بۆ چرکەیەکیش ئامادەیی تێدانییە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیاندا بەرگەی نایەکسانی و بێدادی بگرێ، بە تایبەتی لە جوگرافیایەکدا کە ئەو مرۆڤە وەکو ئەوانی تر لەو جوگرافیایە (بە دارو بەرد و ئاو و هەوا و سەرچاوەی داهاتەکانی) خۆی بە سەرپشک دەزانێ. بە تایبەتیش ئەگەر ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرە بزانین، کە سەرەتاترین مافی هەر مرۆڤێک دابینکردنی ئاسایشی ژیان و گوزەران و گیانە.

روونتر بڵێین مرۆڤ بەشی ئەوەی تێدایە بەرگەی ئەشکەنجە بگرێ لە بەرامبەر

بۆچوونــی سیاســی خۆیــدا، بــەڵام هەرگیــز ئامادەیــی ئــەوەی تێدانییــە بەبــێ هیــچ هۆیــەک منداڵەکانــی برســی و تینــو و رووت و رەجــاڵ و پێخــاوس بــن، قــەت ئامادەیــی ئــەوەی تێــدا نییــە هــەژاری و نــەداری باجــی خــۆی و منداڵەکانــی بێــت لــە بەرامبــەر دەســتەبژێرێکی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابــووری، کــە لــە پشــتی گوتارەکانیانــەوە دروشــمی شــەرعیەتی سیاســی و وەجاخزادەیــی و خواپێــداوی ئامادەبــێ، لەبــەر ئــەوە زۆر ئاســاییە لــە کۆمەڵگەیەکــدا کــە کێرڤــی هــەژاری و بێــدادی کۆمەڵایەتــی و ســەروەر نەبوونــی یاســا و وەک یەکنەبوونــی هاووڵاتیــان لــە ئــەرک و مافــدا لــە بەرزبوونــەوە دابێــت، زەمینــەی توندوتیــژی و توندڕۆیــی و تیــرۆر زیاتــر بێــت، چ جــای لــە کۆمەڵگەیەکــدا کــە مەترســی و هەژموونــی دونیایــەک هەڕەشــەی تیرۆریســتی و شــۆڤینی لــە دەرەوەی خۆیــدا لەســەر بێــت!

## مامۆستا گرەنتی!

راستییەکەی لە بیری ئەوەدا بووم شتێک لەسەر ئەو بێسەروبەرییە بەردەوامەی پلان و بەرنامەکانی وەزارەتی پەروەردە بنووسم، هەر لە ناجێگیری بڕیارەکانی سیستەمی نوێ بگرە، تا دەگاتە دواکەوتنی پەرتوکی وانەکان و کەمی هۆیەکانی فێرکردن و بینای قوتابخانە و سێ دەوامی و ئاڵوگۆڕی ناوبەناو و لە پڕی میتۆدەکانی خوێندن و چەندین گرفتی تر، کە بە هۆیەوە سەریان لە هەرچی مامۆستا و قوتابی ئەم وڵاتە هەیە شێواندووە و چەندین ساڵە و تا ئێستاش، کەس پێیان ناڵی (لە پشتی چاوتان دوو برۆیە).

ئاخر چونکە لەم وڵاتەدا پلان و بەرنامەڕێژی نییە و کەس نازانێ کە چ رۆژ و بە چ هۆ و بۆنەیەکەوە پشووە، بۆیە هەر بۆ نموونە، لە پڕ پشووی رۆژەکانی پێش سەری ساڵی نوێ لە رۆژێک و دووان، بوو بە هەفتەیەک و بەمەش هەر مامۆستا و قوتابخانەیەک، کە بە گوێرەی (رۆژژمێری پەروەردەیی و خوێندنی وەزارەت) پلانی خۆیان دارشتبوو، هاتنەوە سەر سفر.

بەهەرحاڵ، با بێینەوە سەر کرۆکی باسەکەمان. ئەوەی ئێمە لە بارەی دڵنیایی و گرەنتییەوە پێی ئاشناین ئەوەیە، کە تۆ دەچیت لە دوکانێک ئامێرێکی کارەبایی , یان ئەلیکترۆنی دەکڕیت و بە مەبەستی دڵنیایی، لەگەڵ ئامێرەکەدا گرەنتییەک وەردەگری. کاتی خۆیشی، دوای راپەڕین و لە سەردەمی ئابڵوقەی ئابووری و سەروەختی شەڕی ناوخۆ، قاچاخچیی گرەنتیش هاتە نێو فەرهەنگی ئێمە، ئیتر لەو دەمەوە، ئەو قاچاخچییەی دەیتوانی پەناهەندەکان زووتر و ئاسانتر بگەیەنێتەجێ، بە فلان و فیسار گرەنتی، ناویان دەرکرد. تا ئەوەی ئێستاش خەڵکی قاچاخچی هەیە، کە بە فلان گرەنتی ناسراوە. نوێترین سەیر وسەمەرەی کوردستان لە کایەی پەروەردەدا ئەوەیە، کە مامۆستای گرەنتیش پەیدابووە، چۆن؟

ماوەیەکی زۆرە لە چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی، ریکلامی ئەو سەنتەر

و نێوەند و پەیمانگایانە دەبینین، کە خولی بەهێزکردن بۆ قوتابیانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی دەکەنەوە. لەوە گەڕێن کە ئەوە بازرگانییەکی چەور و باشە بە گیرفانی قوتابیان دەکرێ، واتە دواجار مامۆستاش پیشە و پەیامە پیرۆزەکەی خۆی کردۆتە کالآیەکی هەرزانی بازرگانی و خۆ دەوڵەمەندکردن، بەڵام بۆ ئەوەی بازرگانییەکە بازاڕەکەی گەرمتر بکرێ، جگە لەو خزمەتگوزارییانەی گوایە لەو خولانە پێشکەشی قوتابیانی بەشدار بوو دەکرێن، هەندێ سەنتەر ریکلامی ئەوەش دەکەن، گوایە مامۆستای گرەنتی وانە دەڵێنەوە!!

بە گوێرەی ریکلامی یەکێک لەو سەنتەرانە، کە مامۆستاکانی هاوکات لە قوتابخانە حکومی و ئەهلییەکان مامۆستان و وانە دەڵێنەوە، مامۆستایان هەیە، کە پەرتوکێکی چەند سەد لاپەڕەیی بۆ (١٥) پانزە لاپەڕە کورت و پوخت دەکاتەوە و گرەنتی هێنانی (٩٠) نمرە لە ئەزموونی بەکالۆریا بە قوتابییەکە دەدات، تەنانەت مامۆستا هەیە لەو سەنتەرانە ناوی لە خۆی ناوە مامۆستا (فلان گرەنتی!).

ئەوەی لەم نێوەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، مامۆستا چۆن و بە چ مافێکەوە پەرتوکی وانەیەکی زمان، یان هەر بابەتێکی تر، بۆ چەند لاپەڕەیەک کورت و پوخت دەکاتەوە، لە کاتێکدا بە قسەی وەزارەتی پەروەردە بێت، دەبووا هەرچی مەلزەمەیە لە بازاڕ نەمێنێ؟ ئەی ئەو مامۆستایە چۆن و پاڵپشت بە چ هێز و بڕوایەک گرەنتی دەداتە قوتابی، کە لەو چەند لاپەڕەیە، (٩٠) نمرە مسۆگەر بکات، ئەگەر ماستەکە گوریسێکی تێدا نەبێ؟! بەراست رۆژێک وەزارەتی پەروەردە ملی ئەو مامۆستایانەی گرتووە و لێی پرسیوون (نەک لێی پێچیوونەتەوە و سزای داون!)، کە بۆچی لە قوتابخانەکانی خۆتان و لەگەڵ قوتابییەکانتان ئاوا دڵسۆز نین؟ ئاخۆ مامۆستایەک دەستی لە دانانی پرسیاری بەکەلۆریا نەبێ، چۆن و بەچیدا دەزانێ، لەو چەند سەد لاپەڕەیەدا، پرسیار تەنها لەو (١٥) پانزە لاپەڕەیەی کورتی کردۆتەوە دێتەوە؟ بڵێی دەنگۆ و مقۆ مقۆی ساڵانەی ئاشکرابوونی پرسیاری بەکالۆریا لێرە و لەوێ، دیوێکی دیکەی ئەو بازرگانییە نەبێ، کە تیایدا قوتابی هەژار باجەکەی دەدات؟ ئەرێ وەزارەتی پەروەردە بۆچی بەم بێسەروبەرییە مۆڵەتی داوەتە ئەو هەموو نێوەند و سەنتەرانە، تا بازرگانی بە قوتابیانەوە بکەن و لە بری ئەوە فشار ناخاتە سەر ئەو هەموو مامۆستا گرەنتییانە، تا لە قوتابخانەکانی خۆیان بە دڵسۆزی وانە بڵێنەوە؟

ئـا، بـەوەدا بیـرم کەوتـەوە، مـن بـوام لـە شـوێنی وەزارەتـی رۆشـنبیری، هاوپێـچ لەگـەڵ لیسـتی داهێنەرانـدا، نـاوی مامۆسـتا گرەنتییەکانیشـم دەخسـتە ناویـەوە، تـا بـۆ سـاڵی نـوێ پـڕۆژەی گرەنتـی دەرچـوون پێشکەشـی حکومـەت و ڕێکخراوەکانـی قوتابیـان و خوێنـکاران بکـەن. چونکـە لـە راسـتیدا ئـەوەی ئـەوان کردوویانـە و دەیکـەن داهێنانــە. ئاخــر لــە ســادەترین پێناســەیدا، داهێنــان تێپەڕاندنــی شــتە باوەکانــە. ئــێ مامۆسـتای گرەنتیـش داهێنانێکـە بـۆ خـۆی، کـە هەرنـا بـە تەمەنـی پرۆسـەی سـەقەتی پـەروەردە و فێرکـردن لـە عیراقـدا، نموونـەی نەبـووە و داهێنانێکیشـە تـەواو کـوردی، کـە دەکـرێ بخرێتـە پـاڵ دەسـکەوتە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکانی دوای راپەڕیـن!

## مووچە مەبڕن.. دەستان ببڕن!

بێ ئینتمایی تاکی هەر کۆمەڵگەیەک بۆ نەتەوە و نیشتمان و بەها و پرەنسیپە بە پیرۆزکراوەکانی لەوە دێت، کە بێدادی و نا یەکسانی ڕۆچووبێتە ناخ و قوڵایی سیستەمی سیاسی و کارگێڕی و دادوەرییەکەی و هەلی ژیان و کارو وگوزەران وەک یەک بۆ هەمووان لە ئارادا نەبێت و لەبەردەم یاسا و ئەرک و مافەکانی هاوڵاتیبووندا، خەڵک بە یەک چاوی یەکسان سەیریان نەکرێ، ئیدی ئەودەمیش نە سیحری شۆڕشگێڕی و تێکۆشان و نە تەلیسمی قوربانیدان و ماندووبوون و نە هاشوهوشی ئاسایشی نەتەوەیی ناتوانن ناتەبایی و تێکچوونی میانەی نێوان خەڵک و دەسەڵات پاساو بدەنەوە، کە ئەو درزەش کەوتە نێو ئەو کایەیە و متمانەی نێوانیان لاواز بوو، دەبێ دەسەڵات خۆی و لە نێو دامەزراوەکانیدا سۆراخی ئەو ڤایرۆسە بکات و پرد و رایەڵی دیکە بدۆزێتەوە بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگا لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و بەلای خۆشیانەوە خودی خەڵک هاوکار بن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا و بە تایبەتی لە کاتی پێشێلکردنی یاسا و ناهەقی کردن بەرامبەر مافی خەڵک و دەستدرێژی کردنە سەر ئازادییە کەسی و بەها مرۆییەکانیان، درک نەکردنی خودی دەزگا و کاراکتەرەکانی دەسەڵات و نەبوونی لیاقەی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکان و ناشارەزایی یاسایی و نەزانین و نەناسینی سنوری دەسەڵاتی خۆیان و نەبوونی پەروەردەیەکی سیاسی تەندروست و شارستانی هۆکارن، هاوکاتیش ناهوشیاری خودی هاوڵاتی خۆیشی بە ماف و ئەرکەکانی و بەرگریکردنی یاساییانەی لە مافەکانی هۆکارێکی دیکەیە.

بەهەرحاڵ لە هەر شوێنێکدا یاسا نەما و بێدادی و نایەکسانی سیمای ژیانی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنیەوە، لەوێدا مانایەک بۆ ژیان و ئینتما نامێنێتەوە، بۆیەشە ئەرکی حکومەت و دامەزروەکانییەتی لەو ئەلفو بێیە دەستپێکات، ئەوە ئەگەر خەمخۆر و پەرۆشی ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و باکی بە کار و توانا و خزمەت و ئینتمای خەڵکە، ئەگەر پێچەوانەکەیشی بێت، ئەوا

شـتێکی دیکەیـە، کـە هیواداریـن وا نەبـێ!!

لـە هەفتــەی رابــردوو ســەرۆکی حکومەتــی کوردســتان بڕیــاری داخســتنی زیندانــی (ئاکـرێ)ی دا و راشـکاوانە ئامـاژەی بەبوونـی حاڵەتـی ئەشـکەنجەدان دا و جەختـی لەســەر لێپێچینــەوە و بەدواداچوونــی لــە حاڵەتەکانــی ئەشــکەنجەدانی هاوڵاتیــان و راپێچکردنیانـی بـۆ زیندانەکانـی دەزگاکانـی پۆلیـس و ئاسـایش بەبـێ نووسـراوی دادگا کـردەوە، کەچـی هــەر لــەو هەفتەیــەدا لەســەر دەســتی خــودی پارێزەرانــی یاســا، کۆمەڵـێ دیـاردەی سـەرپێچیکردن و پێشـێلکردنی یاسـا لـە سـۆران و دەوروبـەری بینران، هێزێـک بەبـێ نووسـراوی دادگا هەڵدەکوتنـە سـەر ماڵـە شـەهیدێک و مناڵەکانیـان شـەل و کـوت دەکەن..هەنـدێ فەریکـە بەرپــرس بــە دەمانچــەوە دەچنــە ســەر کارمەندانــی کارەبـای سـۆران و هەنـدێ فەرمانگــەی دی و هەڕەشــەیان لێدەکــەن و چاویــان لــێ ســوور دەکەنەوە..بـە تۆمەتــی بڕینــی ماڵێـک و بەبــێ نووســراوی دادگا یــەک دوو مێرمنــاڵ، کــە تەمەنیــان نەگەیشــتۆتە (١٨) ســاڵ و ئەشــکەنجە دەدرێــن و تێیــان هەڵــدەدرێ، دواتریــش لــەو کارە بێتــاوان دەردەچن..بەزمــی تێهەڵدانــی پۆلیســەکانی هاتوچـۆش ئـەوە دووبـارە و دەبارەیـە و بێتـام بـوو، بەزمـی خـودی هەفتەنامـەی (زاری کرمانجـی)ش لـەولا بوەسـتێ، کـە ژمـارە نییـە، مەگـەر بـە دەگمـەن نەبێـت، لەسـەر بەدواداچوونـی هەواڵێـک سـەر ئێشـە بـۆ کارمەندانـی دروسـت نەکـرێ و هەڕەشـەیان لێنەکرێ..ئیـدی مـرۆڤ بـە چ شـێوەیەک بـڕوا بـە خـۆی بێنـێ، کـە چـۆن و کـەی یاسـا لـەو وڵاتـە سـەروەر دەبێـت؟!

بۆیـە دڵنیـام تـا دە سـاڵی تریـش یاسـا رێچکـەی راسـتەقینە و دادوەرانـەی خـۆی لــەم وڵاتــدا نادۆزێتــەوە، بــە جۆرێــک کــە ســەروەری هەمــوو پیرۆزییــە (سیاســی و کۆمەڵایەتی)ــەکانی دیکــەی نــاو کۆمەڵــگا بێـت و بیانهێنێتــە ژێــر باڵــی خــۆی و جیـاوازی نێـوان هاوڵاتیـان لەبـەردەم خۆیـدا نەهێڵێـت، ئەمـەش بێگومـان بەبـێ هـۆ نییـە، گرنـگ ئەوەیـە کـە جـارێ پێـش هـەر شـت ئەرکـی حکومەتـە، کـە بەرنامـە و پــرۆژە و پــلان و میکانیزمــی شارســتانی و هاوچەرخــی هەبێـت بـۆ سـنوردانان لەبـەردەم دیـاردەی پێشـێلکردنی یاسـا و ئازادییەکانـی خەڵـک، ئـەوکات بیـر لـە چارەســەری مووچــە و بڕینــی بکاتــەوە، لەبـەر ئــەوەی تــا دەســتەکانی پێشــێلکردنی یاسـا نەبڕدرێـن و سـنورێکیان بـۆ دانەنـرێ، نـەک بەتەنهـا دیـاردەی چەنـد مووچەیـی و گەندەڵــی، بگــرە چــارەی نەهێشــتنی گەراکانــی ئــاژاوە و تیــرۆر و بەکرێگیراویــش

ناکرێ و بەردەوام ئەو برە ئارامی و ئاسایش و سەقامگیرییەی لە کوردستان هەیە، دەکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی تێکدان و لەباربردن، چونکە لە بنەڕەتدا هۆکارەکان لە نائامادەیی و سەروەرنەبوونی یاسا و تەشەنەکردنی نایەکسانی و بێدادییەوە سەرچاوەیان گرتووە، تا ئەو دەستانەش نەبڕدرێن، کە لەناو بەرگی یاسا و بەرپرسیارێتیدا سوکایەتی بە ساسا و سەروەری خەڵک دەکەن، ئەستەمە ئاسوودە دانیشین بەخێر!

## موفلیسی موخلیس!

ئەو رۆژە کابرایەک کە پاشماوەی ئەنفالە و بە قسەی خۆی تا ئەم چرکە ساتەش بەشی بستە زەویەک لەم وڵاتە شک نابات تێیدا بحەسێتەوە، باسی لەوە دەکرد، کە ئەگەرچی لە رابردووی پڕ قوربانیدانی خۆی و خێزانەکەیان پەشیمان نییە، چونکە وەک منداڵ و نەوەی زۆرێک لە کۆنە بەعسی عەیار بیست و یەک و سەرەک جاش و مەفرەزە خاسە نەهاتۆتە سەر حازری و هەرنا شتێک هەیە شانازی پێوە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گاڵتەی بە هێنانەوەی روفاتی باوک و براکانیان دێت و گوایە جارێکیان بە بەرپرسێکی گوتووە: برا ئێسک و پروسکی باوکم و براکەم بۆ ئێوە و پیرۆزی خۆتان بێت، تەنیا بەشی کولانەیەک زەویم پێ رەوا ببینن بیکەمە مەئوایەک بۆ خێزان و دایکە کۆستکەوتووەکەم، تا لەو ژیانی چەرمەسەری کرێچێتی و بێنەواییەدا رزگارمان بێت!

رەنگە کەم تا زۆر حەسرەتی ئەو پیاوە لە راستی دوور نەبێت و زۆری دیکەیش کە قوربانی و سوتووی شۆڕش بوون، تا ئێستا بەهەر هۆیەکەوە بێت بێناز کەوتبن و کەس لایەک لە حاڵی پەرێشانیان نەکاتەوە، ئاخر من بۆ خۆم خێزانی پاشماوەی ئەنفال هەیە دەناسم تا ئێستاش کرێچییە!!

بەهەرحاڵ، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی لێ دەربهاوێژە، کە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا بە هۆی بەیەک ناکۆک هاتنەوەیان لەگەڵ دەسەڵات لەلایەنی بەرژەوەندی و بەشە هەریسەی پۆست و ئیمتیاز و داهات، زۆرێک لەوانەی کە بەردەوام دەمی گللەییان بەرامبەر دەسەڵات و حزب کراوەیە، ئەوانەن کە بەبێ کەمترین ماندووبوون و قوربانیدان و لەهەر کەس زیاتر، لە پلە و پۆست و ئیمتیازی ماددیدا لەناو دەسەڵاتدا موستەفیدن. ئەوەی لەو نێوەشدا خەڵکی زێدەتر سەخڵەت کردووە، ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەوانە وێڕای خراپ سوود وەرگرتن لە پۆست و پلە و پەیوەندییەکانیان لە پێناو خۆ پڕکردن و نوزانەوەی بەردەوام، کەچی حزب و دەسەڵات لەسەر ئەو بەدڕەفتاری

و خـراپ بەکارهێنانـەی پۆسـت و دەسـەڵاتەکانیان و هەنـدێ جاریـش ئاشـکرا بوونـی گەندەڵییەکانیـان، نـەک هـەر لێیـان ناپرسـنەوە و سـزایان نـادەن، بەڵکـو زۆرتریـن کات و بـۆ چاوبەسـتەکی خەڵـک و بەنـاوی چاکسـازی و گۆڕانـکاری، باشـترین سـزای ئەوانـە لـەلای حـزب و دەسـەڵات، بەرزکردنـەوەی پلـە و پۆسـتەکانیانە، یـان بـە فـول مواسـەفات خانەنشـینیان دەکات، چ جـای لـە خەڵاتکردنیـان هەنـدێ جـار بـە ئۆتۆمبێلـی مۆدێـل بـەرز و بـڕە پـارەی چـەور، کەچـی ئـەوەی لەنـاو ئـەم بگـرە و بـەردە و سەریەشـەیەدا باجـی بـەردەوام دەدات و کەمتریـن قسـە و گلەیـی هەیـە، خەڵکـی بـێ پشـت و پەنـای دڵسـۆزی حـزب و دەسـەڵاتە، کـە بەبـێ ئـەوەی بەشـی ماندووبـوون و دڵسـۆزی خۆیشـیان لـە مافەکانیـان بەرخـورد بـن و کەمتریـن دەزگا و بەرپـرس نـرخ بـۆ ئاسـتی ئـەو دڵسـۆزیەیان دابنێـن، ئـەوان هـەر بـە ربـەی تـەق تـەق و بـە هەناسـەی شـۆڕش و شـاخ خۆیـان بـە شـەمەندەفەری دروشـم و بەڵێنەکانـی حـزب و سـەرکردە و دەسـەڵاتەوە هەڵواسـیووە، تـا ئـەوەی زۆرجـار بـۆ بەرگریکـردن لـە سـەروەری حـزب و پاکیزەیـی سـەرکردە و بەرپرسـەکانی، شـەڕی نزیکتریـن کەسـیان دەکـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەزانـن و دڵنیـان کـە ئەوانـەی ئـەوان بەرگریـان لێدەکـەن، شـایانی ئـەو بەرگریلێکردنـە کوێـر و سەرسـەختە نیـن، ئـەم هاوکێشـەیە کـەم تـا زۆر بـۆ دەروێـش و موردیەکانـی لایەنەکانـی ئۆپۆزسـیۆنیش راسـتە، کـە هەنـدێ جـار لایـەن و سـەرکردەکانی ئۆپۆزسـیۆن بازرگانـی بـە دڵسـۆزی و جـۆش و خـرۆش و تووڕەیـی و ناڕەزایەتییەکانیانـەوە دەکـەن و ئەوانیـش خۆیـان بـۆ دەخەنـە سـەر چەقـۆ.

خەڵـک دەناسـم بـە رەچەڵـەک و لـە بـاب و باپیرانیانـەوە تێکۆشـەر بـوون و هەمیشـە لـە سـەنگەرەکانی پێشـەوەی شـۆڕش بـوون و قوربانیـان داوە و دوای راپەڕیـن و تـا ئێسـتاش هـەر دڵسـۆزی حـزب و رێبازەکەیانیانـن (ئەگەرچـی ناکـرێ ئـەو رابـردووە بکرێتـە تاکـە پاسـاو و پێـوەری بەرخوردبـوون لـە مـاف و ئیمتیـازات)، بـەڵام لەگـەڵ ئـەو رابـردووە گەشـەی ئـەو خەڵکانـەش، لـە ئێسـتادا منـداڵ و نـەوەی خـاوەن بڕوانامـەی بـەرز و تەکنۆکـرات و زۆرجاریـش پـڕ جوڵـە و بـزۆز و هوشیاریشـیان لـە بزاوتـی سیاسـی و چالاکـی رێکخراوەیـی و مەدەنیـدا هەیـە، کەچـی چونکـە پێیـان شـەرمە بچنـە ژێـر بـاری مـەرج و داوای فلانـی بەرپـرس و فیسـاری لێپرسـراو، نـەک هـەر زەمینـەی پێشـڤەچوون و گەشـەکردنیان بـۆ نەڕەخسـاوە و ناڕەخسـێ، بگـرە بـە ناڕاسـتەوخۆش رێگریـان لێدەکـرێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا خۆیـان بـە خاوەنـی کێشـەکان و دڵسـۆزی حـزب دەزانـن.

سـەیرە! سـەرەڕای هەمـوو ئـەم ناهاوسـەنگی و بێدادییـەش، هێشـتا لـە کوردسـتاندا حـزب و دەسـەڵات و تەنانـەت ئۆپۆزسـیۆنیش لـەوەدا بەختیـان سـپییە، کـە خەڵکێـک هـەر بـە قەوانـی شـاخ و شـۆڕش و بەبـێ ئـەوەی لـە کەمتریـن مـاف و ئیمتیـاز بەرخـورد بـن، بـە نانـە رەقـەی خۆیـان خزمەتیـان دەکـەن و بەرگریـان لێدەکـەن، ئـەم واقیعـەش خەیاڵـی بردمـەوە سـەر قسـەی ئـەو کابرایـەی ئـەو رۆژە دەیگـووت: بـاوەڕ ناکـەم لـە دونیـا حـزب و دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆنی وەک ئـەوەی لای خۆمـان هەبـن، خەڵـک ئەوەنـدە بێبەرامبـەر دڵسـۆزیان بـن. ئـەو دەسـتەواژەیەکی زۆر جـوان و سـەرنج راکێشـی بـە گوێچکەمانـدا چرپانـد، کاتـێ بـۆ زیاتـر روونکردنـەوەی مەبەسـتەکەی و حاڵـی کردنـی ئێمـە گووتـی: ئـەو دەسـەڵات و مەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن و مۆپۆزسـیۆنەی لای خۆمـان تاکـو خاوەنـی ئـەو هەمـوو موفلیسـی موخلیسـە بـن، ئـەوا هەتـا رۆژی حەشـر ئاویـان بـەدوی بێڵەکەیـان (خاکەنـاس)دا دێـت!

## مێرگێ لاوازا!

جـاران خـوا خـوام بـوو بتوانـم ڕۆژنامەیـەک بخوێنمـەوە، ئێسـتا وام لێهاتـووە زراوم لـە چـارەی ڕۆژنامـان دەڕژێ، جـاران وەک لاپـەڕەی قورئـان ڕۆژنامـەم دەپاراسـتن، ئێسـتا وام لێهاتـووە هەرچـی کاغـەزە بیسـوتێنم، جـاران خەونـم بـەوە دەبینـی ببمـە ڕۆژنامەنووسـێکی دیـار، ئێسـتاش خەریکـە قێـز لـە پیشـەکە دەکەمـەوە!

ئێمـە کـە هـەر زوو عەشـقێک لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـی و خەونێـک لەگـەڵ نووسـین کـۆی کردینـەوە، ئێسـتا پەشـیمانی دامـان دەگـرێ، ئاخـر خەریکـە ئەمـڕۆ ئـەو دوو کایەیـە دەبنـە فالّتـۆ خانـە و گەمـەی منـداڵان، ئەگـەر وا نییـە خێـرە ڕۆژانـە چـاوت بچـێ بـە پۆخڵەواتـی ئـەو پیشـەیەدا و و کەسـیش نوققـە نـەکات، چ قەیدیـە ئازادییـە و بـا هەمـووان گوێـزی گیرفانیـان دابکوتـن!!!!

ئێسـتا بەعـزێ فەریکـە خوێنـدەوار خەریکـی کڵاو دروسـت کردنـن و دەیانـەوێ بازرگانـی بـە شـەونخوونی خەڵکـی تـرەوە بکـەن و دووریـش نییـە سـبەی بەسـەر کایـەی ڕۆژنامەنووسیشـدا سـاخ ببنـەوە، وەک چـۆن لەشـکرێ عـەوام و نەخوێنـدەوار بەسـەریدا سـاغ بوونەتـەوە، بۆیـە سـەیر نییـە کـە ئەمـڕۆ زۆرێـک لـە ڕۆژنامەنـووس و نووسـەرە جددییـەکان لـەو ڕەوشـە بێـزارن و پیشـەکەیان وەک (سـنعاتی ڕەزیـل) دێتـە پێـش چـاو!!

ئێمـە بـۆ خۆمـان لـە هەفتەیەکـدا دەسـتی دوو کڵاوچیمـان گـرت، تـۆ بڵێـی بڵاوکراوەکانـی تریـش ئاگایـان لـەو کڵاوانـە بێـت کـە دەیانخرێتـە سـەر؟

لـەو چەنـد ڕۆژەی دواییـدا و لـە بڵاوکراوەکانـی (.... و ....) بـە زەق و زەقـی دوو بابەتـی گۆڤـاری (کـۆوار) بازرگانیـان پێـوە کرابـوو، یەکێکیـان نووسـینێکی چەنـد مانـگ لـەوەو پێشـتری (نورەدیـن وەیسـی) و ئـەوەی تریـان دیمانەیەکـی مانگێـک بـەر لـە ئێسـتای گۆڤارەکـە بـوو، کـە دوو بابـا هاتبـوون و پوخـت و لـوس جارێکـی تـر لـەو دوو بڵاوکراوەیـەدا هـەر دوو بابەتەکەیـان بەنـاوی خۆیـان بـڵاو کردبـووەوە و سەرنووسـەرەکانی ئـەو دوو بڵاوکراوەیـەش ئێسـتا وەخـۆ هاتوونەتـەوە!!

سەیر لەوە دایە ئەو بابایەی دیمانەکەی (دوای بڵاوکردنەوەی لە کۆوار) بە ناوی خۆی و لە بڵاوکراوەکەی خۆیانی (کە تێیدا دەستەی نووسەرانە) دابەزاندبوو، بڕیار بوو برادەرێک بیکاتە دەستەی نووسەرانی لای خۆیشی!

ئێستا وەک رێوشوێنی یاسایی هەردوو کەسمان داونەتە دادگا، خۆزگە رۆژنامە و گۆڤارە دیارەکانی دیکەی کوردستانیش فلتەرێکی وردیان دادەنا بۆ ئەو لەشکرە زۆر و بۆرە ناوە بێ ناوەڕۆکانەی، کە رۆژانە وەک کونی مێروولە و شرغەی هەنگ، لە دونیای رۆژنامەنووسی سەر دەردەکەن و بەلای خۆیشیەوە سەندیکا هێڵنگێکی تافتە (نەک بێژینگ و غەربیل!)ی دادەنا و چیتر سوکایەتی بەو پیشە پیرۆزە نەدەکرا!!

بەراستی کاتی ئەوە هاتووە چیتر سەندیکا لەشکری ئەندامان لەسەر حیسابی میزاجی دەزگا رۆشنبیری و راگەیاندنەکان زیاد نەکات (کە ئەنجومەنی سەندیکا هەمیشە ئەوە پاساوی زۆری و بۆری ئەندامانیەتی)، با سەد دەزگاش پشتیوانی و تەزکیەی کەسێک بکەن، ئەگەر رێسا و یاسا و پێوەری حەددی هەبن بۆ سەر لە نوێ پێناسە کردنەوەی رۆژنامەنووس و لیژنەیەکی وردبین و شارەزا و خاوە ئەزموون لە سەندیکا هەبێ، دوا بڕیار لەسەر ئەوە بدات کێ دەبێتە ئەندامی ئەو سەندیکایە، وەکوتر سەندیکا دەستەیەکی چاودێری بڵاوکراوەکانی هەبێ، کە تیژبین بێت و بابەتی دووبارەی بڵاوکراوەکانی بەسەردا رەت نەبێت، کەم تا زۆر دەتوانرێ رێ بەو دیاردەیە دەگیرێ!

بڕوا دەکەن ئەوەی نووسینەکەی (نورەدین وەیسی) دوبارە کاوێژ کردۆتەوە، چووە لە ئەرشیفی چل و سێ مانگ پێش ئێستای (کۆوار)دا بابەتەکەی دەرهێناوە و ئێستا سوک و ئاسان، وەک ئەوەی ئێوارە، خواردنی نیوەڕۆی بۆ گەرم کردبینەوە، هاتووە دەرخواردمانی دەداتەوە و تەنها لە دەسپێکی نووسینەکەدا (باشووری کوردستانی) بۆ (هەرێمی کوردستان) گۆڕیوە!

## ناسان و کەنناسان!

یەکێـک لـەو شـتانەی لـەم وڵاتـە زۆر بێـزارم دەکات، ئەوەیـە کـە لەسـەر تابلـۆی زۆربـەی سـەندیکا و رێکخـراوەکان، لـە بـەردەم نـاوی زۆر لەوانـەی شـت دەنووسـن، ئـەو پاشـگری (ناسان)ـەیە، کـە لێمـان بـووە بـە مەتـەڵ و رۆژێکیـش لـە واری کرداریـدا ئـەو زاتانەمـان نەبینـی و بۆیـان نەسـەلماندین، کـە ئـەو کار (ناس)ـەن، کـە خۆیانـی پـێ هەڵدەکێشـن، یـان نـا، تەنانـەت لـەو بـاوەڕە دام کـە ئـەو کارەی، یـان ئـەو پسـپۆرییەی ئـەو بەڕێزانـە گوایـە هەیانـە و نـازی پێـوە دەکـەن و بـۆ خۆیـان داتاشـیووە، رەنگبـێ هـەر نەیناسـن، یاخـود بەباشـیان نەناسـیووە و تەنهـا بـۆ ئەوەیانـە خۆیانـی پـێ لـە خەڵـک جیـا بکەنـەوە.

یاساناسـان، کۆمەڵناسـان، مافناسـان، دەروونناسـان، فەلەکناسـان و چەندیـن ناسـانی تـر، لـەو کۆمەڵگایـەی ئێمـەدا بوونەتـە بارگرانـی بەسـەر حکومـەت و خەڵـک، مـن ناڵێـم هەموویـان، چونکـە زیادەڕۆیـی و بێویژدانییەکـی گەورەیـە، بـەڵام گومانـم لـەوە نییـە کـە زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو نەناسانە بـە چارەکـی چارەکـی کەنناسـان (ببـورن کـە لەبـەر هارمۆنیـای بابەتەکـە و وەرگرتنـی هەناسـەی تەنـز وشـە عەرەبیەکـەم تەوزیـف کـردووە، کـە مەبەسـتم مرۆڤـە سـادە و خزمەتگوزارەکانـی شـارەوانین) سـوودی ئـەو وڵات و گـەل و حکومەتەیـان نەبـووە و نییـە و ئەگـەر وا بـڕوا لـە زیـان و مشـەخۆری زیاتـر کەڵکـی سـووتووی جگەرەیەکیـان بـۆ خەڵـک و حکومـەت نابـێ. دەڵێـم زۆربەیـان، چونکـە دڵنیـام دەگمەنـن ئەوانـەی لـەو بوارانـەدا بەدەسـتڕەنگینی و بیـری تیـژ و مەعریفـەی قووڵـەوە کار دەکـەن و جـێ پەنجـەی کاریـان دەبینـرێ و هەسـتی پێدەکـرێ.

ئاخـر ئـەو نەناسـانەی تەنهـا بـە قـات و ریبـات و جانتایەکـی فشـۆڵ و چاویلکەیەکـی فۆتـۆ بەبەردەممانـدا دێـن و دەچـن تـا ئـەم چرکەسـاتەش هەمـوو ئـەو چەمـک و بابـەت و تیۆرانـەی پێمانـی دەفرۆشـنەوە، جگـە لـەوەی بەرهەمـی بیرکردنـەوە و قـووڵ بوونـەوە و داهێنانـی خۆیـان نییـە و کاوێژکردنەوەیەکـی (سـەقەت)ی رووماڵکـراو و

ماکیاژکراوی تێز و هزر و تیۆر و بۆچوون و فەلسەفەی دەرەوەی دونیای کوردییە، کە بەداخەوە زۆر جار ناوەڕۆکی زانستییانەی ئەو تێز و تیۆرانەیان بەناوی پڕۆژە و لێکۆڵینەوە و شتی لەو بابەتە پەڕوباڵ کردووە، هاوکاتیش خوێندنەوەیەکی ورد و زانستی و لۆژیکیان بۆ ئاستی هوشیاری و قۆناغی گەشەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ئابووری و رەوشی سیاسی و بارودۆخی دەروونی کوردستان و تاکی کوردیان پێ نییە.

بەشبەحاڵی خۆم چەند ناوێکی دانسقەی ئەو بوارانەی لێ دەرچێ، کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەگینا نەک هەر گومانم هەیە، بگرە باوەڕم بە ئاستی زانستی و هوشیاری مەعریفی و توانا و شارەزایی و باکگراوندی زۆرێک لەو ناسە نەناسانەی کوردستان نییە، چونکە ئەگەر وا نییە، بۆ ئێستا کوردەواری و کوردستان لەو رەوشە نالەبارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و قەیرانە دەروونی و ئابووری و یاساییانەدا دەیناڵاند، ئێ خۆ ئەوەش خەتای حزب و کەمتەرخەمی و گەندەڵی حکومەت نییە، ئەوە نییە دەیان رێکخراو بە پاشگری ئەو ناسانە مانگانە بە کۆش یارمەتی و بەخشین لە حکومەت و بن دیواریش لە رێکخراوە بیانییەکان وەردەگرن و داریشیان نەخستۆتە سەر بەرد، چش لەو ناسە نەناسانەیش کە قسەی قەبە قەبە لە مەجلیس و کۆڕان دەکەن!!

ئەوەتا لە سای ئەو هەموو ناسە نەناسانە، پەتا و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان نەک چارەسەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە، بگرە درک بە سروشت و ماهییەتیشیان نەکراوە و پەی بە فاکتەری دەرکەوتن و تەشەنەسەندنیان نەبراوە و تا دێت و رۆژ دوای رۆژ زیاتر و هەجۆرتر دەبن .. وەکو تر کوردەواری و تاکەکانی لە بارێکی زۆر شپرزە و شێواو و ناسەقامگیرو شڵەژاوی دەروونیدا دەژیێت و ئەوە مرۆڤی کوردە، کە گیرۆدەی دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام بووە و کەس لەوانە بیرێکی قوڵ و خوێندنەوەیەکی زانستیان بۆ نەکردووە .. سیستەم و بیرکردنەوە و شێوازێکی ئابووری شک نابەیت و هەر قەیرانی جۆراوجۆری ئابوورییە بەربینگی خەڵک و حکومەتی گرتووە و کەسێک لەوانە شک نابەیت بێت و پڕۆژە و پلانێکی هەبێت تا لەو گێژاوە دەربچین .. لەسای ئەو هەموو یاساناس و مافناسانە، جگە لەوەی رۆژانە سوکایەتی بە یاسا دەکرێ، هاوکاتیش لە گەڕاندنەوەی کۆمەڵگا بۆ ژێر سێبەری کولتوری باوەڕسالاری و نەریتگەرا و پیاوسالاری شازی یاسا دادەرێژرێن

(پـرۆژە یاسـای فرەژنـی وەک بچوکتریـن نموونـە).

پێـم ناڵێـن بیرتـان بـۆ چـی و کام لا دەچێـت کاتـێ لـەو وڵاتـەدا ببینـن، یاسـاناس هەیە بـە پێشـێلکردنی یاسـا خوێندنـی یاسـای تـەواو کـردووە .. کۆمەڵنـاس هەیـە ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت عورفـی کۆمەڵایەتـی و ئەحکامـی عورفـی لێـک جیـا ناکاتـەوە .. مافنـاس هەیــە دادنــووس و دادورەی لێکۆڵینـــەوە لەیەکتــری هەڵاوێــر نــاکات .. دەروونـنــاس هەیـە، ئێسـتاش مرۆڤـی دواکەوتـوو لـە ڕووی عەقڵـی بـە شـێت نـاو دەبـات و پێـی وایــە نەرجســیەت لــە گوڵــی نێرگــزەوە هاتــووە .. فەلەکنــاس و پاراسایکۆلۆژیســت هەیـە دەیـەوێ بـە سـوک وسـانایی خەڵـک شـایەتمانی بـۆ نوشـتە و دوعـا و خورافـەی فڕینـی مـرۆڤ لـە سـەردەمی جیهانگیـری و ماڵئاوایـی موعجیزەکانـدا بێنـێ؟! ئەمـەش لـە کاتێکدایـە کـە خزمەتگـوزار و کارگوزارێکـی شـارەوانی (کـە لای ئێمـە بـە زمانـە عەربیەکەیمـان گرتـووە و پێـی دەڵێـن کەنـنـاس!!)، بەرامبـەر مووچەیەکـی مەمـرە و مـەژی، هەرچـی خـۆڵ و خاشـاک و زبـڵ و پاشـماوەی پیسـی کـۆڵان و شـەقامی ئـەم وڵاتـە و بـەر دەرگای ماڵانمـان هەیـە بـە دڵسـۆزییەوە خاوێـن دەکاتـەوە، مرۆڤێکـی سـادە و سـاکار و خاکـی بەبـێ بڕوانامـە درک بـە ئـەرک و بەرپرسـیارێتی مێژوویـی سەرشـانی خـۆی دەکات و لـە خۆبووردووانـە زۆرتریـن و جوانتریـن و شارسـتانیترین خزمـەت (لـە بەرامبــەر کەمتریـن مووچـە و بەبـێ خۆدزینـەوە لـە کار و پەنـار بردنـە بـن دیـوار و پێشکەشـکردنی پروپۆزەڵـی بازرگانـی و پڕکردنـەوەی وەسـڵی چالاکییـە خەیاڵییـەکان و.........) بـە ئێمـە و وڵات و ئـەو (ناسـان) نەناسـانە دەکات، کەوابـوو بـۆ هەموومـان بەیەکـەوە و بـە نەوازشـەوە لـە بەرامبـەر ئـەو مرۆڤـەدا نەڵێیـن: سـڵاو بـۆ (کەننـاس) ی ژینگـە و پاکوخاوێنـی پارێـزی کارنـاس!

## هاوار بە ماڵم حکومەت!

دواجار حکومەت تەکانێکی دایە بەر خۆی گوایە چاکسازی و ریفۆرم دەکات، یەکەم هەنگاویشی لە بڕینی مووچەی بن دیوار و دوو و سێ مووچەیی دەستپێدەکات، بە گریمانەی خۆی گوایە کارێکی خراپی کردۆتە سەر بۆدجەی هەرێم و دروستکردنی عجزی مالی!!

بێگومان هەر هەنگاوێک، کە حکومەت بیەوێ بە ئاراستەی چاکسازی بینێ لەم وڵاتەدا جێی دەستخۆشیە و هەقە هەموومان هاوکاربین، بەڵام ئاخۆ بەر لەوە شتی گرنگتر و کایە و بواری هەستیارتر نەبوو حکومەت لێیەوە دەستپێبکات، کە زۆرترین و گەورەترین زیانی بە بۆدجەی حکومەت گەیاندووە و خۆی لێدەبوێرێ، یان ئەوەشیان بۆ چاوبەستەکی خەڵکە و وەک ئەو پەندە کوردییە وایە،کە دەڵێ: (سەرلەبەری گاڕان بزر ببوو، کەچی پیرەژن لە گوێرەکە سوورەی دەپێچایەوە!!).

ئاخر حکومەت لە من و هەموو کەس باشتر دەزانێ، کە مووچەی هەموو فەرمانبەرانی کوردستان کۆبکەیتەوە (بە خانەنشینانی سەردەمی مەلەکیەتیشەوە!)، ناگاتە ئەژنۆی مووچە و دەرماڵە و نەسریە و پاسەوانی بن دیوار و تەدارەکی وەزیر و پەرلەمانتێر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و راوێژکاران و تەدارەکی مانگانەی دیوەخانی وەجاخزادە و پیاو ماقوڵان، چش لەوەی، ئەوانەی لە دوو مووچە بەسەروەیان هەیە هەر بابای لەو چەشنانەن، نەک هاوڵاتی سادە و بەسەزمان، جگە لەوەی کە خودی حکومەت خۆی و بە تایبەتتر پارتی و یەکێتی بەرپرسیاری یەکەم و دواهەمینی ئەو بێسەروبەرییەی مووچەی بن دیوارن و خۆیان دایانهێنا و هەر خۆیشیان دەبێ چارەی گونجاو و شیاوی بکەن.

بۆیە لێرە هەروەک بیرخستنەوەیەک و بۆ هاوکاری حکومەت و تا نەڵێن ئێوە هەر رەخنە دەگرن و شتی جوانی ئەو وڵاتە نابینن، چەند لایەنێکی بە فیڕۆدانی پارەی هەرێم دەخەینەڕوو، کە پێمان وایە هەنگاوی بڕینی مووچە مشتێکی خەروار و دڵۆپێکی بچوکی ئەو دەریا بێسەروبەرەی بەهەدەردانی سامانی وڵاتە،

کە بە هۆیەوە نەک بۆدجە، تەنانەت خودی سیستەمی کارگێڕی و ئابووری ئەو وڵاتەی ئیفلیج و نەخۆش کردووە و دەکرێ حکومەت بیانکاتە دەروازەی کراوەتر بۆ هەنگاوی بەرهەمدارتر لە بواری گۆڕان و چاکسازی، ئەوە ئەگەر مەبەستی بێت:

• لە هەموویان گرنگتر کرانەوە و شەفافیەتی زیاتری دەسەڵاتە، لەوەی کە خەڵک مافی خۆیەتی بزانێ مانگانە لەو بۆدجەی هەرێمە، بەو رێژەیەی لە بەغدا دێت و بە داهاتی گومرگ و باج و خەراج، چەندی دەچێتە گیرفانی یەکێتی و پارتی و حزبەکانی دیکە بەناوی میزانیەی مانگانەی حزبەکان!!

• بەر لەدەستبەکاربوونی هەر بەرپرسێک لە دۆسیەی موڵک و سامانی بپێچرێتەوە (کە تا ئێستا نەکراوە)، تا دوای ماڵئاواییکردنی لە کورسی و پۆستەکەی، ئەو سیحر و تەلیسمەی بوونیان بە ئیمپراتۆری سەرمایە بە ئاسانی بکرێتەوە، ئاخر لەو وڵاتە هەر گەندە بەرپرسێکی رووت و رەجاڵە بینیمان و دەیبینین، کە دوای ساڵێک لە پۆستەکەی، دەبێتە ملیۆنێر و خاوەنی کۆشک و تەلار و خانوو و ئۆتۆمبیل و پارەی خەوتوو!!

• مینا مووچەی رێزلێنانی هونەرمەند و نووسەر و رۆژنامەنووسان، چاوێکی جدیش بە مانگانەی دیوەخانی ئاغا و شێخ و سەرۆک عەشیرەت و پیاوماقوڵاندا بگێڕنەوە و چیتر بۆ موجامەلەی سیاسی دیوەخانەکانیانمان لێ نەکەنەوە بە سەنگەری مقاوەمەت و کوردایەتی!!

• چاوخشاندنەوە بەو بەخشینە خەیاڵیانەی، کە لە فیستیڤاڵ و کارێکی بەناو هونەری و رۆشنبیری سەقەت و کۆنگرە و کۆنفرانسی بێ ئاکام و بەرهەم خەرج دەکرێ!!

• قورتارکردنی خودی حکومەت خۆی لە کرێچێتی، کە بەهۆیەوە خوا دەزانێ مانگانە چەندی لەسەر دەوەستێ و لەولاش بابای بەرپرس و بەڕێوەبەری فەرمانگە و دەزگا و وەزارەتەکان چەند پارەی تر وەک عوازە دەخەنە سەر وەسڵی کرێی خانووی دامەزراوەکانیان!

• کەمکردنەوەی خەرجی بەنزین و سووتەمەنی کەژاوەی ئۆتۆمبێلی ئەو بەرپرسانەی، نەک بۆ کاری حکومەت، بەڵکو بۆ پرسە و ئاهەنگ و گەشت و سەیرانێک بەبای دەدەن، چ لەو ئۆتۆمبێلە ژمارە شینانەی هێندەی ئێواران منداڵی بەرپرسان جرت و فرتیان پێدەکەن و کاری ماڵەوەیانیان پێ رادەپەڕێنن،

نیــوەی ئــەوە بەیانیــان کاری حکومــەت و دەزگاکان رایــی ناکــەن!!

● توندکردنــی چاودێــری لــە ســەر پــڕۆژە خزمەتگوزارییــەکان و لێپرســینەوە لــە چۆنیەتــی خەرجکردنی پــارە تیایانــدا و چاوخشــاندنەوە بــە چەنــد جــارەی دەرچوونــی کەشــفی پــارە بــۆ پڕۆژەیــەک!

● توندکردنــی سانســۆر لەســەر نهێنــی ئــەو گەمەیــەی کۆمپانیــاکان، کــە بەڵێندەرایەتــی پڕۆژەگەلێــک دەگرنــەوە، ئــەو پڕۆژانــەی بــۆ نموونــە لەلایــەن لیژنــەی ئەندازیــاری وەزارەتــەکان تێچوونیــان بــە (دوو ملیــار دینــار) مەزەنــدە کــراوە، کەچــی بابــای بەڵێنــدەر بــە (ملیارێــک و دوو ســەد و پەنجــا ملیــۆن دینــا) تەواویــان دەکات، ئەمــە ئەگــەر گوریســی تێــدا نەبێــت، گومــان لــەوەدا نیــە، کــە کندرێکــی تێدایــە!

● ســنوردانان لەبــەردەم برینــەوەی بەخشــین و پــارەی بــێ وەســڵ بــە نوســراو و کاغــەزی تایبــەت بــۆ هەنــدێ رێکخــراو و ســەنتەر و کەســایەتی، تــا دەگاتــە کڕینــی خانــوو و ئۆتۆمبێــل بــۆ هەندێکیــان!!

ئەمانــە و چەندیــن بــواری تــر، کــە رەنگــە مــن هەســتم پێیــان نەکردبــێ، هەمــوو ئەوانــەن ڤایرۆســی نــاو داهاتــی ئــەو وڵاتــە، کــە وەک مۆرانــە لــە بۆدجــەی حکومــەت دەدەن، ئیتــر خۆتــان و ویژدانتــان بزانیــن کامەیانــە زیاتــر دوانــزە گرێــی بۆدجــەی حکومەتــی بڕیــوە، دوو مووچەیــی یــان ئــەو هەمــوو تەدارەکــەی ســەرەوە؟

## هاوولاتی بەڕێز: دارستان سامانێکی نەتەوەییە بیپارێزە
## حکومەتی ئازیز: نەوت پێداوێستییەکی زەرورە دابینی بکە!

کەس نییە سەرەتای راپەڕینی بیر نەیەتەوە، کە چۆن لەبەر کێشانەوەی ئیدارەکانی رژێمی بەعس لە کوردستان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و هاتنە سەر ساجی عەلی بەرەی کوردستانی و قەیرانی سووتەمەنی، هەرچی دارستانی ئەم ولاتەیە بە دار و دەوەن و تەڕاش و تەنانەت کۆلکەکانیشیانەوە قڕانیان بۆ هات، ئەوە نەک هەر لە چیاکان و نێو دارستانە سرووشتییەکان، بگرە دارستانە دەستکردەکان و هاوینەهەوار و سەیرانگاکانیشی گرتەوە، رەنگە ئەو کات هێندە خەڵک جێی گلەیی نەبووبێت، ئیدی هەلومەرجەکە وابوو، لە خەڵک حەرەکەت و لە دارستان بەرەکەت و لە بێ دەسەڵاتی و بێ پلانی و ئیدارەیی بەرە و دواتریش حکومەت سکووت.

ئەمڕۆش سەیری هەر گرد و بەرزایی و تەپۆلکەیەکی کوردستان بکەیت، بە خەتێکی گەورە و پان و بەرین، کە بەبەرد رازاوەتەوە نووسراوە (هاولاتی ئازیز.. دارستان سامانێکی نەتەوەییە بیپارێزە)، بێگومان رۆژ تا ئێوارە ئەو دروشمە زلە لەچاومان دەچەقێت و بۆ کەسمان شتێکی نوێ نییە، بەڵام ئەمجارەیان نازانم رێکەوت بوو یان شتێکی تر، هەر کە ئەو نووسینەم بینی هەتا توانام هەبوو پێکەنیم، ئێ خوا دەیزانێ پێکەنینەکەشم لە بێزارییان بوو..ئاخر ئێوە و ویژدانتان دەکەمە دادوەر، بەو قرچەی گەرمای مانگی تەباخە لەبەر بێ کارەبایی ناچار بیت ماڵ بەجێ بهێڵیت و زۆریشی نەمابێت زستان بەو زەبەلاحی و تەڕ و تووشییەی خۆی روو لەم دەڤەرە بکات، لە کاتێکدا بەم هاوینە بەشی لالە و لامپایەک نەوتمان نەبێت، تا تاریکی شەوی ژوور و ماڵەکانمانی پێ رووناک بکەینەوە، چش لەوەی بەنزین بەو قەیران و نرخەی ئێستای، خواردنی ئێمەی هاولاتی پلە پێنج و شەش نییە و رەنگە لەمەو دواش هەر بە سێ مانگ جارێک فریا بکەوین بەو مووچەی مەمرە و مەژی بوتڵە غازێکی قۆپاوی نیوە پڕ لە بازاڕی رەش بکڕین، جا ئەگەر

هاوینەکەی وابێت، تۆ بڵێیت زستانەکەی چ کارەسات و ماڵ وێرانییەک بێت؟!

بۆیە بەر لەوەی زستان بێت و زۆری بۆ خەڵک بهێنێ، کە لە بەر نەبوونی نەوت و سەرچاوەکانی سووتەمەنی پەنا بۆ برینی دار ببەن، باشتر وایە حکومەت هەر لە ئێستاوە بەرنامەیەکی هەبێت، ئەگینا خوا دەزانێ چ حەشرێک بەو چیا و چۆڵە دەکرێت و ئەو دەمیش کە نەتتوانی نەوت و گاز و غاز بۆ هاوڵاتی دابین بکەیت، هەزار جار دارستان سامانی نەتەوەیی و نیشانەی جوانی و شارستانییەت بێت، کەس ئامادە نییە منالّی خۆی لە بێ نەوتی و چرایی و بەرامبەر دارستانی چرپپر لەسەرمان رەق بکاتەوە، ئەوکات لە بەرامبەر برینەوەی دارستانەکان و دابینکردنی دار بۆ سووتاندن، کە خەڵک نەوت و غاز و گازی نەبێت، نەک ناتوانن، بگرە بۆتان نییە دروشمبازی بەسەر خەڵکەوە بکەن و فێری پاراستنی سامانی نەتەوەییان بکەن، ئاخر ئەو کاتە مرۆڤ کە گەورەترین سەرمایە و هێز و وزەی نەتەوە و نیشتمانە لە سەرمان هەڵبلەرزێ وئاشپەزەکان گرێکیان تێ هەڵنەکرێ، خەڵک ناچار دەبێت پەنا بۆ ئەلتەرناتیڤی دیکە ببات، بۆ ئەوەی خۆی لە بێ چرایی و سەرمابردن بپارێزێ، ئەو کات ناو و ناتۆر ە و تۆمەت بەشینەوە بە ناوی ئاژاوەگێڕی و گێرە شێوێنی، جگە لەوەی دەبێتە نوکتەیەکی خۆش، هاوکاتیش ئەو هەڵوێستەی حکومەت وەکو پەندی (عوزر لە قەباحەتان گەورەتر)ی لێ دێت.

لەبەر ئەوە ئەگەر باوەڕتان بەوە هەیە دەبێ خەڵک سامانی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ و گەشەی پێبدات، دەبێ لەبەرامبەر ئەو ئەرکەدا سەرەتاییترین مافیشیان بۆ دابین بکەن، کە مافی ئاسایش و ژیان و گوزەرانە و دابینکردنی سەرچاوەکانی رووناکی و سووتەمەنیش بەشێکی زۆر بچوک و سادەتری ئەو مافە سەرەتاییانەی هاوڵاتین...بە کورتی و کرمانجی ئەگەر حکومەت بیەوێ هاوڵاتی دەست بە دارستانەکانەوە بگرێ و بیانپارێزێ، کە سامانێکی نەتەوەیین، پێویستە حکومەتیش لە ئێستاوە مشورێک بۆ زستان بخوات و نەوت کە پێداویستییێکی سەرەتایی و زەرورە بۆ هاوڵاتیان دابین بکات.

## هەر کەسە و لە گیرفانی خۆی گوێز دەژمێرێ!

خۆشبەختانە هێشتا خوێنی گەنجێتی لە دەمارەکانما دێت و خەیاڵدان و بیرکردنەوەم پڕیەتی لە خەونی جوانی گەنجی، بۆیەش گەنجەکانم خۆش دەوێن و هەست بە ژانەکانیان دەکەم و دەزانم مەحرومترین کائینی ئەم نیشتمانە ئەوانن، هێندەی خۆشویستنەکەشم بۆیان برینـدارم، چوون دەزانم بەچ نەگبەتی و نەهامەتی و ژیانێکی ناشایستە بە مرۆڤ لەم جوگرافیا بەلا لێدراوە شەو و رۆژ دەخەنەوە سەریەک..!

هاورێ..وەرە بەچاوی من زۆرینەی گەنجانی ئەم دۆزەخە ببینە، چۆن هەموو بەیانییەک حەشاماتێکیان بۆ تیلە نانێکی مەمرە و مەژی (نەک بۆ ژەمێکی خواردن و خواردنەوەی شیراتۆن) بەدوای کاری سەختی بلۆک کێشی و کۆنکرێت شکاندن رادەکەن و بەریان ناکەوێ..سەیری مەلولی ئەو گەنجانە بکە، کە بە گیرفانی خاڵی و سەرمەست بۆ ئێوارە پیاسەی پارکێک لە بن سوچی دیوارێکدا گرمۆڵە بوونە..ئەو گەنجانە ببینە، کە بەدرۆی شاخدار لە بەهەشتی ئەورووپا بۆ کوردستانی دیموکراسی هێنرانەوە و ئێستا سوپاسگوزارن بەوەی لێرە و بۆ موچەیەکی مانگانە (کە ناکاتە بەشی قاوەڵتی بسکویت و نەستەلە و شەربەتی مناڵە بەرپرسان و پیاسەکانیان)، ببن بە سەرباز و گوللەیەکی تیرۆریستان تەوێڵیان سوور بکات...ئەو گەنجە بەدبەختانە ببینە، کە بەدزیەوەش ناوێرن عەشق بکەن، نەبادا بکەونە بەر نەفرەتی دابونەریت و ترادسیۆن و ئایین و چی و چیتر...ئەو تۆلازانە ببینە، کە هەرەتی لاوێتیانە و خەمی ژیان پیری کردوون و خەریکە پاییزی نایەکسانی و بێدادی ئەم ناوە چرکە چرکە تەمەنیان دەخوا... ئەو لاوە خاوەن بڕوانامانە ببینە، کە سەرەتاییترین مافی خۆیانە دابمەزرێن و بەری رەنجی خوێندنیان بخۆن، کەچی نەک مووچەکەیان شایستەیان نییە، بگرە زۆرێک لە بابا بەرپرسەکان ناز و منەتیان بەسەرەوە دەکەن، کە خستونیانەتە سەر کار، وەک ئەوەی خێریان پێکردبن...وەلێ دڵنیاشم کە هەر ئەو بێنازانەن چۆن دوێنێ

بـۆ دەنگـدان و دژی لەشکرێشـی هەرێمایەتـی رژانـە سـەر شـەقامەکان، سـبەیش سـنگیان دەکەنـە قەڵغانـی پاراسـتنی ئـەم نیشـتمانە!!

برادەر...منیـش برێـک لـەو گەنجـە نازاندانـەی کـوڕی بەرپـرس و گەندەڵپیێـداوان دەناسـم، کـە تـا خـوا گوتـی بەسـە، لێـرە رۆژ تـا ئێـوارە بـە مۆنیـکا و پەتـرۆل و کامـری و پیـکاب نیسـانی حکومـی و لەسـەر گیرفـان و بەنزینـی حکومـەت و بەبـێ بڕوانامەیـی و بەمووچـەی بـن دیـوار رایانبـوارد و پـارک و بـن دیـواران گـەڕان و ئێسـتا لـە هەندەرانـن و کوردایەتیشـمان بەسـەر دەفرۆشن...ئێسـتاش نموونـەی ئـەو لاوە نازدراوانـە کـەم نیـن، کـە نـە هەتـاوی هاویـن پێسـتیان دەسـوتێنێ و نـە گەرمـا بەتینەکەیشـی ئارەقەیـان پێـدەکات و نـە زسـتانانیش سـەرما پەنجەکانیـان دەتەزێنـێ، چونکـە وەک حـازر خـۆری بـەر سـێبەر لـە گـەرم و نـەرم دەخـۆن و دەخـەون و بـە جوانتریـن مۆنیـکا و ئۆپتـرا و بۆکاشـیۆ و چـی و چـی (کـە تـا سـەد سـاڵی تریـش کـوڕە بێنازەکانـی نیشـتمانی مـن ناوەکانیـان فێرنابـن) لـە سـوچی کـۆڵان و بـەر دەرگای قوتابخانـە و پەیمانـگا و کۆلێـژەکان بـەدوای لەداوخسـتنی کچـی خەڵـک تەڕاتێنیانە...ئێسـتاش کـوڕ و بـرا و ئامـۆزا و پـورزا و خـوارزا و گەنجـی خزمـی سـەپانی شـێخی زۆرینـەی بەرپـرس و گەندەڵپیێداوان دەبینیـن چـۆن رۆژانـە لێـرە و لـەوێ سـوکایەتی بـە یاسـا و پیاوەکانـی دەکـەن و بـە ماڵـی حکومـەت، کـە مولْکـی گشـتیە پـۆز لێدەدەن و هانـدی مۆبایلەکانیـان دەگـۆڕن و خۆیـان پۆشـتە دەکـەن... چـۆن پشتڕاسـتم ئەوانـە ئەگـەر لـە ئەوروپـاش بـن بەقـەد سـوتوی جگەرەیـەک سوودی کوردیـان نییـە و نابـێ، ئـاواش دڵنیـام لێـرەش بـوان کـوڕی رۆژی تەنگانـەی کـورد نەبـوون و نابـن!

ئیتـر گەنجەکانمـان کەیفـی چیـان بـەم نیشـتمانە بێـت؟ بـۆ ئینتیمایـان هەبـێ؟ بـۆ بارگـەی خەمەکانیـان نەپێچنـەوە و سـەری خۆیـان هەڵنەگـرن و بـە کـۆرس بـەدوی سـناریۆی ئـەو شـانۆگەریەدا نەلێێنـەوە، کـە دەڵـێ: تـا تـۆزێ کەرامەتمـان مـاوە، تـا چکـێ مرۆڤبوونمـان مـاوە، بـا جانتاکانمـان هەڵگریـن؟!

خوانـەکا بڵێـی بـا نـان بـە ئـاو و هـەوای سـازگار و جوانـی سروشـتەکەیەوە بخـۆن، کـە رۆژ نییـە بـەر لەهـەر کـەس خێزانـی زۆرینـەی بەرپـرس و گەندەڵپیێداوەکان بـە پاشـماوە و زبـڵ و خاشـاک ژینگەکـەی نەشـێوێنن؟

هاوڕێـی بەڕێز..برادەری ئازیـز، بمبەخشـە ئەگـەر ناڕەحـەت بوویـت، چـوون ئەوانـەی تـۆ لەچـاو ئەوانـەی مـن بـە پەنجـەی دەسـت و کەمتـر دەژمێردرێـن!

# نیشتمانپەروەری و ویژدان!

«ئەگەر دەزانیت مەترسیت بۆ سەر زۆر کەس،
لە مەترسی زۆر کەسیش وریابە بۆ سەر خۆت-
ئۆسۆنیۆس»

قاسم ئەمین دەڵی « نیشتمان پەروەری کار دەکات، نەک قسە«، ئەو وتەیەم بۆیە هێنایەوە، چونکە ویژدانی ماددە پەرستی و هەڵپەی زوو دەوڵەمەند بوون و مەیلی هەلپەرستی و خۆویستی هەندێ بەرپرس و بازرگانی کورد وایانکردووە سنوری هەموو بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان لە کارکردنیاندا ببەزێنن. ئەوەتا ئەگەر سەیرێکی وردی بازاڕەکانی کوردستان بکەیت، ئەوکات دەزانی چ بازرگانییەک بە هەست و سۆزی خەڵکی رەش و رووت دەکرێ و سوودێکی ناشەریفانە لەو دەرفەتە وەردەگیرێ، کە زۆربوونی پێداویستی ژیان و کات بەسەربردن، خەڵکی ناچار کردووە بازاڕ بە هەرمێن بکەن.

دیارە ئەو حاڵەتەش زۆر بە روونی لەو کەلوپەل و پێداویستییانە دەردەکەوێ، کە بە نرخی سەیر و کوالێتی خراپ لە بازاڕەکان بە خەڵک دەفرۆشرێنەوە، هەر لە خواردەمەنی و خواردنەوەوە بگرە، تا دەگاتە کەلوپەلی کارەبایی و پێداویستی ناوماڵ و داوودەرمان و پێداویستییەکانی دیکەی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان، کە ئەمەش راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر نەهێشتنی متمانەی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت لەلایەک و هاووڵاتیان خۆیان (فرۆشیار و کڕیار) لەلایەکی تر، خواردن و خواردنەوەی ماوە بەسەرچوو، داو و دەرمانی ساختە و ئێکسپایەر، کەلوپەلی کارەبایی کە تەنها دوو رۆژ دوایی کڕینی دەسوتێ و..... هتد.

بەڕای من (ئەگەرچی دوور نییە بەشێکی ئەو بازرگانانە بەرپرسی باڵای حزبی و حکومی وڵات بن و خەڵکی تریان تەکلیف کردبێ!)، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا بازرگانەکان بەرپرسی یەکەمن لەو گاڵتەکردنە بە هەستی خەڵک، چونکە دواجار

ئەوانن دەچن لە وڵاتان شتەکان دێنن. خۆ گریمان ئەگەر ویژدانی گومرگ و کوالێتی کۆنترۆڵیش خەوتبێ، یان ئەو بەرپرسانە بەناوی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بازاڕی کار قۆرخ بکەن و بەزەییان بەو خەڵکە خێر لە خۆ نەدیو و ستەمدیدە نەیەتەوە، بەڵام ئاسایی نییە بازرگانەکان و ئەوانەی (بازرگانی بە وەکالەتی بەرپرسانن!) ویژدانی خۆیان بتۆپێنن، وەک کە دەیبینین. بەمەش هیچ پاساو و بیانوویەکی ئەو بازرگانانە شیاوی قەبوڵ نییە، چونکە وەک کیمبرلی جۆنسۆن دەڵێ «داوای لێبوردنەکەتان بە پاساودانەوە ناشیرین مەکەن»، مەگەر بەو کارەتان لە هەوڵی چەسپاندنی ئەو لۆژیکە سەقەتەی سیاسی و دەسەڵاتداران نین، کە لەو بڕوایەوە دەیانەوێ دەسەڵات درێژە پێبدەن، کە دەڵێ ئەگەر ناتوانی بڕوایان پێ بهێنی، ئەوا بیانشڵەژێنە، بۆیە هەروا لە خۆڕا نییە مۆنتسیکۆ بۆ ناسینی رەفتار و ویژدان و ئەخلاقی کەسێک، داوا دەکات دەسەڵاتی بدەینە دەست، چ جای بۆ کەسانێک کە بانگەشەی نیشتمان پەروەری دەکەن!

## منیش هەڕەشەم لێکرا و باکیشم نییە!

بەڕاستی خۆش بەزمە، ئێستا بارتەقای ئەندامی حزبەکان ئەنتی حزب و دەسەڵات لە کوردستان هەن، وای لێهاتووە هەر بابایە و دەمی دەکاتەوە و پۆز بەوە لێدەدات کە ئۆپۆزسیۆن بوون مەرجی بنەڕەتی بەرجەستەبوون و گەشەی دیموکراسییەتە، لەوەش سەیرتر ئۆپۆزسیۆن بوون بە دژە دەسەڵاتی پێناسە و تەوزیف دەکەنەوە. خۆشییەکەش ئەوەیە لەم نێوەدا و بۆ ئەوەی دیموکراسیخوازی و ئەنتی دەسەڵاتی خۆیان بسەلمێنی، باشترین ڕێگا ئەوەیە هەر کە عەقڵت نەیگرت و بۆت نەکرا ناووبانگ دەربکەیت، باشترین کار و دەرفەت ئەوەیە رستێ جنێوی تەڕ بە حکومەت و کاربەدەستانی بدەیت، یان حزب و سەرکردەکانی و کاراکتەرە سیاسییەکانی وڵات لەکەدار بکەیت، هەموو ئەوانەش تەنها بۆ ئەوەی بۆ خەڵک بیسەلمێنیت کە ئەنتی دەسەڵاتیت، بەڵام کامە دەسەڵاتە؟

بەڵێ، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، کامە دەسەڵاتە؟! ئاخر زۆرێک لەوانەی ئەمڕۆ لەناو ئەو بێسەرووبەرییەی رۆژنامەگەری کوردی و پاشاگەردانییەی نووسیندا بەناوی رەخنە (کە زیاتر لە ریقنە دەکات!!) و لە ئاوی لێڵدا مەلە دەکەن و شەڕ بە کایەی سیاسی دەفرۆشن لە پێناو ناووبانگدا، هێشتا چەمکی دەسەڵات و رەهەندەکانی بەڵەد نین، هێشتا نازانن دەسەڵات بۆ یەکەی زۆر بچووکتری کۆمەڵایەتی و کولتوری و فەرهەنگی و ئایینی کورت دەبێتەوە و لەوە حاڵی نین کە خودی نووسین و گوتاریش فۆڕمێکی دیکەی مومارەسەکردنی دەسەڵاتە بەسەر ئەوانی تردا، کەچی دێن ئاشی نەزانی خۆیان و ویستی بوونە پاڵەوان لەسەر حزب و سەرکردە و سیاسییەکان گەرم دەکەن، بەڵام لە بەرامبەر دەسەڵاتی باوک و ئایین و کۆمەڵگە و کولتوردا کائینی دەستەپاچەن و کەمترین بوێری رووبەڕووبوونەوەیان تێدانییە!!

رەنگە دوای تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان)ی قوتابی و رۆژنامەنووس، باشترین هەلێک ئەوە بێت ئەو زاتانە بڵێن هەڕەشەمان لێکراوە و ژیانمان کەوتۆتە مەترسی

و سەرزەمینی کوردستانمان لێ بووەتە دۆزەخ و سێبەری خۆمان لێ بووەتە وەیشوومە و دێوەزمەی ترس و هەر لە ئان و ساتێک دایە و ئیتر شەلاڵی خوێن دەکرێین، لەوە گاڵتەجاڕی تریش ئەوەیە بەشێک لەو زاتانەی ناو راگەیاندنی حزبەکان و دەسەڵاتیش، وەک ئەوەی هێشتا هەنبانەی بەرژەوەندییەکانیان پڕ نەبووبێت و سمێڵیان لە رۆنی حزب و دەسەڵات چەور دانەهاتبێ، خەریکە تووشی ئەو نەخۆشییە و چنینەوەی تەونی سیناریۆی ئەو کۆمیدیایە دەبن و روو قایمانە دەڵێن هەڕەشەمان لێکراوە، هەڕشەش بە چی، بە مۆبایل و ئیمەیل!!

بەداخەوە هەموو ئەو بەڕێزانە لە بیریان دەچێتەوە، یان لە بیری خۆیانی دەبەنەوە، یاخود دەیانەوێ هوشیاری و ئاگاییمان کوێر بکەن، وەک ئەوەی نەزانین لەو بازاڕە رەشەی کوردستاندا ئاسانترین شت ئەوەیە ئێوارە سیم کارتێکی علوج بکڕیت و شەو بەخۆت دابفسیتەوە (ببورن بۆ ئەو دەستەواژەیە!١) و نامەیەکی هەڕەشە ئامێز بۆ ژمارە ناسراوەکەی خۆت بنێریت و بۆ بەیانیەکەیش سیم کارتەکە فت کەیت!

یان لەوە ئاسنتر ئەوەیە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، ٢٤ هەزار ئیمەیلی ساختە بەناوونیشانی جیاواز دروست بکەیت و بۆکسی نامەکانت پڕکەیت لە هەڕەشەکانی خۆت بۆ خۆت!

بەهەرحاڵ، باوەڕ دەکەن منیش هەڕەشەم لێکراوە؟ دەزانم فشەتان بە قسەکەم دێت، باوەڕتان بێت ئەو هەڕشەیەی لە من کراوە لە هەر کێ بکرێ زراوی دەڕژێ، کەچی نە باکم پێیە و نە سکاڵاشم دەبەمە بەردەم دادوەر و نە لە رۆژنامانیش هاوار دەکەم دەمکوژ! ئەوەتا ئەو رۆژە خێزانەکەم هەڕەشەی لێکردم و گووتی: چیتر ئێواران درەنگ بێیتەوە، یان شەوانە سەرت بەسەر ئەو کۆمپیوتەرە لەعنەتییە دا بکەیت و خۆتت بیر بچێتەوە، یان واز لەو کاغەز و ماغەز و غەزەتە و مەزەتانە نەهێنی وای لە حاڵت، منیش چیم بۆ نەکرا و گووتم: بەسەر چاو خانم، بەڵام دڵم بۆ تۆ و چاوەکانم بۆ کتێب.. رۆحم بۆ ئێوە و ژیانیشم بۆ نووسین!

## نیعمەتەکانی خەون لە کوردستان!

بــە بیــرم دێ، ڕەنگــە ئێــوەش بیرتــان بێــت، جــاران بــە تەمەنەکانمــان دەیانگــووت (ئــەوەی لــە خەونــدا کەســێکی گــەورە ببینــێ بەختــی دەکرێتــەوە و پــارووی دەکەوێتــە ڕۆنــەوە)، یــا (ئــەوەی لــە خەونیــدا هیــن ببینــێ، بــاری دارایــی بــاش دەبێــت).. هــەر بەراســتی:

- شــەوێک خەونــم بــە ســەرکردەیەکەوە بینــی، بــۆ بەیانییەکــەی کچەکــەم ئۆتۆمبێلێــک خــۆی پیــا کێشــا و زۆری نەمــا بــوو بمــرێ!

- شــەوێکی تــر خەونــم بــە بــرازای ســەرکردەکەوە بینــی، بەیانییەکــەی لەســەر ســەفەر و لــە فڕۆکەخانــە بــووم هەواڵیــان دامــێ، کــە هاوســەرەکەم بــە ئۆتۆمبێلەکــەی (کــە منداڵەکانیشــم لەگەڵــی بــوون) تامپۆنــی کــردووە و بــە موعجیــزە لــە مــردن ڕزگاریــان بــوو!

- چەندیــن شــەویش لــە خەونمــدا هینــم بینیــووە و دوور لــە ڕووی ئێــوە هەنــدێ جــار وەک قــوڕ شــێلاومە، کەچــی تــا ئێســتاش هــەر قیســت و قــەرز و قــۆڵ دەدەمــەوە!

بەهەرحــاڵ، لەگــەڵ هەمــوو ئەوانەشــدا، بــەڵام ئەگــەر بــە خەونیــش بێــت، جــار جــارە خۆشــە ببیتــە بەرپرســێکی حکومــی ئــەم وڵاتــە. چونکــە ئــەوەی لــە خــەون بینیــن بــە دیــداری ســەرکردەیەک، کــە جگــە لــە چــاک و چۆنــی و چــا خواردنەوەیــەک زیاتــری تێــدا نییــە و بەیانییەکەیشــی ســەرت دەچــێ بــە بەڵایەکــدا، بــەڵام هەرنــا کــە لــە خەونتــدا دەبیتــە بەرپرســێکی حکومــی و بەتایبەتــی، کــە دەبیتــە بەرپرســێکی ئیــداری، ئیــدی خەونەکــەت پــڕ دەبــێ لــە نــاز و نیعمــەت و پــاروت دەکەوێتــە ڕۆنــەوە.. چــۆن؟

- ســەرەتا خــزم و دۆســت و ئەحبابەکانــت دەکەیتــە بەرپرســی ژمێریــاری و حیمایــە و شــوفێری تایبــەت و نهێنــی پارێــزی کۆمپیوتــەر و هۆبــە و بەشــە هەســتیارەکانی دەزگاکــەت!

- هــەر زوو پارچــە زەوییەکــی عەیــار بــە ســەرپێچی و لــە ڕێــگای کەســێکی نزیکتــەوە لــرف دەکەیــت و پڕۆژەیەکــی خنجیلانــەی بازرگانــی لەســەر دروســت دەکــەی، ئەمــە

وەک دەغیلـەی ڕۆژانـەی منداڵـە نازانەدەکانـت!

– دەسـت دەکەیـت بـە پرۆسـەی چاکسـازی و گۆڕانـکاری لـە بەرپرسـی فەرمانگـە و بەڕێوەبـەری دەزگا گرنگەکانـی سـنوورەکەت و خزمەکانتـی تێدەپەسـتی!

– هاوسـەرەکەت لـە فەرمانگەیـەک دەکەیتـە بـن دیـوار و بـۆ ئـەوەی تـۆڕی بەرژەوەندییەکانـت فـراوان بکەیـت، کـچ و کـوڕی فـلان بەڕێوەبـەری گشـتی و فیسـار وەزیـر دەکەیتـە بەرپرسـی فەرمانگەیـەک، بـۆ ئـەوەی جـار جـار لـە سـەرەوە شـەفاعەتت بـۆ بکـەن!

– لەسـەر حیسـابی زەوی و زار و موڵکـی خەڵکـی بێدەسـەڵات، دەسـتی پـڕۆژە بازرگانییەکانـی کاربەدەسـتان و دەستڕۆیشـتووان دێنیتـە شـارەکە و کارئاسـانی موسـاتەحە و ئـەو شـتانەیان بـۆ دەکـەی. جـار جاریـش بـۆ نیشـاندانی دڵسـۆزی و یاساپارێزی، ملـی هاووڵاتییەکـی نـەدار و بێنـەوا و کرێچـی، لەسـەر کۆڵیتێکـی تەجاوز دەکـەی بـە پەتـی پۆلیـس و دادگا!

– بـۆ شـان بـادان و فـس فـس پاڵەوانـی نـاو کەناڵەکانـی میدیـاش، عەریزەنووسـێکی خـۆ بـە ڕۆژنامەنـووس کـردوو بـە بـن دیـوار دادەمەزرێنیـت و زوو زوو فـوی پـارەی پیـا بکـە، بـۆ ئـەوەی لەلایـەک دەسـکەوتەکانت بـۆ خەڵـک بگوازێتـەوە، لەلایەکـی تریـش جـار جـار شـەڕی بـە وەکالەتـت بـۆ بـکا، بـە مەبەسـتی مـل شـکاندنی بەرپرسـێکی هاوتـای خـۆت!

– هـەوڵ دەدەی دەمـی یـەک دوو بەرپرسـی حزبـی ناوچەکـە چـەور بکەیـت، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر بەردێکـت هاتـە ڕێـگا لای بـدەن و لەنـاو ئۆرگانەکەیانـدا خـۆت لەسـەر بگۆڕنـەوە.. بـۆ ئەمـەش جـار جـارە وەک شـەریکە بەشـی پشـکی نێـو داهاتـی تەنـدەر و پـڕۆژەکان، ناڕاسـتەوخۆ دەیانکەیتـە دەلالـی دۆزینـەوەی کۆمپانیـا و بەڵێنـدەر، بـۆ ئـەوەی تەنـدەری پڕۆژەکانیـان بدەیتـێ و بەشـی خۆتـان ببـەن!

– دەرفەتیشـە قەرەبـۆی نەخوێنـدەواری و بـێ بڕوانامەیـی بکەیتـەوە و کۆلیژێـک تـەواو بکەیـت و بـە دوایـدا ماسـتەرێک وەرگـری و ڕۆژگارێـک ببیتـە پسـپۆر و تایبەتمەنـد و عیلـم و مەعریفـە بـە خەڵـک بفرۆشـیتەوە!

– لـە هەمـوو بۆنەکانـدا، دەسـەڵاتەکان و بـە تایبەتـی سـەرۆکایەتی لیژنـەی دارایـی و خەرجـی کۆنتـڕۆڵ دەکەیـت و پاڵەوانـی شاشـەکانیش بـۆ خـۆت دەبیـت!

– بـە بـڕە پـارەی قەبـە قەبـە و لـە دەرەوەی شـار و ناوچەکـەی خـۆت دەچیتـە نـاو

پرۆژەکانــی بازرگانــی و وەبەرهێنــان!

– چونکــە کۆمەڵگاکەشــت حوکــم لەســەر رووخســار دەدا، ئیتــر لــە دژی گووتــاری کرانــەوەی هێــزە نوێگەرەکانــی کۆمەڵــگا، دەبیتــە دۆســتی گیانــی بــە گیانــی هەنــدێ پیــاوی ئایینــی و بەرگری لــە پرۆژەکانیــان دەکەیــت و لــە پێشــی پێشــەوەی جەماعــەت ریــز دەبەســتی و ســەرت بچــێ، رۆژوو و نوێــژت ناچــێ!

– بــە حوکمــی ئــەوەی ریــش ســپی حکومەتیــت لــە ناوچەکــە، ســەکۆی چالاکــی قوتابیــان و خوێنــدکاران و لاوان و گەنجــان و ژنــان و ئافرەتــان و ســەنتەرە رۆشــنبیری و کۆمەڵــە هونەرییــەکان و رێکخراوەکانــی بەنــاو کۆمەڵــی مەدەنــی، بــۆ فرۆشــتنەوەی دروشــمەکانی کوردایەتــی و شاباشــکردنی دەســکەوت و خزمەتگوزارییــەکان و هوتافــی تــر قــۆرخ دەکەیــت!

– خــۆ ئەگــەر نــەک هــەر لــە خەونەکەتــدا، بگــرە لــە واقیعیشــدا لوتکــەی حــزب و حکومــەت لــەو عەنتەریاتەشــت بێــدار بوونــەوە، مەترســە و دڵ لــە دڵ مــەدە، چونکــە ســزایەکی مەعقولــت دەدەن. ئیتــر یــان بــە مووچــەی خــۆت و بەبــێ لێپرســینەوە لــە داهاتەکانــت دەتنێرنــەوە ماڵــەوە، یــان ئەوەتــا پلەیەکــی وەزیفــی بەرزتــرت پــێ دەبەخشــن و دانیشــە بەخێــر!

– ئیتــر وایــە، نــەک لــە خــەون، بەڵکــو لــە واقیعیشــدا نموونــەی لــەم چەشــنە بەرپرسانەشــمان هــەس گەلــۆ!

## هەمیشە بە یەکەوە بووین
## و بە یەکەوە دەبین

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئەو پانتاییە جێ بهێڵین و پشوویێک بدەین، هەم بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە بێت و قسەکانی تێدا بکات، هەمیش بۆ ئەوەی تووشی دووبارەبوونەوە و خۆ جوینەوەیەکی تاقەت پڕوکێن نەبین و لەگەڵ خۆماناد خوێنەر بێزار نەکەین، بۆیە ئەم گۆشەیە دوا گۆشەی (گەندە) دەبێت و کەی و لە کوێشدا پێویست بوو، دریغی لە رووناک کردنەوەی رووپەڕەکانی ئەو هەفتەنامە خنجیلانەیە ناکەین، ئەویش لەو بڕوایەی کە برادەران لە هەفتەنامە و بەشەکانی دیکەی زاری کرمانجی، بەشی ئەوە گیانی وەرزشیان تێدایە پانتاییەک بۆ قسەکانمان بهێڵنەوە .

ئومێدەوارم کەم تا زۆر لەو ماوەیەدا توانیبێتمان شتێک بڵێین و باسێک بوروژێنین، جیاواز لە شتەکانی پێشووترمان، ئەگەریش لە دێرێکدا کەسێکمان بریندار کردبێت، با بە گەورەیی خۆی بمان بەخشێ، خۆ ئەگەر بابەتەکانیش سوودێکیان هەبووبێت و خوێنەر بە بێزارییەوە لاپەڕەکەی ئاودیو نەکردبێ، ئەوە بۆ ئێمە شانازییەکە .

رەنگە لە گۆشەیەکی وا بچووک و لە بڵاوکراوەیەکی هەفتانەدا مرۆڤ بۆی نەکرێ فریای کۆی شت و دیاردەکان بکەوێ و لە بارەیانەوە قسە بکات، تەنانەت دوور نییە زۆرجاریش وەکو پێویست لە قسەکردن لەسەر حاڵەت و دیاردەیەکی نەشیاوی نێو کۆمەڵگە، نەمانتوانیبێ سەد دەرسەد مەبەستەکان بپێکین، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە هەموو حاڵەتەکان ئامانجی سەرەکی ئێمە گەیاندنی پەیامێک بووە، نەک نووسین لە پێناو نووسین و بەس.

لە دوا وێستگەی گۆشەکەماندا پێمان باش بوو قسەیەک بۆ ئەو گەنجانە بکەین، کە پڕن لە گڵەیی و بێزاری لە دەوروبەریان و خەوشەکانی خۆیان نابینن و تا دێت بەم بیرکردنەوە و هەڵوێستانەیان، هێندەی تر رۆحی گەنجێتی دەکوژن

و لاوان لەبەر دیدەی خەڵکدا ناشیرین دەکەن.

هەموومان پێمان ناخۆشە لەسەربانی دراوسێکانمان چاو ببڕنە نێو حەوشەمان زوومی چاویان بخەنە سەر کچەکانمان، هەموومان بەوە سەخڵەت دەبین لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا کەسێک بەبێ بۆنە توانج بگرێتە دایک و هاوسەرەکانمان، هەموومان خوێن دەرژێتە چاومان کەسێک بە ئەنقەست و بۆ سوکایەتی رێ لە خوشکەکانمان بگرێ، کەوابێت بۆ دەبێ ئێمە رێگە بە خۆمان بدەین و ئەو بەمافە بۆ خۆمان حەڵاڵ بکەین، سەرئێشە بۆ دایک و هاوسەر کچ و خوشکی ئەوانی دی دروست بکەین؟

بە داخەوە زۆرینەی خێزانەکان ئەو رۆژە زراویان دەرژێ، کە دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە و ساڵی نوێی خوێندن دەست پێدەکات، بە تایبەت ئەوانەی کچ و خوشکەکانینا قوتابین، ئاخر ئەوەندە لاوی لاساری هیچ نەدیوی بێکاری تەشقەڵە فرۆشمان هەن، کە رۆژ نییە لەسەر رێگای قوتابخانە و نێو کوچە و کۆڵانەکان قوتابییە کچەکان بێزار نەکەن، هەیانە بیست و چوار سەعاتی خوا بە ئۆتۆمبێل بەر دەرگای قوتابخانەی کچانی بۆ (ترای) تاپۆ کردووە، هەیانە وەک راوچی لە پارێزی تەواوبوونی دەوامی قوتابخانەی کچان سیلەی کۆڵان و کوچەکان بەرنادات و وەک شونهەڵگر راوی سێبەری کچەکان دەکات و بێزاریان دەکات، ئیدی هەر یەکە و بە شێوەیەک.

بەهەرحاڵ لەو ماوانەی رابردوودا لە دەڤەرەکەی ئێمە چەندین لاو لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران، لەبەرئەوەی رێیان بە کچان گرتووە و بەر دەرگای قوتابخانەی کچان بەرنادەن، لەو برادەرە ئازیزانە دەپرسین، ئەگەر راست دەکەن بۆ چرکەیەک خوشکەکانتان بێننە شوێنی ئەو کچانەی رێیان پێدەگرن، بزانن هەڵوێست و کاردانەوەتان چی دەبێت.. تکایە بەر لە سەیرکردنی زلی چاوی خەڵک، کاریتەی چاوی خۆتان دەربێنن و ماڵئاوا!

گۆشەی (ستێرك)

# كلاورۆژنەیەك بە ڕووی ئاسۆ

هەفتەنامەی (ئەڤرۆ)

## ستێرك، پردی پەیوەندی و ئاشنایەتی

«ستێرک»، یان ئامانج، گۆشەیەک دەبێت و لە ڕێگەیەوە قسەگەلێک لە بارەی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی دەکەین، بێگومان لە پشتی ئەم قسانەشەوە ستێرک و مەبەستێک هەیە، کە ئەویش هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی لە ئاستی ئێستا و ئایندەی کۆمەڵگاکەمان، بەو پێیەی ئەرکی هەر یەکێکمانە لە شوێنی خۆی و بە گوێرەی توانا و شارەزایی و پێگەی خۆی، بەشێک لەو بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتی و مۆرالییەی، کە لە بەرامبەر کۆمەڵگاکەی لە ئەستۆیەتی رابپەڕێنێ.. ئەویش بە نیازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستی دوور لە کێشە و گرفت و ئاڵۆزی، کۆمەڵگایەک تیایدا پەروەردەی کۆمەڵایەتی شارستانی و پەیوەندییە نێوخۆییەکانی لەسەر ئاستی تاک و گروپ و کایەکان ئاراستەی دروست و راستەقینەی خۆیان وەربگرن.. کۆمەڵگایەک بە هەموو لایەکمان تێیدا بەشدار بین لە ئامادە کردنی کەسایەتی تەندروست و پەروەردە و پەیوەندی ساخلەم و دروست کردنی پردی تەبایی کۆمەڵایەتی و بە یەکەوە ژیان و کردنەوەی فەزایەکی ئازادتر لە رووی سیاسی، کۆمەڵگایەک ئاسۆکانی بیر کردنەوە و ڕوانینی روون و کراوەتر بن و تۆزی مێژوو و نەریت گەرایی لە شانی ماندووی خۆی بتەکێنێ و بە بڕوا و ئیرادەیەکی پتەو و پشوو درێژی و گەشبینیەوە بڕوانێتە ئایندەی خۆی و هەنگاو بۆ دوا رۆژێکی پڕشنگدار بنێت.. دڵنیاشم لەو راستیەی، کە هەر یەکێک لە ئێمە بە گوێرەی توانست و پێگەی خۆی دەتوانێت بەردێک بخاتە سەر ئەم بناغەیە، ئەوە ئەگەر لە دونیا بینی و ناخیدا، لە خەیاڵ و ئەندێشە و بیر کردنەوەیدا، پڕۆژەیەک بۆ مرۆڤ و ژیاندۆستی هەبێت.

کەوابێت ستێرک تەنها هەوڵ و سەرنجی کەسێکە بەو ئاراستە و مەبەستە، هەرگیزیش ئەو سەرنج و تێبینیانە ناچنە خانەی تەلقین و پێشڕەوی، بەڵکو بەشێکن لەو بەرپرسیارێتیەی، کە پێویستە هەریەکێکمان لە ئاست ڕاپەڕاندنیدا بین.

ستێرک بەو هەناسە و بڕوایە و بە متمانەوە پەنجەرە بەسەر ئەو بابەتانە دەکاتەوە و تێگەیشتن و سەرنجەکانی لەبارەیانەوە دەخاتە ڕوو، ڕەنگە لە شوێنێکدا پڕ بە پێستی خۆی بێت، لە شوێنێکی تر زیادەڕۆیی تێدا بێت، لەوانەیە لە بۆچوون و شرۆڤەیەکدا ئامانج بپێکێ و لە یەکێکی دی هەڵە بکا و کورتی بێنێ.

بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە کە ئەم گۆشەیەش لەتەک نووسینەکانی تردەلیڤە و بوارێک بێت بۆ گفتوگۆی زیاتر، دەروازەیەک بێت تاکو لێیەوە ئەوانی دی و لەسای ئەو کرانەوە و فرە مینبەریەدا، کە لە کوردستان هەیە و جۆرێک لە بۆنی ئازادی پێوە دەکرێ و و برێک لە دیموکراسیەتی بە سیماوە دەبینرێ بێنە گۆڕەپانەکە و هەموومان بە یەکەوە هاوکار بین لە قوڵکردنەوەی مەودا و ماناکانی ئازادی دیموکراسی و قبوڵکردنی جیاوازی و سنوور دانان لەبەردەم هەموو ئەو تابۆ و تەوتەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی دەمێکە بەناو و بەرگ و ماسک و بیانوی جیاجیاوە دەیانەوێ مرۆڤ بوونمان لێ زەوت بکەن و خەونە جوانەکانی ژیانمان بکوژن..

دواجار دەمێنێتەوە بڵێین، کە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە هەر یەکێکمان لە جیاتی نەفرەت کردن لە تاریکی، پێویستە هەمیشە هەوڵ بدەین و بیر لە داگیرساندنی چرایەک بکەینەوە بۆ ڕووناک کردنەوەی ئەمڕۆ و سبەی ژیانی کۆمەڵگاکەمان و دروستکردن و بەرهەمهێنانی تەباییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هاوچەرخ، کە لەگەڵ پێدراوەکانی سەردەم و قۆناغی ئەمڕۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بگونجێ و بێتەوە.

## پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

١

بۆ قسەکردن لەسەر هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەبێ گەڕانەوە بۆ زانستی کۆمەڵناسی، بابەتەکە کەم بایەخ دەردەچێت، ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لەو گرفتانەی کوردی بەدەستییەوە دەیناڵێنێ، بۆیە وەک راگوزەرێکی خێرا و بۆ باشتر کردنی بابەتی گۆشەکان و چاکتر پێکانی ئامانج و مەبەستی نووسینەکان، هەروا بۆ زەمینەسازی و رێگا خۆشکردنی زیاتر بۆ خوێنەر، تا لە گرنگی بابەت و تەوەرەکانیان بگات، کە پەیوەندی بە ژیان و چارەنووسی خۆیەوە هەیە، خراپ نییە ئەگەر بە شێوەیەکی سادە و سەرەتایی و بە خێرایی چاوێک بەسەرچییەتی ئەو زانستە و رەهەند و بایەخدانەکانی بخشێنین.

بەراورد بە دیرۆکی مرۆڤایەتی، کە تەمەنی بۆ ملیۆنان ساڵ دەگەڕێتەوە، سەرەڕای بوون و بەردەوامی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و کۆششی بیرمەندان بۆ راڤەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەها و دیاردە و پەیوەندی و ئارێشەکان، کەچی زانستی کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا)، وەک زانستێکی سەربەخۆ و هاوکات کاریگەر و کارتێکراو لە پەیوەندیدا لەگەڵ زانست و کایەکانی تردا، تەمەنی بۆ سەدە و نیوێک دەگرێتەوە. ئەگەر ئەوە بۆ دونیای پێشکەوتوو تازە بێت، ئەوا بۆ ئێمەی کورد لەپەڕی تازەیی دایە و کورد کەمتر گرنگی بەو زانستە هەستیارە داوە، لەوە خراپتر ئێستاشی لەگەڵ دابێت و لەتەک هەموو ئەو گەشە و پێشکەوتنە هەمەلایەنانەدا، کەچی کۆی کێشە و دیاردە و گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا خوێندنەوەی سیاسییان بۆ دەکرێ و هەروا چارەی سیاسیشی بۆ دەدۆزرێتەوە.

بەگوێرە سەرچاوە مێژووییەکان «ئۆگست کۆنت» بە باوکی ئەو زانستە دەناسرێت، بەڵام لە گکۆنت»ەوە تا ئەمڕۆ و بە گوێرەی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان و بە پێی فرەیی قوتابخانەکان و جیاوازیان لە دونیابینی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چەمکەکە خوێندنەوەی جیاواز و

هەمەجۆری بۆ کراوە. بەڕای ئێمە دوای ئەو هەموو هەڵچوون و داچوونە دەکرێ لە نێو هەموو ئەو خوێندنەوانەدا، بۆ دوو پێناسە بگەڕێینەوە، کە هەر یەکە لە گجۆنسن» و «مۆرس کنیزبیرک» بۆ سۆسیۆلۆژیا کردوویانە.

«جۆنسن» دەبێژێ: (کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە، کە توێژینەوە لەلایەنی وێنە، یان نموونەی رێکخستنی نێوخۆیی کۆمەڵ و گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەو کردانەی بەردەوامی و گۆڕان بەو وێنە و رێکخستنە دەبەخشن، لەگەڵ پەیوەندی نێوان ئەو گروپانە).

هەرچی «کنیزبیرک»ـە پێی وایە: ( کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە، کە لە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و فاکتەر و دەرەنجامەکانیان دەکۆڵێتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەشی چەند ئاستێکی جیاوازی پەیەندی لەخۆ دەگرێت، وەک پەیوەندی تاک-تاک، تاک-گروپ، گروپ-گروپ).

گرنگی و بەهای کۆمەڵناسی لەوێدایە، کەوا کار لەسەر کۆمەڵگا دەکات بە کۆی یەکە و پێکهات و بەها و دیاردە و ستراکتۆر و پەیوەندییەکانی، یەکێکیش لەو بوارانە، کە ئەو زانستە بایەخی زۆری پێداوە و دەدات (خێزان)ـە.

لەو روانگەیەش کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەستیارترین تەوەری گرنگی پێدانی کۆمەڵناسییە و دەسپێکێکی پڕ بەهایە بۆ بەرهەمهێنانی تاک و کۆمەڵگایەکی ساخلەم، هەروا لەبەر ئەوەی خێزانیش بە پردی یەکەمی سەرخستنی پرۆسەکە دادەنرێت، بۆیە پێویستە لەلای ئێمەش پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و خێزان (التنشئە الاجتماعیە والاسرە) بایەخێکی زۆرتری پێ بدرێت.

دیارە قسەکردن لەسەر سروشت و چۆنیەتی ئەو پرۆسەیەش لەناو کۆمەڵگای کوردەواری فرە زەرورە، تا لە میانی ئەو زانستە و گرنگی پێدانەکانی و بەتایبەتی، تەوەری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بتوانین دیوی ئەرێنی و نەرێنی و کاریگەرییەکانی ئەو پێگەیاندنە لە توێی سروشت و چییەتی پەیەندی و مامەڵەی خێزانی کورد لەگەڵ ئەندامەکانی بخەینەڕوو. چونکە بە گوێرەی توێژینەوەکان دەرکەوتووە، کە منداڵ لە چوارچێوەی خێزاندا و لە رێگای تێکەڵاوبوون و جۆری پەیوەندی دایک و باوک و ئەو شێوازە پەروەردە و فێرکردنەی لێیانەوە وەریان دەگرێت، کۆمەڵێ بەهای جۆراوجۆر فێر دەبێت، کە بەهۆیانەوە گونجانی کۆمەڵایەتی لەتەک ئەوانیتر و دڵنیایی و بڕوا بەخۆبوون و سەرکەوتن و پەیوەست بوون بە

ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی تەندروست و متمانەی بۆ دروست دەبێت، بێگومان ئاستی کاریگەری و رەنگدانەوەی ئەرێنی و نەرێنی ئەو پرۆسەیەش پەیوەستە بە ئاستی هوشیاری و رۆشنبیری و جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسی ئەو کۆمەڵگایەی، کە منداڵ و خێزانەکەی تێدا دەژییێت.

٢

ئەوەندە بەس نییە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا تەنها پشت بە هەلومەجی کۆمەڵایەتی ببەستین، بەڵکو لەگەڵ ئەویشدا لایەنی دەروونی تاک بۆ خۆیشی فاکتەرێکی تری پرۆسەکەیە، ئەگەرچی ئەو راستییەش دەزانین خودی پێکهاتی کەسایەتی هەر تاکێکیش دواجار دەکەوێتە ژێر کاریگەری و فاکتەرەکانی ژینگە و بۆ ماوەیی نێو خێزان، بەڵام لەهەردوو حاڵەتدا شتێک کە زۆر گرنگە و بەشێکە لە فاکتەر و میکانیزمی پێگەیاندن و لە دیوی کۆمەڵایەتی و دەروونیدا جەختی لەسەر دەکرێتەوەن شێوازی پەروەردەکردنە، بۆیە خۆبواردن لە گرنگی ئەو کردەیە ئاکامێکی تەواومان لەبارەی سەرنج و بابەتەکان ناداتە دەست.

بێگومان پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی زێدە هەستیار و ئاڵۆزە، هاوکات درێژخایەن و فرە رەهەندە..ئەو پرۆسەیەش بە گوێرەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسی و ژێرخانی ئابووری هەر کۆمەڵگایەک کارتێکراوی ژێر چەندین لایەن و بوار و دەزگا و دامەزراوە و هەلومرجە، هەر یەکێکیش لەو کارتێکەر و هۆکارانە لە شوێنی خۆیان رۆڵی باش و خراپ لە سەرخستنی پرۆسەکەدا دەبینن.

یەکەمین و دوا ئامانجی پەروەردە کە فێرکردن و راهێنانی تاکەکەس و ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی کەسایەتییە، بەردەوام جێگەی گرنگی پێدان بووە، بۆیە کە تەماشا دەکەین دەبینین زۆرترین و زیاترین هەوڵ و کاری کۆمەڵگا بەسەرجەمی یەکە و دامەزراوە جیاوازەکانی خۆی، کە رۆڵ لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیی بووندا دەگێڕن، لە پێناوی ئەو پرۆسەیە تەرخان دەکرێن..دیارە هەر دەرکەوتە و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش لە خودی تاکەکەسدا، کە بەشێوەیەکی جوان یان ناشیرین رەنگ بداتەوە، ئەوە بەرهەمی جۆر و شێوازی ئەو پەروەردەیەیە، کە منداڵ لە خێزان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەکانی تر، بەگوێرەی تەمەن و قۆناغەکانی ژیان و لە میانی تێکەڵاوبوون و پەیوەندییەوە وەریان دەگرێت.

لــەم نێــوەدا و لەسەرخســتنی پرۆســەی پێگەیاندنــدا، هوشــیاری کۆمەڵایەتــی و ســەقامگیری سیاســی و بارودۆخــی شــیاوی ئابــووری کاریگــەری بەرچاویــان هەیــە، کــە بــە هۆیــەوە پــەروەردە و راهێنــان و فێرکــردن ئــاکام و ئامانجــی پێویســت و راســتەقینە و ویســتراوی خۆیــان بەدەســت دێنــن، یــان نا..بۆیــە کاتێــک بمانــەوێ قســە لەســەر پێگەیاندنــی کۆمەڵایەتــی بکەیــن، پێویســتە رۆبچینــە قوڵایــی و بــاس لــە رەگــە مێژوویــی و کولتــوری و سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی ئــەو کۆمەڵگایــە بکەیــن، کــە تــەوەری بابەتەکەیــە. چونکــە پرۆســەی پــەروەردە و پێگەیانــدن لــە ســای دوو کۆمەڵــگای جیــاواز لــە ســتراکتۆری کۆمەڵایەتــی و ژێرخانــی ئابــووری و شــێوازی حوکــم، بەبــێ هیــچ گومانێــک جیاوازییەکــەی ئاســمان و رێســمانە، ئــەو پرۆســەیە لــە ســای کۆمەڵگایەکــی کــراوەی خۆشــگوزەرانی خــودان سیســتەمێکی دیموکراســی و دامەزراوەیــی، تــا ئەوپــەڕی ئــاکام و دەرەنجامەکانــی پێچەوانــەی بەرهەمــی ئــەو شــێوە پێگەیانــدن و پەروەردەیــەن، کــە لــە ســێبەری کۆمەڵگایەکــی داخــراو و نەریتخــواز و هــەژار لــەڕووی ئابــووری و خــاوەن دەســەڵاتێکی دیکتاتــۆری بەڕێــوە دەچــن.

کەوابــوو پرۆســەی پێگەیاندنــی کۆمەڵایەتــی فــرە رەهەنــدە و رەگەکانــی شــۆڕ دەبنــەوە نێــو ســتراکتۆر و هەلومەرجــی ئابــووری و رەوشــی سیاســی کۆمەڵــگا و پانتایــی دەروونــی و هەڵچوونەکانــی خــودی تاکەکــەس خۆیشــی، کــە دەبــێ لــە کــردەی پروەردەکردنــدا هەمــوو ئــەو بوارانــە لەبەرچــاو بگیرێــن و خوێندنــەوەی ورد و زانســتی و لۆژیکیــان بــۆ بکــرێ، چونکــە بەبــێ بوونــی ئــەو خوێندنــەوە هەمەلایەنــە، ئامانجــی پێویســت و ســەرەکی ناپێکیــن، کــە هەمــوو ئەمانــەش لەنــاو کۆمەڵــگای کــوردی و بــە حوکمــی هۆکارگەلــی مێژوویــی و سیاســی جێگــەی پرســیار و تێڕامانــن، کــە رەنگــە ئــەم گۆشــەیە بەرگــە و بارتەقــای ئــەو هەمــوو بوارانــە نەگــرێ و نــەکات، لەبــەر ئــەوە زێدەتــر لێــرەدا و لــە میانــی گۆشــەکەماندا لەبــارەی هــەر دیــاردە و دەرکەوتەیــەک چەنــد ســەرەقەڵەمێک دەخەینــەڕوو، ئیــدی ئــەوەی تــر، ئــەوا کاری پســپۆر و شــارەزایانی بــواری کۆمەڵناســی و دەروونناســییە، کــە توێژینــەوەی زانســتییان لەبــارەوە بکــەن.

# خێزان وەك قوتابخانە

١

ئەزموونــی ژیانــی مرۆڤایەتــی ئــەو راســتییەی ســەلماندووە، کــە ئــەو کۆمەڵگایانــەی تــازە لــە وێســتگەی ئارامــی و حەســانەوە و دڵنیایــی دان و دەیانــەوێ ئاســۆیەک بەڕوویانــدا بکرێتــەوە و بکەونــە ســەر راســتە رێــی پێشــکەوتن و گەشەســەندن، لەتــەک بەرزکردنــەوەی ئاســتی هوشــیاری تیــۆری، پێویســتی زۆرتریــان بــە پــڕۆژە و پــلان و کار هەیــە، وەک لــە تیــۆر و تەنزیــر، لەوانەیــە کــوردەواری ئــەو کۆمەڵگایــەک بێــت، کــە لەهــەر کۆمەڵگایەکــی تــر زیاتــر پێویســتی بــەکار و کــردەوە هەبێــت لــە پرۆســەی گۆڕانــدا، بەتایبەتــی کــە تــازە خەریکــە پــێ دەنێتــە قۆناغێکــی نوێــی ژیــان و ســەرەتای ئەوەیتــی کــە بناغــەی ئاییندەیــەک بەدەســتی خــۆی، بــۆ خــۆی و نەوەکانــی دابنێــت، ئاخــر ئــەوەی بــۆ نەتــەوە و گەلانــی تــر رەخســاوە، نیــو ئەوەنــدە دەرفــەت و زەمینــە بــۆ کــورد نەڕەخســاوە و لەبــار نەبــووە، تاکــو لەســەرجەمی کایــە و لایەنەکانــی ژیانیــدا کار بــۆ پێشــکەوتنی خــۆی بــکات.

ئــەوە بەتەنهــا بــواری کۆمەڵایەتــی نەبــووە و نییــە کــە بزاوتــی ژیــان و نوێبوونــەوەی لــە کــورد کوشــتوە، بەڵکــو لــە بەرامبــەر ئەوەشــدا ژێرخانێکــی ئابــووری داتەپیــو و رەوش و زەمینەیەکــی سیاســی خنــکاو ئەوەنــدەی دیکــە کاریــان لەســەر هێشــتنەوەی کــورد لــە بارودۆخــی دواکەوتوویــدا کــردووە. کــورد لــە مێــژووی دوور و درێــژ و نزیکــی خۆیــدا شــەڕێکی قــوڕس و درێژخایــەن و هەمەلایەنــەی لەســەر ئاســتەکانی کولتــور و فەرهەنــگ و شــوناس و نیشــتمان لــە دژدا بەرپاکــراوە، هــەر هەمــوو ئــەو شــەڕانەش بــە ئامانجــی سڕینەوە و لــە ژیان و مــرۆڤ خســتنی کــورد بوونــە، ئــەو شــەڕانە چەنــدە لەســەر بنەمــای سیاســەتی کوشــتنی جەســتەیی و جینۆســاید و قڕکــردن و ســوتاندن و رووتاندنــەوەی سروشــتی وڵاتەکــەی بوونــە، هێنــدە و زۆر زیاتریــش دوژمنــان لەســەر ئاســتی پەروەردەیــی و کۆمەڵایەتــی و کولتــوری هێرشــیان کردۆتە ســەر پێکهاتەی کەسێتی تاکی کورد و شــێواندن و کوێرکردنی هوشــیاری تاکەکــە و تێکدانــی شــیرازەی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــی، کەچــی لەگــەڵ هەمــوو

ئـەو درندەیـی و هۆڤیێتیـەی داگیرکەرانـدا کـورد توانیویەتـی دەسـت بـە رەگـی ژیـان و مانـەوەی خۆیـەوە بگرێـت، هـەر هیـچ نەبێـت لـەم پرۆسـەی بەرخۆدانـەدا خێزانـی کـورد شـەرەفی یەکەمـی ئـەو خۆڕاگرییـەی بەرکەوتـووە، بـەڵام قۆناغـی ئەمـڕۆ پێـدراوی تـری هەیـە، رەوشـی کۆمەڵایەتـی و هەلومەرجـی سیاسـی ئێسـتا داخـوازی و ئەرکـی دیکـەی پێویسـتە، نـەوەی نوێـی کـوردی دوای راپەڕیـن و پێشـکەوتنە خێراکانـی ئەمـڕۆی دونیـا خـەون و خولیاکانـی جیـاوازن، کـە هەمـوو ئەمانـە داوای کرانـەوەی زیاتـری خێزانـی کـوردی دەخـوازن، هـاوکات ئومێـدی زیاتـر بەرفراوانکردنی مەوداکانـی ئـازادی و سـنورداری قەدەغـەکان دەکـەن، بۆیـە لـەم سـتێرکەوە دەبـێ خێـزان بەسـەرجەمی سیسـتەمی بیرکردنـەوە و جـۆری پـەروەردە و پەیوەنـدی و مامەڵـە و رەفتـاری خۆیـدا بژێتـەوە، هـەروا دەبـێ دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتـی بـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـەی دەسـتبەرداری هەژمـوون و دونیابینـی چەقبەسـتوو و نەریتگەرایـی خۆیـان بـن.

ئەگـەر جـاران و تـا ماوەیەکـی زۆریـش لـە کوردەواریـدا خێـزان مەحکومـی بڕیـارە رەهـا و پاتریاکییـەکان بووبێـت و سیسـتەمێکی شـاقوڵی رەفتـار و بیرکردنـەوە و شـێوازی پـەروەردە و جـۆری پەیوەنـدی ئەندامەکانـی ئاراسـتە کردبێـت و بـۆ سەرخسـتنی ئـەو پرۆسـەیەش پەنـای بردبێتـە بـەر شـێوازگەلی ترسـاندن و چاولـێ سـوورکردنەوە و تۆقانـدن و توندوتیـژی و سـوکایەتی پێکردنـی تاکەکـەس وکۆیلەکـردن و دەمبەسـتکردن و خەسـاندنی ئـەو تاکـە و دونیایـەک دیـوار و تەلبەنـد و تەوتەمـی بـەدەوردا کێشـابێت و رەفتـار و بیرکردنـەوەی سـنوردار کردبێـت، ئـەوا ئەمـڕۆ دەبـێ هەڵسـوکەوتی شارسـتانی و پەیوەنـدی مرۆییانـە و پـەروەردەی دیموکراسـی و رەفتـاری مەدەنـی و ژیاندۆسـتانە ببێتـە بەشـێک لـە سیسـتەمی بیناکردنـەوەی خێـزان و تـاک، ئەویـش بـە ئامانجـی بەرهەمهێنانـی کەسـایەتییەکی تەندروسـتی بەرهەمهێـن و دوور لـە مەیلـی شـەڕانگێزی و توندوتیـژی، بێگومـان لـەم نێـوەدا و لەتـەک خێزانـدا پێویسـتە کـۆی هۆکارەکانـی بـە کۆمەڵایەتـی بـوون و دەزگا کۆمەڵایەتییـەکان و سیسـتەمی سیاسـی هـاوکاری خێـزان بـن لـە سەرخسـتن و بـە ئـاکام گەیاندنـی پرۆسـەی گۆڕانـی کۆمەڵایەتـی بەدیـوە شارسـتانی و پۆزەتیفەکەیـدا.

سەرجەمی راستییە دیرۆکی و ئەزموونە مرۆیی و لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە خێزان بەردی بناغە و بڕبڕەی پشتی بەرهەمهێنان و ئامادەکردنی کەسایەتییەکی تەندروست و کۆمەڵگایەکی بەختیار دادەنرێ، کە تیایدا لەلایەک تاک هەست بە ئەرک و بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات، لەلایەکی تریش بوون و بەهای مرۆییانە لەو چوارچێوەیەدا بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، چونکە تاک (منداڵ) لە سنوری خێزاندا کۆمەڵێ بەها و نۆرم و بیروباوەڕ وەردەگرێ، کە بەرهەمی هوشیاری کۆمەڵایەتی و کولتوری باو و سیستەمی سیاسی و ژێرخانی ئابوورییە، خودی ئەو بەهایانەش لە میانی شێواز و ڕێگا و میکانیزمی هەمەچەشنە وەردەگرێ، کە خودی کۆمەڵگا و لەسای تێگەیشتنی باو دەقی پێوەگرتووە، یان بڕیاری لەبارەیەوە داوە، بێگومان لەم نووسینانەشدا زیاتر مەبەست خێزان و کۆمەڵگای کوردی و ئەو بونیاد و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و رەوشە ئابووری و هەلومەرجە سیاسییەیە، کە تێیدا ژیاوە و دەژێیت.

دیارە بەبێ رەچاوکردنی ئەو واقیعە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی، کە کورد تێیدا رەت بووە و رەت دەبێت، هەڵەیەکی میتۆدی گەورە دەکەین ئەگەر بە بڕیارێکی رەهای پێشوەختە هێڵێکی چەوت بەسەر کۆی بونیاد و سیستەم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانماندا بهێنین، چونکە ئەو بڕیارە رەها و راگوزەرە رەنگە تووشی هەڵەی ترمان بکات، لەبەر ئەوە هەر قسەکردنێک لەم بارەیەوە دەبێ رەهەندە شاراوەکانی لەبەرچاو بگیرێن، تاکو بتوانین بگەینە دەرەنجامێکی شیاو لەبارەی تەندروستی و ناتەندروستی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی و دەستنیشانکردنی بۆشایی و هۆکارەکان و دۆزینەوەی رێگا چارەی گونجاو و ئەلتەرناتیف و میکانیزمی شیاو بۆ خزمەتی کوردەواری، بە تایبەتی لەسای هەلومەرجەکانی دوێنێ و پێدراوەکانی ئەمرۆیدا.

کاتێکیش پەنجە دەخەینە سەر دیاردەیەکی ناشیرینی نێو خێزان و کۆمەڵگا ئەو راستییەشمان لەبەر چاوە، کە سەرەڕای بەرپرسیارێتی

خێـزان لـە سـەقەتی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و دۆگمایـی لـە شـێوازی پەروەردەکردنەکەیـدا، بـەڵام ئـەوە بـاش دەزانیـن کـە خـودی خێـزان خۆیشـی وەک یەکـەم یەکـەی کۆمەڵایەتـی و بـەردی بناغـەی کۆمەڵگایەکـی تەندروسـت، وێـڕای کاریگـەری بەرچـاوی لـە پرۆسـەی پێگەیاندنـدا، وەک چـۆن کارتێکـەرە، هـاوکات و بـە بەردەوامیـش بـۆ خـۆی کارتێکـراوە و پەیوەندییەکـی دوولایەنـەی لـە نێـو کۆمەڵـگادا هەیـە، لەلایـەک لەگـەڵ ئـەوەی جـۆری ئـەو پەروردەیـەی خێـزان فێـری منداڵەکانـی دەکات و لەسـەری رایاندەهێنـێ گـۆڕان لـە لـە سروشـتی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی خـۆی، واتـە ژینگـەی کۆمەڵایەتـی دروسـت دەکات، ئەویـش لـە رێـگای ئـەو کەسـایەتییەی بەرهەمـی دێنـێ و رەوانـی نێـو کۆمەڵـگای دەکات، لەلایەکـەی تریشـدا خـودی خێزانیـش دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری گۆڕانەکانـی دەرەوەی خـۆی، کـە لـە سیسـتەم و بەهاکانـی کۆمـەڵ روو دەدەن، چونکـە خێزانیـش لـەلای خـۆی مەحکومـە بـە هەنـدێ سـنور و بڕیـاری کۆمەڵایەتـی کۆمەڵـگا، کـە سـەرچاوەکەیان سـتراکتۆر و ترادسـیۆنی کۆمەڵایەتییـە. هـەروا بێتـەوە ئـاگاداری ئەوەیشـین کـە منـاڵ لـە سروشـتی خۆیـدا کەسـێکی شـەڕانگێز و توندوتیـژ، یـان پێچەوانەکـەی نییـە، بەڵکـو لـە رێـگای پرۆسـەی بـە کۆمەڵایەتـی بوونـەوە تایبەتمەنـدی و شوناسـی کۆمەڵایەتـی وەردەگرێ...بەمانایەکـی دی لـە پشـتی هـەر رەفتـار و هەڵسـوکەوت و گوفتارێکـی منـاڵ و هـەر دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتـی، بەبـاش و خراپییـەوە، وێـڕای ئـەو رۆڵـەی شـێوازی پـەروەردەی خێـزان لـە دروسـتکردنی کەسـایەتی ئـەو منداڵـەدا دەیگێـڕێ، ئـەوا هۆکارگەلـی زۆری تـری پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی و سیسـای و ئابـووری و کولتـوری و دەروونـی هـەن، کـە جـێ دەست و نەخشـیان لـە دروسـتکردنی کەسایەتی منداڵـدا هەیـە، ئەمـە و جگـە لـە رۆڵـی هۆکارەکانـی بەکۆمەڵاتـی بـوون و یەکـە و دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە هـەر هەموویـان بەرپرسـیارن لـە پرۆسـەی بەرهەمهێنـان و ئامادەکردنـی تـاک و کەسـایەتییەکەیدا، واتـە لەگـەڵ خێزانـدا تۆڕێکـی سیسـتەم و بەهـا و دامـەزراوە و هـۆکاری کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابـووری هـەن، کـە بەشـدارن لـە پرۆسـەکەدا، بۆیـە کـە قسـە لەسـەر خێـزان و گیـروگاز و ئاریشـەکانی هەنـاوی

ئـەو خێزانـە دەکەیـن، بێگومـان هەمـوو ئـەو راسـتییانەمان لەبەرچـاون و بـەدوای ئەویشـدا بـاس لـە سـەرجەمی هۆکارەکانـی تریـش دەکەیـن، بەکورتـی لـە خسـتنەڕووی هـەر بابەتێـک ئەگەرچـی لـە خێزانـەوە دەسـت پێدەکەیـن، بـەڵام لـە درێـژەی بـاس و تەوەرەکانـدا ئامـاژە بـە ڕۆڵـی کارتێکـەر و کارتێکـراوی ئـەو یەکەیـە دەکەیـن.

٣

بێگومـان لـە پرۆسـەی گۆڕانـی کۆمەڵایەتیـدا دەبـێ ڕۆڵـی خێـزان بـە هەنـد وەربگیـرێ، چونکـە ئـەو یەکـە سـەرەکی و خانـە هەسـتیارەی کۆمەڵـگا ڕۆڵێکـی مـەزن دەبینـێ لـە پرۆسـەکەدا، دیـارە وەک پێشـتریش ئاماژەمـان پێـدا لـەو کارەشـیدا خێـزان چەنـدە کاریگـەرە، هێنـدە و بگـرە زیاتریـش کارتێکـراوی ژێـر دەزگا و کایـە و هۆکارەکانـی نـری گـۆڕان و بـە کۆمەڵایەتـی بوونـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا و بـەو پێیـەی ئـەو یەکـەم یەکـەی کۆمەڵایەتـی و قوتابخانـەی دروسـتکردنی کەسـایەتییە، ناکـرێ ئـەو ڕۆڵـە گرنگـەی فەرامـۆش بکـرێ.

لێـرەوە ناسـینەوەی ڕەهەنـدە پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی دەروونییەکانـی دایـک و بـاوک و جـۆری پەیوەنـدی و ڕەفتـار و مامەڵـەی نێوانیـان، تـا ڕادەیـەک ئاسـانکاری ئەوەمـان بـۆ دەکـەن، کـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان خوێندنەوەیەکـی ڕاسـت و دروسـتمان بـۆ گوفتـار و ڕەفتـاری منـاڵ هەبێـت. چونکـە ئـەوە باواکـن و دایکانـن کـە بەرپرسـیاری یەکەمـن لـە چۆنییەتـی و شـێوازی گواسـتنەوەی بەهـا و دابونەریـت و بیروبـاوەڕ و نۆرمـە کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ مناڵەکانیـان، واتـە خێزان تـەوەری یەکەمـی ڕاهێنـان و پەروەردەکـردن و پێگەیانـدن و ڕاهێنانـی تاکـە کەسـە لەسـەر بەهاکانـی بـۆ نموونـە: توندوتیـژی و گفتوگۆ..شـەڕانگێزی و لێـک حاڵیبـوون..ڕق و بەزەیی..تۆڵـە و لێبووردەیـی..درۆ و ڕاسـتگۆیی و.........هتـد، ئـەو ڕەنگادنەوەیـەش لەسـەر کەسـایەتی منـاڵ بەتەنهـا پەیوەسـت نییـە بـە ئاسـتی هوشـیاری و ڕۆشـنبیری بـاوک و دایـک و ئامـۆژگاری کردنـی بەردەوامیـان بـۆ منـاڵ، بەڵکـو جـۆری ڕەفتـار و مامەڵـەی پراکتیکـی نێـوان خۆیـان لـە بـەردەم و لەگـەڵ ئـەودا فاکتـەری سـەرەکی بەرهەمهێنانـی کەسـایەتی مناڵـە. چونکـە

منـاڵ چەنـدە گـوێ بـۆ قسـەی دەم و ئامـۆژگاری ئـەوان رادەگـرێ، بـەڵام بەقـەد ئـەوە و زۆرتـر یـادەوەری و مێشـکی منـاڵ ئـەو وێنـە و دیمەنـە زیندووانـە تۆمـار دەکـەن کـە لـە میانـی هەڵسـوکەوتی باوانیـدا دەیانبینـێ.

بۆیەشـە مامەڵـەی توندوتیـژی و پـڕ ئـاژاوە و هەڵسـوکەوتی ناشـیرینی ژن و مێـرد لەبـەردەم منداڵەکانیـان لـە کاتـی دروسـت بوونـی بـە حاڵیبوونێکدا، هـەر ەل قسـەی ناشـیرین و جنێـو و سـوکایەتی پێکردنـی یەکتـری بگـرە، تـا دەگاتـە لێـدان و شـێوازەکانی دیکـەی توندوتیـژی، کاریگـەری خـراپ لەسـەر دەروون و کەسـایەتی منـاڵ جـێ دەهێڵـن، بێگومـان ئەمـە بـە تەنهـا چەنـد قسـەیەکی تیـۆری رووت نیـن، بەڵکـو بەرهەمـی ئەزموونـی ژیـان و پەیوەنـدی تـاک و خێـزان و سـەلمێنراوی زانسـتین.

ئێمـە زۆرجـار ئـەو قسـەیە گـوێ بیسـت دەبیـن، کـە منـاڵ کاغەزێکـی شـپییە و چـی لەسـەر بنووسـیت ئـەوی لەسـەر دەردەچێـت، یـان دەڵێیـن منـاڵ ئاوێنـە و دیـوی دووەمـی بـاوک و دایکیەتـی. کەوابێـت تاوانـی یەکـەم لـەوەی کـە منـاڵ پەنـا بەرێتـە بـەر رەفتـاری درێـو و قسـەی ناشـیرین و شـێوازی توندوتیـژی و هەڵسـوکەوتی شـەڕانگێزانە دەکەوێتـە ئەسـتۆی باوانـی، بۆیـە پێویسـتە بـاوک و دایـک هەمیشـە و لـە پرۆسـەی پـەروەردە کردنـی منداڵەکانیـان هاوسـەنگی و باڵانسـێکی دروسـت لـە نێـوان گوفتـار و رەفتـار، قسـە و کردەوەکانیـان رابگـرن، لەبـەر ئـەوەی ئەزموونەکانـی ژیـان ئەوەمـان پـێ دەڵێـن، کـە ئـەوە وێنـە و دیمـەن و نمایشـەکانن کاریگەریـان لـە وشـە و رسـتەکان زیاتـرە و زۆرتـر و باشـتر و بـۆ ماوەیەکـی دوور و درێژتـر لـە یـادەوەری و مێشـک و خەیاڵـی منداڵـدا دەچەسـپێن و دەمێننـەوە.

کەوابـێ تـۆ هـەر بـە کوڕەکـەت بڵـێ لـە خوشـکەکەت مـەدە، هـەر ئامـۆژگاری منداڵەکـەت بکـە درۆ نـەکات، بـەڵام کاتێـک دەبینـێ لەسـەر بچوکتریـن شـت لەگەڵ خێزانەکەتـدا پەنـا بـۆ تونـد و تیـژی دەبەیـت، کـە هەسـت دەکات لـە قسـە و بۆچوون و بەڵێنەکانـت راسـتگۆ نیـت و بـەردەوام پەشـیمان و پاشـگەز دەبیـەوە، ئـاوا بێگومـان چـاو لـە تـۆ دەکات و رێـک لاسـایی رەفتـار و هەڵوێسـتەکانت دەکاتەوە.....بۆیـە ئاسـانترین رێگایـەک بـۆ ئـەوەی منداڵەکـەت ببێتـە خاوەنـی

کەسـایەتییەکی سـەرکەوتووی خـاوەن بـڕوا و ئیـرادە و متمانـە، دە بـێ لـەوە دەسـت پێبکەیـت لەبەردەمیـدا گوفتـار و رەفتارت..قسـە و کـردەوەت وەک یـەک بـن، نـەک بانێکـە و دوو هـەوا!

# پەیوەندیی کۆمەڵایەتی

١

بەو پێیەی مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا کائین و بوونەوەرێکی بایۆلۆژییە و لە میانی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە شوناسی کۆمەڵایەتیبوون وەردەگرێ و ناتوانێ بە تەنیا و دوور لە پەیوەندی و هاوکاری ئەوانیتر بژیێت، بۆیە پێویست دەکات لە سروشتی ئەو پەیوەندییانەی بدوێین، دیارە ئەو پەیوەندی و تێکەڵاوییەش سەرەتا لە ژینگەی خێزانەوە دەستپێدەکات، لەم نێوەشدا پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی کارا دەگێرێ لە ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی تاکێکی سەرکەوتوو و کەسایەتییەکی تەندروست بە دیوی دەروونی و کۆمەڵایەتییدا.

ئەو پرۆسەیەش، پرۆسەیەکی دینامیکیە و رەگەزەکانی تێکەڵاوبوون و گۆڕان دەگرێتە خۆی و ئامانجی سەرەکیشی گەشە و پەروەردە و فێرکردن و راهێنانی تاکە کەسە و ئامادەکردنییەتی بۆ وەرگرتنی بەها و نۆرم و رەفتار و ئاراستەی گونجاو، تاکو بتوانێ رۆڵی کۆمەڵایەتییانەی خۆی بگێڕێ..ئیدی لەم نێوەدا خێزان کاراکتەری سەرەکی راپەڕاندنی ئەو پرۆسەیەیە، بە مانایەکی دی باوک و دایک رۆڵی گرنگیان لە سەرخستنی ئەو کردەیەدا دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە دەبێ هەمیشە ئەوان لە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دابن بەرامبەر مناڵەکانیان و هەوڵ بدەن جۆری پەیوەندی و شێوازی مامەڵە و رەفتاریان لەگەڵیاندا لە ئاستێکی وا دابێت، کە دواجار خزمەت بە ئایندە و پاشەڕۆژی ئەوان بکات، هەر لەبەر ئەوەیشە کە دەبێ درک بە شێوە و میکانیزمەکانی پەیوەندی و پەروەردەکردن ببەن، هاوکات بنەما سەرەکی و مرۆییەکانی پەروەردەکردن لەبەرچاو بگرن لە میانی پەیوەندی و مامەڵەیان لەتەک منداڵەکانیاندا، بەڵام کە سەیری کۆمەڵگای

کـوردی دەکەیـت، ڕۆژانــە لێــرە و لــەوێ و لــە نێـو تاکەکانیـدا لــە ئاسـت و تەمەنــی جیـا و لــە میانــی پەیوەندییــە ڕۆژانەییەکانیانــدا چەندیــن دیــاردەی ناشــیرین و قێزەونــی کۆمەڵایەتیــت بەرچــاو دەکــەون، کــە هــەر هەموویــان بەرهەمــی شــێوازی بیرکردنــەوەی ســەقەت و ناهوشــیاری کۆمەڵایەتــی و جــۆری پــەروەردەی ناتەندروســتن.

بێگومــان هــەر یەکێکیــش لــەم دیاردانــە زەمینــە و هــۆکاری ســەرهەڵدان و تەشەنەســەندنی تایبــەت بــە خۆیــان هەیــە، هــەر لــە نــاو خێــزان و جــۆری پەیوەندییەکانــی بگــرە، تــا دەگاتــە سیســتەمی پــەروەردە و خوێنــدن و ژینگــەی کۆمــەڵ و ســتراکتۆری کۆمەڵایەتــی و هەلومەرجــی ئابــووری و دامــەزراوەی دەوڵــەت و سیســتەمی سیاســی و دەزگا کۆمەڵایەتییــەکان و ....، کــە هــەر یەکێــک لەمانــەش لــە شــوێنی خــۆی و بــە گوێــرەی کاری خــۆی بەشــێکی بەرپرســیارێتی دەرکەوتــن و بڵاوبوونــەوەی ئــەو دیاردانەیــان دەکەوێتــە ئەســتۆ، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی لــە ســەرەتادا قســەی ئێمــە لەســەر خێزانــە وەک یەکــەم یەکــەی کۆمەڵایەتــی و قوتابخانــەی پێگەیاندنــی تــاک، بۆیــە هــەوڵ دەدەیــن پێشــتر زەمینــە و فاکتــەری دەرکەوتنــی دیاردەکان لــە فــەزای ئــەودا بخوێنینــەوە و ڕەهەندەکانــی دیــاری بکەیــن، دواتریش هــەر دیاردەیــە و بــە گوێــرەی نــاوەڕۆک و مەدلولەکانــی، تیشــکیان بخەینــە ســەر، جــا چ لەســەر ئاســتی کۆمەڵایەتــی بێــت، یــان ئابــووری، یاخــود سیاســی، بــۆ ئــەوەی بزانیــن خێزانــی کــوردی پشــکی چەنــدی بەرپرســیارێتی دەکەوێتــە ئەســتۆ لــە لەدایکبوونــی ئــەو دیاردانــە و دواتریــش چــۆن دەتوانــێ ئاراســتەی کار و بەرنامــە و مامەڵــە و ڕەفتــار و جــۆری بیرکردنــەوە و شــێوازی پەیوەنــدی و پــەروەردەی خــۆی بگــۆڕێ، بــە جۆرێــک کــە بــە خزمەتــی بەرهەمهێنانــی کەســایەتییەکی بەرهەمهێــن و مرۆڤدۆســت و کۆمەڵگایەکــی تــژی دڵنیایــی و تەناهــی و ســەقامگیری و خۆشــگوزەرانی و تەبایــی بشــکێتەوە، یــان تــەواو بێــت؟

## ٢

هێشتا ڕەوت و شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو خێزانی کوردی، لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونانەی دونیا بۆشایی تێدایە و پێویست بە چارەسەری دەکات..دیارە ئەو بۆشاییانەش ئەگەرچی بەرهەمی سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی و بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی و نزمی ئاستی هوشیاری و نالەباری ڕەوشی ئابووری و ناسەقامگیری سیاسین، بەڵام هاوکات فاکتەرگەلێکی تری دیرۆکیش لەسەر ئاستی کولتوری و فەرهەنگی لە دەرەوەی دونیای کورد کاریگەرییان لەسەر ئەم ڕەوشە هەی، کە هەمیشە خەونیان ب کوشتنی بزاوتی ژیان و نوێبوونەوە و گەشەی کۆمەڵگای کوردی بینیووە و دەبینن.

وێڕای هەموو ئەو ڕاستییانەش، دواجار خودی کۆمەڵگای کوردی و یەکە و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی قورسی هەنووکەییان لە ئەستۆ دایە، بۆ ئەوەی ئەو قۆناغی چەق بەستنە کۆمەڵایەتییە دەرباز بکەن...سروشتی ئەو پەیوەندییەی نێوان خێزانی کوردی (ژن و مێرد، باوک و کوڕ، دایک و کچ، خوشک و برا)، تا ئاستێکی زۆر و ئێستاشی لەگەڵ دابێت پەیوەندییەکی ئاسایی و تەندروست نییە، بە تایبەتی پەیوەندی باوک و دایک لەگەڵ مناڵەکانیان. ڕەنگە لێرە و لەوێ و لە هەندێ شوێنکاتدا و بە حوکمی هۆکارەکانی پێشکەوتن و کرانەوە (سیستەمی پەیوەندیکردن و زانیارییەکان)، ڕێژەیەکی بەرچاو لە خێزانەکان ئەو چوارچێوەدۆگما و سەقەتانەیان شکاندبێت و سروشتی پەیوەندییەکە بەرگێکی ژیاندۆستی و هاوڕێیەتی وەرگرتبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەو مانایە نایەت کە ئیدی خێزانی کوردی ڕێڕەوی دروست و مرۆڤدۆستانەی خۆیان وەرگرتووە و هوشیاری کۆمەڵایەتی خەڵک گەیشتۆتەئاستێک، کە قۆناغە دیرۆکی و کولتورگەراییەکانی پێش خۆی تێپەڕاندووە، بە پێچەوانەوە لە تەک هەموو ئەو کار و بەرنامە و هەنگاوانەش لە ئاستی سیاسیدا بۆ دۆزی کورد دەنرێن، سەرەڕای هەموو ئەو پڕۆژە و ئەجێندانەش کە لە ئاستیئاوەدانی بۆ کوردستان دەنرێن، کەچی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا

شـتێکی ئەوتـۆ نەکـراوە جێگـەی بـاس بێـت، هـەروا لـە ئاسـتی مەعنـەوی و بیناکردنـەوەی کەسـایەتی و ئاوەدانکردنـەوەی زەیـن و بیرکردنـەوە و روح و هوشـیاری تاکـدا کایەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی و دامەزراوەکانـی لـە ئاسـتی پێویسـتدا نەبوونـە و نیـن.

ئێستاشـی لەگـەڵ دابێـت شـێوە کلاسـیکی و نەریتگەراییەکانـی پەیوەنـدی نـەک تەنهـا لەنـاو خێزانـی کـوردی، بگـرە لەنـاو کـۆی کایـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکانی هـەر بـاون، هـەر لـە شـێوازی توندوتیـژی بگـرە، تـا دەگاتـە شـکاندنەوە و سـوکایەتی پێکـردن و فریـودان و هەڵخەڵەتانـدن و چاوبەسـتەکی و خۆدزینـەوە لـە پرسـیار و داخـوازی و گومانەکانـی نـەوەی نـوێ بـە گشـتی و منـاڵان بـە تایبەتـی، کـە لەگەڵپێدراوەکانـی قۆناغـی ئێسـتای پێشـکەوتن و ژیانـی خۆیـدا بگەنجـێ. دیوێکـی تـری ئـەو جـۆرە کـۆن و سـواوەی پەیوەنـدی و هۆکارەکـەی لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە، کەگوفتـار و رەفتـاری دووفاقـی و بـێ بەڵێنـی و شـکاندنی سـۆزە، کـە هەمـوو ئەوانـە رەنگدانـەوەی نێگەتیڤیـان لەسـەر ئاییندەی ئـەو کۆمەڵگایـە و کەسـایەتی تاکەکانـی هەیـە و کاردانـەوەی خراپیـان لـێ دەکەوێتـەوە.

سـۆز شـکاندن و بـێ بەڵێنـی و خۆدزینـەوە لە پرسـیار و داخـوازی و گومانەکانی منـاڵ لەلایـەن خێـزان و هـی خەڵـک لەلایـەن دەسـەڵات و دامەزراوەکانـی، یەکێکـە لـە سـیما هـەرە ناشـیرینەکانی نێـو کۆمەڵـگای کـوردی، بـە جۆرێـک لـە ئاسـتی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـدا ئەوپـەڕی نـا دڵنیایـی و بـێ متمانەیـی بەرهـەم هێنـاوە، کـە تەنهـا شـتێک بتوانـێ رێـڕەوەی ئـەو پەیوەندییانـە راسـت بکاتـەوە و بیانهێنێتـەوە سـەر دۆخـی راسـتەقینە و راسـتەڕێی خۆیـان، راسـتگۆیی و شـەفافیەت و سـۆزدارییە، راسـتگۆیی لەبەرامبـەر ئـەو شـتانەی لـە تاریکیـدا ئەنجـام دەدرێـن، شـەفافیەت لـە بەرامبـەر خۆدزینـەوە و دیـزە بەدەرخۆنـە کـردن و سـۆزداری لـە بەرامبـەر هەمـوو ئـەو بەڵێنانـەی دەدرێـن.

# پەروەردە و بەخۆداچوونەوە

١

ڕەنگە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندن و ئامادەکردنی تاک هەستیارترین و گرنگترین ئەرکی خێزان و دامەزراوەکانی تری دەوڵەت بێت، دوای خێزان قوتابخانە و دامەزراوەکانی تری پەروەردە و فێرکردن بە دەزگای سەرەکی دەژمێردرێن، کە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە پرۆسەی پەروەردە و بەرهەمهێنانی تاکێکی هوشیاری خاوەن کەسایەتی و پڕ بەخشش.. لە قوتابخانەشدا مامۆستا بە ئاستی هوشیاری و باکگراوندی زانیاری و جۆرو شێوازی مامەڵەو ڕەفتاری خۆی، هەروەها میتۆدەکانی خوێندن کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە پرۆسەکەدا هەیە.

زۆر جار وارێککەوتووە قوتابیەک لەبەرچاو لێ سورکردنەوەی مامۆستا، یان شکاندنەوەی لەبەردەم هاوپۆلەکانیدا، یاخود سزادانی جەستەیی لەسەر ڕەفتارێکی سادە، دەستبەرداری خوێندن و قوتابخانە بووە و چارەنووسی خۆی داوەتە دەستی قەدەرێکی پەنهان، بێ ئەوەی بینیبێتمان مامۆستا هەستی بە بەرپرسیارێتی کردبێت، لەبەرامبەر دەرهاوێشتە ترسناک و نێگەتیڤەکانی هەڵوێستەکەی.

ڕەنگە زۆرێک لە ئێمەمانان کە قوتابی بووین، تەنها لەبەر ئەوەی بیرمان چوو بوو نینۆک بکەین دارکاری کراوین، یان بەس بە خەیاڵماندا نەهاتووە کە لە چونە ژورەوە دواکەوتوین و لە دوای مامۆستا بە بێ لە دەرگادان سەرمان بە پۆلدا کردووە تێرشەق و پڕ جوێن کراوین، یاخود لە کاتی خوێندنەوە و نوسینەوەدا وشەیەکمان بەهەڵە درکاندوە و یەکێکی ترمان بە هەڵە ڕێنووس کردووە زللەیەک چزەی لە بناگوێ هێناوین، یان لەبەر پێکە نینێکی سادە وەک مەیمون لەسەر یەک قاچ بەرامبەر هاوپۆلەکانمان بۆ چەند خولەکێک وەستاندویانین . هەموو ئەوانە وایان کردووە زۆربەمان

یـان خوێندنمـان بـۆ تـەواو نەکـراوە، یـان ئـەوەی تەواویشـی کـردووە، ئەمـڕۆ لـە بـواری پسـپۆڕی کارەکـەی خۆیـدا .. ڕەنگـە لـە نـاو خێزانەکەیـدا.. لەوانەیـە لەگـەڵ دۆسـتەکانیدا ، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان ئـەو ڕق و کینەیـەی دوێنـێ بـە تـاک بکاتـەوە.

جێگـەی داخـە ئێمـە ڕاهاتوویـن چاوەڕێـی فەرمانـی شـاقوڵی و تەلقینـی سـەرومان بکەیـن، جارێـک ئەگـەر ڕێکـەوت بوو‌بێـت، ئەگـەر نـا نەمانبیسـتووە و نەمانبینیـوە کەسـێک لـە خۆیـەوە وەک بـڕوا بـوون بـە پرسـەکە و هەسـتکردن بەلێپرسـراوێتی دەستپێشـخەریەکی پۆزەتیڤـی کردبێت..هـەر بـۆ نموونـە تـا ئـەو کاتـەی وەزارەتـی پـەروەردە بڕیـاری قەدەغەکردنـی لێدانـی قوتابـی دەرنەکـرد، بەدەگمـەن نەبێـت ، نەمانبینـی مامۆسـتایەک ئـەو هەسـتەی لـەلا بجوڵـێ بـۆ تەنهـا جارێـک لەگـەڵ خۆیـدا دار نەباتـە پـۆل، یـان زمانـی لـە جۆیـن و سـوکایەتی پێکـردن بەرامبـەر هەڵەیەکـی قوتابـی بپارێـزێ، نەمانبیسـت مامۆسـتایەک لەبـری بەتاڵکردنـەوەی توڕەیـی خـۆی بەشـەق و تێهەڵدانـی قوتابـی، پەنـا بـۆ بەردەوامـی پێدانـی زمانـی ئامـۆژگاری و ڕێنوێنیکـردن ببـات و لەتـەک سەرکێشـی و چەقاوەسـوویی منداڵێکـدا ئارامـی هەبێـت و سـنگ فـراوان و هەناسـە درێژبێـت.

زۆربـەی مامۆسـتاکان نـەک تەنهـا بـە بڕیارەکـەی وەزارەت بێـزار و جـاڕس بـوون، بەڵکـو لـە ڕقـی بڕیارەکـە و بـە شـێواز و میکانیزمـی تـرو لـە شـوێنکاتی دیاریکـراودا پەنایـان بـۆ لێدانـی قوتابـی و سـوکایەتی پێکردنـی بـردووە، وەک شـەڕێکی دەروونـی، بـەس لەبـەر ئـەوەی گوایـە دەبـوا بڕیارەکـە نهێنـی بوایـە و بـەم چەشـنە لەکەرامـەت و کەسـایەتی مامۆسـتا دادەبەزێنـن، بـە بـێ ئـەوەی ئـەو ڕاسـتییە بێننـەوە پێـش چاویـان کـە نەپـۆل بـە لێـدان و قیژانـدن کۆنتـڕۆل دەکـرێ و نـە قوتابیـش بەشـەق فێردەکـرێ، نەکەسـایەتی ئەویـش بـەو بڕیـارە لـە بەهـای دێتـە خـوار، بەڵکـو بەهاوسـەنگی مامۆسـتا ئـەو کاتـە دادەبـەزێ کـە دەسـتکورت بێـت لـە زانیـاری وشـارەزایی پسـپۆڕییەکەی یـان هـەژارو کـەم مەعریفـە بێـت لـە شـێوزاەکانی وانـە وتنـەوە و تێگەیاندنـی قوتابـی و چۆنیەتـی مامەڵـە و ڕەفتـار کـردن لەگەڵیـدا.

وا خەریکـە سـاڵێکی دیکـەی نوێـی خوێنـدن دەرگای بەسـەر جگەرگۆشـەکان

بکاتـەوە، پێویسـت دەکات مامۆسـتا چاوەڕێـی بڕیـاری لـەم چەشـنەی وەزارەت و ڕێنوێنـی و سـەرکۆنەی سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی نـەکات، بەڵکـو بـۆ خـۆی بگاتـە ئـەو بـاوەڕەی کـە پێویسـتە بـە دنیابینیەکـی شارسـتانی و عەقڵێکـی کـراوە و بیرکردنەوەیەکـی نـوێ، چەکـدار بـە گەنجینـەی زانیـاری لـە بوارەکـەی و درک کـردن بـە گرنگـی جـۆر و شـێوازی ڕەفتـار و مامەڵەکـردن لەگـەڵ قوتابـی و قبوڵکردنـی ڕەخنـە و بـە سـنگێکی فـراوان بـاوەش بـۆ قۆتابیەکانـی بکاتـەوە و بـەرەو پیـری پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن بچێت..دەبـێ مامۆسـتا بگاتـە ئـەو یەقینـەی کـە بـاوی دارکاری و جوێـن بارانکـردن و سـوکایەتیپێکردنی قوتابـی نەمـاوە، پـەروەردە و فێرکـردن ئـەوە نییـە کـە مامۆسـتا بـە هۆی ئـەو میکانیزمانە قوتابـی بـێ دەنـگ و جوڵـە و پرسـیار بـکات، بەڵکـو مامۆسـتای سـەرکەوتوو لـە وێـدا دەردەکـەوێ کـە قوتابییەکانـی چەنـدە بـزۆز و پـڕ پرسـیارن . چونکـە هـەر ڕەفتارێکـی لـەم چەشـنەی سـەرکوتکردنی قوتابـی، لـە ئایینـدەدا ڕەنگدانـەوەی ترسـناک و خراپـی بـە سـەر کەسـایەتی قوتابیـدا دەبێـت و لـە بـری ئـەوەی مرۆڤێکـی بەخشـندە و داهێنەربێـت، کاراکتەرێکـی شـەڕانگێز و ئـاژاوە گێـڕو تونـدو تیـژی لـێ بەرهـەم دێـت، ئـەوە ئەگـەر دواجـار لـە بـاری کۆمەڵایەتیـدا کەسـێکی لادەری لـێ دروسـت نەبێـت.

ئــەوەی پێشــەوە ســەبارەت ڕۆڵــی مامۆســتا و شــێوازی هەڵســوکەوت و مامەڵەکردنـی کـرد بـوو لەتـەک قوتابیـدا، وەک لایەنێکـی پرۆسـەی پـەروەردەی قوتابـی و دەرهاوێشـتە و کاریگـەری لایەنـی پـەروەردەی خێزانـی و دامەزراوەکانـی دەوڵـەت لەسـەر کەسـایەتی ئـەو کائینـە و ڕەنگدانـەوە پۆزەتیـف و نێگەتیفەکانـی لـە ژیانـی داهاتـوی دا ، .لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن هەنگاوێـک بگەڕێینـەوە دواوە تـا قسـە لەسـەر خێـزان بکەیـن ، وەک یەکـەم قوتابخانـەی پـەروەردە و ئامادەکردنـی تـاک و ئـەو ڕۆڵـەی دەیگێـڕێ لـە بونیادنانـی کەسـایەتی منداڵـدا.

## ٢

زۆر لــە پســپۆرانی بــواری پــەروەردە و دەروونناســی ، ژینگــەی مــاڵ و جـۆری ڕەفتـاری دایـک و بـاوک لەتـەک منداڵەکەیـان و پـەروەردەی خێزانـی ،

بەفاکتەرێکـی فـرە گرنـگ و هەسـتیار دەژمێـرن لـە پرۆسـەی پەروەردەکردنـی منالّـدا ، بەجۆرێـک کـە خـودی خێـزان لـە هەنـدێ حالّـەت و شـوێنکاتدا دەتوانـێ کاریگـەری خـۆی تەنانـەت لـە دەرەوەی بازنـەی مالّەوەشـدا بەسـەر منالّەکەیـدا هەبێـت و هاوکارێکـی باشـی دامەزراوەکانـی پـەروەردە و فێرکردنـی سـەر بـە دەولّـەت بێـت لـە پێگەیانـدن و ئامادەکردنـی کاراکتەرێکـی ئەکتیـڤ و بونیادنانـی کەسـایەتیەکی سـەرکەوتوو لـە تاکـدا ، بـەلاّم ئاخـۆ ئـەم هاوکێشـەیە چـۆن و چەنـد و تاکـوێ لەگـەلّ شـێوازی مامەلّەکـردن و پرۆسـەی پەروەردەکردنـی خێزانـی کـوردەواری بـۆ منـالّ کـۆک و تەبایـە؟

لـە دەرەوەی سـۆز و رۆمانسـییەت ، چونکـە ئەسـتەمە دایـک و باوکێـک بدۆزیتـەوە رِقیـان لـە جگەرگۆشـە و کۆرپەکەیـان بێتـەوە ، لەبەرئـەوەی ئـەو رایەلّـی خۆشەویسـتی و پەیوەسـتی سـۆزەی نێـوان دایـک و بـاوک ومنالّەکانیـان مەیلێکی سروشـتی و خۆرِسـکە ، بەلاّم ئەوەی دەمێنێتەوە جۆر و فۆرِم و شـێوازی بەرجەسـتەکردنی ئـەو خۆشەویسـتییە و تەوزیفکردنیەتـی لەلایەنـی دایـک و بـاوک لـە پـەروەردەی منالّەکەیـان بـۆ بەرهەمهێنانـی کەسـایەتییەکی شایسـتە، تاکـو ئاییندەیەکـی گـەش چاوەرِوانـی بـکات ، هـاوکات ئـەو میکانیزمانـەی خێـزان دەیگرێتەبـەر بـۆ سەرخسـتنی ئـەو پرۆسـەیە دیوێکـی تـری هاوکێشـەکەن . کەوابێـت لەگـەلّ پرسـیاری یەکەمـدا ، ئـەو پرسـیارەش لەدایـک دەبـێ کـە ئاخـۆ تـا چەنـد خێزانـی کـوردەواری لـە نواندنـی ئـەو رۆلّـە و نمایشـکردنی دیـوی راسـتەقینەی ئـەو خۆشەویسـتییە و تەوزیفکردنـی بـە ئاراسـتە جـوان و شارسـتانی و زانسـتییەکەی سـەرکەوتوو بـووە لەبەرامبـەر منالّەکەیـدا؟

مـن وای بـۆ دەچـم کـە تـا ئاسـتێک وەلاّمدانـەوەی دروسـتی ئـەو پرسـیارە ، دواجـار بـۆ خـۆی دەروازە خـۆش دەکات و زەمینـەی ئەوە دەرِەخسـێنێ کە بتوانین وەلاّمێکـی راسـت و لۆژیکـی پرسـیارەکەی پێشـوومان بدەینـەوە و دواتـر لـە کـۆی وەلاّمـی هـەردوو پرسـیاردا بگەینـە دەرەنجامێـک ، تـا لێیـەوە بتوانیـن ئاسـۆکانی سـەرکەوتن و ئەگـەر و رەهەندەکانـی شکسـتی کەسـایەتی بدۆزینـەوە و لەبـەر رۆشـنایی دەرکەوتەکانـی ئـەو خوێندنەوەیەمانـدا ، کـەم تـا زۆر رێـگا چـارەکان دەسنیشـان بکەیـن .

وەک وتمـان خۆشەویسـتی خێـزان بـۆ منداڵەکـەی سروشـتێکی خۆڕسـکانەی هەیـە ، بـەڵام دەبینیـن هـەر لـە سـاتەوەختی منـاڵ بووندا هەسـت دەکەیـن خێزانـی کـوردی تێگەیشـتنێکی هەڵـەی بـۆ کۆرپـەی چاوەڕوانکـراو هەیـە ..خێزانـی کـوردی پێش هـەر شـت بـۆ سـەلماندنی عەقڵـی باوکسـالارییانەی خۆی چاوەڕێـی مـوژدەی کوڕ دەکات ، کـە یەکـەم کۆرپـە کوڕ نەبـوو ، ئیدی لەوێـوە سـەرەتاکانی تێکچوونـی شـیرازەی پەیوەندییەکانـی نێـوان خێـزان دەشـڵەژێن و ڕەنگدانـەوەی نەرێنییـان بەسـەر منداڵەکـەدا دەبێـت . واتـە تێگەیشـتنی سـەقەتی کۆمەڵـگای کـوردی بـۆ کـچ و کـوڕ و شـانازیکردنی زیاتـری بـە دووەم و گرنگیپێدانـی ، دەسـپێکی ئـەو نەهامەتییـە کۆمەڵایەتییەیـە کـە دێتـە بـەردەم خێزانـی کوردەواری..تەنانـەت لـە حاڵەتـی بوونـی هـەردوو ڕەگەزیش لـە ماڵێکدا بـە ئاشـکرایی هەسـت بـە جیـاکاری نێوانیـان دەکـرێ لەلایـەن خێزانـەوە لـە تـەواوی بوارەکانـدا ، بایـەخ پێدانـی زیاتـری خێـزان چڕدەکرێتـەوە سـەر کـوڕە و بەشـێوەیەک لەشـێوەکان و لـە ڕێگـەی ئامـاژەی مامەڵەکانـی خێـزان لەتـەک هەردووکیانـدا ، کـچ دەکرێتـە کۆیلـەی کـوڕ .

دیوێکـی تـری ترسـناک لـە شـێوازی پـەروەردەی منـاڵ لـە کۆمەڵـگای ئێمـە کـە دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی هێـزی ئیـرادە و بڕوابوونـی منـاڵ بـە تواناکانـی ، نازکێشـانی لـە ڕاددەبـەدەری دایـک و باوکـە بـۆ منداڵەکانیـان ، هـەر لـە خـواردن پێدانـەوە بگـرە ، تـا دەگاتـە جـل گۆڕیـن و پێـڵاو کردنـە پـێ و بەڕێکردنـی منـاڵ بـۆ باخچـەی سـاوایان ، یاخـود قوتابخانـە ..لـە سـەیران و گەشتیشـدا خێزانـی کـوردی دەرفەتـی منـاڵ نـادات بـە ئـازادی خـۆی لەتـەک سروشـت و ئـەو شـتە نوێیانـەی دەیبینـێ و هەوڵـی بـۆ ئەوسـەر و ئەمسـەرکردن هەڵسـوکەوت بـکات ، ئەوەنـدەی پێـی دەڵێـن وامەکـە و وا مەڵـێ و وا مەچـۆ ........، هەسـتی بڕوابـوون بـە خـۆی و هێـزی ئیـرادەی لـەلا دەکـوژن ..خۆشـیەکە لەوەدایـە هەمـوو دایـک و باوکێـک پێیـان وایـە کـە ئەمەیـان لـە خۆشەویسـتی و لەبـەر چـاوی منداڵەکەیانـە ، بـێ ئـاگا لـەوەی کـە ئـەم جـۆرە ڕەفتـارە دواجـار جۆرێـک لـە تـرس و سـڵەمینەوە لـە زۆربـەی شـتەکانی دەوروبـەری لـە دڵ و مێشـکی منداڵـدا دەچێنـێ ..یـان کاتـێ منـاڵ نەخـۆش دەکـەوێ ، یاخـود بەهـۆی کەوتنـە

خـوارەوە و یـاری شـوێنێکی ئـازای پێـدەگات ، یـان ئـەو دەمـەی سـەرگەرمی یارییەکـە و شـتێکی بـۆ ناخرێتـە سـەریەک و رێـک ناخـرێ ، زیـاد لـە پێویسـت دەلاوێنرێتــەوە و بەپەلــە پــرۆزێ ئەندامانــی خێـزان و بەتایبەتــی دایـک دەگەنـە هانــای و ســەرکۆنەی دەکــەن ، یاخــود بــۆی رێــک دەخــەن کــە دواتــر ئــەو رەفتارەیـان وا لـە منـاڵ دەکات لـە ئاییندەدا نەتوانـێ لـە ئاسـت هـەر روداوێکدا کـە دێتـە رێگای رووبەڕوویـان بێتـەوە و بـەردەوام چاوەڕێـی فریادڕەسـێک بـکات . ئـەم نازهەڵگرتنـە زیـاد لەپێویسـت و دەسـتگرتنە زیادەڕۆییـە ، وا دەکات منـاڵ شوناسـێک بـۆ خـۆی و تواناکانـی نەدۆزێتــەوە .

ئەگــەر ئــەوە نمایشــکردن و تەوزیفکردنــی خۆشەویســتی خێــزان بێــت بــۆ مناڵەکـەی، ئـەوا لـە قۆناغێکـی تـری تەمەنیـدا و هەنـدێ جـار هەر لە ساتەوەختی مناڵیـدا، خێزانـی کـورد رەفتارێکـی دژ و رێـک پێچەوانـە لـە بەرامبـەر مناڵەکانـی دەکات، کـە راسـتەوخۆ لـە بەهـا و کەسـایەتی مناڵەکـە دادەبەزێنــێ و تووشـی شکسـتێکی دەروونـی دەکات، کاتێکیـش منـاڵ تەفسـیرێکی بـۆ ئـەو بانێکـە و دوو هــەوای دایـک و بـاوک پــێ نییــە، ئیـدی یـان مناڵێکـی بێتوانـای شــەرمن و ترسـنۆک ودەسـتەپاچەی لێدەردەچێـت ، یاخـود دەبێتـە کاراکتەرێکـی شـەڕانگێز و تــوڕە لەهەمــوو شـتێک و خـاوەن رۆحـی تۆڵـە سـەندنەوە .

کەواتــە خــراپ و بەهەڵــە تەوزیفکردنــی خۆشەویســتی و ســۆزی دایــک و بــاوک بــۆ مناڵەکەیــان، دواتریــش شــێوازی هەڵــەی پەروەردەکــردن لــە قۆناغەکانــی تــری تەمەنــی دا، وەڵامــی یەکەمیــن پرســیارمان دەداتــەوە کــە فەلســەفە وشــێواز و جــۆری پــەروەردەی خێزانــی کــوردی و رۆڵــی ئەرێنــی لــە پێگەیاندنـی کەسـایەتی مناڵـدا، رێـک پێچەوانـەی ئـەرک و وەزیفـەی سـەردەمی و شارسـتانییانەی پرۆسـەی پەروەردەکردنـە . ئـەوە نییـە هـەر لـە یەکـەم چرکـەی بوونـەوەی زمانـی مناڵـدا، گیانـی پرسـیار لەناخیـدا دەکوژرێ و کـوڕ بـۆی نابێـت بێتــە نــاو دانیشــتنی گــەورەکان و کــچ نابێــت هەڵسـوکەوتی کوڕانـە (کـە لـە بنەڕەتــدا مناڵانەیــە) بــکات .. منــاڵ کــە دەنێردرێتــە بەرخوێنــدن ، خێزانــی کـوردی لەبـری لێپێچینــەوە و چاودێـری کـردن و بەدواداچوونـی لـە قوتابخانـە ، دەیکاتــە نێچیرێکــی دەستبەســتەی بــەردەم باوکێتــی مامۆســتا و لەماڵــەوە

چاوەڕێــی ئێســکەکەی دەکــەن و گۆشتەکەیشــی دەســپێرنە مامۆســتا .. بــە شـێوەیەکی گشـتی خێزانـی کـوردی ئەونـدەی خەمـی وەچـە نانـەوەی هەیـە ، لـەوەش زیاتـر هێنـدەی خەمـی زۆرکردنـی ژمـارەی کـوڕی هەیـە ، نیـو ئەونـدە بـە شـێوەیەکی زانسـتی و شارسـتانی و سـەردەمیانە بیـری لـە پەروەردەکـردن و ئاراسـتەکردنی منداڵەکانـی نەکردۆتـەوە ، هـەر لـەم روانگەیـەوە پێویسـتە دایـک و باوکـی کـورد چـاو بـە شـێوازی پەروەردەکـردن و مامەڵــە و رەفتارکردنیــان لەتــەک منداڵەکانیانــدا بگێڕنــەوە و دەســتبەرداری ئــەو شــێوازە هەڕەمــی و میتافیزیکییــە بــن لــە پەروەردەکردنــدا، کــە لــە بەرهەمێنانــی کەســایەتییەکی کۆیلـە و بـێ پرسـیار و گومانـی دەسـتەپاچە و دوورەپەرێـز بتـرازێ، بەرهەمێکـی جوانتـری نابێـت .

٣

هــەر لــە درێــژەی قســەکردن لەســەر پرۆســەکانی پــەروەردە و فێرکــردن و رەنگدانەوەیـان لەسـەر پێکهاتـی منـاڵ، جگـە لـە رۆڵـی خێـزان و مامۆسـتا وەک پــەروەردەکار ، دیـارە فاکتــەری تریـش هــەن کــە راسـتەوخۆ پەیوەندییــان بــە ئــەرک و وەزیفــەی دامەزراوەکانــی دەوڵەتــەوە هەیــە ، کــە ئەوانیــش بەشــی خۆیـان قسـە هەڵدەگرن..هـاوکات ژینگـەی کۆمەڵایەتـی دەوروبـەر و سـتراکتۆری سیاسـی و دنیابینییەکانـی، ئەمانــەش بــەلای خۆیانــەوە بانــدۆر بەســەر ئــەو پرۆســەیەی بەرهەمهێنانــی کەســایەتیدا بەجــێ دەهێڵــن .. لــەم نووسینەشــدا جارێکــی تــر بازێــک بەســەر خێــزان دەدەیــن و دەگەڕێینــەوە نێــو قوتابخانــە و ئــەو فاکتــەر و ئامرازانــەی کــە میکانیزمــی پرۆســەی پــەروەردەن و ئاســتی بەهــا و گرنگیــان دەخەینــەڕوو ، لــە کاتێکــدا کــە بــە شــێوەیەکی تەندروســت و زانسـتی ئاراسـتە بکرێـن و سـودیان لێوەربگیـرێ ، کـە ئەوانیـش میتۆدەکانـی خوێنـدن و هۆیەکانـی فێرکردنـن ، کـە بەداخـەوە تـا ئـەم چرکـە سـاتەش ئـەم دوو میکانیزمــە هەســتیار و پــڕ بایەخــە ڕەوتــی ڕاســتەقینە و تەندروســتیان دیارنییــە و بەدیوێکــی نەرێنــی ، لــەدەرەوەی ئــەرک و پەیامــە ئەرێنیەکانیــان بەکارهێنــراون.

میتۆدەکانی خوێندن کە میکانیزمی سەرەکی فێرکردنن ، بەدوای پرۆسەی پەروەردەی دەروونی و مۆراڵی و کۆمەڵایەتی ناو قوتابخانە ، لەڕیزبەندی پێشەوەی هۆکارە گرنگەکان دادەنرێن . چونکە لە ڕێگای بنەما و بنەڕەتە زانستی و لۆژیکی و واقیعیەکانی دارشتنی میتۆدەکانەوە ، دەتوانرێ بەهای شوناس لەسەر ئاستی زمان و کلتور و مێژو و جوگرافیا بدرێتە منداڵ (قوتابی) ، شوناسێک کە نامۆ نەبێت بە سروشتی مێژوویی و ژینگە و ئینتمای تاکەکە خۆی.. دیارە لەم پرۆسەیەدا چەندە زمان رۆڵی کاریگەر و بەرچاو دەگێڕێ لە دەوڵەمەندکردنی ئەو شوناسە بەدیوە پۆزەتیڤەکەیدا ، هێندەش زیاتر و ترسناکتر خودی ئەو زمانە دەتوانێ بەدیوی نێگەتیڤدا دنیای خەونەکانی نەوەیەک تێک بشکێنێ .

بەمانایەکی تر ئەوە بەتەنها زمان نییە جەوهەری میتۆدەکانی خوێندن پێک دەهێنێ ، بەڵکو ئەگەر زمان بنەما و بنەڕەتێکی میتۆدەکان بێت ، ئەوا بە پلەی سەرەکی میکانیزمی بەرجەستەکردنی ئامانجە نادیار و شاراوەکانی پشتی دنیابینی سیاسی و ئایدیۆلۆژی میتۆدەکانە ، کە لەرێگەی زمانەوە جارێکی تر دەیەوێ بەهایەکی (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی) جیاواز بۆ وەرگر (قوتابی) بگوازێتەوە ، کە ئەمەش لەتەک کۆی سیاسەت و تاکتیک و ستراتیژەکانی داگیرکاری وڵاتی کوردان و ژێر دەستکردنی کورددا مەترسی بەردەوامی سڕینەوە و لە دەستدانی شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بووە.. واتە چەندە سیاسەتەکانی کاولکاری و سوتاندنی خاک و رەشبگیری و کوشت و بڕ و جینۆساید بەشێک بوون لە پرۆسەی سڕینەوەی شوناسی کوردی لە سەر دەستی داگیرکەر، هێندە و زیاتریش خودی زمانەکەمان کرابووە (کە ئێستاش بەردەوامە!) میکانیزمی بە ئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسە دوژمنداریە کە لە سەر هەر دوو ئاستی فێرکردن و ڕاگەیاندن بە کار دەهێنرا.

مناڵی ئێمە تا ئەم کاتەش چەندە بێبەشکراوە لە سەرچاوەی زانیاری نوێ و تیۆر و بیردۆزەی زانستی سەردەم و بابەتی هاوچەرخ و لە سەر ریتمێکی سەقەت و بەردەوامی بەرهەمە کۆنەکانی لە توێی بابەت و میتۆدەکانی

خوێندنـدا گۆشـکراوە، هێنـدەی ئەمــەش لـە ڕێگـەی زمانـی زگماگـی خۆیـەوە هوشـیاری نیشـتمانی و نەتەوەیـی و کلتـوری و کۆمەڵایەتـی کوێـر کـراوە، ئەویـش لـە ڕێگـەی زاخاودانـی مێشـکی بـە زانیاریگەلێـک کـە تـەواو پێچەوانـەی بـاری سـایکۆلۆژی و ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی و جوگرافـی و فەرهەنگـی خـۆی بـووە، ئەمــەش لـە ڕێگـەی خـۆی هۆیـەک بـووە کـە تـا ئێسـتا جگـە لـە وەی کـورد نەیتوانیـوە شوناسـی ڕاسـتەقینەی خـۆی بدۆزێتەوە (تەنهـا لـە ڕێگـەی تەونـی ئـەو حیکایـەت و ئەفسـانە و وەهمـەی لـە خەیاڵـدان و یـادەوەری خۆیـدا چنیویەتـەوە!) هـاوکات جۆرێـک لـە پرسـیار و گومانیشـی لـە بەرامبـەر شوناسـدا لـەلا دروسـت بـووە.

بـە دیوێکـی تـر دەمـەوێ بڵێـم هێنـدەی قوتابـی کـورد لـە ڕێگـەی زمانـی خۆیـەوە و ئێستاشـی لەگەڵدابێـت، مێـژوو و کلتـور و فەرهەنـگ و شارسـتانیەتی عەرەبـی ئاخنراوەتـەوە مێشـک... هێنـدەی ئاشـنا دەکـرێ بـە سـەروەریەکانی عروبـە و جوگرافیـا و سروشـتەکەی، نیـو ئەوەنـدە بیـر نـەک لـە لادانـی ئـەو بابەتگەلـە نامۆیانـە نەکراوەتـەوە، بگـرە بابەتەکانـی پەیوەسـت بـە دیـرۆک و شارسـتانیەتی خۆیشـی بـۆ قـووڵ نەکراوەتـەوە.. ئـەو دیاردەیـە نـەک لـە سـەر ئاسـتی بابـەت و ناوەڕۆکـی میتۆدەکانـی خوێندنـدا، بەڵکـو لـە نـاو ئـەو وێنانـەش کـە بـە مەبەسـتی ڕونکردنـەوە هاوپێـچ لەگـەڵ بابەتەکانـدا دانـراون، ئـەو گەمـە ترسـناکە کراوە..لـە توێـی ئـەو پەرتوکانـەدا هێنـدەی دیدەی منداڵـی کـورد بـە وێنـە نامۆکانـی (حوشـتر و دار خورمـا و ناعـورە و بیابـان و دشداشـەوە عـەگال و زۆنـگاو) ئاشـنا کـراوە.. ئەوەنــدەی بەرهەمەکانــی ئەدەبـی جاهیلــی و ئیســلامی و بەرگــری فەلەســتینی کـە هەڵگـری ڕۆحـی بیابانـن ئاخێنراوەتـە گوێچکەیـان، چارەگـی ئەوەنـدە کار بـۆ ناسـاندنی سروشـت و جوگرافیـا و کلتـور و ئەدەبـی کـوردی نەکـراوە.

سـەبارەت بـە هـۆکارەکان و ئامرازەکانـی فێـر کـردن کـە ئێسـتا دوای ڕاپەڕیـن و بــە هەوڵــی ڕێکخــراوە مــرۆڤ دۆســتەکان و دامەزراوەکانــی پەیوەندیـدار بــە بــواری پــەروەردەو فێــر کــردن، ژمارەیەکــی بەرچــاو و باشــی هۆیەکانــی فێرکردنیـان بـە سـەر قوتابخانەکانـدا دابـەش کـردووە، کـە وەک بـاس دەکـرێ و گوێبیسـت دەبیـن، لـە هەنـدێ شـوێن بازرگانـی بـەو کەلوپەلانـە کـراوە و لـە

هەندێکی تردا لە کۆگاکان تۆزیان لە سەر نیشتووە و مۆرانە لێی داون، بە بێ ئەوەی قوتابی سوودیان لێ ببینی بن .. ئەگینا لە تەک ئەو میتۆدە سەقەتانەی خوێندن، مێژوویەکی درێژە، ئەزمونی قوتابی ئێمە لە خوێندندا ئامرازەکانی فێر کردن و راهێنانی بریتین لە دارکاری و شەق و جوێن باران.

لە هەلو مەرجێکی پەروەردەیی وا ناتەندروستدا کە منالّ لە ناو خێزان و لە بەر دەستی مامۆستا و لە ئامێزی ئەو میتۆدە ژەنگگرتوانە گۆش کرابێت، بێگومان نەوەی ناهوشیاری بێ بەرهەم و مشەخۆر و هەڵگری گیانی توند و تیژی و نابەرپرسیاری دەرەنجام دەبێت و کۆمەڵگایەکی ناتەندروست و نەخۆش بەرهەم دێت، کە پێویستی بە شۆرشێکی سپی کۆمەلآیەتی و هوشیاری و فەرهەنگی و چاو خشاندنەوە بە سیستەمی دامەزراوەکان و بەرهەم هێنانی سیستەمێک لە بەهای نوێ و هاوچەرخ دەبێت.

٤

ڕەنگە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندن و ئامادەکردنی تاک هەستیارترین و گرنگترین ئەرکی خێزان و دامەزراوەکانی تری دەولەت بێت، دوای خێزان قوتابخانە و دامەزراوەکانی تری پەروەردە و فێرکردن بە دەزگای سەرەکی دەژمێردرێن، کە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە پرۆسەی پەروەردە و بەرهەمهێنانی تاکێکی هوشیاری خاوەن کەسایەتی و پڕ بەخشش.. لە قوتابخانەشدا مامۆستا بە ئاستی هوشیاری و باکگراوندی زانیاری و جۆرو شێوازی مامەڵەو رەفتاری خۆی، هەروەها میتۆدەکانی خوێندن کاریگەری راستەوخۆیان لە پرۆسەکەدا هەیە.

زۆر جار وارێککەوتووە قوتابیەک لەبەرچاو لێ سورکردنەوەی مامۆستا، یان شکاندنەوەی لەبەردەم هاوپۆلەکانیدا، یاخود سزادانی جەستەیی لەسەر رەفتارێکی سادە، دەستبەرداری خوێندن و قوتابخانە بووە و چارەنووسی خۆی داوەتە دەستی قەدەرێکی پەنهان، بێ ئەوەی بینیبێتمان مامۆستا هەستی بە بەرپرسیارێتی کردبێت، لەبەرامبەر دەرهاوێشتە ترسناک و نێگەتیڤەکانی هەڵوێستەکەی.

ڕەنگە زۆرێک لە ئێمەمانان کە قوتابی بووین، تەنها لەبەر ئەوەی بیرمان چوو بوو نینۆک بکەین دارکاری کراوین، یان بەس بە خەیاڵماندا نەهاتووە کە لە چونە ژورەوە دواکەوتوین و لە دوای مامۆستا بە بێ لە دەرگادان سەرمان بە پۆلدا کردووە تێرشەق و پڕ جوێن کراوین، یاخود لە کاتی خوێندنەوە و نوسینەوەدا وشەیەکمان بەهەڵە درکاندوە و یەکێکی ترمان بە هەڵە ڕێنووس کردووە زللەیەک چزەی لە بناگوێ هێناوین، یان لەبەر پێکە نینێکی سادە وەک مەیمون لەسەر یەک قاچ بەرامبەر هاوپۆلەکانمان بۆ چەند خولەکێک وەستاندویانین . هەموو ئەوانە وایان کردووە زۆربەمان یان خوێندنمان بۆ تەواو نەکراوە، یان ئەوەی تەواویشی کردووە، ئەمڕۆ لە بواری پسپۆری کارەکەی خۆیدا .. ڕەنگە لە ناو خێزانەکەیدا.. لەوانەیە لەگەڵ دۆستەکانیدا ، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو ڕق و کینەیەی دوێنێ بە تاڵ بکاتەوە.

جێگەی داخە ئێمە ڕاهاتووین چاوەڕێی فەرمانی شاقوڵی و تەلقینی سەرومان بکەین، جارێک ئەگەر ڕێکەوت بوبێت، ئەگەر نا نەمانبیستووە و نەمانبینیوە کەسێک لە خۆیەوە وەک بڕوا بوون بە پرسەکە و هەستکردن بەلێپرسراوێتی دەستپێشخەریەکی پۆزەتیڤی کردبێت..هەر بۆ نموونە تا ئەو کاتەی وەزارەتی پەروەردە بڕیاری قەدەغەکردنی لێدانی قوتابی دەرنەکرد، بەدەگمەن نەبێت ، نەمانبینی مامۆستایەک ئەو هەستەی لەلا بجوڵێ بۆ تەنها جارێک لەگەڵ خۆیدا دار نەباتە پۆل، یان زمانی لە جۆین و سوکایەتی پێکردن بەرامبەر هەڵەیەکی قوتابی بپارێزێ، نەمانبیست مامۆستایەک لەبری بەتاڵکردنەوەی توڕەیی خۆی بەشەق و تێهەڵدانی قوتابی، پەنا بۆ بەردەوامی پێدانی زمانی ئامۆژگاری و ڕێنوێنیکردن ببات و لەتەک سەرکێشی و چەقاوەسویی منالێکدا ئارامی هەبێت و سنگ فراوان و هەناسە درێژبێت.

زۆربەی مامۆستاکان نەک تەنها بە بڕیارەکەی وەزارەت بێزار و جاڕس بوون، بەڵکو لە رقی بڕیارەکە و بە شێواز و میکانیزمی ترو لە شوێنکاتی دیاریکراودا پەنایان بۆ لێدانی قوتابی و سوکایەتی پێکردنی بردووە، وەک شەڕێکی دەروونی، بەس لەبەر ئەوەی گوایە دەبوا بڕیارەکە نهێنی بوایە و

بـەم چەشـنە لەکەرامـەت و کەسـایەتی مامۆسـتا دادەبەزێنـن، بـە بـێ ئـەوەی ئـەو ڕاسـتییە بێننـەوە پێش چاویـان کـە نەپـۆل بـە لێدان و قیژانـدن کۆنتـڕۆل دەکـرێ و نـە قوتابیـش بەشـەق فێردەکـرێ، نەکەسـایەتی ئەویـش بـەو بڕیـارە لـە بەهـای دێتـە خـوار، بەڵکـو بەهـا و سـەنگی مامۆسـتا ئـەو کاتـە دادەبـەزێ کـە دەسـتکورت بێـت لـە زانیـاری وشـارەزایی پسـپۆرییەکەی یـان هـەژارو کـەم مەعریفـە بێـت لـە شـێوزاەکانی وانـە وتنـەوە و تێگەیاندنـی قوتابـی و چۆنیەتـی مامەڵــە و رەفتــار کـردن لەگەڵیـدا.

وا خەریکـە سـاڵێکی دیکـەی نوێـی خوێنـدن دەرگای بەسـەر جگەرگۆشـەکان بکاتـەوە، پێویسـت دەکات مامۆسـتا چاوەڕێـی بڕیـاری لـەم چەشـنەی وەزارەت و ڕێنوێنـی و سـەرکۆنەی سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی نـەکات، بەڵکـو بـۆ خـۆی بگاتـە ئـەو بـاوەڕەی کـە پێویسـتە بـە دنیابینیەکـی شارسـتانی و عەقلێکـی کـراوە و بیرکردنەوەیەکـی نـوێ، چەکـدار بـە گەنجینـەی زانیـاری لـە بوارەکـەی و درک کـردن بــە گرنگـی جـۆر و شـێوازی رەفتـار و مامەڵەکـردن لەگـەڵ قوتابـی و قبوڵکردنـی ڕەخنـە و بـە سـنگێکی فـراوان بـاوەش بـۆ قۆتابیەکانـی بکاتـەوە و بـەرەو پیـری پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن بچێت..دەبـێ مامۆسـتا بگاتـە ئـەو یەقینــەی کــە بــاوی دارکاری و جوێـن بارانکـردن و سـوکایەتیپێکردنی قوتابـی نەمـاوە، پـەروەردە و فێرکـردن ئـەوە نییـە کـە مامۆسـتا بـە هۆی ئـەو میکانیزمانە قوتابـی بـێ دەنـگ و جوڵـە و پرسـیار بـکات، بەڵکـو مامۆسـتای سـەرکەوتوو لـە وێـدا دەردەکـەوێ کـە قوتابییەکانـی چەنـدە بـزۆز و پـڕ پرسـیارن . چونکـە هـەر رەفتارێکـی لـەم چەشـنەی سـەرکوتکردنی قوتابـی، لـە ئایینـدەدا ڕەنگدانـەوەی ترسـناک و خراپـی بـە سـەر کەسـایەتی قوتابیـدا دەبێـت و لـە بـری ئـەوەی مرۆڤێکـی بەخشـندە و داهێنەربێـت، کاراکتەرێکـی شـەڕانگێز و ئـاژاوە گێـڕو تونـدو تیـژی لـێ بەرهـەم دێـت، ئـەوە ئەگـەر دواجـار لـە بـاری کۆمەڵایەتیـدا کەسـێکی لادەری لـێ دروسـت نەبێـت.

پاشبەند

# لە بارەی میدیاوە

# ئێمەش گەندەڵین!

«یاساکان وەک تەونی جاڵجاڵۆکە وان، مێشی بچووک پێیانەوە دەبێ و گەورەکانیش لێی دەرباز دەبن..
بەلزاک»

زۆرجار دەگەمە ئەو بڕوایەی ئەگەر دەستبەرداری نووسین بم و واز لە کاری ڕۆژنامەنووسی بێنم و خۆم خەریکی کەسابەتێکی ڕۆژانە بکەم، زۆر باشتر و پڕ قازانج و بێ سەر ئێشەترە، چونکە هەست دەکەم چیدی لەم وڵاتە نووسین فریای چارەسەری کێشەکان ناکەوێ، بەو پێیەی کەس نییە گوێ لە ڕاز و گلەییەکانت بگرێ و بۆ ساتێکیش بیر لە خەم و ژانی ئەو خەڵکە بکاتەوە، چ جای زۆرێک لەوانەی بە نووسین بەرگری لە مافەکانیان دەکەیت، کە گلۆڵەت کەوتە لێژی، ئەوەی قسەی خێرە بۆت نابێژن. وەکو تریش بەعزێ بۆرە سوار هەن وبە سەد دەست ماچ کردن کورسیەکی بەرپرسێتی چنگ کەوتووە، بابایەتی هەر زوو خودی خۆی و خزم و خوێش و خانەوادەکەی پڕ بکات و چش لە میللەت، گاڵتەجاڕیش ئەوەیە دواجار سکاڵای من و تۆ و خەڵک و هەموومان دەچێتەوە سەر مێز و پێش دەستی ئەو زاتە، جا وەرە (ڕێوی سەرچۆپی قەل و مریشکی لە دەست بێت، دەبێ گۆڤەندەکە بباتە کام کون؟!)، یان وەک دەڵێن (بەز بە پشیلە بسپێری، چۆن پاسەوانیت بۆ دەکات؟!).

بۆیە ئەو قسەیەی (بەلزاک)م هێناوەتەوە، چونکە ١٠٠٪ و زیاتریش لەو مەملەکەتەی ئێمە واقیعەکە وایە، سەیر کەن شوفێرێکی تەکسی لە لایەکی شەقام وەستاوە بۆ کرێیەک، هەر زوو وەسڵێک دەخەنە بەر فلچە و ڕاوی شوفێرەکەی دەنێن، لەولاش هەرچی مۆنیکا و شەبەح هەیە ڕستیان

بەستووە و کەس ناتوانێ نزیکیشیان کەوێت و بە فوو تۆزی سەریان بماڵێ، چ جای ئەوەی وەسڵی بۆ دابنێن..لەسەر شەڕە شەقی دوو مناڵ مەحزەر و مەحزەر کاری دەکرێتەوە و کابرا پێستی گیانی دەچێ تا لە دادگا دەربازی دەبێ، کەچی زەلام هەیە سوپەر پیاو و ژنکوژە و مێش میوانی نییە..لە سەر جنێوێک یان زللەیەک (کە شێوازێکی پەروەردەیی نییە) قوتابی و باوکی، مامۆستا دەدەنە دادگا و راگەیاندنیش دەیکاتە رۆژی حەشر، بەڵام زۆرجار مامۆستایەک لەلایەن قوتابی تێر جنێو و لەلایەن باوکی قوتابی تێر شەق کراوە کەسیش باسی نەکردووە و لەوە زیاتریش گوتویانە، ئاساییە زۆرجار برا و برا، باوک و کوڕیش بەشەڕ دێن، با برای گەورە و باوکەکە سنگ فراوان بن.. مێرمناڵێک لەسەر گرامێک حەشیشە دەگیرێ زیندانی تا هەتایەی بۆ دەبڕدرێتەوە، بەڵام بابایەک بە کیلۆ تلیاکی لێ دەگیرێ پێنج و دوو رۆژێک لە ژوورێک دەمێنێتەوە و دواتر موعەززەز موکەڕەم ئازاد دەکرێ.. کەسێک هەر لە تەجاوز کردنە سەر موڵکی حکومەت تا دەگاتە کاری بەدڕەوشتی و نێربازی ئەنجام دەدات، تەنها لەبەر ئەوەی خزمی بەرپرسێک و بە حیسابی عەشایەری ریش سپی و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و پیرۆزی هەیە خەڵک و خوا بۆی دەنوزێنەوە، بەڵام هەرزەکارێک بە رێکەوت تخونی ماکەرێک کەوتووە لێی دەکەنە هەڵلا..خێزانە هەژارێک، بێوەژنێکی مناڵ بێسەرپەرشت بە خێر و سەدەقە کۆڵیتێک بە ناشارەزایی لە زەوییێک قیت دەکاتەوە هەرچی شۆڵ و حەففارە و مەفرەزە خاسەی بیکەیسی بە سەر پشتی پیکابە دەچن بەسەری دەڕوخێنن، بانێکە و دوو هەوا وەک ئەوەی خانوو و کۆشک و باڵانەی بەعزێ مەسول و گەندەڵی پێداو ماڵی خوا و وەقف بن باباکانی لیژنەی تەجاوز نایانبینن و بە قودرەتی قدر هەر لەوێ شۆفڵ و حەففارەکان پەنجەر دەبن، لەوەش وێرانتر بەعزێ تەیری نامەعقولی ناو راگەیاندن ئەو هەڵمەتە وەک دەسکەوت و سەروەری یاسا دەکەن مانشێت.. کەسێک بۆ خۆی و بێ ئەوەی زیانی بۆ کەس هەبێت لە دووری ئاوەدانی پێکێک عەرەق نۆش دەکات، با ئەو کەسە پیاوی باش و خێرخوازیش بێت، هەرچی عەبدی خوایە لام و لۆمەی دەکەن، بەڵام کەسێک گوایە ئیماندارە و

بیست و چوار سەعاتی خوا بەرماڵی لەسەر شانە و هەر دەمی بە ئایەت و حەدیس دەکاتەوە و بەو رەمەزانەش بەرۆژووە، کەچی لەسەر گەندەڵی پف بووە و تەنها لە نانخواردن بەرۆژووە، ئەگینا زمان و دەمی پڕیەتی لە جنێو و رشانەوە، هێشتاش هەر ئەو کەسە نەجیبزادەیە و خەڵک و هەندێ گەندە مەنسولیش پاکانە بۆ رەفتار و هەڵسوکەوتە ناشیرینەکانی دەکەن و بەرگری لێ دەکەن.

## میدیای ئایدیۆلۆژی و سیاسی بەرپرس

هەر لە یەکەم چرکەساتەکانی رووداوەکانی بادینانـدا ئەمەم گـووت و نووسیم، کە سـوتاندنی دوکانەکانی مەیفرۆشی و مەساج و هوتێلەکان لە زاخـۆ، هەرکەس و لایەنێک لە پشتیانەوە بێت، دژی هەمـوو بیرکردنەوەیەکی ئازادیخـواز و مەدەنیـن و مەترسـین بـۆ سـەر ئایینـدەی بەیەکەوە ژیـان لـە کوردستان و دەستدرێژی کردنێکی ئاشکران بۆ سەر ئازادییە تاکە کەسی و گشتییەکان. لە بەرامبەردا سوتاندنی بارەگا حزبییەکانیش هەڕەشەن بۆ سەر ئازادی سیاسی و ئەو کردارە دژە دیموکراسییانە بە هاندان بن، یان عەفەوی، پاساوی ئەوە نادەنەوە، کە لەم وڵاتەدا هێشتا جیاوازییەکان لە ژێر پلەی سفری قەبوڵکردن دان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا حیکمەت لەوە دایە چۆن پەنا بۆ لۆژیکی گفتوگۆ و هێزی عەقڵ دەبەین و بەرچاومان روون دەکەینەوە و شتەکان وەکو خۆیان دەبینین و ئەوکات بڕیار بدەین.. خەمخۆری بۆ نیشتمان و نەتەوە لەوەدا نییە یەکتری تۆمەتبار بکەین و پێشوەختە حوکمی کوێرانەمان بەسەر رووداو و بکەرەکانیان بدەین، گەمژەییەکی گەورە و جەهلێکی ترسناکە پێش رووداوەکان بکەوین و لە بری قسەی خێر و دەستی ئاشتەوایی، بەنزین بە ئاگرەکەدا بکەین. نە کوردستان و نە کوردیش بەرگەی ئەو هەموو گرژی و ئاڵۆزییانە ناگرن، کەسێک زەڕەیەک ویژدان و ئەخلاق و ئینتمای تێدا بێت، شەلم کوێرم نابوێرم، گوللە بە تاریکییەوە نانێ.

بەر مەبنای ئەزموونەکانی مێژووی برینداری کورد، هەمیشە لە ئەگەری هەر رووداوێکی نەخوازراوی لەم جۆرە ئەو نزایەم لە خوا کردووە و دەکەم، خوایە هەرنا هۆش بدەیتەوە بەر سیاسییەکانمان ژیرانە مامەڵە بکەن و سواری سەری کەللەڕەقی و کورتبینی ئایدیۆلۆژی نەبن، لە بەرامبەردا

برێکیش ویژدان و بەرپرسیارێتی بدەیتەوە بەو زرە قەڵەمانەی کە دەیانەوێ بە دروشمی بریقەدار و قسەی فوودراو، شان و باڵی پاڵەوانێتی و ئازادیخوازی خۆیان بە گەورەکردنی ناکۆکی و ململانێ و ناتەباییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو هێزە سیاسی و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە با بدەن.

خودایە چ کارەسات و نەگبەتییەک بەربینگی ئەو نەتەوەیەی گرتووە؟ لە دونیادا و بەرمەبنای بنەما ئیتیکی و پیشەییەکانی کاری رۆژنامەگەری، دەبێ میدیا فاکتەری قوڵکردنەوەی تەبایی سیاسی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بێت و بێلایەنانە و دوور لە وروژاندنی هەستی رق و کینە و تۆڵە لە نێوان تاک و گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، رووداوەکان وەک خۆی رووماڵ بکات و رۆڵ لە بەرقەرارکردنی دڵنیایی و سەقامگیری بگێڕێ، کەچی بەداخەوە لە کوردستاندا بەر لە سیاسییەکان، پێش بیرکردنەوەی ژەنگاوی کۆمەڵگەی بارگاوی بە هەناسەی تۆڵەسەندنەوە، هەندێ میدیا و کاراکتەری نەخۆش هەڵپەیانە بۆ قووڵکردنەوەی کێشەکان و قوڵترکردنەوەی ناکۆکییەکان تا ئاستی ئاراستەکردن بەرەو خوێنرێژی و ئاژاوە..

بە چاوی خۆمان بینیمان و بە گوێچکەی خۆمان بیستمان، کە چۆن لە ئاست رووداوەکانی بادینان و ئەو کاردانەوانەیشی بەدوایدا هاتن، بەشێکی میدیای کوردی لە بری هەوڵدان و کارکردنی جیددی بۆ دۆزینەوەی هۆکار و سەرچاوەی نەخۆشییەکان، هاتن و وەک ئەو دکتۆرە ناشارەزا و بێویژدانەی تەنها لە خەمی گەرمکردنی گیرفانی دایە، بە لیست ناوی حەب و دەرمان بۆ نەخۆش ریز دەکات، کە لە جیاتی چارەسەری، تووشی چەندین نەخۆشی دیکەی کوشندەی دەکات.. بە هەمان شێوە بەشێکی میدیای کوردی لە ساتەوەختی روودانی ئەو قەیران و ئاڵۆزییەدا رۆڵی ئەو پزیشکەیان بینی، کە لە بری تیمارکردن، خوێیان بە برینەکاندا کرد و حەب و دەرمان و ڤاکسینی کوشندەیان دەرخواردی خەڵکدا.

رێک پێچەوانەکەی و لە بەرامبەردا، خەڵکێکی سیاسی، کە ئەگەر بە پێوانەی ململانێی سیاسی ناشەریفانە بێت، دەیانتوانی بە باری بەرژەوەندی

خۆیانـدا رەوشـەکە بشـکێننەوە و بـۆ مەرامـی سیاسـی بیقۆزنـەوە، کەچـی وێـڕای گومـان کردنـی نـاڕەوا و حوکمـی پێشـوەختە لەسـەر ئـەم هـەوڵ و هەنگاوانـە، سـەرەڕای تێبینیشـمان لەسـەر هەڵوێسـتی نـا عەقلانـی و پەرچەکـرداری نابەرپرسـانەی یەکگرتـووی ئیسـلامی ( کـە خۆیـان بـە ئەهلـی حـەل و عەقـد دەزانـن!!) لـە بەرامبـەر ئـەو هەوڵـە ئاشـتیخوازیەدا، بـەلام رۆڵێکـی ئەرێنـی و ئاشـتیخوازانەیان گێـڕا، کـە جێـی سـتایش و دەستخۆشـین،

بـەش بەحاڵـی خـۆم، وێـڕای ئەوپـەڕی جیاوازیـم لەگـەڵ ئیسـلامییەکان، بـە دونیابینـی سیاسـی خـودی کۆمەڵـی ئیسلامیشـەوە، بـەلام بـەلای منـەوە هەوڵەکـەی بەڕێـز (مامۆسـتا عەلـی باپیـر- ئەمیـری کۆمەڵـی ئیسـلامی) وەک هەوڵێکـی ئاشـتیخوازانە بـۆ هێورکردنـەوەی دۆخەکـە، ئەوپـەڕی هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی و سـەد هەزارجـار شـەریفتر بـوو لـە دوو زمانـی و نیفاقـی ئـەو قەڵەمانـەی، کـە پێویسـت بـوو فاکتـەری ئاشـتی کۆمەلایەتـی و تەبایـی سیاسـی بـن، کەچـی بـە نووسـینەکانیان و بـۆ (غایـە فـی نفـس یعقـوب) و لـە یەکگرتـوو گەرمتـر خوێیـان بـە برینەکانـدا کـرد.

بۆیـە ماوەتـەوە بڵێـن، بێبەهـا سـەیرکردنی هەوڵـی ئاشـتیخوازانە پاسـاو نادرێتـەوە، ئەوانـەی لـە کەمیندابـوون و لـە کەمینـدان ئاگری دووبەرەکـی بسـت بـە بسـتی نیشـتمان و کونـج بـە کونجـی ماڵەکانمـان بگرێتـەوە، لـەو گورگـە چڵێـس و چـاو برسـیانە دەچـن، کـە بـە خنکاندنـی سـەر مەڕێـک دڵیـان ئـاو ناخواتـەوە و چـاوی برسـی و ویسـتی دڕندەییـان وا دەکات مێگەلێـک بخنکێنـن!

## بەحەیا بێنە حزور.. ئێرە دورگەی واق واق نییە!

پێشـوەختە ئەگـەر بڕیـارە دوا قسـە هـی زۆرێـک لـە بەنـاو زبرنووسـەکان بێـت , کـە سـەرجەمی رۆژنامەنـووس و نووسـەرەکانی میدیـای حـزب دەربارەبـن و ئەوانـی دیکـەی جنێوفرۆشـی ژێـر سـێبەری میدیـا هێرشـبەرەکان، کـە بەهەڵـە بـە ئەهلـی و ئـازادا ناودەبرێـن ! لـە بڵاوکـراوە و ماڵپـەری ئێنتەرنێـت، ریفۆرمخـوازو ویژدانـی شـەقام بـن، ئـەوا باشـترە لـەم بارەیـەوە قسـە نەکەیـن و تـف لـە هەمـوو ئـەو چەمکـە مۆدێرنانـەی یەکتـر خوێندنـەوەو قبوڵکردنـی جیـاوازی و سـەروەری تـاک بکەیـن (کـە ئـەو باباپانـە رۆژانـە هەرزانفرۆشـی دەکـەن).

بـەر لـەوەی بێمـە سـەر ناوەڕۆکـی ئـەم نووسـینە , دەمـەوێ سـەرنجی خوێنـەری بەڕێـزو زۆرێـک لـەو جنێوفرۆشـە چیکڵدانـە تەسـکانە بـۆ ئـەوە رابکێشـم , کـە ئەو بۆچوونانـەم حوکمـی رەهـاو گشـتگیرنین , هـاوکات هەمـوو ئەوانـەش ناگرێتـەوە، کـە ناویـان لـە خۆیـان نـاوە قەڵـەم و میدیای ئـازاد , چونکە ناکرێ و بێویژدانییە، چەنـد قەڵەمێکـی جـوان و جـددی و گەنجانـە (کـە بەپەنجـەی دەسـت دەژمێردرێـن) , لەگـەڵ ئـەو لەشـکرە نەخوێنـدەوارو فەریکـەو هـەرزە بەنـاو نووسـەرو رۆشـنبیرە بخرێتـە تـای تەرازوویـەک، ئـەو دەنگـە نەشـازو قامیشـە وشـکهەڵاتووانەی کـە تـا میدیـای هێرشـبەر نەبـوو ناویـان لـە کولەکـەی تـەڕدا نەبـوو، کەچـی لـە پڕێـکا لەگـەڵ گرمـەی هەورەتریشـقەی جنێـوو تەشـهیری بەنـاو رەخنـە، وەک دۆمـەڵان لـە زەوی رۆژنامەگـەری هەڵتۆقیـن و ئێسـتا لـە میانـی جوینـەوەو کاوێژکـردن لەسـەر راوبۆچوونـی ئـەو چەنـد دانـە قەڵەمـە جوانـە دەیانـەوێ ببنـە فـس فـس پاڵـەوان...

سـەیرە! هـەر بابایەکـی نەخوێنـدەوارەو دێـت، دوای ئەزبەرکردنـی دوو دێـری رۆژنامـەو بڵاوکـراوە و ماڵپەڕەهێرشـبەرەکان و لـە بـێ ئیشـی خـۆی، گەرەکییەتـی بـە بەردێـک دوو چۆلەکـە بپێکـێ، لەلایـەک دەسـتی چـەوری دۆڕاوی خـۆی

بەسەری کارەکتەرەکانی نێو میدیای حزبی (بەبێ جیاوازی و هەڵاوێرکردنی قەڵەم و هەڵوێستەکان) بسڕێتەوە، لەلایەکی دیکەش مشەخۆرانەو لەسەر پێستی نەهامەتییەکانی خەڵک و کوێرکردنی هۆشیاری شەقام (کە گومانم لە بوونی ئەو هۆشیاری و ئاگاییە هەیە) و بە ماکیاژو ماسکی درۆزنانە سینگی خۆی دەرپەڕێنی و وەکو موژدەبەری ئازادی و دیموکراسی و کرانەوەو فریادڕەسی کۆمەڵگە خۆی نمایش بکات.

لە سەرووی ئەوەشەوە (شەلم، کوێرم، نابوێرم) ترسنۆکانەو بەبێ ئەوەی بوێری ناوبردنی قەڵەمەکانی میدیای حزبی و جوامێری و ویژدانی هەڵاوێرکردنی زمان و گوتارەکانی هەبێت، , دێت و بە حوکمێکی پێشوەختەی کوێرانە و لە هەڵچوون و کەفوکوڵێکی هەرزەییانە، هێڵێکی راست و چەوت بەسەر تەواوی بەرامبەرە جیاوازەکانی دێنێ و گشتگیرانە و بەبێ جیاوازی ناشرینیان دەکات.

لەو ئاستانەیەدا دەمەوێ بڵێم , نە دەمڕاستی کاراکتەرەکانی میدیای حزبیم و نەمافی ئەوەیشم هەیە ببمە پارێزەریان و پاساویان بۆ بهێنمەوە , چونکە دەزانم ودڵنیام، کە هەموویان دەم و زمان و قەڵەمی جددی و پاک و بوێرو راستگۆ نین , بەڵام دەشزانم و درک بەوە دەکەم (بەختیار عەلی) گوتەنی «هەموو مانگاکان لە تاریکیدا رەش نین» و وەک ئەو بۆرە سوارانە گوللە بە تاریکییەوە نانێم , لەوەش تێدەگەم , کە چۆن مەرج نییە هەموو کاراکتەرەکانی نێو دونیای راگەیاندنی حزبی دەربار و ماستاوچی و بارەبەر و قەڵەمی تەشریفات و ستایش و پیاهەڵدان بن , ئاوا وزیاتریش دڵنیام،کە ئەوهەمودەنگەنەشازونەخوێندەوار و درِدۆنگ و قامیشەوشکهەڵاتووە دەمامکدراوانەی ناویان لە خۆیان ناوە رەخنەگر و ریفۆرمخواز , پەرێز خاوێن و راستگۆ و نیازپاک و بەویژدان نین.

وەکو تر و بەشبەحاڵی خۆم , کە بە شێوەی گرێبەست لە میدیای حزبی کارم کردووە و دەکەم و لە زۆرێک لە دەنگ و قەڵەمە رەخنەگر و جددییەکان نزیکم و دۆستی هەندێکیانم , کە گومانم لە گوتاری ژیاندۆستی و گەنجینەی مەعریفی و بوێری و راستگۆییان نییە , نە پێویستیم بە پاکانەیە

و نـه شەرمیشـم بـه کارەکەیـه , چونکـه وەک دەڵێـن (بـەری خـۆر بـه بێژینـگ ناگیـرێ)، لـه مـاوەی تەمەنـی کاری نووسـین و رۆژنامەگەریـم (کـه بەنووسـین و دیکۆمێنـت مـاون) ، کـه زۆرکەسـی تریـش هـەن، دڵنیـام ئـەو دەمانـەو لـه سـاتەوەختە ئاڵـۆز و سـەخت و پـڕ گیـروگاز و سەرئێشـەکاندا , ئێمەمانـان قسـەی جددیمـان لەسـەر خەوشـەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی کـوردی و عەقڵیەتـی میلیتاریسـتی حـزب و مۆنۆپۆلکردنـی دەسـەڵات و سـەرچاوەی ژیانـی خەڵـک و گەنیـوی کولتـوری نەریتسـالاری و مەرگدۆسـتی و گوتـاری فەندەمێنتالـی و باوەڕسـالاری دەکـرد، زۆربـەی زۆری ئـەو لەشـکرە نەخوێنـدەوارە جنێوفرۆشـەی ئەمـڕۆ , لـەو رۆژ و کاتانـەدا یـان منداڵـی شـیرە خـۆرە بـوون , یـان منداڵـە ورتکـەی نێـو رێکخراوەکانـی حـزب بـوون و لـە ئاسـت هوتـاف و رەشـانەوەکانی سـەرکردە و هێنانـی سـوپای داگیرکـەران چەپڵەیـان لێـدەدا , یاخـود ئـەو بودەڵـە و زرا و تۆقیوانـە بـوون , کـە دەسـتیان بـە کڵاوی خۆیـان گرتبـوو و پەیڕەویـان لـە پەنـدی (ئاگـرە سـورە , لـە خـۆم دوورە) دەکـرد!

هەمـوو ئەوانـە بەلایـەک , بـەڵام بەدیوەکـەی تـردا , مانـای ئـەوە نییـە ئەمێسـتا لـە ئاسـت ئـەو گاڵتەجـاری و منداڵبازاڕییـەی ئەمـڕۆی میدیـای هێرشـبەر و ئـەو زمانـە شـڕ و درێـژە بێدەنـگ بیـن , کـە بـە ئاشـکرا بـێ رێـزی بەرامبـەر کاراکتەرەکانـی نێـو میدیـای حزبـی (بەبـێ جیـاوازی) دەکات و هەرچـی سـنوری یاسـا و عـورف و ئەخلاقـی نووسـین و رۆژنامەگەرییـە دەیبەزێنـێ و ژێـر پێـی دەخـاو وەعـز دەبەشـێتەوە و هـاوکات بوێـری ناوهێنـان و جیاکردنـەوەی نییـە , کـە بـە داخـەوە بەسـەرێک خـودی عەقڵیەتـی چەقبەسـتوو ترسـاوی حـزب، لـە کرانـەوەی پشـتی گوتـاری میدیـای حزبـی و بەرتەسـک کردنـەوەی ئـازادی کاراکتەرەکانـی و بەسـەرەکەی تریـش میدیـای هێرشـبەری زادەی رق و دڵڕەشـی (حوکمێکـی رێژەییـە) و عەقڵیەتـی رەهاگـەرا، زەمینـە سـازی دەرکەوتـن و تەشـەنەکردنی ئـەو وڕێنـە و زمانـی تەشـهیر و جنێوفرۆشـی و رشـانەوانە بـوون.

لـە خۆبایـی بـوون و زیادەڕۆیـی ئـەو دەنگـە نەشـازانە گەیشـتۆتە ئاسـتێک , کـە مەترسـی رشـانەوەیان , لـە مەترسـی گوتـاری جیـاوازی کـوژ و مۆنۆپۆلکردنـی حزبـی و رەهایـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی زیاتـر نەبێـت , کەمتـر نییـە , چونکـە

بـه قسـەی خۆیـان , ئەوانـە لـەو سـۆنگەیەوە دێنـە گـۆ , کـە گوایـە حزبـی کـوردی بەهـاو سـەروەرییەکی بـۆ کۆمەڵـگاو ئـازادی و نرخێکـی بـۆ تـاک و جیاوازییـەکان نەهێشـتۆتەوە , کەچـی ئـەو دەم شـڕانە دێـن و لـە میانـی گەمـەی زمـان و بـە خواسـتن و کاوێژکـردن لەسـەر دونیابینـی مەعریفـی و گوتـاری ژیاندۆسـتی هەنـدێ دەنـگ , پێشـێلی سـەروەری و بەهـای کـۆی کاراکتەرەکانـی میدیـای حزبـی دەکـەن و (بەبـێ جیـاوازی)و لەوپـەڕی ترسـنۆکی لـە ناوبـردن و دەستنیشـانکردنی کاراکتـەرە بچووکەکانـی ئـەو دونیایـە، کەسـایەتیان دەڕوشـێنن و بێشـەرمانە و روو قایمانـە داوا دەکـەن گۆڕەپـان بـۆ جـرت و فـرت و رمبـازی درڕدۆنگیانـەی ئـەوان چـۆڵ بکەیـن , ئـەو مەخلوقـە عەجیبانـە، ئەگـەر خوێندنەوەیەکیـان بـۆ دونیـای رۆشـنبیری و رێزێکیـان بـۆ لۆژیکـی دیالـۆگ و یەکتـر خوێندنـەوە و تۆزقاڵێـک مەعریفەیـان هەبێـت و لـە ئەلفوبێـی رەخنـە بزانـن و حەرفێـک لـە جیـاوازی تێبگـەن و بەهایـەک بـۆ ئـازادی دابنێـن , هـەر نـا خۆیـان مانـدوو دەکـرد گفتوگـۆی (ئەرگـۆن و جابـری)ان دەخوێنـدەوە!!و ئێسـتێکیان لـە ئاسـت ئـەو دێـرە شـیعرە دەکـرد , کـە دەڵـێ: بەحەیـا بێـرە حـزور و بـە ئـەدەب سـوژدە بـەرە!

## پەیامنێری ئەختەبووت!

کۆڵەگـەی سـەرەکی کاری هـەر دەزگایەکـی ڕۆژنامەنووسـی تـۆڕی پەیامنێرەکانییەتـی، یەکێکیـش لـە مـەرج و تایبەتمەندییەکانـی پەیامنێـری سـەرکەوتوو، ئامادەبوونـی بەردەوامیەتـی لـە شـوێنکاتی ڕووداوەکان. ڕوونتـر بڵێیـن مەرجـی پەیامنێـری سـەرکەوتوو ئەوەیـە لـە نزیکـەوە ئـاگاداری لایەنـە ئاشـکرا و شـاراوەکانی ڕووداوەکان بێـت، بـۆ ئـەوەی پیشـەیی و بابەتیانەتـر ڕوومالّیـان بـکات، کـە بەداخـەوە لەنـاو ئـەو هەمـوو زۆری و بـۆری و لەشـکرەی بەنـاو ڕۆژنامەنووسـەی کوردسـتاندا، ئـەو مـەرج و خەسـڵەت و تایبەتمەندییـە زۆر کـەم لـە پەیامنێـری ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی کوردسـتاندا دەبینـرێ. لـە ئێسـتادا کـە بەشـێکی زۆر لـە دەزگا میدیایـی و ڕۆژنامەنووسـەکانی کوردسـتان بـە هـۆی کاری مەکتەبـی پیشـەکەیان سـوک و ڕەزیـل کـردووە و بـە پێچەوانـەی شـێوازی ڕاسـتەقینەی کاری ڕۆژنامەنووسـی، کـە گەڕانـە بـەدوای ڕوومالّکردنـی هـەواڵ و ڕووداوەکان و کۆکردنـەوەی زانیـاری، لـە شـوێنی کاری خۆیـان، لـە نووسـینگەکانیان چاوەڕێـی ئـەوەن هـەواڵ لـە دەرگایـان بـدات، تەنانـەت ئـەو سـوک و ڕەزیلکردنـەی کاری ڕۆژنامەنووسـی توخمـی دیـدار و چاوپێکەوتنـی ڕۆژنامەوانیشـی شـێواندووە (دیـارە مەبەسـتی سـەرەکیمان ئـەو دیدارانـەن، کـە ناوەڕۆکەکانیـان ڕاسـتەوخۆ پەیوەندییـان بـە ژیانـی سیاسـی و کارگێـری و دواتـر بـە بەرژەوەنـدی کـۆی هاووڵاتیانـەوە هەیـە)، بـەوەی دوورا و دوور کاکـی پەیامنێـر لـە ڕێگـەی مۆبایـل، یـان ئێنتەرنێـت پرسـیاری دەقگرتـوو بـۆ کاکـی بەرپرسـی سیاسـی و ئیـداری دەنێـرێ، کـە بـە بۆچوونـی ئێمـە ئـەو حاڵەتـە چەنـدەی پەیوەنـدی بـە نـا پرۆفیشـناڵییەتی پەیامنێرەکـەوە هەیـە، دوو ئەوەنـدە پەیوەنـدی بـەو ویسـتە بەرژەوەندخـوازی و پەیوەندییـە کەسـییانەوە هەیـە، کـە کاکـی پەیامنێـر بـە بابـای بەرپـرس دەبەسـتێتەوە. بـە مانایەکـی تـر

زۆرێـک لـەو دیدارانـە ئەوەنـدەی بـە مەبەسـتی دەستگەیشـتن بـە دەسـکەوتێکی مـاددی ئەنجـام دەدرێـن، چارەگـی ئـەوە لـە پشـتییانەوە مەبەسـت ناوەڕۆکـی بابەتـەکان و خەمـی پەیامـی راسـتەقینەی رۆژنامەنووسـی نییـە!!

لـە کاتێکدا زۆربـەی رۆژنامـە و گۆڤـارەکان (بـە حزبـی و ئەهلیەوە) نووسـینگە، یـان هەرنـا پەیامنێرێکیـان لـە شـار و شـارۆچکەکان هەیـە، کەچـی سـەیر دەکەیـت لـە پرێکدا پەیامنێرێک لـە شـارێکدا، کـە بـە مـوو ئـاگاداری کێشـەیەکی سیاسـی و ئیـداری شـارەکەی تـر نییـە و کەمتریـن زانیـاری لـە بارەیانـەوە هەیـە، دیدارێکـی لەگـەڵ بەرپرسـی ئەوبـەر شـار لـە رۆژنامـە دابەزیـوە. باشـە ئـەوە ئەگـەر مامـە حەمەیـی و بەرژەوەنـدی تایبەتـی و دەسـکەوتی مـاددی پەیامنێـر و مسـۆگەرکردنی سـیلەی رەحمـی بابـای بەرپـرس نەبێـت، بـۆ ئـەوەی لـە شـوێنکاتێکدا شـەفاعەتێکی بـۆ بـکات، چیتـر دەگەیەنـێ؟!

بـۆ نموونـە پەیامنێـری رۆژنامەیـەک لـە هەولێـر دانیشـتووە، کـە دڵنیـام ئـاگاداری چارەگـی هـەواڵ و رووداوەکانـی سـنووری کاری خۆیشـی نییـە، کەچـی لـەو دووری دوورەوە سـۆراخی کێشـەیەکی روانـدز دەکات، پێچەوانەکەیشـی هـەر راسـتە. ئـەو حاڵەتانـە کـە خەریکـە دەبنـە دیـاردە، رۆژانـە لێـرە و لـەوێ لەسـەر رووپـەڕی رۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا دەیانبینیـن، نـەک هـەر خەڵـک و خوێنـەری ئـەو ناوچانـە بێـزار و بێتاقـەت دەکـەن، کـە دە بارتەقـای پەیامنێـرە دوورە دەسـتەکە ئـاگاداری ورد و درشـتی رووداو و کێشـەکانن، بەڵکـو سـەنگ و متمانـەی رۆژنامـە و گۆڤارەکـەش دەخەنـە ژێـر پرسـیار و ناشـیرینی دەکـەن، لـە کاتێکـدا کـە ئـەوەی بـۆ ئـەو بڵاوکراوەیـە گرنگـە مسـۆگەرکردنی متمانـەی خوێنـەرە لـە رێگـەی رووماڵکردنێکـی هاوسـەنگ و بێلایـەن و راسـتگۆیانەی رووداو و هەواڵـەکان، نـەک پەیامنێرێکـی سـوخۆر و مشـەخۆر و چـی و چیتـر!!

بـۆ خـۆم کـە هـاوکار و خوێنەرێکـی بەردەوامـی هـەردوو رۆژنامـەی (ئاوێنـە و هاوڵاتـی)م و لـە نزیکـەوە هاوڕێـی سـتافەکەیانم، خۆیـان و رۆژنامەکەیانـم زۆر خـۆش دەوێـن، بۆیـە بـەر لـە رۆژنامـە و گۆڤارەکانـی تـر رووی گلەییـم دەکەمـە ئـەوان، کـە نـەک هەربابێ ئـەو شـتانەیان بەسـەردا رەت بێـت، بەڵکـو پێویسـتە ئـەو پەیامنێرانەشـیان سـزا بـدەن و لـە کارەکانیـان دوور بخەنـەوە، کـە سـەنگ

و قورسـایی جەمـاوەری رۆژنامەکانیـان دەکەنـە پـردی بەرژەوەندییەکانیـان، بەتایبـەت کـە تـا رادەیەکـی زۆر ئـەم دوو رۆژنامەیـە دیـوی پیشـەیی بـە کارەکانیانـەوە دیـارە.

پەیامنێـری هـەر یـەک لـەو دوو رۆژنامەیـە گریمـان بـا لـە سـلێمانی، یـان لـە هەولێـر بێـت، کـە دەنگۆی کێشـە و پـرس و بابەتێـک لـە رواندز، یـان سـۆران و هـەر دەڤەرێکـی تـر دەبیسـتێ و فزولـی رووماڵکردنـی لـە کەللـە دەدات، ئەگـەر مافـی ئـەو رووماڵکردنـە لـە هاوکارەکـەی خۆیشـی، کـە لـەو ناوچەیـە پەیامنێـری رۆژنامەکەیەتـی دەخـوات، بـەڵام دەکـرێ بەشـی ئـەوە ویـژدان و بەرپرسـیارێتی پیشـەیی کارەکـەی هانـی بـدات، کـە بـە شـێوەیەکی هاوسـەنگ و بێلایـەن رووماڵـی کێشـە و بابەتەکـە بـکات و کـۆی کـەس و لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی بابەتەکـە بەسـەر بکاتـەوە و راوبۆچوونیـان وەربگـرێ، نـەک بەنـاوی دیـداری تایبـەت تەنهـا لایەنێـک بکاتـە ریـش سـپی و لایەنەکانـی تـر فەرامـۆش بـکات!!

لـە کاکـی پەیامنێـر دەپرسـین: بـۆ نموونـە ئەگـەر هاووڵاتییانـی شـار و شـارۆچکەیەک لـە ئـەدا و کاری بەرپرسـێکی حزبـی، یـان ئیـداری ناوچەکەیـان رازی نەبـن و خوازیـاری لادان، یـان دەسـت لـەکار کێشـانەوەی بـن، کاری تـۆ ئەوەیـە پرسـیار لـە خـودی خەڵـک بکەیـت، یـان لـە دەمـی بەرپرسـێکی دیکـە وەربگریـت، کـە رەنگـە ناکۆکییەکـی لەگـەڵ ئـەو بەرپرسـە هەبێـت، کـە گوایـە خەڵـک خوازیـاری لادانیـن؟

## دەربار و سەربار!

لـە ئێسـتای دونیـای نووسـین و ڕۆژنامەگـەری کوردیـدا و لەنـاو دامـەزراوە ڕۆشـنبیری و میدیاییەکانـی حزبەکانـدا بـە گشـتی، دەنـگ و ڕەنـگ و قەڵـەم گەلێـک هـەن، کـە بـۆ مانـەوە و درێـژەدان بـە تەمەنـی مشـەخۆری خۆیـان، هـەر بـە ماسـتاو و مەراییکـردن بـۆ سـەرووی خۆیـان ناوەسـتن، بەڵکـو زۆرجاریـش لـە ڕێگـەی ڕووشـاندنی ئەوانـی تـر و وێناکردنیـان بـە ئەوپـەڕی ناشـیرینی لەبـەر چـاوی سـەرانیان، شـێوازی نوێیـان لـە کاری دەربـاری داهێنـاوە.

دیـارە دەربـاری نـەک تەنهـا بـە مانـای سـتاییش و بـە شـان و باڵـدا هەڵـدان و گەورەکردنـی گەورەکانیـان، بەڵکـو دیوێکـی ئـەو دەرباریيـە دەپـەڕێتـەوە بـۆ جاسووسـی کـردن بەسـەر ئـەوی تـر، لـە ئەویتـری هـاوکار و هاوبیـرەوە بگـرە، تـا دەگاتـە ئەویتـری جیـاواز، ئـەو جـۆرە لـە دەربـاری، کـە دەشـێ نـاوی بنێیـن دەربـاری جاسـووس. مۆدیلـی هـەرە نـوێ و داهێنانـی کوردییانـەش لـەو شـێوەی جاسووسـییەدا ئەوەیـە، کـە ئـەو بابایانـە دێنـە نـاو مەجلیسـان و تەنهـا بـە گـوێ هەڵخسـتن ناوەسـتن، بەڵکـو خۆیـان دەکەنـە میحـوەری دانیشـتنەکان و سـەری بابەتـەکان لـە خۆیـان دەسـت پێـدەکات و ناوەڕۆکەکانیـان بـە ئەوانـی تـری هاونشـین گـەرم دەکـرێ و کۆتاییەکەیشـیان بـە ڕاپۆرتێکـی دەربـارەکان خۆیـان کۆتاییـان دێـت. ئـەو کائینانـە لـە خەڵکـی نـاڕازی تـر، لـە ڕەخنەگـری جیـددی ڕەخنەگرتـر، دێـن و ڕاسـت و چـەپ دەکەونـە سـەروگوێلاکی حزبەکانیـان، مـرۆڤ گومـان دەکات ئەوانـە کارمەنـدی ئـەو شـوێنانە بـن، کـە تیایانـدا کار دەکـەن، ئیتـر ئەوەنـدە بـۆ ئـەوان بەسـە هاونشـینێکیان دەمـی بـە ناخێـر بکرێتـەوە و زمانـی بـە سـوکە گللەییەکیـش بسـوڕێ، بـۆ ڕۆژانـی دوای ئـەو دانیشـتنە، کەسـەکە چ هاوبیـری دەربارەکـە بێـت، یـان نەیـار و جیـاواز، ئەگـەر سەریشـی نەچێتـە بـەر قـوڕ، ئـەوا نـاوی دەکەوێتـە لیسـتی ڕەشـی حـزب.

خەسڵەتێکی هەرە دیاری ئەو بابایانەش لەوەدا دیارە و بەوەدا دەناسرێنەوە، کە لەسەر لاپەڕە و شاشە و پشتی مایکەکان بە ئاشکرایی ناخوێندرێنەوە و نابینرێن و نابیسترێن، بەڵکو شێری هەقبێژی مەجلیسە ئاسایی و لاپەڕگە و گفتوگۆ زارەکییەکانن. واتە گرنگترین نیشانەیەکیان ئەوەیە بوێری نووسین و بڵاوکردنەوە و دەربڕینی راشکاو و بوێر و راستگۆیانەی ئەو دروشم فرۆشییەی خۆیانیان نییە، چونکە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دێن تا خەڵکی تر بخەنە داوەوە.

مۆدیلێکی دیکەی زۆر سەیر لە قەڵەم وەشێنی دەربار، کە ناو و سیفەتی رۆژنامەنووس و نووسەرییان دراوەتە پاڵ، ئەوانەن کە لە تاریکیدا و دوور لە چاو و گوێی خەڵک و نێوەندی رۆشنبیری دەربارێکی گوێڕایەڵن و لە دەرەوەی ئەو سروتەشدا زمانیان لە ئاست گەورەکانیان لە خەنجەر تیژ ترە، کە دەشێ لێرەدا ناویان بنێین دەرباری سەربار. دەبار بە مانای مەرایی، سەربار بە مانای بێ بەرهەمی سەرەڕای کاوێژکردن لەسەر ئیمتیاز. ئەو تایپە لە دەربار بە دەگمەن تخوونی جاسووسی دەکەون و خەمی سەرەکییان بەخشیش و دەم چەورکردن و بەرخورد بوونە لە پۆست و پلە و ئیمتیاز. واتە ئەوان باکیان بەوە نییە کێ یارە و کێ نەیار، گرنگ نییە هاوبیرەکەیان هاوڕایانە یان ناکۆک، نەیارەکەیان لە رەخنەکردنی سەرانیان زبرن، یان نەرم و نیان، گرنگ ئەوەیە بە دوو رووخسار و دوو دەمامک خۆیان دەنوێنن، دیوێکیان بێدەنگی و سەر لەقاندنی ئەوێ، لە دیوەخان و بارەگا، دیوەکەی تریشیان دەست نەپاراستن و سوپەر رەخنەگری ئێرە، لەناو مەجلیس و بازاڕ.

رووخسار و خەسڵەتێکی هەرە دیار و بەرچاوی تری ئەو تایپە لە دەربار ئەوەیە، کە نەک هەر مووچە و پۆست ( کە زۆربەی جار ئەو مووچە و پۆستە بە قودرەتی قادرە، نەک بەرهەمی توانا و لێهاتوویی و شارەزایی دەربار)، بەڵکو زەوی و خانوو و ئۆتۆمبێلەکەی ژێر خۆیشیان دیاری و بەخشیشە. لەو نێوەدا ئەوەی دەرباری سەربار لە تایپی یەکەم جیا دەکاتەوە، سپڵەیی و نمەک حەرامییە. بەو پێیەی تایپی یەکەمی دەربار،

کە خوێنی جاسووسی تێدا دەگەڕێ، بەرامبەر بەخشندەکانی خۆی نمەک بە حەرام نییە و ئامادەیە لە پێناو رازی کردنی سەرووی خۆی و سەلماندنی دڵسۆزی خۆی، نەک هەر نەیارەکانی، بگرە یار و هاوبیرەکانیشی، کە بە بۆچوونی ئەو لە خەت دەرچوون، بخاتە تەڵەوە. هەرچی تایپی دووەمە باکی بە دڵسۆزی و خەمخۆری و پابەندبوونی باوەڕمەندی نییە بە بەخشندەکەی. چونکە خەمی گەورەی ئەو، زۆرترین دەسکەوتی ماددی و ئیمتیازە، ئیتر بۆ ئەو خۆبادان بەو بەخشیشە گرنگترە، لەوەی لەبەر چاو و گوێی ئەو، بەخشندەکەی دەکەنە پەڕۆ و دەواری شڕی بەر بای رەخنە و سوکایەتی پێکردن. هەندێ جار و هەندێ کەس لەو تایپی دووەمەی دەربار خەسڵەتێکی تریش لەوانەی یەکەم جیایان دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە رووقاییمانە رەخنەکانیان بڵاودەکەنەوە و لە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان و پشتی مایکەکان دەبنە رەخنەگری سەرسەختی بەخشندەکانیان و لەسەر شاشەکان دەبنە سوپەر رەخنەگر و پۆست ریفۆرمخواز.

خاڵێکی دیکەی گرنگ و سەرنج راکێشی جیاکەرەوە لە نێوان دەرباری جاسووس و دەرباری سەربار ئەوەیە، کە تایپی یەکەم هەژار لە مەعریفە و زمانی نووسین و شێوازی دەربڕین و بە سادەیی خۆیان دەردەکەون، کەچی تایپی دووەم وەک جۆرێک لە هونەری نواندن و خۆ دەرخستن، دێن و بە پاشخانێکی رووکەشی خوێندنەوە و ئەزبەرکردنی بەردەوام، قسە لە دەمی کتێبان و ئەزموونی بیرمەندان و قوتابخانەکانیان وەردەگرنەوە و نووسینەکانیان بە چەمک و دەستەواژەگەلی فیکری و ناوی رووناکبیران و تیۆرەکانیان بارگاوی دەکەن، کە ئەمەش هەوڵێکی فێڵبازی دیکەیانە، لەلایەک بۆ کوێرکردنی هوشیاری وەرگر، لەلایەکەی تریش بۆ خۆ شیرینکردن لە بەردەم بەخشندەکانیان.

بەهەرحاڵ، کەم نین ئەوانەی ئەمڕۆ بە پارەی چەوری بەخشندەکانیان و لەناو خانوو و بە سواری ئەو ئۆتۆمبێلە مۆدێل نوێ و سفر کیلۆمەترانەی بەخشندەکانیان پێیان بەخشیوون، لە وانی دیکەی بێبەش و فەرامۆش و پەراوێزخراو زیاتر و زبرتر دێنە دەست و دروشم دەبەشنەوە و دوور لە

بارەگاکانیـان وەعـز و تەلقینـی بەخشـندەکانیان دادەن، لـە هـەر هەموویـش خۆشتر ئەوەیە بۆیان چووە و دەچێتە سەر و بەخشندەکانیان خۆیانیان لێ نەبان دەکەن!

ئەوەی لەم نێوەدا پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، چەندێتی و چۆنێتی مەترسی و ئاستی کاریگەری ئەو دوو تایپەیە لە دەربار، بەسەر کۆمەڵگا و نێوەندی رۆژنامەگەری و رۆشنبیری. بەو پێیەی دەرباری جاسووس هەمیشە لە بەردەم ئەگەری ئاشکرابوون و لاچوونی دەمامکەکەی دایە، بەڵام هەرچی دەرباری سەربارە، چونکە توانای مانۆر و هێزی گەمەکردنی زیاترە، بۆیە چانسی بەردەوامی و مانەوەی زۆرترە، بەڵام لە سەروەختی ئاشکرابوونی و لاچوونی دەمامکەکەی، دە بارتەقای سەرباری جاسووس بەدبەخت دەبێ. چونکە ئەو لە حاڵەتی لاچوونی ماسکەکەی لە هەر دوو دینەکە دەبێت، لەلایەک نابودی بەردەم بەخشندەکەی دەبێت و لەلایەکەی تر روو رەشی خەڵک و خواش دەبێ، کورد گووتەنی « لە هەڕ دەبێ و لە مەڕیش!» .

## رۆژنامەنووسی و هەڕەشەی بێدەنگکردن!

لیژنـەی پاراسـتنی رۆژنامەنووسـان، کـە بارەگای سـەرەکی لە وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، سـاڵانە راپۆرتێکی روپێوی بە ناوونیشـانی (دەسـتدرێیکردنەکانی سـەر رۆژنامەنووسـی)، لـە بـارەی رەوشـی رۆژنامەنووسـانی دونیـا و هەلومەرجـی کاری رۆژنامەنووسـی بـڵاو دەکاتـەوە، کـە تیایـدا بـە ئامـار ئامـاژە بـەو رۆژنامەنووسـانە دەکات کـە لـە میانـی کاری خۆیانـدا رووبـەڕووی هەڕەشـە و مەترسـی کوشـتن و گرتــن و رفانــدن دەبنــەوە. ئەمســاڵیش لــە ٢٠٠٨/١٢/٤ راپۆرتێکــی روپێــوی بــە ئامــار و داتــاوە دەربــارەی مەترســی تەشەنەســەندنی دیــاردەی گرتــن و زیندانیکــردن و بێسەروشــوێنکردنی رۆژنامەنووســانی بڵاوکردۆتــەوە، کــە تیایــدا ئامـاژە بـە بەرزبوونـەوەی کێرڤـی رێـژەی رۆژنامەنووسـە زیندانـی کـراوەکان و ئـەو وڵاتانـەی پێشـەنگی ئـەو پرۆسـەیەن و ئـەو تۆمـەت و هۆکارانـەی بـە هۆیانـەوە رۆژنامەنووســان خراونەتــە زینــدان دەکات، هــاوکات تەشەنەســەندنی ئــەو حاڵەتـە و بوونـی بـە دیـاردە لـە سـای هەنـدێ دەوڵـەت و سیسـتەمی سیاسـیدا، بـە مەترسـییەکی گـەورە نـاو دەبـات بـۆ سـەر گەشـەکردنی ئـازادی رادەربڕیـن و سـەرکوتکردنی رۆژنامەنووسـان و رێگرتـن لـە کاری رۆژنامەنووسـی.

لـە راپۆرتەکـەدا هاتـووە بـە بـەراورد لـە نێـوان سـاڵی (٢٠٠٠ – ٢٠٠٨) تـا دێــت رۆژانــە ژمــارەی ئــەو رۆژنامەنووســانەی دەخرێنــە پشــت شیشــەبەندی گرتووخانـەکان زیـاد دەکات، بـە تایبەتـی دوای رووداوی ١١ی سـێبتێمبەری ٢٠٠١ و توندکردنـی رێوشـوێنە ئەمنییـەکان و سـەپاندنی یاسـاکانی رووبەڕووبوونـەوەی تیـرۆر و پاراسـتنی ئاسایشـی نیشـتمانی، بـە جۆرێـک لـەو ماوەیـەدا رێژەکـە لـە (٨١) رۆژنامەنووسـی گیـراو و بێسەروشـوێن بـۆ (١٢٨) رۆژنامەنـووس زیـادی کـردووە. هەروەهـا راپۆرتەکـە ئامـاژە بـەوە دەکات کـە چیـن لـە پێشـەوەی لیسـتی نـاوی ئـەو وڵاتانـەوە دێـت، کـە دەسـتدرێژی دەکاتـە سـەر کار و مـاف

و ئـازادی رۆژنامەنووسـان و بـەدوای ئەویـش و بـە ریزبەنـدی هەریەکـە لـە وڵاتانـی (کوبـا، بۆرمـا، ئەریتیریـا، ئۆزبەکسـتان) دێـن، هـەر بـۆ نموونـە تـا ئێسـتا (٢٨) رۆژنامەنـووس لـە چیـن و (٢١) لـە کوبـا و (١٤) لـە بۆرمـا و (١٣) لـە ئەریتیریـا و (٧) لـە ئۆزبەکسـتان گیـراو و زیندانـی کـراون، ئەمـە جگـە لـەو (١٦) رۆژنامەنووسـانەی کـە لـە لێـرە و لـەوێ و لـە هەنـدێ وڵاتـدا بێسەروشـوێن کـراون و تـا ئێسـتا هیـچ کـەس و لایـەن و رێکخراوێـک زانیارییـان لـە بـارەی شـوێنی گرتنیـان و ئـەو رێوشـوێنە یاسـاییانەی لەگەڵیانـدا گیراوەتـە بـەر و بـاری تەندروسـتی و ژیانیـان نییـە، بـە تایبەتیـش لـە نێویانـدا رۆژنامەنووسـی نێـوداری گامبـی (ئێبریمـا مانـێ)، کـە لـە تەمـووزی ساڵی ٢٠٠٦ تاکو ئێسـتا بـە هـۆی هەوڵدانـی بـۆ بڵاوکردنـەوەی راپۆرتێـک لەسـەر سـەرۆکی بۆرمـا (یەحیـا جامـع)، گیـراوە و تـا ئێسـتا شـوێن بـزرە.

لـە راپۆرتەکـەدا باسـی ئـەو پاسـاو و بیانوانەش کـراوە، کە ئەو رژێم و دەسـەڵاتانە بـە هۆیانـەوە شـەرعیەتیان بـە زیندانـی کـردن و گرتنـی ئـەو رۆژنامەنووسـانە داوە، لەسـەروی هەموویـان سـێ پاسـاوی هەمیشـە بەردەوامـی گرتنـی رۆژنامەنووسـانن لـە زۆربـەی وڵاتانـی دونیـا، ئەوانیـش (تێکـدان و ئاژاوەگێـڕی، ئاشـکراکردنی نهێنییەکانـی دەوڵـەت، کارکـردن دژی بەرژەوەنـدی نیشـتمانی)، هـەر لـەو بارەیـەوە ئامـاژە بـەوە دەکات کـە لـە ٥٩٪ی ئەوانـەی لـە چیـن و کوبـا زیندانـی کـراون بـە هـۆی ئـەو بیانـو و پاسـاوانەوەن، جگـە لـەوەی کـە تـا ئێسـتا رێـژەی ١٣٪ ی رۆژنامەنووسـە زیندانـی کـراوەکان لـە کـۆی ئەوانـەی گیـراون، لـە هـەر یەکـە لـە وڵاتانـی (ئەریتیریـا و ئیسـرائیل و ئێـران و ئەمریـکا) بەبـێ تاوانێکـی دیـار و بەرجەسـتە و بـە تۆمەتێکـی پێشـوەختە گیـراون، ئەمـەو سـەرەڕای ئـەو رۆژنامەنووسـانەی لێـرە و لـەوێ بـە تاوانـی جیـا جیـا گیـراون، کـە راپۆرتەکـە وەک بەشـێکی جیـاواز ئامـاژەی پێکـردوون، بـە شـێوەیەک کـە ١١٪ بـە تۆمەتـی هەڵگرتنـی مـاددە بێهۆشـکەرەکان و ١٠٪ بـە هـۆی سـەرپێچیکردن و شـکاندنی یاسـاکانی چاودێـری وڵات و ٤٪ بـە تۆمەتـی ناوزڕانـدن و سـوکایەتیکردن بـە هەسـتی نەتەوەیـی و ئایینـی خەڵکانـی تـر لـە زینـدان دان.

دیارە ئەو راپۆرتە بەشـێکی بچووکی ئەو دەسـتدرێژیکردنەی سـەر رۆژنامەنووسـان

و پێشـێلکردنی مـاف و ئـازادی کارکردنیانـە لـە تـەواوی جیهـان، کـە هەریەکـە لـە وڵات و سیسـتەمە پێشـێلکارەکان بـە بیانـو و پاسـاوی جیـا جیـا هەوڵـی خەفەکردنـی دەنگـی ئـازاد و خەسـاندنی قەڵەمـی بوێـر و شـکاندنی زوومـی کامیـرای وردبیـن دەدەن، چونکـە لـە نێـو ئـەو ڕۆژنامەنووسـە گیراوانـەدا ، ڕیپۆرتـەر و نووسـەر و وێنەگـر و کامێرامانـی تەلەفزیۆنیـش هـەن. واتـە ئـەو ڕوپێـوە تەنها پەیوەستە بـە حاڵەتـی زیندانیکـردن، کـە خەریکـە لـە زۆربـەی وڵاتانـدا بـە پاسـاوی پاراسـتنی ئاسایشـی نیشـتمانی و سـەروەی نەتەوەیـی و ڕووبەڕووبوونـەوی تیـرۆر دەبێتـە دیـاردە و تـا دێ زەمینـە و فـەزای ئـازادی کاری ڕۆژنامەنووسـی بەرتەسـک دەکرێتـەوە، ئەگینـا حاڵەتـی کوشـتن و ئەتکردنـی ڕۆژنامەنووسـان لـە وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا و ئـەو وڵاتانـەی شـەڕ و شـوۆڕ و ئاژاوەیـان تێدایـە بەشـێکی گـەورەی لـە ڕاپۆرتەکـە داگیرکـردووە، بـە تایبەتـی لـە عیـراق و سـودان و جەزائیـر و سـۆماڵ و هەنـدێ وڵاتـی ئەمریـکای لاتیـن و ئەوانـی تـر، وێـڕای ئـەوەی کـە ئـەو پرۆسـەیە نـەک تەنهـا کەناڵەکانـی میدیایـی وەک (ڕۆژنامـە و گۆڤـار و تیڤـی و ڕادیـۆ)، بەڵکـو کاراکتـەر و کارمەنـدی ڕۆژنامـە و ماڵپـەڕە ئەلکترۆنیەکانیشـی گرتۆتـەوە، تەنانـەت بـە گوێـرەی ئـەو ڕاپۆرتـە ئەمسـاڵ ڕێـژەی گیـراوی کاراکتـەر و هەڵسـوڕاوی نێـو میدیـای ئەلکترۆنـی لـە زۆربـەی وڵاتـان لـە پێشـەوەی ڕێـژەی ئـەو ڕۆژنامەنووسـانەیە کـە لـە بـواری ڕۆژنامەنووسـی چاپکـراودا کار دەکـەن.

لـە کاتێکـدا لیژنـەی ناوبـراو ئـەو دەسـتدرێژی کردنانـە بـە جۆرێکـی ئاشـکرای پێشـێلکردنی ئـازادی ڕادەربڕیـن و بەندەکانـی مافەکانـی مرۆڤـی تایبـەت بـە ئـازادی و مافـی تاکەکـەس دادەنـێ، کـە ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی بەسـەر لاوازکردنـی سیسـتەمی دیموکراسـی و کرانـەوە هەیـە و بـە هۆیانـەوە زۆرێـک لـە چیـن و توێـژ و گـەلان و کەمایەتییـەکان ڕووبەڕووبوونـەوەی تواندنـەوە و بێدەنـگ کـردن دەبنـەوە، هاوکاتیـش نیگەرانـی خـۆی لـە بەردەوامـی کوشـتن و گرتـن و بێسەروشـوێنکدرنی ڕۆژنامەنووسـان دەردەبـڕێ و بـە مەترسـییەکی گەورەیشـی دەزانـێ بـۆ سـەر ئاییندەی ژیانـی دیموکراسـی و مەدەنـی لـە جیهاندا.

* بـۆ زانیـاری زیاتـر، خوێنـەر دەتوانـێ سـوود لـە سـایتی لیژنـەی ناوبـراو وەربگـرێ (www.cpj.org).

## رۆژنامەنووسی موناسەبات!

بەداخــەوە بەشــێکی دیــار لــەو رۆژنامەنــووس و راگەیاندنکارانــەی لــە دەزگا حزبییــەکان کار دەکــەن، کــە دەیانــەوێ پیشــەییانە و بــە هەســتکردن بــە بەرپرسـیارێتی کارەکانیـان بکـەن و هـەردوو دیـوی شـتەکان وەک خۆیـان ببینـن و بخوێننــەوە، دووجــار بوونەتــە قوربانــی ئــەو رەوشــە ناهەمــوارەی ئەمــڕۆی رۆژنامەگــەری کــوردی.. جارێکیــان قوربانــی زمانــی بەشــێک لــە رۆژنامەنــووس و راگەیاندنــکاری بەنــاو ئەهلــی و ســەربەخۆ کــە راســت و چــەپ بەســەر تـەواوی کائیـن و کاراکتەرەکانـی میدیـای حزبیـدا دێنـن، جارێکـی تریـش قوربانـی کاراکتـەرە هاوکارەکانیـان لـە نـاو دەزگا راگەیاندنـە حزبیەکانیانـدا، کـە جبەخانەی وشـەیان تەنهـا لـە گەرمکردنـی شـەڕەکان دەتەقێتـەوە و زمانێـک لـەو زمانەیـان زیاتــر و جوانتــر شــک نابــەن تــا لەگــەڵ بەرامبــەرە جیاوازەکانیــان بکەونــە گفتوگــۆ. لەســەر ئــەو وشــە تەقاندنانەشــیان لەلایــەک لەلایــەن حــزب و دەزگا و بەرپرسـەکانییەوە خـەڵات و سـتایش دەکرێـن و بـە کوڕانـی رۆژی تەنگانـەی حـزب نــاو دەبرێــن، لەلایەکــی تــر و لــە بەرچــاوی خەڵکــدا دەبنــە ئاوێنــە نمایەکــی ناشــیرین کــە هەمــوو جوانییەکانــی حــزب و دەوروبەریــان دەشــارنەوە.

چەنـدە جێـی نیگەرانییـە کـە حـزب ئەوەنـدەی بەوانـە شاگەشـکە دەبـێ کـە بــە پەخشــان و عەریزەکانیــان حــزب و ســەرکردەکانی دەبەنــە کەشــکەڵانی ئاسـمان و تەنهـا دیـوی فریشـتەییان نمایـش دەکـەن، لـەوەش نیگەرانـی تـر ئەوەیــە هــەر خــودی حــزب و ســەرکردەکانی بــە دەنــگ ئەوانــەوە دەچــن کــە جنێویــان پێــدەدەن و هەوڵــی کڕینیــان دەدەن بــۆ ئــەوەی بێدەنــگ بــن، لــەو نێـوەدا ئەوانـەی دەیانـەوێ هـەر دوو دیـوی جـوان و ناشـیرین و رەش و سـپی شـتەکان ببینـن و لـە هەوڵـی ئـەوەدان وەک خۆیـان و بـێ رتـوش بیخەنـە روو، نەخــوازراو و رەزا قوڕســن.

ڕۆژنامەنووسـێکی نـاو میدیـای حـزب کـە دێـت و ڕاشـکاوانە و بـە زمانـی عەقـڵ و خوێندنـەوەی جیـدی دیـوە جیاوازەکانـی هـەر ڕووداو و پێشـهاتێک لـە نـاوەوە و دەرەوەی حـزب دەخوێنێتـەوە، لەلایـەک حـزب وەک هەلپەرسـت و لـە بـەرەی دژەکانـی خـۆی حیسـابی بـۆ دەکات، لەلایەکـەی تـر و لەلایـەن بەشـێک لـە بەنـاو میدیـای ئەهلـی و ئـازاد و قەڵـەم بەدەسـتەکانیان بـە دووفـاق نـاو دەبرێـن، لـەو نێـوەدا کـەس ڕاسـتی کێشـەکان نابینـێ و هـەر لـە هەڵپـەی ئـەوە دایـە وەک ئـەو بیـر بکەیتـەوە و بنووسـیت. ڕوونتـر بڵێـم هـەر کەسـێک وەک ئـەوان خوێندنـەوەی بـۆ پێشـهاتێک نەبێـت و هەوڵـی خوێندنـەوەی دیـوە جیاوازەکانـی ئـەو پێشـهات و ڕووداوە بـدات، کـە ڕەنگـە دیوێکـی خوێندنەوەکـە بە دڵـی ئـەم و دیوێکیشـیان بـە دڵـی ئـەم نەبێـت، ئـەوا دەکەوێتـە بـەر نەعرەتـەی زمانـی هـەردوولا. بەداخـەوە کـەم کـەس و نێوەنـد هـەن ئـەو ڕاسـتییە ببینـن و ئەگەریـش ببینـن و هەستیشـی پێبکـەن، ئامادەیـی ئەوەیـان تێـدا نییـە دەدانـی خێـر بـەو هەولانـە بـدەن.

کەسـێک بەشـێک لـە حەقیقـەت لـە هەڵوێسـتەکانی دەسـەڵات و بەشـێکی دیکـەی حەقیقەتیـش لـە گوتـاری دژە دەسـەڵاتەکە (بۆیـە دەڵێـم دژ، چونکـە شـتێک لـەو نێـوەدا بوونـی نییـە بەنـاوی جیـاوازی، بـەو پێیـەی لـە زۆربـەی حاڵەتکانـدا ئۆپۆزسـیۆن تەنهـا نـاوە و ناوەڕۆکەکـەی هەڵچـوون و پەرچەکـردار) دەبینـێ و دەیـەوێ هاوسـەنگییەک لـە نێـو ئـەو دوو حەقیقەتـە ڕێژەییـە ڕابگـرێ و لـە خەمـی نزیـک کردنەوەیـان دابێـت و لـە بەرامبەریشـدا دیـوە ناڕاسـت و نادروسـتەکانی ئـەو دوو هەڵوێسـت و گوتـارە وەک خـۆی بخاتـەڕوو، کـورد گووتەنـی ئـەو کەسـە لـە هـەردوو دیـن دەبـێ!

بـۆ ئـەوەی بـە لایەکدا بکەویت، دەبێ هەمـوو شـتەکان یـان بـە سـپی یـان بـە ڕەشـی ببینـی، کـە ئەمـەش دوور و نزیـک پەیوەنـدی بـە چەمکـی ڕاسـتگۆیی و بەرپرسـیارێتییەوە نییـە، ئاخـر نـە دەسـەڵات هەمـوو دیوەکانـی ناشـیرینن و نـە گوتارەکـەی بەرامبەریشـی هەمـووی جـوان، پێچەوانەکەیشـیان هـەر ڕاسـتە. بـەو پێیـەی ئـەو جوانـی و ناشـیرینییە لـە هـەردوو گوتـاردا و بـە ڕێـژەی جیـاواز بوونـی هەیـە و بەسـەر هەردووکیانـدا دابـەش بـووە. بۆیـە تـا ئـەو لۆژیکـی

تەنهـا خـۆ بـە خـاوەن زانینـی حەقیقەتـەکان لـەم دوو گووتـارە باڵادەسـت بێـت، ئومێدێـک نییـە بـۆ دۆزینـەوەی کڵاوڕۆژنەیەکـی لێـک حاڵیبـوون و دەسـت گەیشـتن بـە پردێـک بـۆ پەیوەنـدی و گفتوگـۆی نێوانیـان، کـە ئـەو کڵاوڕۆژنـە و پردەیـش نەمـا، وەک ئێسـتا بـەردەوام دەبێـت کـە دەیبینیـن، ئەمیـان شووناسـی تەخویـن و ئاژاوەگێـڕی، ئەویشـیان شووناسـی دیکاتۆرییـەت و دژە ئـازادی بەسـەر یەکـدا دەبەشـنەوە و لـەو نێوەشـدا ئـەوەی زیانـی پێدەکـەوێ خـودی کۆمەڵـگا خـۆی و خەونـی بـە دیموکراسـیکردنی کۆمەڵگەیـە.

بەهەرحـاڵ، مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم نووسـینە دیوێکـی ئـەو هاوکێشـەیەیە کـە بۆتـە هـۆی شـێواندنی شـتەکان و بـە هۆیـەوە هەمـوو گوتارێکـی تەنیشـتی ئـەو بـە دەسـتییەوە بـاج دەدات، ئەویـش ئـەو بەنـاو نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـانەی حزبـن، کـە ئەوەنـدەی لـە راپـۆرت نـووس و عەریزەچـی دەکـەن، چارەگـی ئـەوە پەیوەندییـان بـە کایـەی نووسـین و ڕۆژنامەنووسـییەوە نییـە، ئەوانـەی تەنهـا لـە زەوی تـۆخ بوونـەوەی ململانـێ و شـەڕە قسـەی هـەردوو بەرەکـە دەردەکـەون، چونکـە جبەخانـەی ڕۆشـنبیرییان، تەنیـا مەعریفـە نەبێـت، ئەگینـا هەرچـی وشـەی سـتۆک و زمانـی سـواوە تێیدایـە و لـە هەمـوو حاڵەتەکانـی گرژیشـدا دەسـت بـۆ ئـەو جبەخانـە جەهەننەمییەیـان دەبەنـەوە و دەچنـە سـەر لوتکـەی شـەڕ و تەپڵـی شـەڕ دەکوتـن و ڕەوشـەکە ئاڵۆزتـر دەکـەن. ئـەو چەنـد دەنـگ و قەڵەمـە کـە لـە نـاو حزبدا کـەم نیـن، بـەڵام هەموویشـیان نیـن، پاسـاوی ئـەوەی داوەتـە بەرامبەرەکانیـان ئەوانیـش زۆربەیـان حوکمـی پێشـوەختە و بـە کوێـری لەسـەر هەمـوو دەنـگ و ڕەنگەکانـی نێـو سـەنگەری حـزب و خـودی حزبیـش بـدەن و چاویـان هیـچ جوانییـەک نەبینـێ (لـە دەرفەتێکـی دیکـەدا قسـە لەسـەر ئـەو گوتـارە دۆزەخییـەی دەرەوەی میدیـای حزبیـش دەکەیـن).

ئـەو دەنگانـە کـە هەمـوو کـەس و بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە نێـو کایـەی ڕاگەیانـدن کار دەکـەن دەیانناسـن و بـەردەوام لـە کاتـە هێورەکانـدا پۆشـتە و پـەرداخ و بـە ئەتەکێـت دەردەکـەون و قەڵەمەکانیـان دەچێتـەوە سـووری مـت بـوون و لـە بەرامبـەر بێدادیـدا کـەڕ و لـە ئاسـت گەندەڵیـدا لاڵـن و لـە خوسـتی هـەر ململانێیەکـی نـا لۆژیکیشـدا هـەراو زەنـا دەنێنـەوە، ئەمێسـتا

بوونەتــە ئاوێنــە نمـای میدیـای حزبـی، کـە لـە ناشـیرینی زیاتـر هیچیـان بـە خـودی حزبەکانیـان نەبەخشـیووە، نـەک هــەر ئــەوە، بەڵکـو هۆیەکیـش بوونـە بـۆ ئــەوەی جوانییەکانـی خـودی حزبەکەشـیان بـە ناشـیرین بکەونـەوە، کەچـی سـەیر لـەوە دایـە هێشـتا هـەر کـوڕە نازاندەکانـی حزبـن و حـزب و سـەرکردە رۆژێـک خەیاڵیـان بـۆ ئـەوە ناچـێ و لـە خۆیـان ناپرسـن ئـەرێ خێـرە ئـەو زاتانـە تەنهـا لـە موناسـەباتەکاندا دەردەکـەون، بـە تایبەتیـش موناسـەبەی گـرژی و شـەڕە قسـەکاندا؟

ئەگـەر ئـەوە هەمـووی ئاسـایی بێـت و ناچـار بیـن قەناعـەت بـە خۆمـان بێنیـن، کـە حـزب ئـەو رۆبـۆت و لەیسـتۆکانەی زیاتـر دەوێ، وەک لەوانـەی بـۆ خۆیـان دەرزی ئاژنـی خـەوش و کەموکورییەکانـی دەکـەن و لەگەڵیـدا دیـوە جوانەکانیشـی دەبینـن و لـە خەمـی برەوپێدانیـان دان، بـەڵام هەرگیـز ئاسـایی نییـە گوتارەکـەی دیکـە، گوتـاری دەرەوەی حـزب بـە تەنهـا چاوێـک و لـە پشـتی چاویلکـەی رەش و لـە ئاکامـی رق و تورەیـی لـە دەسـەڵات توانـای هەڵاوێرکردنـی دەنگەکانـی نەبـێ.

لـە هەمـوو حاڵەتەکانـدا ئەگـەر حـزب و سـەرکردە دەیانـەوێ رەوشـەکە بـە ئاقارێکـی تەندروسـت تـر بـڕوات و هـاوکار بێـت لـە هێورکردنـەوەی دۆخەکـە و سـنووردانان لەبـەردەم ئـەو شـەڕە بێمانایـەی قسـەی سـواو، وا باشـترە لـە خـودی ئەوانـە دەسـت پێبـکات کـە لـەو شـەڕانەدا خۆیـان کردۆتـە ( لەوانەیشـە کرابنـە) دەمڕاسـت و ریـش سـپی حـزب و گوایـە بەرگـری لـە حـزب دەکـەن، کەچـی گەورەتریـن زیـان لــە حـزب و پێگەکـەی دەدەن و بەردەوامـی ئــەو موناسـەباتانەش باشـترین و لەبارتریـن دەرفەتێکـن بـۆ ئــەوەی ئــەو پیــاوە موناسـەباتییانە چـەوری سـمێڵیان بسـڕنەوە و لەوسەریشـەوە بـە ئاسـانی حـزب بکەنـە کەرەسـتەی بەرامبـەرە جیاوازەکانیـان بـۆ ئـەوەی ناشـیرینتری بکـەن.

رۆژنامەنووسـی موناسـەباتی ئەوانـەن کـە خـوا خوایانـە کەسـێک بـە حـزب بڵـێ لـە پشـتی چـاوت دوو برۆیـە، ئیـدی دەمـی تیغـی زمانیـان لـە کاڵانـی بێدەنگـی دێتـەدەر و راسـت وچـەپ و لەسـەر بەباکردنـی کای کـۆن و دوور لەکەمتریـن مەعریفـە و هوشـیاری سیاسـی دێن و بـە ئینشـا و عەریزەکانیـان بەرەکانـی دژە

حـزب فراوانتـر دەکـەن و لـەو دەمانـە دەبنـە پاڵەوانـی شاشـە و پشـتی مایکـی رادیـۆ و سـەر لاپـەڕەی رۆژنامـە و گۆڤـارەکان و کـە رەوشـەکەش هێـور بـووەوە و حـزب پێویسـتی بـە پێشـنیار و پـرۆژە و پلانـی جییـددی بـوو بـۆ چاکسـازی و دەربازکردنـی قەیـران و تەنگـژەی سیاسـی و بەڕێوەبـردن، دەمیـان دەبێتـە تەڵـەی تەقیـوو و تاکـە قسـەیەکی خێریـش بـۆ حـزب ناکـەن.. رۆژنامەنووسـی موناسـەباتی حـزب، ئەوانـەن مانشـێتی ئینشـایەکانیان پڕیەتـی لـە گوزارشـتی (لـە پەراوێـزی وتارەکـەی فـلان... حیکمەتـی سیاسـی لـە لێدوانەکـەی فیسـار..).. رۆژنامەنووسـی موناسـەباتی ئەوانـەن کارو دەزگاکانیـان کردۆتـە پـردی خـۆ شـیرین کـردن لەبەرچـاوی حـزب و وەک سـەرچاوەی خۆپڕکـردن و گیرفـان گـەرم کردنیـش دەڕواننـە حـزب و دەزگاکانیـان، ئـەوەی گومانیـش لـەو قسـانە دەکات بـا بچـێ بزانـێ ژیانـی ئـەوان چ جیاوازییەکـی لەگـەڵ زۆرێـک لـە بەرپرسـە حزبییـەکان هەیـە.. رۆژنامەنووسـی موناسـەباتی حـزب ئەوانـەن، کـە رۆژانـە لـە بـری سـۆراخ کردنـی نوێتریـن ناوونیشـانی کتێـب، بـە دوای کەتەلۆکـی نوێتریـن مۆدیلـی ئۆتۆمبێلـدا دەگەڕێـن، لـە جیاتـی پێشکەشـکردنی پـرۆژە و پلانێـک بـۆ پێشخسـتنی کاری پرۆفیشـناڵی دەزگاکانیـان زێدەتـر لـە خەمـی پەیداکردنـی پشـکێکن لـە پـرۆژە و تاپۆکردنـی زەوییێکـی روکـن، لـە هـەر هەموویشـی خۆشـتر ئەوەیـە، ئـەو ئینشانووسـە موناسـەباتییانە ئەگـەر بـە مـوو لـە حـزب و دەزگاکانیـان لالـووت بـوون، لەپـڕ لەوبـەری حـزب بـەرووی حزبـدا وەک بـورکان دەتەقنـەوە و دەبنـە سـوپەر رۆژنامەنووسـی ئازادیخـواز و دژە گەندەڵـی و بێـدادی، مـرۆ کـە گـوێ لـە گفـت و لفتیـان رادەدێـرێ وا هەسـت دەکات (تۆکفیـل و رۆسـۆ و ڤۆڵتێـر و تۆریـن) شـاگردی ئـەوان بوونـە، جـا خـوا نـەکا ئەوانـە لـە حـزب و دەزگا راگەیاندنەکانـی بتۆرێـن، ئـەو دەم گەزینـی دەسـتی پەشـیمانی دادی حـزب و دەزگاکانـی نـادا، لـەم رووەوەش نموونـە هـەس و زۆر و زەوەنـد!

## کاری ئێمە جوانکردنی ژیانە!

زۆرجــار قســە لەســەر ئــەوە دەکرێــت، کــە دەســەڵاتی کــوردی وەک مێگــەل دەڕوانێتــە خەڵــک، نــەک وەک هاووڵاتــی، ئــەو بانگەشــەیە چەنــدی راســتە یــان نــا، ئەمــە شــتێکی تــرە ، بــەڵام چەندیشــی راســت بێــت، ئــەوا بەشــێکی گــەورەی ئــەو بەرپرســیارێتییەی بچــووک ســەیرکردنی رۆڵ و توانــای هاووڵاتــی لەلایــەن دەســەڵاتەوە دەکەوێتــە ســەر ئەســتۆی میدیــای کــوردی، بــەو هــەردوو ئاراســتەیەی ناویــان لێنــراوە میدیــای حزبــی و ئــازاد، بــە تایبەتــی میدیایــەک کــە بــە سروشــتی خــۆی و بــە گوێــرەی گەشــەکردنی کۆمەڵگــە لــە دایــک نەبــووە، بەڵکــو زێدەتــر پــەرچەکردار بــووە، جگــە لــەوەی هەریەکێکیــش لــەم دوو تایپــەی میدیــا، لەبــەر ئــەوەی وەک پێویســت بــە ئەرکــی مەدەنــی و پیشــەیی خۆیــان هەڵنەســتاون، بۆیــە هــەر یەکەیــان بــە شــێوەیەک لــە شــێوەکان بەشــدارن لــە بــە مێگەلکردنــی خەڵــک.

میدیــای کــوردی و بــە داخــەوە لــە زۆربــەی حاڵەتــەکان وەک بازاڕێکــی ســووک و هەرزانــی ســاخکردنەوەی کاڵاکانــی ســەیری کۆمەڵگــە دەکات و مامەڵــەی لــە تەکــدا دەکات. بازاڕێــک هەریەکــە و راکــە راکەیەتــی بــۆ ئــەوەی شــتە بــێ مانــا و بەهــا و پرەنســیپەکانی خــۆی بەســەردا ســاخ بکاتــەوە، تــا ئــەوەی تــاک لــەو کۆمەڵگەیــە جگــە لــەوەی رۆڵــی ئەکتیڤــی خــۆی لــە گەشــەپێدان و گــۆڕان و بەرەوپێشــەوەچوون لــە دەســت بــدات، لــە بیریشــی بچێتــەوە، کــە ئــەو هاووڵاتییــە و پێویســت دەکات بەشــدارییەکی کارا بــە گوێــرەی توانــا و پێگــەی خــۆی لــە برەوپێــدان و کرانــەوەی فــەزای گشــتیدا ببینــێ.

بەقــەد ئــەوەی دەســەڵات و کایــە و دامەزراوەکانــی کار لەســەر نەهێشــتنی پرســیار و گومــان دەکــەن لەلایــەن خەڵــک، ئەوەنــدە و زیاتریــش میدیــای کــوردی تــا ئەوپــەڕی ئاگایــی یــان نــا ئاگایانــە بەشــدار بــووە لــەو پرۆســەیە، بــەوەی

هەمیشە وەک گوێگر و بینەر و بیسەرێکی بێ گومان و پرسیار مامەڵە لەگەڵ گوتاری میدیا و زانیارییەکانی بکات، تا ئەوەی ئەمڕۆ میدیا ئەوەندەی ڕۆڵی واعیز و موژدەبەر و وتاربێژی دەنگ دڕ دەبینێ، ئەوەندە وەک بوارێک بۆ گەشەی ژیان و پەیوەندییەکان مامەڵە ناکات.

کاری میدیا بەرهەمهێنانی وشیارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جڤاکی تەندروستە، نەک بەشینەوەی وەعز و ئامۆژگاری، ڕۆڵی میدیا دروستکردنی پرسیاری جددی و گومانی تەندروستە لای وەرگر، نەک دنەدان و ختوکەدان و گاڵتەکردن بە هەست و سۆزە چەپێنراوەکان، کاری میدیا هەوڵدانە بۆ دروستکردنی ڕۆحی تاکێتی و پتەوکردنی تاکگەری، بەوەی تاک ناچار بە چوونە ژێرباری هەندێ حوکمی پێشوەختە نەکرێ، نەک جارێکی تر بە مێگەل کردنەوەی و خستنە ژێرباری کۆدەنگییەکی چەواشەکراو و هوشیارییەکی کوێر، کە تەنها دیوێکی شتەکان ببینێ، کاری میدیا راستەرێکردنی کۆمەڵگەیە بە ئاراستەیەک کە ببێتە هێزێکی فشاری مەدەنی و رایەکی تەندروستی خاوەن هێز و هەژموون، لە پێناو هەنگاونان بەرەو چاکسازی دیموکراسی و گۆڕانی شارستانی بەر مەبنای ئینتما و پرەنسیپ و بەها نیشتمانی و نەتەوەییەکان، نەک کردنی بە کورەی گرکانێکی رق و دەمی بورکانێکی تورەیی و هێزێکی تێکدەر، کە دوێنێ بە قوربانی ئەمڕۆ و ئەمڕۆش بکاتە خاتر جەمی سبەیەکی لێڵ و نا ڕۆشن.

بە کورتی و بە کوردی ئەرکی میدیا وێڕای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەواڵ و زانیاری، هەوڵە بۆ بەرهەم هێنانی هوشیارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری تەندروست، کە کۆمەڵگە بە هۆیەوە بتوانێ لە ململانێی نا شارستانی دوور بکەوێتەوە و چارەسەری شیاو بۆ گرفتەکانی دابنێ، کۆمەڵگەیەک بە کۆی جیاوازییەکانی خۆی، لێوڕێژ بێ لە تەبایی کۆمەڵایەتی و بەیەکەوە ژیانی سیاسی.

## راگەیاندنی كوردی.. ڕەخنە و خۆبەتاڵكردنەوە!

ئـەرك و پەیامـی ڕەخنـە و خسـتنەڕووی ئەلتەرناتیـڤ و ڕێـگا چـارە لـە ڕاگەیانـدن و كایەكانی بسـتێنەوە، ئـەو كایـە و كاراكتەرەكانـی هیـچ مانـا و بەهـا و كاریگەرییەكیـان نامێنـێ، چونكـە بەبـێ بـوون و فەراهەمكردنـی زەمینـەی ئـازادی ڕەخنەگرتـن لـە دەسـەڵات و ریتمـی ژیانـی كۆمەڵایەتـی كۆمەڵـگا، ڕاگەیانـدن ئـەو بایـەخ و ڕەنگدانەوەیـە بەرچـاوەی نابێـت، كـە پێویسـتە لـە پرۆسـەكانی گۆڕانـی سیاسـی و كۆمەڵایەتـی و ریفـۆرم و پێشـكەوتنی كۆمەڵـگادا بیگێـڕێ. ئـەوە خـودی ئـەو ئـەرك و پەیامـە بنەڕەتـی و ڕاسـتەقینەی ڕەخنەیـە لـە كاری ڕاگەیانـدن و گوتـاری كاراكتەرەكانـی، كـە هـاوكاری دەسـەڵات دەكـەن بـۆ پڕكردنـەوەی بۆشـاییەكانی و چارەسـەركردنی كەموكـوڕی و ڕاسـتكردنەوەی هەڵەكانـی، هـاوكات ڕۆڵ لـە بەرزكردنـەوەی ئاسـتی هوشـیاری و قوڵكردنـەوەی ئینتیمـا و هەسـتی بەرپرسـیارێتی لای خەڵـك دەبینـن، هەمـوو ئـەو ئەركانـەش لەوێـدا بەڕوونـی دەردەكـەون، كـە ڕاگەیانـدن و كائینەكانـی چـاوی ڕەخنەیـان تیـژ و ئاسـۆی بیركردنەوەیـان ڕوونـاك و گەنجینـەی پێشـنیار و ئەلتەرناتیڤیـان دەوڵەمەنـد بێـت، بـەڵام كام چـاوی ڕەخنـە؟

ئایـا لـە ڕەخنـەدا تەنهـا بەسـە قسـە فـڕێ بدەیـت و شاباشـی بوێـری بكەیـت؟ یـان بـە دیوێكـی تـردا چەمكـی بوێـری چەنـدە ڕەنگدانـەوەی دیـوە ڕەسـەنەكە و پەیامـی ڕەخنەیـە؟ ئایـا پرۆسـەی ڕەخنـە هێشـتنەوەی پرسـیارەكانە بەبـێ وەڵام و تەنهـا تێكشـكاندنی واقیعـی بـاوە بەبـێ بوونـی پرۆژەیـەك بـۆ ئاییندەكـەی؟ بەراسـت بەبـێ درك كـردن بـە چییەتـی پێداویسـتییەكان و بوونـی ڕوئیایەكـی جوانتـر و پـڕ بەخشـش و بەرهەمتـر بـۆ دیـاردە و دەركەوتـەكان، دەكـرێ بەنـاوی ڕەخنـەوە خـۆت لـە بەرپرسـیارێتی بدزیتـەوە؟ ئاخـۆ لـە سـێبەری میتۆدەكانـی ڕەخنـەدا بەسـە كـە دیـوە ناشـیرینەكانی دەسـەڵات و كۆمەڵـگا ببینـی بەبـێ

ئـەوەی چـاوت دیوەکـی تریشـیان ببینـێ، یـان هیـچ نەبێـت ئـەو میکانیزمانـە بخەیتـەڕوو، کـە ئومێـدی جوانکردنـەوەی ناشـیرینییەکانی لـێ دەکـرێ؟ ئایـا چەمکـی رەخنـە و مەدلولەکـەی مافـی ئـەوەت پـێ رەوا دەبینـن لەسـەر چییەتـی و چۆنیەتـی ئـەرک و بەرپرسـیارێتی کەسـێک لـە شـوێن و پۆسـتی کارەکەیـدا بـاز بدەیـت و دەسـت بخەیتـە وردەکارییەکانـی ژیانـی کەسـی و تایبەتـی خـۆی؟ ئاخـۆ لـە نێـوان رەخنـە و خۆبەتاڵکردنـەوەدا سـنورێک هەیـە، یـان بـە مانایەکـی دی تاڵـە موویـێک رەخنـە و خۆبەتاڵکردنـەوە بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە؟ لـە کوێـدا رەخنـە و خۆبەتاڵکردنـەوە لێـک دادەبڕێـن؟

ئەوانـە کۆمەڵێـک پرسـیاری جدیـن، کـە پێویسـتە کاراکتەرەکانـی نێوەنـدی راگەیانـدن و رۆشـنبیری لـە خۆیانـی بکـەن، بـەر لـەوەی لـە دەرەوەی خۆیـان ئاراسـتەیان بکـرێ، چونکـە ئـەو ئـەرک و بەرپرسـیارێتییە ئەخلاقییـەی لـە ئاسـت خوێندنـەوەی دیـاردە و دەرکەوتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان دەکەوێتـە ئەسـتۆی نووسـەرێک، یـان رۆژنامەنووسـێک ئـەوەی لێدەخوازێـت، کـە لەنـاوەوەی خۆیدا..لـە بیرکردنـەوە و تێڕامانیدا..لـە دەربڕیـن و گوزارشـتیدا..لە ویژدانیـدا خـود سانسـۆرییەک بخاتـە سـەر خـۆی، ئـەو سانسـۆرەش نـەک بەمانـای سـڵەمینەوە لـە گوتنـی راسـتی و ترسـان لـە دەرپڕینـی شـتەکان و نەوێـران لـە پەنجـە خسـتنە سـەر خەوشـەکانی دەسـەڵات و کۆمەڵـگا، بەڵکـو بـەو مانایـەی لـە رێگـەی ئـەو خـود سانسـۆرییەدا بـکارێ رێـز لـە ئـازادی ئەوانـەی قسـەیان لەسـەر دەکات بگـرێ و سـنوری مافـە کەسـی و مەعنەوییەکانیـان نەبەزێنـێ، وەک چۆنـن ئـاوا نیشـانی وەرگریـان بـدات، نـەک بـە گوێـرەی حوکمێکـی پێشـوەختە و رەهـا، کـە تەنهـا بـۆ خـۆی بـاوەڕی پێیەتـی و پێشـتر لـە زەینـی خۆیـدا وێنـای بـۆ کێشـاوە و بڕیاریـداوە وای نمایـش بـکات و قسـەیان لەبـارەوە بـکات. بەمانایەکـی تـر ناکـرێ وەزیفـە و کاری کەسـێک و کەمتەرخەمـی و خەمسـاردی ئـەو کەسـە لـە کار و بەرپرسـیارێتییەکانیدا لەگـەڵ کەسـایەتی خـودی کەسـەکە تێکـەڵ بکرێ، واتـە پێویسـتە قسـە لەسـەر سروشـتی کارەکـە و ئـەو ئەرکـەی لـە میانـی راپەڕاندنـا دەکەوێتـە ئەسـتۆی کەسـەکە قسـە لەسـەر خـەوش و هەڵـە و کێماسـییەکان بکـرێ، نـەک لەلایەنـی کەسـایەتی کەسـەکە خـۆی، کێیـە و

منالّـی کێیـە و هەڵسـوکەت و بیرکردنـەوە و رەفتـاری چییە..ئەوانـە شـتگەلێکن ئەگـەر کاراکتـەری راگەیانـدن، یـان باشـتر بڵێیـن رۆژنامەنـووس لـە میانـی پرۆسـەی رەخنەگرتـن خسـتنیە چوارچێـوەی قسـە لەسـەر کـردن دەسـتدرێژییە بۆسـەر بەهـا و مافـی کەسـێتی ئـەو کەسـە و زێدەتریـش خوێندنەوەکـە، یـان رەخنەگرتنەکـە ئاراسـتەیەکی ناڕاسـت وەردەگـرێ و خاڵـی دەبێـت لـە لۆژیکـی رەخنـە خـۆی و زۆرجـار وا رێـک دەکـەوێ بچێتـە خانـەی دڵڕەشـی و قیـن، کـە کەسـی رەخنەگـر لـە رێگـەی بەنـاو رەخنـەوە، ئـەو کەفوکـوڵ و هەڵچـوون و گلەییـە خودییانـەی خـۆی لـە ئاسـت بەرامبەرەکـەی بەتـاڵ دەکاتـەوە، بـەم پێیـەش لـەو دۆخـەدا دەکەوینـە نێـو دوو ئاراسـتە، دوو تێڕوانیـن، دوو دوانـەی جیـاواز و دژ بەیـەک لەلایەنـی بەهـا و نـاوەڕۆک و بەرپرسـیارێتی، کـە یەکێکیـان پرۆسـەی رەخنـە و ئـەوەی دیکەیـان غەریـزەی خۆبەتاڵکردنەوەیـە، بـەڵام هەمـوو ئەوانـەش بـەو مانایـە نایـەن کـە لێـرەدا رەوایـی بـەو پاسـاوە بـازاڕی و چەمکـە سـواوە بدەیـن، کـە هەندێـک کـەس و نێوەنـد و دەزگا و کایـە بـۆ خۆدزینـەوە و ناشـیرینکردنی وەزیفـەی نووسـین هەرزانفرۆشـی دەکـەن، کـە ئەویـش رەخنـەی بونیادنـەر و رەخنـەی تێکدەر..یـان زانسـتی و روخێنـەرن، چونکە شـتێک هەیـە پێـی دەگوترێت رەخنـە و ئیـدی تـەواو، کـە لـە پشـتییەوە هەسـتکردن بەبەرپرسـیارێتی پیشـەیی و ئەخلاقـی، هـاوکات لۆژیـک و مەعریفـە و ئەرگۆمێنتـی بابەتـی هەیـە و تەنهـا ئامانـج و مەبەسـتیشـی بەرهەمهێنانـی بەهـای نـوێ و جوانتـر و هوشـیارییەکی تەندروسـتە.

هەمـوو ئـەو شـتانەمان بۆیـە لێـرەدا خسـتنەڕوو، لەبەرئـەوەی کەسـی چاودێـر لـە بـواری راگەیانـدن، لـە رۆژگاری ئەمڕۆمانـدا و لـە نێـو ئـەو زۆر و بۆرییـەی قەڵەم بەدەسـتان، کـە زۆربەیـان رسـتەیەکی واتاداریـان لەبـارەی رەخنـە نەخوێندۆتـەوە و ئەلفوبێیـەک چییـە لەبـارەی پەیـام و وەزیفـەی نووسـین نازانـن و چـش لـەوەی لە دونیـای بەربەرینـی راگەیانـدن و رۆژنامەگەریـدا هـەژار و دەسـتەپاچەن و ئێسـتا هاتـوون ناوێکـی زلـی بەنـاو نووسـەر و رۆشـنبیر و رۆژنامەنووسـییان بەخۆیانـەوە لکانـدووە، کـە لەمەشـدا گەرەلاوژێـی چاپەمەنییـە زۆر وبـۆرەکان بەرۆڵـی خـۆی زەمینەیەکـی لەبـاری بـۆ دەرکەوتنـی ئـەو دیاردەیـە رەخسـاندووە، بەجۆرێـک

زۆرجـار هەسـت دەکـرێ وەرگـر بێـز لـە راگەیاندنـی کـوردی بکاتـەوە (ئەوەیـان رایەکـی رەهـا نییـە و حوکمێکـی پێشـوەختە نییـە لەسـەر کـۆی کاراکتـەر و تـەواوی کەناڵەکانـی راگەیانـدن لـە کوردسـتاندا بـە حزبـی و ناحزبییـەوە)، هەمـوو ئەوانـە وایانکـردووە لـە پانتاییەکانـی میدیـادا جوێـن و سـوکایەتی پێکـردن و وڕێنـە و موهاتـەرات و خۆبەتاڵکردنـەوە شـوێنێکی زۆر و بەنـاوی رەخنـە و ئـازادی رادەربڕیـن و دیموکراسـییەت داگیـر بکـەن، کـە ئەمـە بـەر لـەوەی زیـان بـە کەسـێک..کایەیەک..دەزگایەک بگەیەنـێ، ئـەوا پێـش هەموویـان زیـان بـە خـودی پرۆسـە و وەزیفـە و پەیامـی نووسـین و بـە بەهـای وشـە و بەرپرسـیارێتی نووسـین دەگەیەنـێ و لـە پێـش چـاوی وەرگـردا ناشـیرینیان دەکات.

دیـارە ئـەم رەوشـەش بـەلای خۆیـەوە پێویسـتی بەچارەسـەری هەیـە و ئـەرک و بەرپرسـیارێتی یەکەمـی ئـەوەش دەکەوێتـە ئەسـتۆی خـودی نێوەنـدی رۆشـنبیری و راگەیانـدن، مەبەسـت ئەوانـەی کـە ئەهلـی راسـتەقینە و خاوەنـی کێشـەکەن و خۆیـان لـە ئاسـت لەکەدارکردنـی وشـە و وەزیفـە و پەیامـی نووسـین بـە خـاوەن و بەرپرسـیار دەزانـن و رێـز لـە هەسـتی بینیـن و بیسـتنی وەرگـر دەگـرن و دەیانـەوێ لـە گواسـتنەوەی واژە و گوزارەکانـدا چێژێکـی جوانیـان پـێ ببەخشـن و هوشـیارییەکی تەندروسـت بەرهـەم بێنـن، دەسـپێکی ئـەو ئەرکـەش لەوێدایـە، کـە ئـەو نێوەنـد و دەنگانـە لـە ئاسـت ئـەو بێسـەروبەرییە (ئەگـەر بتوانیـن ناویشـی لێبنێیـن بەرەڵڵایـی) بێدەنـگ نەبـن و لـە شـوێنکاتی خۆیـدا قسـەیان هەبێـت و ئەلتەرناتیـڤ بخەنـەڕوو، ئەگـەر رووی ئەوانەیشـیان پـێ سـپی ناکرێتەوە، کە وەک مۆرانە بە جەستەی نووسـینەوە نووسـاون و ناشـیرینی دەکـەن، باشـترە کـە رووی خـودی نووسـین و وەزیفـە و پەیامەکـە لەبـەردەم وەرگـردا سـپی بکەنـەوە و هـاوکار و هانـدەری وەرگـر بـن، بـۆ ئـەوەی بتوانـێ ئەویـش رەش و سـپی لەیەکتـر جیـا بکاتـەوە، بـەش بەحاڵـی خـۆم هەرگیـز لەگـەڵ ئـەو رایـەدا نیـم، کـە گوایـە ئێسـتا وەرگری کـورد (خوێنـەر .. بینـەر .. بیسـەر) نێـو دێـرەکان و لاپـەڕەی سـپی دەخوێنێتـەوە، چونکـە ئەگـەر وابووایـە رەوشـەکە بـەو ئاقـارەی ئەمـڕۆی نەدەگەیشـت، کـە دەیبینیـن، بـەم پێیـەش خـودی وەرگـر خۆیشـی بەشـێکی بەرپرسـیارێتی و ئەرکـی لـە راسـتکردنەوەی

ئـەو بـارە لاسـەنگە دەکەوێتـە ئەسـتۆ، هـەر هیـچ نەبێـت بزانـێ چـی و چـۆن دەخوێنێتـەوە و لەسـەر چ بنەمایەکـەوە بڕیـار لەسـەر چییەتـی خـودی ئـەو شـتە دەدات، کـە دەیخوێنێتـەوە، یـان دەیبیسـتێ، یاخـود دەیبنینـێ!

## میدیای نوێ و گرفتەکانی ناوزڕاندن

میدیـای هاوولاتـی لـەو سـەردەمەدا تایپێکـی نوێـی میدیایـە، کـە بـوار دەداتـە هەمـوو کەسـێک چۆنـی بـوێ، ئـاوا گوزارشـت لـە خـۆی بـکات. ماڵپـەر و پێگـە کۆمەڵایەتییەکانـی تـۆڕی ئێنتەرنێـت ئـەو بـوار و پانتاییانـەن، کـە دەچنـە خانـەی ئـەو تایپـە لـە میدیـا و ڕۆڵێکـی بەرچـاو دەگێـڕن لـە دروسـتکردنی کۆدەنگـی لەسـەر پـرس و بابەتێکـی دیاریکـراو. ئـەو تایپـە لـە میدیـا چانسـی ئـەوەی داوەتـە بەکاربـەر بـە هیـچ کلۆجێـک نەچێتـە ژێربـاری مەرجـی پێشـوەختە و ترسـی سانسـۆر، بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا ئـەو جـۆرە میدیایـە لـە ئێسـتادا بۆتـە سـەرچاوەی گەورەتریـن کێشـە لـە بـواری بـرەودان بـە ناوزڕانـدن و دەسـتدرێژی کردنـە سـەر بەهـا و ئـازادی بەرامبـەر. ئـەوە گرفتێکـە ئـەو میدیایـە لەگـەڵ خۆیـدا هێناویەتـی و لـە ئێسـتا چەندیـن ناوەنـدی لێتۆژینـەوەی یاسـایی و سیاسـی دونیـای بـە خۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە، کـە ئاخـۆ چـۆن بتوانـرێ سـنورێک و چوارچێوەیەکـی یاسـایی بـۆ دابنـرێ.

« میدیـای کۆمەڵایەتـی لەمـڕۆدا تـەواوی کارەکانـی گۆڕیویـن»، ئـەوە قسـەی هیـلاری کلینتـۆن — وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا بـوو لـە بـەردەم کۆنگرێسـی وڵاتەکەیـدا، لەوێـدا جەختـی لەسـەر ئـەو ڕۆڵـە پێشـەنگە کـردەوە کـە هەریەکـە لـە ماڵپـەڕ و پێگـە کۆمەڵایەتییەکانـی وەکـو (فەیسـبوک) و ( تویتـەر) و هـۆکارە پێشـکەوتووەکانی دیکـەی بـواری گەیانـدن و ڕاگەیانـدن لـەو گۆڕانـکاری و ڕووداو و پێشـهاتانەی ئێسـتادا دەیبینـن، ئەویـش لـە ڕێگـەی خێرایـی بڵاوکردنـەوەی زانیـاری و هەواڵـەکان.

لەگـەڵ ئـەوەی خێرایـی گەیانـدن لـەم ڕۆژگارە بەهـۆی ئـەو هـۆکارە پێشـکەوتووانەی بـواری تەکنەلۆژیـای گەیانـدن ڕۆڵێکـی ئەرێنـی لـە دروسـتکردنی گفتوگـۆ و گەیاندنـی زانیاریـدا دەبینـێ، بـەڵام دیسـانەوەش گرفتگەلـی زۆری

لەگـەڵ خـۆی هێنـاوە و بۆتـە هـۆی دروسـتکردنی چەندیـن کێشـە و ئاڵـۆزی، هـۆکاری ئەمـەش پەیوەسـتە بـە نەبوونـی توانـای کۆنتـڕۆڵ کـردن و ڕێکخسـتنی ئـەو زانیارییانـە و لێپرسـینەوەی سـەرچاوەکانیان، وەک ئـەوەی لـە هـۆکارە کلاسـیکییەکانی دیکـەی میدیـادا دەکـرێ. بـۆ نموونـە هەمـوو کەسـێک و بەبـێ هیـچ تێچـوون و خەرجییەکـی دارایـی و پابەندبـوون بـە هیـچ ڕێسـا و یاسـایەک و بەبـێ ئاشـکراکردنی نـاوی راسـتەقینە و شـوێنی نیشـتەجێبوون و تەنانـەت جـۆری رەگـەز و تەمـەن و کارەکەیشـی، دەتوانـێ لاپـەڕە و پێگەیەکـی تایبـەت بـە خـۆی لـەو تـۆڕە کۆمەڵایەتییانـەی ئێنتەرنێـت بکاتـەوە و ببێتـە یەکێـک لـە گرنگتریـن سـەرچاوەکانی هـەواڵ و زانیـاری، نموونـەی ئـەم دواییـەی وڵاتانـی میسـر و تونـس و پێـش ئەوانیـش لـە سـاڵی ٢٠٠٩ لـە کاتـی خۆپیشـاندانەکانی ئێـران باشـترین و نزیکتریـن بەڵگـەن.

لـەو نێـوەدا پرسـیاری گرنـگ لـە چییەتـی و چۆنییەتـی خـودی ئـەو هـەواڵ و زانیارییانـە نییـە، بـە قـەد ئـەوەی پرسـیارە هەسـتیارەکە لـە بەرپرسـیارێتی یاسـایی ئـەو کەسـانەیە، کاتێـک پەنـا بـۆ ناوزڕانـدن دەبـەن و ئـەو کـەس و لایەنـەش کـە ئـەو دەسـتدرێژییەی کراوەتـە سـەر نازانـێ سـکاڵا لـە کـوێ و لەسـەر کـێ تۆمـار بـکات، ئـەوەی قورەکەیشـی خەسـتتر کردۆتـەوە ئەوەیـە، کـە کۆمپانیـا و خاوەنەکانـی ئـەو تـۆڕە کۆمەڵایەتییانـەی لـە چەشـنی (فەیسـبوک) و (تویتـەر) و ئەوانـی تـر، بـاری بەرپرسـیارێتی یاسـاییان لەسـەر شـانی خۆیـان لاداوە، ئەویـش لـە چوارچێـوەی ئـەو چەنـد خـاڵ و بەنـدەی بـۆ هاوبـەش و بەکارهێنەکانیـان دیاریـان کـردووە، کـە تیایـدا ئـەوان، واتـە خـودی بەکاربـەر و هاوبەشـەکان بەرپرسـیارن لەهـەر بابـەت و نووسـین و زانیارییـەک کـە پەخشـی دەکـەن، نـەک تـۆڕەکان خۆیـان. بۆیـە تـا ئێسـتا نەتوانـراوە ئـەو دیاردەیـە کۆنتـڕۆڵ بکـرێ و چوارچێوەیەکـی یاسـایی بـۆ لێپرسـینەوە و سـزادانی لایـەن و کەسـێک دابنـرێ لـە سـەر ناوەڕۆکـی ئـەو شـتانەی لـەو تۆڕانـە بڵاو دەکرێنـەوە. ئەمـەش لـە کاتێـک دایـە کـە دادوەر و پارێـزەر و چاودێـرەکان چاوەڕوانـی کێشـەیەکی دیـاری کـراوی لـەو چەشـنە دەکـەن کـە دادگا بڕیـاری لەسـەر بـدات و ببێتـە پێشـینەیەک بـۆ پشـت بەسـتن پێـی، لەوەشـدا سـنووری دادگا

لە لێپرسینەوە و سزادانی ئەو هۆکارەی زانیارییەکەی تێدا بڵاو دەکرێتەوە و هاوکارە لە پەرەپێدانی ناوزڕاندن و هێرشکردنە سەر بەرامبەر، دەگوازێتەوە بۆ سزادانی خودی ئەو کەسەی لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکە بەرپرسە.

وەک بەڵگەیەکیش لەسەر گرنگی ئەو پرسە، زانکۆی سانتا کلارا بەهاوکاری لەگەڵ کۆلیژی یاسا لە نیویۆرک بانگەوازی لێکۆڵینەوەی لەو دەرهاویشتە یاساییانەی یاسای ئینتەرنێت کردووە. لەم بارەیەشەوە یەکەم دیداری ساڵانەی لە ناوچەی سنتا کلارای ویلایەتی کالیفۆرنیایە ئەنجامدا، ئەو ویلایەتەی (فەیسبوک) وەک ناوەندی ویلایەتی یاسایی خۆی دیاری کردووە. لەم رووەوە شارەزا و پسپۆرانی ئامادەی ئەو دیدارە ئاماژە بە کێشەکانی ناوزڕاندن و دەستدرێژیکردنە سەر بەها و ئازادی بەرامبەر و ئەو دەرهاویشتانەی لێیان دەکەونەوە دەکەن. لەم بارەیشەوە راوبۆچوونی جیاواز هەن، لەسەرویانەوە ئەو بۆچوونەی پێی وایە یاساکان بە گوێرەی شوێنکاتی کێشەیەکی دیاریکراو دەگۆڕێن.

لە ئەمریکا بەچاوپۆشین لە رێگا و شێوازی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییەی دەبێتە هۆی ناوزڕاندن، دەستوری ئەو وڵاتە و لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە کێشانەدا، مادده و بەندەکانی ئازادی رادەربڕین وەکو بنەمایەکی سەرەکی لەبەرچاو دەگرێ. بە گوێرەی ئەمەش سکاڵای سەرەکی ئەوە دەبێت کە ئاخۆ ئەو زانیاری و لێدوانانە دەچنە خانەی ناوزڕاندن و هیچ زیانێکی ماددی و مەعنەوی لە تاوان لێکراو دەدەن، یان نا؟

پرۆفیسۆر مارک فیلدستاین، لە کۆلیژی راگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکانی زانکۆی جۆرج واشنتۆن لەم بارەیەوە دەڵێ « رەوشی گشتی لە ئەمریکا ئەوەیە کە راستکردنەوەی لێدوانێکی دیاریکراو، یان لە میانی لێدوانێک کە ئەوەی پێش خۆی رەت بکاتەوە، یان لە رێگەی بەرزکردنەوەی سکاڵا لە دادگاکان دەکرێت». ناوبراو کە رۆژنامەنووسێکی دیاری ئەو وڵاتەیە و گرنگی بە بواری یاساکانی میدیا دەدات ئاماژە بەوە دەکات کە، حکومەت هیچ رێگرییەکی یاسایی لەسەر رادەربڕین دانانێ، لە جیهانی میدیای نوێشدا هەموو کەسێک دەتوانێ هەر شتێکی بیەوێ بینووسێ و بڵاوی بکاتەوە،

جـا ئـەو شـتە راسـت بێـت یـان هەڵـە، لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا ئـەوە بـۆ خـود سانسـۆری و پرسـی هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی و ویژدانـی کەسـەکە جێهێڵـراوە، بـەڵام لـە کاتێکدا ئەگـەر ئـەو پەیوەسـت بوونـە خودیانـە نەبـوون، ئـەوا پەنـا بـۆ دادگا دەبـردرێ.

دیـارە جیاوازییەکـی زۆر لـە نێـوان میدیـای کلاسـیکی و هاوچەرخـدا هەیـە، بەتایبەتـی لـەوەدا کـە لـە میدیـای نوێـدا تاوانبـار لـە کێشـەی ناوزڕانـدن ئـەو کەسـەیە کـە بابەتێـک دەنووسـێ و لێدوانێکـی دیاریکـراو دەدات، نـەک هۆکارەکـەی راگەیانـدن. لـەم رووەشـەوە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـی ئێنتەرنێـت ئـەو بەرپرسـیارێتییەیان لـە ئەسـتۆی خۆیـان لاداوە، بـۆ نموونـە (تویتـەر) هەندێـک رێوشـوێنی یاسـایی و دادگایـی پێشـوەختەی گرتوونەتـە بـەر، بـۆ ئـەوەی بەرپرسـیارێتی ئـەو شـتانەی لەوێـدا بـڵاو دەکرێنـەوە لەسـەر خـۆی لا بدات. هـەر بـەم رێوشـوێنانە ماڵپەڕەکە خـۆی لە سزادانی راستەوخۆ پاراستووە لـە بەرامبـەر هـەر زانیارییەکـی هەڵـە کـە لەسـەر لاپەڕەکانـی ئـەودا بـڵاو دەکرێنـەوە، ئەویـش لـە چوارچێـوەی دانانـی چەنـد مەرجێـک بـۆ بەکاربـەر، کـە نـاوی نـاون (مەرجەکانـی خزمەتگـوزاری).

بـۆ نموونـە لـە بەنـدی یەکەمـی مەرجەکانـی خزمەتگـوزاری تویتـەردا هاتـووە (بەکاربـەری بەڕێـز تـۆ بـۆ خـۆت بەرپرسـیاریت لـە جـۆر و چۆنییەتـی بەکاربردنی ئـەو خزمەتگوزارییـە و ناوەڕۆکـی ئـەو بابەتانـەی دایدەنێیـت و ئـەو ئەنجامانـەی لێـی دەکەونـەوە). لـە بەنـدی دووەمیشـیدا هاتووە (ئاگاداری، ئەوەی لـە تویتەردا دەینووسـی بـە زووترین کات دەبینـرێ». بەمـەش کۆمپانیـای تویتـەر سـەبارەت هەمـوو ئـەو بابـەت و زانیارییانـەی تێیـدا بڵاودەکرێنـەوە و ئاکامەکانیـان هەرچـی بەرپرسـیارێتییە لەسـەر خـۆی لا دەدات. لـەم بارەیـەوە وتەبێـژی کۆمپانیـای ناوبـراو دەڵـێ «بەرپرسـی یەکـەم لـە هەمـوو ئـەو بابەتانـەی بـە ئاشـکرا و تایبـەت کـە بـڵاو دەبنـەوە، ئـەو کەسـەیە کـە بڵاویـان دەکاتـەوە، ئێمـە چاودێـری کـەس ناکەیـن و ناتوانیـن کۆنترۆڵـی ناوەڕۆکـی بابەتـەکان بکەیـن، بۆیـە هیـچ بەرپرسـیارێتییەکیش ناگرینـە ئەسـتۆ». بـە هەمـان شـێوە تـۆڕی کۆمەڵایەتـی (فەیسـبوک) یـش لـە رێگـەی ئـەو دە خاڵـەی وەک مەرجـی بەشـداری کـردن

داینــاون، کــە نــاوی لێنــاون (بنەمــا ســەرەکییەکان) خــۆی لــەو بەرپرســارێتییە دەربــاز دەکات. لــە پەیوەنــد بــە بەکاربەرەکانــی و مەرجــی بەشــداری هاتــووە ( پێویســتە خەڵــک زانیــاری هەبێــت، پێویســتە ئــازادی بەشــداری و هاوبەشــی کردنــی ئــەو زانیارییانــەی هەبێــت لەگــەڵ هــەر کەســێک، لەگــەڵ ئــازادی بردنــی بــۆ هــەر شــوێنێک، تەنانــەت بــە لادانــی زانیارییەکــەش لەســەر فەیســبوک). لــە بەرامبــەردا و لــە مەرجــی بەشــداری و بەکاربدرنــدا دەڵــێ (رێزگرتــن لــە ئەوانــی تــر و دانەنانــی هیــچ زانیارییــەک کــە مافــی بەرامبــەر، یــان دادگا پێشــێل دەکات) و ئامــاژە بــەوە دەکات کــە هــەر بابەتێــک پێچەوانــە و دژی ئــەو بنەمایــە بێتــەوە، ئــەوا فەیســبوک مافــی لادان و ســڕینەوەی ئــەو بابــەت و زانیارییــەی هەیــە.

ئــەوە کێشــەیەکە تــەواوی دونیــای تەنیوەتــەوە، بــە کوردســتانی خۆشــمانەوە، کــە رۆژانــە نیــەە دەیــان بابــەت و هــەواڵ و زانیــاری نەخوێنینــەوە و لــە ناوەرۆکــدا ناوزڕاندنــی کــەس و لایەنەکانــی لــێ دەخوێنرێتــەوە، بەبــێ ئــەوەی کەســیش خــۆی لــە بەرامبــەر ئــەو زانیارییانــەدا بەرپــرس بزانــێ، تەنانــەت وای لێهاتــووە زۆرجــار ئــەو ماڵپەڕانــە و لــە رێگــەی ئــازادی بەشــداری کــردن و بەکاربردنیــان و توانــای خــۆ ئاشــکرا نەکــردن، ببنــە گۆڕەپانــی ســوکایەتی بــە یەکتــری کــردن و تەســفیەی حیســاباتی کەســی و سیاســی، جگــە لــەو کێشــە کۆمەڵایەتییانــەی لێــی دەکەونــەوە. بۆیــە بــە قســەی پســپۆران و شــارەزایانی بــواری یاســای میدیــا ئەگــەر رێوشــوێنی پێویســت نەگیرێتەبــەر و هوشــیاری لــە بەکاربردنــی ئــەو خزمەتگوزارییــە و هەســتکردن بــە بەرپرســیارێتی لای بەکاربــەر و بەشــداربووان نەبێــت، گرفتــی زێدەتریشــی لێدەکەوێتــەوە.

## ڕەخنەی عەقڵانی و نەخۆشی مالیخۆلیا!

«ڕۆڵی من ئەوە نییە جیهان یان مرۆڤایەتی
بگۆڕم، چونکە نە هێندە چاکم و نە ئەو
داناییەشم هەیە شیاوی ئەو کارەم بکا —
ئەلبێر کامۆ»

هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر پێمان وابێ، کە توندوتیژی بە تەنها بەرهەمی ئایدیۆلۆژیا و ئایینەکانە، چونکە زۆرجار ئەوانەی پێیشیان دەڵێن دەستەبژێری ڕۆشنبیر، بەرچاوی بینینان لێڵ دەبێ و لە خۆیان زیاتر کەس نابینن، نەک هەر ئەوە، بگرە تووشی جۆرێک لە گرژی و چوونەوەیەک و توڕەیی دێن، کە هەموو ڕووداوەکانی دەرەوەی تەفسیر و دونیابینی خۆیان جارانی سفر دەکەنەوە و بەرامبەرە ناکۆکەکانیان لە ڕێگای دەسەڵاتی وشەوە ڕووبەڕووی ئەوپەڕی توندوتیژی مەعنەوی و هزری دەکەنەوە.

بۆیە دەشێ بڵێین ئەوانە ئەوڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانەن کە تووشی نەخۆشی (مالیخۆلیا — گرژی هزری) هاتوون و ئەگەر هەموو دەوروبەر و کائینەکان سەری ئەشهەدوبیللا بۆ ڕا و بیروبۆچوونەکانیان نەلەقێنن، ئیتر ئەو خەڵکانە هەموویان گەمژەن، وەک ئەو گوتارەی دەیەوێ قەناعەتمان پێ بێنێ کە (پێویستە هەموومان گوێ لە فلان بگرین!)، بەمەش ئەو ڕاستییە لە بیری خۆیان دەبەنەوە کە « هیچ شتێک ڕاست نییە، هەموو شتێک شیاوە — نیچە«.

ئەگەر گوتاری هەندێ ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری کوردستان، کە ئەمڕۆ لە ڕیزی دەستەبژێردان بە نموونە وەربگرین، ڕوونتر ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێ، کە چۆن بەناوی گوتاری دژە فاشیزمەوە، چ جەهەننەمێکیان

بـۆ مرۆڤەکانـی ئـەو کۆمەڵگایـە دروسـت کـردووە، وەک ئـەوەی بـەس ئـەوان چـاوی بینیـن و گوێـی بیسـتن و لووتـی بۆنکردنیـان هەبـێ و خەڵـک هەمـووی گەمـژە و مێگەلـن، ئـەوەی ئـەوان دەیڵێـن ئایەتـی قورئانـە و جێگـەی رەخنـە و تەفسـیر نیـن، مەگـەر کتێبـە پیرۆزەکانیـش هـەر ئـەو مـوژدە و وەعزانەیـان تێدا نییـە، کـە قابیلـی راڤـە و شـرۆڤە و تەئویـل نیـن، کـە بەمـەش جارێکـی دی خۆیـان لـەو راسـتییە گێـل و نەبـان دەکـەن کـە پێـی وایـە « ئـەو هێرشـەی بـە نـاوی دژە فاشـیزم دەکرێتـە سـەر ئـازادی، بـە هەمـان ئەنـدازەی هێرشـی فاشـیزم مەترسـیدارە – فـرۆم»،.

لێرەوەیـە خوێنـەری کـورد پێویسـتی بـە جۆرێکـی تـر لـە خوێندنـەوە هەیـە، کـە لـە دەرەوەی ئـەو وەهمـە بێـت، کـە سـاڵانێکە بەسـەریدا سـاخ کراوەتـەوە، وەهمێـک وەک چـۆن دەسـەڵات و بڕیـاری سیاسـی لـە کوردسـتاندا لـە دەسـتی دەسـتەبژێرێکدا گیـر کـراوە، ئـاواش دونیابینـی رووناکبیریمـان رادەسـتی تەنهـا یـەک گوتـار و یـەک دەسـتەبژێری دیاریکـراو بکەیـن، کـە هەموویـان لـە چرکەسـاتێکی دیاریکـراوی سیاسـیدا یـەک قـەوان دەڵێنـەوە و بـە ئاگایـی و نـا ئاگایـی بێـت دیـوی دووەمـی خۆیانمـان بـۆ ئاشـکرا دەکـەن و دەبنـەوە کـوڕی هەمـان ئـەو کولتـورە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەی هەموومـان لـە منداڵدانیـدا لـە دایکبوویـن و گـۆش کرایـن، بـەڵام جیـاواز لـە میکانیزمەکانـی دەسـەڵات، ئـەوان بـە دەمامکـی وشـە و دەسـەڵاتی مەعریفـەوە دێـن هەژمـوون دەکەنـە سـەر هوشـیاری و بیرکردنەوەمـان و ناچـار بـە یـەک دونیابینیمـان دەکـەن. بـە جۆرێـک ئەگـەر حـزب و کایـەی دەسـەڵاتی کـوردی لـە هەوڵـی یەکڕەنگکردنـی دونیابینـی سیاسـیمان دابـێ، ئەوانیـش شـەڕێکی دەسـتەو یەخـە لەسـەر یەکڕەنگکردنـی دونیابینـی رووناکبیـری و مەعریفیمـان دەکـەن، کـە هەموومـان بەیـەک زمـان و بـە یـەک بەلاغەتـەوە قسـە بکەیـن و رەخنـە بگریـن، ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە « عەقڵانیەتـی رەخنەگرانـە جۆرێکـە لـە فەلسـەفەی رۆشـنگەرانە، چونکـە هـەم بـڕوای بـە پلورالیـزم هەیـە، هـەم بـاوەڕی بـەوە هەیـە کـە ئادەمیـزاد هەڵـە دەکات و هـەم ئایدیـا و تیـۆرەکان قابیلـی گـۆڕان و پێشـکەوتنن – جیهانبەگلـو».

بۆیـە ئەگـەر بڕیـارە هەموومـان ببینـە کـوڕی نێـو کتێبـەکان، ئـەوە شـتێکە،

ئەگەریــش لــە هەنــاوی واقیعــدا دونیــا و بیرکردنەوەیەکــی جیــاواز دروســت بکەیــن، ئەمەشــیان شــتێکی تــرە، چونکــە لەبیرمــان نەچێــت کــە «ئەرکــی تیــۆری رەخنەیــی شــیکردنەوەی مــرۆڤ و جیهانەکەیەتــی لــە چوارچێــوەی بوونــە کۆمەڵایەتییەکەیــدا، نــەک شــیکردنەوەی لــە میانــی کۆمەڵــێ چەمکــی فەلســەفی رەهــاوە — مارکــۆزە».

## (سەحەر) و بانێکە و دە هەوا!

لـە وەتـەی خۆپیشـاندانەکان لـە کوردسـتاندا روویانـداوە و پێـش ئـەو کاتـەش، کەناڵـی ئاسـمانی (سـەحەر) بـەردەوام لەسـەر هێـڵ بـووە و بـۆ هـەر هـەواڵ و پێشـهاتێکی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتاندا خوێندنـەوەی خـۆی هەبـووە. بەتایبەتـی لـە کاتـی گـرژی و ئاڵۆزییـەکان و خۆپیشـاندانەکاندا و بـە تایبـەت تریـش لـە ئێسـتادا، کـە خەریکـە مێـزی گفتوگـۆ هێـزە ناکۆکـەکان ئاشـت و کـۆ بکاتــەوە، وەک ئــەوەی هەنگوینــی لــە داردا دۆزیبێتــەوە، بــە شــێوەیەک دەم لـە رووداوەکانـی کوردسـتان دەسـوێ، کـە تەنهـا لـە رۆڵـی کاراکتـەری (بەکـرە شـۆفار) دەکات.

پرسـیارە جەهەننەمییەکانـی (سـەحەر) و زمانـە شـەیتانی و بەلاغەتـە جادوبازییەکـەی لـە رووماڵکردنـی رووداوەکانـدا، جگـە لـەوەی مایـەی پرسـیار و گومانـن، کۆمیدیایەکیشـن بـۆ خـۆی.

(زایەڵـە)ی (سـەحەر) بەرنامەیەکـە بـەردەوام لەگـەڵ رووداوە گەرمەکانـی باشـووری کوردسـتان لـە تەمـاس دایـە، سـەیر لـەوە دایـە ئـەو پرسـیارانەی بـەرووی دەسـەڵاتی کوردسـتاندا دەیوروژێنـێ بـە زمانێـک دەیانـکات، وەک ئـەوەی لـە سـای دەسـەڵاتی وڵاتەکـەی ئـەو و حوکمڕانییـە تۆتالیتـارە مەزهەبییـە نەتەوەگەراکەیـدا دونیـا شـامی شـەریف بێـت.

گەلـۆ، لـەوە گاڵتەجـاڕی تـر نییـە کوێرێـک بێـت و لـە پێچـی شـەقامێکدا بـە چـاو ساخێک بڵـێ وەرە رێـگای پەڕینـەوەت نیشـاندەم، ئـەوەی (سـەحەر) دەیکات، رێـک لـەو کۆمیدیـا و گاڵتەجاڕییـەی کابـرای کوێـر دەکات. لـە وڵاتەکـەی (سـەحەر)ی ژێـر تاریکـی لـە سـێدارەدان و سەنگەسـارکردنی مرۆڤەکانـدا، ئەوانـەی تەنهـا داوای مافـی بەرخوردبـوون لـە ژیانێکـی شـەرافەتمەندانەی شـیاو بـە مـرۆڤ دەکـەن.. لـە (زایەڵـە)ی ئـەو شاشـەیەی لـە ئاسـت بێـدادی و

ســتەمکارییەکانی وڵاتەکەیــدا لاڵــە، ئــەو وڵاتــەی دەنگــی ئازادیخــوازی و ژیــان دۆستی تێدا کپ دەکرێ، دەنگی ئەوانەی داکۆکی لە سادە و سەرەتاییترین مافە مرۆییەکانیان دەکەن، پرسیارێک کە قەدەغە بێت ئازادییە، ئیدی مرۆ نازانێ بەچی رووێکەوە دێت و بە زمانی شیرینی کوردی دەستی چەوری خۆی بەسەری ئێمە دەسرێتەوە؟!

عەرەب قسەیەکی هەیە دەڵێ (فاقد الشیء لا یعگی)، ئەو قسەیە رێک بەسەر سیستەمی حوکمڕانی و دەسەڵاتی پاوانخوازی وڵاتەکەی (سەحەر) دا دەچەسپێ، ئەو سیستەمەی مرۆڤبوونی مرۆڤی تێدا نا ئامادەیە و رۆژانە و بە بەرچاوی دونیا و بە رۆژی رووناک کەرامەتی مرۆڤەکان دەڕوشێنرێ و ئازادی ئەتک دەکرێ. (زایەڵە) ئەگەر راست دەکات با لە دەسەڵاتدار و دەزگا سەرکوتکارەکانی خۆی بپرسێ ئاخۆ بە پێی چ یاسا و دەستور و شەریعەتێک تەنها لەسەر مافی خۆپیشاندان پاکیزەیی کچ لە زیندانەکاندا ئەتک دەکرێ؟ ئاخۆ ئەوە چ سیستەمێکە لەسەر داوای رەوای بەرخوردبوون لە مافی شوناسی نەتەوەیی و سیاسی خۆی، مرۆڤ بە دارەوە دەکات؟

ئەرێ بە راست ئەو (سەحەر)ـەی پرسیاری ئەوە لە دەسەڵاتی کوردی دەکات (بە چ پێودانگێک داواکردنی ئۆپۆزسیۆن بۆ رووخاندنی حکومەت بە کودەتا ناو دەبا؟)، بۆ لە دەسەڵاتدارانی خۆیشی ناپرسێ چارەنووسی ئەوانەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکەیدا رژانە سەر شەقامەکان چیان بەسەر هات، بە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە؟ بۆ ناداتە بەرخۆی بەو زمانە شیرینەی کوردی، کە لە رێگەیەوە ژەهر دەڕژێنێتە هوشیاری رۆڵەکانی ئێمە لە باشووری کوردستان، بۆ هەر بەو زمانە سوێی سوتان و هاواری دەیان دایکی کورد بە پرسیارێک ناباتەوە بەردەم دەسەڵاتدارانی تاران و لێیان ناپرسێ، ئەرێ بە چ پاساوێک لە ماوەی سێ مانگدا زیاتر لە ٢٠٠ گەنجی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارە دەدەی؟

لە هەموو ئەوانەش وێرانتر، بەشێکی ئەو بابایەنەی نێو ئۆپۆزسیۆنی باشووری کوردستانن، کە لەسەر شاشەی ئەو تەلەفزیۆنەدا و لە رقی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر مێژوو سەروەرییەکانی

نەتەوەکەیانـدا دەڕشـێنەوە، وەک ئـەوەی سـەکۆیەکانی ئێـرە بـڕی تینوێتـی رقیـان نەشـکێنن و بەربینگـی قسـەکردن و رەخنەگرتنیـان گیرابـێ!

سـەیری ئـەو دوو روویـی و بانێکـە و دە هـەوای ئـەو زاتانـەی (سـەحەر) و (زایەڵـە) و دیـوی جەهەننەمـی پرسـیار و بەلاغەتـە شـەیتانی و زمانـە جادووبازییەکەیـان بکـەن، وەک ئـەوەی کـەس نەزانـێ لـە سـای دەسـەڵاتی ولاتەکـەی ئەوانـدا چ دەگـوزەرێ، چۆن پرسـیاری وەڵام نـەدراوەی خۆیـان بـە ئێمە دەفرۆشـنەوە و دەسـتی چـەوری سـتەمکاری و سـەرکوتکاری دەسـەڵاتەکەیان بـە سـەری ئـەو ئەزموونـە دەسڕنەوە. هـەر بـۆ نموونـە، لـە بەرنامـەی (زایەڵـە) ی رۆژی ٥/١٠ کـە میوانـداری هـەر یـەک لـە بەڕێـزان (خاتـوو پەیمـان عیزەددیـن — ئەندامـی پەرلەمانـی کوردسـتان) و (کاک هێمـن هەورامـی — ئەندامـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) ی کردبـوو، لـە پرسـیارێکدا کاکـی سـمێڵ بابـڕی خەمخـۆری ئـازادی ئینسـان و دیموکراسـییەت، بێـژەر و پێشکەشـکارە کـوردی پاراوەکـەی (سـەحەر)، کـە لـە بیـری چـوو بـە ئێمـە بڵـێ سـەرکوتکردنی رۆژانـەی نارەزایـی مەدەنـی خەڵکـی ئێـران لەلایـەن دەسـەڵات و دەزگا ئەمنییـەکان و هێزەکانـی بەسـیج دەچێتـە کوێـی رەفتـاری دیموکراسـی و بۆچـی مامۆسـتایەکی پـەروەردەکاری وەک (فـەرزادی کەمانگـەر) و دەیـان چالاکوانـی دیکـەی مەدەنـی کـورد بـە دارەوە کـران و دەکرێـن؟ کەچـی بـە تەوسـەوە دەیپرسـی: لـە کاتێکـدا لـە ولاتـە دیموکراسـییەکان داوای هەڵوەشـاندنەوەی حکومـەت ئاسـاییە، ئیـدی بـۆ دەبـێ لـە کوردسـتان ئـەو داوایـە بـە کودەتـا بخوێندرێتـەوە؟

ئەوەیە دەڵێن « تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز هەموویانی پێچایەوە!».

## سێ سەرنجی رۆژنامەنووسی

* ئـەرک و پەیامـی راگەیانـدن بـە تەنهـا پێشکەشـکردنی ئـەو خزمەتگوزارییـە نییـە، کـە پێـی دەگوتـرێ خزمەتگـوزاری زانیـاری و هــەواڵ، بەڵکـو ئـەرک و بەرپرسـیارێتییەکی تریـش کـە لـە ئەسـتۆی دایـە پاراسـتن و گەشـەپێدانی زمانــە. بەداخــەوە ئەمــڕۆ زمانــی کــوردی بەدەســتی راگەیاندنــی کــوردی، نــەک هــەر زەلیلــە، بەڵکــو ئەوپــەڕی ســووکایەتی پێدەکــرێ و ســەروگوێلاکی دەشــکێنرێ.

« دەسـتبەرداربوون لـە زمانـی خـۆت، وەک ئـەوە وایـە دەسـتبەرداری رۆحـی خـۆت بیـت — تیـۆدۆر کالیفاتیدێـس، لـە رۆمانـی ژنێـک بـۆ خۆشوویسـتن». رۆژنامەنووســی کــورد، کــە ئەمــڕۆ وەک تۆرکــەی بەهــاران زۆر بــووە، نــەک هــەر دەســت بــە زمانەکەیــەوە ناگــرێ، بگــرە تــا ئەوپــەڕی شــێواندوویەتی و دەیشـێوێنێ. ئاخـر رۆژنامەنووسـێک توانـای دارشـتنەوەی رسـتەیەکی کـوردی نەبێـت، توانــای بەکاربردنــی وشــەی هاوواتــای نەبێــت و لــە ســتوونێک و راپۆرتێکـدا تەنهـا وشـەیەک بجوێتـەوە، بـە کـۆ دەسـت بـە رسـتە بـکات و بـە تـاک کۆتایـی پـێ بێنـێ و بـە پێچەوانـەوە، نـەک هـەر نەزانـێ وشـە بـە تـەواوی رێنـووس بـکات، بەڵکـو نەزانـێ وشـە لـە شـوێن و مەبەسـتی دیاریکـراوی خـۆی بــەکار بێنــێ. ئــەو کەســە نــەک هــەر گوناهــە پێــی بگووتــرێ رۆژنامەنــووس , بگـرە تاوانـە بخرێتـە ریـزی خوێندەوارانیـش!

* شـتێک کـە زۆر سـەرنجی راکێشـاوم و تـا ئێسـتا وەڵامێکـی گونجـاوم دەسـت نەکەوتــووە، ئــەو لێدوانــە دووبــارە و ســەیر و ســەمەرەی بەرپرســی فەرمانگــە و بەڕێوەبــەری دەزگا و دامــەزراوە حکومییەکانــە، کــە لــە بەرامبــەر پرســیاری رۆژنامەنووسـێک و لـە ئاسـت گلەیـی هاووڵاتییـان و دواکەوتنـی پرۆژەیەکـدا

دەڵێـن « نووسـراومان بـۆ سـەرووی خۆمـان کـردووە و تـا ئێسـتا وەڵامـان نەدراوەتـەوە«. ئەگـەر ئـەو لێدوانـە بـە تـەرازووی حوکمڕانییەکـی کـراوە و دیموکـراس و مۆدێـرن و تەکنۆکـرات بکێشـی، ئـەوا وەک پووشـی دەم بـا، بـە هـەوادا دەچـێ و سـەنگ و قورسـاییەکی نابـێ.

ئاخـر ئـەو هەمـوو سـەرووانە کێـن حیسـاب بـۆ خـوار خۆیـان ناکـەن؟ ئـەوە کـێ و بـە پێـی چ یاسـایەک ڕێـگای پێـداون لـە خەمـی هاووڵاتـی نەبنـە خـاوەن و وەڵامـی فەرمانگەکانـی خۆیـان نەدەنـەوە؟ بەڕاسـت حوکمڕانـی بـەو ناوەندێتـی بڕیـار و کوێخاییـە بەڕێـوە دەچـێ؟ بۆیـە ناچـارم لێـرەدا داوا لـە سـەرۆکی حکومـەت بکـەم، کـە باشـترین هەنگاوێـک لـەم خولـەی حوکمڕانـی خۆیـدا بینـێ , شـۆڕکردنەوەی دەسـەڵاتە لـە وەزارەتەکانـەوە بـۆ بەڕێوەبەرایەتییـە گشـتییەکان و لەوانیشـەوە بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی و فەرمانگـەکان و چـاوی چاودێریـش بەسـەریانەوە تونـد بـکات و لەسـەر زمانـی (لابۆتـی) و بـۆ خزمەتـی خەڵـک پێـی دەڵێـم «بهێڵـە تەنیـا یـەک گەورەمـان هەبێـت، بهێڵـە تەنیـا یـەک کـەس پاشـایەتی بـکات».

* «ئـەوەی دەچـێ شـت بفرۆشـێ، دەبـێ خـۆی وەک کڕیـار نیشـان بـدات — مارکیـز، لـە ڕۆمانـی کۆلۆنێـل کەسـی نییـە نامـەی بـۆ بنێـرێ». بـە پێـوەری ئـەو قسـەیە بێـت، بەشـێکی ئـەو سـەرچیخی و کەڵەگاییـەی مالیکـی، کـە لـە بەرامبـەر کـورددا دەینوێنـێ، پەیوەنـدی بـە خـراپ سـەودا و مامەڵەکردنـی سـەرکردایەتی کـورد خۆیـەوە هەیـە لەگـەڵ بەغـدا و سـەرانی. راسـتتر بڵێیـن، پەیوەنـدی بـە نیازپاکـی و خۆشـباوەڕی سـەرکردایەتی کـوردەوە هەیـە لـە چوونـە نێـو هاوپەیمانێتییـە سیاسـییەکان.

ئاخـر ئـەوەی نـەک هـەر مالیکـی کـردە ئـەو پیـاوە، بەڵکـو ڕێـگای دا سـوپای عیـراق زینـدوو بێتـەوە و دەسـتوور بـە ماددەگەلـی ناوچـە جـێ ناکۆکـەکان، یـان کێشـە لەسـەرەکان بـارگاوی بـکا و تـا ئـەو چرکەسـاتەش خۆشەویسـت و عاشـقی یـەک لایەنـەی برایەتـی و بەیەکەوەژیـان بێـت، خـودی کـورد خـۆی بـوو. ئـەوەش لـە کاتێکدایـە کـە مێـژووی ڕابـردووی کـورد پـڕە لـە ئەزموونـی

بێبەڵێنــی و خەنجــەری پاشــەملی حوکمڕانانــی بەغــدا بــە دەنــگ و ڕەنگــە جیاوازەکانیانــەوە .

ســەرکردایەتی کــورد کــە دەچــوو لــە بەغــدا برایەتــی و بەیەکەوەژیــان و عیراقــی هیــوا و ئاشــتی بــە عــەرەب بفرۆشــێ، دەبــوا بەشــی ئــەوە وەک کڕیارێک نــرخ و بەهــای کــورد و مافەکانیــان لــەو بــازاڕی سیاســەتە شــۆڤینییەی عروبــە لــە بەغــدا ســۆراخ کردبوایــە و بیانزاییــا کڕیارەکانــی برایەتــی کێــن و چەنــدی پێــدەدەن!

بــەڕای ئێمــە ئێســتاش نەچــووە بچــێ، هێشــتا بەشــی ئــەوە مــاوە (مســتی مالیکــی) لــە (درێشــەی پێشــمەرگە) بگەڕێتــەوە و وەک چۆن ئــەو کەڵەگایــە، لــە کــۆی چــواردە خــاڵ، هێڵێکــی ڕاســت و چەپــی بەســەر یانــزە خاڵــی ڕێککەوتنــی نێــوان شــاندی پێشــمەرگە و وەزارەتــی بەرگــری عیراقــدا هێنــا، ســەرۆکایەتی هەرێمیــش وەک دەمکوتکــردن، هێڵێکــی ڕەش ڕەش بەســەر پێکهێنانــی هێــزی هاوبەشــی پێشــمەرگە و ســوپا لــە ناوچــە دابڕێنــراوەکان بهێنــێ و لــە بــری ئــەوە بــۆ دواجــار تابلــۆی کەللــە ســەرێک و دوو ئێســک لەســەر ســنووری حەمریــن بــە ڕووی مالیکــی و ســوپاکەیدا دابنــێ و پێــی بڵــێ « لــە جێــی قوزەڵقــورت، ژەقنەبووتــە!» .

## (گۆبڵز)ـەکانی میدیای کوردی!

مـرۆڤ کـە خەونـی مەزنـی هەبـێ، نابێکاتـە جوانەکانـی خـۆی بـە دیـار ورێنـەی مرۆڤـە بچووکـەکان بەفیـڕۆ بـدات. هێنانـەدی خەونـی مـەزن، پێویسـتی بـە هەنـگاوی جـوان و کاری نـوێو هاوسـەنگی و کارنەدانـەوە هەیـە. دەبێبـۆ هاوسـەنگی دەروونـی خـۆت، جگـە لـە بڕوابـوون بـە توانـا خودییەکانـت، سـوود لـە هیسـتریا و نەخۆشـی دەروونـی بەرامبەرەکانـت وەربگریـت، هـاوکات وەک ڕێبـواری کاروانێـک، کـە ئامانجـی گەیشـتنە بـە ترۆپکـی ئاسـۆیەکی گـەش، نـەک هـەر لـە کەنـد و چـاڵ و چـۆڵ نەترسـی، بگـرە گـوێ نەدەیتـە دەنگـە نامـۆ و نەشـازەکانی ئـەم و ئەویـش!

ئەگەرنـا کـە کار بگاتـە ئـەوەی دەسـتەکان کەشـف بکرێـن، لـەم وڵاتـەدا هەمـوو کەسـێک دەتوانێبـەڕی ژێـر پێـی ئـەوی تـر رابکێشـێ، ئـەوەش کارێکـی هێنـدە ئەسـتەم نییـە. کارێکـی ئاسـانە، نـەک لەبـەر ئـەوەی لـەم وڵاتـەدا بوختـان باشـترین رەواجـی هەیـە و کۆمەڵگایەکیشـت هەیـە بـە فیتێـک دەچێتـە سـەردار و بـە دووان دادەبـەزێو ئـاگای لـە مەحمـودی زەواد نییـە و بـە هەمـوو ئاوازێـک دەکەوێتـە هەڵەکـە سـەما و بـازاڕی خۆشـباوەڕی جمـەی دێ، بەڵکـو بـە دیوەکـەی تـردا، فیتـەکان بـە دەنگدانـەوەی پشـتی وشـەکان و سـێبەری ئەودیـوی رسـتەکان و بۆنـی گوتارەکانیانـەوە دەنارسـێنەوە!

بـۆ نموونـە، مرۆڤێـک کـە بوێـری ئـەوەی نەبێدەسـتی جەللادەکـەی خـۆی کەشـف بـکات و لـە بـری ئـەوە دەربارەکانـی جەلـلاد بخاتـە قەفەسـی تۆمـەت و تـاوان، ئاسـاییە دڕدۆنگییەکـەی خـۆی بـە فـس فـس پاڵـەوانـی، بەوانـی تـر بفرۆشـێتەوە. دەزانـن بـۆ؟

چونکـە لـە بنەڕەتـدا خـۆی لـەوە نەبـان کـردووە، کـە بـەو هەڵوێسـتە حیـزە بخۆییـەی خـۆی، جارێـک ترسـنۆکە، جارێکـی تـر بێویـژدان و جارێکیـش درۆزن...

ترسنۆکە، چوون بوێری ناوبردنی جەللادەکەی خۆی نییە!

بێویژدانــە، لەبــەر ئــەوەی بێدەســەڵاتێکی بــە ماشــە کــراو دەکاتــە قوربانــی و دەیخاتــە قەفەســی تــاوان!

درۆزنە، چونکە تەنها بۆ خۆی، بڕوای بە حیزەبخۆیی خۆی هێناوە!

ئەمەش ڕێک ئەو دێرە شیعرە عەرەبییەمان بیر دێنێتەوە، کە دەڵێ:

من يهن، يسهل الهوان عليه

ما لجرح بميت ايلام

وەک چــۆن خــاوەن ماڵێکیــش، کــە بەشــی ئــەوە ئازایەتــی تێــدا نییــە بــە خەڵــک و خــوا بڵێ‌کێ‌ماڵەکــەی کــردە قەرەبــرووت، زۆر ئاســاییە گــڕ بەربداتــە ماڵــی خەڵکــی تــر..!

بەهەرحــاڵ، شــتێک کــە کــورد بــە گشــتی و بەنــاو مونــەوەر و پێشــەنگەکانی بەتایبەتــی و میدیاکارانــی بــە تایبەتــی تــر، لەبیــری خۆیانــی دەبەنــەوە ئەوەیــە، کــە کــەس ناتوانــێ بــە ناشــیرینکردنی بەرامبەرەکانــی، ڕووی خــۆی جــوان بــکات و قێزەونییەکانــی و دڵڕەشــییەکانی خــۆی بشــارێتەوە.. وەکوتــر، پەردەپۆشــکردنی کوفرەکانــت بــە نمایشــکردنەوەی گوناهەکانــی ئەوانــی تــر، کارێکــە لــە گەمژەیــی ئەولاتــر...!

خودایــە، ئــەوە چ فۆبیایەکــە یەخــەی میدیــای کــوردی گرتــووە؟ ئــەوە چ هســتریایەکە تووشــی کائینەکانــی بــووە؟!

## گاڵتەجاڕیی ڕۆژنامەگەری!

شتێکی ئاساییە ڕۆژنامەیەک گرفتی فرۆش و بەو هۆیەشەوە گرفتی دارایی هەبێت، دواتر تووشی قەیران و ڕەنگە داخستنیش بێت، بەڵام ئاسایی نییە هەمان ئەو ڕۆژنامەیە کە بەو گرفتانەوە خۆی نماییش دەکات و نوزەی بێت، کەچی لە پڕ ببێتە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە هی حزبێک نەبێت و کۆمپانیایەکی زەبەلاح پشتیوانی دارایی نەکات!

دیسانەوە ئاساییە کەسێک، ڕۆژنامەنووس بێت و سەرپەرشتی ڕێکخراوێکی مەدەنی بکات و لە تاریکیدا ئەندامی بۆردی ڕۆژنامەیەکی بەناو ناحیزبی بێت و بیست و چوار سەعاتی خوا شەڕ لەسەر داکۆکیکردن لە پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەگەری بکات، بەڵام هەرگیز ئاسایی نییە ئەو بابایە لە سێبەردا لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای حزبێک بە مەبەستی پشتیوانی دارایی، مشوری دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بخوات و سبەی ڕۆژیش بە سەربەخۆ بە خوێنەرانی بفرۆشێتەوە!

ئەوەی پێشەوە کۆمەڵێ زانیاری ڕۆژنامەنووسین و ڕەنگە لە ئێستادا وردەکاری تەواویان دیار نەبن، بەڵام ئیتر ئەوە کوردستانە و دەبێ چاوەڕێی دەرکەوتنی هەر ئەگەر و گریمانە و پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو بکەین!

ڕاستییەکەی سەیر و سەمەرە هەر لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان و کاری حزبایەتییاندا نییە، بە تایبەتی کە حزبی کوردی لە زۆربەی کار و هەنگاوەکانیدا وەکو بزن (هینەکەی بە هەواوەیە)، بەڵکو سەیر و سەمەرەی تر لە نێوەندی ڕۆژنامەگەری کوردی و لەناو بەعزێ ڕۆژنامەنووس و بەناو چالاکوانی مەدەنی و داکۆکیکاری ئازادیدا جار جار دەبینرێ، بەڵام چونکە ئەوان وەکو مەڕ (دونگ هینەکەی داپۆشیوون) و بە هۆی زمانەوە توانای مانۆری زۆریان هەیە، بۆیە کەمتر خەڵک دەیانبینێ و هەستیان پێدەکات!

بە گوێرەی هەندێ زانیاری، دوور نییە لە نێو ئەو زۆر و بۆرییەی بڵاوکراوە کوردییەکاندا، کە بەس خوا و ستافەکەیان دەزانن قووتی ژیان و بەردەوامی زۆربەیان لە چ کادینێکەوە دێ، لە ئاییندەیەکی نزیک، یان دوور رۆژنامەی تر بە ناوی نوێ و تایتڵی ئەهلی و سەربەخۆ سەرهەڵ بدەن، بەبێ ئەوەی خەڵکی سادە ئەوە بزانێ، کە رەنگە لە بارەگایەکی حزبی بیر لە درەکردن و پشتیوانی دارایی رۆژنامەکە کرابێتەوە.

گاڵتەجارییەکە لەوە دایە ئەوانەی لە پشتی ئەو شێوە پرۆژانەن، بیریان لەوەش کردۆتەوە، کە لە حاڵەتێکدا ئەگەر زیادکردنی ژمارەیەکی دی بڵاوکراوەیەک بەناوی ئەهلی و سەربەخۆ گومان لەسەر خۆیان و بڵاوکراوەکەیان دروست بکات، ئەوا میکانیزمی دیکەیان ئەوەیە، رۆژنامەیەک کە گرفتی فرۆش و قەیرانی دارایی هەبێت، لە پڕ وەک رۆژنامەیەکی بەهێزی رۆژانە و بە هەمان ناو و تایتڵی خۆی بەردەوام بێت.

رەنگە زۆر لە خوێنەرانی کورد لەم بەشەی کوردستاندا ناهەقیان نەبێت کە بە گومانەوە تەماشای چەمکی سەربەخۆیی کەناڵەکانی میدیا و بە تایبەتی رۆژنامە و گۆڤارەکان بکەن، چونکە گوتاری زۆرێک لەو کەناڵانە پێمان دەڵێ تەنها سەربەخۆ و بێلایەن نین، چونکە ئەوە هەر پارتی و یەکێتی نین لە سێبەردا رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆنیان هەن، بەڵکو راستییەکەی ئەوەیە کە لە تەک ئەوانیش، هێزگەلی سیاسی و نێوەندی دیکەی بەناوی کۆمپانیا، کە لە بنەڕەتدا یان هی حزبن، یان هی بابایەکی بەرپرسی حزبین، لێرە و لەوێ لە روانگەی دڵسۆزیان بۆ سەربەخۆیی و ئەهلی و پرۆفیشناڵی کاری رۆژنامەگەری، بەشە خێری خۆیان دەخەنە ئەو گەرەلاوژەیە!

کەسی شارەزا بە هونەرەکانی داڕشتن و ئاشنا بە زمان و بەلاغەتی نووسین بە ئاسانی دەتوانێ گوتارەکان لەناو رۆژنامەگەری لە یەکتری هەڵاوێر بکات، بەڵام رەنگە بۆی ئاسان نەبێ خاوەن پەیام و ئاراستەکەرە راستەقینەکانی پشتی گوتارەکان بناسێتەوە، چونکە ئەوانیش وەکو حزبە سیاسییەکان سەرچاوەی دارایی و دەخیلەکانیان ئاشکرا و روون نییە و

بەشـی ئـەوەش بوێـر و راسـتگۆ نیـن ئـەو سـەرچاوانەیان بـۆ خەڵکـی، هەرنـا بـۆ وەرگرەکانیـان زەلاڵ و ئاشـکرا بکـەن، ئیـدی خـۆ ناکـرێ بـەو پاسـاوی نـا روونیەیـان، بوختـان و تۆمەتیـان بـۆ ببەشـینەوە!

بەهەرحـاڵ، دێینـەوە سـەر رۆژنامـەی کەنەفـت بـە دەسـت فـرۆش و قەیرانـی دارایـی و رۆژنامەنـووس و چالاکوانـی فریشـتە و گەمـە سیاسـییەکانیان، کـە خەریکـە دەچنـە بەرەیـەک (رەنگـە لـە بنەڕەتیشـدا هاوسـەنگەر و لـە یـەک بەرەیـش بـن!) و وەک یاریزانانـی یـاری باسـکە، یەکێـک تۆپەکـە بـەرز دەکاتـەوە و ئەویتـر کەبسـی دەکات، دەیانـەوێ لـە یارییەکـەدا زۆرتریـن خـاڵ بەدەسـت بێنـن، چـش لـە بـە خـراپ سـوود وەرگرتـن لـە ناهوشـیاری وەرگـر و نـا ئاگاییـان، هەلپەرسـتانە و لەسـەر مێـزی بەرپرسـەکاندا بازرگانـی بـە پەیامـی نووسـین و رۆژنامەگـەری دەکـەن و لـە تاریکاییدیـدا پرۆفیشـناڵی بـوون و سـەربەخۆیی و شـتی دیکـە هـەڕاج دەکـەن و دواتریـش بـە دەسـکەوت و سـەروەری بـە وەرگـرە بەدبەختـەکان دەیفرۆشـنەوە، کەچـی گللەیـش لـە حـزب و هێـزە سیاسـییەکان دەکـەن، کـە واز لـە دروسـتکردنی کەناڵـی سـێبەر و جەنـگاوەری نێـو تارماییـەکان بێنن..

ئێـوە و خـوا گەلـۆ، ئـەوە ئەگـەر گاڵتەجـاڕی نەبێـت، چ ناوێکـی دیکـەی لـێ دەنرێ؟

## گەنج و خۆبادان.. میدیا وەك نموونە!

هەمیشــە بڕوایەکــی نەگــۆڕم بــەوە هەبــووە و هەیــە، کــە دەبــێ بــوار و ئــازادی زۆرتــر بــۆ گەنجــان بڕەخســێنرێ تــا مومارەســەی گەنجێتــی و هیــوا و ئارەزووەکانیــان بکــەن، پێویســت دەکات ســەرجەمی لەمپــەرە کولتــوری و کۆمەڵایەتییــە ســواو و ســەقەتەکانیان لەبەردەمــدا ورد و خــاش بکرێــن، تاکــو لــە پێشــەوەی هەمــوو شــت بتوانــن مومارەســەی تاکێتــی و ئازادییــە کەســییەکانیان بکــەن، دەبــێ هەمیشــە هەلــی زیاتــر و چانســی فراوانتریــان بدرێتــێ، بــۆ ئــەوەی بتوانــن خــەون و خولیــا و بەهرەکانیــان لــە زەمینــەی واقیعــدا بەرجەســتە بکــەن و گەشــەی پێبــدەن، بــەڵام ئــەو بــوار ڕەخســاندنە بــە کوێــری و لەســەر حیســابی تێکدانــی میزاجــی گشــتی نەبــێ. بــۆ نموونــە ئەگــەر گەنجێــک بــەس بــۆ لاســاییکردنەوەیەکی ســەقەت، کــە زێدەتــر لــە پەنــدی (مریشــک و مراوییەکــە!) بــکات بێتــە ســەر شاشــە و دوو وشــەی بــۆ گوتــن پــێ نەبــێ، یــان نەزانــێ هەواڵێــک دابڕێژێتــەوە، یاخــود توانــای وروژاندنــی پرســیارێکی نەبــێ، پێــی وابێــت دەتوانــێ بــە مۆدێلــی قــژ بڕیــن و ماکیــاژ و جلوبەرگــی ئاڵــوواڵا و خــۆ بــادان و زۆرکــردن لەخــۆ لەکاتــی جوڵەکردنــدا ســەرنجی بەرامبەرەکانــی ڕاکێشــێ، باشــترە ئــەو گەنجــە واز لــەو کارە بێنــێ و عارەبانەکــەی بــۆ مەیدانــی بــازاڕی کارێکــی تــر ڕابکێشــێ!

بەهەرحـاڵ، ڕەنگـە لـەو نێوەدا گللەیـی زیاتـر لە بەڕێوەبـەر و سەرپەرشـتکارانی کەناڵــەکان بکــرێ. واتــە گللەیــی لــەو ئازیزانەیــە کــە دەیانــەوێ نموونەیەکــی پرۆفیشــناڵ لــە دونیــای میدیــای کوردیــدا پێشــکەش بکــەن، بــەڵام بەشــێکی کارمەندەکانیـان لـە وانەکانـی مەعریفـە و فیکـر و سیاسـەت و زانیـاری (ئیکمـال)ن!!

ئاخــر هاتنــە ســەر شاشــە هــەر ئەتەکێتــی جلوبــەرگ و مکیــاژ و بۆینبــاخ و لاســاییکردنەوەی بێتــام نییــە. چوونــە پشــت مایکــی ڕادیــۆ هــەر تەنیــا بەنــاز

گووتنــەوەی (گیــان و رۆح و دڵ و ئازیــز) و بەشــینەوەی پێکەنینێکــی بێتــام نییــە بەســەر بیســەردا، کارکــردن لــە رۆژنامــە و گۆڤارێــک بــەس کردنەشــانی جانتــای لاپتــۆپ و کامێــرا و کاوبــۆ و یەلــەگ و پێــڵاوی فــلات و دانیشــتن و چــا خواردنــەوەی ئێوارانــی مەچکــۆ و شــەعب نییــە، بەڵکــو ئاســتی هوشــیاری و باکگراونــدی رۆشــنبیری و زمانــی ئاخاوتــن و نووســین و شــێوازی دوانــدن و تەمــاس گرتــن لەگــەڵ بەرامبــەردا، بەشــێکی هــەرە گرنگــن، کــە پێویســت دەکات لەبەرچاویــان بگریــن.

نوێخــوازی و مۆدێرنێتــی و مەدەنییــەت هــەر بــە تەنهــا کوتینــی تاتــو و درێژکردنــەوەی زوڵــف و لــە روخســاردا نییــە و بریتــی نییــە لــە بەکــەم ســەیرکردنی ئەوانــی تــر و نازکــردن بەســەریانەوە (وەک ئــەوەی زۆرجــار بەنــاو راگەیاندنکارێــک دەبینیــن فیــز بەســەر خەڵکــی رەشــۆکی لێــدەدا و مایــک و کامێــرا و ریکــۆردەر و جانتاکــەی لــێ بۆتــە تاجــی شــاهانە!!)، بەڵکــو بیرکردنــەوەی ژیاندۆســت و رەفتــاری مرۆدۆســتانە و بەهەنــد وەرگرتنــی ئەوانــی دیکەیــە، رێزگرتنــە لــە هەســتی ســادە و دڵاوایــی خەڵکــی ئاســایی و گوێگرتنــە بــۆ راز و نیازەکانیــان و ســۆراخکردنی خــەم و گلەییەکانیانــە. بۆیــە بــۆ ئــەو زاتانــەی کــە گوایــە لەنــاو خەڵــک ســوپەر رۆژنامەنــووس و میدیــاکارن و لەبــەر دەرگای مەنســول و بەرپرســان چۆڵەکــەی تــەڕی بابــردوو و کائینــی شــەرمنن، باشــتر وایــە لــە بــری خــۆ ســەرقاڵ کردنــی بــەردەوام بــە مــۆدە و لاسایــیکردنەوە و فشــەکەرێتی و خۆبــادان بەســەر هاووڵاتــی رەش و رووت، بەشــێکی کەمــی کاتەکانیشــیان بــۆ خوێندنــەوە و دەســت گەیشــتن بــە زانیــاری و خودناســین و دەوڵەمەندکردنــی زمــان تەرخــان بکــەن. خراپیــش نییــە ئەگــەر ئــەو حیکمەتــەش بکەنــە ســەر مەشــقی کار، کــە دەڵــێ « گــۆڕە بــە ئاڵتــون روپۆشــکراوەکانیش پــڕن لــە کــرم و شــتی لــەو بابەتــە!».

## گەندەڵنووسی و گەندەڵی!

زۆرجار دەگەمە ئەو بڕوایەی ئەگەر دەستبەرداری نووسین بم و واز لە کاری ڕۆژنامەنووسی بێنم و خۆم خەریکی کەسابەتێکی ڕۆژانە بکەم، زۆر باشتر و پڕ قازانج و بێ سەر ئێشەترە، چونکە هەست دەکەم چیدی لەم وڵاتە نووسین فریای چارەسەری کێشەکان ناکەوێ، بەو پێیەی کەس نییە گوێ لە راز و گلەییەکانت بگرێ و بۆ ساتێکیش بیر لە خەم و ژانی ئەو خەڵکە بکاتەوە، چ جای زۆرێک لەوانەی بە نووسین بەرگری لە مافەکانیان دەکەیت، کە گلۆڵەت کەوتە لێژی، ئەوەی قسەی خێرە بۆت نابێژن. وەکو تریش بەعزێ بۆرە سوار هەن وبە سەد دەست ماچ کردن کورسیەکی بەرپرسێتی چنگ کەوتووە، بابایەتی هەر زوو خودی خۆی و خزم و خوێش و خانەوادەکەی پڕ بکات و چش لە میللەت، گاڵتەجاڕیش ئەوەیە دواجار سکاڵای من و تۆ و خەڵک و هەمووماں دەچێتەوە سەر مێز و پێش دەستی ئەو زاتە، جا وەرە (ڕێوی سەرچۆپی قەل و مریشکی لە دەست بێت، دەبێ گۆڤەندەکە بباتە کام کون؟!).

بەلزاک دەڵێ «یاساکان وەک تەونی جاڵجاڵۆکە وان، مێشی بچووک پێیانەوە دەبێ و گەورەکانیش لێی دەرباز دەبن»، بۆیە ئەو قسەیەی (بەلزاک)م هێناوەتەوە، چونکە ١٠٠٠٪ و زیاتریش لەو مەملەکەتەی ئێمە واقیعەکە وایە، سەیر کەن شوفێرێکی تەکسی لە لایەکی شەقام وەستاوە بۆ کرێیەک، هەر زوو وەسڵێک دەخەنە بەر فلچە و ڕاوی شوفێرەکەی دەنێن، لەولاش هەرچی مۆنیکا و شەبەح هەیە ڕستیان بەستووە و کەس ناتوانێ نزیکیشیان کەوێت و بە فوو تۆزی سەریان بماڵێ، چ جای ئەوەی وەسڵی بۆ دابنێن..لەسەر شەڕە شەقی دوو مناڵ مەحزەر و مەحزەر کاری دەکرێتەوە و کابرا پێستی گیانی دەچێ تا لە دادگا دەربازی دەبێ، کەچی زەلام هەیە سوپەر پیاو و

ژنکوژه و مێش میوانی نییه..له سەر جنێوێک یان زللەیەک (کە شێوازێکی پەروەردەیی نییە) قوتابی و باوکی، مامۆستا دەدەنە دادگا و راگەیاندنیش دەیکاتە رۆژی حەشر، بەڵام زۆرجار مامۆستایەک لەلایەن قوتابی تێر جنێو و لەلایەن باوکی قوتابی تێر شەق کراوە کەسیش باسی نەکردووە و لەوە زیاتریش گوتویانە، ئاساییە زۆرجار برا و برا، باوک و کوڕیش بەشەڕ دێن، با برای گەورە و باوکەکە سنگ فراوان بن.. مێرمناڵێک لەسەر گرامێک حەشیشە دەگیرێ زیندانی تا هەتایەی بۆ دەبڕدرێتەوە، بەڵام بابایەک بە کیلۆ تلیاکی لێ دەگیرێ پێنج و دوو رۆژێک لە ژوورێک دەمێنێتەوە و دواتر موعەززەز موکەڕەم ئازاد دەکرێ..کەسێک هەر لە تەجاوز کردنە سەر موڵکی حکومەت تا دەگاتە کاری بەدڕەوشتی ئەنجام دەدات، تەنها لەبەر ئەوەی بە حیسابی عەشایەری، ریش سپی و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە خەڵک و خوا بۆی دەنوزێنەوە، بەڵام هەرزەکارێک بە رێکەوت تخونی ماکەرێک کەوتووە لێی دەکەنە هەڵڵا.. خێزانە هەژارێک، بێوەژنێکی مناڵ بێسەرپەرشت بە خێر و سەدەقە کۆڵیتێک بە ناشارەزایی لە زەوییێک قیت دەکاتەوە هەرچی شۆفڵ و حەففارە و مەفرەزە خاسەی بیکەیسی بە سەر پشتی پیکابە دەچن بەسەری دەڕوخێنن، بانێکە و دوو هەوا وەک ئەوەی خانوو و کۆشک و باڵاخانەی بەعزێ مەسول و گەندەڵی پێداو ماڵی خوا و وەقف بن، باباکانی لیژنەی تەجاوز نایانبینن و بە قودرەتی قادر هەر لەوێ شۆفڵ و حەففارەکانیان پەنچەر دەبن، لەوەش وێرانتر بەعزێ تەیری نامەعقولی ناو راگەیاندن ئەو هەڵمەتە وەک دەسکەوت و سەروەری یاسا دەکەنە مانشێت..کەسێک بۆ خۆی و بێ ئەوەی زیانی بۆ کەس هەبێت لە دووری ئاوەدانی پێکێک عەرەق نۆش دەکات، با ئەو کەسە پیاوی باش و خێرخوازیش بێت، هەرچی عەبدی خوایە لام و لۆمەی دەکەن، بەڵام کەسێک گوایە ئیماندارە و بیست و چوار سەعاتی خوا بەرماڵی لەسەر شانە و هەر دەمی بە ئایەت و حەدیس دەکاتەوە، کەچی لەسەر گەندەڵی پف بووە، هێشتاش لەو وڵاتە هەر ئەو کەسە نەجیبزادەیە، رەنگە خەڵک و هەندێ گەندە مەنسولیش هەبن، پاکانە بۆ رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی

بکـەن و بەرگـری لـێ بکـەن، کـوڕ هەیـە دەیناسـم بـە هـەژاری و نـەداری تـا خـۆی پێگەیانـد و خوێنـدی، بـەڵام بـۆ دوو نمـرە لـە کـۆی گشـتی نمرەکانـی فرێدرایـە شـوێنێکی نـا بەدڵـی خـۆی، هەشـیانە رەنگـە بڕوانامـەی ناوەنـدی نەبووبـێ و بـە سـاختە بەخشـراوی ئامادەیـی بووبـێ و بـە نەخوێنـدەواری خـۆی ەوە و بـە قبـول خـاس و شـتی لـەو بابەتـە بۆتـە مافپـەروەر یـان یاسـاناس!

لەنـاو هەمـوو ئـەو گـەرەلاوژێ و سەرلێشـێوان و تێکـەڵ و پێکەڵیـەدا، کـە جیاکردنـەوەی بـاش لـە خـراپ و دڵسـۆز لـە ناپـاک زۆر ئەسـتەم بـووە، کۆمەڵـێ ئینشـانووس و فەریکـە بەنـاو رۆژنامەنـووس دێـن و نموونەکانـی یەکـەم زەق دەکەنـەوە و ئەوانـەی دووەمیـش نابینـن و زاتـی ناوبردنیـان ناکـەن، ئیتـر گەندەڵـی لـەوە زیاتـر چـی، ئاخـر گەندەڵـی دواجـار بەکارهێنانـی توانـای مـاددی و دەسـەڵاتە بـۆ بەرژەوەنـدی تایبەتـی و لـە سـەر حیسـابی بەرژەوەنـدی گشـتی، ئەوەتـا خەریکـە راگەیاندنیـش بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان توانـای رەمـزی و دەسـەڵاتی وشـە بـەکار دەبـات و دۆ و دۆشـاو بـۆ مەراییکـردن تێکـەڵ دەکات، ئیتـر خۆشـبەختی بـە حاڵـی ئـەو پەنـدەی دەڵـێ «خەڵـک ئەگـەر شـێت بـوو دەچنـە سـەر ئۆمەرمەنـدان، ئـەی ئەگـەر ئـەو شـێت بـوو روو بکاتـە کـوێ؟»، بێگومـان ئەمێسـتاش لەهـەر کات زیاتـر، کـە خەڵـک پێویسـتی بەوەیـە راگەیانـدن و کاراکتەرەکانـی پـەردە لەسـەر ناعدالەتـی و نایەکسـانی و گەندەڵـی هەڵبدەنـەوە، کەچـی خەریکـە نێوەندەکـە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان تـا گوێچکـە دەوێتـە نیفـاق و ریـا و گەندەڵـی!

## ڕۆنگ سایدا!

بـۆ خـۆم بـڕوام بـەوە هەیـە (ڕەنگـە خەڵکانێـک هەبـن لەگەڵمـدا ناکـۆک بـن) کـە دەکـرێ هـەر یەکێکمـان لەگـەڵ دەسـەڵاتدا و جیـاواز و پێچەوانـەی دەسـەڵات بیـر بکەینـەوە و مامەڵـە بکەیـن. واتـە ئەگـەر مـرۆڤ بگاتـە ئـەو بڕوایـەی ئـەو لەنـاو حزبـدا خـاوەن بـوون وکەسـایەتییە، نـەک بارەبـەر و کۆیلـە و ویسـتێکی هەبێـت بـۆ دەسـگرتن بـەو شووناسـە، ئـەوا بـە ئاسـانی دەتوانـێ بـڕوا بـە دەوروبـەری خـۆی بێنـێ، چ لەنـاوەوەی حـزب و چ لـە دەرەوەیـدا، کـە گوێـی لێبگیـرێ. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ڕەوشـەکە ئەوەنـدە شـوێنراوە، خەریکـە ڕەش و سـپی تێکـەڵ دەبـێ و لـەو نێـوەدا کۆمەڵێـک شـێرە بەفرینـە لـە نـاوەوە و دەرەوەی حزبـدا دروسـت دەبـن و بـە هۆیانـەوە کـۆی ناوەندەکـە ناشـیرین دەبـێ و متمانـەی هاوڵاتیـان لـە دەست دەدات، وەکـو تریـش چونکـە هوشـیاری کۆمەڵگـە لـەو ئاسـتەدا نییـە خوێندنەوەیەکـی جیـددی بـۆ گوتـارەکان بـکات، ئەمـەش بـۆ خـۆی دەبێتـە هـۆی زەمینەسـازی بـۆ بەردەوامـی ئـەو ڕەوشـە.

بـۆ نموونـە حـزب کاراکتـەر گەلێکـی هەیـە و نـاوی نـاون ڕۆژنامەنـووس، تەنهـا ڕۆژنامەنـووس نیـن و زیاتـر لـەو ڕاپـۆرت نووسـانە دەچـن کـە چـاوی نیگابانـی خۆییـن بەسـەر هاوکارەکانیـان. ژمارەیـەک کـەس لەنـاو دەزگا ڕاگەیاندنـە حزبییەکانـدا کـە مـن ناویـان دەنێـم (عەریـزە نـووس) لـە دوو شـت زیاتـر شـک نابـەن بـۆ هاتنـەوە نـاو نێوەندەکـە، یەکێکیـان وەسـتایی و شـارەزاییانە لـە مەرایـی و سـتایش و بـە شـان و بـاڵادا هەڵگووتنـی بەرپرسـەکانیان، دووەمیشـیان ئامادەیـی بەردەوامیانـە لـە گەرمکردنـی شـەڕەکان. ڕوونتـر بڵێـم ئـەو ڕاپـۆرت و عەریـزە نووسـانە جبەخانەیەکـی وشـەی سـتۆکیان هەیـە، کـە تەنهـا بـە کەڵکـی شـەڕی ناشـیرینکردن و سـڕینەوەی بەرامبـەرە جیاوازەکانیـان دێـت و هەڵگـری مەعریفەیـەک نیـن کـە بـە هۆیانـەوە ڕووی گەشـی پەیامـی

نووسـین و ڕۆژنامەنووسـی نیشـانی وەرگـر بـدەن. دیـارە ئـەو کەسـانە هیچیـان لـەو بازرگانانـەی شـەڕ کەمتـر نییـە کـە لـە ڕۆژانـی شـەڕی ناوخـۆدا خوازیـاری بەردەوامـی شـەڕ بـوون و بـە ئاشـتبوونەوەی هێـزە شـەڕکەرەکان گلۆڵەیـان کەوتـە لێـژی.، چونکـە ئەوانیـش تەنهـا لـە سـەروەختی گرژییەکانـی نێـو میدیـادا دەردەکـەون و لـە بـری زمانـی عەقـڵ و خوێندنـەوەی لۆژیکـی و وەڵامـی جیـددی، وەک ڕۆبـۆت دەکەونـە گوفتـار و پەرچەکرداری وا دەنوێنـن، کـە مـرۆڤ هەنـدێ جـار شـەرم لـەوە بـکات بڵـێ نووسـەر یـان ڕۆژنامەنووسـم.

لـە بەرامبەریشـدا و لـە دەرەوەی حـزب خەڵکانێـک قەڵەمیـان داوەتـە دەسـت و لـە پشـتی ماسـکی سـەربەخۆیی و نـاوی زەبەلاحـەوە خەریکـی بەشـینەوەی مـوژدەن. ئـەو تایپـە لـە عەریـزە نووسـانیش کـە لـە گوتـاردا دژە دەسـەڵاتن، لـە ناوەڕۆکـدا لـە خـودی کادیـری حزبـەکان زیاتـر لـە ئیمتیـاز و نیعمەتەکانـی دەسـەڵات بەرخـوردن. ئەمـەش کاتـێ زیاتـر ئاشـکرا دەبـێ، کـە ئـەو زاتانـە لـە گەرمـەی خـۆ ئامادەکـردن بـۆ قسـەکردن لەسـەر گەندەڵـی و چـی و چـی بەرپـرس و دەزگایەکـی حکومـەت و حـزب، تروسـکاییەک لـە شـیرینی شـک دەبەن و بیریـان دەچێتـەوە لـە کام سـایدی ڕێـگا دەڕۆن و لـە پەلەپەلـی بـۆ سـەر سـفرەی شـیرینییەکە، بەشـی ئـەوە حەوسـەڵەیان نییـە بگەنـە چوارڕیانـی ترافیکەکـە و بچنـەوە سـایدەکی تـر، ئیتـر ڕێـک ڕۆنـگ سـاید دەسـوڕێنەوە و باکیـان بـەوە نییـە بـەو سـوڕانەوەیەیان چـی دەقـەوێ!

لـە نێـوان ئـەو دوو تایپـە عەریـزە نووسـەدا دەنـگ گەلێـک لـە هـەردوو بـەرە ون دەبـن و بـە ئاگـری هـەردوولا دەسـوتێن، خۆشـترین نوکتـەش ئەوەیـە چ ئەوانـەی کـە تووتـی حزبـن و ڕەش و سـپییەکانی هـەر بـە سـپی دەبینـن، چ ئەوانەیـش لـە سـێبەردا لـە سـفرەی حـزب و کاربەدەسـتانیدا کاوێـژ دەکـەن و لـە رووخساریشـدا سـووپەر دژە دەسـەڵاتن، دواجـار بـە کـوڕە وەفادارەکـەی دەسـەڵات دەمێننـەوە و ماڵیـان گەرمتـر و گیرفانیـان پڕتـر و زمـان و دەنگـی دروشـمبازیان درێژتـر و زوڵاڵ تـر دێتـە بـەر گوێچکان!

# عەریزەنووسی مۆدێرن!

حـزب هەنـدێ کاراکتـەر گەلـی هـەن و نـاوی نـاون ڕۆژنامەنـووس، تەنهـا ڕۆژنامەنـووس نیـن و زیاتـر لـەو ڕاپـۆرت نووسـانە دەچـن کـە چـاوی نیگابانـی خۆییـن بەسـەر هاوکارەکانیـان. ژمارەیـەک کـەس لەنـاو دەزگا ڕاگەیاندنـە حزبییەکانـدا کـە مـن ناویـان دەنێـم (عەریـزە نـووس) لـە دوو شـت زیاتـر شـک نابـەن بـۆ هاتنـەوە نـاو نێوەندەکـە، یەکێکیـان وەسـتایی و شـارەزاییانە لـە مەرایـی و سـتایش و بـە شـان و بـاڵادا هەڵگووتنـی بەرپرسـەکانیان، دووەمیشـیان ئامادەیـی بەردەوامیانـە لـە گەرمکردنـی شـەڕەکان. ڕوونتـر بڵێـم ئـەو ڕاپـۆرت و عەریـزە نووسـانە جبەخانەیەکـی وشـەی سـتۆکیان هەیـە، کـە تەنهـا بـە کەڵکـی شـەڕی ناشـیرینکردن و سـڕینەوەی بەرامبـەرە جیاوازەکانیـان دێـت و هەڵگـری مەعریفەیـەک نیـن کـە بـە هۆیانـەوە ڕووی گەشـی پەیامـی نووسـین و ڕۆژنامەنووسـی نیشـانی وەرگـر بـدەن..

لـە بەرامبـەردا و لـە دەرەوەی حـزب، ژمارەیـەک عەرزوحـاڵ نـووس قەڵەمیـان داوەتـە دەسـت و لـە پشـتی ماسـکی سـەربەخۆیی و نـاوی زەبەلاحـەوە خەریکـی بەشـینەوەی مـوژدەن. ئـەو تایپەیـش کـە لـە گوتـاردا دژە دەسـەڵاتن، لـە ناوەڕۆکـدا لـە خـودی کادیـری حزبـەکان زیاتـر لـە ئیمتیـاز و نیعمەتەکانـی دەسـەڵات بەرخـوردن. ئەمـەش کاتـێ زیاتـر ئاشـکرا دەبـێ، کـە ئـەو زاتانـە لـە گەرمـەی خـۆ ئامادەکـردن بـۆ قسـەکردن لەسـەر گەندەڵـی و چـی و چـی بەرپـرس و دەزگایەکـی حکومـەت و حـزب، تروسـکاییەک لـە شـیرینی شـک دەبەن و بیریـان دەچێتـەوە لـە کام سـایدی ڕێـگا دەڕۆن و لـە پەلەپەلـی بـۆ سـەر سـفرەی شـیرینییەکە، بەشـی ئـەوە حەوسـەڵەیان نییـە بگەنـە چوارڕیانـی ترافیکەکـە و بچنـەوە سـایدەکی تـر، ئیتـر ڕێـک ڕۆنـگ سـاید دەسـوڕێنەوە و باکیـان بـەوە نییـە بـەو سـوڕانەوەیەیان چـی دەقـەوێ!

لـە نێـوان ئـەو دوو تایپـە عەریـزە نووسـەدا دەنـگ گەلێـک لـە هـەردوو بـەرە ون دەبـن و بـە ئاگـری هـەردوولا دەسـوتێن، خۆشـترین نوکتـەش ئەوەیـە چ ئەوانـەی کـە تووتـی حزبـن و رەش و سـپییەکانی حـزب هـەر بـە سـپی دەبینـن، چ ئەوانەیـش لـە سـێبەردا و لـە سـفرەی حـزب و کاربەدەسـتانیدا کاوێـژ دەکـەن و لـە رووخساریشـدا سـووپەر دژە دەسـەڵاتن، دواجـار بـە کـورە وەفادارەکـەی دەسـەڵات دەمێننـەوە و ماڵیـان گەرمتـر و گیرفانیـان پڕتـر و زمـان و دەنگـی دروشـمبازیان درێژتـر و زوڵاڵ تـر دێتـە بـەر گوێچـکان!

## میدیا، یاسا و ئازادی

ئەگــەر بەبــاری ئامێــر و هۆکارەکانــی تەکنەلۆژیــای گەیانــدن و پەیوەنــدی وەربگریــن، دەتوانیــن بڵێیــن ئێمــەی کوردیــش، چ وەک کۆمەڵگــە (لــە ئاســتە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکــەی)، چ وەک کایــەی راگەیانــدن و رووناکبیــری، کــەم تــا زۆر چووینەتــە نێــو پرۆســەکە و لــە بەرهەمەکانــی جیهانگیــری ســوود مەنــد بوویــن، بــەڵام ســوودمەندییەکەمان هێنــدەی لــە ئاســتی روخســار و ئامرازەکانەوەیــە، بــە قــەد ئــەوە لــە ئاســتی نــاوەڕۆک و مەعریفییــەوە نییــە، واز لــەوە بێنیــن کــە نەمانتوانیــووە لــە واری کارکردنمانــدا شــتی نوێــی لەســەر بونیــاد بنێیــن و بەرهــەم بێنیــن، بــەڵام هەرچۆنێــک بێــت جیهانگیــری بــەو کرانــەوە و پێشــکەوتنە تەکنەلۆژییــەی خــۆی، زەمینەســازی ئــەوەی بــۆ کردوویــن هەنگاوێکــی تــر کاروانــی کاری میدیاییمــان لــە ئاســتی شــێوەدا بــەرەو پێشــەوە بچێــت.

کــە ئــەوە دەڵێیــن مەبەســتمان ســفر کردنــەوەی کــۆی کار و بەرهەمــەکان نییــە، ئەوەنــدەی گەرەکمانــە بێژیــن، کــە وەکــو کــۆی بوارەکانــی تــر هێشــتا پێڕەوکەیــن، پێڕەوکــە بــەو مانایــەی نەمانتوانییــووە وەک پێویســت ســتایلی کاری میدیاییمــان بگۆڕیــن، بــە شــێوەیەک کــە زۆرتریــن وەرگــر لــە دەوری خۆمــان کۆبکەینــەوە، ئیــدی چ بــە ســود وەرگرتــن لــە ئەزموونــی ئەوانــی تــر بێــت، کــە رۆژانــە لــە بەردەممــان دان، یــان بــە بەخۆداچوونــەوە و بینینــی بۆشــایی و کێماســییەکانمان. بــەڕای مــن میدیــای ئێمــە هێنــدەی ســەرقاڵی هۆنینــەوەی تەونــی خەونــی زەبــەلاح و فرێدانــی وشــە و دروشــمبازییە، چارەکــی ئــەوە کاری بــۆ گۆڕینــی مەوداکانــی بیرکردنــەوەی خــۆی و ســتایلی کار و جــۆری پەیوەندیگرتــن لەگــەڵ دەرەوەی خــۆی (مەبەســت جەماوەرەکەیەتــی) نەکــردووە، بۆیــەش شــتێکی ئاســاییە کــە دەبینیــن زۆرینــەی کار و بیرۆکەکانی ئیشــکردنمان هاوشــێوە

و لەیـەک چـوون و کەمتـر سـیمای داهێنـان و جیاوازییـان پێـوە دەبینـرێ، بـە مانایەکـی تـر دەشـێ بڵێیـن دەقمـان بـە شـێوە کارکردنێکـەوە گرتـووە، کـە لـەو دونیـا بەربەرینـەی ئەمـڕۆی زانیاریـدا خـوازراو و ویسـتراو نییـە. هـەر بـۆ نموونـە ئـەو هەواڵانـەی وەرگرێـک لـە ڕۆژنامەیەکـدا دەیخوێنێتـەوە، هـەر هەمـان هـەواڵ و زۆرجـار بـە کەمتریـن زانیـاری، دوای کاتژمێرێـک رادیۆیـەک پێـی دەفرۆشـێتەوە و شـــەویش کەناڵێکــی تەلەفزیۆنــی بــۆی دەکاتــەوە شــەوچەرە، وەک ئــەوە وایـە کـە چێشـتێک بـۆ چەندیـن جـار گـەرم بکرێتـەوە و بـە زۆری بیخەیتـە بـەر دەمـی کەسـێک و ناچـار بـە خواردنـی بکەیـت، کـە لـە بنەڕەتـدا ئـەو ئـارەزووی نـاکات. ئاخـر کـە مـرۆ سـەیری مـاس میدیاکانـی جیهـان و تەنانـەت دەوروبـەر و بگـرە خـودی کەناڵەکانـی میدیـای عیراقـی دوای رووخانـی (سـەددام) دەکات، بـە ئاسـانی هەسـت بـەو خەوشـانەی راگەیاندنـی کـوردی دەکات و پـەی بـە بۆشـایی و لاوازییەکانـی دەبـات، ئەمێسـتا وەک سـادەترین نموونـە لـە ئاسـتی عیراقـدا میدیایـەک لـە دایـک بـووە و خەریکـی هەنگاونانـە، کـە لـە زۆر بـوار و وێسـتگەدا ئێمـەی بەجێهێشـتووە، ئیـدی چ لـە بـاری تەکنیکییـەوە بێـت، یاخـود لــە بــاری کاری پیشــەیی و ناوەڕۆکــەوە بێــت، کــە پێویســتە ئەمــەش وامــان لێبـکات چاوێـک بـە خۆمـان و جـۆری کارکردنمـان بگێڕینـەوە، چونکـە زیادەڕۆیـی نییــە ئەگــەر بڵێیــن هەنووکــە راگەیاندنــی کــوردی لــە پلیکانــەی خــوارەوەی پەیژەکانـی متمانـەی خەڵکـە، بەوانـەش کەپێیـان وایـە بازێکیـان بەسـەر کاری میدیــای ئاراســتەکراو داوە و لــە راگەیاندنــی حزبییــان تێپەڕانــدووە، کەمــی و نادروسـتی و لێڵـی زۆربـەی زانیارییەکانـی ئـەو نێوەندانـە و زۆرجاریش شـێواندن و ئاوەژووکردنـەوەی راسـتییەکان و پەنـا بـردن بـۆ ختوکەدانـی شـەقام و وروژاندنـی وەرگـر، ئامـاژە و نیشـانەی روونـی ناتەندروسـتی ئەو شـێوە و ئاراسـتە کارکردنەی راگەیاندنێکــن، کــە ناویــان لــە خۆیــان نــاوە ئــازاد و ســەربەخۆ. جـا ئەگــەر حاڵـی ئـەو جـۆرە راگەیاندنـە وابێـت، بێگومـان کەناڵەکانـی میدیـای حزبـی لـە دواوەتـرن، سـەیریش لەوەدایـە ئـەوەی دێـت و بانگەشـەی ئـەوە دەکات گوایـە شـتێکی نوێتـری پێیـە، زۆر نابـا دێتـەوە سـەر هەمـان سـفرە و بـە هەمـان ریتمەوە خـۆی دەجوێتـەوە، بـێ ئـەوەی لـە واری پراکتیکـدا هەنگاوێکـی جـدی و جیـاواز

لەوانـی دیکـە بنـێ، ئـەم ئەزموونـەش دەکـرێ لـە هەرسـێ کەناڵـی راگەیاندنـی (خوێنـدراو، بینـراو، بیسـتراو)دا ببینیـن، کـە رەنگـە نـە ئێـرە جێـی ناوهێنانیـان بێـت و نـە مافـی ئەوەشـمان هەبێـت بەبـێ ئامارێکـی ورد و راپرسـییەکی بێلایـەن و خوێندنەوەیەکـی مەیدانـی و دروسـت بـۆ هەریـەک لـەو رۆژنامـە و گۆڤـار و رادیـۆ و تەلەفزیۆنانـەی کوردسـتان، حوکمـی باشـی و خراپـی بەسـەر هیـچ کامیـان بدەیـن، لەبەرئـەوەی راسـتییەک لـەو نێـوەدا هەیـە، ئەویـش گرفتـی وەرگـر خۆیەتـی، بـەو پێیـەی هێشـتا وەرگـری ئێمـەش لـەو ئاسـتی هوشـیاری و تێگەیشـتنەی نییـە بتوانـێ دروسـت هاوکێشـەکان بخوێنێتـەوە، وەرگرێکـە کەمتریـن بەشـداری لـە دەسپێشـخەری و ئەلتەرناتیـف هەیـە بـۆ چاککردنـی بـاری میدیـای کـوردی، تەنانـەت ئەویـش میزاجییانـە و لـە روانگـەی سـەلیقە و هوشـیاری و چێـژەوە لـەو بـوارەدا توانـای حوکـم دانـی نییـە، ئەوەنـدەی میـزاج بڕیـار و بیرکردنەوەکانـی ئاراسـتە دەکات. بۆیـەش ئامـاژەم بـە دیـوی دووەمـی پرۆسـەکەدا، کـە وەرگـرە، چونکـە لـە سـای جیهانگیریـدا، وەرگریـش بـە قـەد ئـەو دەزگا و دامـەزراوە و کەناڵانـەی راگەیانـدن رۆڵ لـە باشـترکردنی ئاراسـتەی کار و جـۆری بەرهـەم و پەیوەندیگرتنیـان دەبینـێ لەگـەڵ خەڵکـدا، واتـە لـە سـای هەلومەرجـی جیهانگیریـدا ئـەوە بـە تەنهـا مارکـەی هـۆکارە تەکنەلۆژییەکانـی زانیـاری و گەیانـدن نییـە، سـەرنجی وەرگـر رادەکێشـێ، بـە قـەد ئـەوەی شـێوازی سـوود وەرگرتـن و بەکاربردنـی زانسـتی و هونەرییانـەی ئامـرازەکان و عەقڵیەتـی ئاراسـتەکردن و بەڕێوەبردنـی نێوەندەکانـی میدیـا و توانـای سـەرنج راکێشـانی زۆرتریـن ژمـارەی وەرگـرە لـە دەوری خـۆت، کـە رۆڵ لـە نێـو پرۆسـەکەدا دەبینـن، بـە کورتـی و بـە شـێوەیەکی روونتـر، میدیـای جەمـاوەری و سـەرکەوتوو لـە سـای جیهانگیـری و پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییەکانیـدا، بـە قـەد ئـەوەی بەرهەمـی ئامـراز و هۆکارەکانـە، ئەوەنـدە و زیاتریـش بەرهەمـی عەقڵیەتـی ئیشـکردن و مەعریفـەی بەکارهێنـان و سـەلیقەی ئەداکـردن و توانـای سەرنجراکێشـانی زیاتـری وەرگرەکانـە.

دوای نزیـک بـە هەژدەسـاڵ لـە راپەڕیـن و حوکمـی خۆماڵـی، لـەوێ رۆژێـوە تـا ئەمـڕۆ، کۆمەڵگـەی کـوردی بـە کـۆی کایـە (سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، رووناکبیـری،

فەرهەنگی)یەکانــی، دروشــمی کارکــردن بــۆ هێنانــەدی کۆمەڵگەیەکــی مەدەنــی و کـراوە و چەسـپاندنی دیموکراسـی بـەرز دەکەنـەوە، لـە نێویشـیاندا ڕووناکبیـران و ڕۆژنامەنووســان زیاتــر لــە هــەر کایەیەکــی دیکــە خۆیــان بــە خەمخــۆری ئــەو بەهــا و چەمکانــە دەزانــن و بــەردەوام لــە ئاســتی گوتــاردا بانگەشــەی بـۆ دەکـەن، ئەمـەش لـە پێنـاو زیاتـر فـراوان کردنـی پانتایـی ئازادییـە کەسـی و گشــتییەکان، لــە نێویشــیاندا پانتاییەکانــی ئــازادی ڕادەربڕیــن و نووســین. بێگومــان یەکێکیــش لــە کۆڵەگــە و بنەمــا ســەرەکییەکانی هــەر کۆمەڵگەیەکــی مەدەنــی، یاســایە. بــە مانایەکــی دی دەتوانیــن بڵێیــن لــە تــەک دیموکراســییەت و ئازادییــەکان و مافەکانــی مــرۆڤ و کرانــەوە و جیــاوازی، کۆمەڵگــەی مەدەنــی کۆمەڵگــەی یاســایە، کاتێکیــش ڕووناکبیــران و لــە نێویانــدا ڕۆژنامەنووســان خەمــی بــە یاســایی و دامەزراوەییکردنــی کایــەی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابــووری و دەســەڵات دەخــۆن، دەبــێ ئــەوەش بێننــە بەرچــاوی خۆیــان، کــە لــە پێنــاو ڕێزگرتنــی ئــەوی دی و دەســتدرێژی نەکردنــە ســەر ســەروەری و کەســایەتی و بەهــای مرۆیــی بەرامبــەر لــە ژێــر پــەردەی ئــازادی ڕادەربڕیــن، پێویسـت دەکات کاری ڕۆژنامەگەریـش وەک هـەر کایەیەکـی دی بـە یاسـا ڕێـک بخـرێ، بـەڵام یاسـایەک بـەر مەبنـای ئازادییـەکان و دیموکراسـییەت، یاسـایەک دوور لـە هەژمـوون و سانسـۆر و چاوسـوورکردنەوەی دەسـەڵات و ئاییـن و خێـڵ و نەریــت، یاســایەک بــواری زیاتــر لــە بــەردەم ڕۆژنامەنووســان بکاتــەوە بــۆ دەســت گەیشــتن بــە زۆرتریــن زانیــاری و ئازادنــە کارکــردن لــە نــاو تــەواوی کۆمەڵگــە، یاســایەک لــە هەنــاوی مــاددە و بڕگەکانیــدا و بەبــێ هیــچ فشــارێکی دەرەکــی، گیانــی بەرپرســیارێتی ئەخلاقــی و پیشــەیی لــەلای ڕۆژنامەنووســان پتـەو بـکات، یاسـایەک ڕۆژنامەننـوس ناچـار بـەوە بـکات، بـەو پەرۆشـییەی خـۆی بـۆ کرانـەوە و ئـازادی و شـەفافیەت، خـۆی بباتـە شـوێنی ئەوانـی تـر، ئەوانـەی ئــەو کاریــان لەســەر دەکات، بــۆ ئــەوەی نەکەوێتــە هەڵــەی پێشــێلکردنی مافــی ئــەوان و لەکەدارکردنیـان و بێبەهاکردنـی ئـازادی و کەسـایەتییان، کـە بێگومـان بەمــەش هەنگاوێــک زیاتــر لــە ڕۆحــی چەمکەکانــی جیهانگیــری لــە ئاســتی فەرهەنگــی و سیاســی نزیــک دەبینــەوە (ئاشــتی، بەیەکەوەژیــان، قبوڵکردنــی

جیاوازی، دیموکراسییەت، مافەکانی مرۆڤ، ئازادی...)، کەوابێت بوونی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی زەرورەتێکی هەنووکەییە لە پێناو ڕێکخستنی بوارەکە و بە دامەزراوەیی کردنی، لەسەروو هەمووشیانەوە دروستکردنی هەست و پابەندبوونی ئەخلاقی و پیشەیی ڕۆژنامەنوسان بە بەرپرسیارێتی کارەکەیانەوە.

بەدیوەکەی تردا دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین، کە لە بنەڕەتدا ئازادی واتە بەرپرسیارێتی، ئازادییەکی بێ چوارچێوەی یاسایی و هوشیاری دیموکراسی (نەک سانسۆر کراو و دەمبەست کراو)یش، دیارە سەر بەروە فەوزا و گەرەلاوژە دەکێشێ، نەک ناتوانێ خزمەت بە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و پرۆسەکانی چاکسازی و گۆڕان بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێندەی تر کێشەکان قوڵ دەکاتەوە و دەیانگەیەنێتە ئاستی قەیران. بەم پێودانگە کاری ڕۆژنامەنووسیش لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و کارگێڕی و پەروەردەیی و فەرهەنگی و تەواوی کایەکانی کۆمەڵگە، پێویست دەکات ئەویش وەک هەر بوارێکی دیکەی ژیان لە چوارچێوەی یاسایەکی شارستانی و دیموکراسی ڕێک بخرێ، یاسایەک تیایدا ئازادییەکان بە پێی هەندێ مەرجی پێشوەختەی کولتوری و ترادسیۆن و پیرۆزی سنوردار نەکات و پێشوەختە هێڵی سوور بە دەوری کۆمەڵێ چەمک و کایە و کەسایەتیدا نەکێشێ و بەرگی پیرۆزییان نەکاتە بەر، یاسایەک بێت لە پێناو چاکسازی و گۆڕان.

پێم وایە بە خوێندنەوەی وردمان بۆ ئێستای میدیای کوردی دەگەینە ئەو رایەی، کە هێشتا کۆمەڵێ ئاستەنگ لە بەردەم میدیای کوردی و کاری ڕۆژنامەگەری هەن لە کوردستاندا، کە بەشێکیان پەیوەندی بە خودی ڕۆژنامەنووسان خۆیان و بە شێکی دیکەیشی بەو عەقڵییەتەی لە پشتی بەڕێوەبردنی دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن هەیە، هەندێکیشی پەیوەستە بە باری دارایی و ئابووری و ڕۆتینی کاری دەزگا و کەناڵەکان، بەشەکەی تریشیان پەیوەستە بە وەرگر خۆی.

هەرچی پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووسانەوە هەیە پیشەیی نەبوون و ورد

مامەڵــە نەکردنــە لەگــەڵ روودا و پێشــهاتەکان، جگــە لــە هــەژاری لــە بــواری مەعریفـی و کلۆڵـی لـە بـواری زمـان و لاسـاییکردنەوەی سـەقەت و دەق گرتـن بـە یــەک ریتــم و ســتایلی دیایکــراو، هــاوکات لەگــەڵ بوونــی هەناســەیەکی ســواری رەخنەگرتنــی بــێ پــلان و ئەلتەرناتیــف، لەگەڵیشــیاندا کــورت کردنــەوەی پێناســەی کاری راگەیانــدن لــە بوێریــدا، کــە ئەمــە خوێندنەوەیەکــی ناپیشــەیی و ناتەندروسـتە بـۆ چەمـک و کارەکـە و بـە هۆیـەوە زۆرێـک لـەو نێـوەدا بـە هەڵـە داچــوون و ئەوەنــدەی خــودی کار و ئامرازەکەیــان کردۆتــە ئامانــج، ئەوەنــدە پەیامەکەیــان بــە هەنــد وەرنەگرتــووە.

ئــەوەی پەیوەستیشــە بــەو عەقڵیەتــەی کەناڵــەکان بەرێــوە دەبــەن (زۆربەیــان)، بــە میکانیکــی ســەیرکردنی کاری رۆژنامەنووســییە، بــەو مانایــەی وەک ئــەوەی رۆژنامەنــووس بورغویــەک بێــت و بیخەیتــە شــوێنێکی دیاریکــراوی مەکینەیــەک، لــەو رۆڵــە زیاتــری پــێ رەوا نابینــن، هــاوکات مامەڵەکــردن لەگــەڵ رۆژنامەنــووس وەک ئــەوەی فەرمانبــەری فەرمانگەیەکــی حکومــی بێــت و رۆژانــە حیســابی و کتابــی هاتــن و نەهاتنــی بــۆ دەکــەن و بەبــێ ویســتی خــۆی، ئــەو کائینــەی پێویســتە لەوپــەڕی جووڵــە و تێکەڵبــوون لەگــەڵ خەڵــک و بــواری گشـتیدا بێـت، ناچـار بـە کاری پشـت مێـزی دەکـەن، کـە بەمـەش گیانـی داهێنـان و نووێبوونـەوەی تێـدا دەکـوژن.

دیـارە کاری راگەیانـدن و رۆژنامەگـەری پێویسـتی بـە دەسـت کراوەیـی هەیـە لــە بــاری مــاددی و داراییــەوە، دەســتکراوەیی بــەو مانایــەی کــە ئەگــەر کار و بەرهەمێکـی جوانـت دەوێ، دەبـێ بەشـی ئـەوە لـە دەمـی تـەدارەک و کەمالیاتـی کەنــاڵ و دەزگاکــەت بــۆ پەیامنێــر و کاراکتەرەکانــی دیکــەت بگێڕیتــەوە، بــۆ ئــەوەی بتوانــن باشــترین و جوانتریــن کارت بــۆ بکــەن و بەرهەمــی بــە پێزیــان هەبێـت. لـە دونیـادا پەیامنێـران بـە بڕبـڕەی پشـتی کاری راگەیانـدن دادەنرێـن، کەچــی لــە کوردســتان زۆر دەگمــەن نەبــێ، ئەگینــا هەرچــی بەرپرســی دەزگا و کەناڵەکانــی راگەیانــدن هــەن، وەک بەردەســتێک ســەیری پەیامنێــر دەکــەن، دەزگا و نێوەنــد و کەناڵــی راگەیاندنــی وا لــە کوردســتان هەیــە، پێــی وایــە خێــر و ســەدەقە بــە رۆژنامەنــووس و کارمەنــدە تەکنیکییەکــەی دەکات، کاتــێ

ئیفادێکـی بـۆ دەنووسـێ، زۆرجـار بینیوومانـە پەیامنێرێـک تـا کاسـێتێکی بـۆ کـڕاوە، یـان کامیرایەکـی وێنەگرتنـی بـۆ دابیـن کـراوە، یاخـود کرێـی هاتووچـۆ و خواردنـی بـۆ خـەرج کـراوە، تفڵـی گیانـی بـە دەسـت واژۆی بەڕێوەبـەر و سـین و جیمـی بەشـی دارایـی و ژمێریـاری چـووە، کەچـی لەولاتـر دەزگاکـە بـە دەفتـەر پـارەی بـۆ شـتی تەشـریفاتی و کەمالیـات و تـەدارەک تەخشـان و پەخشـان کـردووە. دەزگا و کەناڵێکـی میدیـا بـۆ ئـەوەی بەهـا و سـەنگ و قورسـایی خـۆی لەچـاوی خەڵکـدا بپارێـزێ، دەبـێ سـەرەتا بەهـا و نـرخ بداتـە پەیامنێـر و کاراکتـەرە چـالاک و بەرهـەم هێنەکانـی، ئیـدی ئـەوە بـۆ رۆژنامـە و رادیـۆ و تەلەفزیۆنیـش راسـتە، واتـە بـە دیوەکـەی تـردا بـۆ پەیامنێـری ئـەو کەناڵـە و وێنەگـر و ئامـادەکار و پێشکەشـکار و تەکنیککارەکانیـش راسـتە، کـە بەداخـەوە ئـەم لایەنـە فەرامـۆش کـراوە.

پەیامنێـری کەناڵێکـی راگەیانـدن دەبینـی ریکۆردەرێکـی وای پـێ نییـە لـە دیمانەیەکیـدا، یـان لـە بەدواداچوونێکیـدا شـەرمەزاری نـەکا، ئـەوە بـۆ کامێـرای فۆتـۆش هـەر وایـە، کـە زۆرجـار پەیامنێرەکـە وێنـەی رووداو و هەواڵـی وکەسـایەتییەکی لـە هاوکارەکـەی خـۆی، کـە لـە دەزگایەکـی تـرە خواسـتووە و وەرگرتـووە. کەمتریـن بـواری دەستپێشـخەری و داهێنـان لەلایـەن زۆرێـک لـە کەناڵـەکان بـۆ رۆژنامەنووسـێکی بـە توانـای خـۆی لـە ئاسـتی پەیوەنـدی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی رەخسـێنراوە و هەمیشـە لـە هـەر هەنـگاو و کارێکـدا دەبـێ بـۆ ریـش سـپی گەلێکـی ئەفەنـدی پشـت مێـزی دەزگا و کەناڵەکـەی بگەڕێتـەوە تـا بـۆ ئەنجامدانـی کارێـک سـەری (ok) بـۆ دەلەقێنـن.

بەهەرحـاڵ زۆر رێوشـوێن هـەن بـۆ ئـەوەی میدیـای کـوردی چ وەک دەزگا و کەنـاڵ، چ وەک کاراکتـەر و راگەیاندنـکار سـوودی لێوەربگـرن و کاری خۆیانـی پـێ رێـک بخـەن. لـە پێـش هەرشـتێک ئـەو یاسـایەیە کـە دواجـار هـەر هەموومـان دەخاتـە بـەردەم بەرپرسـیارێتی پیشـەیی و ئەخلاقـی، بـە مەرجـێ نێوەنـد و دەزگاکانـی حکومـەت هـاوکار و زەمینەسـاز بـن، هەرنـا بـۆ دەسـت گەیشـتن بـە زیاتریـن و بڕواپێکراوتریـن سـەرچاوەی زانیـاری، هـاوکات بوونـی شـەفافیەت و کرانـەوەی دەزگاکانـی حکومـەت لەگـەڵ رۆژنامەنووسـان، لەگەڵیشـیدا

ڕۆژنامەنووسـان ئـەو هـاوکاری و زەمینەسـازییانە بـۆ بەرژەوەنـدی تایبەتـی و تەسـفیەی حسـابات و خـۆ بردنـە پێـش بـەکار نەهێنـن، هەرچـی دەکـرێ هـەر کەناڵـە و بڕێـک لـە بودجـە و داهاتـی خـۆی بـۆ ناردنـە دەرەوەی کارمەنـدە کارا و بەرهەمهێنەکانـی تەرخـان بـکات، بـۆ بینینـی خـول و وۆرک شـۆپ، بـە مەبەسـتی سـوود وەرگرتنـی زیاتـر لـە ئەزمـوون و شـارەزایی ئەوانـی تـر، ئەگەرنـا دەکـرێ خەڵکـی شـارەزا و خـاوەن ئەزمـوون بـۆ کوردسـتان بانگهێشـت بکـرێ و لێـرە خـول بکرێنـەوە، هـاوکات بەڕێوەبـەر و بەرپرسـی کەنـاڵ و دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن کەمێـک دەسـتبەرداری ئـەو سـەنتڕالیزمەی دەسـەڵات و بیرکردنـەوە هەڕەمییـەی خۆیـان بـن و بـواری زیاتـری دەستپێشـخەری و پێشـنیار (بـەڵام نـەک پرسـە خەسـوانە!) بـۆ کادیـرە چالاکەکانیـان بڕەخسـێنن، بـۆ ئـەوەی بتوانـن کاری جـوان و داهێنانـی بـاش بکـەن و بەرهەمـی بـە سـوودیان هەبێـت، تـا دەکـرێ زۆرتریـن و باشـترین ئامـراز و هـۆکاری تەکنیکـی کاری ڕۆژنامەنووسـی و ڕاگەیانـدن بـۆ کارمەنـد و بەشـەکانیان دابیـن بکـەن، تاکـو لـە ئاسـتی چەندێتـی و چۆنێتـی و کاریگـەری و ڕەنگدانـەوە لەسـەر وەرگـر و سـەرنج ڕاکێشـانی، بەرهەمـی چـاک پێشـکەش بکـەن، وەکـو تریـش دەسـتکراوەبن، نـەک بـە مانـای زیـادە خەرجـی و ئیسـراف، بەڵکـو بـۆ هـەر کارە و بەقـەد خـۆی و بـۆ هـەر بەرهەمـە و بـە گوێـرەی گرنگـی و بایەخەکـەی لـە ئاسـتی نـاوەڕۆک و تەکنیکـدا.

## کامەمان پێویستە فێر بین؟

قسـەکردن و بڕیاردانـی پێشـوەختە و ڕەهـا لـە سـەر هـەر کەسـێک، تەنها لەبـەر ئـەوەی وەک مـن بیرناکاتـەوە، یـان لەبـەری ئەوبـەرە، قسـە و هەڵوێسـتی کەسـانێکە لـەوە دەترسـن دوێنێیـان بیـر بخەیتـەوە. ئاخـر ماوەیەکـە هەنـدێ دەنـگ لەنـاو ڕۆژنامەگـەری ئەهلـی هـەن و پەیدابـوون و ڕەنگـە یـەک دوانێکیـان زۆر بەنـاو و دەنگەکانیشـیانەوە بنـازن، وەک کـەس بـۆ ئێسـتا و ئاییندەی خۆیـان کارێکـی خـراپ دەکـەن، ڕەش و سـپی تێکـەڵ دەکـەن، لـەولاش زیانێکـی گـەورە لـە سـەنگ و قورسـایی ئـەو میدیایـە دەدەن!

تـۆ نەخۆشـی و گرێیەکـی دەروونیـت بەرامبـەر پارتـی و یەکێتـی هەیـە کێشـەی خۆتـە و نزیکتریـن شـوێنیش، جگـە لـەو ڕشـانەوە ناڕاسـتەوخۆ و خۆبەتاڵکردنەوەیـەت لـە ئاسـت کـۆی کەسـەکان لـە پـاڵ قسـەکردن و ڕەخنەگرتـن لـە حـزب، ئێسـتا خۆشـبەختانە نۆڕینگـە و پزیشـکی دەروونـی شـارەزا و پسـپۆڕیش لـە کوردسـتان هـەن، دەتوانـی لـەو ڕێگەیەشـەوە سـۆراخی چارەسـەری نەخۆشـییەکەت بکەیـت و گرێیەکـەت خـاو بکەیتـەوە.

شوناسـی ڕۆژنامەنووسـی و ڕۆشـنبیری وەک ئـەوەی وەزیفـە و کار و مافـی دەسـەڵات و حـزب نییـە (هـەر حزبێـک)، کـە بەسـەر خەڵکـدا بیبەشـێتەوە و لەسـەر ئـەو بنەمایـە یـار و نەیارانـی دەستنیشـان بـکات، ئـاواش مافـی کەسـێک نییـە ئـەو شوناسـانە ببەشـێتەوە، کـە هێشـتا بـۆ خـۆی نازانـێ ڕۆژنامەنووسـی سـەنگین و گوتـاری ڕۆشـنبیری هاوچـەرخ و ژیاندۆسـت بەرهەمـی چ عەقڵیـەت و زادەی چ گۆڕانـکاری و قۆناغێکـی ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتوریـن، کەسـێک خـۆی لـێ بـووە بـە فـس فـس پاڵـەوان و هەڵوێسـت دەبەشـێتەوە، کەسـێک جگـە لـەوەی مـرۆ بەزەیـی بـە هـەژاری زمانەوانـی و ڕێنووسـەکەی دێتـەوە، لەولاوەتریـش تـا دوێنـێ و لـە گەرمـەی شـەڕی ناوخـۆدا ماوەیـەک

پیاوی پشت دەرگای ماڵی مەکتەب سیاسییەکان و ڕۆژانێکیش چەک لە شانی دوای فەرماندەی سەربازی و خەڵکانێکی پێشمەرگە کوژ بووە.

بۆیە لە پەرۆشیمەوە بۆ بەها و سەنگ و پەیامی ڕۆژنامەگەری ئەهلی، ئازاد، سەربەخۆ (هەر ناوێکی لێ دەنێن)، پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە ئەوانیش سنوورێک لەبەردەم ئەو کۆلکە جیاوازی کوژانەی دوێنێی شەڕی ناوخۆ و واعیزەکانی ئەمڕۆی نێو ئاپۆرای گوتاری ڕەخنەیی دابنێن، چونکە بەر لەهەر کەس زیان بە خودی خۆیان دەگات.

بۆ قسەکردن لەسەر خەوش و کەموکوڕی و هەڵەکانی پارتی و یەکێتی یەک دونیا بوار و دەرفەت هەیە، مرۆڤ لێیەوە بچێتە ژوورێ، بەڵام شتی گرنگ لەو نێوەدا چۆنیەتی قسە لەسەر کردن و نییەتی پشتی قسەکانە، ئاخر کە تۆ دێیت و ڕاست و ڕاست و چەپ، هەموو خەڵکی ناو ئەو دوو حزبە و حزبەکانی تر (بە ئینتما و بێ ئینتما) بە نەخوێندەوار و قەڵەم فرۆش و کۆیلەی بەرژەوەندی و چی و چی لە قەڵەم دەدەیت، گومانت لەوە نەبێ تۆ نەخۆشی و بە زووترین کات پێویستیت بە چارەسەری گونجاو هەیە، هەرنا بۆ ئەوەی پەتا و ڤایرۆس و بەکتریا کوشندەکەی ناوت نەپەڕێتەوە نێو هوشیاری خەڵکی تر، وەک ئەوەی هەمان پێوانە بەسەر ئەوانەی ناو حزبدا دەچەسپێ، کە پێیان وایە هەموو قەڵەم و دەنگەکانی ناو میدیای ئەهلی و دەرەوەی حزب کرێگرتە و بێ ئینتما و ئاژاوەگێڕن!

ئەوانەی دەڵێن ئەمڕۆ لە کوردستان و لە ناو دەسەڵاتدا جاش وباش تێکەڵ بوونە، تێکۆشەر و تێکوشەر ئاوێتە بوونە، دەبێ ئەوەشیان لەبەرچاو بێت، کە لەناو ئەو گەرەلاوژێیەی ئەمڕۆی ڕاگەیاندنیش، حەسحەسی شەڕی ناوخۆ و ڕەخنەگری جددی، پیاوی مەفرەزەکانی تەواری و ڕۆژنامەنووسی راستگۆ تێکەڵ و پێکەڵ بوونە و کەسێک شارەزای ئەو نێوەندە نەبێ زوو بە هەڵەدا دەچێ!

بە پێچەوانەی زۆربەی بۆچوونەکان، بۆ نموونە من پێم وایە ئەو بۆرە سوار و کۆلکە نەخوێندەوار و فەریکە ڕۆژنامەنووسەی بە دیوی باش و خراپ بیەوێ قسە لەسەر کارکتەرەکانی ناو پارتی و یەکێتی بکات، دەبێ لە بن

باڵـی یەکێکـەوە تیـر لـە سـێبەری ئەویتـر نەگـرێ، لـە ژێـر سـایەی ئەویـان ئـەم بـە فەتـارەت نەبـا، لـە ئەلـف نەکاتـە تەقـە و لـە بـێ بێدەنـگ نەبـێ، ئـەوەی فـلان نەخاتـە سـەر بـەرە و ئـەوەی فیسـار دیـزە بەدەرخۆنـە نـەکات، تەنها بوێـری ئـەوەی نەبـێ بـە کـۆ قسـە لەسـەر پارتـی و یەکێتـی بـکات وەک حـزب، بـەڵام کـە دێتـە سـەر کاراکتـەرەکان بانێکـە و دە هـەوا بێـت، چونکـە چەپڵـە بەدەسـتێک لێنادرێـت. جگـە لـەوەی هـەر کاراکتەرێکـی ئـەو حزبانـە و لـە شـوێنی خـۆی و بارتەقـای بەرپرسـیارێتی حزبـی و حکومـی و ئەمنـی و سـەربازی، بەشـێکی لـە چاکـە و خراپـە، جوانـی و ناشـیرینی بەردەکـەوێ، کـە بەداخـەوە دەمێکـی درێـژە ئـەو شـێرە بەفرینانـەی نێـو دونیـای ڕۆژنامەگـەری و پاڵەوانـە وەهمییانـەی نێـو کایـەی نووسـین دەبینیـن، چـۆن حـزب وەک یـەک کوتلـە دەکەنـە پەنـد و کـە دێنـە سـەر کاراکتەرەکانـی نـاوی بـە دوو و سـێ پێوانـە مامەڵـە دەکـەن، مەگـەر کـوردەواری گووتەنـی ئـەوە «فیتـی حەرامـزادە نییـە»!!

چـی دەڵێـن زەلام دەناسـم ئێسـتا لەسـەر لاپـەڕەی ڕۆژنامـەکان و شاشـەی تیڤـی و بـەردەم مایکـی رادیـۆکان تەنزیـری ئـازادی و ئیتیکـی ڕۆژنامەنووسـی و چاکسـازی دەکات، کەچـی قـەدەر عەیامێـک پێـش ئێسـتا بەرپرسـی مەکتەبـی ڕاگەیاندنـی یەکێـک لـە حزبـەکان، کـە ئێسـتا ئـەو جنێویـان پێـدەدا، سـایتێکی بـۆ کـردەوە و پـارەی بـۆ هەڵڕشـت تـا بەرامبەرەکانـی بشـواتەوە؟!

چـی دەڵێـن ئێسـتا زەلام دەناسـم وەعـزی ئـەوە دەبەشـێتەوە، کـە شـەڕی ناوخـۆی پارتـی و یەکێتـی مرۆڤـی لـە کوردبـوون خسـت و کوردسـتانی وێـران کـرد و هەمیشـە زۆرێـک لـە کاراکتـەری حزبـەکان بـە جەلـلاد نـاو دەبـا، ئـەو ڕۆژانـەی شـەڕی ناوخـۆ ئـەو بـرادەرە ماوەیـەک ئـاوارەی شـەڕی ناوخـۆ و دواتـر پاسـەوانی بـەردەرگای ماڵـی مەکتـەب سیاسـییەک بـوو و ماوەیەکیـش خـۆی بـۆ نەگیـرا و لەگـەڵ فەرماندەیـەک، کـە رابردوویەکـی لێڵـی هەیـە، چـووە بەرەکانـی شـەڕ، گاڵتەجـاڕی ئـەو سـوپەرمانەی دیموکراسـیش لەمـڕۆدا لەوەدایـە، ئێسـتا قسـە بـە هەمـان فەرمانـدە دەڵـێ و خـواو راسـتان ستایشـی جوامێـری و عاقڵمەنـدی هەمـان مەکتـەب سیاسـی دەکات (ماناکەشـی لـە دڵـی شـاعیر دایـە)؟

دواجار شاعیرێکی عەرەب دەڵێ:

**لا تنه عن خلق و تأتي مثله     عار عليك اذا فعلت عظيم**

هیواداریشــم ئەگــەر ئــەو برادەرانــە زەحمەتیــان لــە تێگەیشــتنی بینــی، بــا یەکێـک بۆیـان تەرجەمـە بـکات، چونکـە دەزانـم لـە کوردییـە شـڕو شـەقەکەیان بتـرازێ، سـەرەدەرێک لـە زمانێکـی تـر دەرناکـەن.

## لە بارەی ئازادی رادەربڕینەوە

شتێک کە هەمیشە بۆ من جێگەی پرسیارە ئەوەیە، ئاخۆ بۆچی مافی ئازادی رادەربڕین بۆتە تەوەری سەرەکی قسە و باسی گوتاری رووناکبیری و رۆژنامەنووسی ئێمە؟ ئەی خودی ئازادی خۆی بۆ وا بچووک دەکرێتەوە؟

ئازادی رادەربڕین کە بەشێکی بچووکە لە کۆی ئازادییەکانی مرۆڤ، ئەگەر بواری درابێ یان نا، گرفت لەوێدا نییە، بەقەد ئەوەی گرفت لە خودی بوون و نەبوونی ئازادی هەیە. بە مانایەکی تر ئەوە جەوهەری ئازادییە لەم جوگرافیایەدا کار بۆ سڕینەوەی دەکرێ. تاک کە لە بنەڕەتدا ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکانی، بوون و بەها و سەروەرییەکەی، بە دونیایەک تابو و تەوتەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆت کراون، کە هەرگیز نەیتوانیوە وەک خودێکی سەربەخۆ، نەک مومارەسەی ئەو ئازادییانەی بکات، بگرە گوزارشتیشیان لێبکات، پرسیارێکە بۆ خۆی.

ئەگەر هەموومان لەسەر ئەوە کۆک بین کە ئازادی بە مانا فراوانەکەی و رەهەندە جیاوازییەکانییەوە مافێکی سروشتی و سادەی مرۆڤەکانە و شتێک نییە لەبار یەکی هەڵوەشێنین و بەشێکیانی بە رەوا بزانین و بەشەکەی تریان بخەینە ژێر پرسیار و گومانەوە، وەک ئەوەی لەو جوگرافیا سیاسی و کولتورییەی خۆمانی دەبینین، ئەوا لە بنەڕەتدا ئەرکی قورس و بەرپرسیاری هەنوکەیی هەموومان پرسیار کردنە لە نهێنی خودی ئەو پارچە پارچە کردنەی ئازادی.

ئەگەر بە چەمکە (راسل)ییەکەی سەرەدەرێک لەگەڵ ئازادیدا بکەین، ئەوا بریتییە لە بەرپرسیارێتی و رێکخستن، بەرپرسیارێتی لە ئاست چۆنییەتی بەرخورد بوون و مومارەسەکردنی خودی ئازادی و وەکو تریش رێکخستنی (نەک سانسۆر کردنی)، ئەوەی ئێستاش زۆرجار بەناوی یاساوە

هـەوڵ بـۆ تەوزیفکردنـەوە و ڕێکخسـتنەوەی ئـازادی دەدرێ، ئەوەنـدەی هەوڵێکـە بـۆ کوشـتنی خـودی ئـازادی و گوتارێکـە بـارگاوی بـە کۆمەڵێـک چەمـک و مەرامـی ئایدیۆلـۆژی و دەسـەڵاتگەرا، چارەگـی ئـەوە ڕێکخسـتنی ئـازادی نێـوان و مـن و منـی بەرامبـەر نییـە.

لێرە ئـازادی دووجـار بۆتـە قوربانی، جارێکیان بە داشـۆرینی لە بەرپرسـیارێتی، جارەکـەی تریـان وەک خەونـی دەسـەڵاتگەرایی، کـۆت کردنیەتـی بەنـاوی ڕێکخسـتنەوە. کـە خـودی ئـازادی وەک گشـت لەبـەردەم ئـەو هەڕەشـانەدا بێـت، ئـەوا ئـازادی ڕادەربڕیـن وەک یەکەیـەک لـەو گشـتە ئاسـانتر دەکەوێتـە بـەردەم مەترسـی، بـەڵام ناکـرێ ئـەوەش لـە بیـری خۆمـان ببەینـەوە، کـە زۆرێکیـش لەوانـەی بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن ئـەو دیـوەی ئـازادی تـا دێ بەرتەسـک دەکرێتـەوە، بـە پلـەی یەکـەم خۆیـان لێـی بەرپرسـیارن، چـوون لـە مامەڵەیـان لەگـەڵ مومارەسـە کردنـی ئـەو مافـە، لـە تەوزیفکردنەوەیـان بـۆ بەهاکـەی، لـە شـێوازی پیادەکـردن و میکانیزمەکانـی، بوارێـک بـۆ بەرامبـەر ناهێڵنـەوە، کـە بـڕوا بـەوە بـکات ئەوانیـش لـە خزمەتـی چەمکەکـەدان.

بـەلای منـەوە ئەگـەر سـنوورێک لەبـەردەم ئـازادی بـە گشـتی و ئـازادی ڕادەربڕینـدا هەبێـت، ئـەو سـنوورەیە کـە پێویسـتە لـە خـودی خۆمـدا وەک بەرپرسـیارێتییەکی ئەخلاقـی و ویژدانـی لـە ئاسـت بەرامبەرەکانـم بـۆ خۆمـی دابنێـم. ئـەو هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتییەش کاتـێ دەردەکـەوێ، کـە لـە گوتـار و ڕەفتـار و مامەڵەمانـدا عەقـڵ و ویـژدان بکەینـە سـەروەر و پێوانـە لـە دواندنـی بەرامبەرەکانمـان و بەرگـری کردنمـان لـەو مافـە سروشـتییەی خۆمـان.

بـاوەڕ دەکـەن یـان ئـەوە شـتێکە، بـەڵام جارناجـار کـە سـەرنجی هەنـدێ گوتـار و هەڵوێسـت و ڕەفتـاری بەنـاو بەرگریـکار لـە ئـازادی و ئـازادی ڕادەربڕیـن دەدەیـت گریانـت بـۆ خـودی ئـازادی و بەهاکانـی دێـت، گریانـت بـۆ ئـەو کۆمەڵگەیـە دێـت کـە بـە دروشـمێکی ئـەو گوتـارە، ناهوشـیارانە دەچێتـە سـەر پاشـو و چەپڵـەی بـۆ لێـدەدات، گریانـت بـۆ کلۆڵـی کۆمەڵگەیـەک دێ کـە هێشـتا زاتـی ئـەوە نـاکات لـە سـێبەری ئەوانـی تـر دەرچـێ و بـۆ خـۆی مانایەکـی تـر بداتـەوە بـە شـتەکان. کێشـە و گرفتـی ئـازادی، یـان سـنوورداری و بـێ سـنووری

ئـازادی لـەم جوگرافیایـەدا تەنهـا لەگـەڵ گوتـاری دەسـەڵاتی باوەڕسـالار و نەریتگـەرا و سیاسـیدا نییـە، بەڵکـو زۆرجاریـش لەگـەڵ خـودی ئەوانـەش دایـە کـە لافـی ئازادیخـوازی لێـدەدەن و بەشـدارن لـە شـێواندنی خـودی چەمکەکـە و بەهاکانـی. زۆر گوتـار دەبیسـتین و دەبینیـن کـە بەنـاوی بەرگـری کـردن لـە ئـازادی پەخـش دەکرێـن، لـە جەوهـەرو مەبەسـتە شـاراوە هەنووکەیـی و ئامانجـە دوور مەوداکانیانـدا، گوتارگەلێکـن ئـازادی و جیـاوازی کـوژ.

بەداخـەوە کـە ئێسـتا گوتارێـک دێ و بەنـاوی بەرگـری کـردن لـە ئـازادی دەیـەوێ ڕەوایەتـی ئـەوە بداتـە خـۆی کـۆی بونیـادەکان تێـک و پێـک بـدات، بەڵام لـە بیـری دەچێـت، یـان ڕوونتـر بڵێیـن لـە بیـر خـۆی دەباتـەوە، کـە لە یـەک کاتدا « ئـازادی بریتییـە لـە دەرچـوون لـە هەندێـک سیسـتەم و پیادەکـردن و ڕێزگرتـن لـە هەندێکـی تریـان «. هـاوکات ئـەو گوتـارە خـۆی لـەوە نەبـان دەکات کـە بـەم هەڵوێسـتەی تـا چ ئاسـتێکی ترسـناک پاسـاو دەداتـە دەسـتی کایـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئایینـی دەسـەڵاتگەرا، کـە لـە پێنـاو مانـەوە و درێژپێـدان و باڵادەسـتی گوتـارە دەسـەڵاتگەرا و باوەڕسـالار و نەریتگەراکانیـان لەلایـەک و کۆتکردنـی ئـەو ئازادییـە لەلایەکـی تـر و بـە سـوود وەرگرتـن لـە نـا ئامادەگـی هوشـیاری کۆمەڵایەتـی و کاوێژکـردن لەسـەر ژێـی سـۆز و خرۆشـی کۆمەڵـگا هـەر گوتارێکـی دیکـەی ئازادیخـوازی تەندروسـتیش کـپ بکـەن و دەمکوتـی بکەن.

دواجـار دەمـەوێ ئامـاژە بـەوە بکـەم، هەمیشـە بـۆ ئـەوەی بـاوەڕ بـە بەرامبەرەکانمـان بهێنیـن کـە ئێمـەش لەسـەر هەقیـن، جگـە لـەوەی پێویسـت دەکات ڕێژەییانـە بۆچـوون و خوێندنەوەمـان بـۆ شـتەکان بخەینـە ڕوو و ڕێژەییانـە لـە بارەیانـەوە بڕیـار بدەیـن، هـاوکات پێویستیشـە باوەڕمـان بـەوە بێـت بەشـێکیش لـە ڕاسـتییەکان لای ئەوانـن. سـنوورێکیش ئەگـەر لەبـەردەم بەرخوردبوونـم لـە ئازادییەکانـم و مومارەسـەکردنیان هەبێـت، ئـەو سـنوورەیە کـە هەمیشـە لەسـەر هـەق نیـم، دونیـا تەنهـا دیوێکـی نییـە، ژیـان بـە تەنیـا ڕەنگێکـەوە بوونـی نییـە. ئـەو سـنوورەیە کـە ئەوانـی تـر ئاوێنەیـەک بـن لێیانـەوە خـۆم و خەوشـەکانم ببینـم، بـەڵام ئـەوەی گوتـار و کایـە و هێزێـک بێـت و فێـری ئـەوەم بـکات، یـان ڕاسـتتر بڵێـم بـە گوتارێکـی بـارگاوی بـە ویسـتی

دەسـەڵاتگەرایی و خـۆ بەپیرۆزکـردن و بەنـاوی یاسـا و چـی چییـەوە بیرکردنـەوە و گوفتـارم سـنووردار و کـۆت بـکات، ئـەوە نـەک هـەر قەبـوڵ ناکـرێ، بەڵکـو بـۆ کۆتایـی هێنـان بـەو گوتـارە ژەهـراوی و جیـاوازی و ئـازادی کـوژە پێویسـت دەکات مـرۆڤ کـۆی ئیمتیـاز و تەنانـەت ژیانیشـی بکاتـە قوربانـی.

## میدیا بە دیوەکەی تریدا

ئەستەمە مرۆڤ لەم چاخی خێرایی و گۆڕانە بەپەلە و بەردەوامەکاندا فریای سەرجەم رووداو و دەرکەوتە و بابەتەکان بکەوێت، کاتێک لە چرکە ساتێکدا لە نێوخۆ و دەوروبەرماندا دەیان و سەدان دەرکەوتە و رووداو لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا وەک هەورە تریشقە بەبەرچاوماندا رەت دەبن و توانای خوێندنەوە و راڤەکردنی هەموومان نابێت، ئەو کاتە تێدەگەین کە مرۆڤ چەندە پێویستی بە چاو و گوێچکەی زیاتر و کاتی زۆرتر هەیە تاکو پێ رابگات سەرجەمی شت و رووداوەکانی دەوروبەری خۆی وەربگرێت.

رەنگە ئەوە زانیارییەکی نوێ و تازە نەبێت سەبارەت بە خوێنەر و گوێگر و بینەر، کە رۆژانە وەرگری بەردەوامە و باشتر لە ئێمە بەو راستییە ئاشنایە، کە زۆرترینیشی لە کەناڵەکانی میدیای کوردی وەریان دەگرێ بە کەناڵی ئەلیکترۆنیشەوە، بەڵام ئەوەی رەنگە بۆ خودی هەمان ئەو وەرگرە نوێ بێت و هاوکات تووشی شۆک و سەرسوڕمانی بکات، خودی دیاردە دزێو و دەرکەوتە ناشیرینەکانی نێو دونیای راگەیاندنی کوردی خۆی و رەفتار و هەڵسوکەوتی کائینەکانی بێت، کە لە چاو و گوێی وەرگری دەشارنەوە و دیزەبەدەرخۆنەی دەکەن.

ئاخر میدیای کوردی (کە قسەی ئێمە لەسەر ئەوە) بە کۆی کەناڵەکانی و لە زۆربەی حاڵەت و شوێنکاتەکاندا لە رێگای بەناو گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری نوێ بۆ وەرگر، کە کەمترین زانیارییەکانی دەربارەی گیروگاز و کێشەکانی خۆیەتی، زیرەکانە ئیش لەسەر چاوبەستنی خەڵک دەکات، بەتایبەتی هێندەی کار لەسەر خستنەڕووی دیاردە و دەرکەوتە و رووداوەکانی دەرەوەی خۆی دەکات و زۆرترین توانای خۆی دەخاتە گەڕ، تا بچوکترین

لایەنــی نێگەتیفــی کایــەی کۆمەڵایەتــی و سیاســی کۆمەڵــگای کــوردی زەق بکاتــەوە، کــە زۆربــەی جاریــش لــەو خســتنەڕوو و زەقکردنەوەیەیــدا بــە دوو پێــوەری جیــا و بانێکــە و دوو هــەوا مامەڵــە دەکات، چارەگــی ئــەوە نــەک قســەی لەســەر دیــاردە ناشــیرینەکانی نــاو دونیــای خــۆی نەکــردووە، بگــرە جورئەتــی ئەوەیشــی نییــە خــۆی رووت کاتــەوە و وەک ئــەوەی مــاف بەخــۆی دەدات دیــوی دووەمــی ئەوانــی تــر بخاتــەڕوو، نیــو ئەوەنــدەش دەمامکەکانــی خــۆی داماڵــێ و وەک چۆنــە ئــاوا خــۆی نمایــش بــکات، بگــرە لــەوە وێرانتــر ئەوەیــە کــە بــە قســەی هــەر یەکێکیــش، کــە لــەدەرەوەی ئــەو لەســەر خەوشــەکانی کێــچ دەکەوێتــە کەوڵــی و نیگــەران دەبێــت، ئــەوە واقیعێکــە و تەنهــا ئەوانــە درکــی پێدەکــەن کــە لــە نــاو دەزگا و دامــەزراوە رۆشــنبیری و راگەیاندنەکانــدان. بەمــەش کەناڵەکانــی میدیــای کــوردی و کاراکتەرەکانــی پێــی بزانــن یــان نــا، پێیــان خــۆش بێــت یــان نــا بەشــدارییەکی کارا و گــەورە دەکــەن لــە بەرهەمهێنانــی هوشــیارییەکی ســەقەت و ناتەندروســت و چواشــەکردنی خەڵــک، بەتایبەتیــش زیاتــر ئــەو کارە لەســەر دەســتی ئــەو کاراکتەرانــە ئەنجــام دەدرێ کــە پــەروەردە و دەرچــووی میدیــای حزبــن و حــزب مەدالیــای رۆژنامەنووســی پرۆفشــناڵ و نووســەری عەیــار بیســت و چــواری بەبــاڵادا بریــوون، ئەوانــەی ئێستاشــی لەگــەڵ دابێــت و وێــڕای ئــەو گۆڕانــکاری و وەرچەرخانــە خێــرا و بەرچاوانــە توانــای دەرچوونیــان نیــە لــە ســێبەری ئایدیۆلۆژیــا.

ئــەم حاڵەتــە گەیشــتۆتە ئاســتێک، کــە ئــەو پیاوانــەی حــزب بەنــاوی پێشــینەی رۆژنامەنووســی و وروژانــدن مافــی ئــەوە بــە خۆیــان دەدەن لــە راڤەکردنــی دوو دەرکەوتــە و دیــاردەی هاوشــێوە و هاونــاوەڕک، دوو خوێندنــەوەی جیــاوازی میزاجیانــە بکــەن، کــە ســەرچاوەکەی روانینــی تەســکی ئایدیۆلۆژییــە. دیــارە ئــەو مامەڵــە دردۆنــگ و دووفاقیانــەی، کــە ئــەو جــۆرە میدیــا و کاراکتەرانــەی گۆشــکراوی حوجرەکانــی حــزب پیــادەی دەکــەن لــە خســتنەڕوو و شــرۆڤەکردنی هــەواڵ و رووداو و دەرکەوتــەکان کــەم و زۆر نزیــک و دوور، پەیوەســتێک بــە پەیامــی راســتەقینە و بەرپرســیارێتی مۆراڵــی راگەیانــدن نایانبەســتێتەوە، بەڵکــو زێدەتــر بەرهەمــی ئــەو فــەزا ئایدیۆلۆژییــە داخــراوەن، کــە بۆچــوون و

بیرکردنەوەکانیانی کۆتکردووە و لە قاڵب داوە و لە دەرەوەی ئەوە پێناسێکی تریان بۆ کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەری پێ نییە.

شتێک کە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی قێزەونی نێو ئەو دونیایە ئەوەیە کە خەریکە ئەو شێوازەی بانێکە و دوو هەوای خوێندنەوەی رووداوەکان سنوری ئینتمای کوێری حزبایەتی و بیرتەسکی ئایدیۆلۆژی دەبەزێنێ و دەپەڕێتەوە بۆ هەست و ئینتمای گەڕەک و گوند و شار و خێزان و بنەماڵە و خزمچێتی.. چۆن؟!

ئەمێستا زۆر لەو کائینانەی کە حزب شەرەفی نووسەر و رۆژنامەنووسی پێبەخشین و بە هەناسەی ئایدیلۆژییانە پەروەردە و گۆشی کردن، تا ئەو ئاستەی کە جورئەتی دەرچوون لە سێبەری سیحر و تەلیسمی ئەویان نەبێت ئامادەیی ئەوەیان نەک تێدایە، بەڵکو لەوەدا رۆچوونە، کە لەسەر حیسابی هەڵەی گەڕەک و گوند و شار و خێزان و بنەماڵە و حزب و کەسێکی نەناسیاو، هەڵە و کەموکورتی و دیاردەی نێگەتیفی ئەوانەی نزیکی خۆیان پەردەپۆش بکەن، کە ئەمە جیا لە هەر شتێک و پێش هەر شت جۆرێک بێت لە نەخۆشی دەروونی خاوەنەکانی، ئەگەرچی بە هیچ شێوەیەک شورەیی و ( نەنگی نییە کەسێک نەخۆشی دەروونی هەبێت، بەڵکو ئەوە تاوانە کە، بێیت و بە دەروونێکی نەخۆشەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرتدا بکەیت!).

ئەوەی ئەو کاراکتەر و کائینانەش لە نێو هەندێ دامەزراوەی راگەیاندنی حزبی و زۆر لەوانەش کە ناوی سەربەخۆیان لە خۆیان ناوە و سێبەری خۆیان لێ گەورە بووە، دەیکەن، رێک ئەو هاوکێشەیان بەسەردا دەسەپێ، رەنگە بەدیوە پراکتیکییەکەی نەخۆش نەبن، بەڵام هێندە بەدگومان و ترسنۆکن، بۆیە هەمیشە بە دەروونێکی نەخۆشەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریان دەکەن بێگومان دەوروبەر بە مانای کەس و شت و رووداوەکان.

لێرەوە و لە روانگەی ئەو راستییە تاڵەی نێو دونیای راگەیاندنی کوردی و رەفتار و بیرکردنەوەی کاراکتەرەکانی، کەسێک هەبێت و ئامادەیی ئەوەی تێدابێت بە راستگۆیی و بوێری و بێلایەنانە و ویژدانەوە بەدواداچوونێکی

ڕۆژنامەنووسی و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەناو کەناڵەکانی زۆربەی زۆری دەزگا ڕاگەیاندنەکان ئەنجام بدات، چ حزبی بن، یان ئەوانەی ناوی سەربەخۆیان لە خیان ناوە، یاخود ئەوانەی لەسەر سفرەی حزب و دەسەڵات دەلەوەڕێن و لە سێبەری ئەودا دەژین و خۆیان ماکیاژ و ڕووپۆش کردووە، هێندە نموونەی دەستگیر دەبن، کە لەوانەیە بەقەد زۆری ڕووداو و زانیاری وخێرایی ئەو گۆڕانانەی ڕۆژانە فریای هەژماردن و خوێندنەوەی زەمینە و هۆکار و ڕەهەندەکانی نەکەوێ.

دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە ئەم چەند پەیڤە بە هیچ شێوەیەک پەرچەکردار و کاردانەوە و هەڵچوون نین، بەقەد ئەوەی تەنها چەند ڕاستییەکی تاڵی نێو دونیای ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی کوردین و تا ئێستا دەزگاکان خۆیانی لێ نەبان دەکەن و دیوەکانی ناوەوەی خۆیان دەشارنەوە و هەڵە و کەموکوڕی و گەندەڵییەکانی خۆیان دیزە بەدەرخۆنە دەکەن و لەچاو و گوێی وەرگر دەیشارنەوە..واتە زیاتر بۆ بەرچاو ڕوونی وەرگر و هوشیارکردنەوەیەتی لەوەی کە بەدیوێکدا سەیری میدیای کوردی نەکات و هەر بەو دیدگا ڕووکەشیە نەکەێتە داوی فێڵ و گەمەکان، هاوکات بۆ ئەوەیە کە ئیدی میدیای کوردی و کاراکتەرە شەرمنەکانی بوێری و ئازایەتی ئەوش بدەنە بەرخۆیان، کە چۆن زلی چاوی کایەکانی تری کۆمەڵگا دەبینن، ئاواش کاریتەکانی نێو چاوی خۆیان ببینن و لە داکەندنی دەمامک و خۆڕووتکردنەوە و نمایشکردنی حەقیقەت و دیوی دووەم و ناوەوەی خۆیان نەترسن و سڵ نەکەنەوە و ئەو مافە بدەن وەرگر سەرنجی لەسەر ئەوانیش هەبێت و جار جار ڕێنوێنیان بکات و ڕەخنە و گللەییان ئاراستە بکات.

## به بۆنەی ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی:
## لە پەراوێزی جنێونامە و تەشهیر

بەڕای من تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکە و جیهان لە ئاراداەن و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر کوردستان، وێڕای ئەو توانا ماددی و مەعنەوییەی هەیە و ئەو بەناو پەراوێزە گوێ بۆ نەگیراوەی ئازادی دەربڕین کە لە ئارادایە، بەڵام ڕۆژنامەگەری کوردی تەنها لە باری چەندێتییەوە توانیویەتی هاوشانی ڕەوشەکە هەنگاو بنێ، کەچی لە باری چۆنێتییەوە پێشکەوتنێکی وای پێوە نابینرێ. هەرچی کەناڵە ڕاگەیاندنە حزبی و مولتەزیمەکانن نەیانتوانیوە، یان هەر لە بنەڕەتدا نایانەوێ بە پەیامی ڕاستەقینەی کارەکەیان هەڵسن و ویژدانیان لە ئاست خەڵک و داخوازییەکاندا ئاسوودە بکەن و خوازیاری ئەوە نین، یاخود باشتر بڵێین دەسەڵاتی ئەوەیان نییە لەو جوغزە سیاسی ئایدیۆلۆژییە دەربچن، کە کۆتی کردوون و توانای نوێبوونەوەی لێ کوشتوون، وەکو تر کەناڵە بەناو ئەهلی و سەربەخۆکانیش، کە بەلای منەوە (ئەوە ڕایەکی تایبەتییە) کەم تا زۆر سەربەخۆ نین و لە پشتیانەوە تارماییەک هەیە و لەو نێوەدا گەمە لەسەر وروژاندنی تەلی سۆزی خەڵک دەکەن و بەس، ئەوانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان کەمتەرخەمن، ئەوەش بەمانای ڕەشبینی نایەت، هێندەی قسەیەکە بۆ وتوێژ و گفتۆ لەسەرکردن، بەمەبستی دۆزینەوەی هۆکار و نەخۆشییەکان و دەستنیشانکرنی ڕێگەچارەکان، بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا مرۆڤ زۆر بێزار و هەراسان دەکات، ئەو گەڕەلاوژێ و زمانە بازاڕی و جنێونامە و تەشهیرانەن، کە بەداخەوە میدیای کوردی هۆکاری یەکەمی لە دایکبوون و سەرهەڵدانی بوو و دەبێ هەرخۆیشی

بەری پێ بگرێ، زمانێک کە جگە لەوەی ناچێتە خانەی رەخنەی جددی و هەوڵی ریفۆرمکارانە، هاوکات متمانەی شەقامیش بە خۆی لە دەست دەدات و هۆکارێکی ترسناکە بۆ درز خستنە نێو کۆمەڵگە و ئاراستەکردنی بۆ نادیار و خۆونکردن و خۆ لەدەستدان، ئەمەو سەرەڕای ئەو رۆڵە ناشیرین ونەشیاوەی لە باری تێکدانی تەبایی کۆمەلایەتی و سیاسی دەبینێ و هۆیەکە بۆ کوشتنی زمانی گفتوگۆ و لۆژیکی یەکترخوێندنەوە.

پێم وانییە چیتر کاتی ئەوە مابێت بێژین بۆ کورد ئەو ئەزموونە کەمە هێشتا مایەی قسە لەسەر کردن نییە و کاتی ئەوە نەهاتووە بیخەینە بەر تەلی نەشتەر، بەپێچەوانەوە، سەرەڕای هەوراز و لێژی و هەڵبەز و دابەزەکانی مێژوو و رەوتی رۆژنامەگەری کوردی، بەلام ئەو شانزە ساڵە مافی ئەوەمان پێ دەدات وردتر و دوور لە سۆز بچینە نێو باسەکە و ئیدی بەشی ئەوەی تێدا نەماوە خۆمانی لێببوێرین و فەرامۆشی بکەین. شانزە ساڵ کەم نییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونێک و پاساو و بیانویەکی لۆژیکیش نییە باوەڕمان پێ بهێنێ هەر چاوەڕێ بین، چونکە گرفتەکە لە کەمی و زۆری ماوەکەدا نییە، هێندەی لە دونیابینی کاراکتەری راگەیاندن و نێوەندەکە دایە، بەتایبەتی کە خەریکە رەوتی رۆژنامەگەری کوردی لەمڕۆدا نەک هەر توانای بەزاندن و دەرچوون لە چەقبەستنی خۆی و نوێبوونەوەی نییە، بگرە لەوە ترسناکتر خەریکە ئاراستەکەی بە پێچەوانەی بەها و پرەنسیپ و پەیامە راستەقینەکەی دەڕوا و و جڵەو لە دەست دەدات.

زەمینەخۆشکردن و کردنی سەکۆ و کەناڵەکانی میدیا بە تایبەتی نوسراو و ئەلیکترۆنی بۆ سوکایەتی پێککردن و تەشهیر و جنێودان، نەک هەر لادانە لە راستەڕێی ئامانج و پەیامی مۆرالی و دیرۆکی گوتار و پەیامی راگەیاندن، بگرە لەوە زیاتر هوشیارییەکی کۆمەلایەتی هێندە سەقەتیش بەرهەم دێنێ، کە لە رق و کینە و یەکتر بوغزاندن زیاتر بەرهەمێکی دیکەی نییە، هوشیارییەک ناتوانێ بە ئاگایانە رەخنە لە جنێو و ئاژاوە لە ریفۆرم جیا بکاتەوە، هوشیارییەک لە رێیەوە کاراکتەر گەلی دۆڕاو بازرگانی بەخودی کۆمەڵگە و داهاتوو و خەونەکانی دەکەن، هوشیارییەک دواجار

قـەدەری کەوتۆتـە ژێـر ڕەحمەتـی چەقـۆی بەنـاو فەریکـە ڕۆژنامەنـووس و هـەرزە نووسـەر، کاراکتەرگەلێـک، کـە لـە قسـەکردنەوە بـۆ گوێڕایـەڵ و لـە یاخییـەوە بـۆ دەسـتەمۆ و خەسـیو و شـوێنکەوتەیی بـردوون و دەبـات.

ئەمـڕۆ لەهـەر کاتێـک زیاتـر هەسـت بـەوە دەکـرێ، کـە چـۆن هەنـدێ لـە سەکۆ و کەناڵەکانی میدیا خەریکە پیرۆزی خۆیان لە دەست دەدەن و دەبنە بازاڕێکی سوک بۆ هەڕاجی کاڵای پوچ، بەناوی ڕەخنە و چی و چیتر، لە کاتێکدا لە جنێو و ڕشانەوە بترازێ شتێکی تری تێدا نابینی، هۆکارەکەیشی لەو بێسەروبەرییە دایە، کە هەرکەسە و دێت ئینشایەک دەنووسێ، ئیتر بۆ ڕۆژی دواتر شەرەفی ڕۆژنامەنووسی پێدەدرێ، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی چەندە پیشەکەی چروک کردووە، هێندەش زیاتر متمانەی شەقامی بە پەیامی پیشەکە لەرزۆک و لاواز کردووە، تەنانەت زۆرجار وا ڕێککەوتووە کەناڵ و سەکۆیەکی باوەڕ پێکراو و خاوەن سەنگیش، جا بە ئاگاییەوە بێت، یان بە نائاگایی، بەمەبەست بێت، یاخود بێ مەبەست کەوتۆتە نێو ئەو زۆنگاوە، لەوەشدا ڕەنگە هەندێ جار قەڵەمی دیاریش هۆکار بووبن، قەڵەم گەلێک سەنگیان پەیدا کردووە و لە پرێکدا و لە ئەنجامی کەفوکوڵ و هەڵچوونێکدا خۆیان لێگۆڕاوە و پەنایان بۆ خۆ بەتاڵکردنەوە بردووە، بەمەش چەندە زیانیان لە سەنگی قەڵەمەکیان داوە، لە ئاستی وەرگریشدا (بێگومان وەرگری هوشیار) هێندە زیاتر بە گران لەسەریان وەستاوەتەوە... بەکورتی لە کاتێکدا کە (١٠٩) بەسەر دیرۆکی ڕۆژنامەگەری ڕەت دەبێت، لەبری شانازیکردن بەو مێژووە و خۆ خەریک کردن بە چنینەوە و هۆنینەوە و پەخشکردنەوەی تووتییانەی سەروەرییەکان، پێویستە ئەو نێوەندە و کاراکتەرەکانی بە حزبی و ناحزبی، مولتەزیم و بەناو سەربەخۆ، ئاراستەکراو و بەناو ئەهلی، دە (١٠٩) جاری دیکە بەخۆیان و کار و هەنگاو و بیرکردنەوە و مامەڵە و گوتاریان دابچنەوە، چ لەسەر ئاستی کار و تەکنیک، یان لە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و دەرکەوتە و دیاردەکان، یاخود لە پەیوەندی بە شەقام و زمانی نووسین، تا هەر نەبێت لە حوکمی ئەو پەندە دەربچێت کە دەڵێ: سێبەر چۆن ڕاست دەبێت، کە دارەکە بۆ خۆی خوار بێت؟

## میدیای حزبی و میزاجی بەرپرسەکانی!

وەک بەرچاو روونی بۆ خوێنەر، مەبەست لە میزاجی بەرپرس لەم نووسینەدا، بەرپرسی دەزگا راگەیاندنەکان نییە، بەڵکو خودی بەرپرسە باڵا و بڕیار بەدەستەکانی حزبەکانە، کە بەبێ خوێندنەوەی جیددی بۆ بواری میدیا و بە فەرامۆشکردنی رای زۆرینەی کادیرەکانی راگەیاندنی حزب و بە (کن فیکون)ێک کەسێک بەسەر دەزگایەکی میدیاییدا دەسەپێنن و باکیان بە دەرهاویشتەکانی و رەنجانی دڵی دەیان کادیری دڵسۆز نییە.

کایەی میدیا، بە تایبەتی میدیای حزبی، یەکێکە لەو کایە گرنگ و هەستیارانەی کە لەگەڵ کۆی کایەکانی تری کوردستاندا پێویستە چاکسازی تێدا بکرێ، ئەو چاکسازییەی لە نێو میدیاشدا دەکرێ، بە تەنها پەیوەست نییە بە گۆڕینی گوتار و شێوازی مامەڵە لەگەڵ پێشهات و دەرکەوتەکان و ئەو میکانیزمانەی دەیانخاتە گەڕ بۆ چارەسەر کردنیان. وەک چۆن تەنها بریتی نییە لە گۆڕینی دەموچاوەکان و ئاڵوگۆڕکردنی کاراکتەرەکان لە شوێنێکەوە بۆ یەکێکی تر، بەتایبەتی ئەگەر دەموچاوی نوێ لە رابردوودا نەک هەر خاوەنی ئەتمۆسفێرێکی مۆراڵی و بەرپرسیارێتی پیشەیی نەبووبێ لە کار و گوتارەکانیدا، بەڵکو خودانی عەقڵییەتێکی میدیای دروستیش نەبێ و لە بونیاد و باکگراوندی خۆیدا ئەو مەعدەنەی تێدا نەبووبێ، کە لەگەڵ بەهاکانی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی بێتەوە.

دوو دروشمی سەرەکی کۆنگرەی سیانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بوون لە (نوێبوونەوە و دادپەروەری)، ئەگەر ئەو حزبە هەر هەنگاوێکی چاکسازی لە بواری میدیاکانی خۆیدا بنێ، پشت ئەستوور بەو دوو بنەما و دروشمە سەرەکییە نەبێت، لە ئاییندەیەکی نزیکدا ئەو هەنگاوە چاکسازییانەی بە زیان، نەک تەنها بۆ میدیاکەی، بەڵکو بۆ خودی حزبەکە

و گوتـار و پـرۆژە سیاسییەکانیشـی دەشـکێتەوە. بۆیـە هـەر چاکسـازییەک کـە پارتـی لـە میدیاکەیدا بکات (کـە ئەمـڕۆ بۆتـە زەرورەت) پێویسـتە دەرەنجامـی خوێندنەوەیەکـی ورد بێـت بـۆ کاراکتـەرەکان و گوتـاری میدیایـی خـۆی و بـە هەنـد وەرگرتنـی گۆڕانـکاری و پێشـکەوتنەکانی ئەمـڕۆ و ئاسـۆکانی ئایینـدەی ئـەو کایـە هەسـتیار و گرنگـە و ڕەنگدانـەوەی بەسـەر سـەنگ و قورسـایی حزبەکـە خـۆی لەنـاو کۆمەڵگـە و هاوکێشـە سیاسـییەکانی وڵاتـدا.

بەداخـەوە، تـا ئـەو چرکەیەشـی لەگـەڵ دابێـت زۆرینـەی کادیرەکانـی ڕاگەیاندنی حـزب (هـەر حزبێـک و بـە تایبەتـی ڕاگەیاندنـی پارتـی و یەکێتـی) بەرگـەی هـەزاران نـاو وناتـۆرە و تۆمەتیـان گرتـووە کـە بەرامبـەرە جیاوازەکانیـان بـۆ هیـچ بنەمایـەک بۆیـان دروسـت کـردوون.. تـا ئێسـتاش زۆربـەی ئـەو کادیرانـەی ڕاگەیاندنـی حـزب باجـی دەسـتەواژەگەلی (پیـاوی حـزب، کۆیلـەی حـزب، ماسـتاوچی، هەلپەرسـت، جـاش قەڵـەم... هتـد) دەدەن، بـەڵام چونکـە لـە زۆرینـەی شـوێنکاتەکاندا تۆمەتـەکان لـە زمانێکـی بـارگاوی بـە قیـن و دڵڕەشـی و هەنـدێ جاریـش لـە زاری فەریکـە نووسـەر و بـۆرە ڕۆژنامەنـووس دێنـە دەر، هەروەهـا چونکـە زۆربـەی کادیرەکانـی میدیـای حزبـی بـە قەناعەتـەوە کاریـان لـە دەزگاکانیـان کـردووە و دەکـەن، بۆیـە جگـە لـەوەی زۆرێـک لـەو کادیرانـەی میدیـای حـزب گوێیـان بـەو هاشوهوشـەی زۆرێـک لەوانـە نـەداوە، کـە لـە سـێبەراندا کۆیلـەی نـەک حـزب، بگـرە کۆیلـەی بەرپـرس و دەزگایەکـی ئەمنـی حزبـن و ناوناتـۆرەش بـۆ میدیاکارانـی حـزب دروسـت دەکـەن، هـاوکات هیـچ کاردانەوەیەکـی پێچەوانەیشـیان بەرامبـەر بڕیارێکـی میزاجـی بەرپـرس و دەزگایەکـی دیاریکـراوی حـزب نەبـووە و هەڵوێسـتێکی کۆنکرێتییـان لـە بەرامبەریـدا وەر نەگرتـووە، بـەڵام کاتێـک شـتەکە بگاتـە بیناقاقـا، ڕەنگـە هاوکێشـەکان پێچەوانـە بکەونـەوە (دەسـت لـەکار کێشـانەوەی سـکرتێری نووسـینی خەبـات سـەرەتای ئـەو کاردانەوانەیـە)، بـە تایبەتـی بـۆ ئەوانـەی هێشـتا خاوەنـی خـودی خۆیانـن و هەڵگـری گوتارێکـن جیـاواز لـە زۆرێـک لەوانـەی تەنهـا بـۆ نـان و ئیمتیـاز لـە سـەر سـفرەی ڕاگەیاندنـی حـزب کۆبوونەتـەوە و بـە شـان و شـەوکەتی فڵانـە و فیسـارە بەرپرسـە حزبـی و حکومییـەدا هەڵـدەدەن،

لـە بەرامبەریشـدا قسـەیەکی جیددیـان پـێ نییـە بـۆ گووتـن و لـە نووسـین و وتـار و گۆشـەکانیان بەرپرسـێک دەگەیەننـە ئاسـتێک، کـە کۆمەڵگـە هەنـاوی بـۆ بسـووتێ و سـواڵی بـۆ بـکات!!

لـە رابـردوودا پارتـی لەنـاو دامـەزراوە میدیاییەکانـی خۆیدا ئەمسـەر و ئەوسـەری بـە هەندێـک کارکتـەر کـرد، بـۆ نموونـە خەڵکێکـی کردە سەرنووسـەری گۆڤـار، کە سـەرەڕای ئـەو پەرچەکردارانـەی لـە نێوەنـدی رۆشـنبیری و میدیایـی کوردسـتان ( بـە هـەر سـێ جۆرەکـەی و ئەلیکترۆنیشـەوە) لێیکەوتـەوە و بـە هۆیـەوە پارتـی وەک حـزب و مێـژوو و بەشـێک لـە سیمبولەکانیشـی بـەر پروشـکی کاردانـەوەکان کـەوت، کەچـی ئـەو حزبـە نـەک هـەر ئـەو گفتوگـۆ و گەنگەشـانەی بـە هەنـد وەرنەگـرت، بەڵکـو پێداگیریشـی لەسـەر بەردەوامـی ئـەو کارکاتـەرە کـرد و ئیمتیازاتیشـی پێـدا، ئەگـەر ئـەو کات بـە هـۆی هەلومەرجـی سیاسـی و بارودۆخـی ئابـووری و کۆمەڵێـک ئیعتیباراتـی کۆمەڵایەتـی، کەمتریـن کادیـری راگەیاندنـی پارتـی قسـەی کردبێـت و هەڵوێسـتی نواندبێـت، ئـەوا دووبـارە بوونـەوەی هەمـان سـیناریۆ لـە ئەمـڕۆدا و بەتایبەتـی لەنـاو ئۆرگانـە گرنگەکانـی خۆیـدا، کـە زمـان حاڵـی خۆیەتـی، ئەسـتەمە ئـەو بڕیارانـە نـەک بـە کادیـری پارتـی قـووت بـدرێ، بەڵکـو لـە ئاستیشـیدا بێدەنـگ بێـت و هەڵوێسـتی نەبێـت، بـە تایبەتـی ئـەو کادیرانـەی بـە دڵسـۆزییەوە و بـە بێدەنگـی زۆرتریـن تەمـەن و توانـای خۆیـان لـەو دەزگا راگەیاندنانـەی پارتیـدا بەسـەر بـردووە و وەک باسـمان کـرد، بەرگـەی هەمـوو ئـەو تۆمـەت و ناووناتۆرانەیشـیان گـرت.

جـارێ ئـەو جـۆرە هەنگاونانـە بـە نـاوی چاکسـازی، لـە ناوەڕۆکـدا رێـک پێچەوانـە و دژی دوو دروشـمە سـەرەکییەکەی کۆنگـرەی سـیانزەی پارتـی (نوێبوونـەوە و دادپـەروەری) دەکەونـەوە، چـۆن؟

ئەگـەر بڕیـارە حـزب ئۆرگانەکانـی خـۆی لـە سـەر ئاسـتی سیسـتم و بیرکردنـەوە و توانـای مرۆیـی نـوێ بکاتـەوە، ئـەو نوێکردنەوەیـە هەرگیـز بـە ئاڵوگـۆڕی دەموچـاوەکان و جێگۆڕکێـی پۆسـت و شـوێنەکانیان ناکـرێ، بـە تایبەتـی ئەگـەر کارکتـەری نـوێ فۆڕماتیـش بکرێتـەوە، چونکە دواجار خودی ئـەو فۆڕماتکردتنەش پێویسـتی بـە دانانـی ئەنتـی ڤایرۆسـێکە بـۆ ئـەوەی کارا بێتەوە، ئەوەی زانراویشـە

خـودی ئەنتـی ڤایرۆسـەکە ئەگـەر بـەردەوام ئەبدێـت نەکرێتـەوە، دیسـانەوە پرۆسـەی فۆرماتکردنەکـە شکسـت دێنـێ. بـە مانایەکـی روونتـر و بـە کـوردی، ئەسـتەمە بـە چەکـی شـەڕەکانی رۆمـان و بـە عەقڵیکـی کەنەفتـەوە، بچیتـە نـاو جەنگـی تەکنەلۆژیـای پێشـکەوتوو و دونیابینـی سـەردەم، بـە تایبەتـی لـە دونیـای ئەمـڕۆی میدیـا و پەیوەنـدی کردنـدا، کـە لـە ئێسـتادا بارتەقـای هێـزی ئابـووری و سـەربازی رۆڵـی لـە راگرتنـی باڵانسـی هێـز و دەسـەڵاتدا ئەگـەر زیاتـر نەبـێ، کەمتـر نییـە.

بـۆ ئـەوەی سیسـتەمی دەزگایەکـت نـوێ بکەیتـەوە، پێویسـتت بـە عەقڵـی نوێیـە، عەقڵێـک لەگـەڵ ئاراسـتەی رووداوەکانـدا بـڕوات و لـەوەش زیاتر پێشـبینی ئاراسـتەکانی سـبەی دونیاکەیشـی بـکات. سیسـتەمی نـوێ پێویسـتی بـە هێـزی مرۆیـی نوێیـە، پێویسـتی بـە هێزێکـە تەریـب لەگـەڵ پێشـکەوتنەکان بـڕوات، هێزێـک لـە رابـردوودا خـودی حـزب و ئۆرگانەکانـی نەخسـتبێتە ژێـر پرسـیار و گومانـی یـار و نەیـار.

وەکوتـر ئـەو هەنـگاوە لەنـاو خـودی دەزگا و کادیرەکانـدا چەمکـی دادپـەروەری دەخاتـە بـەردەم پرسـیار، چونکـە ناکـرێ دەیـان کادیـری بـە توانـا و کارامـەت هەبـن، کـە تـا ئێسـتا لـە بەرامبـەر دڵسـۆزی و خزمـەت و ماندووبـوون و شـەونخونییەکانیان نـەک هـەر کەمتریـن ئیمتیـازی مـاددی و مەعنەویـان هەبووبێـت، بەڵکـو بـە ژیانێکـی مەمـرە و مـەژی و لـە کرێچێتیـدا بژیـن، کەچـی لـە بەرامبـەردا کەسـانێک تەنهـا مووچـەی خانەنشـینییەکەیان لـە سـەرو چـوار ملیـۆن دینـار بێـت و بێیـت و بیانخەیتـە پۆسـتێک، کـە ئەگـەر مووچـە و پاداشتێکیشـیان نەدەیتـێ، بـەڵام لـە رێگەیـەوە دەسـتیان بگاتـە زۆرتریـن خـەڵات و ئیمتیـاز. بـۆ ئەوەیـش حـزب بـڕوا بـە کۆمەڵگـە بێنـێ کـە خەمخـۆری بەرجەسـتەکردنی دروشـمەکانییەتی لـە واری کرداریـدا، پێویسـتە جـارێ لـە هەنـاوی خۆیـدا، لـە نـاو ئـۆرگان و دامەزراوەکانیـدا، لـە نـاو ئەنـدام و کادیرانیـدا ئـەو چەمکانـە بخاتـە واری پراکتیـک و باڵانسـێک رابگـرێ، کـە هەرنـا کـورد گووتەنـی (نـە شـیش بسـووتێ و نـە کەبـاب!)، ئەمـە بـۆ پرۆسـەی دیموکراسـیش هـەر راسـتە، واتـە حزبێـک بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنی دیموکراسـییە،

دەبێ لە ژیانی سیاسی خۆیدا، لە پەیوەندی و مامەڵەی خۆی و ئۆرگان و ئەندامەکانیدا دیموکراسی بێت و گوێ لە خەڵکی خۆی بگرێ، خۆ ئەگەر حزبێک نەتوانێ ئەمە بکات، قسەیەکی بێ مانایە داوای بە دیموکراسی کردنی کۆمەڵگە بکات!

## میدیا و موزایەدە!

زۆر پێم ناخۆشە کە دەبینم میدیکار و رۆژنامەنووسانی کوردستان خەریکە دەیانەوێ سیاسییەکانمان پێ کەیفساز بکەن و بە دیار شەڕە دەنووک و زۆرانبازیمان بتریقێنەوە، لەوەش دڵگرانترم کە برادەرگەلێک خۆیان لێ بۆتە موحەمەدی مەهدی و ئەوەی وەک ئەوان نەنووسێ و وەک ئەوان بیر نەکاتەوە بە برسییەکانی حزب ناویان دەبەن. لەوەش وێرانتر ئەگەر سوکە گللەییەکیان لێ بکەیت چاویان بچێتە پشتی سەر و لە وەڵامتدا دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکەن. بۆیە دانیشتن بەدیار ئەو گاڵتەجاڕی و منداڵبازاڕییەی ئەوانەی یەکەم دەستی بە کۆیلەکردنی میدیابوون مانایەکی دیکەی نییە، جگە لەوەی کە بە هەموو تۆمەت و بوختان و جنێوەکانیان رازین، ئاخر دەمێکە وتوویانە (**السکوت علامة الرضا**) و لە بەرامبەردا سکوتێکی تریش هەیە، کە زۆر ترسناکە و مرۆ بە (**شیطان اخرس**) دەشوبهێنێ، لەبەر ئەوە مرۆ ناچار دەبێت قسەیەک لەم بارەیەوە بکات، بۆ ئەوەی بزانرێ کە هەرچی سمێڵ سوور بوو هەمزاغا نییە و کاتی ئەوە هاتووە میدیای کوردی و کاراکتەرەکانی بە جیاوازی ئینتما و بۆچوونیان سنورێکی رێز بۆ یەکتری دابنێن، چوون ئەگەر وا نەبێ وەک پەندەکەی لێدێت کە دەڵێ (**السن بالسن، والعین بالعین، والبادي اظلم**)!

لە ناوچەکەی ئێمە قسەیەک هەیە دەڵێ (گۆم بووە هی منداڵان، با چۆڵی کەین)، ئەو قسەیە زیاتر بۆ ئەوە بەکار دێت کە هەرکەسەو بێت و بە میزاجی خۆی و لەوپەڕی بێئاگایی و ناشارەزاییدا دەم لە هەموو شتان بسوێت و حیساب بۆ کەس نەکات و هەر خۆی ببینێ. ئەوە نییە گۆمی میدیای کوردی قەدەر عەیامێکی درێژە بووەتە گۆمی منداڵان و هەرکەسە و دێت و تیایدا خۆی کردووە و دەکات بە کوێخای مەلەوانان؟!

شـتێکی سروشـتی و ئاسـاییە پێشـبینی ئـەوە بکەیـن، کـە ڕۆژێـک دێ و بەشـێک لـەو میدیایـەی بەنـاوی قەبـە قەبـە خـۆی لێمـان کـردووە بـە تـڕ تـڕ پاشـا و (شـا) بـە سـەپان ناگـرێ و بیسـت و چـوار سـەعاتی خـوا وەعزمـان دەدا، دواجـار دەکەوێتـە سـەر پەلێـک، ئاخـر بـەری ڕۆژ بـە بێژنـگ ناگیـرێ و ئەسـتەمە بتوانـی بـە خلەیـی بخـۆی و بدوێـی و پێـت وابـێ کـەس دەسـتەکانت کەشـف نـاکا!!

خـۆ دەسـت کەشـفکردن هـەر ئاشـکراکردنی سـەرچاوەی تەمویـل و سـەدەقە نییـە (ئـەوە هـەر کـۆن بـووە!)، کـە بـۆ هەندێـک حـەڵاڵ و بـۆ هەندێکیـش وەک چڵکـی سـەگ حـەرام، بەڵکـو دەسـتی هەناسـە سـواری و قیچکـە تەنگـی لـە ئاسـت ڕەخنـەی بەرامبـەرە جیـاوازەکان، دەسـتی زمـان پیسـی لـە دواندنـی بەرامبـەر، دەسـتی پەلاماردانـی کەسـێتی و رابـردوو و خێزانـی ئەوانیتـری ناکـۆک لەگـەڵ دروشـمەکانت، دەسـتی حیـزە بخـۆی و شـەرم کـردن لـە رابـردوو، دەسـتی ئـەوەی بـۆ خۆتـی بـە ڕەوا بزانـی پـڕ بدەیتـە دار و بـەرد و بـۆ خەڵکیـش بـە کوفـر دابنێـی پێـت بڵێـن لـە پشـتی چـاوت دوو برۆیـە، دەسـتی ئـەوەی بازرگانـی بـە خوێنـی ڕەفیقەکانتـەوە بکەیـت و لـە ساڵیادی بـە کوشـتدانیاندا سیاسـییان خـەڵات بکەیـت!!

کابـرا هەیـە دوای واسـیتە، بـە فشـە خوێندنـی بـاڵای تـەواو کـردووە و ڕەنگـە مامۆسـتایەکی نـا مولتەزیـم و فاشـیلیش بێـت، کەچـی زمانـی بسـت و نیوێـک بەرامبــەر وەزارەتــی خوێندنــی بــاڵا درێــژ دەکات و ئــەم چەلەحانێیەشــی بــە حیکمــەت و عەدالــەت بــە ئێمــە دەفرۆشــێتەوە.. کابــرا هەیــە لەســەر خوێنــی ڕەفیقانــی دەلــەوەڕێ و بازرگانیــان پێــوە دەکات، کەچــی تیریــش لــە ســێبەری مەنســول و حزبــان دەگــری، گوایــە لەســەر ڕەنجــی قوربانییەکانیــان کاوێــژ دەکــەن.. کابـرا هەیـە بـە ڕۆژی ئاشـکرا درۆیـان دەهۆنێتـەوە و ڕاسـتیان لنگەوقــوچ دەکاتــەوە و نــەک داوای لێبــوردن نــاکات، بــەرەوای نازانــێ بۆیشــی ڕاسـت بکەنـەوە و دەشـیهەوێ وەک لەوحـی مەحفـوز درۆکانـی بخەینـە زاکیـرەی بیــر نەچوونەوەمــان.. کابــرا هەیــە لەوەتــەی لــە دایکبــووە دەڤــەری ســۆرانی نەبینیــووە و نازانــێ ســنورەکەی لــە کــوێ دەســت پێــدەکات و کۆتایــی دێـت و

پێکهاتەکانی کێن، کەچی بە درۆی قاسیدەکانی (کە عەمیلی مزدەوەجن و بیریان دەچێ لەگەڵ خۆیاندا ئەو قسە نەستەقەی ناوچەکەش بۆ مامۆستاکەیان ببەنەوە، کە دەڵێ قاسیدان........!!) سۆرانی لێکردین بە مەشهەد و ئەسفەهان و خەریک بوو باوەڕ بە کۆڕی زانیاری کورد و وەزارەتی پەروەردە بێنێ کۆڕسی زمانی دایک بۆ خەڵکەکەی بکەنەوە.. کابرا هەیە بەلایەوە عیبرەتە خەڵکێک پارە لە حکومەت وەربگرن و پێی حیکمەتە هەندێکیش بە سواڵی حکومەت بگوزەرێنن و لەیەکەمیان دەکاتە تەقە و لە دووەمیان خۆی گێل دەکات، باسیش لە پابەندبوون بە ئیتیکی کاری رۆژنامەنووسی و پرۆفیشناڵی دەکات.. کابرا هەیە خۆی لێبۆتە سوپەرمان و دەیەوێ چل ئیش بێت و بە دەستێک کۆمەڵێ کاڵەک هەڵبگرێ، بۆ ئەهلی مەسەلەکانیش بە رەوا نابینێ بە وردی و هەناسە درێژی و دیقەتەوە کاری خۆیان بکەن.. کابرا هەیە بە نەنگی دەزانێ کەسێک خۆی لە سێبەراندا وەشارێ و بە رەنگی خۆڵەمێشی بێتە ناو خەڵک، بەڵام پێی ئاساییە بۆ خۆی لە تاریکیدا تەقە لە خەڵک بکات و وەک حەربا خۆی لەگەڵ وەرز و رەنگاندا بگونجێنێ.. کابرا هەیە دیقی بەدەست بەعزێ میدیا کردووە، گوایە کەوا سووری حزبەکانن، کەچی بیری چۆتەوە بۆ خۆی شەڕی بە وەکالەت دەکات و لە جبەخانە تاریکەکانەوە چەک و تفاق دادەگرێ!

باشە گەلۆ ئەی ئەگەر ئەو هەموو کابرایانەی پێشەوە ناوم بردن، بە رێکەوت لە بنەڕەتدا تەنها یەک کابرا بن و بەس، واقتان وڕ نامێنێ و ناحەپەسێن؟

ئێ دونیایە و هەموو شت روو دەدات، کە تەگەی شیردەر و گوێرەکەی دوو سەر و بزنی هەشت پێ و کەڵەشێری هێلکەکەر بێنە وجود، مەعقول نییە خوا کەسێکیشی بەو هەموو سەر و تەبیعاتەوە دروست نەکردبێ؟

## میدیا و هاوسەنگی

راگرتنــی هاوســەنگی لــە گواســتنەوەی هــەواڵ و زانیاریــدا، یەکێکــە لــە بنەمــا پیشــەییە ســەرەکییەکانی کاری رۆژنامەگــەری، بەتایبەتــی بــۆ رۆژنامەگەرییــەک کــە لــە خەمــی بەدەســتهێنانی متمانــەی وەرگرەکانــی دابێــت. بوێــری، وەک ئــەوەی ئەمــڕۆ لــە کوردســتاندا بۆتــە دروشــم و ســەر مانشــێتی زۆرێــک لــە کەناڵەکانــی راگەیانــدن، شــتێک نییــە بــۆ ئــەوەی بەهــای کاری رۆژنامەگــەری بســەلمێنێ. بــە مانایەکــی تــر بوێــری، پێشــمەرج و بنەمایەکــی ســتانداردی کاری رۆژنامەگــەری نییــە، بەقــەد ئــەوەی هەوڵێکــە بــۆ دەرخســتنی هێــزی ماســولکە و چاوبەســتکردنی وەرگــر. هــەروەک راســتگۆییش کــە ئەمــڕۆ کراوەتــە دەمامکێــک بــۆ شــاردنەوەی ئــەو ناهاوســەنگییەی نێــو رۆژنامەگــەری، هەرگیــز دادی رۆژنامەنووســان و کەناڵەکانیــان نــادا، بــە تایبەتــی کــە ئــەو راســتییە بزانیــن، راســتگۆییش وەک هــەر چەمکێکــی تــر رێژەییــە. بۆیــە زۆرجــار هەســت دەکەیــن لــە پەنــا بوێــری و راســتگۆییدا، هاوســەنگی و بێلایەنــی لــە کاری رۆژنامەگەریــدا قوربانــی یەکەمــن، بەمــەش متمانــەی وەرگــر بــەو کەناڵانــەی راگەیانــدن ســەر بــەرەو کــزی دەکێشــێ و تــا ئاســتی کەوتنــە ژێــر پرســیار و گومــان.

کاتێــک بــاس لــە بێلایەنــی دەکــرێ، دەبــێ ئــەوە بزانیــن کــە بەبــێ رەچاوکردنــی هاوســەنگی، ئەســتەمە کەناڵێکــی راگەیانــدن و کەســێکی رۆژنامەنــووس بتوانــن لــە واری کردەنیــدا پێیــەوە پابەنــد بــن. دیــارە بێلایەنــی بــە مانــای داشــۆرینی کەســی رۆژنامەنــووس و کەناڵــە رۆژنامەگەرییەکــە نــا، لــە مافــی دونیابینــی و بیرکردنــەوەی سیاســی، یــان هــەر پابەندییەکــی تــر، کــە مافــی سروشــتی خــۆی بێــت، بەڵکــو بــەو مانایــەی، بێلایەنانــە و بــە هەســتکردن بــە بەرپرســیارێتی پیشــەیی و چوونــە ژێــر بــاری ئیتیکــی کار، زانیارییــەکان وەک خــۆی و بــێ رتــوش بــۆ وەرگرەکانــی بگوازێتــەوە و هــەردوو دیــوی هاوکێشــەکە ببینــێ و بێنێتــە قســە،

کـە بەداخــەوە لــە ئەمـڕۆی ڕۆژنامەگــەری کوردیـدا، ئەگــەر نەڵێیــن دەگمــەن، بـەڵام زۆر کـەم هەسـت بـە ڕەنگدانــەوەی هاوســەنگی لـە گوتـاری ڕاگەیانـدن و گواسـتنەوەی هــەواڵ و زانیارییــەکان دەکـرێ.

زۆرجـار لـە کاری ڕۆژنامەگەریـدا بـاس لـە ویژدانـی کاراکتــەری ڕۆژنامەنــووس دەکـرێ، بـەڵام ئـەم پێـوەرە بەڵگـە نییـە بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی و بێلایەنـی، بۆیــە ئــەم تێگەیشــتنەش هۆیــەک نییــە، بــۆ ئــەوەی کاری ڕۆژنامەگــەری بــۆ ویژدانــی کەســەکە لێبگەڕێیــن، بەتایبەتــی لــە وڵات و لــە ســای کولتــور و فەرهەنگێکــی کۆمەڵایەتــی و بیرکردنــەوە و دونیابینییەکــی سیاســیدا، کــە هێشــتا ئامادەیــی قەبوڵکردنــی بەرامبەرەکانــی تێــدا نییــە. کەواتــە ویــژدان و پەیوەســت بوونــی مــرۆڤ پێیــەوە، لــە کەســێکەوە بــۆ کەســێکی تــر، لــە شـوێنکاتێکەوە بـۆ شـوێنکاتێکی تـر، لـە سـای هەلومەرجێکـی کۆمەڵایەتییـەوە بـۆ یەکێکـی تـر، لـە بارودۆخێکـی سیاسـییەوە بـۆ یەکێکـی دی، بـەرزی و نزمـی و هەڵکشــان و داکشــانی تێـدا دەکــەوێ، بــە تایبەتــی ئەگــەر ئــەو کۆمەڵگایــە هێشـتا هوشـیاری خوێندنـەوەی جیاوازییـەکان و گیانـی لێبوردەیـی، لـەو ئاسـتەدا نەبێــت، دەســتبەرداری هەمــوو مەیــل و غەریــزە تایبەتییەکانــی و پاشــخانە کۆمەڵایەتــی و سیاســییەکەی بێـت و بەرپرسـیارانە مامەڵــە و ســەرەدەر لەگــەڵ ڕووداو و کێشـە و پێشـهاتەکاندا بـکات. لـەو نێـوەدا بوونـی یاسـایەک پێویسـتە، بـۆ ئــەوەی کاری ڕۆژنامەنووســی ڕێــک بخــات و هاوکێشــەکان بباتــەوە شــوێنی خۆیـان و سروشـتی مامەڵـەی نێـوان ڕۆژنامەگـەری و وەرگـر و جـۆری پەیوەنـدی ڕۆژنامەنـووس بـە زانیـاری و گواسـتنەوەی دیـاری بـکات، بـەڵام یاسـایەک نـا بـۆ دەمکوتکـردن، یاسـایەک نـا ئـەو بۆشـاییە ئیتیکـی و پیشـەییە بکاتـە بیانـو و پاسـاو، بـۆ ئـەوەی ڕۆژنامەنـووس و کەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن بخاتـە ژێـر جەبـری حوکمـە ڕەهـا و دژە ئازادییەکانـی دابونەریـت و ئادابـی گشـتی و ئاییـن و وەهمـی ئاسایشــی نەتەوەیــی.

لــەم ڕوانگەیــەوە، جگــە لــەوەی یاســای ژمــارە (٣٥) ڕێکخســتنی کاری ڕۆژنامەگــەری لــە کوردســتان پێویســتی بــە ســەرلەنوێ پێداچوونــەوە و هەموارکردنــەوە هەیــە، هــاوکات لەنــاو ئــەو بێســەروبەرییەی ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن

و پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان، پێویسـتیمان بـە یاسـایەک بـۆ کاری ڕاگەیانـدن بـە گشـتی هەیـە، بـەڵام بـەو مەرجـەی لایەنـی پەیوەندیـدار ئـەوەش نەکاتـە هۆیـەک بـۆ لـە دەسـتدانی (هاوسـەنگی) و هەوڵێـک بـۆ کۆسـپ خسـتنە بـەردەم ئـازادی ڕادەربڕیـن و کارکـردن!

## میدیای نابەرپرس

دیـارە میدیـا و هۆکارەکانـی شمشـێرێکی دوو سـەرەن، ئەگـەر بیرکردنەوەیەکـی ژیاندۆسـت و عەقڵییەتێکـی تەندروسـت و هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی لـە پشـتی بەکارهێنـان و ئاراسـتە کردنیانـەوە نەبـێ، ئـەوا گەورەتریـن زیـان بـە کۆمەڵگـە دەگەیەنـن. میدیـا و کاراکتەرەکانیـان بەقـەد ئـەوەی لەبـەردەم بەرپرسـیارێتی پیشـەیی دان، دوو ئەوەنـدەش بەرپرسـیارێتییەکی ویژدانـی و ئەخلاقـی و مرۆییـان لـە ئەسـتۆ دایـە، بـۆ ئەوەیـش بتوانـن ئـەو بەرپرسـیارێتییە راپەڕێنـن، پێویسـت دەکات بێلایـەن و راسـتگۆیانە مامەڵـە لەگـەڵ دەرکەوتـە و رووداوەکان بکـەن و هـەر دوو دیـوی دەرەوە و نـاوەوەی شـتەکان نمایـش بکـەن ( نـەک ببینـن، چونکـە هەمووومـان دیوەکانـی دەبینیـن، بـەڵام ئازایەتـی لـە نماشـکردنی بـێ رتووشـی هـەردوو دیـو و رەهەنـدی شـتەکان دایـە).

بەداخـەوە دەڵێـم، کـە بەشـێکی هـۆکار و تاوانـی ئـەو رووداوەی سـلێمانی لـە ئەسـتۆی میدیایەکـی نابەرپـرس دایـە، ئـەو میدیایـەی لـە پشـتی چاویلکـەی رەش و بـارگاوی بـە گوتارێکـی ئایدیۆلـۆژی، بـە تەنهـا دیوێکـەوە شـتەکان نمایـش دەکات و خوێندنـەوەی یـەک لایەنەیـان بـۆ دەکات.. میدیایـەک لـە بـری ئـەوەی پردێکـی تەندروسـتی نێـوان دەسـەڵات و شـەقام بێـت، درێغـی لـەوە نەکـردووە وێنایەکـی ناشـیرین و دوژمـن بـۆ دەسـەڵات لـە خەیاڵدانـی هاووڵاتیـان دروسـت بـکات و بـە دیوەکـەی تریشـدا تووڕەیـی و ناڕەزایـی هاووڵاتیـان نابەرپرسـانە بخاتـە خزمـەت ویسـتە دەسـەڵاتگەراکانی هێزگەلێـک، کـە بەشـێکی سـەرەکین لـە شکسـتە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی نێـو مێـژووی دوور و نزیکـی بزووتنەوەی رزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد و ئەزموونـی ئەمـڕۆی کوردسـتان.. میدیایـەک بـە کارکـردن لەسـەر ژێـی سـۆزی هاووڵاتیـان و کوێرکردنـی هوشـیاری شـەقام و چەواشـەکردنی رای گشـتی و دوور لەهـەر هەسـت کـردن بـە بەرپرسـیارێتییەکی

پیشـەیی، ماکینـەی خـۆی بـرەو پێـدەدات و لـە تەنگژەکانیشـدا وەک بەرزەکـی بانـان بـۆی دەردەچـێ و باکیشـی بـەوە نییـە کـێ دەبێتـە قوربانـی و کـێ بـاج دەدات.. میدیایـەک هەمیشـە دوو پێوانـەی هەیـە بـۆ رووداو و شـتەکان و تـا ئـەوەی رەوایـی بـە کوشـتنێک دەدات و یەکێکـی تـر بێـزراو دەکات، بـۆ هەمـوو ئەوانـەش پاسـاوی حـازر بەدەسـت و حوکمـی پێشـوەختەی خـۆی هەیـە.

بەشـێکی ئەوانـەی بەنـاوی ئازادیخـوازی و بەرگریکـردن لـە مافـی هاوولاتیـان و سـوپەرمانی چاکسـازی رۆژ تـا ئێـوارە گللەیـی لـە رەوشـی ناهەمـواری رۆژنامەنووسـی و نەبوونـی ئـازادی رادەربڕیـن دەکـەن، گوایـە ئـەم وڵاتـە بۆتـە دۆزەخ و بوارێکـی بـۆ هەناسـەدان تێـدا نەمـاوە، ئەوانـەن کـە هاوولاتیانیـان لەسـەر ئـەوە راهێنـا، میدیـا بـە تەنهـا بریتییـە لـە بوێرییێکـی کوێرانـەی پـڕ تەشـهیر و توانـج و بریندارکـردن و وروژاندنـی شـەقام، بەبـێ ئـەوەی بوارێـک بـۆ گفتوگـۆ و یەکتـر خوێندنـەوە بهێڵنـەوە.. ئەوانـەن کـە بـە رۆژی روونـاک هانـی گەنجـان دەدەن برژێنـە سـەر شـەقام و کـە خوێنـی گەنجانیـش دەڕژێ، دوورا و دوور و بـە رشـتنی فرمێسـکی تیمسـاحی بـۆ قوربانییـەکان، نـەک هـەر خۆیانیانـان لـێ دەدزنـەوە و دەچنـەوە قاوغـی خۆیـان، بەڵکـە لـەوەش وێرانتـر و کارەسـات بارتـر رووقاییمانـە قوربانـی دەسـتی هاتوهاوارەکانیـان بـە گێرەشـێوێن نـاو دەبـەن!

## میدیا و هەرزە نووسی!

پاولۆ کۆیلیۆ دەڵێ«بۆ جەنگاوەر بردنەوەی
شەڕ گرنگ نییە، بە قەد ئەوەی کە گرنگە چۆن
کۆتایی بەو شەڕە دێ»

بەداخــەوە دونیــای نووســین و ڕۆژنامەگــەری ئەمێســتا وای لێهاتــووە مــرۆ بێــز لــە خــۆی بکاتــەوە، ئاخــر بــە ســای گوتارێکــی ڕۆشــنبیری کــە خــۆی لەســەروو هەمــوو گوتــار و کایەیەکــەوە دەبینــێو ســوێندی خــواردووە و هــەر ســێتەڵاقی فرێــداوە خــۆی لــەلا لــە کۆمەڵگــە و دەســەڵات مەعــلان تــر بێــت و خەڵکیــش نەخوێنــدەوار، ئێســتا لەشــکرێک هەرزەگــۆ و هــەرزە نــووس پەیدابــوون وەعــز و تەلقینــان دەدەن، مەگــەر ئــەو کاڵایــە لــە قوتــووی عەتارانیــش هەبێــت!

دەبێــژن ئــەو کــەس و هێــزەی مــوژدەی بەهەشــت و بەختــەوەری بەســەر خەڵکــدا دەبەشــێتەوە، ئــەوا ڕێــک پێچەوانەکــەی، دۆزەخ و نەگبەتیــان بــە دیــاری بــۆ دێنــێ. ئەگــەر ئــەوە بــۆ کایــەی سیاســی و دەســەڵات ڕاســت بێــت، ئــەوا بــۆ کایــەی ڕووناکبیــری و دەســەڵاتی دەق دوو بارتەقــا ڕاســتە، ئاخــر زۆر گوتــاری شــیرینمان بینــی وەک ژەهــر ڕژانــە مێشــکی مرۆڤایەتــی و ئیفلیجــی کــردن!!

گوتارێــک ســاڵانێکە دێــت و دەچــێ کاڵای دیکتاتۆرییــەت و تــاک ڕەهەنــدی بیرکردنــەوە و جەهــل و چــی و چــی بــە بــاڵای سیاســەت و دەســەڵات و بەرگــی مێگەلــی و گەمژەییــش بــە جەســتەی کۆمەڵگــەدا دەبــڕێ، نوقڵانــەی ئــەوەش دەبەشــێتەوە کــە فریادڕەســێکە و پێویســتە نــەک هــەر گوێــی لێبگریــن، بەڵکــو ئەگــەر بــە قسەیشــی نەکەیــن، ئــەوا لــە خێڵــی بەشــەر نیــن!!

ئــەو گوتــارە، کــە جگــە لــە هەڵشــاخان و تەقینــەوە بــەڕووی کایــەی سیاســی و دەســــەڵات، دەروازە و کلاوڕۆژنەیەکــی تــر شــک نابــات لێیــەوە بێتــەوە نــاو

کۆهوشـیاری خەڵـک و لـە یادەوەرییانـدا بمێنێتـەوە، دەیەوێبـە هەمـوو توانـای خـۆی، بـە هەمـوو دروشـمە بـاق و بریقەکانـی، بـە سەفسـتاییەت و زۆر کاوێژکردنـەوە، قەناعەتمـان پێبێنێسـەری ئەشـهەدوبیللا بـۆ تـەواوی دونیابینـی و خوێندنەوەکانـی بلەقێنیـن، ئەگینـا هەموومـان بەربەریـن، دەیـەوێوەک ئـەو بیربکەینـەوە و بـە هەناسـەی ئـەو بنووسـین، ئەگینـا نـە خوێندەواریـن نـە رۆشـنبیر!!

ئـەو گوتـارە لـە سـێبەری دێـڕی نووسـینەکانی و ئەودیـوی دەسـتەواژەکانیدا (ئەهـا دەڵێـن لـە پشـتی هەمـوو گوتراوێـک، نەگوتراوێـک هەیـە!!)، پێمـان دەڵێئەگـەر لەسـەر فـلان شـت قسـە نەکـەن و لەسـەر فیسـار شـت نەنووسـن ئێـوە جاهیلـن، ئەگـەر لـەو بارەیـەوە قسـەیش بکـەن و بیشنووسـن، بـەڵام هەڵوێسـت ودەربڕینەکانتـان کۆپـی قسـە و گوزارشـتەکانی مـن نەبێـت، ئـەوا جاهیلتـر!!

شـەڕی ئـەوان کـە لەگـەڵ دەسـەڵاتە، شـەڕێک نییـە لـە پێنـاو ئاشـتی، بەڵکـو شـەڕێکە لـە ڕێگەیـەوە دەیانەوێهەموومـان ببەنـەوە ژێربـاری تاکـە حەقیقەتـی خۆیـان و ناچـار بـە ملکەچـی خۆیانمـان بکـەن و لەوێـوە بـۆ شـەڕێکی دیکـە ئاراسـتەمان بکـەن، کـە مەگـەر هـەر خۆیـان بزانـن چییـە و کوێیـە و عاقیبەتەکـەی چییـە؟!

ئەگـەر پارتـی و یەکێتـی کـە ئاودامانـن لـە هەڵـە و کەموکورتـی، هـەر لـە مامەڵـەی سیاسـییەوە بگـرە، تـا دەگاتـە مۆدێلـی حوکمڕانـی و حزبایەتـی کـردن لـە کوردسـتاندا، لـە ڕێگـەی دەسـەڵاتی مـاددی و مەعنـەوی توانیبێتیـان هەژمـوون بەسـەر کۆمەڵگـەدا بکـەن و لەوێشـەوە دەسـت بـۆ توێشـووی مێـژووی شـۆڕش و هەگبـەی دوێنێـی خەبـات ببەنـەوە و هەموومـان قەرزبـاری خۆیـان بکەنـەوە، ئـەوا بـە داخـەوە ئـەو گوتـارەش دەیەوێپێمـان بڵێئـەوە ئێمەیـن فێرمـان کـردن بازنـەی تـرس بشـکێنن و بەرگـی سـام فڕێدەن و فێـری ئەلـف و بێـی رەخنـە و بەرەنـگاری بـن و لـەوەش وێوەتـر، خەریکـە خۆیانمـان لێدەکـەن بـە وەریسـی بانگـی ئازادیخـوازی و پاشـای عەرشـی دیموکراسـیخوازی و لـە ڕێگـەی تەوزیفکردنـەوەی مانـا و چەمکگەلێـک و دروسـتکردنی خوێنەرێکـی

تووتــی ئاســا، کــە لــە ریکۆردەرێــک بترازێشــتێکی تــر نییــە، ســوپایەک لــە هەرزەگــۆ و هــەرزە نووســەری بەرهــەم هێنــاوە، کــە هێشــتا لــە ماڵێکۆیلــەی بــاوک و لــە مەکتــەب چاوبەرەژێــری مامۆســتا و لــە کــۆڵان ماســتاوچی بــرادەرن و لــە نــادی بــە قومێــک ســەما دەکــەن، دێــن و شــەلم کوێــرم نابوێــرم دەســت لــە هیــچ شــت و لــە هیــچ کــەس ناپارێــزن و تــەڕو وشــک بەیەکــەوە دەخەنــە مەنجەنیقــی ورێنەکانیــان!

خەڵکێکــی بەنــاو رۆژنامەنــووس بەپــارەی بەیتولمالــی موئمینیــن!! و لەنــاو ماسکێکدا کە بــە تاشینی سمێڵ و بانگەشــەی دیموکراسی رووپۆشکراوە، دێت و شــەڕی بــە وەکالــەت دەکات و بڕوایشــی بــەو ئایەتــە نییــە کــە دەڵــێ (ان بعــچ الڤــن ایــم).. بەعزێکــی تــر، کــە ئەوانیــش ئەڕبابــی غەزەتــەو مەعریفــەن، پــارەی حــزب ســپی دەکەنــەوە و بــە ئەهلــی دەکــەن و بوونەتــە واعیــزی دەوڵەتمــەدار و حزبییەکانــی دوێنــێ، کەچــی شــەرمیش لــەوە ناکــەن حزبایەتــی دەبوغزێنــن.. هەندێکیشــیان، کــە ئەوانیــش لــە نەســڵی قەلــەم و کاغــەزن، بیســت و چــوار ســەعات ســەرکردە و خەڵکــی نــاو حــزب تەلقیــن دەدەن، ســبەی ترســی تەقــە بێتــە کوردســتان لەبــەر ئــەوەی هەڵگــری وڵاتنامــەی فــلان و فیســار دەوڵەتــن، بێمنــەت پاســپۆرت دەخەنــە تەنکــەی گیرفانیــان و حــەوت قــاڕان بــە فرۆکــە دەبــڕن و لەوێکــورد و کوردســتان و دیموکراســی و دژایەتــی گەندەڵــی بــە قوربانــی پــارەی سۆسیال دەکــەن، بــا کــوڕی خەڵکیــش لێــرە هــەر ناڵــەی بێــت، ئەمێســتاش!

## میدیای هاووڵاتی!

لـەم ڕۆژگارەدا مرۆڤـەکان چیتـر بـە تەنها وەرگـر نیـن، چیتـر ناچـار نیـن بەدیـار قسـەکانی ئەوانـی دی گوێگـر بـن، ئـەوان کـە لـە نێـوان میدیـای حزبـی و ئـەوەی ئۆپۆزسـیۆن و ئەوانـەی ناویـان لـە خۆیـان نـاوە سـەربەخۆ و ئەهلـی، خەریکـە ڕاسـتییان لـێ ون دەبـێ و کەمتـر گوێیـان لێدەگیـرێ، لـە هەوڵـی بـەردەوام دان بـۆ دۆزینـەوەی بڵندگـۆ و مینبەرێکـی تـر، کـە تیایـدا سـەروەری خۆیـان بـن. واتـە بـۆ ئـەوەی جیـاواز لـەم سـێ ئاراسـتە و گوتـارە قسـە بکـەن و ناچـار نەبـن بـە دڵـی ئـەوان بێنـە دەنـگ، بـە شـوێن بـوار و دەرفەتـی دیکـەی قسـە کردنـەوەن، خۆشـبەختانەش تەکنەلۆژیـای گەیانـدن و ئێنتەرنێـت لەمـڕۆدا بـواری ئـەوەی بـۆ ڕەخسـاندوون بـۆ خۆیـان خاوەنـی دەنـگ و ڕەنگـی خۆیـان بـن.

ئیـدی لـەو سـەردەمەدا بـە تەنهـا کەناڵێـک و تایپێکـی دیاریکـراوی میدیـا نییـە، کـە بتوانـێ شـەقام ئاراسـتە بـکات و ڕای گشـتی بجوڵێنـێ، ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـەی وڵاتـە عەرەبییـەکان نزیکتریـن نموونـەن و سـەلماندیان، کـە لـە بەرامبـەر هەمـوو ئـەو کەناڵانـەی ڕاگەیانـدن، کەسـەکانیش دەتوانـن لـە ماڵـی خۆیـان کۆدەنگییـەک دروسـت بکـەن و نەکەونـە ژێـر بـاری هیـچ پێشـمەرج و ویسـتێکی ئایدیۆلـۆژی، ئـەوەی نـەوەی ئێسـتا لـە ڕێـگای ئێنتەرنێـت و پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان بـۆی ڕەخسـاوە، کـە مینبـەری تایبـەت بـە خـۆی هەبێـت، خـودی سـێ تایپەکـەی تـری میدیـای خسـتۆتە ژێـر پرسـیاری بـە خۆداچوونـەوە.

دەکـرێ پێگـە و ماڵپـەڕە کۆمەڵایەتییەکانی لـە چەشـنی فەیسـبووک و تویتـەر و ئەوانـی تـر وەک لایەنێکـی گرنگـی میدیـا، بـە میدیـای هاووڵاتـی ناوبنێیـن، ئـەو بـوارەی مـرۆڤ بـە هۆیـەوە دەتوانـێ لـە شـوێنی خـۆی میدیایـەک بـە کەمتریـن تێچوونـی مـاددی و هێـزی مرۆیـی بەرهـەم بێنـێ و ڕۆڵ لـە گۆڕینـی ئاراسـتەی ڕووداوەکان و سـەر لـە نـوێ داڕشـتنەوەی هاوکێشـەکان بگێـڕێ.

ئەگەرچــی رەنگــە ئــەو خوێندنەوەیــە بــۆ ئێمــەی کــورد هێشــتا دروســت نەبــێ، ئەویــش بــە حوکمــی خــراپ بەکارهێنــان و مامەڵەکــردن لەگــەڵ خــودی ئــەو پێشــکەوتنە تەکنەلۆژییــەی گەیانــدن و نەبوونــی هوشــیاری سیاســی و کۆمەڵایەتــی دروســت، بــە شــێوەیەک لــە میانــی ئــەو تــۆڕە کۆمەڵایەتییانــە ســوود بــە خۆمــان و بەرامبەرەکانمــان بگەیەنیــن، بەتایبەتــی دوورکەوتنــەوە لــە زمانــی ناوزڕانــدن و ســوکایەتی کــردن بــە یەکتــر و بــێ بەڵگــە راکێشــانی پەنجــەی تۆمــەت و بوختــان بــۆ ئــەم و ئــەو. کــە بەداخــەوە ئەمــڕۆ زۆربــەی هــەرە زۆری ئەکاونتەکانــی ئــەو تــۆڕە کۆمەڵایەتییــە ئەلیکترۆنییانــە، بوونەتــە شــوێنی جنێــو و ناشــیرین کردنــی یەکتــری , تــا ئــەو ئاســتەی، نــەک هــەر ئەکاونتــە کەســی و تایبەتییــەکان، تەنانــەت لاپــەڕەی گروپــە سیاســییەکانیش خزاونەتــە نــاو ئــەو گەمــە ترســناکە، کــە دواجــار زیانێکــی گــەورە بــە تەبایــی کۆمەڵایەتــی و ســەقامگیری سیاســی لــە کوردســتان دەدەن، چــش لــەوەی ناتوانــن خزمەتێــک بــە پرۆســەی هوشــیارکردنەوەی کۆمەڵــگا بکــەن.

واتــە وێــڕای لایەنــە ئەرێنییەکانــی ئــەم شــێوە میدیایــە، بــەڵام نابــێ ئــەو راستییەشــمان لەبیــر بچــێ، کــە هــاوکات کاریگــەری نەرێنــی خۆیشــی هەیــە، هــەر لــە لەنێــو بردنــی کولتــووری خوێندنــەوەوە بگــرە، تــا دەگاتــە بەرهــەم هێنانــی زمانێکــی بــازاڕی، کــە جگــە لــە بریندارکردنــی هەســتی بەرامبــەر، پەیامێکــی دیکــەی مــرۆڤ و ژیاندۆســت بەڵــەد نییــە. کــە ئەمــەش بەرهەمــی خــراپ بەکاربــردن و مامەڵەکردنــە لەگــەڵ ئــەو تەکنەلۆژیایــە و نیشانەیەکیشــە بــۆ نزمــی ئاســتی هوشــیاری کۆمەڵایەتــی و سیاســیمان، ئەمــەش دەمانخاتــە بــەردەم ئــەو بەرپرســیارێتییەی، کــە بەڵــێ، هــەر هەموومــان، چ وەک تــاک، یــان دەســتە و گروپــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی، پێویســتییەکی زۆرمــان بــە ســەر لــە نــوێ بەخۆداچوونــەوە هەیــە.

## نووسەر لە چەند دێرێکدا...

- نوری ئیبراهیم عەلی، ناسراو بە (نوری بێخاڵی)
- ساڵی ١٩٧١ لە رواندز لە دایک بووە
- بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی — زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٩٥
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان

## چاپکراوەکانی نووسەر

١. لە پێناو هوشیاری نەتەوەیی — نووسین/ ٢٠٠٠، بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی (میدیا).
٢. گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی — وەرگێڕان بە هاوبەشی/ چاپی یەکەم ٢٠٠٢ و چاپی دووەم ٢٠٠٤، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما.
٣. قوتابخانەی فرانکفۆرت — وەرگێڕان بە هاوبەشی/ ٢٠٠٣، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما.
٤. راگەیاندن و کاری رۆژنامەگەری — نووسین/ ٢٠٠٦، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری سۆران.
٥. شەڵاڵم بە عەتری ئێوارە — شیعر/ ٢٠١١، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری مێرگەسوور.

# ناوەرۆك


بەرکـۆڵ ........................................ 5
ئاشـنا، چەنـد نامەیـەک بـۆ نادیارێـک لـە ناشـوێنکاتدا (سـڤیل) ........................ 7
هـەدا، پشـووێک بـە دیـار خەمەکانـی ژیـان (کوێسـتان) ........................ 39
لـە ماڵـی گۆشـەگیریدا ........................................ 41
خـوای ئێمـە و شـەیتانی ئـەوان ........................................ 44
حیکمەتەکانـی بـوون ........................................ 46
خۆونکـردن و بـە کۆیلەبـوون ........................................ 49
پێویسـتە ئەوە بیـن کـە هەیـن ........................................ 52
کـورد و مەدەنیـەت، خـەون و مەحـاڵ ........................................ 55
ڕێـزی خـۆم دەگـرم ........................................ 58
ڕاوکـەر، یـان ڕۆژنامەنـووس ........................................ 60
ڕوانینێکـی تـر بـۆ باڵاکـردن ........................................ 63
ژینگـە و کوشـتنی مـرۆڤ ........................................ 66
تەڵەزگـەی بازنـەکان ........................................ 69

ڕوانگـە، پەنجەرەیەکـی دیکـە بۆ ڕاونیـن (ئـاڵای ئـازادی) ........................ 71
یەکـەم هـەوار ........................................ 73
هەڵبـژاردن و ئیتیکـی ڕۆژنامەنووسـی ........................................ 75
لەودیوی ئیمانـەوە ........................................ 78
دیموکراسـییەت و بەشـداریی سیاسـی ........................................ 80
ئیسـلامی سیاسـی و بەشداریی سیاسـیی ژن ........................................ 82
ڕاگەیاندن و سـایکۆلۆژیای زمـان ........................................ 84
گـۆڕان کـێ و چـۆن دەیـکات؟ ........................................ 86

کاندیدەکان کێن و چی دەکەن؟ ........ 88
فەریکە نووسەر و بۆرە ڕۆژنامەنووس ........ 90
کەسمان ڕاستیمان لا نییە ........ 93
کوشتنی کۆیلەیی لە ویستیی تاکگەرێتیدا ........ 95
گوێ لە هاواری ناختان بگرن ........ 97
بۆ ئایندە، بۆ نیشتمان ........ 99
گەمەی دیموکراسی ........ 101
یەک لیستی و بەرژەوەندیی گشتی ........ 103
بەدحاڵیبوون لە ئازادی ........ 105
چێژ و غەریزە لە گۆڕانیدا ........ 107
ئۆپۆزسیۆن لە نێوان ئەرک و دروشمدا ........ 109
قسە هەزارە و دووانی بەکارە ........ 111
تورکیا و دووفاقیەتی سیاسی ........ 113
گەنجبوون ئیرادەیە، نەک نوزانەوە ........ 115
کورد و جینۆساید ........ 117
منداڵ و تەلەفزیۆن ........ 119
کورد و زمان، کورد و شۆڕش ........ 121
ڕێز و ڕاز ........ 123
دەنگی ئازادی لە زینداندا ........ 125
دەوڵەتی قووڵ و ڕۆژنامەنووسی ترسنۆک ........ 127
لە کێ دەدرێ و کێ سووک دەبێ؟ ........ 129
دیموکراسیەت، دەنگ و دەنگدانەوە ........ 131
گۆڕان و کولتووری باو ........ 133
لە نێوان زانا و حیکایەتخواندا ........ 137
حکومەتی بێ پلان و ئایندەی سواڵکەری ........ 139
نیشتمانێک لە سووتوو و بۆسۆ ........ 141
هونەری سیاسەت ........ 143
دیموکراسیەت و هەڕەم ........ 146

ئیمامەکان چیمان بۆ دەکەن؟ ........ 149
هەڵبژاردن و بەرپرسیاریێتی ........ 151
چاودێریی هەڵبژارنەکان بۆچی؟ ........ 153
پێشمەرگەی دێرین ........ 155
تاکسی، یان مزگەوت؟ ........ 158
نوکتەی جەژن ........ 160
نمەکزانی ........ 162

بیاف، دەرفەتێکی تر بۆژیان (میدیا) ........ 165
بێدادی و چاکسازی ........ 167
یاخیبوون و وەڵامی ستۆک ........ 169
ئۆپۆزسیۆن و چەلەحانێ ........ 171
TV و مەسوولی حیزب ........ 173
پەندەکانی سەفەر ........ 175
و یسالونک عن الأنفال ........ 177
گەشتی زانستی ........ 179
هێورکردنەوە ........ 181
ئاپۆ، وەک بیرمەند ........ 183
پشێوی وڵات و حیزبی مشەخۆر ........ 185
ئەنجوومەنی باڵای چاودێری ........ 187
کوێرە چیت دەوێ؟ ........ 189
هونەر و موساتەحە ........ 191
شارەزا و چاکسازی ........ 193
دەوام بە وەجبە ........ 195
دەرزیی ئێکسپایەر و ڤۆڵتی ستۆک ........ 197
میدیای کوردی و وتەبێژی پێشمەرگە ........ 199
دیکتاتۆرییەتی نووسین ........ 201
دوو باشوور، دوو ئیرادەی جیاواز ........ 203

زمانی سـەردەم ........ 205
سیاسـەتی ژێـرەوە ........ 207
مالیکیی تاکـڕەو ........ 209
کوردی نەگبـەت ........ 211
جۆرجیـا و وەبەرهێنانی مێـژوو ........ 213
حیزبـی فەرمانڕەوا و حکومەتـی فەرمانبـەر ........ 215
شـۆڕش و بەرتیل ........ 217
دشداشـەکانی هەولێر و تەعریبەکـەی جەلـەولا ........ 219
چاودێـری بێ چـاو ........ 221
کەمپیـن و کەمپانـدن ........ 223
موعجیزەی ژمـارەکان ........ 225

گەنـدە، وەرزی پەتـا (زاری کرمانجـی) ........ 227
گەنجانی وڵاتەکـەم پیـاون ........ 229
کۆمەڵگـەی بکـوژ ........ 231
حەشـری نێرەکەر ........ 233
دەمامکـی ڕیـا ........ 235
کـوڕی تاقانە، کـوڕی پـارە ........ 238
خەنە زۆر بـوو! ........ 241
دار کرمـی لـە خۆی نەبـێ ........ 243
چ کارەسـاتە مـێ بیـت ........ 246
مەملەکەتـی گەندەڵـی ........ 248
شـار شـاری خۆتانە ........ 250
مانگی خۆشـبەختی ........ 252
ماڵـی حکومەت بـۆ زەکات ........ 254
سـەدەقەی جاریـە و دەوڵەمەندی ڕیابـاز ........ 257
خۆپاراسـتن لە چارەسـەر باشـترە ........ 259
بـە قسـەم بکە، بـە عەمەلـم مەکـە ........ 261

هـەر خـوا لـە قەرارێکـە ........ 263
بشـفرێ، هـەر بزنـە ........ 265
هـەژاری و ڕق، تیـرۆر و بێـدادی ........ 267
مامۆسـتا گرەنتـی ........ 270
مووچـە مەبڕن، دەسـتان ببـڕن ........ 273
موفلیسـی موخڵیس ........ 276
مێرگێ لاوازا ........ 279
ناسـان و کەنناسان ........ 281
هـاوار بـە مالّـم حکومـەت ........ 284
دارسـتان سـامانی نەتەوەییـە و نـەوت تایبەتـی ........ 287
گوێزژمـاردن ........ 289
نیشـتمانپەروەری و ویـژدان ........ 291
هەڕەشـەم لێکـرا و باکم نییـە ........ 293
نیعمەتەکانی خـەون ........ 295
هەمیشـە بەیەکەوە بوویـن و دەبیـن ........ 298

سـتێرک، کڵاوڕۆژنەیـەک بە ڕووی ئاسـۆ (ئەڤـرۆ) ........ 301
پـردی پەیوەندی و ئاشـنایەتی ........ 303
خێـزان وەک قوتابخانـە ........ 309
پەیوەندیی کۆمەڵایەتـی ........ 316
پـەروەردە و بەخۆداچوونەوە ........ 320
پاشـبەند، لە بـارەی میدیـاوە ........ 333
ئێمەش گەندەڵیـن ........ 335
میدیـای ئایدیۆلۆژی و سیاسـیی بەرپـرس ........ 338
بـە حەیا بێنـە حـزوور ........ 341
پەیامنێـری ئەختەبـووت ........ 345
دەربـار و سـەربار ........ 348
ڕۆژنامەنووسـی و هەڕەشـەی بێدەنگکردن ........ 352

رۆژنامەنووسـی موناسـەبات ........ 355
کاری ئێمـە جوانکردنی ژیانـە ........ 360
ڕاگەیاندنـی کوردی، ڕەخنە و خۆبەتاڵکردنـەوە ........ 362
میدیـای نوێ و گرفتەکانی ناوزڕانـدن ........ 367
نەخۆشـیی مالیخۆملیـا ........ 372
سـەحەر، بانێکـە و دە هـەوا ........ 375
سـێ سـەرنجی ڕۆژنامەنووسـی ........ 378
گۆبلزەکانـی میدیای کـوردی ........ 381
گاڵتەجاڕیی ڕۆژنامەنووسـی ........ 384
گەنـج و خۆبـادان، میدیا وەک نموونـە ........ 386
گەندەڵنووسـی و گەندەڵی ........ 388
ڕۆنـگ سـاید ........ 391
عەریزەنووسـی مۆدێرن ........ 393
میدیـا، یاسـا و ئـازادی ........ 395
کامەمان پێویسـتە فێربیـن؟ ........ 403
لـە بارەی ئازادیـی ڕادەربڕینـەوە ........ 407
میدیـا بە دیوەکـەی تریـدا ........ 411
لـە پەراوێزی جنێونامـە و تەشـهیر ........ 415
میدیـای حیزبـی و میزاجی بەرپرسـەکانی ........ 418
میدیا و موزایـەدە ........ 423
میدیا و هاوسەنگی ........ 426
میدیای نابەرپـرس ........ 429
میدیـا و هەرزەنووسـی ........ 431
میدیـای هاوواڵتـی ........ 434